رەخنەو لێکۆڵینەوە

# دە رۆمانی گەورەی جیهان

رەخنەو لێکۆڵینەوە

# دە رۆمانی گەورەی جیهان

**سۆمەرست مۆم**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە**

**ئەسکەندەر مەحمود رەسول**


**ناوی کتێب: دە رۆمانی گەورەی جیهانی**

- نووسینی: سۆمەرست مۆم
- وەرگێڕانی بۆ فارسی: کاوە دهگان
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەسکەندەر مەحمود رەسول
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٦
- ژمارەی سپاردن: ٦٠٢
- تیراژ: ١٠٠٠
- نرخ: ٣٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب -٧٧- (١٨٠)



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

www.mukiryani.com

asokareem@maktoob.com

Tel: 2260311

# ناوەڕۆک


١- دە ڕۆمانی گەورەی جیهان ................................................ ١
٢- لیۆن تۆلستۆی و جەنگ و ئاشتی ............................................ ١٩
٣- ئۆنوریێ دۆ بەلزاک و بابەگۆریۆ ............................................ ٤٧
٤- چارلز دیکنز و دێڤید کۆپەرفیلد ............................................ ٧٠
٥- فیۆدۆر دستویڤسکی و برایانی کارامازۆف .................................. ١٠٢
٦- گۆستاڤ فلوبێرو مەدام بۆڤاری ............................................ ١٣٣
٧- ستاندال و سوروڕەش .................................................... ١٥٩
٨- ئێمیلی برونتێ و بەرزاییەکانی باسەرە .................................... ١٨١
٩- هێنری فیلدینگ و تۆم جۆنز ............................................... ٢٠٧
١٠- هێرمان مێلڤیل و موبی دیک ............................................. ٢٢٧
١١- جێین ئۆستن و هەڕاڵی و دەمارگیری ....................................... ٢٥١
١٢- پاش بەند ............................................................ ٢٦٩

# ده ڕۆمانی گەورەی جیهان

حەز دەکەم بەخوێنەری ئەم کتێبە بڵێم کە ئەو وتارانەی لەم کتێبەدا هاتوون، چۆن نووسراون. ڕۆژێکیان ئەو دەمەی کە هێشتا هەر لە ئەمریکا بووم، سەرنووسەری ڕێد بوک (Red book) داوای لێکردم تا لیستێک ئامادە بکەم و ناوی دە ڕۆمانی گەورەی جیهانی تێدا بنووسم. منیش ئەو کارەم کرد و ئیدی بیرم لێنەکردەوە. لەو ڕوونکردنەوەیە کورتەی کە ڕەگەڵ کتێبەکانم خست نووسیم: (خوێنەری ژیر، گەورەترین چێژ لە خوێندنەوەیان وەردەگرێت، بەو مەرجەی کە فێری هونەری پەڕاندنی بەشێکی هەر کتێبێک ببێت). ماوەیەک دوای ئەوە، دەزگایەکی بڵاوکەرەوەی ئەمریکایی پێشنیاری کرد تا دووبارە ئەو ڕۆمانانە بڵاوبکەمەوەو لە دەقی هەریەکێکیاندا ئەو بەشەی کەوا باشترە بەسەریدا باز بدرێ و نەخوێندرێتەوە، بیپەڕێنم و بۆ هەر یەکێکیان پێشەکیەک بنووسم. ئەو پێشنیارە سەرنجی ڕاکێشام و دەستبەکاربووم. بەشێکی زۆری ئەو پێشەکیانە کە تارادەیەک کورت کرابوونەوە، لە مانگنامەی (ئاتلانتیک)دا چاپ کراوەو لەبەرئەوەی کە دیاربوو خوێنەرانی رازی کردبوو، بەچاکیان زانی کە لە بەرگێکدا کۆیان بکەنەوە. وا پێویست بوو کە لیستی سەرەکی من گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ئەو لیستەی کە ڕۆمانەکەی (مارسیل پرۆست)م تێدا گونجاندبوو، بەڵام لەبەرچەند هۆیەک ڕۆمانەکەی پرۆست - م لەگەڵ ئەو کتێبانەدا نەهێنابوو کە بڕیار وابوو بڵاویان بکەمەوە. لەوکارەشم بەپەرۆش نیم. ڕۆمانەکەی پرۆست، واتە گەورەترین ڕۆمانی ئەم سەدەیە، زۆر دوورو درێژەو کورت کردنەوەی بەجۆرێکی وا کە ماقوڵ و شیاو بێت، تەنانەت بە پەڕاندنی



زۆربەی بەشەکانیشی، مومکین نەبوو. ئەو کتێبە زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڵام هەڵسەنگاندنی و پەی بردن بە بایەخی ، بۆ وەچەی داهاتوو هێشتا زووە. لایەنگرانی سەرسەختی کتێبەکەی پرۆست، کە بۆ خۆشم یەکێکم لەوان، دەتوانن بەتامەزرۆییەوە دێڕ بەدێڕی ئەو ڕۆمانە بخوێننەوە، بۆ خۆم کە لە پێهەڵاگوتنیدا زێدەڕۆییم کردبوو، نووسیم: خۆزگە زوو لەو کتێبە وەڕز ببوومایە هەتا نووسینی نووسەرێکی تر بەکەیفی هێنابام. بەڵام ئێستا ئامادەم دان بەوەدا بنێم کە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو کتێبە بایەخی یەکسانیان نییە.

دڵنیام لەوەی کە وەچەی ئایندە هێندە تامەزرۆی ئەو بەشانە نابن کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆرییە دەروونناسی و فەلسەفییە نووسراوەکانی سەردەمی خۆیەوە. ئێستا دەرکەوتووە کە بەشێک لەو تیۆریانە هەڵەن. پێشم وایە کە ئەم بابەتە لە داهاتوودا پتر لەوەی کە ئێستا زانراوە، ئاشکرا دەبێت کە مارسیل پرۆست نووسەرێکی گەورەی کۆمیدی بووەو هێزو توانای وی لە خولقاندنی پاڵەوانانی داهێنراو و جۆراوجۆر و زیندوو گەیاندوویەتیە ریزی بەلزاک و دیکنزو تۆلستۆی. لەو کتێبەدا، رەنگە ئەوە زەمەن و کات بێت کە دەبێ کورت و بڵاوبکرێتەوەو لەم کورت کردنەوەیەدا، ئەو بەشانەی کە زەمەن، بێ بایەخی کردوون بپەڕێندرێن و تەنیا ئەو بەشانە بهێڵدرێنەوە کە پەیوەستن بەناوەڕۆک و کاکڵی ڕۆمان و سەرنج ڕاکێشی و دڵگیری بەردەوامیان دەبێت. (یاداوەری ڕابردووەکان) لە پاش کورت کردنەوەشی هێشتا هەر ڕۆمانێکی دوورو درێژە. ناوی ئەو دە ڕۆمانەی کە من لەم لیستەدا دەستنیشانم کردوون ئەمانەن:

١- تۆم جۆنز
٢- هەڕاڵی و دەمارگیری
٣- سوور و ڕەش
٤- بابەگۆریۆ
٥- دێڤید کۆپەرفیلد
٦- بەرزاییەکانی باسەرە
٧- مەدام بۆڤاری

٨- موبی دیک
٩- جەنگ و ئاشتی
١٠- برایانی کارامازۆف

ڕێگام بدەن تا بابەتەکەم بەم وتەیە دەست پێبکەم کە قسەکردن لەسەر دە رۆمانی گەورەی جیهان، قسەی پووچە. لە جیهاندا تەنیا دە رۆمان نین کە باشترین بن رەنگە سەد بن، هەرچەندە دڵنیانیم کە ئەم ژمارەیەش ڕاست بێت. ئەگەر بڕیار وابوایە کە پەنجا کەسی کتێب خوێن کە خاوەنی زانیاری پێویست بن و لیستێک لەسەد رۆمانی بەرجەستەی دنیا ئامادە بکەن، لەو باوەڕە دام کە ئەو کەسانە نێوی دوو سەد یان سێ سەد کتێبیان چەند جارێک دووبارە دەکردەوە. بەڵام پێم وایە کە لەو پەنجا لیستەدا، بەو مەزەندەیەی کە ئامادەکەرانیان ئینگلیزی زمان بن، ئەو دە ڕۆمانەی کە من دەستنیشانم کردوون، جێی خۆیان دەکردەوە. بۆیە دەڵێم ئینگلیزی زمان چونکە لانی کەم یەکێک لەو ڕۆمانانەی کە ناوی لە لیستەکەی مندا هاتووە یانی (موبی دیک) هەتاکو ئێستاش تاڕادەیەک بۆ خوێندەوارانی ئەورووپا نەناسراوەو زۆریش لەوە بە گومانم کە ئەم کتێبە جگە لەو کەسانەی کە کاریان لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئینگلیزییە، کەسێکی دی بەزمانی ئەڵمانی و ئیسپانی و یان فەڕەنسی خوێندبێتیەوە. لەسەدەی هەژدەهەمدا، بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئینگلیزی لە فەڕەنسا زۆر دەخوێندرانەوە بەڵام لەوە بەدواوە تا ئەم دواییانەش، فەڕەنسییەکان گوێیان نەدەدایە ئەو نووسراوانەی کە لەودیو سنووری وڵاتەکەیان دەنووسران. هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەگەر ئەو لیستە فەڕەنسییەکان ئامادەی بکەن لە سەد ڕۆمانی جیهان، بەدڵنیاییەوە ئەو بەرهەمانە لەخۆی دەگرێت کە گەلانی ئینگلیزی زمان، ئەگەر ناویشیان بیستبن، کەمتر خوێندوویاننەوە. ئەم جیاوازیە گەورەیە لە بۆچووندا دەتوانرێت تاڕادەیەک بە ئاسانی ڕوون بکرێتەوە. هۆکار زۆرن، ڕەنگە کەسێک ڕۆمانێک هێندە بە بەرجەستەیی نیشانی کەسێک بدات (تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە خاوەنی بڕیاردانی دروستیش بێت) ئەو کەسە ئەو ڕۆمانە زۆر بە بەرزی بنرخێنێ. ئەو کەسە ڕەنگە ئەو ڕۆمانەی لەسەردەمێکی تایبەتی ژیانی خۆیدا، یان لە بارودۆخێکدا خوێندبێتیەوە کە لە ڕوانگەی کارتێکردنی کتێبەکە لەودا، ئامادەییەکی تایبەتی تێدا



بووبێت. یان ڕەنگە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، بەهۆی حەزە زاتیەکانی خوێنەری ئەو ڕۆمانەوە، زیاد لە پێویست بایەخی پێ درابێت و سەرنجی ئەو خوێنەرەی ڕاکێشاوە. بۆ نموونە دەتوانم مەزەندە بکەم کە ئەگەر کەسێک شەیدای مۆسیقا بێت، ڕەنگە بەخێرایی (مۆریس گوێست) بەرهەمی هێنری هیندل ڕیچاردسۆن ڕەگەڵ دە ڕۆمانە گەورەکەی جیهان بخات. یان یەکێک لە خەڵکی (فایف تاونس) کە ڕاستبێژی (ئارنۆڵد بێنت) لە وەسفی ڕۆحی و ئەخلاقی هاوشاریانی خۆی خۆشحاڵی کردووە، (چیرۆکی پیرێژنان) کە بەرهەمی ئەوە، لە لیستەکەی خۆیدا تۆمار دەکات. ئەمانە هەردووکیان بەرهەمی چاکن، بەڵام پێم وا نییە کە هیچ حوکمدانێکی بێ لایەنانە، هیچ کام لەم دوو ڕۆمانە بخاتە نێو خانەی باشترین دە ڕۆمانی دنیاوە. جۆری نەتەوەیی (ڕەچەڵەک) خوێنەر دڵگیری و سەرنج ڕاکێشان بەهێندێک کتێب دەبەخشێت. هەر ئەم سەرنج ڕاکێشیەشە کە خوێنەر هان دەدات کە پتر لەوەی زۆرینە قبوڵیانە بایەخیان پێ بدات. بۆ نموونە پێم وایە کە هەر فەڕەنسییەکی خوێندەوار ئەگەر بیەوێت لیستێکی لەم بابەتە ئامادە بکات کە من کردوومە، ڕۆمانی (شازادە خانم کلو)ی بەرهەمی خاتو (لافایێت) دەخاتە نێو لیستەکەیەوەو کارێکی دروستیشی کردووە. لەبەرئەوەی ئەو کتێبە جیاوکی گەورەی هەیە. چونکە، یەکەم ڕۆمانەکە بەسوود وەرگرتن لە بنەماکانی دەروونناسی نووسراوە. خودی چیرۆکەکە، کاریگەرو حەز بزوێنە. پاڵەوانەکانیشی بەجوانی داڕژاون. کتێبەکە ڕوون و بەزمانێکی پاراو نووسراوەو بەجۆرێکی پەسەندو شیاو، کەم و پوختە. ئەو کتێبە لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات کە لە فەڕەنسادا هەموو قوتابیەکی قوتابخانە بە باشی پێی ئاشنایە. ژینگەی ئەخلاقی و مەعنەوی چیرۆکەکە، بۆ هەموو قوتابیەکی فەڕەنسی بەپێی ئەو خوێندنەوەو زانیاریانەی کە لەسەر بەرهەمەکانی (کیرنی) و (ڕاسی) هەیەتی، ئاشنایەو خووی پێوە گرتووە. چیرۆکەکە دڵفرێنیەکی تایبەتی هەیە کە دەرەنجامی پەیوەست بوونیەتی بە درەوشاوەترین سەردەمی مێژوویی فەڕەنساوە. بەرهەمێکی پڕ بایەخیشە کە خراوەتە سەر پاشەکەوتی سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی فەڕەنساو دەوڵەمەندی کردووە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، پاڵەوانەکانی نێو کتێبەکە ڕەنگە لەپێش چاوی خوێنەرە بەریتانی و ئەمریکاییەکان زۆر وشک و بێ ڕۆح بن و هەڵسوکەوتیان نائاسایی

بێت و ئەو هەستەی کە سەبارەت بە شەرەف و ئابڕوو هەیانە و گرنگی دانیان بەپلەو کەسایەتی خۆیان، کەمێک بە گاڵتەجاڕی خۆی بنوێنێت. من ناڵێم کە خوێنەرە بەریتانی و ئەمریکاییەکان ئەو مافەیان هەیە کە بەو جۆرە بیر بکەنەوە، بەڵام گەر هات و وایان بیرکردەوە هەرگیز ئەو کتێبە بە یەکێک لە باشترین دە ڕۆمانی جیهان لە قەڵەم نادەن. پێم وایە کە هۆی سەرەکی ئەم جیاوازییە گەورەیەی کە لە بیروڕادا هەیە دەربارەی بەهاو جیاوکە تایبەتیەکانی ڕۆمان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆمان بەشێوەیەکی گشتی پەیکەرێکی ناتەواوەو کەموکوڕی تێدایە. هیچ ڕۆمانێک بێ خەوش نییە. لەو دە ڕۆمانەی کە من هەڵم بژاردوون تەنانەت یەکێکیشتان وەچەنگ ناکەوێت کە لەبەر هۆیەکی تایبەتی ڕەخنەی لێنەگرن و ئەمەش ئەوکارەیە کە بەنیازم وەختێک گەیشتمە نووسینی پێشەکی بۆ هەر یەکێک لەو ڕۆمانانە ئەنجامی بدەم. لەبەر ئەوەی هیچ ناخزمەتیەک بە خوێنەر، لەوە گەورەتر نییە کە بەشان و باڵ هەڵاگوتنی نابەجێ بۆ هێندێک کتێب دەکرێت، ئەو کتێبانەی کە زیاتر وەکو بەرهەمی کلاسیکی وەرگیراون و نووسراون. خوێنەر کتێبەکە دەخوێنێتەوە دەبینێت کەڕوودانی فلان ڕووداو زۆر چاوەڕوان نەکراوەو فلان پاڵەوانەی کتێبەکە واقیعی نییە، یان فلان وەسفە بێزارکەرە. ئەگەر خوێنەر کەسێکی تووڕەو توند بێت هاوار دەکاو دەڵێت: ئەو رەخنەگرانەی کە دەڵێن ئەم کتێبە شاکارە گەمژەن. ئەگەریش مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ بێت، خۆی سەرزەنشت دەکات و وا دەزانێت کە بابەت و ناوەڕۆکی کتێبەکە لە تێگەیشتنی ئەو گەورەترەو بۆ وی نەنووسراوە. بەڵام ئەگەر کەسێکی پشکێنەرو کۆڵنەدەر بێت، بەوردی و چاوەدێرییەوە، بەڵام بەبێ چێژ وەرگرتن، درێژە بەخوێندنەوەی دەدات، بەڵام دەبێ ڕۆمان بەمەبەستی چێژوەرگرتن بخوێندرێتەوەو ئەگەر چێژ بە خوێنەر نەگەیەنێت بێ نرخە. بەو گوێرەیە هەر خوێنەرێک بۆ خۆی باشترین رەخنەگری ئەو بەرهەمەیە کە دەیخوێنێتەوە. چونکە هەر بۆ خۆی دەزانێت چێژ لە چ شتێکی ڕۆمانەکە وەردەگرێت و کامەشیان چێژی پێ نابەخشێ. هیچ لەمپەرو پابەندبوونێک لە خوێندنەوەی چیرۆکدا نییە. رەخنەگر لەو ڕوانگەیەوە دەتوانێت سوودبەخش بێت کە بلێ بەڕای وی (ئەمەش مەرجێکی گرنگە) نرخ و بەهاکانی ئەو بەرهەمەی کە بە بەرهەمێکی مەزن ناسراوە کامەن و کەموکوڕییەکانیشی



چین. بەڵام دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا خوێنەر لەوە ئاگادار بکرێتەوە کە نابێ چاوەڕوانی بێ کەموکوڕی (کامڵ بوون) لە ڕۆمان هەبێت و ئەمەش ئەو خاڵەیە کە پێشتریش وتوومە. بەرلەوەی کە زیاتر لەمبارەیەوە بدوێم، دەمەوێت شتێک دەربارەی خوێندنەوەی چیرۆکەکان بڵێم. ڕۆماننووس ئەو مافەی هەیە کە داواکاری لە خوێنەران هەبێت. ڕۆماننووس ئەو هەقەی هەیە کە داوایان لێبکات کە ئەو پشوو درێژی و وردبوونەوەیان هەبێت کە بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی سێ سەد یان چوارسەد لاپەڕەیی پێویستە. ئەو بۆی هەیە داوا بکات کە خوێنەران، هێزی هێنانە پێش چاو (خەیاڵی)یان هەبێت تابتوانن ئەو دیمەنانە بێننە پێش چاوی خۆیان کە نووسەر وێنەی کێشاون و دەیەوێت حەزی خوێنەریان بۆ ببزوێنێت و سەرەنجام، ڕۆماننووس ئەو مافەی هەیە کە تکا لە خوێنەران بکات تا کەمێک هاودەردی بنوێنن: چونکە بەبێ ئەوە ناتوانن بچنە نێو عەشق و ئازارو مەترسی و بەسەرهاتەکانی پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەیەوە. ئەگەر خوێنەر نەتوانێت لە بوونی خۆیدا شتێک بداتە ڕۆمانەکە، ناتوانێت ئەو تام و چێژە وەربگرێت کە پێویستە ڕۆمانەکە بیداتێ. ئێستا ڕوونی دەکەمەوە کە بەبڕوای من ئەو تایبەتمەندیانە چین کە ڕۆمانێکی باش و سەرکەوتوو دەبێ هەیبێت. ڕۆمانێکی باش، دەبێ خاوەنی ناوەڕۆکێکی زۆر سەرنج ڕاکێش بێت. مەبەستم لە ناوەڕۆکێکە کە هەر تەنیا سەرنجی کۆمەڵە خەڵکێک ڕانەکێشێت، جا ئەو کۆمەڵە خەڵکە چ ڕەخنەگران بن یان مامۆستایانی زانکۆ یان خوێندەوارو شوفێری لۆریەکان یان قاپ شۆر بن. بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لەڕووی مرۆییەوە هێندە بەرفراوان بێت کە حەزی هەموو ژن و پیاوێک ببزوێنێت. بۆ ئەوەی لە مەبەستەکەم تێبگەن نموونەیەک دەهێنمەوە: ڕەنگە کەسێک ڕۆمانێک دەربارەی سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی مۆنتیسۆری (Montessori) بنووسێت کە بۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە زۆر گرنگ و سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵام من ناتوانم قەناعەت بەخۆم بێنم کە ئەو ڕۆمانە لە چیرۆکێکی بێ سەروبەرو بێ تام بەولاوە هیچی دی بێت. ڕۆمانێکی باش، دەبێ بەشەکانی پێوەندییەکی لۆژیکیان بەیەکەوە هەبێت و قەناعەت بەخوێنەر بهێنێت. ڕۆمان دەبێ دەسپێک و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت و کۆتایی چیرۆکەکە دەرەنجامی سروشتی دەسپێک بێت. دەبێ

پێشهاتەکان چاوەڕوانکراو بن، نەک تەنیا هەر ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە پەروەردە بکەن. بەڵکو دەبێت لە خودی چیرۆکەکەوە سەرچاوە بگرن و سەروەدەر نێن و بڕۆین. ئەو بوونەوەرانەی کە ڕۆماننووس خوڵقاندوونی، دەبێ بەجۆرێک بن کە خوێنەر سەرنج بداتە یەک بەیەکیان و کارەکانیان پێویستە هەڵقوڵاوی تایبەتمەندییە رۆحی و فکری و ئەخلاقییەکانی خۆیان بن. ڕۆماننووس نابێ قەت ئەو دەرفەتە بە خوێنەر بدات کە بڵێت: (فلان و فلان کەس قەت ئاوا هەڵسوکەوت ناکەن). بەڵکو دەبێ بەپێچەوانەوە بێت و خوێنەر بڵێ: (ئەوە رێک ئەو شتەیە کەمن لە فلان کەسم چاوەڕوان دەکرد کە بیکات). من پێم وایە کە ئەگەر پاڵەوانەکان بۆ خۆیان سەرنج ڕاکێش بن زۆر باشترە. گۆستاف فلوبێر ڕۆمانێکی نووسی لەژێر ناونیشانی (فێربوونی سۆز)، ئەم کتێبە لەنێو زۆربەی ڕەخنەگرە پلە یەکەکاندا ڕێزو پێگەی مەزنی هەیە. بەڵام فلوبێر بە ئەنقەست پاڵەوانی ڕۆمانەکەی خۆی بە کەسێکی بێ تام و بۆن خوڵقاندووە. لەڕاستیدا ئەو مرۆڤە هێندە بێ کەڵکەو دوورە لە تایبەتمەندییە رۆحی و فکری و ئەخلاقیەکان، کە گوێدان بەکارەکانی و ئەو پێشهاتانەی کە بۆی دیاریکراون نامومکینە و سەرەنجام ئەوەیە کە وێڕای ئەو هەموو لایەنە باشانەی کە کتێبەکە هەنی، خوێندنەوەی کارێکی ئەستەمە. پێم وایە کە دەبێ ڕوونی بکەمەوە کە بۆچی دەڵێم پێویستە یەک بە یەکی پاڵەوانەکان سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆیان ڕاکێشن. ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەمان لە ڕۆماننووس هەبێت کە دەبێ کۆمەڵە بوونەوەرێکی لەسەداسەد نوێ بخوڵقێنێ، ئەوە چاوەڕوانیەکی نابەجێیە. چونکە ئەو هەوێنەی کە ڕۆماننووس لەبەر دەستیدایە، بریتییە لە (سروشتی مرۆڤ). لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دنیادا هەموو جۆرە مرۆڤێک وەچەنگ دەکەوێت، بەڵام جۆری مرۆڤەکان بێ کۆتایی نییەو لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە ئەوەندە چیرۆک و دراماو حەماسە نووسراون، کە ئەو شانسە بۆ نووسەر زۆر کەمە تا پاڵەوانێکی لەسەداسەد تازەونوێ بخوڵقێنێت. کاتێک کە بەسەرهاتە خەیاڵیەکان لەپێش چاوی خۆمان بەرجەستە دەکەین، تاکە بوونەوەرێکی تازەو نوێ (دۆن کیشوت)ە. بەڵام ئەگەر بزانم ڕەخنەگرێکی زانا، بۆ ئەویش بنەچەیەکی دووری پەیدا کردووە، سەرم ناسوڕمێت). نووسەر ئەگەر بتوانێت لە دەلاقەی کەسایەتی خۆیەوە بۆ پاڵەوانەکانی بڕوانێت ئەوا بەختەوەرە، ئەگەریش خاوەنی کەسایەتیەکی نائاسایی بێت



ئەوە ڕەواڵەتێکی داهێنەرانەی دڵڕفێن بەپاڵەوانانەکانی دەبەخشێت. ڕێک بەو جۆرەی کە هەڵسوکەوتی هەر پاڵەوانێک دەبێ لە تایبەتمەندیە رۆحی و فکری و ئەخلاقییەکانی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێت، قسەکردنیش دەبێ هەر بەو شێوەیە بێت. ژنێکی مۆدەخواز، دەبێ وەکو ژنێکی مۆدەخواز قسەبکات. ئافرەتێکی زۆر بلێ دەبێ وەکو ئافرەتێکی زۆر بلێ بدوێت و ساردی فرۆشێک وەک ساردی فرۆشێک و پارێزەر وەکو پارێزەرێک. حیوارەکان نابێ تێکەڵ و پێکەڵ و بێ سەروبەرە بن، نەک دەرفەت بەنووسەر بدات تاڕاو بۆ چوونەکانی خۆی ڕابگەیەنێت. دەبێ گفتوگۆیەکان بۆ نیشان دانی تایبەتمەندییە رۆحی و فکری و ئەخلاقی ئەو کەسانە بێت کە دەدوێن و بەمەبەستی بەرەو پێش بردنی چیرۆکەکە بەکار ببرێت. بەشەکانی (گێڕەرەوە) دەبێ ڕوون و بەجێ بن و نابێ درێژتر بن لە پێویست بۆئەوەی پاڵنەری کەسە باسکراوەکان و ئەو بارودۆخەی کە تێی کەوتوون ڕوون و ئاشکراو قەناعەت هێنەر بێت. دەبێ پەخشانی ڕۆمان بە ئەندازەی پێویست سادە بێت بۆئەوەی هەر کەسێک ئەگەر سووکە خوێندەواریەکیشی هەبێت، تێنەمێنێ و پێویستە لەگەڵ ناوەڕۆکیشدا یەک بگرێتەوە. هەروەکو چۆن پێڵاوێکی باش درواو بۆ لاقێکی ڕێک و پێک لەبارو گونجاوە. لە کۆتاییشدا، ڕۆمان دەبێ خافڵێنەر بێت. ئەم چۆنیەتیەم خستۆتە کۆتاییەوە، بەڵام ئەمە تایبەتمەندی سەرەکی و بنچینەیی ڕۆمانە، کە بەبێ ئەمەیان هیچ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری ڕۆمان کەڵکی نییە. چونکە هیچ مرۆڤێکی ژیر ڕۆمان بە مەبەستی فێربوون و بەرزکردنەوەی ڕەوشت ناخوێنێتەوە. هەروەختێکیش ئەو کەسە گەرەکی بێت فێری شت ببێت یان فێری ڕەوشت بەرزی ببێت، ئەگەر ڕوو لەو کتێبانە نەکات کە بۆ ئەم مەبەستە نووسراون گەمژەیە. بەڵام ئەگەر ڕۆمانێک هەموو ئەم تایبەتمەندیانەشی تێدابێت (داواکردنی ئەم هەموو چۆنیەتیە لە ڕۆمان، داخوازییەکی زۆرە) وەکو موویەک و درزێک کە لە بەردێکی گرانبەهادا بێت، کەموکوڕییەکە (کامڵ) بوون مەحاڵ دەکات. کورتە چیرۆک پارچە حیکایەتێکە کە پەیوەستە بەکورتی و درێژیەکەیەوە و دەتوانرێت لە نێوان دە خولەک تایەک کاتژمێردا بخوێندرێتەوە. کورتە چیرۆک دەربارەی بابەتێکە کە بەباشی گێڕدرابێتەوە، دەربارەی ڕووداوێک یان زنجیرە ڕووداوێکە کە پێوەندی نزیکیان پێکەوە هەیەو دەدوێت. جا بابەتەکە چ مادی بێت یان

مەعنەوی. لەم ڕووەوەیە کە ئەو کارەی کە کورتە چیرۆک باسەکەی دەست پێدەکات و کۆتایی پێ دەهێنێت، کاملە. مومکین نییە شتێکی لێ زیاد بکرێت یان لێی فڕێ بدرێت. پێم وایە لێرەدا گەیشتن بە قۆناغی کاملبوون هاتۆتەدی و کارێکی دژوار نییە. بەڵام ڕۆمان داوێنی بێ سنوورە، ڕۆمان ڕەنگە بەدرێژی جەنگ و ئاشتی یان بە کورتی کارمەن بێت. لە جەنگ و ئاشتیدا زنجیرە ڕووداوێک پێکەوە گرێدراون و کۆمەڵە پاڵەوانێک لە ماوەیەکی زەمەنیدا نیشان دراون. ئەوجا سەرنج بدەن: نووسەر بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکەی لەپێش چاوی خوێنەر بەچاوەڕوان کراو نیشان بدات و پاڵەوانەکانی خۆی بەدیار بخات و بیان قبوڵێنێ، ناچارە هێندێک ڕووداو کە پێوەندیان بە چیرۆکەکەی ئەوەوە هەیە بەڵام بۆ خۆیان بەتەنێ سەرنج ڕاکێش نین بخاتە ڕوو. ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان بەزۆری پێویستیان بەوە هەیە کە بە ماوەدایەکی زەمەنی، لەیەکدی جیا بکرێنەوەو نووسەر بۆ ئەوەی هاوسەنگی نووسینەکەی خۆی ڕابگرێت، ناچارە هەتا ئەو جێیەی کە توانای هەیە، کەرەستەیەک بخوڵقێنێ تانێوان ئەو ماوەدایەی پێ پڕ بکاتەوە. ئەو کەرەستانە یان بەشانە وەکو پردی چیرۆکەکان وان. هێندێک لە نووسەران هەوڵیان داوە تا لە دروست کردنی ئەو پردانە خۆ بدزنەوەو هەر بۆیەش لە ڕووداوێکی بەرچاوەوە بازیان داوە بۆ ڕووداوێکی بەرچاوی تر. بەڵام من هیچ بابەتێکم پێ شک نایە کە بەم کارە سەرکەوتوو بووبێت. زۆربەی ڕۆماننووسان خۆیان دەدەنە دەستی قەدەرو بەسەر ئەو پردانەدا ڕەت دەبن. ئەم پەڕینەوەی ئەوانیش بە کارامەییەکی زیاتر یان کەمتر ئەنجام دەدرێت. شتێک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەری زۆر هەیە لەکاتی پەڕینەوەیان بەسەر ئەو پردانەدا کارەکەیان ماندووکەر بێت. نووسەر بۆ خۆی مرۆڤەو حەزو ئارەزووی هەن. شل و شۆق بوونی قاڵب (Form) بەتایبەتی بەو شێوازەی کە لە بەریتانیاو ڕوسیا ڕۆمانی پێ نووسراوە، ئەو دەرفەتە دەداتە ڕۆماننووس تا دەربارەی هەر بابەتێک کە دڵخوازی خۆیەتی قەڵەم پڕوکێنی و درێژدادڕی بکات. کەمتر ڕۆماننووسێکیش بەو هێزە فکریە یان بۆنی ڕەخنەیی وەچەنگ دەکەوێت کە بتوانێت دەستنیشانی ئەوە بکات کە ئەو بابەتە دڵخوازەی خۆی هەرچەندەش کە بۆ خودی وی سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵام تا ئەو کاتەی کە لە پێکهاتەی ڕۆماندا بوونی پێویست نەبووە،



نابێ لەو ڕۆمانەدا بگونجێندرێت. جگە لەمەش، هەستیاریەتی ڕۆماننووس لە بەرامبەر شێوازەکانی نووسەری سەردەمی خۆی و قبوڵ کردنی ئەم (مۆد)انە لەلایەن خۆیەوە، تا ئەندازەیەک خۆی لێ بەدوور ناگیرێت. چونکە بەشێوەیەکی گشتی هەستیاری وی زیاترە لە خەڵکانی تر. هەر لەبەر ئەوەشە، بەزۆری ڕۆماننووس ناچار دەبێت تاشتێک بنووسێت کەوەختێک ئەو (مۆدە)یە بەسەرچوو، نووسینەکەی ئەویش کێش کردن و دڵگیریەکەی خۆی لەدەست دەدات.

با نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە: هەتاکو سەدەی نۆزدەهەم ڕۆماننووسەکان هێندە گوێیان نەدەدایە دیمەنی چیرۆک و بۆ باسکردنی هەموو ئەو خاڵانەی کە سەبارەت بە (دیمەن) بوو و دەیانویست وەسفی بکەن، دوو سێ وشە بەس بوو. بەڵام وەختێک کە (قوتابخانەی ڕۆمانسیەت) مەیل و سەلیقەی گشتی داگیرکرد، وەسف بۆ وەسفکردن بوو بە باو (مۆدە)، ئەو پیاوەی کە دەیویست فرچەی ددان شوشتن لە دەرمانخانەیەک بکڕێت، نووسەر تا بۆی باسی ئەو خانوانە نەکردبایێن کە بەتەنیشتیاندا تێدەپەڕێت و لەنێو دوکانەکاندا چ شتێک بۆ فرۆشتن دانراوە، نەیدەتوانی پێی بنێتە سەر شەقام. بەرەبەیان و ئەو خۆرەی کە خەریکی ئاوابوون بوو، شەوی پڕ لە ئەستێرەو ئاسمانی ساماڵ، ئەو مانگەی کە سەری وەدەر دەهێناو ڕەنگی کاڵ دەبۆوەو دەریای خرۆشان و شەپۆلاوی و ئەو کێوانەی سەریان بە بەفر داپۆشرابوو و دارستانە چڕو تاریکەکان، ئەمانە هەموویان هەلیان بۆ نووسەر دەڕەخساند تاکو وەسفەکانیان بێ کۆتایی بن، زۆربەی ئەو وەسفانە هەر بۆ نووسەر دەڕەخساند تاکو وەسفەکانیان بێ کۆتایی بن. زۆربەی ئەو وەسفانە هەلیان بۆ خۆیان جوان بوون، بەڵام پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەناوەڕۆکی چیرۆکەکەوە نەبوو، ماوەیەکی دوورو درێژی پێچوو هەتا نووسەران پەیان بەوە برد کە وەسفی دیمەنێک هەرچەندەش کە شاعیرانە بێتە بەرچاوو بەشێوەیەکی لەباریش باسی بکرێت بێ سوودە مەگەر ئەوەی کە پێویست بێت. واتە: یارمەتی نووسەر بدات بۆ گەشەپێدانی چیرۆکەکەی یان خوێنەر لەو کەسانە ئاگادار بکاتەوە کە لە دیمەنەکەدا بەشدارن و ئەو بابەتەی کە پێویستە بزانرێت خوێنەری لێ تێبگەیەندرێت و بڵێ:

لە ڕۆماندا، وەسف کردنی زیاد لە پێویستی دیمەنەکان، کەموکوڕییەکی بەرێکەوتە

بەڵام خەوشێکی دیکەش هەیە کەوا پێدەچێت پەیوەندی بە(زات)ی ڕۆمانەوە هەبێت. لەبەرئەوەی ڕۆمان بەرهەمێکەو باس و خواسی زۆری تێدایەو نووسینی لانی کەم پێویستی بەچەندین حەفتەو مانگ و جاری واش هەیە چەند ساڵێکی کات گەرەکە. لەبەر ئەوەشە کە بۆ نووسەر ناگونجێت کە لەوماوەیە دوورو درێژەدا، لەژێر کاریگەری ئیلهامی خۆیدا شت بنووسێت. من حەز ناکەم ئەو وشەیە بەکاربێنم. ئەم وشەیە کاتێک دەربارەی پەخشان بەکاردەبرێت. خۆ ڕانان و خۆ دەرخستنی تایبەتی هەیەو من وام پێ باشترە کە بۆ شاعیرەکانی بەجێ بلێم. ئەو هونەرەی کە شاعیر بەکاری دەبات، لەو هونەرە بەرزو جوانترە کە کەرستەی کاری ڕۆماننووسە، بەڵام ڕۆماننووس ئەو پاداشتەی هەیە کە شیعرێک هەتاکو زۆر خۆش نەبێت بە بەرهەمێکی بێ بایەخ لە قەڵەم دەدرێت، ئەمە لەکاتێک دایە کە ڕەنگە ڕۆمانێک زۆری کەموکوڕی تێدابێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەهیچ جۆرێک بێ بایەخ و بێ کەڵک نییە، بۆیە ڕۆماننووس ئەگەر بەهۆی (ئیلهام)یشەوە نەبێت لەژێر کاریگەری شتێکەوە دەنووسێت و دەڵێ کە چونکە پێویستیم بەوشەیەکی باشتر هەیە، دەبێ لە (بێئاگایی)دا ناوەکەی دانێم. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە زاراوەی ناوبراو تاڕادەیەک شاراوەیە و ماناکەی ونە، بتوانێت ئەو هەستەی کە نووسەرێک لەکاتی کار کردنیدا هەیەتی، بەباشی دەر ببڕێت نووسەر کاتێک قەڵەم لەسەر کاغەز دەگێڕێت، وا هەست دەکات کە جوڵەرێکی چالاکە، جوڵەرێکە کە لە ڕاستیدا، تەنیا نووسەرێکەو بەس پاشان دەبینێت و کە کۆمەڵە شتێک دەنووسێت کە پێشتر نەیدەزانی کە دەیانزانێ، لە جێیەکەوە کەنازانێ کوییە، بیرۆکەی چاک و لەبار رووی تێدەکەن. خەیاڵی چاوەڕوان نەکراو، کە نازانێ کوێیە، بیرۆکەی چاک و لەبار رووی تێدەکەن. پێم وا نییە کە لێرەدا شتێکی زۆر نهێنیدار هەبێت. بەو مانایەی کە بێ شک خەیاڵ و مەزەندەی چاوەڕواننەکراو هۆکارو دەرەنجامی ئەزموونە دوورو درێژەکانی ڕابردووە. بیرکردنەوەی خۆش، لە بانگەشە کردنی ئەندێشەکانەوە هەڵدەقوڵێت و ئەو شتانەی کە نووسەر پێی وابوو نایانزانێت لە گۆشەو کەناری زەینی دا هەڵگیرابوون. لە ناکاو لە بێ ئاگادایيدا ئەو شتانە هەڵدەکێشێتە سەرێ و لە تەختایی دا بەسەربەستی لە قەڵەمرا دەڕژێتە سەر کاغەز. بەڵام بێئاگایی بۆخۆی بڕیار دەرەو ناتوانرێت زۆر پشت



بەکاروباری ببەسترێت. ناتوانرێت گوشار بخرێتە (سەری) و ئیرادە هەرچەندەش کە هەوڵ بدات، توانای ئەوەی نییە (بێئاگایی) ناچار بەچالاکی بکات. وەکو بایەک وایە کە لە هەر جێیەک پێی خۆشبێت هەڵدەکات و وەکو ئەو بارانە وایە کە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر چاک و خراپدا دەبارێت. نووسەری خاوەن ئەزموون بۆ ئەوەی بەمەرایی کردن و فریودان بێئاگایی بۆ یارمەتیدانی خۆی پەلکێش بکات شێوازی جۆراوجۆری هەیە. بەڵام جاری وایە بێ ئاگایی سەرسەختی دەکات و ئەو وەختەیە کە نووسەر بە(تەنیا) دەمێنێتەوە. چونکە ڕۆمانیش بەرهەمێکی درێژە بۆیە ئەم (تەنیا)ییە زۆر تووشی نووسەر دەبێت. بۆیە وەختێک نووسەر بەتەنیا مایەوە هەر ئەوەندەی پێدەکرێت کە پشت بەهێزو هەوڵ و کۆششە گشتیەکانی خۆی ببەستێت و ئەگەر بتوانێت بەو کەرەستانە سەرنجی خوێنەر ڕاکێشێت، موعجیزەی نواندووە. کاتێک کە دەبینین ڕۆماننووس دەبێ لەگەڵ چەندین گرفتی جۆراوجۆردا ململانێ بکات و خۆی لە چەندین مردەو زیندە بپارێزێت و پێمان سەیر نابێت کە گەورەترین ڕۆمانەکانیش کامڵ نین و لە کەموکوڕی بەدوور نین، بەڵام من ئەوەم پێ سەیرە چۆن بووەکە ئەو ڕۆمانانە لە ڕادەبەدەر نەکامڵن. زیاتر لەبەر ئەمەشە کە هەڵبژاردنی دە ڕۆمان کە پێیان بگوترێت ئەمانە باشترین ڕۆمانن، مومکین نییە. من دەمتوانی لیستێک لە دە ڕۆمانی تر ئامادە بکەم کە لەبەر چەند هۆیەک وەکو ئەو دە ڕۆمانە بەرجەستەو سەرکەوتوون کە هەڵمبژاردون. ئەو ڕۆمانانەش کە لەو لیستەدا دەبوون ئەمانەن: ١- ئاناکارنینا ٢- تاوان و پاداشت ٣- کیژەکەی مامە بێنت ٤- ئەشکەوتی پارەما ٥- چاوبەستەکێ ٦- تریسترام شاندی ٧- ڤانیتی فایر ٨- میدل مارچ ٩- بالوێزە گەورەکان ١٠- جیل پلاس. دەمتوانی بۆ هەڵبژاردنی ئەو دە ڕۆمانانەو ئەوانەشی کە ئێستا ناوم هێنان، بەشێوەیەکی یەکسان بەڵگەو پاساوی بەجێبهێنمەوە.چونکە ئەوەی دەستنیشانم کردوون بەدڵ و حەزی خۆم بووە. واپێدەچی کە جاران خەڵک پێیان خۆش بووبێت کە ئەو ڕۆمانانەی دەیان خوێننەوە درێژ بن. هەربۆیەش زۆربەی نووسەران تووشی زەحمەت و سەرئێشتە دەبوون و بۆ ئەوەی پتر لەوەی کە ڕۆمانەکەیان پێویستی پێیەتی کۆمەڵە بابەتێک ئامادە بکەن بۆ دەزگاکانی بڵاوکردنەوە. بۆ ئەو کارەش نووسەر ڕێگایەکی ئاسانی هەڵدەبژارد، ڕووداو گەلێکی لەنێو ڕۆمانەکەیدا

دەگونجاند کە چاری وابوو لەبەر درێژییان دەتوانرا بەرۆمانی بچووک ناوببرێت. ئەو رۆمانە بچووکانەش کەم تا زۆر پێوەندییان بەناوەرۆکی سەرەکی رۆمانەکەوە نەبوو یان هەر نەبێ بەجۆرێکی وا نارێک بە رۆمانە سەرەکییەکەوە لکێندرابوون کە بۆ خوێنەران کەمتر پاساو هەڵگرو شیاوی قبوڵ کردن بوو. سێرڤانتێس لە (دۆن کیشۆت)دا، زۆر بەهێمنی و بێ دەربەستی ئەم کارەی ئەنجام داوەو لەم رووەوە، هیچ نووسەرێک تۆزی پێ ناشکێنێ. ئەو بەشە زیادانە هەمیشە وەکو پەڵەیەک لە قەڵەم دراون کە لەسەر بەرهەمێکی نەمر نیشتبێت و سەرنجام ئێستا دەبێ خوێنەر دۆن کیشۆت بەبێ تاقەتی بخوێنێتەوە. بۆ ئەم رۆمانەی، رەخنەی ئەدەبی بەتوندی هێرشی کردە سەر سێرڤانتێس و هەر ئەو هێرش کردنە سەرەش بووە هۆی ئەوەی کە سێرڤانتس لە بەشی دووهەمی کتێبەکەیدا خۆی لەو درێژ دادڕییەی بە دوور بگرێت و شتێکی وای خولْقاند کە زۆرینە بەمەحاڵی دەزانن واتە: پاشماوەی رۆمانی دۆن کیشۆت باشتر دەرچوو لەبەشی یەکەمی . بەڵام ئەم مەسەلەیە نەبووە لەمپەر لەبەردەم نووسەرانی دواتردا (کە بێشک ئەو رەخنانەیان نەخوێندبۆوە) تا لەم کەرەستە ئاسان و بێ سەرئێشەیە، کەڵک وەرنەگرن و کتێبی قەبارە گەورەی (شیاوی فرۆشتن) بدەنە کتێبخانەکان.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، شێوازێکی نوێ بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکان هاتەکایەوە و رۆماننووسەکانی تووشی دنەدانێکی تازەکرد. گۆڤارە مانگانەییەکان کە بەشێکی زۆریان بۆ (ئەدەبیاتی سەبک) تەرخان کردبوو، سەرکەوتنێکی گەورەیان بە دەست هێنا. ئەڵبەتە (ئەدەبیاتی سەبک) ناو نیشانێکە کە تاڕادەیەک بە کەم گرتنیەتی. ئەم سەرکەوتنە دەرفەتی بۆ نووسەران رەخساند تا بەرهەمەکانیان بە شێوەی زنجیرە پێشکەش بە خوێنەران بکەن و بۆ خۆشیان قازانجیان پێ بگات. هەر لە دەوروبەری ئەو رۆژگارەدا، دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لە بەرژەوەندی خۆیانیان دەدەیت، بەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە لە لای خەڵک پەسەندبوون لەیەک بەشدا و هەر لەو مانگەدا بڵاوی بکەنەوە.

سەبارەت بە هەردوو جۆرەکە، نووسەران بۆندیان لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن و بڵاوکردنەوەدا مۆر کرد کە بۆ پڕکردنەوەی چەند لاپەڕەیەکی دیاریکراو، چەند بابەتێکی دیاریکراو پێشکەش بکەن، ئەم ئاراستەیەش نووسەرانی بۆ درێژدادڕی هاندا. لە فەڕەنسا



کە هەقدەستێ نووسەرانیان بە دێڕ دەدا، نووسەران هیچ بیانوویەکیان بۆ خۆیان نەدەهێشتەوە کە ئەوەندەی توانایان هەبێت (دێڕی) زیاتر نەنوسن. ئەوانە کرێکار گەلێک بوون و دەبوایە بژێوی ژیانیان دابین بکەن. پێویستە ئەوەش بڵێین کە تەنانەت لەم روەشەوە کارێکیان بە ئەنجام نەگەیاند. جارێکیان لە کاتێکدا کە (بەلزاک) چووبووە ئیتاڵیا و کەوتبووە ژێر کاریگەری هونەرە شێوەکارییەکەی ئەوێ (کێ هەیە کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو هونەرەی ئەوێ) دەستی لە نووسینی رۆمانەکەی هەڵگرت تا بابەتێک لە رۆمانەکەیدا بگونجێنێت، ئەم بابەتە نوێیەش جگە لە وتارێک دەربارەی ئەو وێنانە هیچی دی نەبوو. بە گوێرەی دان پیانانی خودی نووسەرانی ئەو چیرۆکانەی کە پاشماوەیان هەیە، دەزانین کە جاری وا هەیە تەنانەت باشترینەکانیشیان، واتە: دیکنز و تیکری و ترولوپ، وایان دەدیت کە ناچاربوون بە پێشکەش کردنی هەر بەشێکی چیرۆکەکەیان لە مێژوویەکی دیاریکراودا، ئەمەش بەرپرسیاریەتێکی بێزارکەرە. کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کە رۆمانەکانی خۆیان بە شڕوشاڵ دەئاخنی و دیسانەوە سەیر نییە کە چیرۆکەکانیان پڕ دەکرد لە بەسەرهات و رووداوی نابەجێ و دوور لە ناوەڕۆک.

جارێکیان دەزگاکانی بڵاوکردنەوە بە دیکنزیان گوت کە یەکێک لە چیرۆکە مانگانەکەی لە دوو (فۆڕم) واتە شازدە لاپەڕە کەمترە و کەواتە کورتە. هەر بۆیەش دیکنز ناچاربوو دانیشێ و ئەوەندەی کە پێی دەکرێت چیرۆکەکەی لێک بکێشێتەوە ئەو لەو جۆرە نووسینانەدا کارامەبوو، بەڵام روون و ئاشکرایە کە ئەگەر ئەوەی دیکنز لە چیرۆکەکەی زیادی کرد ئەگەر بە پێویستی زانیبایە بۆ چیرۆکەکەی هەر لە سەرەتادا دەینووسی. بەڵام هیچ هۆیەک نییە کە خوێنەر لە بەرامبەر کەموکوڕیەکانی رۆماندا خۆ راگر و پشو درێژ بێت. جا ئەو کەموکوڕیانە چ پەیوەست بن بە پێکهاتەی رۆمانەکە یان لاوازی و بێ توانایی نووسەر یان نەگونجانی بێت لەگەڵ باو (مۆدە)ی رۆژدا یان پەیوەندی بە شێوازی بڵاوکردنەوەیەوە هەبێت. مرۆڤێکی ژیر قەت رۆمان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی سەرشانی ناخوێنێتەوە، بەڵکو بە مەبەستی خۆ خافڵاندن دەیخوێنێتەوە خوێنەر گەرکیەتی خۆی فەرامۆش بکات، بەوە رازییە کە حەزی بۆ پاڵەوانەکانی رۆمان ببزوێت و دەیەوێت بزانێت داخۆ ئەوان لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا چی دەکەن و چیان بەسەر دێت. خوێنەر لە ئازارو

مەینەتییەکانیان ناڕەحەت و لە خۆشیەکانیشیان خۆشحاڵ دەبێت و خۆی دەخاتە جێی ئەوان و تا رادەیەک وەکو ئەوان ژیان بەسەر دەبات. ئەو بۆچوونانەی کە پاڵەوانەکان سەبارەت بە ژیان هەیانە و شێوازی وەرگرتنیان لە مەسەلە فکریە گەورەکان، جا چ بە قسە دەربڕدرێت یان لە گۆڕەپانی کردەوەدا بێت، لە خوێنەردا، کاردانەوەی سەرسوڕمان، دڵخۆشی، تووڕەیی و بێزاری دروست دەکات. بەڵام خوێنەر بە هۆی غەریزەوە دەزانێت کە حەزەکانی وی لە کوێدان و وەکو گیانلەبەرێک کە بە دوای بۆنی نێچیرەکەی دەکەوێت، خوێنەریش بە هەمان شێوە بە دوای بۆنی حەزەکانیدا دەگەڕێت. بەڵام جاری وا هەیە بە هۆی ئەو کەمتەرخەمیەی کە نوسەر لە کارەکەیدا کردوویەتی، خوێنەر شوێنی بۆ نەکەی لێ بزر دەبێت و ئەو کاتەیە کە بەملاو لادا دەگەڕێ بۆ ئەوەی دووبارە بۆنەکە بدۆزێتەوە. واتە. هێندێک لە بەشەکانی کتێبەکە دەپەڕێنێ و بێ ئەوەی بیانخوێنێتەوە بەسەریاندا باز دەدات.

هەموو کەسێک بەشێک لە بابەتەکانی دەپەڕێنێ. بەڵام ئەم پەڕاندنە بە بێ ئەوەی زیان بە خوێنەر بگەیەنێت، کارێکی ئاسان نییە. هەتا ئەو جێیەی کە من بزانم، ئەو کارە لێهاتووییەکی سروشتی گەرەکەیان دەبێ لە رێگای ئەزمونەوە بە دەستی هێنابێت.

(دوکتۆر جۆنسۆن)(١) بێ باکانە بەشێکی لە بابەتەکانی هەموو کتێبێکی دەپەڕاندن و بەسەریدا بازدەدا. (بازۆڵ)(٢) پێمان دەڵێت: کە دوکتۆر جۆنسۆن بە ئاسانی دەیتوانی دەستنیشانی بەشە بێ بایەخەکانی هەموو کتێبێک بکات بەبێ ئەوەی زەحمەت بە خۆی بدات و لە دەسپێکەوە هەتا کۆتایی بیخوێنێتەوە. بەڵام بێگومان مەبەستی بازۆڵ لەو کتێبانەیە کە زانیاری دەدەنە خوێنەر. ئەگەر خوێندنەوەی رۆمانێک بێزارکەر بێت، وا باشترە کە قەت نەخوێندرێتەوە. بەڵام بە داخەوە، لەبەر ئەو کەموکوڕییە بنەڕەتییانەی کە لە پێکهاتەی رۆماندان یان بە هۆی کەمتەرخەمی نووسەر لە کارەکەیدا، یان شێوازی بڵاوکردنەوەی رۆمانەکە، ژمارەی ئەو رۆمانانە یەکجار کەمە کە مرۆڤ بتوانێت بە شەوق و زەوقەوە سەرلەبەر بیانخوێنێتەوە و بە دوایاندا بچێت. وازهێنان و پەڕاندنی بەشێک لە کتێب، رەنگە خوویەکی خراپ بێت. بەڵام شتێکە و بەسەر خوێنەردا سەپێنراوە. خوێنەر هەر کە دەستی بە بازدان کرد بەسەر هێندێک لە بەشەکانی رۆمان ئێدی ناتوانرێت راگیر



بکرێت و هەربۆیەش رەنگە زۆر بابەت لە دەست بدات کە سوودی پێ دەگەیەنن. واپێدەچێ کە لە رۆژگاری رابردوودا، خوێنەران لە ئێستا پشوو درێژتر بوون. جاران هۆکارەکانی خۆ خافڵاندن و سەیران کەم بوو، هەر بۆیەش کاتێکی زیاتریان بە دەستەوە بوو بۆ خوێندنەوەی رۆمانە درێژەکان. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێستا ئەو رۆمانانە (بەلای ئێمەوە) نائاسایی دێنە بەرچاو. رەنگە جاران خەڵک لەو بازدانە و بەشە نابەجێیانە ناڕەحەت نەبووبن کە دەبوونە هۆی بچڕانی بەسەرهاتەکە، بەڵام هێندێک لەو رۆمانانەی کە بە دەستی ئەو کەموکوڕیانەوە دەناڵێنن، لە نێو لیستی گەورەترین ئەو بەرهەمانەدان کە تاکو ئێستا نووسراون. لەم رووەوە جێگەی داخە کە خوێنەرانی ئەو جۆرە رۆمانانە لەبەر هۆی ناوبراو، رۆژبەڕۆژ ژمارەیان لە کەمی دەدات. بۆ هاندانی خوێنەرانیشە بە مەبەستی خوێندنەوەیان کە ئەم کۆمەڵە کتێبە دەستنیشان کراوە. لەم دە رۆمانەدا، هەوڵدراوە جگە لەو شتانەی کە چیرۆکی سەرەکی نووسەر بەیان دەکات و بیروبۆچوونی پەیوەندار و گرێدراو بە چیرۆکەکەوە ئاشکرا دەکات و ئەو پاڵەوانانەی کە نووسەر خوڵقاندوونی بە باشی نیشان دراون، دەنا هەموو بەشەکانی تری کتێبەکە بپەڕێندرێت و لابدرێت. هێندێک لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی و کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ و رەخنەگران هاوار دەکەن: کە بڕینەوەی دەست و قاچی شاکارێک بە راستی کارێکی ناڕەوا و بێزارکەرە و دەبێ هەموو شاکارێک نووسەر چۆنی نووسیوە ئاواش بخوێندرێتەوە . بەڵام ئایا بە راستی خوێنەران ئەم کارە دەکەن؟ من پێشنیار دەکەم کە خوێنەران بەسەر ئەو شتانەدا باز بدەن کە بایەخی خوێندنەوەیان نییە و لەوانەشە هێندێکیان هونەری پەڕاندن لە هێندێک لەو بەشانەی هەر کتێبێکیان لە بەرژەوەندی خۆیان، لە خۆیاندا پەروەردە کردبێت. بەڵام زۆربەی خەڵکی، ئەم هونەرەیان تێدا نییە. هەر لەبەر ئەمەشە کە بە دڵنیاییەوە وا باشترە کە ئەو کەسەی توانا و سەلیقەی دەستنیشان کردنی تێدایە، ئەو کارەیان لە جیاتی بکات و ئەگەر لە عۆدەی ئەو کارە هات، دەتوانێت رۆمانێک بداتە دەست خوێنەر کەوشە بەوشەی ئەو کتێبە بە تام و چێژەوە بخوێنێتەوە. (کۆلێریچ)(٣) سەبارەت بە دۆن کیشۆت گوتی: (ئەو کتێبە پێویستە جارێک سەرلەبەر بخوێندرێتەوە و پاشان چاوێکی سەرپێی پێدابخشێنرێتەوە). زۆر پێدەچێت کە مەبەستی کۆلێریچ ئەوە بێت کە هێندێک

بەشی ڕۆمانی دۆن کیشۆت ئەوەندە خوێنەر ماندوو دەکات و تەنانەت پڕوپووچیشە، کە هەر هەستتان بەم مەسەلەیە کرد، خوێندنەوەی دووبارەی کات بە فیڕۆ دانە. (دۆن کیشۆت) کتێبێکی زۆر مەزن و گرنگە و ئەو کەسەی کە کاری لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەدەبیات، بێ چەندوچوون دەبێ، جارێک سەرلەبەر بیخوێنێتەوە (من بۆ خۆم سێ جاران لە دەسپێکەوە تا کۆتایی خوێندوومەتەوە)، سەرەڕای ئەوەش، ناتوانم لەوە زیاتر کە پێم وابێت خوێنەری ئاسایی، ئەو خوێنەرەی کە ڕۆمان بە مەبەستی چێژلێوەرگرتن و خۆخافلاندن دەخوێنێتەوە، ئەگەر بەشە بێزارکەرەکانی بپەڕێنێ و هەر نەیان خوێنێتەوە، شتێکی لە کیس دەچێت. بێشک خوێنەری (دۆن کیشۆت) لەو بەشانەیدا کە پەیوەستن بەو شەوالیە نەجیبە و خزمەتکارە تووند و تیژەکەی، کە ئەوەندە دڵخۆشکەر و دڵفڕێنە، چێژێکی زۆر وەردەگرێت. ڕۆمانێکی دیکەش هەیە کە بێگومان زۆر گرنگە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت بە بەرهەمێکی مەزنی لە قەڵەم بدەین، دەبێ کەمێک هەڵوەستە بکەین. ئەو ڕۆمانەش (کلاریسیا)ی ساموێل ریچاردسۆنە. کلاریسیا لە رووی درێژییەوە، بێجگە لە خوێنەرانی سەر سەخت و کۆڵنەدەر، هەموو خوێنەرێکی تری ڕۆمان ماندوو دەکات. ئەگەر بەرگێکی کورتکراوەی ئەو کتێبەم وەچەنگ نەکەوتبایە، قەت نەمدەتوانی خۆم بۆ خوێندنەوەی قایل بکەم. کورتکردنەوەی کلاریسیا ئەوەندە لێهاتووانە ئەنجام درابوو کە هەستم نەدەکرد کە لێی فڕێدراوە، کورتکردنەوەی کتێبێک، بە هیچ جۆرێک شیاوی سەرزەنشت کردن نییە، پێم وا نییە کە هیچ شانۆیەک بەبێ ئەوەی کە لە کاتی پرۆڤەکردنیدا چەند بەشێکی لێ فڕێدرابێت، هێنرابێتە سەر تەختەی شانۆ و ئەم کورتکردنەوەیەش لە بەرژەوەندی نمایشەکەدابووە.

من هیچ هۆیەکم پێشک نایەت کە بۆ دەبێ سەبارەت بە ڕۆمانیش ئەو کارە نەکرێت. ئاگادارین کە زۆربەی دەزگا بلاوکەرەوەکان کۆمەڵە سەرنووسەرێکیان هەیە کە کاریان تەنیا ئەمەیە و لە زۆر بابەتدا، ئەو کتێبانەی کە ئەم سەرنووسەرانە کورتیان کردونەتەوە، سەدقات لە نووسخەی سەرەکی باشتربووە، ئەگەر خوێنەران رەغبەتیان بکەوێتە سەر ئەم جۆرە ڕۆمانە درێژانەی کە بەو شێوەیە بلاودەکرێنەوە، هەوڵی دەزگاکانی بلاوکردنەوە و سەرنووسەری کتێبخانەکان گرنگییەکی زۆر پەیدا دەکات. چونکە ئەگەر ئەوان لە



پێکهاتەی ئەو ڕۆمانانەدا، کە دەتوانرێت ( بەڕادەیەکی زۆر بە داری هەڵۆڵ و رزیو) ناو ببرێت ئەو بەشانەیان نە بڕیایە، ئەو حەز و رەغبەتە لە خوێنەراندا دروست نەدەبوو. خوێنەران لە کاتی خوێندنەوەی بەرگە کورتکراوەکەی ڕۆمانە درێژەکاندا، هیچ شتێکی بە نرخیان لە کیس ناچێت و لەبەر ئەوەی کە لەو کتێبانەدا جگە لە بەشە گرنگەکان شتێکی تر نەماوەتەوە، بە تەواوی لە چێژێکی گەورەی فیکری و مەعنەوی بەهرەمەند دەبن.

**پەراوێز:**

١- Sumvel Johnson – ناسراو بە دوکتۆر جۆنسۆن نووسەر و رەخنەگر و فەرهەنگ نووسی بەریتانی (١٧٠٩- ١٧٨٤)

٢- James Boswell– مافپەروەر و نووسەری ئیسکۆتلەندی و نووسەری ژیاننامەی ساموێل جۆنسۆن( ١٧٤٠- ١٧٩٥).

٣-Samuel Taylor Coleridge – شاعیر و رەخنەگری بەریتانی (١٧٧٢- ١٨٤٣)

# لیۆن تۆلستۆی و جەنگ و ئاشتی

من لەو بڕوایەدام کە بەلزاک، گەورەترین ڕۆماننووسە کە تاکو ئێستا جیهان لە ئامێزی گرتووە، بەڵام پێم وایە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی) تۆلستۆی، گەورەترین ڕۆمانی دنیایە. ڕۆمانێک کەوا بە بەرفراوانی سەبارەت بە رۆژگارێکی وا پڕ مەترسی مێژوویی بدوێت و ئەو هەموو پاڵەوانانەی هەبن پێشتر نەنووسرابو واشی بۆ دەچم کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە. راستیان گوتووە کە دەڵێن (جەنگ و ئاشتی حەماسەیەکە بۆ خۆی).

ئەوەی ڕاستی بێت من هیچ بەرهەمێکی تری خەیاڵی وا شک نابەم کە بەو جۆرە بتوانرێت وەسفی بکرێت. ستراخۆف (strakhov) کە یەکێک لە هاوەڵانی تۆلستۆی و ڕەخنەگرێکی بە توانابوو، رای خۆی سەبارەت بە جەنگ و ئاشتی لە چەند رستەیەکی گەرم و گوڕدا دەربڕیوە، ئەو دەڵی : ( جەنگ و ئاشتی دیمەنێکی کاملە لە ژیانی مرۆڤایەتی، دیمەنێکی پڕاوپڕی روسیای ئەو سەردەمەیە، دیمەنێکی پڕ بە پێستە لە هەموو ئەو شتانەی کە تیایاندا، خەڵک بەختەوەری و شکۆ، خەم و زەلیلی خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە.

ئەمەیە (جەنگ و ئاشتی). کاتێک تۆلستۆی دەستیکرد بە نووسینی ڕۆمانی جەنگ و ئاشتی تەمەنی سی و شەش ساڵ بوو، ئەمەش تەمەنێکە کە تێیدا، توانای ئەفراندنی نووسەرێک تا ڕادەیەکی زۆر لە قۆناغی کامڵبووندایە و ئەو دەمەی کە لە نووسینی بۆوە، شەش ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو. ئەو رۆژگارەی کە تۆلستۆی بۆ ڕۆمانەکەی هەڵیبژارد، سەردەمی شەڕەکانی ناپلیۆنە و خاڵی لوتکەی چیرۆکەکە، هێرشی ناپلیۆنە بۆ سەر روسیا و سووتاندنی شاری مۆسکۆ و تەفروتونابوونی سوپاکەی ناپلیۆنە. کاتێک تۆلستۆی



دەستی بە نووسینی ڕۆمانەکەی کرد، وا بەنیاز بوو چیرۆکێک دەربارەی بنەماڵەی پیاوە گەورەکانی روسیا بنووسێت و بڕیار وا بوو کە رووداوە مێژووییەکان تەنیا وەکو زەمینەی ڕۆمانەکەی بەکارببرێت. وا بڕیاربوو پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەی تووشی رووداو بەسەرهاتی وا ببن کە لە رووی رۆحییەوە کاریگەریەکی قوڵیان لەسەر بەجێ بهێڵێت، بەڵام لە کۆتاییدا و دوای ئازار و مەینەتیەکی زۆر، پاک و بێ خەوش ببنەوە و لە ژیانێکی ئارام و بەختەوەر بە هرەمەند ببن. بەڵام تەنیا لە کاتی درێژەدان بە نووسینی ڕۆمانەکەی بوو کە تۆلستۆی دەربارەی ئەو ململانێیە گەورەیەی کە لە نێوان هێزە بە شەڕهاتووەکاندا لە ئارادابوو، پتر لە جاران جەختی کردەوە و لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەکەی وی، فەلسەفەیەکی مێژوویی سەری هەڵدا، پاشان من بە کورتی ئاماژەی بۆ دەکەم. دەڵێن ڕۆمانی جەنگ و ئاشتی نزیکەی پێنج سەد پاڵەوانی هەیە و کەسایەتی تاک تاکی ئەو پاڵەوانانە، لەو کتێبەدا دیاریکراوە و زۆر بە روونی بە خوێنەر ناسێندراون. ئەو کارە خۆی لە خۆیدا کارێکی مەزنە. هەر وەکو بۆ زۆربەی ڕۆمانەکان وا باوە کە سەرنجی خوێنەر تەنیا بۆ دوو یان سێ کەسە و تەنانەت بۆ دەستەیەکیش نییە، بەڵام ئەو سەرنجی خوێنەر بە لای چوار بنەماڵەی ئەشراف، ڕێستۆف (Restovs) و بۆلکۆنسکی (Bolkonskis) و کوراگین (Kuragins) و بیزوخۆف (Bezukhovs) رادەکێشێت. یەکێک لەو گرفتانەی کە دەبێ ڕۆمان نووس دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات ئەوەیە کە: وەختێک ناوەڕۆکی ڕۆمان پێویستی بەوە هەیە کە نووسەر کۆمەڵێکی تری تێدا بگونجێنێت و دەربارەیان بدوێت، دەبێ ئەم سەرنج گۆڕینە و هەڵگەڕاندنەوەی بابەتەکە هێندە پاساو هەڵگربێت و شیاوی قبووڵکردن بێت کە خوێنەر بە ئاسانی قەناعەتی پێبکات. ئەو دەمەیە کە خوێنەر دەبینێت ئەوەی مەبەستیەتی دەربارەی تاقمێک لە پاڵەوانانی ڕۆمانەکە بیزانێت، پێیان گوتووە و حەز دەکات بزانێت ئەوانەی ماوەیەکە لێیان دابڕاوە و ئاگای لێیان نەماوە لەو ماوەیەدا چییان کردووە و چییان بەسەرهاتووە. بە گشتی تۆلستۆی ئەو کارەی بە کارامەیی و لێهاتوویەکی وا ئەنجام داوە کە پێتان وایە شوێن پێی زنجیرە چیرۆکێک هەڵدەگرن. ئەویش وەکو هەموو چیرۆکنووسێک، پاڵەوانەکانی لەسەر ئەو کەسانە کۆپی کردووە کە دەیناسین یان بە هۆی کەسانی ترەوە

ناسیبوونی. ئەڵبەتە بەڵام تەنیا وەکو نموونە و (مۆدێل) سوودی لێوەرگرتن و کاتێک بەهێزی (خەیاڵی) و بەرجەستەکردنی خۆی کاری لەسەرکردن، بوونە کۆمەڵە بوونەوەرێک کە تەنیا دروستکراوی هێزی داهێنانی خۆی بوون. دەڵێن تۆلستۆی (کۆنت رێستۆف)ی دەستبلاوی لەسەر باپیری و (نیکۆلای رێستۆف)ی لەسەر باوکی و (پرەنسیس ماری) نەشمیل و دڵڕفێنی لەسەر دایکی کۆپی کردبوو.....

سەبارەت بەو دوو پیاوەی کە دەتوانین بڵێین پاڵەوانی راستەقینەی (جەنگ و ئاشتی)ن واتە (پێیر بیزوخۆف) و (پرەنس ئاندرێ)، زۆربە لەو بڕوایەدان کە تۆلستۆی لە کەسایەتی خۆیەوە بۆی روانیون. لەوانەشە ئەو قسەیە راستبێت، چونکە تۆلستۆی لە کەسایەتی (دوو فاقە) و (دابەشکراو)ی خۆی ئاگاداربوو، بە خولقاندنی ئەو دوو کەسە لێک جیاوازە لە رووی (یەک مۆدێل)ی خۆی، تایبەتمەندییە رۆحی و فیکری و ئەخلاقییەکانی خۆی روون بکاتەوە و بیان ناسێنێت. لەم رووەوە پێیێر و پڕانس ئاندرێ وەکو یەکن، واتە وەکو خودی تۆلستۆی دەچن، هەردووکیان بە دوای ئاسوودەیی رۆحی و فیکریدا دەگەڕێن، هەردووکیان هەوڵدەدەن تا وەڵامێک بۆ نهێنییەکانی مردن بدۆزنەوە و بەڵام هیچیان بەو وەڵامە ناگەن. لە لایەکی تریشەوە زۆر کەم وێک دەچن. پرەنس ئاندرێ مرۆڤێکی جەربەزە و دڵڕفێنە و بە بنەچەو پایەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە دەنازێت، شەریفە. بەڵام لوت بەرز و شێوە دیکتاتۆر و نائارام و بێ مەنتیقە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕیە ئەخلاقیانەشیدا، بوونەوەرێکی زۆر هەست بزوێنە. پێیێر مرۆڤێکی تەواو پێچەوانەیە .

ئەو بەسۆز و رووخۆش و دڵاواو خۆ بە کەمزان و نەجیب و فیدارکارە. بەڵام هێندە کەسایەتی لاوازە و بێ ئیرادەیە و زوو لە خشتەدەبرێت و فریو دەخوات، کە لە خۆتانەوە لێی بێ تاقەت دەبن. ئەو حەز و زەوقەی کە بۆ چاکە و چاکەکاری هەیەتی، خوێنەر دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە. بەڵام ئایا پێویست بوو وا بە گەمژەیی دروست بکرێت؟. هەروەها کاتێک کە هەوڵ دەدات وەڵامێک بۆ ئەو مەتەڵە بدۆزێتەوە کە ئازاری دەدا، دەبێتە فارماسۆن. پێویستە ئەوەش بگوترێت: کە لێرەدا تۆلستۆی چەند بەشێکی زۆر زۆر ماندوکەرو بێزارکەری نووسیووە.



ئەو دوو پیاوە، هەردووکیان شەیدای (ناتاشا)ی کچە گچکەی کۆنت رۆستۆفن. تۆلستۆی ناتاشای بە شۆخ و شەنگترین کیژۆڵە خولقاندووە کە لە چیرۆکە خەیاڵیەکاندا هاتووە. هیچ کارێک لەوە ئەستەمتر نییە کە کیژۆڵەیەک نیشان بدرێت کە دڵڕفێن بێت هەمان کاتیشدا سەرنج راکێش. ئەو کچە جحێڵانەی کە لە بەسەرهاتە خەیاڵییەکاندا باسیانکراوە، بە زۆری بێ شەوقن وەکو (ئیمیلیا–Amelia) لە رۆمانی ڤانێتی فایردا یان خۆدەرخەر و خۆسەپێن وەکو (فانی– Fanny) لە رۆمانی پارکی مەنسفێلددا یان زیرەکیان کەمە وەکو (کۆنستێنتا دورهام– Constantia Durham) یان ساویلکە و گەمژەن وەکو (دۆرا– Dora) لە رۆمانی دێیڤید کۆپەر فیلددا. عیشوەگەری و رابواردنی ئەو کچانە ئەوەندە گێژ و وێژانەیە و بۆ خۆشیان هێندە بەرێئن، کە دوورە لە بۆچوون. ئەو مەسەلەیەی کە بۆچی خولقاندنی کچی جحێل بۆ رۆماننووس کارێکی ئەستەمە، شیاوی پەی بردنە، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو تەمەنە کەمەدا کەسایەتی کچ نەگەیوەتە قۆناغی کامڵبوون و جێگیر نەبووە، وێنەکێشیش هەر وەکو رۆماننووس تەنیا هەر دەتوانێت وێنەی روخسارێکی سەرنج راکێش بکێشێت کە هەوراز و نیشێوی ژیان، فیکر و عەشق، دەردو رەنج، تایبەتمەندیان دابێتە وێنەکە. باشترین کار کە وێنەکێش دەتوانێت بیکات لە کێشانی وێنەی کچێکدا، ئەوەیە کە جوانی و سەرنج راکێشی (لاوێتی) وی نیشان بدات. ناتاشا، کچێکی زۆر ئاساییە، شیرین و هەستیار و لەبەر دڵانە و خاوەنی رای خۆیەتی و رەوشت منداڵانە و خاوەنی ئارمانجی ژنانە و تەبیات تووند و بە سۆز و ئاڵۆز و سەرسەخت و میزاج دەمدەمی و لە هەموو روویەکەوە دڵگیرە. تۆلستۆی زۆری ئافرەت خولقاندون و ئەو ئافرەتانە بە جۆرێکی سەرسورهێنەر لەگەڵ ژیاندا گونجاون، بەڵام قەت ئافرەتێکی تری نەخولقاندووە کە بە قەد ناتاشا سەرنجی خوێنەر راکێشێت.

لە کتێبێکی دووررودرێژی وەکو (جەنگ و ئاشتی)دا خۆ لەوە بە دوور ناگیرێت کە نووسەر لەبەر ئەو هەموو ماوە درێژەی کە بە نووسینی رۆمانەکەیەوەیەتی، شەوق و زەوقی کە لێنی تێدا دروست نەبێت و لێی دوور نەکەوێتەوە. پێشتر گوتم کە بەسەرهاتی پێیێر لە فەراماسۆنری مرۆڤ ماندوو دەکات و وای بۆ دەچم کە تۆلستۆی لە کۆتاییەکانی رۆمانەکەیدا، تا رادەیەک مەیلی بە لای پاڵەوانەکانی رۆمانەکەیدا کەم بۆتەوە ئەو

(تۆلستۆی) فەلسەفەیەکی مێژوویی هێناوەتە وجود کە ڕەنگە بتوانرێ بەم شێوەیە دەرببڕدرێت: بە پێچەوانەی رای زۆرینەی کە پێیان وابوو: پیاوە گەورەکان نەبوون کە ئاراستەی مێژوویان گۆڕی، بەڵکو ئەو هێزە شاراوەیە بوو کە فوی دەزاری گەلان کرد و ئەو کەسانەی بەبێ ئاگایی بەرەو سەرکەوتن یان دۆڕان برد. ئەسکەندەر و سیزار و ناپلیۆن، بێجگە لە داوەڵ و ڕواڵەتێکی مێژوو هیچی دی نەبوون. ئەم پیاوانە هێزێک بەرەو پێشی دەڕەتاندن کە نەیاندەتوانی لە بەرامبەریدا بەرگری بکەن و دایمرکێننەوە. ناپلیۆن بە هۆی ستراتیژیەتی سەربازی و سوپا گەورەکەی خۆیەوە سەرکەوتنی وەدەست نەدەهێنا، چونکە فەرمانەکانی جێبەجێ نەدەکران جا چ لەبەر ئەوەی ڕەوشی گۆڕەپانەکانی شەڕ گۆڕابوو یان لە کاتی خۆیدا دەرنەدەچوون.

هۆی سەرکەوتنەکانی وی ئەوەبوو کە دوژمن بە سەختی دەکەوتە بیری ئەوەوە کە شەڕی دۆڕاندووە و هەر بۆیەش مەیدانی شەڕی چۆڵ دەکرد. بە لای تۆلستۆیەوە، پاڵەوانی چیرۆکی هێرش بۆ سەر روسیا، کۆتۆزۆفی (Kutuzov) فەرماندەی گشتی سوپای روسیا بوو. چونکە ئەو هیچ شتێکی نەکرد، خۆی لە شەڕ بە دوور گرت و تەنیا چاوەڕێی ئەوەی کرد تا سوپاکانی فەڕەنسا خۆ بەخۆ یەکتری لە ناو ببەن. ڕەنگە تۆلستۆی لەم بۆچوونەشیدا کۆمەڵێک تیۆری لەگەڵ زنجیرە هەڵەیەکدا تێکەڵ کردبێت. هەروەکو لە کتێبەکەیدا بە ناوی (هونەر چییە)دا وایە. بەڵام من ئەو زانست و زانیاریەم نییە کە سەبارەت بەو مەسەلەیە رادەرببڕم. پێم وایە بە مەبەستی بەیان کردنی ئەو بیردۆزەیەبوو کە تۆلستۆی ئەو هەموو بەشانەی بۆ باسکردنی پاشەکشەکردنی هێزەکانی ناپلیۆن لە روسیا تەرخان کردبوو. ئەم بەشەی (جەنگ و ئاشتی) ڕەنگە مێژوویەکی چاکبێت، بەڵام چیرۆکێکی باش نییە. بەڵام ئەگەر لەم بەشەی رۆمانە گەورە و سەرسوڕهێنەرەکەیدا هێزی تۆلستۆی لە کورتی دابێت، لە بری ئەوە لە کۆتایی رۆمانەکەیدا کەلێنی ئەو کەموکوڕییەی بە باشی پڕ کردۆتەوە. ئەو کارەی تۆلستۆی داهێنانێکی بەرز و درەوشاوەیە. رۆماننووسەکانی پێش وی، خوویان وابوو کە لە دوای ئەوەی چیرۆکەکەیان کۆتایی پێدەهات، بە خوێنەریان دەگوت کە پاڵەوانەکانیان چیان بەسەر هاتووە. خوێنەر لەوە ئاگادار دەبۆوە کە پاڵەوانی ژن و پاڵەوانی پیاو، بە خۆشی ژیانیان بەسەر بردووە و ئەوەندە منداڵیان بووە، لە کاتێکدا کە پاڵەوانی شەڕەنگێزی رۆمان، ئەگەر بەر لە کۆتایی



هاتنی چیرۆک کارەکەی بۆ جێبەجێ نەکرایە، تووشی هەژاری و چارەڕەشی دەبوو، ژنێکی بەدخوی دەهێنا و لەو ڕێگەیەوە دەگەیشتە ئەوەی کە شیاوەیەتی.

ئەو کارەش بە هۆی گرێدانەوە لە یەک دوو لاپەڕەدا ئەنجام دەدرا و خوێنەر وای بە خەیاڵدا دەهات کە تۆزە خواردنێکی (بەرماوە)ی وەپێش کراوە. بەڵام ئەوە کاری تۆلستۆی بوو کە بەشی کۆتایی رۆمانەکەی خۆی کردۆتە پارچەیەکی زۆر گرنگ. حەوت ساڵ تێپەڕیوە، تۆلستۆی دەمانباتە ماڵی نیکۆلای ڕێستۆفی کوڕی کۆنت پییێر، نیکۆلای ژنێکی دەوڵەمەندی هێناوە. پییێرو ناتاشا بە سەردانێکی درێژ چوونەتە لای نێکۆلای و ژنەکەی، ناتاشا مێردی کردووە و ئەویش بۆتە خاوەن منداڵ. بەڵام ئەو ئومێدە گەورانە و شەوق و زەوقەی کە نێکۆلای و پییێر و ناتاشا جاران بۆ ژیان هەیانبوو، رووە و نەمان چووبوو و گۆڕابوون بە ئاسوودەیی بێ جوڵە و تێکەڵ بە قەناعەتێکی بێزارکەر. ئەوان یەکتریان خۆشدەوێت، بەڵام مخابن چەند بێ گیان و لێکەوتوون! لە دوای ئەو مەترسیانەی کە رووی تێکردوون و ئەو ڕەنج و ئازارەی کە چەشتوویانە، لە ناوەڕاستەکانی ژیان بە ئاسوودەیی بەسەر دەبەن. ناتاشا کە ئەوەندە شیرین و هەڵسوکەوتی دوور لە چاوەڕوانی و دڵفڕێن بوو، ئێستا بۆتە ژنی ماڵ و لەسەر شتێکی کەم دەقیژێنێ و هەراو هۆریا دەنێتەوە. نیکۆلای ڕێستۆف کە سەردەمێک ئەوەندە دلێر و گورج و گۆڵ و بوێر بوو، ئێستا بۆتە ئاغایەکی کەللە رەقی گوندنیشین. پییەریش لە جاران قەڵەوترە، ئەو هێشتاش رووخۆش و قسە شیرینە، بەڵام لە جاران ئاقڵتر نییە.

بەشی کۆتایی و دڵگیری رۆمانەکە، زۆر خەماویە. پێم وانییە تۆلستۆی بەشی کۆتایی رۆمانەکەی خۆی بە هۆی ناکامی و چارەڕەشییەوە بەو جۆرە نووسیبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ئەو دەیزانی ژیانی هەموو کەس بەو جۆرە کۆتایی پێدێت و ئەویش دەبووایە راستی بڵێت. تۆلستۆی لەو چینەی کۆمەڵگابوو کە نووسەری بەرجەستەیان تێدا هەڵناکەوێت، ئەو کوڕی کۆنت نیکۆلای تۆلستۆی و شازادە خانم ماریا ڤیلکۆنسکی بوو، دایکی خاوەنی سامانی ماڵە باوانی بوو. تۆلستۆی کە بە پێنجەمین و دوایین منداڵی خێزان دەژمێردرا، لە ماڵی ئەژدادی دایکی لە یاسنایا پولیانا هاتە دنیاوە و لە سەردەمی منداڵیدا دایک و باوکی مردن. ئەو لە سەرەتادا لە ڕێگەی مامۆستایانی تایبەتی لە ماڵەوە فێری خوێندن بوو و پاشان لە زانکۆی غازان و دواتر لە زانکۆی سان پترسبۆرگ

درێژەی بە خوێندن دا. ئەو قوتابییەکی زیرەک نەبوو و لە هیچ یەک لەو زانکۆیانە نەبووە خاوەن بڕوانامە(شەهادە). پێوەندی و هاتووچۆی ئەشرافیانەی تۆلستۆی ڕێی بۆ خۆشکرد تا بێتە نێو کۆمەڵگاوە و سەرەتا لە غازان و پاشان لە سان پترسبۆرگ و مۆسکۆ چووە کۆڕی سەماکردن و شەونیشینی و داوەتە ئەشرافییەکان.

لەو کاتەدا، تۆلستۆی ببووە عەرەق خۆر و قومارکەرێکی بێ وێنە و بێ دەربەست. جارێکیان بۆ دانەوەی ئەو قەرزەی کە لە قۆماردا دۆڕاندبووی ، ناچاربوو خانووی یاسنایا پولیانا بفرۆشێت کە بەشێکی ئەویشی تێدابوو. ئەو پیاوێک بوو کە غەریزەی ڕەگەزی (جنسی) بەهێزی هەبوو، بە گوێرەی نووسراوەکانی دەفتەری بیرەوەریە ڕۆژانەکانی، شەوێک لە دوای ڕابواردن لەگەڵ پەڕو ئافرەتە سۆزانییەکاندا، تووشی ئازاری ویژدان هات. ئەڵبەتە ئەگەر بە پێی ئەو ڕۆمانانە حوکم بدەین کە نووسەرە رووسەکان نووسیوویانن، ئەو جۆرە ڕابوردنانە تا ئەندازەیەک بە خۆشگوزەرانیەکی سادە و ئاسایی رووسی لە قەڵەم دەدرێ، یان دەدرا. بەڵام لەگەڵ ئەو ئازارە ویژدانیەشدا، هەر کاتێک هەلی بۆ بڕەخسایە، لە دووبارە کردنەوەی ئەو کارەدا خۆی بە دوور نەدەگرت. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیتوانی تەواوی ڕۆژێ بەبێ هەست کردن بە ماندووبوون بە پێیان بڕوات و پیاسەبکات و دە دوازدە سەعات لە زینی ئەسپەکەی دانەبەزێت، جەستەیەکی بچووک و سەروسیمایەکی ناشیرینی هەبوو.

تۆلستۆی دەنووسێت و دەڵێ: (زۆر چاک دەمزانی قۆز نیم، ئەو ساتانە دەهاتن کە بێ ئومێدی چۆکی پێدادەدام. پێم وابوو کە هیچ کەس لە دنیادا نییە کە لوتێکی وا پان و لێوی هێندە ئەستوور و چاوی چکۆلە و خۆڵەمێشی هەبێت و هیچ جۆرە بەختەوەرییەک رووی تێبکات. داوام لە خوا دەکرد تا بە موعجیزە جوانم بکات و ڕازیبووم کە ئەوەی ئەو وەختە هەمبوو و ئەوەی کە لە داهاتووشدا دەمبێت ببیبەخشم، بەمەرجێک رووخسار جوان و قۆز ببم.) تۆلستۆی نەیدەزانی کە ئەو دەموچاوە ناقۆڵایەی، ئەو هێزە ڕۆحی و مەعنەوییەی وی نیشان دەدات کە بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر سەرنج ڕاکێشبوو.

نەدەیتوانی نیگای ئەو چاوانەی خۆی ببینێت کە هێزی کێشکردنی دەدایە سەروسەکوتی.

لەو سەردەمەدا تۆلستۆی بۆشناغ بوو(ئەویش وەکو ستاندالی بێچارە، بەو هیوایەبوو



کە بە جلوبەرگی جوان و پۆشتەیی ناشیرینی دەموچاوی خۆی داپۆشێت) و بە شێوەیەکی قێزەون شانازی بە پلە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیەوە دەکرد. قوتابییەکی هاوپۆلی لە زانکۆی غازان دەربارەی تۆلستۆی ئاوای نووسی: (من هەر لە سەرەتاوە لە کۆنت دوور کەوتمەوە کە بەو سەروسەکوتە و هەڵسوکەوتە ساردەی و قژە بریقاوەکانیەوە و بە نیگای لێدەری چاوە نیوەکراوەکانی، مرۆڤی لە خۆی بێزار دەکرد. قەت کوڕە جحێڵێکی لەو جۆرەم نەدیبوو کە ویقار و خۆ بەزل زانینی هێندە بە لامەوە پووچ و بێ بایەخ بێت....... ئەو سەلامەکانی منی زۆر بە کەمی و ساردو سڕی وەڵام دەدایەوە، پێدەچوو تێم گەیەنێت کە من و ئەو بە هیچ جۆرێک هاوکوفی یەکدی نین......)

کاتێک چووە ریزی سوپاوە، بە ڕواڵەت لە ئەفسەرە هاوڕێکانی لالوت بوو. بۆ خۆی دەنووسێ و دەڵێت: (لەم کۆمەڵگایەدا سەرەتا زۆر شت ناڕەحەتی کردم، بەڵام لەگەڵیان ڕاهاتووم، بێئەوەی خۆم لەم جنتڵمەنانە هەڵخشێنم، ڕادەیەکی مام ناوەندی چاکم بۆ کارەکان داناوە کە نە لوت بەرزی و خۆ بەزل زانینی تێدایە و نە هۆگری و ئاشنایی.) ئەو دەمەی کە تۆلستۆی لە قەوقازبوو و پاشانیش کە لە سباستۆپوولی بەسەر دەبرد، چەند چیرۆکێک و هەروەها بەسەرهاتی منداڵی و جحێڵی خۆی کە ڕەنگێکی ئەفسانەیی پێدابوون و نووسی و لە یەکێک لە گۆڤارەکاندا چاپ و بڵاوکرانەوە و بە جۆرێکی وا سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشا کە وەختێک لە شەڕ گەڕایەوە و چووە سان پترسبۆرگ، زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا. بەڵام کەیفی بەو خەڵکە نەهات کە لەوێ بەرچاوی کەوتن. ئەوانیش حەزیان لە چارەی نەکرد، وێڕای ئەوەی کە زۆر لە دڵسۆزی خۆی دڵنیابوو بەڵام قەت نەیدەتوانی سەبارەت بە دڵسۆزی خەڵکانیتر قەناعەت بە خۆی بێنێت و بێ سێ و دوو بەرەو ڕوو ئەوەی پێدەگووتن. لە بەرامبەر ئەو بیروباوەڕانەی کە خەڵک قبوڵیان کردبوون و پێیان وابوو نەگۆڕە، خۆی بۆ نەدەگیرا. تۆلستۆی کابرایەکی زۆر تووڕە و دەنگودۆڕ ناخۆشبوو و تایبەتمەندی ئەخلاقی زۆر دژبەیەکی تێدابوون و لوت بەرزانە هەستی خەڵکی پشتگوێ دەخست. تورگنیف وتوویەتی: هەرگیز تووشی شتێک نەبووم کە بە قەد نیگای خۆتێهەلقورتێنی تۆلستۆی ئازار دەربێت. ئەو نیگایەی کە هاوڕێ بوو لەگەڵ چەند وشەی بە مانا و مرۆڤی زۆر تووڕە دەکرد. ئەو لەو سەردەمەدا زۆر بە سەختی

رەخنەی قبوولّ دەکرد جارێکیان بە رێکەوت نامەیەکی خوێندەوە کە تێیدا کەمێک ئاماژەی بەو کرابوو، یەکسەر کابرای بۆ مەیدان داری بانگ کرد و هاورێکانی زۆر بە زەحمەت توانییان لە شەرێکی گاڵتەجاڕی پاشگەزی بکەنەوە. لەو سەردەمەدا شەپۆلی ئازادیخوازی سەرانسەری رووسیای داگیرکردبوو، مەسەلەی ئازاد کردنی (جووتیاران) بابەتی گەرم و گوڕی رۆژبوو. تۆلستۆیش دوای ئەوەی کە چەند مانگێک لە پایتەخت خەریکی رابواردن و خۆشگوزانی بوو، گەڕایەوە بۆ یاسنایا پولیانا تا پرۆژەیەک بخاتە بەردەم جووتیارەکانی و بە گوێرەی ئەوە ئازادیان بکات. بەڵام جوتیارەکان گومانیان بۆ دروستبوو و وایان بە خەیاڵدا هات کە ئەو ماستە بێ موو نییە و هەر بۆیەش پرۆژەکەیان رەتکردەوە.

تۆلستۆی قوتابخانەیەکی بۆ منداڵەکانیان دروستکرد. شێوازەکانی پەروەردەیی وی شۆڕشگێرانەبوو. قوتابییەکان بۆیان هەبوو نەچنە دەوام و تەنانەت لە نێو پۆلیشدا گوێ لەوانەکانی نەگرن. لەو قوتابخانەیەدا بە هیچ جۆرێک یاساو رێسا نەبوو و هیچ قوتابییەک سزا نەدەدرا، تۆلستۆی بۆ خۆی وانەی دەگوتەوە و تەواوی رۆژێ خەریکی منداڵەکان دەبوو، کە دەبووە پاش نوێژ بەشداری لە یاریەکانیان دەکرد و هەتا نیوە شەوێ چیرۆکی بۆ دەگێڕانەوە و گۆرانی لە تەکدا دەگوتن. لەو سەرو بەندەدا پەیوەندی لەگەڵ ژنی مسکێنێکی خۆیدا پەیدا کردو لە ئەنجامدا کوڕێک لە دایک بوو، ئەو کوڕە بیژووە کە ناوی تیموتی (Timothy) بوو، لە ساڵانی دواتردا بوو بە گالیسکەچی یەکێک لە کوڕە جحێڵەکانی تۆلستۆی. بیوگرافی نووسان سەریان لەوە سوڕماوە کە باوکیشی بەو جۆرە کوڕێکی ناشەرعی هەبوو کە ئەویش وەکو گالیسکەچی لە لای یەکێک لە ئەندامانی ماڵێ کاری دەکرد. بە لای منەوە ئەو مەسەلەیە جۆرێک بە دڕەوشتییە. من پێم وایە کە تۆلستۆی بەو وێژدانە ئازاردەرەی و بەو شەوق و زەوقەی کە سەبارەت بە ئازادکردنی جووتیاران و رزگارکردنیان لەو نەهامەتیە هەیبوو و دەیویست فێرە خوێندیان بکات و پەروەردەیان بکات تا پاک و بەرەوشت و بەرێز بن ، لانی کەم دەبووایە چارەسەرێکی کوڕەکەی بکات. تورگنێنیش کچێکی ناشەرعی هەبوو بەڵام ئەو سەرپەرشتی دەکرد و ئاگای لێبوو، مامۆستای تایبەتی بۆ هێنابووە ماڵێ و زۆر بە تەنگ ژیان و بەختەوەریەوە



بوو. ئایا تۆلستۆی کاتێک دەیدیت جووتیارێک کە کوڕی ئاسایی ئەوە و بۆتە گالیسکەچی کوڕە شەرعییەکەی، ویژدانی ئازاری نەدەدا؟. یەکێک لە تایبەتمەندییە ئەخلاقیە سەرسوڕهێنەرەکانی تۆلستۆی ئەوەبوو کە دەیتوانی بەو پەڕی شەوق و زەوقەوە دەست بە کارێکی نوێ بکات، بەڵام درەنگ یان زوو، بەبێ جیاوازی کارەکان لێیان وەڕس دەبوو. ئەو پشت ئەستووری و بەردەوامی نەبوو هەر بۆیەش لە دوای دوو ساڵ کە ئەو قوتابخانەیەی بەڕێوەبرد و بینی ئەنجامی هەوڵەکانی دڵخۆشکەر نییە و بێئومێدکەرە، قوتابخانەکەی داخست. تۆلستۆی بێ تاقەت و لە خۆی بێزاربوو و میزاجیشی باش نەبوو. دواتر نووسی: کە ئەگەر لەم کاتەدا، گۆڕەپانێکی تری ژیان کە تاکو ئێستا تاقی نەکردۆتەوە، مژدەی بە ختەوەری پێنەدایە، بە یەکجارەکی هیوا براو بووبوو. ئەو گۆڕەپانەش (ژنهێنان) بوو. تۆلستۆی بڕیاریدا ئەمەشیان تاقیبکاتەوە. تەمەنی سی و چوار ساڵ بوو کە لەگەڵ کچێکی تەمەن هەژدە ساڵیدا بە ناوی سونیا (Sonya) زەماوەندی کرد. باوکی سونیا ناوی دوکتۆر بێرس (Behrs) بوو و لە مۆسکۆ خەریکی کاری پزیشکی بوو. دوکتۆر بێرس لەو جۆرە کەسانە بوو کە بە گوێرەی باو (مۆدە)ی رۆژ دەجولاًیەوە. ئەو یەکێک بوو لە دۆستەکۆنەکانی بنەماڵەی تۆلستۆی و دوو کچی هەبوون و سونیا کچی گچکەی بوو. تۆلستۆی و سونیا لە یاسنایا پولیانا نیشتەجێبوون. لە یازدە ساڵی دەستپێکدا، کۆنتیس هەشت منداڵی بوون و لە پازدە ساڵی دواتریشدا بووە دایکی پێنج منداڵی تر، تۆلستۆی زۆر کەیفی بەو ولاخە بەرزە دەهات و سوارچاکی باش بوو و حەزیشی لە ڕاوکردن بوو. زەوی وزارەکەی رێک خستەوە و لە کەناری رۆژهەلاتی رووباری ڤۆلگا مولکێکی دیکەی کڕی، بە جۆرێکی وا وەختێک مرد، نزیکەی شەست و چوار هەزار دۆنمی هەبوو. ژیانی وی بە شێوەی ئاسایی و هۆگرانە دەستپێکرد. لە رووسیا دەیان ئەشراف و نەجیب زادە هەبوون کە لە تەمەنی جحێڵیدا قوماریان کردبوو، عەرەقیان خواردبۆوە، لەگەڵ ئافرەتاندا رایان بواردبوو، پاشان ژنیان هێنابوو و کۆشێک منداڵیان ببوو. لەسەر مولک و ماڵی خۆیان دانیشتبوون و چاودێری سامانەکەیان دەکرد، ئەسپ سواری و راویان دەکرد، لە نێو ئەو کۆمەڵەیەشدا ئەو کەسانەی کە وەکو تۆلستۆی بیروباوەڕی ئازادیخوازیان هەبوو و لە نەخوێندەواری و مەینەتی مسکێن و جووتیارەکان

ئازاریان دەچەشت و هەوڵیان دەدا تا گوزەرانیان باش بکەن، ژمارەیان کەم نەبوو، تەنیا خاڵێکی جیاوازی نێوان تۆلستۆی و ئەوکەسانە ئەوەبوو کە ئەو لەو سەردەمەدا گەورەترین دوو رۆمانی جیهان واتە (جەنگ و ئاشتی) و (ئاناکارنینا) ی نووسی.

ئەمەش چۆن روویدا، یەکێکە لە نهێنییەکان و ئەو رازەش، ئاشکرا کردن و روونکردنەوەی بەو ئەندازەیە ئەستەمە کە کوڕ و میراتگری یەکێک لە ئاغا گەورە و بێ زەوق و فەرهەنگەکانی سوسێکس(١) (Sussex)، (غەزەلی بای رۆژئاوا) بچڕێت. ئەو دەمەی کە سۆنیا گەنج بوو، دڵگەش دەهاتە بەرچاو. باڵا نەشمیل و چاوجوان، لووتێکی تا ئەندارەیەک گۆشتن و قژی رەش و بریقاوە بوون، گەرم گوڕ، دەم بە پێکەنین و گورج و گۆڵ بوو، لە کاتی قسە کردندا دەنگی خۆشبوو. لە مێژبوو تۆلستۆی بیرەوەرییەکانی رۆژانەی خۆی لە دەفتەرێکدا دەنووسییەوە. لەو دەفتەرەدا، سەرەڕای ئەوەی کە ئومێد و فیکر و بانگەشەکانی خۆی لەو دەفتەرەدا دەنووسییەوە، سەرکۆنەکانی خۆشی تێدا یاداشت دەکرد، هەروەها جووڵە جنسییەکان و ئەو کارانەی کە لە کردنیان خۆی بە تاوانبار دەزانی تۆمار دەکرد. ئەو کاتەی کە تۆلستۆی و سونیا ببوونە دەزگیران، چونکە تۆلستۆی حەزی دەکرد هیچ شتێک لە هاوسەری داهاتووی نەشارێتەوە، دەفتەرەکەی دایە سونیا تا بیخوێنێتەوە. سونیا لە خوێندنەوەیدا دووچاری داچڵەکینی رۆحی بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە شەوێکی بە فرمێسک رشتن رۆژ کردەوە، دەفتەرەکەی دایەوە تۆلستۆی و لەو کارانەی بەخشی. بەڵام رووداوەکانی لە بیر نەچوونەوە. ئەو ژن و مێردە زۆر هەستیار بوون و وەکو دەڵێن:

تایبەتمەندی رۆحی و فیکری و ئەخلاقیان زۆر هەبوو. مانای گشتی ئەو قسەیە ئەوەیە کە مرۆڤی لەو جۆرە، کۆمەڵێک خەسڵەتی دیار و زۆر دزێو و ناسازگاری تێدایە. کۆنتێس کەروێشکی بە گا دەگرت و موی لە نێو ماست دەردەکێشا، پێی خۆشبوو هەموو شتێک بۆ خۆی بێت و حەسوود بوو. تۆلستۆی توندوتیژو ئاڵۆزبوو، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ سۆنیا بۆ خۆی شیر بداتە منداڵەکان و سەرپەرشتیان بکات سۆنیاش هەروای پێ خۆشبوو. بەڵام دوای ئەوەی منداڵێکیان بوو و سۆنیا مەمکی ئازاری هەبوو منداڵەکەی دایە دەستی دایەن و تۆلستۆی بێ هۆ لێی توڕەبوو. ئەو ژن و مێردە ناوە ناوە



دەمەقاڵێیان دەبوو بەڵام زوو کۆتاییان بە کێشەکە دەهێنا. یەکتریان زۆر خۆشدەویست و بە گشتی ژیانی هاوبەشیان بەختەرەوانە بوو. تۆلستۆی زۆری کار دەکرد و بەردەوام شتی دەنووسی. خوێندنەوەی دەست و خەتەکەی تاڕادەیەک ئەستەم بوو، بەڵام چونکە هەر بەشێکی نووسینەکانی تەواو دەبوو کۆنتێس دەیخوێندەوە و پاکنووسی دەکرد، لە خوێندنەوەی خەتەکەی بە باشی راهاتبوو تەنانەت دەیتوانی ئەو بابەتانەی کە بە پەلە نووسیوویەتی و کەم و کوڕی رستەکان دەستنیشان بکات. دەڵێن کاتی خۆی سونیا حەوت جاران (جەنگ و ئاشتی) پاکنووس کردووە. پرۆفیسۆر سیمۆنز بەم شێوە باسی ئەو بیست و چوار سەعاتە دەکات کە تۆلستۆی بەسەری دەبرد: (بۆ قاوەڵتیکردن هەموو ئەندامانی خێزان لەسەر مێزی نانخواردن کۆدەبوونەوە و نوکتە و قسەی نەستەقی سەرۆکی خێزان، ئەندامانی بە شادی دەخست و کۆڕەکەی گەرم دەکرد. سەرەنجام بە گۆتنی ئەم قسەیە (ئێستا کاتی ئیشکردنە) هەڵدەستاو پەرداخێک چای بە رەنگی بە دەستەوە دەگرت و دەچووە ژووری کارکردنەکەی و لەبەر چاوان ون دەبوو و کەس نەدەوێرا بە لایدا بچێت. دەمەو عەسر کە لە ژوورەکەی دەهاتە دەرێ، کاتی وەرزشکردن بوو. بە زۆری یان بە سواری یان بە پێیان رێی دەکرد.

کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆ بۆ نان خواردن دەهاتەوە و زۆر بە ئیشتیاوە نانی دەخوارد و پاش ئەوەی تێری دەخوارد و دەستیهەڵدەگرت، موو بە مو ئەو رووداوو بەسەر هاتانەی دەگێڕانەوە کە لە رێگادا تووشی ببوون و ئامادەبووانی بە کەیف دەهێنا. پاشان دەچۆوە ژوورەکەی خۆی و خەریکی خوێندنەوە دەبوو، سەعات هەشت بۆ چا خواردنەوە دەهاتەوە دیوەخان و تێکەڵ بە ئەندامانی خێزان و ئەو کەسانە دەبوو کە هاتبوونە سەردانی لەوێ بە زۆری مۆسیقا لێدەدرا یان یەکێک بە دەنگی بەرز کتێبی دەخوێندەوە یان یاریەکییان بۆ منداڵەکان رێک دەخست)(٢). ژیانێکی پڕکار و بە کەڵک و قنیات هێنەر بوو، هیچ هۆیەک نەبوو کە سالانێکی دوورو درێژ هەر ئاوا بە خۆشی و شادی بەردەوام بیێت. چونکە سونیا بەردەوام منداڵی دەبوو و خەریکی سەرپەرشتیان و ماڵداری دەبوو، یارمەتی مێردەکەی دەدا لە کارەکانیدا، تۆلستۆی ئەسپ سواری و راوی دەکرد و سەری لە زەوی و زارەکەی دەدا و کتێبی دەنووسین. ئەو بەرە بەرە تەمەنی هەڵدەکشا و خۆی لە

پەنجا ساڵی نزیک دەکردەوە. ئەو قۆناغە بۆ پیاوان قۆناغێکی مەترسیدارە، لاوێتی بەسەر چووە و کاتێک ئاوڕ دەدەنەوە دوای خۆیان، حەز دەکەن لە خۆیان بپرسن داخۆ ژیانیان بەرەو کوێ چووە و چ شتێکی وەبەرهێناوە. کاتێکیش چاو دەبڕنە داهاتوویان و سێبەری پیری لە بەردەم خۆیان هەست پێدەکەن، بەرچاویان بە لێڵی و نائومێدی دەبینن. جۆرە ترسێک هەبوو کە بەردەوام لە ژیانیدا باڵی بەسەر تۆلستۆیدا دەکێشا و سەرو دڵی دەگرت ئەویش: ترسان بوو لە مردن. مردن روو لە هەموو کەسێک دەکات، زۆربەی پیاوان هەر هێندە هەست بە مردن دەکەن کە نەخۆشییەکی سەخت دەگرن یان لە دۆخێکی مەترسیدار دان، بەڵام ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە تۆلستۆی جیاواز بوو. ترسان لە مردن بۆ تۆلستۆی ببووە نارەحەتی و پەرێشانییەکی شاراوەی بەردەوام. لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی(دان پێدانانەکان) ئاوا باسی دۆخی فیکری و رۆحی خۆی دەکا و روونی دەکاتەوە: (پێنج ساڵ لەمەوبەر، وردە وردە تووشی شتێکی زۆر سەیر بووم. لە سەرەتادا تەنیا ئەو کاتانە تووشی ئەو حاڵەتە دەبووم کە دووچاری سەرسامی و گێژی و وەستانی ژیان دەبووم، وەکو ئەوەی کە نەزانم چۆن بژیم و یان چیبکەم. پاشان هەستم دەکرد کە لە کیس چووم و غەمگین و دڵشکاو دەبووم. بەڵام ئەو حاڵەتە نەدەمـاو دەگەڕامەوە بۆ دۆخی جاران. دواتر ئەو ساتە سەرسامی و گێژیانە پترو پتر دەبوون و هەمیشە هەروا بووم. ئەو ساتانە هەمیشە هاوڕێ بوون لەگەڵ ئەم پرسیارانەدا: «ژیان بۆ چییە؟ لە کوێ کۆتایی پێدێت؟» وام هەست دەکرد کە ئیتر ئەوەی لەسەری وەستاوم شکاوە و بن پێم هڵۆڵ بووە و هیچی لێنەماوە. ئەوەی لەسەری دەژیام ئیدی نەمابوو و هیچ شتێکم بۆ نەمابۆوە تا لەسەری ژیان ببمە سەر، ژیانم دەوەستا، دەمتوانی هەناسە هەڵکێشم، بخۆم، بخۆمەوە و بنوم، نەمدەتوانی ئەمانە نەکەم، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی ژیان نەبوو. چونکە ئەوتکاو ئاواتانەی کە بە مەنتیقیان بزانم و بیانهێنمەدی، بوونیان نەمابوو، تەواوی ئەوانەش لە کاتێکدا بەسەرم دەهاتن کە ئەوەی پێی بگوترێ بەختەوەری کامڵ چوار دەوریان دابووم. هێشتا تەمەنم نەگەییوە پەنجا ساڵی ژنێکی چاکم هەبوو کە خۆشم دەویست و خۆشی دەویستم. منداڵی چاک و موڵک و ماڵێکی زۆرم هەبوو کە بەبێ ئەوەی هەوڵێکی ئەوتۆ بدەم باشتر و بەرفراوانتر دەبوو....خەڵک تاریفیان دەکردم و بێ ئەوەی زۆر خۆم فریو



بدەم، دەمزانی کابرایەکی بەناوبانگم... خاوەنی هێزی فیکری و جەستەیی بووم، هێزێکی وا کە لە پیاوانی هاوشێوەی خۆمدا کەمتر بینیومە: «لە رووی کاری جەستەییەوە بۆ (دروێنە) شانم لە شانی سەرپاڵەکان دەدا و لە رووی فیکریشەوە دەمتوانی هەشت نۆ دە سەعات بێ پشوودان کار بکەم، بێ ئەوەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانەم کاریگەری خراپم لەسەر بکات.» دۆخی رۆحی و فیکریم بەو جۆرە خۆی نیشان دەدام: «ژیانی من، گاڵتەیەکی گەمژانەیە و دەرەنجامی رق و کینەی کەسێکە کە لەگەڵیدا کردووم»)تۆلستۆی ئەو کاتەی هێشتا منداڵبوو، وازی لە بڕوا بوون بە خوا هێنابوو، بەڵام ئەم بێ بڕواییەی ببووە هۆی ناشادی و ناڕازی بوونی، چونکە هیچ تیۆریەکی نەبوو تا توانایی پێ ببەخشێت مەتەڵی ژیان هەڵبێنێت. لە خۆی دەپرسی: (بۆچی دەژیم و دەبێ چۆن بژیم؟) بەڵام وەڵامێکی نە دەدۆزیەوە. ئێستا دووبارە بڕوای بە بوونی خوا لەلا دروست ببۆوە، بەڵام بە زنجیرەیەک بەڵگەوە ئەو بەڵگانەش بۆ پیاوێکی وا کە تا ئەو رادەیە سروشتێکی هەستیاری هەبوو، زۆر سەرسوڕهێنەربوو. تۆلستۆی دەنووسێ و دەڵێت: (ئەگەر هەم، دەبێ هۆیەکی هەبێت و هۆی هۆکارێک. ئەو هۆیەی یەکەمیش شتێکە کە مرۆڤەکان بە خوای نێو دەبەن.) ئەمەش یەکێکە لە کۆنترین بەڵگەکانی وجودی خوا. ئەو بڕوای بە خوایەکی وانەبوو کە تایبەتمەندی و خەسڵەتی مرۆڤی تێدا بێت. هەروەها لەو سەردەمەدا، باوەڕی بە ژیانی پاش مردن نەبوو، گەرچی دواتر کاتێک بیری لەوە کردەوە کە رۆح (نەفس) بەشێکە لە(زاتی لە بن نەهاتوو) ئاقڵی بۆی نەدەچوو کە رۆح بە لەناو چوونی جەستە بفەوتێ. ماوەیەک خۆی بە کەنیسەی ئەرسەدۆکسی رووسیاوە گرت، بەڵام لەبەر ئەوەی دیتی ژیانی زانایانی کەنیسەی ناوبراو لەگەڵ بنەمای مەزهەبەکەیاندا یەک ناگرێتەوە، تۆراو ئەوەی کە ئەوان داواین لێدەکرت تا بڕوای پێ بهێنێت بە مەحاڵی زانی، تۆلستۆی تەنیا بەوە قایل بوو کە ئەوەی بە واتای سادە و واقیعی (راست و دروست) بێت قبووڵ بکات. بەرە بەرە خۆی لەو بڕوادارانە نزیک کردەوە کە لە نێو چینی سادە و هەژار و نەخوێندەواردا بوون. ئەوەندەی دیقەتی لە ژیانی ئەوان گرت و لێیان ورد بۆوە و گەیشتە ئەو قەناعەتە کە لەگەڵ ئەوەشدا نوقمی خورافیات و تاریکی بوون، بەڵام باوەڕێکی راستەقینەیان هەیە، ئەو بڕوایەی کە بۆ ئەوان پێویستە. هەروەها دیتی کە

تەنیا ئەو باوەڕیە کە بە بەخشینی واتا و تێگەیشتن لە ژیان، بەسەر بردنی ژیانیان بۆ مومکین دەکات. ساڵانێکی دوور و درێژی خایاند تا تۆلستۆی سەبارەت بە تیۆرییەکانی خۆی بڕیاری کۆتایی دا. ئەو ساڵانەش بۆ وی پڕبوون لە ئازار و خەفەت و خوێندنەوە و بیرکردنەوە. کورتکردنەوەی ئەو تیۆریانە، کە بە کورتی و دروستی بەیان بکرێت، کارێکی ئەستەمە و من تەنیا بە ڕاڕایی و دوودڵیەوە هەوڵ دەدەم ئەو کارە بکەم.

تۆلستۆی ئەو دروشمە ئاینیانەی ڕەتکردەوە کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ بنەماکانی مەسیحدا یەکیان نەدەگرتەوە و تەنیا بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان بەکار دەبران. هەروەها ئەو بیروباوەڕانەی کە بنەماکانی مەسیحیەت تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە و دەبنە قسەی پوچ و سووکایەتی کردن بە هزر و هۆشیاری مرۆڤ و چووە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ ڕاستیەکان تەنیا لە وتەکانی مەسیحدا خۆیان بنوێنن بڕوای بەوە پەیدا کرد کە جەوهەری پەروەردە و فێرکردنی مەسیح تەنیا لەم بەرنامەیەدا خۆی بەرجەستە دەکات: ( لە بەرامبەر کەسێکی شەڕانگێزدا بەرەنگاری مە نوێنە ). فتوای ئەوەیدا کە ئەو یاسا ئاینییەی دەڵێ: (بە هیچ جۆرێک سوێند مەخۆ) هەر تەنیا سوێندە ئاساییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو مەبەست هەموو جۆرە سوێندێکە جا چ سوێندی شایەتی دان لە دادگا بێت یان ئەو سوێندە بێت کە سەربازەکان لە کاتی چوونیان بۆ نێو ڕیزی سوپا دەیخۆن، لە کاتێکدا ئەو بەرنامەیەی کە دەڵێت: (نە یارانی خۆت خۆشبوێت و کاتی جنێویان پێدای دوعای خێریان بۆ بکە) دەبووە لەمپەر لە بەردەم خەڵک بۆ بەرگریکردن لە وڵاتەکانیان لە کاتی شەڕدا، یان کاتێک هێرشیان دەکرایە سەر نەیدەهێشت بەرگری لە خۆیان بکەن، بەڵام سەبارەت بە تۆلستۆی قبووڵکردنی ئەو بیروباوەڕانە بە مانای کارپێکردنیان نەبوو. ئەگەر بگەیشتایە ئەو دەرەنجامەی کە کرۆک و جەوهەری سەرەکی مەسیحیەت بریتییە لە:

(خۆشەویستی، دان بەخۆداگرتن، بەبەرەکانی نەفس و وەڵام دانەوەی خراپە بە چاکەیە) ئەوا بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی کە دەست لە خۆشییەکانی دنیا هەڵگرێت و دەبێ زەحمەت بکێشێت، فێری دان بە خۆداگرتن ببێت و ڕەنج بداو بە بەزەیی و دڵاوابێت.

سونیا کە یەکێک بوو لە ئەندامانی بڕواداری کەنیسەی ئەرسەدۆکسی، سووربوو



لەسەر ئەوەی کە دەبێ منداڵەکانیان پەروەردەی ئایینی وەرگرن و لە ژیانیدا بە گوێرەی ئەو دۆخەی کە ویستی پەروەردگار بۆی دیاریکردبوو لە هەر ڕێگایەکەوە بووایە ئەرکی خۆی ئەنجام دەدا. ئەو ژنێک نەبوو کە تایبەتمەندی ڕۆحی و مەعنەوی زۆری هەبێت، لە ڕاستیدا ئەو هەموو منداڵبوونە و شیرپێدانیان و بەخێو کردن و سەرپەرشتی کردن و حاملاندنیان و بەڕێوەبردنی خێزانێکی وا گەورە، ئیدی ئەو دەرفەتەی بۆ نەهێشتبۆوە تا خەریکی بوارە مەعنەوی و ڕۆحییەکان بێت. ئەو نە لە تیۆری هەڵگەڕاوەی مێردەکەی هیچ تێدەگەیی، نە لەگەڵ بۆچوونەکانیشیدا بوو. بەڵام بە خۆڕاگری و دان بەخۆداگرتنێکی زۆر قبووڵیکرد. سەرەڕای ئەوەش کاتێک کە گۆڕانی بیروباوەڕی مێردەکەی بووە هۆی گۆڕانی هەڵسوکەوتی، لە دەربڕینی و بە ڕووداوانیدا سێ و دووی نەکرد. لەو سەردەمەدا لەبەر ئەوەی تۆلستۆی پێی وابوو کە دەبێ ئەرکەکانی خۆی بە دەستی خۆی ئەنجام بدات، بۆ خۆی سۆبەی ژوورەکەی هەڵدەکرد، ئاوی دەهێنا و جلەکانی ڕێکدەخست. هەروەها چونکە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ نانی خۆی بە دەستی خۆی پەیدا بکات، پینەدۆزێکی هێنا تا کاری پێڵاو دوورونی فێر بکات. تۆلستۆی لە یاسنایا پولیانا لەگەڵ جووتیارەکاندا کاری دەکرد، زەوی دەکێڵا، بژاری دەکرد و بە عەرەبانە فڕێی دەدا و داری دەقەڵاشت. بەڵام کۆنتێس بە توندی دژ بەو کارەی بوو. چونکە پێی وابوو کە تۆلستۆی لە بەیانییەوە هەتا ئێوارێ خەریکی کاری جەستەیی بێ سوودە، کە تەنانەت لە نێو گوندنیشینەکانیشدا گەنجەکان دەیانکرد نەک کابرایەکی بە تەمەنی وەکو تۆلستۆی سونیا بۆ تۆلستۆی نووسی: (ئەڵبەتە بە دڵنیاییەوە دەزانم کە دەڵێی ژیانی بەو جۆرە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی خۆتدا یەک دەگرێتەوە و چێژی لێوەردەگری، ئەمە مەسەلەیەکی ترە و من تەنیا دەتوانم پێت بڵێم هەر شاد بی! بەڵام ئەوەی کە من ناڕەحەت دەکات ئەوەیە کە هێز و وزیەکی ئاوا لە کاری دارقەڵاشتن و سەماوەر هەڵکردن و پێڵاو دووراندا لە بەین دەچێت. هەموو ئەو کارانە بۆ خۆ خافڵاندن و کات بەسەر بردن چاکن، بەڵام نەک وەکو کارو پیشەیەکی تایبەتی.) قسەکەی سونیا بەجێ بوو. چونکە ئەوە ساویلکەیی تۆلستۆی بوو کە وای دەزانی هەر چۆنێک بێت کاری جەستەیی لە کاری فیکری شەریفانەترە. تەنانەت ئەگەر پێشی وابووایە کە بەرهەمی ڕۆمان نووسین دەکەوێتە بەردەستی خەڵکی بلح و بێکارە و

دەیخوێننەوە، مرۆڤ بە سەختی دەتوانێت باوەڕ بکات کە نەیدەتوانی کارێکی ژیرانەتر لە چەکمە دورین بدۆزێتەوە، ئەویش ئەو چەکمە ڕەق و تەقانەی کە کەس بۆی لە پێ نەدەکران. تۆلستۆی جلوبەرگی لادێیانەی لەبەر کرد و بوو بە کابرایەکی شڕۆڵ و چڵکن. دەڵێن ڕۆژێکیان دوای ئەوەی کە بە کوڵێ (زبڵی) فڕێدابوو پاشان بۆ نان خواردن هاتە ژوورێ، بۆنگەنێکی هێندە ناخۆشی لێهات کە ناچار بوون پەنجەرەکان بکەنەوە. ئەو کە زۆر حەزی لە ڕابواردن بوو و خووی پێوەگرتبوو، وازی لێهێنا و بۆ ئەوەی گیانداران بە مەبەستی خواردنی گۆشتەکەیان نەکوژرێن، دەستی کرد بە گژوگیا خواردن.

ساڵانێکی دوورودرێژ مەی خۆرەوەبوو بەڵام ئێستا بە یەکجاری وەلای نابوو. سەرەنجامیش بە نرخی هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و تاڵ، وازی لە جگەرەش هێنا. ئێستا ئیتر بەرە بەرە منداڵەکانیان گەورە ببوون و کۆنتێس پێی لەسەر ئەوە دادەگرت زستانان ماڵیان بچێتە مۆسکۆ تا منداڵەکانیان باشتر پەروەردە بکرێن و (تانیا)ی کچە گەورەشیان پێی بکەوێتە نێو کۆمەڵگا و لەگەڵیدا ڕابێت. تۆلستۆی لە ژیانی شاری بێزاربوو، بەڵام لە ژێرگوشاردا خۆی دایە دەست ئیرادەی ژنەکەی. کاتێک لە مۆسکۆ ئەو جیاوازیە گەورەیەی نێوان سامانی دەوڵەمەندەکان و هەژاری و برسێتی ڕەشو ڕووتەکانی دیت، تۆقی، نووسی: (هەستم کرد و هەست دەکەم و هەتا هەتایەش وا هەست دەکەم کە تا ئەو وەختەی من تۆزە خواردنێکی زیادەم هەیە و هێندێک برسین، تا من دوو چاکەتم هەن و یەکێکی دی دانەیەکی نییە، لە تاوانێکدا پشکدارم کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.) قسەی ئەو کەسانەشی بە گوێدا نەدەچوو کە دەیانگووت دنیا هەروایە و دەوڵەمەند و هەژار هەر هەبووە و هەر دەشبێت. تۆلستۆی ئەو قسەیەی پێ ڕاست نەبوو کاتێکیش کە چووە سەردانی ئەو میوانخانەیەی کە بێ ماڵ و حاڵ و لێقەوماوان ڕوویان تێدەکرد و تێیدا دەحەوانەوە و ئەو دیمەنە سامناکانەی دیت، شەرمی کرد بچێتەوە ماڵی خۆیان و ئێوارێ دوو خزمەتکار بە جلوبەرگی تایبەتییەوە خواردنی شاهانەی لە پێش دانێن.

هەوڵیدا پارە بداتە ئەو نەدارانەی ڕوویان لێدەنا، بەڵام گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو پارەی سواڵکەرەکان لێی دەردێن، پتر لەوەی سوودیان پێ بگەیەنێت زەرەری بۆیان هەیە.



گوتی: (پارە شتێکی خراپە و بۆیە ئەو کەسەی پارە دەبەخشێت کارێکی بەڵاوای دەکات.)

لەم بیرکردنەوەیەوە تا ئەو باوەڕەی کە هەبوونی سامان پێچەوانەی ئەخلاقە و کارێکی هەڵەیە مەودایەکی کورت هەبوو. بۆ پیاوێکی وەکو تۆلستۆی هەنگاوی دواتر ڕوون و ئاشکرا بوو. بڕیاریدا خۆی لە چەنگ ئەوەی هەیەتی ڕزگار بکات بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەی توندی ژنەکەی بۆوە کە بە هیچ جۆرێک نەیدەویست خۆی بە سواڵی بخات و منداڵەکانی بێ پارە بن. سونیا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر لەو بڕیارەی خۆی پاشگەز نەبێتەوە ئەوا داوا لە دادگا دەکات تا فەرمانی ئەوە دەربکات کە تۆلستۆی توانای بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خۆی نەماوە و شیاوی بەڕێوەبردنی خێزانەکەی نییە و لە دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر تۆلستۆی داوای لە سونیا کرد کە بۆ خۆی مافی دەست بەسەراگرتنی موڵک و ماڵەکەی خۆی هەبێت، بەڵام سونیا ئەمەی ڕەتکردەوە و قبوولی نەکرد. سەرەنجام تۆلستۆی ناچارکرا تا موڵک و سامانەکەی لە نێو ژن و منداڵەکانیدا دابەش بکات. لەو ساڵانەدا کە ئەو ئاژاوەیە و دەم بەدەمەینە درێژەی هەبوو، تۆلستۆی چەندین جار ماڵێ بەجێهێشت تا لەگەڵ جووتیار و گوندنیشینەکاندا ژیان بەسەر ببات. بەڵام لەبەر ئەوەی دەیزانی چ ئەشکەنجەو ئازارێکی تووشی ژنەکەی کردووە، بەر لەوەی زۆر لەم ڕێگایەدا بەرەو پێش بڕوات دەگەڕایەوە ماڵێ. هەر چەندە ئەو ڕازاوەییەی کە چوار دەوری دابوو بە سەختی ناڕەحەتی دەکرد، بەڵام سوودی لێوەردەگرت. دەمەقاڵێی ئەو ژن و مێردە درێژەی کێشا، ئەو ڕای لەگەڵ ئەو حاملاندنە کۆنە نەبوو کە منداڵەکانی پێ پەروەردە کرابوون و نەیدەتوانی ژنەکەی ببەخشێت چونکە لێنەگەڕابوو وەکو خۆی دەیویست ماڵ و سامانەکەی دابەش بکات. دوای ئەوەی کە بیروباوەڕی هەڵگەڕایەوە تۆلستۆی سی ساڵی تریش ژیا و من لێرەدا ئەو دەرفەتەم نییە کە بە وردی باسی ئەو ماوە دوورودرێژە بکەم و ناچارم زۆر بابەتی بە پێزیش بپەڕێنم. تۆلستۆی بوو بە کەسایەتێکی کۆمەڵایەتی، ئەو نەک تەنیا هەر بە نووسەرێکی گەورەی ڕووسی ناوی دەرکرد، بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا وەکو ڕۆمانووسێک و مامۆستایەک و پەیڕەوکەرێکی بنەما ئەخلاقییەکان ناسرا و ناوبانگێکی گەورەی وەدەست هێنا. ئەو خەڵکەی کە دەیانویست

به گوێرەی تیۆرەکانی وی بژیەن، تاقم و کۆمەڵی تایبەتیان پێکهێنا. بەڵام ئەو کەسانە کاتێک هەوڵی ئەویاندا تا بنەمای (بەرگری نەکردن)ی وی لە گۆڕەپانی کرداردا وەگەڕ بخەن، کارکەیان سەری نەگرت و ئەو چیرۆک و بەسەرهات و بەڵاو چەرمەسەریەی کە بەسەریان هات، پێکەنیناوییە و شیاوی پەند لێوەرگرتنیشە. لەبەر ئەوەی تۆلستۆی سروشتی وا هەڵکەوتبوو کە (بەدگومان) بوو و لە کاتی قسەکردن و بیروڕا ئاڵوگۆڕکردندا قسە رەق و توند بوو بە ئاشکرایی دەری دەبڕی کە ئەگەر خەڵکانێکی تر لەگەڵ راو تیۆرییەکانی ویدا نەبن دەرەنجامی پاڵنەری بێ بایەخیانە. زۆر کەمی هاوڕێ هەبوو. بەڵام بە هۆی ناوبانگەکەی کە رۆژبەرۆژ لە پەرەسەندندا بوو، کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابیانی زانکۆ و گەشتیارانی کە بە مەبەستی زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان دەهاتنە رووسیا و مریدەکانی، لە هەژار و دەوڵەمەندەوە بگرە تا پیاوە گەورەکان و خەڵکی ئاسایی دەهاتنە سەردانی لە یاسنایا پولیانا. هەر وەکو پێشتر باسم کرد سونیا بەرچاو تەنگ بوو و پێی خۆشبوو هەموو شتێک بۆ خۆی بێت. ئەو حەزی دەکرد مێردەکەی تەنیا موڵکی خۆی بێت و کاتێک کە دەیدیت خەڵکی بێگانە سنووری ماڵەکەی دەبەزێنن دەرەنجا و زۆر تورە دەبوو. دان بەخۆداگرتنی سونیا کۆتایی پێهات و کاسەی سەبری لە سەریەوە رژا و نووسی: (تۆلستۆی لە کاتێکدا کە بۆ خەڵکی باس لە هەستە جوان و ناسکەکانی دەکات و هەستیاریەتی دەیگرێت، بەڵام وەکو جاران ژیان بەسەر دەبات. خواردنی خۆش و پایسکیل سواری و ئەسپ سواری و رابواردنی پێخۆشە.) هەروەها سەبارەت بە مەسەلەیەکی تر لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی رۆژانەیدا نووسیوویەتی و دەڵێ: (ناتوانم سکاڵا نەکەم، چونکە هەموو ئەو کارانەی کە لە پێناو بەختەوەری خەڵکدا دەیان کات، ژیان ئەوەندە تێکەڵ و ئاڵۆز دەکات کە رۆژبەرۆژ ژیانم بۆ ئەستەمتر دەکات. گیا خواردنی ئەو مانای ئەوەیە کە رۆژی دوو جاران چێشت لێنێین و ئەوەش مەسرەفی پتر تێدەچێت و چێشت لێنەر و خزمەتکارەکان دەبێ زیاتر کار بکەن و ماندوو دەبن. ئەو ئامۆژگاریانەی کە دەربارەی چاکە و خۆشەویستی دەیانکات، ئەنجامەکەی بۆتە ئەوەی کە لە ماڵ و منداڵەکەی خۆی لالوت بێت و گوێیان پێ نەدا. هەموو پیسکە و رەش و رووتێک وەخت و ناوەخت خۆی بە ماڵیدا دەکات و ژیانمان لێ تێک دەدات و سەرئێشەمان بۆ دروست دەکات)



یەکێک لە یەکەمین ئەو کەسانەی کە تیۆرییەکانی تۆلستۆی قبووڵکرد، گەنجێک بوو بە ناوی چیرتکۆف(Chertkof). ئەو کابرایەکی دەوڵەمەند بوو و پێشتر لە (پاسەوانانی ئیمپراتۆری) پلەی نەقیبی هەبوو. بەڵام کاتێک بڕوای بە بنەمای (بەرگری نەکردن) پەیدا کرد، وازی لە کارەکەی خۆی هێنا. ئەو پیاوێکی شەریف و ئایدیالیست (Idealiste) و شەیدای خواو ئایین بوو. توانایەکی کەم وێنەی هەبوو لە سەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەر خەڵکدا و حوکم دان و فەرمانڕەواییدا. ئایلمیرمۆد (Aylmermaude) دەڵێت: هەر کەسێک پێوەندی لەگەڵدا دروست بکردایە، دەبوو بە کەرەسەی دەستی، دەبووایە شەڕی لەگەڵدا بکات یان لەبەر دەستی هەڵێت. پێوەندی لە نێوان چیرتکۆف و تۆلستۆیدا دروست بوو، پەیوەندییەک کە تا مردنی تۆلستۆی بەردەوام بوو. چیرتکۆف تۆلستۆی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە و ئەوەش ئەو شتە بوو کە کۆنتێسی شێت و هار کرد. وێڕای ئەوەی کە زۆربەی هاوڕێکانی تۆلستۆی بۆچوونەکانی ئەویان بە توندڕەوی دەزانی، بەڵام چیرتکۆف بەردەوام دنەی دەدا تا پتر پێ لێنێت و زیاتر ئەو تیۆرەیانە بەکار بگرێت. تۆلستۆی بە جۆرێکی وا خۆی بە کارە مەعنەوییەکانەوە خەریک کردبوو کە لە موڵک و ماڵەکەی خافڵ ببوو. سەرەڕای ئەوەی کە زەوی و زارەکەی بایی سێ سەد هەزار دۆلار دەبوو، بەڵام داهاتی ساڵانەی لە دوو هەزار و پێنج سەد دۆلار تێنەدەپەڕی.

ئاشکراشە کە ئەم بڕە پارەیە بۆ بژێوی ژیان و مەسرەفی ماڵ و خوێندنی رەوە منداڵێک بەس نییە. کۆنتێس مێردەکەی ناچارکرد تا مافی لە چاپدانی هەموو ئەو بەرهەمانەی کە بەر لە ساڵی (١٨٨١) نووسیوونی بەو بسپێرێ و بەو بڕە پارەیەی کە قەرزی کردبوو، بۆخۆی دەستیکرد بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی مێردەکەی. ئەو کاسبیە واگرتی کە کۆنتێس توانی هەموو قەرزەکانی پێ بداتەوە. بەڵام ئەو کارە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی تۆلستۆیدا یەکی نە دەگرتەوە کە هەبوونی سامان و پاراستنی مافی لە چاپدان بەرهەمە ئەدەبییەکانی وی بە پێچەوانەی ئەخلاقەوەیە و کاتێک چیرتکۆف لەم رووەوە گوشاری خستە سەر تۆلستۆی، هانیداو ناچاری کرد تا رایگەیەنێت کە هەر شتێکی لە ساڵی (١٨٨١) بە دواوە نووسیووە، هی خەڵکە و هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێ چاپیان بکات. هەر ئەوەندەش بۆ تورەکردن و هەڵچوونی کۆنتێس بەس بوو. بەڵام تۆلستۆی پێی

لەمەش درێژتر کردو داوای لە ژنەکەی کرد تا مافی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی خۆی کە پێشتر بە ئەوی سپاردبوو، بۆ رەتکاتەوە، ئەڵبەتە لە نێویاندا چەند رۆمانێک هەبوو کە خەڵک زۆر تامەزرۆی بوون. بەڵام کۆنتێس بە هیچ جۆرێک رازی نەبوو و بە توندی ئەم داوایەی رەتکردەوە. چونکە بژێوی خۆی و منداڵەکانی بەندبوو بە چاپکردن و فرۆشتنی ئەو کتێبانە. شەڕو دەمەوەری تاڵ و دوورودرێژ دەستیپێکرد. سونیا و چیرتکۆف سەبرو ئارامیان لە تۆلستۆی هەڵگرتبوو. تۆلستۆی لە نێوان دوو بەرداشی دژ بەیەکدا گیری خواردبوو و لە هەمان کاتیشدا پێی وابوو کە رەتکردنەوەی هیچ کام لەو دوو داواکاریە کارێکی دروست نییە. لە ساڵی (١٨٩٦)دا تەمەنی تۆلستۆی ببوو بە شەست و هەشت ساڵ و سی و چوار ساڵ بوو ژنی هێنابوو، زۆربەی منداڵەکانی گەورەببووبوون و کچی دووەمی لە دەمی بەخت بوو. تا ئەو کاتە هەموو ئاگاداری ناکۆکی نێوان ئەو ژن و مێردە بوون. سونیا کاتێک کە دەیدیت پەیڕەوانی مێردەکەی (لەو سەردەمەدا تەنیا کەسانێکی هاوڕێی تۆلستۆی موریدەکانی بوون) لایەنی مێردەکەی دەگرن و بە چاوی دوژمن سەیری دەکەن چونکە ناهێڵێت بە ویستی ئەوان بجولێتەوە، زۆر نارەحەت دەبوو. دین گۆڕینی تۆلستۆی بەختەوەری بە دیاری بۆ نەهێنابوو، ئەو کارەی بووە هۆی ئەوەی هاوەڵانی لە دەست بدات و ئاژاوە و دووبەرەکی بکەوێتە نێو ماڵ و خێزانەکەی و لێکی زرینگاندن. لەبەر ئەوەی تۆلستۆی بەردەوام بوو لە بەسەربردنی ژیانێکی ئاسوودە، پەیڕەوەکانی سەرکۆنەیان دەکرد. لە راستیدا بۆ خۆشی خۆی بە شیاوی سەرکۆنەکردن دەزانی، لە دەفتەری بیرەوەریەکاندا نووسی: (بەم شێوەیە، من کە ئێستا تەمەنم پێ دەنێتە حەفتاهەمین ساڵیەوە، بە هەموو هێزی گیانمەوە ئارەزووی ئارامی و ئاسایش دەکەم و تامەزرۆی شتێکم کە لەو ناهەماهەنگیەی لە نێوان ژیان و بیروباوەڕ و ویژدانم دایە باشتربێت، ئەگەر چی ئەو شتە هاوئاهەنگی کامڵیش نەبێت.)

تۆلستۆی لەشساغی لە دەست چوو. لە دە ساڵی دواتردا چەند جارێک نەخۆش کەوت. یەکێک لەو نەخۆشیانە هێندە قورس بوو زۆری نەمابوو بمرێت. ماکسیم گۆرکی کە لەو سەردەمەدا تۆلستۆی دەناسی، بەم شێوەیە وەسفی دەکات: (پیاوێکی زۆر کزو لاواز و لەشێکی ورد و مووی سپی بوون و دیدەی تیژتر و نیگای کاریگەرتر بوو لە جاران.)



دەموچاوی چرچ و لۆچی قوڵیان لێپەیدابوو بوو و ریشێکی تەنک و درێژی هەبوو. ببووە پیرەمێردێکی هەشتا ساڵە. ساڵێک تێپەڕی و ساڵی دواتر بوو بە هەشتا و دوو ساڵ. بەخێرایی بەرەو لاوازی دەچوو و دیاربوو کە چەند مانگێکی تری لەسەر دنیا ماوە. ئەو چەند مانگە بە دەمەقاڵێیەکی چڕوپڕ، تیرەوتار بوون. چیرتکۆف کە پێدەچوو هەموو ئەو بیروباوەڕانەی قبووڵ نەبوون کە هەبوونی سەروەت و سامان پێچەوانەی ئەخلاقە، پارچە زەوی و موڵکێکی لە نزیک یاسنایا پولیانا کڕیبوو، ئەم دراوسێیەتیەش دیارە کە هاتوچۆی نێوانیانی ئاسانتر دەکرد. هەر لەو سەروبەندەدا گوشاری خستە سەر تۆلستۆی کە هیواو ئامانجەکانی خۆی بێنێتەدی بەو مانایەی کە لە پاش مردنی هەموو بەرهەمەکانی ببنە موڵکی خەڵک، بەڵام کۆنتێس زۆری پێناخۆش بوو کە چیدی مافی چاودێری و لە چاپدانی ئەو رۆمانانەی نەمێنێت کە بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر پێی درابوو. ئەو دوژمنایەتیەی کە لە مێژبوو لە نێوان چیرتکۆف و سونیادا هەبوو، ئیتر بوو بەشەڕێکی راگەیەندراو. بێجگە لە ئەلیکساندریای بچوکترین کچی تۆلستۆی کە بە تەواوی کەوتبووە ژێر کاریگەری چیرتکۆفەوە، منداڵەکانی دی هەموویان پشتیوانیان لە دایکیان دەکرد. منداڵەکانی بە هیچ جۆرێک حەزیان لەوە نەبوو ژیان وا بەسەر ببەن کە تۆلستۆی باوکیان مەبەستی بوو. سەرەڕای ئەوەش کە تۆلستۆی باوکیان ئەو موڵک و سامانەی کە بەسەریدا دابەش کردبوون، هیچ بیانووییەکیان شک نەدەبرد کە لەو پارە زۆرە بێ بەش بن کە لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی باوکیان وەچەنگیان دەکەوت. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو گوشارەی کە لە لایەن خێزانەکەیەوە خرایە سەری، تۆلستۆی وەسێتنامەیەکی نووسی و تێیدا هەموو بەرهەمەکانی خۆی بە میرات بۆ خەڵک لە قەڵەمدا و رایگەیاند ئەو دەستنووسانەی کە تا پێش سەرمەرگی لەبەر دەستدان بدرێنە چیرتکۆف تا ئازادانە بیان خاتە بەردەستی هەموو ئەو کەسانەی کە بیانەوێت چاپ و بڵاویان بکەنەوە. بەڵام وا دیار بوو ئەم وەسێتنامەیە یاسایی نەبوو بۆیە چیرتکۆف زۆری لە تۆلستۆی کرد و ناچاری کرد تا وەسێتنامەیەکی دی دابڕێژێت. شایەدەکانی بە دزیەوە بردە ماڵێ و بۆ ئەوەی کۆنتێس نەزانێ چ باسە لە پاش دەرکە کڵۆم دراوەکان و لە ژوورەکەی خۆی، بە خەتی خۆی وەسێتنامەیەکی دی نووسی. لەو وەسێتنامەیەدا مافی

چاپ و بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی خۆی دابە ئەلیکساندرای کچی کە چیرتکۆف وەکو نوێنەری نووسەر پێشنیاری کردبوو. چیرتکۆف بۆ خۆشی ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردووە: (لەوە دڵنیابووم کە ماڵ و منداڵی تۆلستۆی پێیان خۆشنەبوو کەسێک کە ئەندامی خێزان نییە ببێتە میراتگری رەسمی.)

لەبەر ئەوەی وەسێتنامەکە ئەوانی لە گرنگترین هۆکاری بژێوی ژیانیان بێ بەش کرد، ئەم وتەیە جێی بڕوایە. بەڵام ئەم وسێتنامەش چیرتکۆفی رازی نەکرد و لە نێو دارستان و لە نزیک ماڵەکەی چیرتکۆف لە کاتێکدا کە تۆلستۆی لەسەر کۆلکەدارێک دانیشتبوو، چیرتکۆف وەسێتنامەیەکی تری دارِشت و تێیدا مافی تەواوی چاپ و بڵاوکردنەوەی دەستنووسەکانی تۆلستۆی دایە خۆی (چیرتکۆف). گرنگترینی ئەو دەستنووسانەش دەفتەری بیرەوەرییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی تۆلستۆی بوو. ئەو ژن و مێردە زۆر لە مێژبوو وا راهاتبوون کە بیرەوەرییەکانی رۆژانەیان بنووسنەوە و بڕیاریاندا کە هەر کاتێک تۆلستۆی بییەوێت ئەو دەفتەرانە بدەنە یەکتری. ئەمە بڕیارێکی نامۆبارەک بوو، چونکە ئەو گلەیی و گازەندەیەی کە لە یەکتریان دەکرد و لەو دەفتەرانەدا یاداشت دەکرا و هەر کاتێک یەکێکیان هی ئەوی دیکەی بخوێندبایەوە دەبووە هۆی تۆمەت خستنە پاڵ یەکتری. دەفتەری بیرەوەرییەکانی جاران لەبەر دەستی سونیادا بوو، بەڵام ئەوانەی کە پەیوەندییان بەو دە ساڵەی رابردووەوە هەبوو، تۆلستۆی لە لای چیرتکۆفی دانابوون. سونیا بڕیاری دابوو هەر چۆنێک بێت وەریان گرێتەوە، زیاتریش لەبەر ئەوەی بوو کە دەتوانرا سەرەنجام بڵاو بکرێنەوە و داهاتی باشیان هەبێت، هۆیەکەی تریشی ئەوە بوو کە تۆلستۆی زۆر بە راشکاوی باسی ناکۆکی و دەمەقاڵێ خۆی و هاوسەرەکەی تێدا نووسیبوو و کۆنتێس حەزی نەدەکرد ئەو بەشانە ئاشکرا بن. تەتەرێکی نارد و تکای لە چیرتکۆف کرد تا ئەو دەفتەرانەی بۆ بگەڕێنێتەوە. بەڵام چیرتکۆف داواکاریەکەی رەتی کردەوە. بۆیە سونیا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر ئەو دەفتەرانەی بۆ نەنێرێتەوە خۆی دەخنکێنێت یان دەرمانخوارد دەکات. کاتێک تۆلستۆی بەو هەرایەی زانی کە ژنەکەی ناویەتیەوە، دەفتەرەکانی لە چیرتکۆف وەرگرتەوە بەڵام لەبری ئەوەی بیانداتەوە سونیای هاوسەری، لە بانکی دانان. چیرتکۆف نامەیەکی بۆ نووسی کە تۆلستۆی لە دەفتەری



بیرەوەرییەکانیدا ئاوای لێکداوەتەوە: (نامەیەکم لە چیرتکۆفەوە پێگەیشت کە پڕە لە سەرکۆنەکردن و تۆمەت، ئەو جۆرە قسەکردنە بەندی جەرگ و دڵم دەپسێنێ. جاری وایە ئەوەم بە خەیاڵدا دێت کە چەندین فەرسەخ لەو مرۆڤانە دوور بکەومەوە.) تۆلستۆی هەر لەو سەردەمانەی گەنجێتیەوە حەزی دەکرد واز لە دنیا و ئاژاوە و سەرهێشەکانی بێنێت و پەنا بۆ جێیەکی چۆڵ ببات و خەریکی پاککردنەوە و کامڵ کردنی نەفس بێت. بۆیە هەر وەکو زۆربەی نووسەران لە رۆمانەکەیدا ئەم ئاواتەی دایە دووکەس لە پاڵەوانەکانی کتێبەکەی: پییەر لە رۆمانی (جەنگ و ئاشتی)دا و لیهڤین لە (ئاناکارنینا)دا.

بەشی زۆری وجودی خۆی لە پەیکەری ئەو دووکەسەدا بەرجەستەکرد. لەو سەردەمەدا، هەلومەرج و تکاکانی ژیانی دەستیان دایە دەستی یەکتری تاکو وزە و هێز و هاندان بەو ئارەزووە ببەخشن. ژن و منداڵەکەی ئازاریان دەدا و لەو سەرکۆنە کردنانەی هاوەڵانی بە چۆک داهاتبوو کە پێیان وابوو دەبێ سەرەنجام بنەمای رێنمایەکانی خۆی پراکتیزە بکات. بەشێکی زۆر لە هاوەڵانی ئازاریان دەچەشت چونکە ئەو رێنمایی و ئامۆژگارییانەی کە بانگەشەی بۆ دەکرد کردەوەی لەگەڵدا نەبوو. هەموو رۆژێک کۆمەڵە نامەیەکی پێدەگەیی کە تییاندا بە سووکایەتی کردنەوە بە ریاکاری تاوانبار کرابوو. یەکێک لە موریدە تامەزرۆکانی نامەیەکی بۆ نووسی و تکای لێکردبوو تا دەست لە موڵکەکەی هەڵگرێت و هەموو سەروەت و سامانەکەی بداتە خزم و لێقەوماوان و پەناباتێک بۆ خۆی نەهێڵێتەوە و وەکو سواڵکەران شارەو شار بگەڕێت. تۆلستۆی لە وەڵامیدا نووسی: (نامەی بەرێزتان بە توندی دایچڵەکاندم، ئەو پەند و ئامۆژگارییەی بەمنی دەدەی، هەردەم خەونی پیرۆزی من بووە. بەڵام تاکو ئێستا نەمتوانیوە پراکتیزەی بکەم. ئەمەش هۆکاری زۆرن.... بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە نابێ ئەوەی من دەیکەم زەبر لە خەڵکی تر بدات.) زۆربەی خەڵک هۆی سەرەکی هەڵسوکەوتی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ حەشارگەی (دەروونی بێ ئاگایی) خۆیان. سەبارەت بەوەش کە بۆ ئەو کارەی نەدەکرد کە هەم هاوڕێکانی و هەم ویژدانی پێیان لەسەر دادەگرت، من پێم وایە تەنیا ئەوەبوو کە بۆ خۆی زۆری حەز لە کردنی ئەو کارە نەبوو. ئەمە خاڵێکە کە قەت نەمدیوە نووسەران لە دەروونناسیدا ئاماژەی پێ بدەن و لێی بدوێن، ئەمە لە کاتێکدا کە دەبێ ئەم خاڵە بۆ هەموو ئەو کەسانەی

ژیاننامەی نووسەران دەخوێننەوە ئاشکراو روون بکرێتەوە. بەرهەمی هەموو نووسەرێکی خولقێنەر لانی کەم کەرەستەیەکە بۆ پاککردنەوەی غەریزە و ئارەزووەکان. (هەر ناوێکی بۆ خۆتان پێتان خۆشە بۆی دابنێن.) و خەیاڵ پڵاوەکانی خۆیەتی کە نووسەر لەبەر هۆیەک رێگری لێکردون. کاتێک نووسەر ئەم ئارەزووانە ناچار بە خۆ دەرخستن دەکات و دەریان دەبڕێت، خۆی لەو ناچاریە رزگار دەکات کە ئازادی (کردەیی) زیاتر بداتە ئارەزوەکانی. بەڵام ئەو کارە رەزامەندی تەواوی ئەو دەستەبەر ناکات. وا هەست دەکات کە کارەکەی کەموکوڕی تێدایە. بەرز راگرتنی پیاوی (کردەیی) لە لایەن پیاوی ئەدیبەوە و ئەو پیاهەڵدانە نەویستراوە و تێکەڵ بە ئیرەییەی کە پێی سەیری پیاوی (کردەیی) دەکات، زەمینەکەی هەر ئەم هەستەیە. ئەگەری زۆر هەیە کە بۆیە تۆلستۆی دەستی کرد بە کاری دەستی و جەستەیی تا بیکاتە جێنشینی پاڵنەرە رەتکراوەکانی خۆی. رەنگە ئەگەر تۆلستۆی بە نووسینی کێتبەکانی لە چڕی بڕیاری خۆی کەم نەکردبایەوە، ئەو هێز و توانایەی لە خۆیدا بەدی بکردایە کە راستگۆیانە ئەوەی بە چاک و شیاوی دەزانی بە کاری بێنێت. ئەڵبەتە ئەو نووسەرێکی زگماگ بوو. ئەوەش غەزیزەی ئەو بوو کە ئەوەندەی بۆ بشێت بابەتەکانی بە کاریگەرترین و جوانترین و پاراو و رەوانترین شێوە بەیان بکات. من لەو بڕوایەدام کە لەبەرهەمە رێنوێنیکەرەکانیدا بۆ ئەوەی کاریگەری پتر بداتە مەبەستەکانی خۆی جڵەوی بۆ قەڵەمەکەی شلکرد و تیۆریەکانی خۆی خستە نێو قاڵبێکی سەخت و لەشکان نەهاتووەوە. ئەگەر تۆلستۆی دەستی رابگرتایە و سەیری دەرەنجامی تیۆریەکانی خۆی بکردایە، تیۆریەکانی خۆی دەخستە نێو قاڵبێکی نەرمترەوە. ئەو جارێکیان ئەوەی بە راست زانی کە ئەگەر چی (رێکەوتن) لە تیۆریدا حەرامە بەڵام لە گۆڕەپانی کردەوەدا خۆی لێبەدوور ناگرێت. بەڵام بێ شک بەو بەڕاست زانینەی تەواوی تیۆریەکانی خۆی ریسوا کرد. چونکە ئەگەر گونجان (رێکەوتن) لە کردەوەدا خۆی لێبەدوور نەگیرێت (کە تەنیا ئەوە دەگەیەنێ ئەو کارە باسکراوە پراکتیزە ناکرێت) کەواتە دەبێ ئەو تیۆریە کەموکوڕی و هۆی هەبێت. بەڵام لە بەدبەختی تۆلستۆی هاوڕێ و پەیڕوانی ئەو کە دەستە دەهاتنە سەردانی بۆ یاسنایا پولیانا و بە شان و باڵیان هەڵدەگوت، نەیاندەتوانی خۆیان لەگەڵ ئەو رایەدا بگونجێنن کە ئەو پیاوەی ئەوان ستایشی دەکەن،



دەبێ لە بەرامبەر (رێکەوتن)دا سەر دانەوێنێت و دەستەوەستان بێت. لەو گوشار و پێداگرتنەی پەیڕەوانی تۆلستۆیدا بە راستی شتێکی دڕندانەی تێدایە: بەو پێ داگرتنەوە گوشاریان بۆ ئەو پیرەمێردە دەهێنا تا خۆی بکاتە قوربانی ئەو تێگەیشتنە دراماتیکیەی (شیاوبوون) کە ئەوان مەبەستیان بوو. ئەو بەندکراوی پەیامی خۆی بوو، نووسینەکانی وی ئەو کاریگەریەی کە لەسەر خەڵکی هەیبوو (هەر ئەو کاریگەریەش بۆ خەڵکێکی زۆر ببووە بەڵاو نەگبەتی) ئەو رێز و ستایشکردنەی خەڵکی و نواندنی خۆشەویستی بەرامبەر بەو، بەرەو ئاقارێکی بردبوو کە تەنیا یەک رێگای لە بەردەمدا هێشتبۆوە کە نەیدەتوانی خۆی ناچار بکات ئەو رێگایە بگرێتەبەر. چونکە ئەو سەفەرە بەڵاوایە لە هەمان کاتدا بە ناوبانگە چونکە بووە هۆی ئەوەی ماڵی بەجێ بێڵێت و بە مردنی کۆتایی پێبێت لەبەر ئەوە نەبوو کە بڕیاری کۆتایی داوە تا ئەو هەنگاوە بنێت کە ویژدان و هاوڕێکانی شێلگیرانە داوایان لێدەکرد، بەڵکو بۆ ئەوە بوو تا خۆی لە دەستی ژنەکەی رزگار بکات و هۆی خێرا و لە ناکاوی ئەو کارەش بە رێکەوت بوو. تۆلستۆی لە نێو جێدا کەوتبوو، ماوەیەک دوای ئەوە گوێی لێبوو کە سونیا هاتۆتە ژووری کارکردنی و خەریکی هەڵوەژاردنی کاغەزەکانە.

شێوازی شاردنەوەی وەسێتنامەکە گوشارێکی زۆری خستە سەر مێشکی کە مەبادا سونیا بە جۆرێک زانیبێتی وەسێتنامەکە لەوێیە و بە دوایدا بگەڕێت. کاتێک سونیا چووە دەرێ تۆلستۆی هەستا و چەند نوسخەیەکی دەستنووسەکانی هەڵگرت و دوو سێ دەست جلی لە نێو جانتایەکەی هاویشتوو دوکتۆرەکەی لە خەوێ هەستاند کە ماوەیەک بوو لە ماڵی ئەوان نیشتەجێ ببوو پێی گوت کە دەیەوێت ماڵێ بە جێبهێڵێت. ئەلیکساندریاشیان لە خەوێ راست کردەوە و گالیسکەچیەکەیان لە نێو جێگا هێنایە دەرێ و ئەسپەکانیان لە گالیسکەکە خست و لەگەڵ دوکتۆر سواربوون و بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر بەرێکەوتن. سەعات پێنجی بەیانی بوو وێستگە زۆر قەرەباڵغ بوو بۆیە ناچار بوو لەوسەری هۆڵەکە و لەسەر سەکۆیەکی سەر ئاواڵە لەبەر باران و سەرمادا راوەستێ. چوونە شاماردین کە خوشکەکەی لە پەرستگای (کەنیسە)ی ئەوێ راهیبە بوو، ئەلیکساندریاش لەوێ خۆی گەیاندنێ و پێی راگەیاندن کە وەختێک کونتێس هەواڵی رۆیشتنی بیستبۆوە خەریک بوو خۆی بکوژێت.

کۆنتێس ئەو کارەی چەندین جارکردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی بۆ نەدەگیرا مەبەستەکەی خۆی ئاشکرا دەکرد، کارەکەی نەدەبووە کارەسات و تەنیا هەراو هوریا و سەرئێشەی لێدەکەوتەوە. ئەلیکساندرا داوای لێکرد کە ئەگەر هات و دایکی بە شوێنەکەی زانیبێت و بە دوایدا هات درێژە بە سەفەرەکەی بدات و بڕوات. پاشان بەرەو روستۆف بە رێکەوتن. تۆلستۆی سەرمای ببوو و لە دۆخێکی خراپدا بوو. لە نێو شەمەندەفەردا ئەوەندە تێکچووبوو کە دوکتۆر وای بە باش زانی لە یەکەم وێستگە دابەزن. یەکەم وێستگەش دەکەوتە ناوچەیەک بە ناوی (ئاستاپوفۆ-Astapovo). بەڕێوەبەری وێستگەکە کاتێک زانی ئەو پیاوە نەخۆشە کێیە، ماڵەکەی خۆی بۆ چۆڵکرد. رۆژی پاشان بروسکەی بۆ چیرتکۆف کرد و ئەلیکساندریای بە دوای براگەورەکەیدا نارد و تکای لێکرد تا پزیشکێک لە مۆسکۆوە بێنێت. بەڵام تۆلستۆی بە هۆی ئەو جووڵانەوانەی کە بەرپای کردبوون کەسایەتیەکی لەوە گەورەتری هەبوو کە نەناسراوە بێت و لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا پیاوێکی رۆژنامەنووس هەواڵی شوێنی تۆلستۆی دایە کۆنتێس و کۆنتێس لەگەڵ ئەو منداڵانەیان کە لە یاسنایا پولیانا بوون بە پەلە خۆی بەرەو ئاستاپوفۆ کوتا. بەڵام هەتا ئەو کاتە باری تەندروستی تۆلستۆی هێندە خراپ بوو بوو کە ئەوانەی سەرپەرشتیان دەکرد وایان بە باشزانی هەواڵی هاتنی کۆنتێسی پێڕا نەگەیەنن و رێگایان بە کۆنتێس نەدا بچێتە ژوورێ. هەواڵی نەخۆشکەوتنی تۆلستۆی هەموو دنیای خەفەتبارکرد. لەو هەفتەیەدا کە نەخۆشیەکەی درێژەی کێشا، وێستگەی شەمەندەفەر جمەی دەهات لەو خەڵکەی بۆ سەردانی هاتبوون هەر لە نوێنەرانی دەوڵەت و ئەفسەرانی پۆلیسەوە بگرە تا خاوەن پلەوپایە و رۆژنامەنووس و وێنەگر و زۆر خەڵکی تر. ئەو خەڵکانە لەو کابینانەدا بە سەریان دەبرد کە بۆ حەوانەیان لە وێستگەکە ئامادەکرابوون. ئیدارەی تەلگرافیش زۆر بە زەحمەت دەرەقەتی ئەو هەموو بروسکانە دەهات کە خەڵک داوای دەکرد. تۆلستۆی لەوپەڕی ناوبانگدا لە گیانەلاودا بوو. پزیشکی تریش هاتن تاسەرەنجام ژمارەیان گەیشتنە چوار پزیشک. لە زۆربەی کاتەکاندا قسەی دەبزرکاند، بەڵام کە بە هۆش دەهاتەوە بۆ سونیا نیگەران دەبوو چونکە وایدەزانی سونیا هەر لە ماڵێوە بە شوێنەکەی ئەو نازانێ. دەیزانی خەریکە بمرێت، لە تەواوی ژیانیدا لە



مردن ترسابوو، بەڵام ئێستا ئیدی لێی نەدەترسا. دەیگوت: (ئەمە کۆتایی ژیانە و گرنگیش نییە). دۆخی بەرەو خراپی دەچوو، کاتێک وڕێنەی دەکرد، پەیتا پەیتا هاواری دەکرد : (راکەن، راکەن). سەرەنجام رێگەیان بە سونیادا تا بێتە ژوورێ. تۆلستۆی لە هۆشی خۆی چووبوو، سونیا لە سەرچۆکان دانیشت و دەستی ماچکرد. تۆلستۆی ئاخێکی هەڵکێشا، بەڵام وای نیشان نەدا کە بە هاتنی سونیای زانیوە. دوو سێ خولەک پێش کاتژمێر شەشی بەیانی رۆژی حەوتی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٠، تۆلستۆی مرد.

بۆ نووسینی ئەم وتارە سوودم لە کتێبی (ژیانی تۆلستۆی) لە نووسینی ئیلمرمۆد وەرگرتووە و گێڕانەوەکەی ئەوم بۆ (دان پیانانە) باسکراوەکان بە کارهێناوە. مۆد ئەو شانازی و بالادەستەیەی پێ براوە کە تۆلستۆی و بنەماڵەکەی لە نزیکەوە ناسیوە و گێڕانەوەکانی ئەو زۆر سەرنج راکێشن. جێگەی داخە کە ئەو سەبارەت بە خۆی و بیروباوەڕەکانی پتر لەوەی کە خەڵک تامەزرۆیەتی دواوە و ئەمەش بە کارێکی بەجێ لە قەڵەم داوە. هەروەها زۆر خۆم بە قەرزداری بیوگرافی وردو قەناعەت هێنەری پرۆفیسۆر سیمۆنز دەزانم. ئەو زۆر راستی جوان و نایاب دەداتە دەست خوێنەر کە وا پێدەچێ ئیلمرمۆد بە حەز و ویستی خۆی پەڕاندونی.

کتێبەکەی پرۆفیسۆر سیمۆنز هەتا ساڵانێکی دووردرێژ، بە بیوگرافیاکی نموونەی زمانی ئینگلیزی دەمێنێتەوە.

## پەراوێزەکان:

(١) -Sussex- یەکێکە لە هەرێمەکانی باشووری بەریتانیا کە بەسەر دوو بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دابەش بووە.

(٢)- (لیۆن تۆلستۆی) نووسینی ئارنێست جی. سیمۆنز.

# ئۆنۆرێ دۆ بەلزاک و بابە گۆریۆ

هەروەکو لە سەرەتای بەشی تایبەت بە (جەنگ و ئاشتی)دا باسم کرد، بەڕای من لەنێو هەموو ئەو ڕۆماننووسە گەورانەدا کەبە بەرهەمەکانیان گەنجینەی مەعنەوی جیهانیان دەوڵەمەند کردووە، بەلزاک لە هەموویان مەزنترە. چونکە ئەو داهێنانی هەبوو. هەندێک نووسەر هەن کە بەهۆی یەک دوو کتێبەوە ناوبانگیان دەرکردووە، هێندێک جار لەبەرئەوەی لەو هەموو بابەتانەی کە نووسیویانە، تەنیا بەشێکی بایەخی نەمری وەرگرتووە. یان بەهۆی ئەو ئیلهامەوە بووە کە لە ئەزموونێکی تایبەتی وەریگرتووە یانیش دەرەنجامی سروشت و خودی نووسەربووە کە تەنیا بەکەڵک کتێبێکی قەوارە بچووک هاتووە. ئەوجۆرە نووسەرانە ئەوەی لە هەگبەیاندایە بەجارێک هەڵیدەڕێژن و ئەگەر جارێکی دی شت بنووسن، هەمان ئەو قسانەی پێشوو دووبارە دەکەنەوە. (وەبەرهێنان) یەکێکە لە جیاوکە گەورەکانی نووسەرەو (بڕیاری) بەلزاکیش سەرسوڕهێنەربوو. گۆڕەپانی کارکردنی وی هەموو پانتایی سەردەمی خۆی بوو و مەودای بینینیشی بە فراوانی وڵاتەکەی بوو. زانیاری وی دەربارەی مرۆڤەکان بەرفراوان بوو، بەڵام ئەو زانیاریە لە هێندێک بواردا کەمتر بوو لە هێندێک بواری تر. بەلزاک چینی مام ناوەندی کۆمەڵگای وەکو: پزیشکان و پارێزەرو سکرتێرەکان و ڕۆژنامەنووس و دوکاندارو قەشە گوندنشینەکانی چاکتر دەناسی لە دنیای گەورەو کرێکارانی شارو جوتیاران. ئەویش وەکو هەموو ڕۆماننووسانی دی ئەو بابەتانەی کە لەمەڕ مرۆڤە خراپەکان دەینوسین پتر لەسەرکەوتن نزیک بوون تا ئەوانەی کە دەربارەی مرۆڤە چاکەکان دەینووسین. (دید)ی وی، زۆر وردو هێزی ئەفراندنی سەرسوڕهێنەر بوو و ژمارەی ئەو کارەکتەرانەی کە ئەو خوڵقاندونی مرۆڤ سەرسام دەکات، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم کە بەلزاک پیاوێکی سەرنج



ڕاکێش بووبێت. هەروەها زۆر مەسەلەی ئاڵۆزو گەورە لە تایبەتمەندیە روحی و فیکری و ئەخلاقییەکانی ویدا نەبوون وەکو: خاڵی وردو ئاڵۆزو کۆمەڵە شتێکی پێچەوانەی یەکتری و زۆر سەرسوڕهێنەر. لەراستیدا شاراوەکانی دەروونی بەلزاک تا ئەندازەیەک ئاشکرابوون. تەنانەت لەوەش دڵنیا نیم کە مرۆڤێکی ژیر بووبێت. تیۆری و بیروباوەڕەکانی هاکەزایی و رووکەشین. بەڵام هێزی خوڵقاندنی لە رادەبەدەرو وەکو یەکێک لە هێزەکانی سروشت دەچوو، بۆ نموونە وەکو رووبارێکی سەرکێش و خرۆشان وابوو کە سنوری لێوارەکانی خۆی ببەزێنێ و هەرچی بێتە سەر رێگای لەگەڵ خۆیدا رایماڵێ و یان وەکو بایەکی بەهێز کە بەتووڕەییەوە بەسەر دەشتە ئارام و شەقامە قەرەباڵغەکاندا هەڵکات. لێهاتوویی و بەرجەستەیی بەلزاک وەکو وێنەکێشێکی کۆمەڵ، هەرئەوە نەبوو کەوێنەی دیمەنی خەڵک بەگوێرەی پەیوەندیان لەگەڵ یەکتریدا بکێشێت (هەموو ڕۆماننووسەکان ئەوکارە دەکەن جگە لەوانەی چیرۆکی پڕ لە رووداوو سادە دەنووسن) بەڵکو بەتایبەتی دەیتوانی دیمەنی خەڵک لە روانگەی پەیوەندییان بەدنیاوە بکێشێت، ئەو دنیایەی کە تێیدا دەژین. زۆربەی ڕۆماننووسان کۆمەڵە مرۆڤێک بۆ ڕۆمانەکانیان هەڵدەبژێرن کە جاری وایە ژمارەیان لەدوو یان سێ کەس تێناپەڕێت و بەجۆرێکی وا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەن کە دەڵێی ئەو مرۆڤانە لەنێو (چوارچێوەی ئاوێنە)دا ژیان بەسەر دەبەن. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەش کاریگەری بەهێزی لەسەر خوێنەر هەیە، بەڵام بەدبەختانە کاریگەرییەکی دروستکراوە. خەڵک تەنیا لەنێو چوار دیواری بوونی خۆیاندا ژیان بەسەر نابەن: خەڵک لەژیانی خۆیاندا رۆڵی بەرچاو دەبینن، بەڵام ئەو رۆڵە جاری وایە لە ژیانی کەسانی تریشدا گرنگە، گەرچی رەنگە لە هەمان کاتیشدا زۆر بچووک بن. بۆ نموونە کاتێک ئێوە دەچنە دوکانی سەرتاشێک بۆ ئەوەی سەرتان کورت بکەنەوە، ئەوکارە بۆ ئێوە هێندە گرنگ نییە، بەڵام رەنگە ئەوکارەتان خاڵێکی وەرچەرخان بێت لەژیانی ئەو سەرتاشەدا. بەدەرک کردن و دەستنیشانکردنی هەموو چەمکە ئاماژە پێکراوەکانی ئەم خاڵە، بەلزاک توانی لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەکو: ئاڵۆزی و پەرێشانی و ئارمانج و مەبەستە پێچەوانەکانی و لەو (هۆکارە) دوورانە کە (سەلماندن)ی گرنگی وەبەرهێنا، رۆڵێکی زەین زیندوویی و شاگەشکەهێنەر بداتە خوێنەر. من وای بۆ

دەچم کە ئەو یەکەمین رۆماننووس بوو کە پەی بەگرنگی (ئابووری) برد لە ژیانی خەڵکدا. بەلزاک نەک تەنیا هەر دەیگوت پارە سەرچاوەی خراپەکانە، بەڵکو پێشی وابوو کە حەزکردن و تامەزرۆیی بۆ پارە، پاڵنەری سەرەکی کارەکانی مرۆڤە. لەرۆمانەکانی ئەودا بەدەست هێنانی پارەی زیاترو زیاتر شتێکە کە بیروهزری پاڵەوانە یەک لە دوای یەکەکانی داگیرکردووە. ئامانجی وان ئەوەیە کە بەشکۆداری ژیان ببەنە سەرو خانووی چاک و ئەسپی چاک و ژنی جوانیان هەبێت و بەبۆچوونی وان تا گەیشتنیش بەو ئامانجە ئەنجامدانی هەموو کارێک رەوایە. ئەمە ئامانجێکی قێزەونە، بەڵام پێم وا نییە لەم سەردەمەی ئێمەدا کەمتر لەوەی ئەوکات مۆدبووە، باوبێت. ئەگەر بەلزاکتان لە تەمەنی سی و دوو ساڵیدا و لەوکاتەی کە لەکارەکانیدا سەرکەوتووبوو بدیتایە، لەگەڵ پیاوێکی ئاوادا رووبەروو دەبوونەوە: مرۆڤێکی باڵا کورت و تا ئەندازەیەک قەڵەو، چوارشانەو سینگ پان، بەجۆرێک کە باڵای کورتی سەرنجی ئێوەی رانەدەکێشا. ملی بەقەد ملی گایەک و سپیایی گەردنی و سووری دەموچاوی پێچەوانەیان دەنواند. لێوی ئەستوورو سوورو زەردیان لەسەربوو، ئەو سووریەش بەجۆرێک بوو کە بەرچاو دەکەوت. لووتی چوارگۆشەو کونە لووتی فەراح بوون. نێوچاوانی سپی و پان بوو، سەری رەش و پڕبوو. قژی سەری وەکو یاڵی شێر بەپاشە سەریدا شۆڕببوونەوە.. چاوە مەڕئاسا پڕ لە خاڵە زێڕینەکانی، زیندوویی وکێش کردن و روناکی لە رادەبەدەریان تێدابوو. چاوەکانی، راستی دزێوی روخساریان دادەپۆشی. قسەکردنی بێ پەردەو دڵخۆشکەرو هەڵقولاوی رووگەشی و خۆش سروشتی بوو. هێزی بووژاندنەوەی هێندە زۆربوو کە تەنیا ئەوەندە بەس بوو تا لە کنی دانیشن و بەشاگەشکەتان بخات. ئەوجا لە جوانی دەستانی سەرتان سوڕ دەما. بەلزاک زۆر شایی بەدەستەکانی بوو. دەستەکانی وەکو دەستی ئوسقوفێک، بچووک و خرپن و نینۆکی بە رەنگی سوورەگوڵ بوون، ئەگەر سەر لە ئێوارێ تووشی ببوونایە، بەچاکەتێکی شین و قۆپچەی زێڕەوە بەرچاوتان دەکەوت، پانتۆڵێکی رەشی لە پێدابوو و کراس و ئێلەگێکی سپی جوانی لەبەربوو و جووتە گۆرەویەکی ئاوریشمی رەشی نەخشێنراوی لە پێدابوو، پێڵاوەکانی دەبریقانەوە، بەڵام ئەگەر بەرۆژێ چاوتان پێی بکەوتایە سەرتان سوڕدەما، چونکە: چاکەتە کۆنێکی بەنی لەبەردەکرد و کڵاوێکی شڕی



لەسەری دەناو پانتۆڵەکەی تەپوتۆزاوی و پێلاوەکانی پیس بوون. هاوچەرخانی بەلزاک، بەتێکرای دەنگ دەڵێن کە لەو سەردەمەدا بەلزاک زۆر سادەو بێ خەوش بووەو سروشتی منداڵانە هەڵکەوتووەو خولق و خوی خۆش بووە. جۆرج ساند(١) وتوویەتی بەلزاک تاڕادەی تەوازوع دڵسۆزو بێ ریاو هەتا سنووری لاف لێدانی لووت بەرز بوو. متمانەی بەخۆی هەبوو، دلاوابوو، مرۆڤێکی باش و زۆر دەمدەمی بوو، لەکارکردندا توندڕەو و لە حەزەکانی تردا میانەڕۆ بوو. هەم واقیع بین و هەم خەیاڵاوی بوو، خۆش باوەڕو گوماناوی بوو، مەتەڵ ئاساو تایبەتمەندییەکانی پێچەوانەی یەکدی بوون. ناوی راستەقینەی ئەم رۆماننووسە (بالسا – Balssa) بوو و باب و باپیرانی جوتیار بوون. بەڵام باوکی کە پارێزەرێکی ساختەچی بوو و لە دوای شۆڕش ناوی کەوتە نێو ناوان، ناوەکەی خۆی گۆڕی بۆ (بەلزاک). باوکی بەلزاک کچێکی دەوڵەمەندی خواست و لەنێو چوار منداڵەکانیاندا، (ئونوریێ) گەورەترینیان بوو. لە ساڵی (١٧٩٩) لە شاری (تور) هاتە دنیاوە. باوکی ئەوکاتە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شاربوو. دوای ئەوەی کە بەلزاک چەند ساڵێک لە قوتابخانە دەرسی خوێندو دەرکەوت کە قوتابییەکی خراپ و تەمبەڵە چووە خانەی پارێزەران لە پاریس (لەو سەردەمەدا ماڵەکەی گواستبۆوە بۆ پاریس). لە دوای سێ ساڵان کاتێک لە تاقیکردنەوەکان دەرچوو؛ پێشنیاریان بۆ کرد تا پارێزەری بکاتە پیشەی خۆی، بەڵام یاخی بوو چونکە ئەو دەیویست ببێتە نووسەر. شەڕ و ئاژاوەیەکی سەخت و دژوار لەناو خێزاندا هەڵایسا. سەرەنجام دوای دژایەتی کردنێکی بەردەوامی دایکی کە ژنێکی قیرو حیسابگەربوو و بەلزاک قەت خۆشی نەدەویست، باوکی تا ئەو رادەیە چووە ژێربار تا دەرفەتێکی بداتێ بۆ کاری نووسەری. بڕیاردرا کە بە بەراتێکی نەمری و نەژی ماڵی بۆ جیا بکەنەوەو سەربەخۆ بێت و بەختی خۆی تاقی بکاتەوە. یەکەم کار کە بەلزاک کردی ئەوەبوو تراژیدیایەکی دەربارەی (کرامۆێل – Cromwell) نووسی. کاتێک ئونوریێ ئەندامانی خێزانەکەی کۆکردەوەو بۆی خوێندنەوە، هەموو بە یەکدەنگ هاواریانکرد: شتێکی گاڵتەجاڕییە. پاشان ئەو تراژیدیایەی بۆ پرۆفیسۆرێک نارد، بەڵام فتوای پرۆفیسۆر ئەوەبوو کە نووسەر هەرشتێک حەزی لێیەتی با بیکات جگە لەکاری نووسەری. بەلزاک تووڕەو نائومێد بڕیاری دا کە مادام ناتوانێت ببێتە شاعیرێکی

تراژیدی با ببێتە رۆماننووس. پاشان بەهۆی ئەو ئیلهامەی کە لە والتەرسکۆت و ئان رادکلیف و بایرۆن وەریگرتبوو، دووسێ رۆمانی نووسین. بەڵام ئەندامانی خێزانەکەی گەیشتبوونە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو ئەزموونەی بەئاکام نەگەیوەو هەر بۆیەش فەرمانیان پێدا تا لەگەڵ یەکەم (دلیجان)«٢» بگەڕێتەوە. بەلزاکی پیر (باوکی ئونورێ) خانەنشین کرابوو و لەگەڵ خێزانەکەیدا لە لادێیەک بەناوی (ڤیل پاریسیس – Ville parisis) دەژیا کە بەمەودایەکی کەم لە شاری پاریس دووربوو. لەوێ یەکێک لە هاوڕێکانی بەلزاک کە نووسەرێکی بازاڕی بوو سەردانی کردو بەلزاکی هاندا تا رۆمانێکی دی بنووسێت. بەلزاک دەست بەکاربوو بەو شێوەیە رۆمان گەلێکی زۆر دەنووسران کە تەنیا بەمەبەستی نان پەیدا کردن دەهاتنە بازاڕ. بەلزاک ئەو رۆمانانەی بەکۆمەڵێک ناوی خوازراوەوەو بەتەنێ و جاری واشبوو بەهاوکاری کەسانی تر دەنووسین. کەس ژمارەی ئەو کتێبانە نازانێت کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٢١ تا ١٨٢٥ بڵاوی کردنەوە. هێندێک لە ئاگاداربوان رایانگەیاندووە کە ژمارەی ئەو کتێبانە گەیشتۆتە پەنجا بەرگ کە زۆربەیان مێژوویی بوون. لەبەرئەوەی لەوسەردەمەدا (والترسکۆت) لە لوتکەی ناوبانگیدا بوو، بەلزاک رۆمانەکانی خۆی بەجۆرێکی وا دەنووسی کە قازانجی مادی لە سەبکی (خەیاڵ)ی (فانتازتیک – Fantastic) وی بەدەست بێنێت. ئەو رۆمانانە زۆر نەکامڵ بوون بەڵام لەلایەکی ترەوە بۆ بەلزاک بەسوودبوون. بەو مانایەی کە: بەلزاکی فێرکرد تا سەرنجی خوێنەران راکێشێت و پێویستە لە چیرۆکدا رووداوی خێراو یەک لە دوای یەک بخوڵقێنێ. هەروەها فێری ئەوەی کرد کە ئەو بابەتانەی خەڵک بەپلەی یەکەم نرخیان بۆ دادەنێن بریتین لە: خۆشەویستی و سامان و شەرەف و ژیان. ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە. رەنگە خاڵێکی تریش ئەوە بووبێت کە حەزو ئارەزووەکانی خۆی بەگوێیاندا چرپاندبێت، بۆ ئەوەی خەڵک بەرهەمەکانی بخوێننەوە پێویستە گرنگی بدات بە هەستە توندەکان (Passion). هەستە توندەکان ڕەنگە شتێکی کەم و مایە پوچ یان نائاسایی بن، بەڵام ئەگەر زۆر سەرکێش و بەهێز بن ڕەنگە ئاسەواری گەورەیی و شکۆیان تێدا بدۆزرێتەوە. ئەو سەردەمەی کە بەلزاک و ئەندامانی خێزانەکەی لە ڤیل پاریسیس دەژیان، لەگەڵ ژنە دراوسێیەکیان بەناوی (مەدام دوبێرنی) ناسیاوەتی پەیداکرد. ئەو ژنە کچی



مۆسیقازانێکی ئەڵمانی بوو. باوکی لە خزمەت «ماری ئانتوانت»داو بۆ خۆشی یەکێک لە هاودەمانی بوو. مەدام دوبێرنی ئافرەتێکی تەمەن چل و پێنج ساڵان بوو و مێردەکەی کابرایەکی پەککەوتەو بە پرتەوبۆڵە بوو. مەدام هەشت منداڵی لەو پیاوەو یەکێکی تریشی لە کۆنە دۆستێکی خۆی هەبوو. ئەو ئافرەتە بوو بە هاوڕێی بەلزاک و پاشان بوو بە ماشوقەی و تاماوەی چواردە ساڵ کە مرد، هەر بەماشوقەی بەلزاک مایەوە. ئەمە پەیوەندیەکی سەیر بوو، چونکە بەلزاک دڵی چووبووە سەری و ئەو خۆشەویستییەی کە لە بەرامبەر دایکیدا هەستی پێنەکرد بوو، گواستیەوە بۆ ئەو. ئەو ئافرەتە هەر ماشوقەی بەلزاک نەبوو، بەڵکو هاوڕێیەکی دڵسۆزو فیداکاریشی بوو کە بەردەوام ئامۆژگاری و هاندان و هاوکاری و خۆشەویستی بێ چەندو چونی لە خزمەتی بەلزاکدا بوو. بەڵام ئەو مەسەلەیە لەنێو دێدا ڕیسوایی لێکەوتەوە. دیارە کە دایکی بەلزاک ڕازی نەدەبوو کە کوڕەکەی پەیوەندی لەگەڵ ژنێکدا هەبێت کە بە دایکی دەشێت. جگە لەوەش داهاتی کتێبەکانی بەلزاک کەم بوو هەربۆیەش مەدام بەلزاک نیگەرانی ئایندەی کوڕەکەی بوو. ناسیاوێکیان هات و پێشنیاریکرد (ئۆنورێ) کاری بازرگانی بکات، ئەو ڕایە جێی ڕەزامەندی بەلزاکیش بوو. (مەدام دوبێرنی) چل و پێنج هەزار فرانک (نۆ هەزار دۆلار)ی پەیداکرد کە ئەو بڕە پارەیە سێ چوار هێندەی پارەی ئەمڕۆ دەبوو. بەلزاک لەگەڵ دووسێ شەریکدا بوو بە چاپچی و (پیت چن). ئەو بازرگان نەبوو و لە ڕادەبەدەر دەستبڵاو بوو. خەرجە تایبەتیەکانی خۆی وەکو جل درون و پێڵاو و زێڕنگەرو تەنانەت ئوتوشی لەسەر حیسابی دەزگا بازرگانیەکە دەنووسی. لە کۆتایی ساڵی سێهەمدا ئەو دەزگا بازرگانیە ئیفلاسی کردو لەبەر یەک هەڵوەشاو دایکی ناچاربوو بە قەرزو فەرز پەنجا هەزار فرانک پەیدا بکات تا پارەی خاوەن قەرزەکان بداتەوە. بەڵام ئەو ئەزموونە تاڵە، زانیاری تایبەتی زۆری بۆ بەلزاک بەرهەم هێناو ئەو زانستەی کە لە ژیانی کردەییدا فێری بوو لە پاشەڕۆژدا بۆ نووسینی ڕۆمانەکانی بە کەڵکی هاتن. بەلزاک لەدوای ئەو نوشوستیە چووە (بیرتانی) بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا ژیان بەسەرببات و هەرلەوێ کەرستەو کەلوپەلی ڕۆمانێکی بەناوی (Les Chouans) بەدەست هێنا. ئەمە یەکەمین بەرهەمی جدی وی و یەکەم کتێب بوو کە بەناوی ڕاستەقینەی خۆی بڵاوی کردەوە. ئەو وەختە

تەمەنی سی ساڵ بوو. ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە بە هەوڵ و کۆششێکی شێت ئاسا هەتا بیست و یەک ساڵی تر واتە رۆژی مردنی بەردەوام بوو لە نووسین. ژمارەی ئەو کتێبە قەوارە گەورەو بچووکانەی کە نووسیونی سەرسوڕهێنەرە. هەموو ساڵێک یەک دوو ڕۆمانی درێژو دە دوازدە ڕۆمانی کورت و کورتە چیرۆکی دەنووسی. جگە لەمانەش چەندین شانۆنامەی نووسی. هێندێک لەو شانۆنامانە هەرگیز پەسند نەکران و ئەوانەشی کە پەسندکران جگە لە یەکێکیان ئەوانی دی هەموویان رووبەڕووی شکست و ناکامی بوونەوە. بەلزاک بۆ ماوەیەکی کورتیش ڕۆژنامەیەکی دامەزراند کە هەفتەی دووجار دەردەچوو و زۆربەی بابەتەکانیشی بۆ خۆی دەینووسین. بەلزاک هەر شتێکی دیبایە یان بیبیستایە یاداشتی دەکرد. بۆ هەر شوێنێک بچووبایە دەفتەرە بچووکەکەی یاداشتەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبردو هەر کە تووشی شتێک دەبوو کە ڕەنگە بەکەڵکی بێت، یان بۆ خۆی شتێکی بە خەیاڵدا هاتبایە یان بابەتێکی لە کەسێکی ترەوە دەبیست، یەکسەر یاداشتی دەکرد. ئەگەر بۆشی بکرایە دەچووە سەیری نمایشکردنی چیرۆکەکانی خۆی. جاری واش هەبوو بۆ ئەوەی شەقامێک ببینێت یان وەسفی خانووبەرەیەک بکات سەفەری دوورودرێژی دەکرد. پێم وایە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکانی بەلزاکیش وەکو کارەکتەرەکانی زۆربەی ڕۆماننووسان لەسەر ئەو خەڵکانە کۆپی دەکران «زۆربەی ڕۆماننووسان پاڵەوانی کتێبەکانیان لەڕووی شکڵ و شێوەو خەسڵەت و تایبەتمەندیە ئەخلاقییەکانەوە لەشێوەی ئەو خەڵکە دروست دەکرد کە دەیان ناسین یان بۆیان باسکرابوو». کە دەیناسین و پێیان ئاشنابوو. بەڵام کاتێک هێزی (خەیاڵ)ی خۆی لێ بەکار دەخستن، ئەو کارەکتەرانە لە هەموو ڕوویەکەوە دەبوونە دروستکراوی هێزی خەیاڵی خۆی. سەبارەت بەناوەکانیشیان زۆری خۆ زەحمەت دەدا، چونکە پێی وابوو دەبێ ناو لەگەڵ تایبەتمەندیە ڕۆحی و فیکری و ئەخلاقیەکاندا بگونجێت و شیاو بێت و نیشاندەری خاوەن ناوەکە بێت. بەلزاک ئەو دەمەی کاری دەکرد ژیانێکی پوخت و نەختی هەبوو، کەمێک لەدوای نان خواردنی ئێوارێ دەنووست و کاتژمێر یەکی دوای نیوەشەو خزمەتکارەکەی بە خەبەری دەهێنا. ئەویش هەڵدەستاو باڵاپۆشە سپی و خاوێنەکەی لەبەر دەکرد، چونکە پێی وابوو کە دەبێ مرۆڤ لەکاتی کارکردندا جلەکانی پاک و خاوێن بن و نابێ پەڵەیەکیشیان پێوەبێت. پاشان



بەخواردنەوەی چەندین فنجان قاوەی ڕەش و خەست خۆی بۆ کارکردن ئامادە دەکرد، دوای ئەوە لەبەر شۆقی مۆم و بە قەڵەمێک کە لە پەڕی قەلەڕەش دروستکرا بوو دەستی بەنووسین دەکرد. کاتژمێر حەوتی بەیانی دەستی لە ئیش هەڵدەگرت، ئاوێکی بەخۆیدا دەکردو لێی ڕادەکشا. لەنێوان سەعات هەشت و نۆدا بڵاوکەرەوەی کتێبەکانی دەهات و نموونەی هەڵەچنەکانی چاپخانەی بۆ دەهێنا یان نوسخەیەکی دەستنووسی لێوەردەگرت. لەدوای ئەوە دیسان هەتا نیوەڕۆ ئیشی دەکردو ژەمی نیوەڕۆی بەهێلکەی کوڵاو بەڕێ دەکرد. پاشان ئاوی دەخواردەوەو لە قاوە خواردنەوە ڕادەچۆوەو هەتا کاتژمێر شەشی ئێوارێ کاری دەکردو ئەوجا سووکە خواردنێکی لەگەڵ کەمێک شەرابی (ڤورە- Vour-ray) دەخوارد. جاری وابوو دوو سێ هاوڕێیی دەهاتنە سەردانی بەڵام لە دوای دانیشتنێکی کورت لەگەڵیاندا دەچووە نێو جێگاو دەنووست. بەلزاک ئەو نووسەرە نەبوو کە لە دەستپێکی کارەکەیدا بزانێت چی دەنووسێ و چی دەڵێت. بەدارشتنێکی کرچ و کاڵ دەستی بە نووسینی ڕۆمان دەکردو پاشان دووبارە دەینووسیەوەو ڕێکی دەخست. جێگۆڕکێی لە ریزبەندی بەشەکانی کتێبەکەدا دەکردو شتی لێ زیاد دەکردو بابەتەکانی دەگۆڕین و سەرەنجام نوسخەیەک لە دەستنووسەکەی کە تاڕادەیەک خوێندنەوەی ئەستەم بوو دەنارده چاپخانە. دوای ئەوە نموونەی هەڵەچنەکەیان بۆ دەناردەوەو ئەویش وا دەستی تێدەگێڕا وەکو بڵێی نموونەی بەرهەمێکە و تازە دەیەوێت بینووسێ. نەک تەنیا هەر وشە، بەڵکو زۆر ڕستەو پەڕەگراف و بەشیشی لێ زیاد دەکرد. کاتێکیش کە نموونەی هەڵەچنەکەیان بە هەموو ئەو چاکسازیەی کە تێیدا کردبوو بۆ دەناردەوە، کە پیت چنیش کرابوو، هەمدیسان کاری لەسەر دەکردو دەستی تێدەگێڕایەوە. تەنیا بەو جۆرە قەناعەتی دەکرد کە کتێبەکەی چاپ و بڵاوبکرێتەوە بەو مەرجەش کە لە چاپی داهاتوودا بواری ئەوەی بدرێتێ تا گۆڕانکاری تێدابکات. بەڵام ئەو کارە مەسرەفی زۆری تێدەچوو بۆیە بەلزاک بەردەوام لەگەڵ دەزگا بڵاوکەرەوەکاندا شەڕو هەرای بوو. بەسەرهاتی پەیوەندییەکانی وی لەگەڵ سەرنووسەرو دەزگاکانی بڵاوکردنەوەدا دوورو درێژو قێزەون و بێزار کەرن و من تا ئەوەندەی بتوانم هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی بکەم. تەنیا لەبەر ئەوەش ڕوونی دەکەمەوە چونکە کاریگەری لەسەر ژیان و کارکردنی بەلزاک هەبوو. بەلزاک

زۆر پابەند نەبوو بە بنەما ئەخلاقییەکان. بۆ هەر کتێبێک پێشەکی پارەی وەردەگرت و بەڵێنی دەدا کە لە کاتی دیاریکراودا تەواوی دەکاو دەیداتێ. پاش ئەوە چونکە تازە پارەکەی وەرگرتبوو تووشی ڕاڕایی و دوودڵی دەبوو، دەستی لە نووسینی ئەو ڕۆمانە هەڵدەگرت تا ئەو کتێبە یان چیرۆکە تەواو بکات کە پێشتر دەستی بە نووسینی کردبوو تا زوو بیداتە سەرنووسەر یان ئەو دەزگا بڵاوکەرەوەیە کە پێشتر بەڵێنی پێدابوو. هەر لەبەر ئەو بەڵێن شکاندنانەشی بوو کە چەندین جار لە دادگا داوای لەسەر تۆمارکراو ئەو پارەیەی کە دەبوایە وەکو سزا بیدات لەسەر قەرزەکانی دیکەی کەڵەکە دەبوو. ئەو قەرزانەی کە هەر بۆ خۆیان زۆربوون. چونکە: هەر کە سەرکەوتن ڕووی تێکردو دەزگا بڵاوکەرەوەکان بە مەبەستی ئەو کتێبانەی بەڵێنی دابوو بیان نووسێت (جاری واش هەبوو قەت نەیدەنووسین)، ماڵەکەی گواستەوە بۆ باڵاخانەیەکی گەورەو مەسرەفێکی زۆری لە ڕازاندنەوەی کردو دروشکەیەکی تاک ئەسپ و دوو ئەسپی تری کڕین. بەلزاک دەبێ یەکێک بێت لە یەکەمین ئەو کەسانەی کە حەزیان لە ڕازاندنەوەی ناو ماڵەو نێو ژوورەکانی وا دەڕازاندەوە کە وەسفی وی هەر ئەوەندە باس لە شکۆ و گەورەیی دەکات کە لەبەر بێ سەلیقەیی مەیتەرێک و چێشت لێنەرو خزمەتکارێکی لەلای خۆی دامەزراند. جل و بەرگێکی زۆری بۆ خۆی و جلی تایبەتیشی بۆ خزمەتکارەکەی کڕی.

ژمارەیەکی زۆری کاسەو کەوچکی زێروزیو کڕی و ناردنی تا نەخش و نیگاری تایبەتی بنەماڵەیەکی بەرجەستەیان لەسەر بنەخشێنن کە تایبەتیش نەبوو بەخۆی. ئەو نیشانانە تایبەت بوون بە بنەماڵەیەکی کۆن بەناوی بەلزاک. کاتێکیش کە پیتی (دو-de)ی(٣) لەناوەکەی خۆی زیاد کرد، ئەونیشانەی بەخۆیدا کرد بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕ بکەن کە لە پیاوە گەورەو نەجیب زادەکانە. بۆ ئەوەی پارەی ئەو هەموو خەرجیە بدات قەرزی لە خوشک و هاوڕێکانی و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە وەردەگرت و چەندین سەفتەی ئیمزا کرد کە ناچاربوو پەیتا پەیتا ئیمزایان بکاتەوە. قەرزەکانی وی بەردەوام هەڵدەکشان، بەڵام ئەو هەر خەریکی کڕینی شتی گرانبەهابوو وەکو دەوری چینی و کەنتۆر و پارچەی نەخشێنراو و تابلۆو پەیکەرو ئاڵتون بوو. کتێبەکانی ناردبوون تا بەتیماج بەرگ بکرێن و لەو چەند گۆچانەی بەدەستییەوە دەگرتن یەکێکیان زێڕکفت بوو. بۆ هەر داوەت و



میواندارییەک کەلوپەل و ڕازاندنەوەی ژووری نان خواردنی بەتەواوی دەگۆڕی. شیاوی ئاماژەپێکردنیشە کە بەلزاک ئەو دەمەی بەتەنیا بوایە بەشێوەیەکی مام ناوەندی نانی دەخوارد بەڵام ئەگەر خەڵکی تری لەکن بوایە ئیشتیای خواردنی زیادی دەکرد. بڵاوکەرەوەیەکی کتێبەکانی دەڵێت: جارێکیان چاوم لێبوو سەد سەدەف و دوازدە شفتەو مراویەک و جووتەکەوێک و حەڵوایەکی ماسی و دوازدە هەرمێ و چەندین پارچە شیرینی خوارد. بۆیە شتێکی چاوەڕوان کراوە کە بەرەبەرە قەڵەو دەبوو و ورگی دەکرد. ناوە ناوەش کە خاوەن قەرزەکان گوشاریان بۆ دێنا زۆربەی ئەو کەلوپەلە گرانبەهایەنە دەبوونە بارمتەو دەلاڵ دەهاتن و کۆیان دەکردنەوەو لە مەیدانی هەراجی دەیانفرۆشتن. هیچ شتێک نەیدەتوانی چارەسەری ئەو کەموکوڕی و دەستبڵاویەی بکات و هەتا کۆتایی تەمەنی بەو زێدە مەسرەفیە گەمژانەیەی خەریکی کڕینی شتومەک بوو. بەلزاک قەرزکەرێکی بێ شەرم بوو، بەڵام ئەو دەستخۆشانەو ستایشکردنەی کە بلیمەتی وی ورووژاندبوو هێندە زۆربوو کە بەدەگمەن بەخشش و پیاوەتی دۆست و هاوڕێیانی دەرهەق بەوی دادەچۆڕا. بەگشتی ئافرەتان لەو جۆرە مرۆڤانە نین کە بە مەیل و ڕەغبەتی خۆیان پارە بە قەرز بدەن، بەڵام واپێدەچێت کە بەلزاک لەم ڕووەوە دەستەمۆی کردبووبن. ئەو هەر بەڕاستی بێ نەزاکەت بوو و هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە بیسەلمێنێ کە بەلزاک سەبارەت بە قەرز وەرگرتن لە ئافرەتان تووشی دوو دڵی و نارەحەتی ویژدان بووبێت. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە بۆ ئەوەی بەلزاک لەو ئیفلاسیە ڕزگاری ببێت کە دوچاری بوو، دایکی ئەو سامانە بچووکەی خۆی بە باداو ئەو کەلوپەل و ناوماڵەش کە ڕەگەڵ کچەی خست بۆ ماڵی مێردەکەی هێندەی دی پەرپوتی کردو سەرەنجام لە هەموو ئەو سامانەی کە بۆی مایەوە تەنیا یەک خانوو بوو کە بەکرێی دەدا. لە کۆتاییشدا ئەو ڕۆژەهات کە ئەو دایکە هێندە خۆی بەدەستکورتی دیت ناچار نامەیەکی بۆ کوڕەکەی نوسی (ئاندرێ بیل- Andre Billy) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (ژیاننامەی بەلزاک) ئەو نامەیەی گونجاندووەو لێرەدا من وەری دەگێرم: (دوایین نامە کە لە تۆوە پێم گەیشت لە مانگی نۆڤەمبەری (تشرینی دووەم) (١٨٣٤)بوو. لەو نامەیەدا ڕەزامەندیت دەربڕیبوو کە لە سەرەتای مانگی ئەپریل (نیسان)ی (١٨٣٥)ەوە بە مەبەستی یارمەتی دانم بۆ کرێ خانوو و کارەکەرەکەم،

هەرسێ مانگ جارێک بڕی دووسەد فرانکم بۆ بنێری. تۆ دەزانی بەو هەژاری و لێقەومایەوە ناتوانم بژیم. تۆ ناوی خۆت پتر لەوە بەرجەستەو بەناوبانگ کردووەو خۆشگوزەرانی خۆت لەوەزیاتر بەدیار خستووە کە جیاوازی دۆخی ژیانی من و تۆ، بێزارکەرو ئازاردەر بێت. من پێم وایە ئەو بەڵێنەی کە بە منتدا قەرزێک بوو کە چوویتە ژێربارییەوە. ئێستا نیسانی (١٨٣٥)ەو مانای وایە کە تۆ قەرزی دوو ساڵی منت لەسەرە. لەو هەزارو شەش سەد فرانکەش تۆ لە مانگی دیسەمبەری (ئەیلول)ی ڕابردوودا پێنج سەد فرانکت دامێ بەجۆرێکی وا کە سەدەقەت لەخۆت گرتبێ. ئۆنورێ، دوو ساڵە کە ژیانی من بۆتە مۆتەکەیەکی بەردەوام و مەسرەفم گرانە. من گومانم لەوەدا نییە کە تۆ نەتتوانیوە یارمەتیم بدەی، بەڵام دەرەنجام ئەوەیە کە ئەو بڕە پارەیەی بۆ خانووەکەم قەرز کردووە نرخی خانووەکەی دابەزاندووەو ئێستا ئیدی ناتوانم قەرزی لەو بابەتە وەرگرم و هەر شتێکی بەنرخیشم هەبوو بە بارمتە دامناوە. لە کۆتایشدا کەوتوومە بارودۆخێکەوە کە ناچارم پێت بڵێم: «کوڕم بەخێوم بکە» ، بەڵام ئۆنورێ، ئەو دۆخە ناشێت هەروا درێژەی هەبێت. من دەبینم کە تۆ دەستت دەڕوات گەشتی دوورودرێژو جۆراوجۆرو گران بکەی، گران لەڕووی پارەو ئابڕووەوە. چونکە وەختێک لەو گەشتانەت دەگەڕێیەوە، ئابڕووی خۆت بێ بەزەییانە بەباداوە، چونکە نەتتوانیوە ئەو بەڵێنانە بەجێ بگەیەنێ کە لە مۆرکردنی بۆندەکانتدا داوتن. کاتێک کە بیر لەو هەموو شتانە دەکەمەوە دڵشکاو دەبم. کوڕم، هەروەکو چۆن دەتوانی... ماشوقان (گراو) بگری و گۆچانی زێڕکفت بەدەستەوە بگری و ئەنگوستیلەی زیو لە پەنجەت بکەی و قەنەفەو دەفری زیو و کەل و پەلی تر بکڕی، دایکیشت دەتوانێت بەبێ بەزاندنی سنووری ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، تکات لێبکات کە بەڵێنەکەت بەجێ بگەیەنێ، دایکت هەتا دواهەناسە خۆی ڕاگرت و ئەم داوایەی نەکرد، بەڵام ئیدی کاتی ئەوە هاتووە...) بەلزاک بەم شێوەیە وەڵامی دایکی دایەوە: (پێم وایە کەوا باشتر بوو بهاتبایە بۆ پاریس و سەعاتێک قسەت لەگەڵدا کردبام) دەربارەی ئەم مەسەلەیە دەبێ بڵێم چی؟. نووسەری ژیاننامەی بەلزاک دەڵێت چونکە بلیمەتی مافی تایبەتی خۆی هەیە، نابێ بنەما ئەخلاقیەکانی بەلزاک بە پێوەری ئاسایی بپێورێن. ئەمەیان ئیدی پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە. من وای بۆ دەچم باشتر



وایە ئەوە قبووڵ بکەین کە بەلزاک زۆر بێ شەرمانە خۆپەرست بوو و تووڕەهات و زۆر کەم شەرافەت بوو. باشترین پاکانەو بیانوو کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ بێ بەندوباری بەلزاک دایتاشێت ئەوەیە کە ئەو بەدڵخۆشی و گەشبینی خۆی، هەمیشە بەوپەڕی بڕواوە پێی وابوو کە لەڕێگای نووسینەکانیەوە بڕە پارەیەکی زۆر بەدەست دێنێت (لەو سەردەمەدا زۆری پارە وەچنگ دەکەوت)و لەو بیرۆکە یەک لەدوای یەکانەی کە خۆیان دەخزێنە نێو خەیاڵ و مێشکە وەبەر هێنەرەکەی، پارەی ئەفسانەیی و خەیاڵی دێتە دەست. بەڵام هەرکاتێک یەکێک لەو هێزە خەیاڵیانەی خۆی دێنایە گۆڕەپانی کردەوە، دەرەنجامەکەی کەڵەکەبوونی قەرزەکانی بوو. ئەگەر بەلزاک مرۆڤێکی میانەڕۆو پیاوی ژیان و دەست پێوەگرتوو بوایە، قەت نەیدەتوانی ببێتە ئەو نووسەرەی ئێستا. ئەو مرۆڤێکی خۆدەرخەر بوو، ڕازاوەیی دەپەرست و نەیدەتوانی پارە خەرج نەکات. وەکو سەگی پێ سوتاو کاری دەکرد تا بەڵێنەکانی بەجێ بگەیەنێت. بەڵام بەدبەختانە بەرلەوەی قەرزە بەپەلەکانی بداتەوە، قەرزی نوێی وەرگرتبوو. پێویستە ئاماژ بەو ڕاستیە بکرێت کە: بەلزاک تەنیا لەژێر گوشاری قەرزداریدا دەیتوانی شت بنووسێت، چونکە ئەگەر ئەو گوشارە هەبوایە، ئەوەندە ئیشی دەکرد تاپیرەڵۆک دەبوو و ڕەنگی دەبزڕکا. هەر لەو سەروبەندەشدا بوو کە یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکانی خۆی نووسی. بەڵام کاتێک کە بەڕێکەوت و موعجیزە ئاسا، لە تەنگانەیەکی گیان پروکێن دابوو، ئەو کاتانەی کە دەڵاڵەکان تەنگەتاویان دەکردو سەرنووسەرو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لە دادگا سکاڵایان لە دژی تۆمار دەکرد، هێزی ئەفراندنی لەناو دەچوو و نەیدەتوانی قەڵەم لەسەر کاغەز بگێڕێت. سەرکەوتوویی بەلزاک لە ئەدەبدا، هەروەکو تایبەتمەندیەکی سەرکەوتووە، زۆر هاوڕێی نوێشی بۆ پەیداکردو هێزی بووژاندنەوەو خوڵق و خوی خۆشی بووە هۆی ئەوەی کە جگە لە شوێنە تایبەتییەکان، لە هەموو هۆڵەکانی تری پێشوازیدا بەڕوویکی گەشەوە بەخێر هاتنی بکرێت. یەکێک لەو خانمە خاوەن پلەو کەسایەتیانەی کە شەیدای ناوبانگی بەلزاک ببوو، (مارگیز دۆ کاستریی- Marguise de castries) بوو کە کچی دۆکێک(٤) و خوشکەزای دۆکێکی تر بوو کە لە نەوە نزیکەکانی (جیمزی دووەم)ی پاشای ئینگلیز بوون. ئەو خانمە، بەناوی خوازراوەوە نامەی بۆ بەلزاک نووسی و ئەویش وەڵامی دایەوە.

مارگیز دووباره نامەی بۆ نووسیەوەو خۆی لێ ئاشکراکرد. بەلزاک سەردانی کردو بەرە بەرە بوونە هاوڕێی دڵسۆزی یەکتری و هێندەی نەبرد کە بەلزاک هەموو ڕۆژێک دەچووە سەردانی. مارگیز دۆکاستریی ئافرەتێکی ڕەنگ بزرکاو و سورفل بوو، دەتگوت گوڵە. بەلزاک عاشقی بوو، مارگیز هەرچەندە ڕێگەی پێ دەدا تا دەستە ئەشرافییەکانی ماچ بکات، بەڵام لە بەرامبەر زێدەڕۆیەکانی تریدا بەرگری دەنواند. بەلزاک بۆنی لە خۆی دەداو هەموو ڕۆژێک دەستەوانەی زەردو نوێی لە دەستان دەکردن، بەڵام ئەو کارانەی هیچ شتێکیان وەچەنگ نەخست. وردە وردە بێ تاقەت بوو و ئەو بڕوایەی لا دروست بوو کە مارگیز یاری پێدەکات. مەسەلەکەش ئاشکرایە: ئەو خاتوونە دەیویست ستایشگەری بێت نەک ماشوقەی. گومانیش لەوەدا نییە کە حەزی دەکرد پیاوێکی گەنجی هۆشمەندو بەناوبانگ لە بەرامبەریدا چۆک دادات. بەڵام بە هیچ جۆرێک نەیدەویست ببێتە هاوسەرینی. قەیران لە شاری جنێف سەری هەڵدا. مارگیز لەگەڵ بەلزاک و (دوک فیتر جێمیز The DUKe of Fitz James)ی خاڵی کە لەو گەشتەدا یاوەری بوون، لەسەر ڕێگایان بەرەو ئیتالیا لە جنێف لایاندا. هیچ کەس بەڕوونی نازانێ چ شتێک ڕوویدا، بەلزاک و مارگیز بۆ پیاسەکردن چوونە دەری شارو بەلزاک بەدەم گریانەوە گەڕایەوە. ڕەنگە بتوانرێت وا مەزەندە بکرێت کە بەلزاک هێندێک داوای یەکلاکەرەوەی لە مارگیز کردبێت و ئەویش بە جۆرێکی وا وەڵامی دابێتەوە کە بەسەختی دڵی شکابێت. بەلزاک خەفەتبارو تووڕە، لەکاتێکدا کەوای هەست دەکرد بەشێوازێکی دزێو پێیان رابواردووە، گەڕایەوە بۆ پاریس. بەڵام ئەو ڕۆمان نووسێکی هێندە بێ نرخ و بێ بایەخ نەبوو، هەر ئەزموونێک کە وەریدەگرت گەرچی لە سوکایەتی پێکردنیشی بوایە، سوودی لێوەردەگرت. هەر بۆیەش لە داهاتوودا مارگیز دۆ کاستری لە ڕۆمانەکانی بەلزاکدا بوو بە نموونە (مۆدێل)ی رابواردنی بێ هەست و سۆزانەی کەسایەتیە خاوەن پلە بەرزەکانی کۆمەڵگا. ئەو سەردەمەی کە بەلزاک بێهوودە ئەو خانمە خاوەن کەسایەتیەی گەمارۆ دابوو، دەیان نامەی عاشقانەی بە ئیمزای (نەناسراوەوە) بۆ هات. نامەی دووەم کە بەهەمان شێوە واژۆ کرابوو، لەدوای تێکچوونی نێوانیان گەیشت. بەلزاک ئەم ئاگاداریەی لەو تەنیا ڕۆژنامە فەڕەنسیەدا بڵاوکردەوە کە مۆڵەت درابوو بچێتە نێو روسیا: (ئەو نامەیەی کە بۆ موسیۆ دۆ«ب»



نووسرابوو بەدەستی گەیشت. ئەمڕۆش تەنیا لەڕێگای ئەم ڕۆژنامەیەوە توانی هەواڵی گەیشتنی نامەکە رابگەیەنێت و زۆر بەداخەوەیە کە نازانێ وەڵامە بۆ کوێ بنێرێت). نووسەری نامەکە خانمێکی خاوەن کەسایەتی و نەجیب زادەو زۆر دەوڵەمەندی پۆڵۆنیا بوو بەناوی (ئێڤێلێن هانسکا). ئەو خانمە بەڕێزە تەمەنی سی و دوو ساڵ و بەمێرد بوو، بەڵام مێردەکەی زۆر لە خۆی بەتەمەنتر بوو. پێنج منداڵی ببوون بەڵام تەنیا یەکێکیان زیندوو بوو ئەویش کچێک بوو. ئاگاداریەکەی بەلزاکی خوێندەوەو بەرنامەیەکی وای دانا کە ئەگەر بەلزاک نامەی بۆ نووسی لە ئۆدساو لە ڕێگای کتێب فرۆشێکەوە پێ بگات. پاشان نامەگۆڕینەوە دەستی پێکردو بەم شێوەیە ئەوینی گەورەی بەلزاک سەری هەڵدا. ئەو نامانەی لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ دەکران ڕۆژبەرۆژ خۆمانەترو بەسۆزتر دەبوون. بەلزاک لەسەر شێوەی تاڕادەیەک زیادەڕەوانەی ئەو سەردەمە، دڵی خۆی وا خستە سەردەست بۆ ئەوەی بەزەیی و هاودەردی ئەو خانمە بورووژێنێت. ئێڤێلین هەستیارو لەو ژیانە یەک بابەتیە خێزانیەی بێزاربوو کە لە قەڵایەکی گەورەی ئەشرافیانەدا بەسەری دەبرد. ئەو قەڵایە دەکەوتە نێوەڕاستی دەشتێکی گەورەی دوو هەزار دۆنمی لە ئۆکرانیا. ئەو خاتوونە ستایشی بەلزاکی وەکو نووسەر دەکردو وەکو پیاوێکیش خۆشی دەویست. لەدوای یەک دووساڵ نامەگۆڕینەوە، مەدام هانسکا بەیاوەری مێردەکەی و (کە نەخۆشبوو) کچەکەی و مامۆستا تایبەتیەکەی و جەڵەبێک کارەکەرو خزمەتکار چو بۆ شاری (نیو فشاتێل- Neu Fchatel) لە سویسرا و بەلزاکیش لەسەر بانگهێشتی وی چووە ئەوێ. سەبارەت بە یەکەم دیدارو چاوپێکەوتنی بەلزاک و مادا هانسکا گێڕانەوەیەکی (ڕۆمانسیانە) لەبەردەست دایە کە ڕەنگە زۆریش ڕاست نەبێت. بەلزاک لە یەکێک لە باخچە گشتییەکاندا پیاسەی دەکردو لە پڕ چاوی بە ئافرەتێک کەوت. کە لەسەر کورسیەک دانیشتووەو خەریکی کتێب خوێندنەوەیە. ئەو خانمە دەستەسڕەکەی فڕێ دایە سەرزەوی و کاتێک بەلزاک بۆی هەڵگرتەوە تا بیداتەوە، کە سەرنجی‌دا بینی ئەو کتێبەی کە ئەو دەیخوێنێتەوە یەکێکە لەو کتێبانەی کە بەرهەمی ئەوە. کاتێک لەگەڵ ئەو خانمەدا دەرگای قسەکردنی کردەوە بینی کە ئەو خانمە هەمان ئەو کەسەیە کە ئەو بۆ چاوپێکەوتنی هاتووە. لەو سەردەمەدا ئێڤێلین ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بوو و بەڕادەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش

بوو. گەرچی چاوی کەمێک سوورابوون بەڵام جوان بوون، قژی جوان و دەمی دڵفرێن بوو. ڕەنگە کاتێک کە بۆ یەکەمجار ئەو پیاوە سوورە چوارشانەی دیتبێت کە سەروسەکوتی لە قەسابان دەچوو و نامەی هێندە شاعیرانە و هەست بزوێنی بۆ نوسیوون، کەمێک داچڵەکابێت. بەڵام ئەگەر واش بووبێت، شۆقی چاوە زێڕینەکانی بەلزاک و ئەو هێزە بوژێنەرەوە زۆرەی وی، ئێڤێلینی ناچار کردووە کە ئەو داچڵەکینە ڕۆحیە فەرامۆش بکات و هێندەی پێنەچوو کە ئەو خانمە بوو بە ماشوقەی. لەدوای دووسێ هەفتە بەلزاک ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ پاریس. بەپێی ئەو بەرنامەو بەڵێنەلێک جیابوونەوە کە لە سەرەتای زستاندا لە جنێف دووبارە یەکدی ببیننەوە. بەلزاک بۆ جەژنی لە دایکبوون (زاییینی) چوو بۆ جنێف و شەش هەفتە لەوێ مایەوەو لەو ماوەیەشدا ڕۆمانی (دوشێس دۆلانژە– La Duchesse de Langeais)ی نووسی و تێیدا سەبارەت بە سوکایەتی پێکردنەکەی، تۆڵەی لە مەدام دۆ کاستری کردەوە. لەدوای گەڕانەوەی بۆ پاریس بەلزاک لەگەڵ ئافرەتێکدا ئاشنابوو بەناوی (کۆنتێس گیدۆبۆنی ڤیسکۆنتی– Guidoboni Visconti Countess). ئەو ژنە سورفلە چاوشینە ئینگلیزە هەوەسبازو وروژێنەر بوو و بەئاشکرا خیانەتی بە مێردەکەی دەکرد. بەلزاک یەکسەر عاشقی بوو و کۆنتێس بوو بە (هاوسەرینی). بەڵام ڕۆمانسییەکانی ئەو سەردەمە کارە دڵدارییەکانی خۆیان بە جۆرێکی وا ئەنجام دەدا کە دەتوت لە ڕۆژنامەیەکی (پڕ لە وێنەو دووروودرێژ)دا. بە چاپ گەیشتووە. هەر بۆیەش زۆری پێنەچوو کە مەدام هانسکا (ئەو کاتە لە ڤیەنا بوو) گوێ بیست بوو کە خۆشەویستەکەی بێ ئەمەکە. نامەیەکی توندی بۆ بەلزاک نووسی کە پڕ بوو لەسەر کۆنەکردن و پێی ڕاگەیاند کە دەخوازێت بگەڕێتەوە بۆ ئۆکرانیا. ئەمەش گورزێک بوو کەسرەواندیە بەلزاک. چونکە بەلزاک وای دانابوو کە لە پاش مردنی مێردی مەدام هانسکا (ئەو پێشهاتەی کە بەڕای خۆی زۆری نەمابوو) دەخوازێت و دەستی دەگاتە سامانە زۆرەکەی. دوو هەزار فرانکی قەرزکردو بەپەلە خۆی گەیاندە ڤیەننا تا خاتوو (ئێڤێلین) ئاشت بکاتەوە. بەلزاک بەناوی (مارکی دۆ بەلزاک)و بەو نیشانە خێزانییە قەڵبانەی کە بەخۆی خستبوون و لەگەڵ خزمەتکارێکدا گەشتەکەی خۆی دەستپێکرد، ئەمەش مەسرەفی گەشتەکەی زیادکرد. چونکە وەکو پیاوێکی ناودارو خاوەن کەسایەتی



لێی نەدەوەشایەوە دەم بەدەمێنە لەگەڵ خاوەن میوانخانەکاندا بکات و ناچاربوو بەپێی ئەو ناوە گەورەیەی کە بەخۆیەوە لکاندبوو پارەی میوانخانەو شاگردەکان بدات. لەکاتێکدا کە خاوەنی فلسێک نەبوو گەیشتە ڤیەننا. مەدام هانسکا لە جاران زیاتر سەرکۆنەی کردو بەلزاکیش ناچاربوو دەست بکات بە درۆو دەلەسەو پاساو هێنانەوە بۆ ئەوەی گومان لە دڵی خاتوو هانسکا بڕەوێنێتەوە. لەدوای دوو هەفتە خاتوو ئێڤێلین گەڕایەوە بۆ ئۆکرانیا و ئیدی هەتا هەشت ساڵان یەکتریان نەدیتەوە. بەلزاکیش گەڕایەوە بۆ پاریس و سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خاتوو کۆنتێس گیدۆ بۆنیدا گرێ دایەوە. لەپێناو ئەو ژنەدا لە جاران زیاتر دەستیکردەوە بەزێدە مەسرەفی و دیسان خاوەن قەرزەکان وەگیروگازیان هێنایەوەو کۆنتێسیش ناچار بوو پارەیەکی زۆر بدات تا نەهێڵێت زیندانی بکرێت. لەوە بەدواوە ناوەناوە کە باری مادی بەرەو خراپی دەچوو، کۆنتێس بەفریای دەکەوت. لە ساڵی (١٨٣٦) مەدام دۆ بێرنی ماشوقەی یەکەمی مردو مەرگی وی کۆسپێکی گەورەی لەسەر دڵی بەلزاک دانا. بەلزاک دەربارەی مەدام دۆ بێرنی گوتی: (ئەو تەنیا ئافرەتێک بوو لە ژیانمدا کە خۆشم دەویست). بەڵام خەڵکی تر گوتویانە: (مەدام دۆ بێرنی تەنیا ئافرەتێک بوو کە بەلزاکی خۆشدەویست). لە هەمان ساڵدا کۆنتێس مۆبۆر پێی ڕاگەیاند کەسکی لەو پڕبووە. کاتێک منداڵەکە لە دایکبوو، مێردی کۆنتێس کە پیاوێکی پشوو درێژو بارقوول بوو گوتی: (بەخوا چاک بوو دەمزانی کۆنتێس حەزی لە منداڵێکی ڕەشتاڵەیە ئەوە پێی گەیشت). جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم کە ئەم ڕۆمان نووسە گەورەیە (بەلزاک)، لەمیانی ژیانی ئەڤیندانەی خۆیداو لە ماشوقە جۆراو جۆرەکانی، سێ کچ و کوڕێکی هەبوو. واپێدەچێ کە بەلزاک بەجۆرێکی سەیر سۆزی کەم بووبێت بەرامبەر بەو منداڵانەی. لەڕووداوە ئەڤیندارییەکانی تری ئەو، من تەنیا ئاماژە بە یەکێکی تریان دەکەم، چونکە ئەمەشیان وەکو پەیوەندیەکانی دیکەی بەنامەیەکی دڵداری دەستی پێکرد کە پەیوەندی بەبێوەژنێکە بەناوی (هێلێن دۆ ڤالێت– Helene de Valette). شتێکی سەیرە کە لە پێنج ڕووداوی خۆشەویستیدا سێیان بەمجۆرە دەستی پێکردووە. ڕەنگە هۆی ئەوەی کە ئەم دڵداریانەی بەلزاک ڕەزامەندی بەخش نەبوون ئەوە بێت کە ئەودەمەی ژنێک لەبەر ناوبانگەکەی دڵی بە پیاوێکەوە دەنیشێت هێندە دڵی بەو شانازی و پێگەیە خۆشبێت کە

لە سۆنگەی ئەو پێوەندیەوە دەستی دەکەوێت، کە ئیدی ئامادەیی بۆ ئەو شتە پیرۆزە تێدا نەبێت کەپێی دەڵێن بێ مەبەستی و چاونەبڕین و خۆشەویستی ڕاستەقینەی وەبەرهێناوە. ژنێکی لەو بابەتە خۆ دەرخەرێکی بەسەهو چووە کە هەلێک دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی غەریزەی خۆی ڕازی بکات. بەسەر هاتی دڵداری بەلزاک و هێلێن زۆری درێژە نەکێشاو پێدەچێت لە میانەی مشت و مڕێکدا کە لەسەر دە هەزار فڕانک بوو کۆتایی پێهاتبێت. ئەو پارەیەش بەلزاک لە هێلێنی قەرزکردبوو. سەرەنجام ئەوڕۆژە هات کە لەمێژ بوو بەلزاک چاوەڕوانی دەکرد. لە ساڵی (١٨٤٢)دا موسیۆ هانسکا (مێردی خاتوو ئێڤێلێن) مردو بەلزاک خەریک بوو بەئاواتەکانی بگات و دەوڵەمەند ببێت. لە کۆتایشدا گەرەکی بوو قەرزە زۆرو کەمەکانی لە کۆڵ بنەوە. بەڵام ئەو نامەی کە تێیدا (ئێڤێلێن) هەواڵی مردنی مێردەکەی ڕاگەیاندبوو، نامەیەکی دیکەی بەدواوە بوو. لە نامەی دووەمدا ئێڤێلێن پێی ڕاگەیاند بوو کە ڕازی نییە مێردی پێبکات. چونکە ئەو ژنە نەیدەتوانی چاوپۆشی لە بێ ئەمەکی و دەستبڵاوی و ئەو هەموو قەرزانەی بەلزاک بکات. خاتوو ئێڤێلێن لە ڤیەننا پێی گوتبوو کە: هەتا دڵی تۆم هەبێت، چاوەڕێی ئەوە ناکەم جەستەی تۆ سەبارەت بەمن وەفاداربێت. ئێ خۆ ئێڤێلێن هەمیشە ئەمەی لەبەر دەستدابوو. بەلزاک لەو بێ ویژدانیەی ئێڤێلێن زۆر دڵی ڕەنجاو نائومێد بوو. بەڵام پاشان گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە دەتوانێت لەرێگای سەردان و گفتوگۆ کردنەوە دووبارە دڵی مەدام هانسکا بەدەست بێنێتەوە. هەر بەم مەبەستەش لەدوای ناردنی نامەیەکی زۆرو سەرەڕای بێ مەیلی خاتوو ئێڤێلێن چوو بۆ سان پترسبۆرگ کە لەو کاتەدا خاتوو ئێڤێلێن لەوێ بوو. مەزەندەکەی ڕاست دەرچوو، هەردووکیان قەڵەو و تەمەن مام ناوەندی بوون. ئەو لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا بوو و خاتوونیش چل و دوو ساڵان بوو. بەڵام وادیارە ئەودەمەی کە خاتوو هانسکا لەگەڵ بەلزاکدا بووە نەیتوانیوە هیچی لێبگرێتەوە چونکە دووبارە بوونەوە ئاشقەو ماشقەی جاران و دووبارە مەدام هانسکا بەڵێنی پێدایەوە کەشووی پێدەکات. بەڵام حەوت ساڵی خایاند تا ئەو بەڵێنەی بەجێ گەیاند. بیوگرافی نووسانی بەلزاک سەریان لەوە سوڕمابوو کە بۆچی ئێڤێلێن ئەوەندە دەستاو دەستی کرد. بەڵام بەدڵنیاییەوە هۆکارەکانی ئاشکران. مەدام هانسکا ژنێکی خاوەن کەسایەتی بوو و شانازی بەرەچەڵەکی خۆی دەکردو ئەگەری ئەوەش



هەیە کە جیاوازییەکی زۆری کردبێت لەنێوان بوونی بە (هاوسەرینی) نوسەرێکی بەناوبانگ و ژنی لاوێکی تازە پێ گەیشتووی ئاسایی (ڕەشۆکی). بەدڵنیاییەوە بنەماڵەکەشی هەتا ئەو جێیەی لە توانایاندا بوایە لە شووکردنێکی وابێ بایەخ پاشگەزیان کردۆتەوە. ئێڤێلێن کچێکی عازەبی هەبوو کە ئەرکی سەرشانی بوو بەپێی پلەوپێگەی کۆمەڵایەتی خۆی دایمەزرێنێ. بەلزاک کابرایەکی یەکجار زۆر دەستبڵاو بوو، دیارە مەدام هانسکاش لەوە ترساوە کە پارەو پوولەکەی بەفیڕۆ بدات چونکە بەلزاک بەردەوام داوای پارەی لێدەکردو بەپارەی کەمیش ڕازی نەدەبوو و هەردووک دەستی لە هەگبەی خاتوو هانسکا ڕۆدەکرد. ئەو خاتوونە زۆر دەوڵەمەند بوو و دەستبڵاویش بوو. بەڵام ئاشکرایە کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەوەی کە تۆ پارە لەپێناو خۆشی خۆتدا فڕێ بدەی یان بیدەیە کەسێکی ترو ئەو کارە بۆ خۆشی خۆی بکات. ئەوە زۆر جێی سەرسوڕمان نییە کە بۆچی ئێڤێلێن ئەوەندە خۆی ڕاگرت تا مێرد بە بەلزاک بکات، بەڵکو سەیرەکە لەوەدایە کە چ شتێک وای لێکرد مێردی پێبکات. لەمەودای نێوان ئەو حەوت ساڵانەدا ناوە ناوە یەکتریان دەدیت و لە ئەنجامی یەکێک لەو دیدارانە، ئێڤێلێن سکی پڕ بوو. بەلزاک زۆر خۆشحاڵبوو و پێی وابوو کە سەرەنجام سەرکەوتنی مسۆگەر بووەو داوای لە ئێڤێلێن کرد یەکسەر شووی پێبکات. بەڵام چونکە ئەو حەزی نەدەکرد ناچار بەو کارە بکرێت بۆی نووسی کە لەدوای ئەوەی منداڵەکەی دەبێت نیازی وایە بگەڕێتەوە بۆ ئۆکرانیاو دەست بە خەرجییەکانیەوە بگرێت ئەوجا مێردی پێدەکات. منداڵەکە بەمردوویی لە دایکبوو، ئەم ڕووداوەش لە ساڵی ١٨٤٥ یان ١٨٤٦ دابوو. مەدام هانسکا ساڵی ١٨٥٠ مێردی پێکرد. بەلزاک ئەو زستانە لە ئۆکرانیا بوو و ڕێو ڕەسمی زەماوەندە کەشیان هەر لەوێ بەڕێوەچوو. بۆچی سەرەنجام ئێڤێلێن ڕازی بوو؟ لە کۆتایشدا کاری دوورودرێژو دژوار ژێرخانی بەهێزی بەلزاکی لەناو بردو تەندروستی بەرەو خراپی ڕۆیی. لەو زستاندا نەخۆشییەکی گرانی گرت و هەرچەندە پاشان بوژایەوە بەڵام واپێدەچوو کە زۆری نەماوە بمرێت. ڕەنگە هۆی ئەو شووکردنەی ئێڤێلێن ئەوەبوو بێت کەپێی وابووە سەرەڕای ئەو هەموو بێ ئەمەکییەی بەڵام بەردەوام خۆشی ویستووەو ئەویش لە گیانەڵاودا بەزەیی پێداهاتۆتەوەو مێردی پێکردووە. یان لەوانەیە ئەو قەشەیەی کە هەمیشە ئێڤێلێن دەچووە

لای و رازی دڵی خۆی بۆ هەڵدەڕشت (چونکە ژنێکی پابەند بوو بە ئایین) جەختی لێکردبێت کە خەریکی ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی ژیانی بێت. هەر چۆنێک بوو مێردی بە بەلزاک کردو پێکەوە گەڕانەوە بۆ پاریس. بەلزاک بەپارەی ژنەکەی خانووێکی گەورەی کڕیبوو و بەکەلوپەل و شتومەکی گرانبەها ڕازاندبوویەوە. بەڵام ئێڤێلێن ئیتر دەوڵەمەند نەمابوو چونکە هەموو سامانەکەی بەکچەکەی بەخشیبوو و تەنیا داهاتێکی مام ناوەندی ساڵانەی بۆ خۆی هێشتبۆوە. ئەگەر بەلزاک سەبارەت بەم مەسەلەیە دڵگران و بێ ئومێدیش بووبێت نەیدرکاند. باسکردنی ئەم خاڵە خەماویە چونکە لەپاش ئەو هەموو چاوەڕوانیە تێکەڵ بە تامەزرۆییەو لەدوای ئەوەی کە ئاواتەکەی هاتەدی بەڵام ژن هێنانەکەی سەرکەوتوانە نەبوو. چونکە ئێڤێلێن تووشی خەفەتانی کردو بەلزاک دووبارە نەخۆش بۆوەو ئیدی ئەمجارەیان راست نەبۆوەو لە رۆژی ١٧ی ئابی ساڵی (١٨٥٠)دا مرد. بە مەرگی بەلزاک ئێڤێلێن زۆر خەفەتبار بوو و لە نامەیەکدا کە بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی نووسی گوتی کە ئێستا ئیدی هیچ ئاواتێکی نەماوە جگە لەوەی کە لە دنیایەکەی دیدا بگاتە لای مێردەکەی. پاشان بۆ هێورکردنەوەی خۆی (هاوسەرین) پەیداکرد. ئەو پیاوە وێنەکێشێک بوو بەناوی «ژان ژیگۆ» کە ناوە خۆماڵیەکەی (ئەسپێی خۆڵەمێشی) بوو. هۆی ئەو ناو لێنانەشی دزێویەکەی بوو. وا پێدەچێ کە وێنەکێشێکی چاکیش نەبووبێت.

هەڵبژاردنی ڕۆمانێک لەنێو ئەو هەموو بەرهەمانەیدا کە ناسێنەری بەلزاک بێت کارێکی ئاسان نییە. دەتوانین بڵێین کە لە هەموو ڕۆمانەکانیدا بەلانی کەمەوە دوو یان سێ پاڵەوان هەن و لەبەرئەوەی دووچاری عەشقێکی (Passion) سادەو سەرەتاین، بەهێزێکی لە ڕادەبەدەر دەستنیشان کراون. توانای بەلزاک ڕێک لە وێنەکێشانی دیمەنی ئەو جۆرە کارەکتەرانەدا بوو. بەڵام کاتێک کە دەیویست دیمەنی پاڵەوانێک بکێشێت کە خاوەنی تایبەتمەندی رۆحی و فیکری و ئەخلاقی ئاڵۆز بێت کەمتر سەرکەوتوو دەبوو.

دەتوانین ئەوە بڵێین کە لە تەواوی رۆمانەکانی بەلزاکدا، چەند دیمەنێکی زۆر بەهێز و لە زۆر بەشیاندا، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش هەیە. من لەبەر چەند هۆیەک رۆمانی (بابەگۆریۆ)م هەڵبژاردووە، ئەو چیرۆکەی کە ئەم کتێبە دەیگێڕێتەوە بەبێ پسانەوە



دڵگیرە. بەلزاک لە هێندێک رۆمانی خۆیدا درێژەی بەسەرهاتەکە دەپچڕێنێ تا سەبارەت بە جۆرەها بابەتی لاوەکی بدوێت. بەڵام (بابەگۆریۆ) بە گشتی لەم کەموکوڕیە بە دوورە. بەلزاک هەر وەکو سروشتی خۆشی وا هەڵکەوتبوو، لێدەگەڕا تا پاڵەوانی رۆمانەکانی چۆنیەتی و بوونی خۆیان بە قسە و کردار دەربخەن و روونبکەنەوە (بابەگۆریۆ) چاک داڕژاوە و دروستکراوە و دوو زنجیرە چیرۆک، یانی فیداکاری پیرەمێرد بەرامبەر بە کچە سپڵە و پێ نەزانەکانی و کارە سەرەتاییەکانی (راستینیاک – Rastignac)ی چاو برسی و لەپلە و پایە، لە پاریسی قەرەباڵخ و گەندەڵی سەردەمی خۆی بە جۆرێکی ماقوڵ و پاسا و هەڵگر پێکەوە گرێدراون. (بابەگۆریۆ) لەم رووەشەوە سەرنجڕاکێشە کە لەو رۆمانەدا بوو بۆ یەکەمجار بەلزاک کەوتە سەر ئەوە بیرەی کە دەستەیەک کارەکتەر لە چیرۆکە یەک لە دوای یەکەکانی بێنێتە ناوەوە و ئەو کارەشی بەڕەوشێکی تایبەتی ئەنجام داوە. گرفتی کارەکە لێرەدایە کە دەبێ نووسەر کۆمەڵە پاڵەوانێک بخولقێنێ کە حەزی خوێنەر ببزوێنێت و ئەو حەزەش ئەوەندە زۆر بێت کە خوێنەر گەرەکی بێت هەروەکو چۆن ژیانیان بەردەوامە، بشزانێت چیان بەسەر دێت. بەلزاک لەم رووەوە سەرکەوتنێکی درەوشاوەی بە دەستهێناوە.

با باسی خۆم بکەم: من ئەو رۆمانانە بە چێژێکی زۆرەوە دەخوێنمەوە کە تیایاندا لە چاوەنووسی کەسانی تایبەتی ئاگادار دەبم، بۆ نموونە وەکو چارەنووسی راستینیاک کە پێم خۆشبوو لە ئایندەی ئاگادار بم. ئەم شێوازەی نووسین بە کەڵکە. چونکە دەست بە خولقاندنی پاڵەوانەکانەوە دەگیرێت. بەڵام پێم وانییە بەلزاک بەو (وەبەرهێنانە) لە بن نەهاتووەی خۆی، بۆ ئەم مەبەستە پەنای بۆ شێوازی ناوبراو بردبێت. من وای بۆ دەچم کە ئەو هەستی کرد بەو کارەی چیرۆکەکەی پتر لە (واقیع) نزیک دەکاتەوە. چونکە لە بەردەوام بوونی ئاسایی رووداوەکەدا، لەگەڵ ژمارەیەکی تاڕادەیەک زۆردا ئاشنایەتی و پەیوەندی بەردەوامان هەبووە کە چەندەها جار دیتومانن. بەڵام لەمەش گرنگتر، من لەو بڕوایەدام کە ئامانجی سەرەکی بەلزاک ئەوەبوو کە پەیوەندی لە نێوان هەموو بەرهەمەکانیدا دروست بکات و پێکەوە گرێیان بدا و بیانکاتە (کۆکراوەیەک) ئامانجی ئەو ئەوە نەبوو کە وێنەی تاقمێک و دەستەیەک و یەک چین و تەنانەت کۆمەڵگایەکیش

بکێشێت، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو کە وێنەی دیمەنی سەردەمێک و شارستانیەتێک بکێشێت. بەلزاک گرفتاری ئەو خەیاڵە پووچە ببوو کە فەڕەنسا سەرەڕای ئەو هەموو بەڵا و نەهامەتیانەش کە بەسەری هاتووە، هەر ناوەندێکی قورسایی جیهانە و ئەمەش بیرکردنەوەیەکی بێهودەبوو کە زۆربەی هاووڵاتییەکانیشی دووچاری ببوون. بەڵام رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بوو بێت کە دەیتوانی بە دڵنیایی و خاترجەمی و بڕوا بە خۆبوونەوە، دنیایەک و جیهانێکی رەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆر بخوڵقێنێ و توانای ئەوەی هەبوو کە خۆی ژیان و ژیانەوەی پێدا بکات، ئەو ژیانەی کە خوێنەریش هەستی پێدەکات بە دڵنیاییەوە لەو جیهانە دروستکراوە و داتاشراوەی بەلزاکدایە. ئەم وتەیە بە گشتی سەبارەت بە (کۆمیدیای مرۆڤی) راستە. بەڵام لێرەدا ئێمە کارمان بە (بابەگۆریۆ) هەیە. من وا مەزەندە دەکەم کە بەلزاک یەکەم رۆماننووس بوو کە بۆ (دیمەنی) چیرۆک سوودی لە (پنسیۆن)(٥) ێک وەرگرت. ئیدی لەو کاتە بە دواوە ئەو شوێنە زۆرجار کەڵکی لێوەرگیراوە. چونکە نووسەر دەتوانێت بەبێ سەرهێشە کۆمەڵێک کارەکتەر کە گرفتاری بارودۆخی نالەبار و جۆراوجۆرن پێکەوە و لە یەک جێگادا کۆبکاتەوە و بیانناسێنێت. بەڵام قەت نەمدیتووە کە ئەم شێوازە ئەو کاریگەرییە گەورەیەی بەسەر خوێنەرەوە هەبێت کە لە (بابەگۆریۆ)دا هەیەتی. بەلزاک بە ئارامی و لەسەرخۆیی دەستی بە نووسینی رۆمانەکانی دەکرد. شێوازی کارکردنی وابوو کە بە وەسفکردنی وردی دیمەنەکانی چیرۆکەکە دەستی پێدەکرد. پێدەچێ کە ئەوەندەی بۆ خۆی چێژی لە وەسفەکان وەردەگرت پتر لەوەی کە خوێنەر حەز لە بیستنی دەکات.

ئەو قەت فێری ئەو هونەرە نەبوو کە ئەوەی پێویستە بگوترێ بیڵێ و ئەوەی پێویست نییە نەیڵێت. پاشان بە خوێنەر دەڵێت کە سەروسەکوت و سروشتی کارەکتەری رۆمانەکانی چۆنە. بنەچە و نەریت و بیروباوەڕ و کەموکوڕیە ئەخلاقییەکانیان چییە. ئەوجا لە پاش هەموو ئەو باسکردن و روونکردنەوانە چیرۆکەکەی دەست پێدەکات. بەلزاک لە دەلاقەی بەفیز و دەعیەی خۆیەوە روواینویەتییە پاڵەوانەکانی هەر بۆیەش سروشتی بوونی ئەوان زۆر وەکو سروشتی ژیانی راستەقینە ناچێت. پاڵەوانەکانی وی بە رەنگە سەرەتایی و توندەکان وێنەیان کێشراوە و جاری وایە رازاندونیەوە و لە خەڵکی ئاسایی



پتر مرۆڤ بە شاگەشکە دەخەن، بەڵام زیندوون و هەناسە دەدەن و خوێنەر بڕوا بە زیندووبوونیان دەکات. من وای بۆ دەچم هۆی ئەمەش ئەوەیە کە بەلزاک بۆ خۆی بڕوای بە زیندووبوونیان هەیە. چونکە لە چەند رۆمانێکی ئەودا پزیشکێکی زیرەک و بە شەرەف بە ناوی (بیانشۆن- Bianchon) دیتە سەر شاشە و کاتێک بەلزاک لە گیانەڵاو دابوو دەیگوت: ( بەدوای بیانشۆندا بچن ئەو رزگارم دەکات). بابەگۆریۆ لە رویەکی تریشەوە شیاوی سەرنجدانە چونکە لەو کتێبەدا بۆ یەکەمجار لەگەڵ یەکێک لە گورج و گۆڵترین کارەکتەر رووبەڕوو دەبیتەوە کە بەلزاک وێنەی کێشاوە ئەویش (ڤاوترین)ە. تاکو ئێستا هەزار کارەکتەریان لە سەر (شێوە)ی ڤێترین دروستکردووە. بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە کارەکتەرێک دروست بکەن کە کاریگەرییەکی وا روون و دڵگیری لەسەر خوێنەر هەبێت و بوونی لە گۆڕەپانی راستەقینەدا هێندە شیاوبێت بۆ قبووڵکردن. ڤێترین مێشکێکی باشی هەیە و هێزی ئیرادە و وزەیەکی زیندووی زۆری تێدایە.جێی خۆیەتی خوێنەر ئەوە بزانێت کە بەلزاک بە چ لێهاتووییەک توانیوویەتی ئەو نهێنیە شاراوەیە تاکۆتایی کێتبەکەی نەدرکێنێت. هەروەها توانیوویەتی نیشانی خوێنەر بدات کە ئەو پیاوە چ شتێکی لە دەروونیدا هەیە. ڤاوترین ئەهلی کەیف و زەوقە و دڵاوایە و خولق و خۆی خۆشە و ئیۆەنەک هەر تەنیا ستایشی دەکەن بەڵکو هاودەردیشی لەگەڵدا دەنوێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ڤاوترین بە جۆرێکی سەیر تۆقێنەرە. ئێوەش وەکو راستینیاک دڵتان دەیگرێت، هەمان ئەو گەنجە نەجیب زادەیەی کە چاوی بڕیبووە پلەوپایە ئەو کاتەی کە هاتبوو بۆ پاریس تا لەم دنیایەدا رێگای خۆی بکاتەوە. بەڵام لە کاتی گفتوگۆ کردنیدا لەگەڵ ڤاوترین ئێوەش ئەو ناڕەحەتیە غەریزەییە هەست پێدەکەن کە ڤاوترین هەستی پێکرد ڤایوترێن رەنگە بە کەڵکی ئەکتەری (میلۆدراما(٦) Melodrama) بێت، بەڵام دروستکراوێکی مەزنە. هەموو لەو بڕوایەدان کە بەلزاک چاکی شت نەدەنووسی، ئەو کابرایەکی رەشۆکی (Vulgar) بوو (بەڵام ئایا ئەو رەشۆکی بوونەی بە شێکی پێویستی داهێنەرانەی ئەو بوو؟). پەخشانەکانیشی ئاسایی بوون و درێژ و بێزارکەر و بە باق و بریق بوون و زۆربەیان هەڵەبوون. ئیمێل فاگێ کە رەخنەگرێکی زۆر بەرجەستەیە لە کتێبەکەی خۆیدا کە دەربارەی بەلزاک نووسیوویەتی، بەشێکی سەرلەبەری بۆ ئەو هەڵانەی بەلزاک تەرخان کردووە کە لە رووی سەلیقە و سەبک

و ڕێزمانەوە کردونی و لەراستیشدا هێندێک لەو هەڵانە ئەوەندە زەقن کە پێویست بەوە ناکات مرۆڤ زانیاری چڕوپڕی دەربارەی زمانی فەڕەنسی هەبێت بۆ ئەوەی تێیان بگات. با بێ پێچ و پەنا بیڵێم کە ئەو هەڵانە مرۆڤ قەڵس دەکەن. دەڵێن چارلز دیکنزیش زۆر بە باشی شتی نەدەنووسی. روسیە خوێندەوار و ژێرەکانیش بە منیان گوتووە کە تۆلستۆی و دستویفسکیش زۆر بەهاکەزایی روسیان دەنووسی.

ئەمە شتێکی زۆر سەیرە کە چوار کەس لە گەورەترین رۆمانووسانی جیهان زمانی زگماکی خۆیان هێندە بە خراپی نووسیووە. وادەردەکەوێت کە چاک نووسین بەشێکی سەرەکی نییە لە جبەخانەی رۆماننووس. بەڵکو هێز و وزەی زیندوو، هێزی (خەیاڵ)، توانای خوڵقاندن و (دید)، بە ئاگابوون لە سروشتی مرۆڤ و گرێدانی حەز و هاودەردی پێیەوە و (وەبەرهێنان) و هۆش، گرنگترن. لەگەڵ ئەمانەشدا وا باشترە مرۆڤ باش بنووسێت نەک خراپ.

**پەراوێزەکان:**

١- رۆماننووسی بەناوبانگی فەڕەنسایە.

٢- جۆرە گالیسکەیەکە بە چەند ئەسپ رادەکێشرێت و جاران لە بری ئۆتۆمبیل لە گەشتەکاندا بەکار دەبرا. وەرگێڕ.

٣- لەقەبێکە بۆ پیاوە گەورە و ئەشرافەکان لە فەڕەنسا. وەکو (بەگ) لە وڵاتی خۆمان. وەرگێڕ.

٤- گەورەترین نازناوی ئەعیانی ئینگلیز لە دوای شازادە. وەرگێڕ.

٥- Pension- میوانخانە یان شوێنێکی تر کە جێی حەوانەوەی خەڵک بێت و خواردنیان بدەنێ و کرێیەکەی مانگانە بێت. وەرگێڕ.

٦- جۆرە نمایشێکی هەست بزوێنە کە بە شادی کۆتایی پێ دێت. وەرگێڕ.



## چارلز دیکنز و دیڤید کۆپەرفیلد

چارڵز دیکنز لەگەڵ ئەوەشدا کە پیاوێکی وردیلەبوو، بەڵام سەروسەکۆتێکی رێک و لەباری هەبوو. لە (پیشانگای) لەندەن تابلۆی وێنەیەکی وی لێیە کە ماکلیس (Maclise) کێشاویەتی و دیکنز لە تەمەنی بیست و حەوتساڵیدا نیشان دەدات. لەو تابلۆیەدا دیکنز لەسەر کورسیەکی زۆر گەورەو جوان و لە پشت مێزێکی نووسین دانیشتووەو دەستەجوان و ناسکەکانی لەسەر کتێبێکی دەستنووسن. جلێکی زۆر جوانی لەبەردایەو مل پێچێکی ساتینی پانی لەملە. قژە خورماییەکانی لوولەو بەشێکی زۆری بەمەلاو بەولای رووومەتیدا هەتاکو بن گوێیانی داکەوتووە. دەموچاوی رێک و پان و رەنگی پەڕیوەو چاوی جوانن. لەو تابلۆیەدا خۆڕانانی بیرمەندانەی دیکنز بە جۆرێکە کە خەڵکێکی ستایشکەر لە نووسەرێکی سەرکەوتووی چاوەڕوان دەکەن. دیکنز هەمیشە تاڕادەیەک گرنگی بە خۆرازاندنەوەی رەواڵەتی دەداو لە تەمەنی لاوێتیدا حەزی لە چاکەتی مەخمەرو ئێلەگی سووک و ئاسایی و مل پێچی رەنگاو رەنگ و کڵاوی سپیی درێژ بوو. بەڵام قەت نەیتوانی بە پۆشینی ئەو جۆرە جلو بەرگانە ئەو کاریگەرییە لە خەڵک بکات کە ئاواتی بوو. خەڵک لە دیتنی جل و بەرگەکەی سەریان سوڕدەماو تەنانەت رادەچڵەکان و دەیانگوت جلەکانی بێ مانا و سوکەڵانەن. ژیانی باپیری چارڵز (ویلیام دیکنز) بە خزمەتکاری دەستپێکردو زەماوەندی لەگەڵ کارەکەرێکدا کردو سەرەنجام لە کۆشکی کریو (Crewe Hall) بارەگای (جۆن کریو) کە نوێنەری ئەنجوومەن بوو و لە (چێستر) هەڵبژێردرابوو، بووە بەردەست. ئەو دوو کوڕی هەبوون بەناوی (ویلیام وجۆن) بەڵام ئێمە کارمان بە جۆنە. یەکەم لەبەر ئەوەی کە باوکی گەورەترین رۆماننووسی ئینگلیز بوو، دووەم لەبەر ئەوەی کە گەورەترین کارەکتەری خوڵقیندراوی کوڕەکەی یانی میستەر میکاوبێر (Mr. Micawber) لەسەر ئەو کۆپی کرابوو. کاتێک جۆن لەدایک بوو، ویلیامی باوکی مردو هاوسەرەکەی (داپیرەی چارڵز دیکنز) وەکو ماڵدار سی و پێنج

سالّی تر لە کۆشکی کریودا مایەوەو پاشان خانەنشین کرا. بنەماڵەی کریوەکان دوو کوڕیان پەروەردەکردن و بژێوی ژیانیان بۆ دابین کردن. جۆنیان لە (ئیدارەی ژمێریاری) هێزی دەریایی دامەزراندو لەوێ جۆن لەگەڵ یەکێک لە سکرتێرە هاوکارەکانی دا بووە هاوڕێی و هێندەی نەخایاند کە لەگەڵ ئێلیزابێت بارۆی (Elizabeth Barrow) خوشکیدا زەماوەندی کرد. جۆن دیکنز یان بە پیرمێردێکی پۆشتە وەسف کردووە کە بەردەوام خۆی بە کۆمەڵە موروێکەوە دەخافلاند کە بە سەعاتە باخەڵیەکەیدا کرابوون. وا دەردەکەوێت کە جۆن سەلیقەیەکی باشی هەبووە بۆ شەراب خواردنەوە، چونکە جاری دووەم کە بەند کرا لەسەر ئەوەبوو کە شەراب فرۆشێک سکاڵانامەی لە دژی تۆمار کردبوو. واپێدەچێ کەجۆن دیکنز هەر لە سەرەتای ژنهێنانی دا تووشی گیروگرفتی مادیی بووە و هەمیشە ئامادەبوو لە هەموو کەسێک قەرز وەرگرێ کەتا ئەو رادەیە گەمژە بوایە پارەی بداتێ. چارڵز، دووەم منداڵی جۆن و ئێلیزابێت دیکنز لە ساڵی (١٨١٢) لە پۆرت سیا (Portsea) هاتە دنیاوە، بەڵام دوای دوو ساڵان باوکی گوازرایەوە بۆ لەندەن و سێ ساڵیش دوای ئەوە بۆ (چۆت هام). لەوێ منداڵەکەیان ناردە قوتابخانەو دەستی کرد بە خوێندن. باوکی هێندێک کتێبی هەبوون: (تۆم جۆنز، قەشە ویک فیلد، جیل بلاس، دۆن کیشۆت و رۆدریک رۆندۆم.)

چارڵز ئەم کۆمەڵە کتێبەی چەندەها جار خوێندەوەو لە رۆمانەکانی خۆ شێرا دیارە کە ئەم کتێبانە چ کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەریەوە هەبووە. لە ساڵی (١٨٢٢)دا جۆن دیکنز گەڕایەوە بۆ لەندەن، ئەوکاتە پێنج منداڵی هەبوون. بەڵام چارڵز لە چۆت هام مایەوە بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات و هەتا چەند مانگێک دوای ئەوە رەگەڵ خێزانەکەی نەکەوتەوە. لەو سەردەمەدا بنەماڵەی دیکنز لە کامدێن تاون (Camden Town) کە دەکەوێتە دەوروبەری لەندەن، لە خانوویەکدا دەژیان کە دواتر بە ماڵی بنەماڵەی میکاوبێر وەسفی کردووە. جۆن دیکنز سەرەڕای ئەوەی کە داهاتی ساڵانەی کەمێک لە سەرووی سێ سەد لیرە بوو (کە بە پارەی ئەمڕۆ دەکاتە پێنج هەزار دۆلار) بەڵام زیاد لە رادەی ئاسایی لە تەنگانەدا بوو و پێدەچێ کە ئەوەندەی پارە نەبوو بێت تا دووبارە چارڵزی کوڕی بنێرێتەوە بەر خوێندن و رایان سپارد تا ئاگای لە منداڵەکان بێت و پێڵاوەکان خاوێن



بکاتەوەو ماهوت(١) پاک کەرەوە لە جلەکان بدات و ئەرکەکانی دیکەی ماڵێ جێبەجێ بکات. ئەمەش ئەو کارانە بوون کە چارڵز زۆریان لێ بێزار بوو. بەڵام ناوە ناوەش بۆ پیاسەکردن دەچووە کامدێن تاون. (شوێنێکی وێرانە بوو و بە خەندەق و زەوی کشتوکاڵی دەوری درابوو)و هەروەها دەچووە سۆمێرس تاون و کینتیش تاون و پاشان کە هەنگاوی درێژتر کرد، سۆهۆ و لایم هاوسیشی دیت. کاروباری خێزانەکەیان ئەوەندە شەپرێو بوو کە خاتوو دیکنزی دایکی بڕیاری دا قوتابخانەیەک بۆ ئەو منداڵانە بکاتەوە کە دایک و باوکیان لە هیندستان دەژیان. هەر چۆنێک بێت بڕێک پارەی قەرز کردو چەند ئاگاداری نامەیەکی چاپکردو دای بە منداڵەکان تا بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان بیانخەنە نێو سندوقەکانی پۆستەی ئەو دەوروبەرە. بەڵام لە ئەنجامدا تەنیا یەک قوتابیش نەهات بۆ خوێندن لە قوتابخانەکەی. قەرزەکان تەنگیان پێ هەڵچنی بوون، هەربۆیەش چارڵزیان نارد تا هەموو ئەو کەلو پەلانەی ماڵی بە بارمتە دابنێ کە بڕە پارەیەکیان دەکرد. کتێبەکان، ئەو کتێبە ئازیزو نازدارانەی کە ئەوەندەی خۆشدەویستن بە ناچاری بە کتێبخانەیەک فرۆشران. پاشان جێمز لامێرت (James Lamert)ی زڕکوڕی خوشکی خاتوو دیکنز پێشنیاری کرد تا چارڵز بە هەقدەستی شەش حەوت شلینگ لە هەفتەیەکدا لەو کارخانەیەی بۆیاغ دروستکردندا کار بکات کە بۆ خۆی خاوەنی بەشێکی بوو. دایک و باوکی چارڵز بە خۆشحاڵیەوە پێشوازیان لەم پێشنیارە کرد، بەڵام چارڵز لەو کارەیان زۆر دڵی رەنجا کەوا بە راشکاوی مافیان پێشێل دەکردو پێشی دڵخۆش بوون. چارڵزی تەمەن دوازدە ساڵان، خوێن گەرم و گورج و گۆڵ و زیرەک بوو و بە گوتەی خۆی (هەستی بە تەنیاییەکی زۆر کرد.) کەمێک دوای ئەوە، ئەو زەبرەی کە دەمێک بوو چاوەڕوانیان دەکرد تێیان سرەوێندراو بەهۆی قەرزداریەوە جۆن دیکنز بەندکراو بردیانە (مارشاڵ سی).

ژنەکەشی پاش ئەوەی کە ئەو شڕو شاتاڵەی بە کەڵک دەهاتن بە بارمتە داینان، لەگەڵ منداڵەکانی چوونەلای بۆ مارشاڵ سی. (مارشاڵ سی و فیلت) دوو بەندیخانەی لەندەن بوون و تایبەت بوون بە قەرزداران. ئەم دوو بەندیخانەیە زۆر قەرەباڵغ و پیس بوون و مەرجەکانی تەندروستیان تێدا نەبوو. چونکە نەک تەنیا هەر بەندکراوەکانی لێدەژیا، بەڵکو ئەگەر حەزیان لێبوایە دەیانتوانی ماڵ و خێزانیشیان بەرنە لای خۆیان. ئایا لەبەر

ئەوە ڕێگایان پێدەدان کە ماڵ و خێزانیان ببەنە لای خۆیان تا لە سەختی و ناخۆشییەکانی بەندکراوەکان کەم بکەنەوە؟ یان لەبەر ئەوەبوو کەبونەوەرە چارەڕەشەکان، یانی ئەندامانی خێزانی بەندکراوەکان شوێنێکی تریان شک نەدەبرد بیچنێ؟ ئەمە خاڵێکە من هیچی لێنازانم، ئەگەر قەرزدارێک پارەی هەبوایە لە دەست دانی ئازادی ناخۆشترین ڕەنج و ئازار بوو کە دەبوایە خۆی لەبەر ڕاگرێ و ئەم ڕەنج و ئازارەش مومکین بوو لە هێندێک رووەوە دامرکێتەوە: (هێندێک بەندکراوی تایبەتی بواری ئەوەیان پێدرابوو کە بە لەبەرچاوگرتنی چەند مەرجێک لە دەرەوەی چواردیواری بەدنیخانەدا بەسەر ببەن). بەڵام ئەگەر بەندکراوە قەرزدارەکە هیچ پارەی نەبوایە ئەوا زۆر بە ناخۆشی دەیگوزەراند. ڕەنگە خوێنەرە ئەمریکاییەکان پێیان ناخۆش نەبێت بزانن کە یەکەمجار ژەنەڕاڵ ئۆگلێترۆپ (James Edward Oglithorpe)(٢) هەوڵیدا تا چاکسازی لەو بەندیخانەدا بکرێ کە بارودۆخێکی وا قیزەوەن تێیاندا فەرمانڕەوا بوو. وا دەردەکەوێ کە یەکێک لە هاوڕێکانی ئەم ژەنەڕاڵە لە مارشاڵ سی بەندکراوەو لەبەر ئەوەی پارە و پولی نەبووە تا (بەرتیل) بداتە بەڕێوەبەری بەندیخانەکە بردویانە تە ئەو بەشەی کە تێیدا نەخۆشی خوریکە تەشەنەی کردووەو ئەویش تووشی نەخۆشی ناوبراو بووەو مردووە. ژەنەڕاڵ ئۆگلێ ترۆپ توانی پەرلەمان ناچار بکات تا لەم مەسەلەیە بکۆڵێتەوەو ئەو لیکۆڵینەوەیەش ئەوەی ئاشکرا کرد کە بەڕێوەبەری بەندیخانەکە فێربووە زۆربێ بەزەیی و بێ شەرمانە و زۆر جاریش بە شێوەیەکی دڕندانە هەڵسوکەوت لە تەک بەندکراوەکاندا دەکات. توندوتیژی لەو بەندیخانەدا کۆتایی پێهات و لەو سەردەمەدا کە جۆن دیکنز تێیدا بەند کرابوو، توانی بە ئەندازەی پێویست پێداویستیەکانی خۆی دابین بکات. خاتوو دیکنز کارەکەرێکی چوکەڵەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو و ئەم کارەکەرە لە دەرەوەی بەندیخانەیدا بەسەردەبرد، بەڵام هەموو ڕۆژێک دەهات و یارمەتی منداڵەکانی دەداو خواردنی بۆ سازدەکردن. جۆن دیکنز لە بەندیخانەشدا شەش لیرە هەفتانەکەی خۆی هەر وەردەگرت، بەڵام هیچ هەوڵێکی نەدەدا قەرزەکەی بداتەوەو دەتوانرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە: چونکە پێی خۆشبوو لە خاوەن قەرزەکانی تری دوور بێت ڕەغبەتێکی ئەوتۆی لە ئازادکردنی نەبوو. بیوگرافی نووسانی دیکنز لەوڕاستیە واقیان وڕماوە کە سەرەڕای ئەوەی باوکی لە بەندیخانەدابوو



بەڵام موچە هەفتانەکەی خۆی هەر وەردەگرت. وا پێدەچێ کە تەنها ڕونکردنەوەیەکی ئەم مەسەلەیە ئەوە بێت: چونکە سکرتێرە دەوڵەتییەکان بە خاترانەو بەهۆی دەست ڕۆیشتویی نزیکەکانیان دادەمەزران، ڕووداوێکی لەمەبابەتە یانی بەندکردن لەسەر قەرزداری گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو تابیێتە هۆی سزادانێکی وا توند کە موچەی هەفتانەی لێ ببڕدرێت. هەروەها ئەگەری ئەوەش هەیە کە دەزگایەکی تر جگە لەوەی دیکنز خزمەتی تێدا دەکرد، ئەو موچەیەی دابێتێ و قەت ئاشکرای نەکرد بێت کە ئەو کارەی دەبوایە لە بارتەقای ئەو موچەیە بیکات، ئەنجامی نەداوە. چارڵز لە سەرەتای زیندانی کردنی باوکیدا لە کامدێن تاون بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو گەڕەکە دەکەوتە هونگیر فۆرد ستێیرز (Hunger Ford Stairs) لە ناوچەی چارینگ کروس(٣)(Charing Cross) و لەو کارخانەیە دوور بوو کە کاری تێدا دەکرد، گواستیەوە بۆ ساوز وۆرک (٤)(South Work) و ئەوسا توانی نانی ئێوارێ و بەیانیان لەگەڵ خێزانەکەی بخوات لە مارشاڵ سی. چارڵز کارەکەی گران نەبوو، بریتی بوو لە شوشتنی قوتوە بۆیاغەکان و نیشانە لێدانیان و دەستە دەستە کردنیان. ئێوارانیش لە دەوروبەری شاری لەندەن پیاسەی دکردو خوێ لە شوێنە سەیرو پڕ لە نهێنیەکانی کەنارەکانی تایمز دەبینیەوەو لەو ڕێگایەوەو لە بێ ئاگایی دا بەهۆی بیرکردنەوە دەربارەی ڕووداوو بەسەرهاتە سەیرو سەمەرەو خۆخستنە مەترسی وعاشقانەکانی ئەو شارە گەورەیە هەستێک لە دەرونیدا سەری هەڵدا، ئەو هەستەی کە دواتریش قەت دەروونی چۆڵ نەکرد. لە مانگی نیسانی (١٨٢٤)دا، خاتوو ویلیام دیکنز (داپیرەی چارڵز دیکنز) کە ساڵانێک ماڵداری بنەماڵەی کریوەکان بوو مردو ئەو بڕە پاشەکەوتەی هەیبوو بە میرات بۆ دوو کوڕەکەی واتە جۆن دیکنزی باوکی چارڵز و ویلیامی مامی بەجێهێشت. قەرزەکەی جۆن بەهۆی برایەکەیەوە درایەوەو دووبارە ئازادی خۆی بەدەست هێنایەوە. جۆن هەمدیسان ماڵ و منداڵەکەی خۆی بردەوە کامدێن تاون و بۆ خۆشی چۆوە سەر کارەکەی پێشووی لە ئیدارەی ژمێریاری هێزی دەریایی. چارڵزیش هەتا ماوەیەکی دیکە بەردەوام بوو لە کارەکەی بەڵام پاشان بە هۆی ئەو نامەیەی کە باوکی بۆ جیمز لامێرتی نووسی لە کارەکەی دوور خرایەوەو چووە ماڵێ. دەربارەی دەرکردنەکەی، چەندین ساڵ دوای ئەوە نووسی: (ئەوندە ئاسودە بووم کە دەتگوت بارێک ئاسودەیم لە سەر

شانه). دایکی چاڕلّز هەوڵیدا تا ئەو ناکۆکیەی نێوان جۆنی مێردی و جیمز لامێرت نەهێڵێ بۆ ئەوەی دووبارە چاڕلّز بگەڕێتەوە سەرکارەکەی. چونکە بێ شک دایکی پێویستی بەو شەش شلینگە هەبوو کە هەفتانەی کوڕەکەی بوو. بەڵام لەبەر ئەو کارەی، چاڕلّز هەرگیز دایکی نەبەخشی. بۆ خۆی دەنووسێ و دەڵێ: (دواتر قەت لەبیرم نەچۆوەو هەرگیز لەبیرم ناچێ و ناتوانم قەت لەبیری بکەم کە دایکم شێلگێرانە هەوڵی دەدا تا دووبارە بمنێرێتەوە بۆ ئەو کارخانەیە.) بەڵام جۆن دیکنزی باوکی گوێی بۆ قسەکانی ژنەکەی رانەگرت و چاڕلّزی ناردەوە بۆ قوتابخانە. روون کردنەوە وئاشکراکردنی ئەو ماوەیەک کە ئەو کوڕیژگەیە لەو کارخانەیەدا کاری کردووە کارێکی ئەستەمە. چاڕلّز لە مانگی شوباتی (١٨٢٤) چووە ئەو کارخانەیەو مانگی حوزەیران دووبارە لەنێو خێزانەکەیدا بوو. کەواتە ئەوپەڕی لە چوار مانگ زیاتر لەوێ نەبووە. خاتوو ئۆنا پۆپ هێنسی (una pope Hennessy) لە کتێبە بە نرخەکەی خۆیدا کە دەربارەی چاڕلّز دیکنز نووسیویەتی دەڵێ چاڕلّز لە شەش هەفتە پتر لەوێ کاری نەکردووە. لەگەڵ ئەمەشدا کارکردن لەو کارخانەیەدا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دیکنز بەجێهێشت و ئەو ئەزموونەی هێندە بە سووک و چروک و شەرمەزاری دەزانی کە نەیدەتوانی دەربارەی بدوێت. کاتێک جۆن فۆرستێر (John Forster) بیوگرافی نووسی دیکنز بە رێککەوت سووکە ئاماژەیەکی بەو خاڵە کرد، دیکنز پێی گوت کە پەنجەی لە سەر خاڵێکی وا بە ئازار داناوە کە (تەنانەت ئێستاش و تا ئەو دەمەی شتێکی لە بیرە ناتوانێ ئەو بیرەوەریە تاڵە فەرامۆش بکات.) ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە بیست و پێنج ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێدەپەڕی. ئێمە ئەوەندە لەگەڵ ئەو قسەیەی سیاسەتمەدارە بەرجەستەو خاوەن کارگەو کارخانەکان راهاتوین کە شانازی بەوەوە دەکەن کە لە تەمەنی لاوێتیدا قاپیان شتووەو رۆژنامەیان فرۆشتووە، تێگەیشتن لەوە ئەستە کە بۆچی چاڕلّز دیکنز پێی وابووە دایک و باوکی بە ناردنی وی بۆ ئەو کارخانەیە نووشوستیان بەسەر هێناوەو دەیەوێت ئەو مەسەلەیە بە شاراوەیی بمێنێتەوە. ئەو کوڕێکی شادو هۆشیارو بزێوبوو و دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کە لەو سەردەمەدا شتێکی لەبارەی ژیانی نالەبارو ساختەوە دەزانی. دایک و باوکی لە بنەماڵەیەکی ڕەشۆکی بوون و هەر بە منداڵی بە چاوی خۆی



دیبوی کە زێدە مەسرەفی باوکی خێزانەکەیانی تووشی چ نەهامەتیەک کردبوو. لە کامدێن تاون ناچار بە گەسک لێدان و پاک کردنەوەی ماڵیان کردبوو، دەیان نارد تا کەلوپەلی ناو ماڵ بە بارمتەدانێ بۆ ئەوەی پاروە نانێک بۆ ژەمی ئێوارێ پەیدا بکات و وەکو هەموو کوڕیژگەیەکی تریش لەگەڵ هاوتەمەن و هاوکوفەکانی خۆیدا لەسەر شەقامەکان یاری بکات. تێگەیشتن لەو خاڵەش ئەستەمە کە بۆچی هاوڕێیەتی کردنی ئەو کوڕیژگانەی هێندە بە شەرمەزاری دەزانی کە لە کارخانەدا پێکەوە کاریان دەکرد. گومانیش لەوەدا نییە کە مێردمنداڵێکی لەو تەمەنەدا جیاوکە کۆمەڵایەتیەکان کەمتر دەرک پێدەکات. مەزەندەی خودی من ئەوەیە کە دیکنز هێندەی لە ساڵانی دوای ئەوە ئازاری دەچەشت، لە کاتی خۆیدا ئەوەندە پێوەی نارەحەت نەبووە. مەبەست لە ساڵانی دواتر ئەوەیە: کە ببووە پیاوێکی بەرێز و ناودارو بە کەسایەتیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدراو خەڵک خۆشیان دەویست. لەو سالانەدا قەناعەتی بە خۆی هێنابوو کە لە سەردەمی منداڵیدا بە هۆی ئەو پێگە نزمە کۆمەڵایەتییەی خۆیەوە زۆری ئازار چەشتووە. ئەو لە سەردەمانێکدا دەژیا کە گەڕان بە دوای (کارێکی کەم بایەخ)دا مایەی سەرشۆڕی بوو چەندین جار ئەویان بە تۆمەتی بێ ئەدەبی و توندوتیژی تاوانبار کردبوو کە بۆچی رابردووی خۆی لەبەرچاو نییە. سەردەمی وی ئەو رۆژگارە بوو کە (پیاوی بەرێز) بوون، بەو مانایەبوو کە دەبێ مرۆڤ یەکێک بێت لە بوونەوەرە هەڵبژێردراوەکانی خوا. جۆن دیکنز ئەو دەمەی کە هێشتا لە بەندیخانەی مارشال سی دا بوو، ئەوەندە خاوەنی هێزی دڵ و بوێر بوو کە داوای لەو ئیدارەیە کرد کە خزمەتی تێدا دەکرد تا فەرمان بدات موچەی خانەنشینی بدەنێ چونکە باری میزاجی تەواو نییە. لە ئەنجامیشدا بە لەبەرچاوگرتنی بیست ساڵ خزمەتی و شەش منداڵەکەی (وەکو نەرمی نواندنێک) موچەیەکی ساڵانەیان بە بڕی سەدو چل و پێنج لیرە بۆ بڕییەوە. بەڵام ئەو بڕە پارەیە بە هیچ جۆرێک بژێوی ژیانی رەشە خێزانێکی دابین نەدەکرد هەربۆیەش جۆن دیکنز ناچار بوو بۆ زیاد کردنی داهاتەکەی کارێکی تر بدۆزێتەوە. جۆن فێری (خێرا نووسین) بوو بوو، هەروەکو خاتوو (ئۆنا) دەڵێ رەنگە لە بەندیخانەدا فێری ئەو هونەرە بووبێت. پاشان بە هاوکاری ژن برایەکەی و دۆست و ناسیاوەکانی لە رۆژنامەکاندا، وەکو پەیامنێری پەرلەمانی چەنگی لە کارێک گیربوو. چاڕلّز هەتاکو

تەمەنی پازدە ساڵی خەریکی خوێندن بوو دوای ئەوە لە نووسینگەی پارێزەرێک بوو بە شاگردو دوو سێ هەفتە لەوێ مایەوە پاشان باوکی توانی بە هەقدەستی پازدە شلینگ بۆ هەر هەفتەیەک لەلای پارێزەرێکی دی کاری بۆ بدۆزێتەوەو لەوێ بوو بە سکرتێر. چارڵز بە کەڵک وەرگرتن لە کاتەکانی پشوودانداو بە ماوەی هەژدە مانگ لە خێرانووسین دا وا کارامە بوو کە کردیان بە پەیامنێری (دادگای ئایینی ئەنجوومەنی راوێژکاری پزیشکان.) چارڵز دیکنز لە تەمەنی بیست ساڵیدا مەرجە پێویستەکانی پەیامنێرێکی پەرلەمانی تێدا بەدی هات و بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی یەکێک لە رۆژنامەکان تا لەمەڕ ئەو وتارانە راپۆرت بنووسێت کە لە ئەنجوومەنی گشتیدا دەخوێندرانەوەو دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە دیکنز (خێراترین و وردبین ترین پەیامنێری پەرلەمانە.) هەر لەو سەروبەندەش دابوو کە دیکنز شەیدای ماریا بیدنێل (Maria Beadnell) کچی بەڕێوەبەری گشتی یەکێک لە بانقەکان بوو. ماریا کچێکی (خۆبەدەستەوەدەر) بوو و واپێدەچێ کە زۆری مەیدان دابێتە چارڵز. تەنانەت رەنگە بەدزیەوە بوبنە دەزگیرانیش، بەڵام ئەگەر واش بووبێت ماریا ئەو مەسەلەیەی بە هەند وەرنەدەگرت. ئەو هەر حەزی لەوەبوو و شانازی پێوە دەکرد کە ئەویندارێکی هەبێت. بەڵام چارڵز نانی شەوێی نەبوو و ماریا قەت نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە مێردی پێبکات. لەدوای دوو ساڵان کە ئەو ئەوینداریە کۆتایی پێهات و بەشێوەی رۆمانسیەتی راستەقینە، دیارییەکانی خۆیان دایەوە یەکتری، چارڵز وای زانی دڵی لەت لەت دەبێت. لە پاش ئەوەی کە (دێڤید کۆپەرفیلد)ی نووسی کە ماریا بە ناوی (دۆرا)تێیدا بەدەر دەکەوێت، جارێکیان هاورێیەکی ئافرەتی لێی پرسی هەر بەڕاستی ماریای زۆر زۆر خۆش دەویست؟ دیکنز وەڵامی دایەوە:(لە دنیادا هیچ ئافرەتێک و لە پیاوانیشدا بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم نەبێ کەس ناتوانی دەرک بەوە بکات کە ماریام چەند خۆشدەویست.) چارڵز و ماریا پاش ئەوەی کە لێک جیابوونەوە هەتا چەندین ساڵ یەکتریان نەدیتەوە. لەدوای ئەو ماوەیە درێژەو پاش ئەوەی کە چەند ساڵێک بوو ماریا بیدنێڵ شووی کردبوو، لەگەڵ چارڵز دیکنزی ناودارو هاوسەرەکەی لەسەر مێزی نان خواردن دانیشت. دیکنز لە و چاوپێکەوتنەی دا ماریای بە ژنێکی قەڵەو و رەشۆکی و گێل هاتە بەرچاو و لە رۆمانی (دۆرێتی بچووکدا) بووبە نموونەی (مۆدێل)



فلۆرا فینچینگ (Flora Finching). چارڵز دیکنز لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا داهاتی هەفتانەی پێنج گونەی(٥)(Guinea)بوو. چارڵز بۆ ئەوەی لە ئیدارەی رۆژنامەکە نزیک بێتەوە خانوویەکی لە یەکێک لە گەڕەکە پیسەکانی ناوچەی (سترێند)ی لەندەن پەیدا کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی بەدڵی نەبوو لە (میوانخانەی مرێنیوال) چەند ژوورێکی بێ قەنەفە و کەل و پەلی بەکرێ گرت. بەڵام بەر لەوەی راخەرو کەل و پەل بۆ ژوورەکان دابین بکات، سەرلەنوێ باوکی لەسەر قەرزداری بەندکرایەوەو ئەویش ناچار بوو بۆ مەسرەفی گوزەرانی باوکی لە بەندیخانەی قەرزدارەکان (٦)(Sponginghouse) پارە دابین بکات و لەبەر ئەوەی وا مەزەندە دەکرا کە بۆ ماوەیەک لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە چەند ژوورێکی هەرزانی بۆ خێزانەکەیان گرت و بۆ خۆی لەگەڵ فیردریکی برایدا کە مەسرەفی ئەوەشی لە ئەستۆدا بوو لە (حەوشە چۆڵە)کەی میوانخانەی فیرنیواڵ نیشتەجێ بوو. (تەنیا لەبەر ئەوەی کابرایەکی دڵاوابوو و دەست و دڵی باش بوو پیاوێکی یەک رەنگ بوو و وامەزەندە دەکرا کە ئەو جۆرە گرفتانە بە ئاسانی چارەسەر بکات، لەنێو خێزانەکەی خۆیداو دواتریش لەنێو خێزان و بنەماڵەی ژنەکەیدا ببووە باو کە چاوەڕوانی ئەوەی لێبکەن تا پارەو ئیش بۆ کۆمەڵێک مرۆڤی دەست و پێ سپی پەیدا بکات. ئەو جۆرە کەسانەی کە هەمیشە گەرەکیانە ببنە مشەخۆر بەسەر خەڵکانی ترەوە(*).) دوای ئەوەی کە دیکنز ماوەی نزیک بە ساڵێک دەبوو لە دەستەی نووسەرانی چاپەمەنیەکانی ئەنجوومەنی گشتی خەریکی کارکردن بوو، دەستی کرد بە نووسینی زنجیرە وتارێکی بە تام و چێژ دەربارەی ژیانی خەڵکی شاری لەندەن. لە پێشدا هێندێک لەو واتارانە لە گۆڤاری مانگانەی (Monthly Magazine)داو وتارەکانی دواتریشی لە (مۆرنێنگ کرونیکل)دا بە چاپ گەیشتن. بۆ نووسینی ئەم وتارانەی پارەیان نەدەدایە بەڵام سەرنجی خەڵکیان راکێشا. لەو سەردەمەدا رۆمانە پڕ لە رووداوو کۆمیدیەکان باو بوون هەر بەشێکیش لەو رۆمانانە لەگەڵ چەند وێنەیەکی پێکەنیناویدا و بە نرخی یەک شیلینگ، مانگێ جارێک بڵاودەکرانەوە. دەزگا بڵاوکەرەوەکان نووسەرە بەرجەستەکانیان دامەزراندبوو تا بابەتی پەیوەندیدار بەو وێنانە بنووسن. ئەو رۆمانە وێنەدارو کۆمیدیانە باو باپیری هەمان ئەم کاریکاتێرانەی ئەمڕۆی خۆمان بوون و وەکو ئەوانەی ئێستاش لەبەر

دلآن بوون. رۆژێکیان یەکێک لە هاوپشکەکانی کتێبخانەی چاپمەن و هاڵ (Chapman And Hall) هاتە لای چاڕلز و داوای لێکرد تا بەسەرهاتێک دەربارەی یانەیەک و وەرزشکارە زەوقییەکانی (ئاماتۆر (٧)) بنووسێ و ئەو بەسەرهاتەش هۆکارو پاڵنەر بێت بۆ کێشانی چەند وێنەیەک لەلای وێنەکێشێکی بەناوبانگ. ئەو کابرایە ئەم پێشنیارەی خستە بەردەم دیکنزو سۆزی دایە کە بۆ ئەو کارەی مانگانە چواردە لیرەی دەداتێ و لە فرۆشتنی کتێبەکانیش شتێکی پارە بۆ دەخاتە سەر مانگانەکەی. دیکنز بەرپەرچی ئەو پێشنیارەی دایەوە و گوتی کە من هیچ شتێک سەبارەت بە وەرزش نازانم و پێم وا نییە بتوانم چیرۆکێکی راسپێردراوی لەو بابەتە بنووسم. (بەڵام داهاتی ئەو کارە هێندە وروژێنەر بوو کە خۆڕاگری لە بەرامەبریدا مەحاڵ بوو.) ئێدی پێویست بەوە ناکات بڵێم کە قەت هیچ شاکارێکی تر بەم شەرت و شروتە نەنووسراوە. دەرەنجامی ئەم سەودایەش کتێبی (نامەکانی دوای مەرگی یانەی پیک ویک (٨))بوو. پێنج ژمارەی بەشی یەکەمی ئەو کتێبە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا بەڵام دوای ناساندنی سام ویلێر (پاڵەوانی سەرەکی کتێبەکە) رێژەی فرۆشتنی بەرزبۆوەو کاتێک ئەم بەرهەمەی لەسەر شێوەی کتێب بڵاوبۆوە تەمەنی دیکنز بیست و پێنج ساڵان و بەناوبانگیش بوو. هەروەها چونکە رەخنەگران لەڕادەربڕین سەبارەت بەم بەرهەمەی خۆیان بوارد ناوبانگ و متمانەی دیکنز زیادی کرد. جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێین کە کاتێک گۆڤاری کوارتێرلی ریۆیۆ(Quarterly Review) باسی دیکنز دەکات دەڵێ: (پێویست بەوەناکا کە مرۆڤ توانای پێشبینی کردنی هەبێت تا پێشتر چارەنووسی دیاری بکات، ئەو وەکو پووش زوو گڕی گرتووەو زۆر زووش دادەمرکێتەوە.)

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لە سەرانسەری ژیانی ئەدەبی دیکنزداو لەو کاتانەدا کە خەڵک کتێبەکانی ئەویان لە هەوادا دەقۆزتەوە، رەخنەگران کەموکوڕی نووسینەکانیان دەستنیشان دەکرد. ئەمەیە مایەپووچی ئەو رەخنەیەی کە لە سەردەمی ژیانی نووسەراندا لە بەرهەمەکانیان دەگیرێت. لە ساڵی (١٨٣٦داو دوو سێ رۆژ بەر لەوەی یەکەم بەشی چیرۆکی (نامەکانی پیک ویک) بڵاوبکرێتەوە، چاڕلز دیکنز لەگەڵ (کیت)ی کچە گەورەی (جۆرج هۆگارت)دا زەماوەندی کرد. هۆگارت یەکێک بوو لە هاوکارەکانی لەو



رۆژنامەیەدا کە کاری تێدا دەکرد. جۆرج هۆگارت باوکی شەش کوڕو هەشت کچ بوو. کچەکانی خەپلەو چاوزەردو سوورو سپی بوون و لەنێویاندا تەنیا کیت وەختی مێردکرنی هاتبوو. چاڕلز و کیت لە دوای بەسەر بردنێکی کورت لە مانگی هەنگوین لە میوانخانەی فرنیواڵ نیشتەجێ بوون و داوایان لە خوشکە شۆخ و شەنگەکەی کیت واتە ماری هۆگارت کرد تا بێتە لایان و لەگەڵ ئەواندا ژیان بەسەر ببات. ماری تەمەنی شازدە ساڵ بوو، چاڕلز دڵی پێوەنوساو کاتێک کە کیتی هاوسەری سک پڕبوو و نەیدەتوانی لەگەڵ دیکنزدا بچێتە پیاسەو سەیران، ماری بەردەوام یارو یاوەری دیکنز بوو. دیکنز بۆندێکی مۆر کردبوو تا رۆمانێکی تر بە ناوی (ئۆلیڤێر تویست) بنووسێ و هەر لەو سەروبەندەدا کە خەریکی نووسینی (نامەکانی پیک ویک) بوو، نووسینی ئۆلیڤێر تویستیشی دەست پێکرد، بڕیار وابوو ئەو رۆمانەش بەش بەش و مانگانە بڵاوبکرێتەوە هەربۆیەش دیکنز دوو هەفتە خەریکی نووسینی یەکێکیان دەبوو دوو هەفتەی دیکەش رۆمانەکەی دیکەی دەنووسی. زۆربەی رۆماننوسان ئەو دەمەی کە پاڵەوانەکانیان سەرنجیان بەرەولای خۆیان راکێشاوە هێندە بەلای ئەو کارەکتەرانەدا پەلکێش دەکرێن کە بەبێ هەوڵ و تەقەلای (ئیرادە) دووبارە ئەو بیرۆکە ئەدەبیانەی کە لە مێشکیاندا گەڵاڵە بووە دەیانخەنەوە نێو (دەروونی بێ ئاگای خۆیان). مەسەلەی بازدانی دیکنزیش لە چیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی تر وا بە ئاسانی، کارێکی گەورەو نائاسایی و سەر سوڕهێنەر بوو. (کیت)ی هاوسەری چاڕلز منداڵی بوو و لەبەر ئەوەی وا مەزەندە دەکرا منداڵی تریشی ببێ ماڵەکەیان گواستەوە بۆ خانووێک لە گەڕەکی (داوتی)و (ماریشیان) لەگەڵ خۆیاندا برد. ماری (ژن خوشکی دیکنز) رۆژ بە رۆژ شۆخ و شەنگ و جوانتر دەبوو، لە یەکێک لە شەوەکانی مانگی ئایاردا دیکنز کیت و ماری بردە سەیرکردنی شانۆ و زۆر بەخۆشیان رابواردو بە دڵێکی خۆشەوە گەڕانەوە ماڵێ. بەڵام لە پڕ ماری نەخۆش کەوت و خێرا بە دوای دوکتۆریاندا نارد بەڵام لە پاش دوو سەعاتان ماری مرد. دیکنز ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەرهێناو لە قامکی خۆی کرد. ماری هەتا مردیش ئەو ئەنگوستیلەیەی لە پەنجەدا بوو. مردنی ماری خەم و کەسەرێکی زۆری لەسەر دڵی دیکنز بەجێهێشت و هەر لە پێی خست. دوای ماوەیەک لە دەفتەری بیرەوەریەکانی رۆژانەیدا نووسی: (ئەگەر ئەو هاودەمە

خۆشەویست و دڵفڕێنە کە لە هەموو کەس پتر بیرو هەستی منی خۆشدەویست ئێستا لەگەڵماندا بوایە، پێم وانییە کە جگە لە بەردەوام بوونی ئەو بەختەوەریە شتێکی ترم بویستایە. بەڵام ئیتر ئەو مردووەو داوا لە خودا دەکەم کە رۆژێک دابێت و بە لوتف و بەزەیی خۆی بم گەینێتە لای ماری). لە دوای مردنی ماری، دیکنز کارەکانی وا رێک خست کە لە پاش مردنی لە تەنیشت ماری بنێژرێت. هەروەها مردنی ماری کاریگەرییەکی سەختی کردەسەر کیتی هاوسەری و تووشی داچڵەکانی رۆحی هات و منداڵەکەی نێو سکی لەبەرچوو. دیکنز دوای ئەوەی کە تارادەیەک هاتەوە سەرخۆ، بەمەبەستی لەبیر بردنەوەی کارەساتی مەرگی ماری و هێور بوونەوەی باری دەروونی خۆی و کیتی هاوسەری، گەشتێکیان بۆ دەرەوەی وڵات کردو هەتا هاوین داهات باری رۆحی و دەروونی چارڵز وا هاتبۆوە جێی خۆی کە توانی ئەویندارییەکی پڕ لە هەراو هۆریا لەگەڵ (ئیلینۆر پ.) ناوێکدا بکات. ژیانی نووسەرێک کە بە سەرکەوتن گەیشتووە بە گشتی سەرنج راکێش نییە، چونکەشێوازی یەک بابەتیانەی هەیەو پیشەکەی نووسەر ناچار دەکات کە چەند کاتێکی دیاریکراو بۆ کارەکەی تەرخان بکات و بەردەوامیەکی ئاسایی لە ژیانیدا بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە لەگەڵ دۆخی دا گونجاو بێت و لەگەڵ خەڵکانی بەناوبانگی سەردەمی خۆیدا وەکو: نووسەران و هونەرمەندان و کەسانی رۆشنبیردا پەیوەندی دروست بکات و دەچێتە میوانداریەکان و میوانداری ساز دەکات. هەروەها ئافرەتانی خاوەن پلەو کەسایەتی حەزیان بۆی دەبزوێت و دەبنە دڵسۆزی و دەچێتە گەشت و سەیران و لە کۆڕە گشتییەکاندا ئامادە دەبێت. ئەم جۆرە ژیانە بە مانا فراوانەکەی، شێوازی ژیانی دیکنز بوو. ئەو خاوەنی سەر کەوتنێک بوو کە کەمتر نووسەرێک ئەو سەرکەوتنە دەبێتە بەشی. دیکنز هەمیشە شەیدای شانۆگەری بوو و جارێکیان هەر بەراستی کەوتە بیری ئەوەی کە نمایشێکدا بەشداری بکات. رۆڵی ئەکتەرەکانی لەبەر دەکردو لە ئەکتەرێکی شانۆوە فێری (شێوازی دەربڕین) دەبوو و لەبەرە ئاوێنە پڕۆڤەی دەکرد کە چۆن چۆنی بێتە ژوورێ و لەسەر کورسی دانیشێ و سەری رێز دانەوێنێ. ئەم مەشق و رازاندنەوانە کاتێک چوونە نێو (جیهانی مۆدە) وە بە کەڵکی هاتن. کەسانی وردبین بڕوایان وابوو کە دیکنز کەمێک بێ زەوقە و شێوەی جل و بەرگەکەی نالەبار. بەڵام ئەو بەسەرو سەکوتە رێک و پێکەی و



تیشکی چاوانی و جوڵەو قسەی خۆش و ناوبانگەکەی و پێکەنینە شادەکەی، سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشا. ئەو ستایشە زۆرەی خەڵک واقی وڕماندبوو بەڵام نەشڵەژاو خۆی بزر نەکردبوو و هەروەکو جاران پشوو درێژو خۆڕاگربوو. ئەوەی کە جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە دیکنز لەگەڵ ئەوەشداکە خاوەنی هێزی (دید)ی زۆر بوو و بە درێژایی ئەو رۆژگارە لەگەڵ خاوەن پلەو کەسایەتییەکانی کۆمەڵگادا ببووە خۆمانە، بەڵام قەت نەیتوانی ئەو خەڵکانە بکاتە نموونە لە رۆمانەکانیدا و چەند ئەکتەرێک بخولقێنی کە خوێنەر بە تەواوەتی بوونیان باوەڕ بکات. هەروەها پزیشک و قەشەکانی نێو رۆمانەکانی ئەو رەنگ و بۆنەیان نییە کە پارێزەر و سکرتێرەکانیان و هەژارە بێ بەشەکان لە ماف و جیاو کە کۆمەڵایەتییەکان هەیانە. دیکنز ئەو دەمەی کە لە نوسینگەی پارێزەرێک کاری دەکرد، پارێزەر و سکرتێرەکانیانی ناسیبوون و پێیان ئاشنابیوو و سەردەمی منداڵیشی لەنێو هەژارو لێقەوماواندا بەسەر بردبوو. وا پێدەچێ کە رۆماننوس دەتوانێ تەنیا ئەو جۆرە کەسانە بە باشی بناسێ و بیانکاتە سەر مەشق و نمونەی ئەو بوونەوەرانەی کە خولقێنراوی هێزی داهێنان و ئەفراندن خۆنی و دەتوانێت بە باشی سوودیان لێوەرگرێت کە لە سەرەتای ژیانیدا ناسیونی و لێیان نزیک بووە و پەیوەندی لەگەڵیان دا هەبووە.ساڵی منداڵێک و کوڕیژگەیەک یەکجار زۆر درێژترە لە ساڵی پیاوێک باڵق و کامڵ و بەم شێوەیەشە کە منداڵ کەرەستەیەکی بەردەوامی پێیە تا بەهۆیەوە بتوانێت لە شێوازی بیرکردنەوەو دۆخی تایبەتی ئەو خەڵکە ئاگادار ببێتەوە کە ژینگەو دەوروبەری پێک دەهێنن. منداڵ ئەو خەڵکەی کە لە دەوروبەری دەژین لە (دەروونیەوە)دەناسێت، ئەمە لە کاتێکدایە کەدواتر و پاش گەورەبوونی بەو خەڵکانە تەنیا لە (دەرەوە)ی ئاشنا دەبێت و هەر بۆیەشە کە ئەو (کەرەستەیە) لە دەست دەدات کە دەتوانێت بەهۆیەوە لەو جۆرە کەسانە مرۆڤی دروست بکات لە رۆمانەکانیدا. ئەمە، یەکێکە لە زیانەکانی سەرکەوتن کە ئەگەری ئەوە زۆرە نووسەر نووقمی دنیایەکی تر بکات کە لە دنیای خۆی جیاوازە، ئەو دنیایەی کە: ( نووسەر قەت ناتوانێ وەکو ئەو کەسانەی بناسێت کە تێیدا لەدایکبوون و پەروەردە کراون و کاتێک (سەرکەوتن) نووسەری لە دنیای خۆی پچڕیەوە، راستەقینەترین سەرچاوەی ئیلهامی خۆی لێدەستێنێ. بەڵام لەم رووەوە دیکنز بەختەوەربوو. هۆیەکەشی

ئەوەبوو کە لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیدا زانیاریەکی فراوانی دەربارەی مرۆڤەکانی دنیای خۆی هەبوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە هەمیشە دەرەقەتی ئەو کارە دەهاتو دەیتوانی ئەو کەسانەی کە دەیەویت بە شێوازی تایبەتی خۆیو بە مەبەستی کەڵک وەرگرتنی ئەدەبی بەکاریان بهێنێت لەنێو ئەو ژن و پیاوانە جیایان بکاتەوە کە دواتر پێیان ئاشنابوو. دیکنز کابرایەکی زۆر سەرقاڵ بوو و ساڵانێکی دوورودرێژ، زۆر لە پێش ئەوەی ئەو کتێبە تەواو بکات کە لەبەر دەستی دایە،، دەستی بە نووسینی کتێبێکی دیکە دەکرد. چارڵز ئەو بەرهەمانەی خۆی بۆیە دەنووسین کە خەڵک چێژیان لێوەرگرێت و هەربۆیەش بەردەوام ئاگاداری کاردانەوەی خەڵک بوو لەمەڕ بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لە گۆڤارە مانگانەکاندا، ئەو چیرۆکە بەشانەی کە زۆربەی رۆمانەکانی لەسەر ئەو رەوتە بڵاوکراونەوە. هەروەها ئاماژە کردن بەو خاڵەش گرنگە کە تاکو فرۆشتنی کتێبەکەی رووەو کەمی نەچوو و دەری نەخست کە بەشەکانی وەکو جاران دڵگیر و سەرنج راکێش نین، نیازی نەبوو (مارتین چوزیڵ ویت(٩)) بنێرێتە ئەمریکا. دیکنز لەو جۆرە نووسەرانە نەبوو کە بەردڵ کەوتنی بەرهەمەکانیان لەنێو جەماوەردا بەمایەی شەرمەزاری دەزانن و ئەو زەحمەتە زۆرەی کە بۆ نووسینی ئەو هەموو بەرهەمە دەیکێشا هێزو توانای وی لە بن نەدەهێنا. دیکنز لە ماوەی ژیانیدا سێ گۆڤاری هەفتانەی دامەزراند کە بۆ خۆی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەریان بوو. دیکنز وەکو چۆن بەخەستی کاری دەکرد بە هەمان شێوەش دەچووە گەشت و سەیران و برینی بیست میلی بە پێیان لە رۆژێکدا پێ چ نەبوو، سواری ئەسپ دەبوو، سەمای دەکرد و قسەی خۆش و نەستەقی دەکردن و بۆ خافڵاندن و دڵخۆشی منداڵەکانی شتی سەیرو سەمەرەی دەکرد، بەشداری لە داوەت و نمایشە ئاماتۆریەکان دا دەکرد، وتاری دەخوێندەوەو میوانداری پڕ مەسرەفی ساز دەکردن. دیکنزەکان (بنەماڵەی چارڵز دیکنز) هەر کە هەل و مەرجی گونجاورێگای پێدان ماڵیان گواستەوە بۆ گەرەکێکی خۆشترو بەمەبەستی رازاندنەوەی دیوەخان و ژووری نووستن کۆگا بازرگانییە بەناوبانگەکانیان راسپارد تا قەنەفەو کەلوپەلی تری ناوماڵیان بۆ بنێرێ. مافووری ئەستووری (مەخمەری نەرم) لە ژوورەکاندا راخران و پەردە گوڵدارەکان پەنجەرەکانیان رازاندنەوەو چێشت لێنەرێکی باش وسێ کارەکەرو خزمەتکارێکیان لە کنە خۆیان



دامەزراند. خوانی ئێوارەیان بۆ پیاوە گەورەو نەجیب زادەکان ساز دەکرد. سیمای ژیانی دیکنز کەمێک هاوسەری (تۆماس کالایل)ی ناڕەحەت کردو لۆرد جێفری نامەیەکی بۆ لۆرد کۆکبێرنی هاوڕێی نووسی و تێیدا باسی ئەوەی کرد کە لە ماڵە نوێیەکەی چارڵز دیکنز نانی ئێوارێی خواردووە (ئەو نان خوارنەش بۆ پیاوێک کە بەخێوکردنی رەشە خێزانێکی بەملەوەیەو تازە خەریکە دەوڵەمەند دەبێت تا ئەندازەیەک زۆری تێچووبوو.) ئەمانە هەمووی پارەی تێدەچوو بەڵام ئەو مەسرەفی دیکەشی بەملەوە بوو: باوکی و هەموو ماڵ و منداڵەکەی بژێوی ژیانیان لە ئەستۆی دیکنزدابوو و مشەخۆری بوون. یەکێک لەو کارانەی ئەو پیرەمێردە (باوکی) دەیکردو کوڕە بەناوبانگەکەی پێی قەڵس دەبوو ئەوە بوو کە لە سەر حیسابی وی پارەی قەرز دەکردو نوسخە دەستنووسەکانی دەفرۆشت. سەرەنجام دکینز ئەو قەناعەتەی لا دروست بوو کە هەتا ماڵ و منداڵی باوکی لە شاری لەندەن نەباتە دەرێ پاروەنانێکی بە ئاسوودەیی لە قورگی ناڕواتە خوارێ. هەربۆیەش، سەرەڕای نەقایل بوونیان، خانوویەکی لە (ئالفینگتۆن) نزیک ئەکیتێر بۆ گرتن و بردنیە ئەوێ. یەکێک لەو هۆیانەی کە دیکنز یەکەم گۆڤاری خۆی بەناوی (سەعاتی دیاری میستەر هام فریی) دامەزراند ئەوەبوو کە تۆزێک لەو مەسرەفە زۆرەی رۆژانەی کەم بکاتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی کە هەر لە سەرەتاوە گۆڤارەکە سەرکەوتن بەدەست بێنێت چیرۆکی (دوکانی دەلاڵخانە کۆنەکە)ی تێدا چاپ و بڵاوکردەوە. سەرکەوتنی ئەو کتێبە بە جۆرێکی وا مەزن و بەرچاو بوو کە دێڤید ئۆکۆنۆل و ساراکۆلریج و لۆورد جێفری و کارالایل بە سەختی کەوتنە ژێر کاریگەری چۆنیەتی نەرم و نیانی ئەو کتێبەوە. خەڵک لە لەنگەرگای نیۆیۆرک کۆدەبوونەوەو بەدەنگی بەرز لەو گەشتیارانەیان دەپرسی کە لەنێو ئەو کەشتیانەدابوون و لە بەندەر نزیک دەبوونەوە:

(نێڵ بچکۆلە مرد(١٠)؟). لە ساڵی (١٨٤٢)دا میستەر و خاتوو دیکنز لە کاتێکدا کە چوار منداڵەکانیان بە (جێورجینا هۆگارت)ی ژن خوشکی چارڵز دیکنز سپاردبوو، چوونە ئەمریکا. لەوێ ئەو پێشوازیە گەرم و گوڕەی کە لە دیکنز کرا نەپێشتر لە هیچ نووسەرێک کرابوو نە دواتریش کراوە. بەڵام ئەو گەشتەی دیکنز بۆ ئەمریکا لە سەدا سەد سەرکەوتوو نەبوو. سەد ساڵ لەمەوپێش وێڕای ئەوەی کە خەڵکی ئەمریکا بە

تەواوی ئامادەبوون تا هەر شتێک کە پەیوەست و پەیوەندداره بە ئەوروپاوە بچووک و بێ بایەخی بکەن، بەڵام سەبارەت بە هەر رەخنەیەک کە لە خۆیان دەگیرا لە رادەبەدەر هەستیار بوون. سەد ساڵ لەمەوپێش چاپەمەنییەکانی ئەمرکیا بێ بەزەیی بوون لە سنوور بەزاندنی ژیانی هەر مرۆڤێکی چارەرەش کە (سەرچاوەی هەواڵ) بوایە. سەد ساڵ بەر لە ئێستا پروپاگەندەکەران گەشتیارە بەرجەستە بیانییەکانیان بە هەڵێکێ خودایی لە قەڵەم دەداو ئەو گەشتیارانە کاتێک بێ مەیلیان دەنواند تاوەکو مەیمونێکی باخچەی ئاژەڵان هەڵسوکەوتیان لەتەکدا بکرێت، بە مرۆڤی خۆ بەزل زان و لووت بەرزیان دەزانین.

سەد ساڵ پێش، هێشتا ئەمریکا وڵاتێک بوو کە ئازادی بیروڕای تێدابوو، بەڵام تا ئەو کاتەی کە ئەو کەسە هەستی خەڵکانی تر بریندار نەکات یان زەرەر بەرژەوەندییەکانی خەڵک نەگەیەنێ، ئەمریکا شوێنێک بوو کە هەموو کەسێک تێیدا مافی ئەوەی هەبوو کە بیروباوەڕی تایبەت بە خۆی هەبێت بەڵام بەو مەرجەی لەگەڵ بیروباوەڕی هەموو خەڵکانی تردا یەک بگرێتەوە. چارلز دیکنز لە هەموو ئەو شتانە بێ ئاگابوو هەربۆیەش دووچاری هەڵەی گەورەو دزێو بوو. لە دەستدانی (مافی لە چاپدانی نێو دەوڵەتی) نووسەرە بەریتانییەکانی نەک هەر تەنیا لە هەموو قازانجێک بێ بەش دەکرد کە لە فرۆشتنی کتێبەکانیان بە دەستیان دەکەوت (واشنتۆن ئیرڤینگ دەیگوت: کارێکی پەسند نییە کە ئەوانەی خاوەنی تاجی شانازین رێگەیان پێ بدرێت تا لە تاجەکانیان داوای رزق و رۆزی بکەن) بەڵکو زیانێکی گەورەشی بە نووسەرە ئەمریکاییەکان دەگەیاند.چونکە لەچاپدانی بەرهەمەکانی نووسەرە بەریتانییەکان بە بێ وەرگرتنی رەزامەندیان شتێکی زۆر ئاسایی بوو و کتێب فرۆشە ئەمریکاییەکان ئەو بەرهەمانەیان لە چاپ دەداو بڵاویان دەکردنەوەو هیچی پارە تێ نەدچوو و گوێیان نەدەدایە بەرهەمی نووسەرە ئەمریکاییەکان چونکە لەچاپدانیان پارێزراوبوو بۆ خاوەنەکانیان و دەبوایە پارەیان بدەنێ. بەڵام ئەمە لە نەزانی دیکنز بوو کە لە وتارەکانیدا ئەم بابەتەی خستەڕوو. دیکنز ئەم وتارانەی لەنێو ئەو حەشامەتە دەدان کە بۆ رێز لێنانی وی خوانیان ساز کردبوو. ئەم مەسەلەیەش کاردانەوەی توندی لێکەوتەوەو رۆژنامە ئەمریکایەکان بەم شێوەیە وەسفی دیکنزیان کرد: (ئەو بە هیچ جۆرێک بەڕێز نییە، بەڵکو پارە پەرستێکی مایەپووچە.( سەرەڕای ئەوەی کە



ستایشکەرانی دیکنز لە شاری فیلادلفیا لە دەوری کۆبونەوەو ئەویش ناچاربوو دوو سەعاتی تەواو تەوقەیان لەگەڵدا بکات و خوازیارانی یادگاری هێندەیان پارچە لە چاکەتە حەریرەکەی دادڕی لە تووکوتیان کرد، بەڵام سەرکەوتنەکەی وی کامڵ نەبوو. راستەکە زۆربەی ئەو خەڵکە خۆشیان دەویست و سەرو سەکوت و لاوێتی و گورج و گۆڵی و زەردەی سەرلێوانی سەرنجی ئامادەبوانی راکێشابوو، بەڵام بەشێکی زۆریش لەو بڕوایەدا بوون کە سەروسەکوتی ژنانەیەو جل و بەرگ و ئەنگوستیلەو دەرزیە ئەڵماسەکانی بەرۆکی شتێکی هەرەمەکی و بێ بایەخن و هەڵسوکەوتی دوورە لە رەوشت بەرزی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا توانی لە ئەمریکا چەند هاورێییەکی باش پەیدا بکات کە هەتاکو رۆژی مردنی ئەو پەیوەندیە پڕ لە سۆز و خۆشەویستیەی نێوانیان بمێنێتەوە. سەرەنجام لە دوای چوار مانگی پڕ لە رووداو بەڵام بێزارکەر، چارلزو خاتوو دیکنز گەڕانەوە بەریتانیا. لەو ماوەیەدا منداڵەکانیان هۆگری پوورە جیۆرجینایان ببوون و گەشتیارە ماندووەکانیش تکایان لە جیۆرجینا کرد تا لەلایان بمێنێتەوە. جیۆرجینا تەمەنی شازدە ساڵان بوو و لە تەمەنی ئەوسای ماری دا بوو، یانی ئەو سەردەمەی کە ماری چووە (میوانخانەی فرنیوال) تا لەگەڵ کیتی خوشکی و مێردەکەیدا ژیان بەسەر ببات. جیۆرجینا هێندە بە ماری خوشکی دەچوو کە لەوانەبوو مرۆڤ لە دوورەوە لێ تێک چێ و وابزانێ ماری یە. کیت چاوەڕوانییەکی تری بچووکی دەکرد. جیۆرجینا هۆگارت شۆخ و شەنگ و جوان و بێ فیز و دەعیەبوو، بۆ لاسایی کردنەوە توانایەکی ئەوتۆی هەبوو کە دەیتوانی دیکنز لە سەرپشت بخات بە پێکەنین. دیکنز کە بەردەوام ماری بە بەشێک لە بوونی خۆی دەزانی و دەیگوت: (ماری وەکو ترپەکانی دڵمە). دوای ماوەیەکی کەم رۆحی ماری لە جیۆرجینای ژن خوشکی دا بەرجەستە کردو وای هەست کرد کە رۆژگاری رابردوو دەگەڕێتەوە. (بە جۆرێک کە بە زەحمەت دەتوانرێت رابردوو لە ئێستا جیابکرێتەوە(١٢). دیکنز ئەوەندەی تامی هەژاری و بەدبەختی و دەستکورتی چەشتبوو کە وەختێک گەیشتە ژیانی خۆش و رازاوە، نەیتوانی دەستی لێ هەڵگرێت. دەرەنجامەکەشی ئەوەبوو کە هەر لەو سەروبەندەی باسەکەی ئێمە دا خۆی زۆر بە قەرزداری بینی، بڕیاری دا خانووەکەی بە کرێ بدات و بەمەبەستی دەست پێوەگرتنی خەرجییەکانی بچێتە ئیتاڵیا. ساڵێک لە

ئیتالیا مایەوەو زۆربەی کاتەکانیشی لە (جێنۆڤا) بەسەربرد. لەو نیمچە دوورگەیەدا گەشت و سەیرانێکی زۆری کرد بەڵام لەو گەشتەیدا بۆ ئیتالیا مێشکی هێندە سنووردارو ئەوەندەی کەم کتێب خوێندبۆوە کە گەشتەکەی هیچ کاریگەرییەکی رۆحی و مەعنەوی نەکردە سەری و نموونەی گەشتیارێکی ئینگلیز بوو. لەلایەکی تریشەوە هەر لەو گەشتەیدا لەگەڵ خاتوو (دۆلارۆ) ناوێک ناسیاوەتی پەیدا کرد. ئەو ئافرەتە هاوسەری خاوەن بانقێکی سویسرابوو و لە جێنۆڤا دەژیا. وەکو دەگێڕنەوە خاتوو دۆلارۆ دووچاری خەیاڵی پووچ و خورافیات ببوو، دیکنزیش زۆری حەز لە نواندنی موگناتیسی (هیپنۆتیزم)بوو و لەو بڕوایەدابوو کە دەتوانێت لەو رێگایەوە چارەسەری نەخۆشییەکەی ئەو ئافرەتە بکات. دیکنزو خاتوو دۆلارۆ هەموو رۆژێ و جاری واش هەبوو رۆژێ دوو جار یەکتریان دەبینی و ئەم مەسەلەیەش کیتی هاوسەری دیکنزی زۆر نارەحەت کردبوو. لە گەشت و سەیرانەکانی دەرەوەی شاردا، بنەماڵەی دۆلارۆ بەخاوو خێزانەوە رەگەڵ خێزانی دیکنز دەکەوتن و چارەسەرییەکانی دیکنز کاری خۆی کردو خاتوو دۆلارۆ چاک بۆوە. بەڵام کیت کاتێک ئەو دڵەڕاوکێیەی لە کۆڵ بۆوە کە لەگەڵ مێردەکەی گەڕایەوە بۆ بەریتانیا. کیت ژنێکی بێ دەنگ و حاڵەتێکی بێ تاقەتی و خەمۆکی پێوە دیاربوو و کەمتر لەگەڵ مێردەکەیدا دەگونجا. ئەو حەزی لەو گەشتانە نەدەکرد کە دیکنز لەگەڵ خۆیدا دەیبرد و نە ئەو سەردانانەی بە دڵ بوو کە لەگەڵیدا دەیکردن تەنانەت کەیفی بەو میوانداریانەش نەدەهات کە تێیاندا رۆڵی ژنی خانەخوێی دەگێڕا. کیت بە ئافرەتێکی مردەلۆغەو تۆزێکیش گێل دەهاتە بەرچاو. هەروەها ئەگەری زۆریش هەیە کە ئەو پیاوەگەورەو خانەدانانەی کە تامەزرۆی بینینی دیکنز بوون وناچاردەبوون رووبەڕووی ئافرەتێکی وا ساردو سڕ ببنەوە زۆر نارەحەت دەبوون. زۆر جاریش هێندێک لەو کەسانە لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ لای دیکنز وا مامەڵەیان لەگەڵ کیت دا دەکرد کە هەروەکو بوونیشی نەبێت ئەمەش کیتی زۆر ئازار دەدا. ژنی پیاوێکی گەورەو ناودار بوون کارێکی ئاسان نییە. ئەگەر ئەو ژنە لە کاتی قسەکردن و هەڵسوکەوتدا زەینی رۆن نەبێت و خەسڵەتی چاک و سروشتێکی رێک و پێکی نەبێت ناتوانێت لە عۆدەی ئەو کارەبێت. ئەگەر ئەو خەسڵەتانەی باسم کردن هەر تێیدا نەبن (هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستدا نییە کە (کیت) یەکێک لەو خەسڵەتانەی



تێدا بوو بێت) کەواتە هەر نەبێ پێویستە مێردەکەی خۆی خۆشبوێت. پێش ناچێت کە کیت قەت عاشقی دیکنز بووبێت. نامەیەک لەبەر دەستدایە کە ئی سەردەمی دەزگیرانەتیانەو دیکنز بۆ کیتی نووسیوە و تێیدا سەرزەنشتی دەکات لەبەر ساردی و سڕی. رەنگە هۆی ئەوەی کە کیت رازی بوو ببێتە هاوسەری دیکنز ئەوە بێت کە لەو سەردەمەدا تەنیا کارێک کە ئافرەتێک دەیتوانی بیکات شووکردن بووبێت، یان رەنگە هۆیەکی تری ئەوە بوو بێت کە لە هەر هەشت کچەکانی باوکی تەنیا ئەو کاتی شووکردنی هاتبێت و دایک و باوکی گوشاریان بۆ هێنابێت تا ئەو پێشنیارە قبووڵ بکات کە (پاشەڕۆژێکی گەش) دەبێتە بەشی. کیت بوونەوەرێکی خشتیلەو بە سۆزو خێرخوازو شەریف و نەجیب بوو، بەڵام نەیدەتوانی داخوازییەکانی پلەوپایەو شکۆی مێردەکەی جێبەجێ بکات. لەلایەکی ترەوە جیۆرجینا خەریک بوو ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە کە سەردەمێک ماری خوشکی داگیری کردبوو. دیکنز بە تێپەڕبوونی کات پتر لە جاران پشتی پێ بەست، پێکەوە دەچوونە گەڕان و سەیران و گەشتی دوورو درێژیان پێکەوە دەکردو دیکنز بۆی باسی پلان و نەخشە ئەدەبییەکانی خۆی دەکردو جیۆرجیناش رۆڵی سکرتێری دەگێڕا. جارێکیان پاش ئەوەی کە دیکنز روون ببۆوە کە ژیان لەدەرەوەی وڵات چەندە خۆش و شیرینەو (لەقازانجەوە نزیکە کەوتبووە بیری ئەوەوە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە وڵاتانی تری ئەوروپادا ژیان بەسەرببات.

لە یەکێک لە گەشتەکانیدا جیۆرجینا وەکو ئەندامێکی خێزانەکەیان لەگەڵیان چوو بۆ ئیتالیا و پاشان بۆ لۆزان و لۆنی و پاریس و جارێکیان کەوا بە نیازبوون ماوەیەکی زۆر لە شاری پاریس بمێننەوە جیۆرجینا بە تەنیا لەگەڵ چارلزدا چووە ئەوێ تا خانووێک پەیدا بکەن و لەو ماوەیەشدا کیت لە بەریتانیا چاوەڕوانیان بوو تا وای لێهات هەموو شتێکیان بۆ دەستەبەر کرد. هەر وەختێک کیت منداڵی بە زگ بکەوتایە دیکنز لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ گەشتە کورتەکان و زۆر جاریش لە بری کیتی خوشکی پێشوازی لە میوانان دەکرد. مرۆڤ وا مەزندە دەکات کە دەبێ لە مبارەیەوە کیت نیگەران بووبێت و دڵی رەنجابێت، بەڵام پێناچی وابوو بێت. ساڵەکان یەک لەدوای یەک دەهاتن و تێدەپەڕین، لە ساڵی (١٨٥٧)دا تەمەنی چارلز دیکنز خۆی لە چل و پێنج ساڵ دابوو.

ئەو لە هەموو نووسەرە ئینگلیزەکان پتر لەبەر دڵان بوو. جگە لەمەش خاوەنی ناوبانگ و پێگەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بوو و رۆڵی بەرچاوی دەگێڕا لە رێکخستنەوەو مەسلەتی خەڵک. ئەم بابەتەی دواییش شتێک بوو کە غەریزەکانی هونەرمەندی وی رازی دەکرد. منداڵەکانی گەورە ببوون کە رووداوێکی پێشبینی نەکراو روویداو. دیکنز هەمیشە حەزی دەکرد لە سەر تەختەی شانۆ رۆڵ ببینێت و چەندەها جار لە نمایشە ئاماتۆرییەکان و بەمەبەستی خێرخوازانە وەکو ئەکتەر بەشداری کردبوو. ئا لەم کاتەدا داوایان لێکرد تا لە شانۆگەری قوولاییەکانی بەستەڵەکدا (The Frozen Deep) وەکو ئەکتەرێک؛ بەشداری بکات و شانۆگەرییەکەش لە شاری(مانچستێر) نمایش دەکرا. (ویلکی کولنز) بە هاوکاری خودی دیکنز ئەو شانۆگەرییەی نووسیبوو و پێشتر لە بەرامبەر شاژن و هاوسەرەکەی و پاشای بەلجیکادا زۆر سەرکەوتوانە نمایش کرابوو. لەو شانۆگەرییەدا دیکنز ریشی هێشتبۆوە تا رۆڵی دۆزەرەوەیەکی لەخۆبوردوی جەمسەری باکوور بگێڕێ، بۆ خۆی زۆری حەز لەو رۆڵە دەکردو ئەوەندەش بە تامەزرۆیی و هەست بزوێنی گێڕایی کە هەموو ئامادەبوانی هێنایە گریان. بەڵام کاتێک قایل بوو تا لە شاری مانچستەریش هەمان رۆڵ ببینێ، بڕیاری دا رۆڵی کچەکانی کە پێشتر لەو شانۆگەریەدا بەشداریان کردبوو بداتە ئەکتەرە پیشە گەرەکان چونکە پێی وابوو کە کچەکانی ناتوانن لە هۆڵێکی وا گەورەدا وەکو جاران و لەنێو ئەو هەموو حەشامەتەدا بەسەرکەوتوویی رۆڵەکانیان بگێڕن، هەربۆ ئەم مەبەستەش ئەکتەرێکی ژنی دامەزراند بە ناوی (ئێلین تیرنام). دیکنز ئەو ئافرەتەی چەند مانگێک لەوەوپێش لە شانۆگەری (ئاتلانتا) دابینی بوو و کاتێک دیکنز چووبووە ژووری ئارایش (جل و بەرگ) دیتبووی کە ئێلین دەگریاو کاتێک هۆیەکەی لێپرسیبوو گوتبووی چونکە ناچارە پەیتا پەیتا لاق و لەتەری خۆی نیشانی ئامادەبوان بدات و ئەو شەرم و حەیایەی ئێلین سەرنجی دیکنزی راکێشابوو. ئێلین تیرنای تەمەن هەژدە ساڵان، وردیلەو شۆخ و شەنگ و چاو جوان بوو. پڕۆڤەکردن لە ماڵی دیکنز ئەنجام دەدراو دیکنز بۆ خۆی رێنوێنی دەکردو زۆری ئەو هەڵسوکەوتە پڕ لە ستایشەو نیگەرانییەو نەرمی نواندنە پێخۆشبوو کە ئێلین بۆ رازی کردنی وی دەینواند. بەر لە کۆتایی هاتنی پڕۆڤەکردنەکان دیکنزببووە عاشقێکی سەوداسەری ئێلین و بازنەیەکی بە دیاری دایە بەڵام بە هەڵە بۆ



کیتی هاوسەریان رەوانەکردبوو. ئاشکراشە کە کیت هەرایەکی گەورەی نابۆوە. بەڵام واپێدەچێ کە دیکنز شێوازی کەسێکی دڵساف و بێ تاوانی گرتبێتەبەر کە هەستی رۆشاوەو ئەمەش ئەو شێوازەیە کە مێردێک لە هەلومەرجێکی وا ئاڵۆزو نالەباردا بە باشترین شێوازی هەڵسوکەوت کردنی دەزانێ لەگەڵ ژنەکەیدا. بە کورتی شانۆگەری دەستپێکردو نواندنی دیکنز ئامادەبوانی بە شاگەشکە هێنا. کیت هەموو ئەو شتانەی بە مێردەکەی نەبەخشیبوو کە چاوەڕوانی لێدەکرد ئێستاش کە دیکنز شەیدای (ئێلین تێرنان) ببوو کەموکوڕیەکانی ژنەکەی پتر لە جاران ئازاری دەداو نووسی: (کیت ژنێکی بە سۆزەو بە پێی ویست و خواستەکانی من دەجولێتەوە، بەڵام هیچ شتێک لەم دینایەدا ناتوانێت وای لێبکات تا هەست و نەستم دەرک بکات.) دیکنز بەرە بەرە ئەو بڕوایەی لا دروست بوو کە کیت هەرگیز هاوکوفی وی نەبووەو بە جۆن فۆرستەری گوت: (قسەی کورت و کۆتایی ئەوەیە کە ژنهێنان لە تەمەنی تازە لاویدا هەڵەیەو ئەو ساڵانەی کە دێنە سەر تەمەنی مرۆڤ چارەسەرکردنی گرفتەکان ئاسان تر دەکات.) دیکنز گەشەی کردبوو و بەرەو کامڵ بوون چووبوو، بەڵام کیت هەمان کەسایەتی جارانی هەبوو. دیکنز بڕوای پتەوی بەوە هەبوو کە نابێ خۆی سەرزەنشت بکات و قەناعەتی بە خۆی هێنابوو کە باوکێکی باشەو ئەوەی لە دەستی هاتبێ بۆ خۆشکوزەرانی منداڵەکانی کردوویەتی. بەڵام ئەم خۆ دڵنیاکردنەی تێکەڵ بە روبینی فڕوفێڵ بوو و بە هیچ جۆرێک بەوە دڵخۆش نەبوو کە مەسرەفی ئەو هەموو سەلک و پێچکەیە بکێشێت (سەبارەت بەم مەسەلەیەش وا پێدەچوو کە تاوانەکە بخاتە ئەستۆی کیتی هاوسەری). کاتێک منداڵەکانی وردبوون دیکنز زۆری خۆشدەویستن بەڵام هەرکە گەورەبوون ئیدی ئەو سۆزەی جارانی بەرامبەریان نەماو لە تەمەنی گونجاودا زۆربەی کوڕەکانی نارده شوێنە لاتەریکەکانی دنیا. لەو سەروبەندەدا بێجگە لە جیۆرجینا، لەگەڵ هەموو کەسێک دا رووگرژو مۆن و توڕە بوو، لە کۆتاییشدا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئیدی ناتوانێت لەگەڵ کیتی دا ژیان بەسەر ببات. بەڵام نەیدەوێرا بە ئاشکرا لەنێو خەڵکدا جیابوونەی خۆی لە کیتی رابگەیەنێت چونکە لەوە دەترسا خەڵک سەرکۆنەی بکەن. ئەو ترس و نیگەرانیەی دیکنزیش شیاوی دەرک کردنە چونکە ئەو ساڵانێکی دوورودرێژ پشتیوان و خەمخۆری ماڵ و خێزانی بوو و لە هەموو

کەس زیاتر هەوڵیدابوو تا ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح بکاتە جەژنێکی سیمبولی، بۆ ئەوەی ئەو باڵادەستیە خێزانیەو رازاوەییەی ژیانێکی یەکگرتوو و بەختەوەری ژن و مێردایەتی یە بە بەرزی بنرخێنرێت. سەبارەت بە لێک جیابوونەوەشی لە کیت پێشنیاری جۆراوجۆر کران. یەکێک لەو پێشنیارانە ئەوە بوو کە کیت چەند ژوورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و لە میوانداریەکانی دیکنزدا ڕۆڵی خانەخۆی بگێڕێ و لە بۆنە ڕەسمی و گشتییەکانیشدا هاوڕێیەتی دیکنز بکات. پێشنیاری دیکە ئەوەبوو کە ئەو کاتەی دیکنز لە (گادزهێل)ە (خانووێک بوو لە لێنت کە بەو دواییانە کڕیبووی)، کیت لە لەندەن بمێنێتەوەو کاتێکیش دیکنز دەچێتە لەندەن کیت ببێتە (گادز هێل).
پێشنیاری سێهەمیش ئەوەبوو کە کیت لە دەرەوەی وڵات ژیان بەسەر ببات. بەڵام کیت هەموو ئەمانەی ڕەتکردەوەو سەرەنجام بڕیار درا کە بە یەکجارەکی لێک جیا ببنەوە. دیکنز خانووێکی بچووکی بۆ کیت دابین کرد کە دەکەوتە کەناری (کامدن تاون) و بەراتێکی ساڵانەی بە بڕی شەش سەد لیرە بۆ تەرخان کردو دوای ماوەیەک چارلی کوڕە گەورەی نارده لای تا لەگەڵ دایکیدا ژیان بەرێتە سەر. ئەم بڕیارو بەرنامەیە جێگای سەرسوڕمانە.
مرۆڤ لەوە واقی دەوڕمێت کە بۆچی کیت رازی بوو لە ماڵێ دەریکەن و چۆن بەوە قایل بوو کە منداڵەکانی بەجێ هێڵێت. ئەو ئاگای لەو ئەوینەی نێوان مێردەکەی و (ئێلین تێرنا) بوو و بە هۆی ئەو کارتەوە کە بەدەستیەوە بوو دەیتوانی هەر مەرجێکی هەبوایە بەسەر دیکنزی دا بسەپێنێ. بەڵام تەنیا لێکدانەوەیەک بۆ ئەو نەرمی نواندنەی کیت و بێ دەنگی و گوێڕایەڵییەڵیەی وی (ڕەنگە گێلیش بووبێت) ئەو ئاماژە نهێنی یە و شاراوەیە بێت کە دیکنز بۆ ناتەواوی مێشکی وی کردووە. (بووە هۆی ئەوەش کە ژنەکەی پێی وا بێت کە ئەگەر لە دیکنزو منداڵەکان دوور بێت ژیانی خۆشتر دەبێت). نازانم لە سەر چ بنەمایەک خەڵک پێیان وابووە کە ئەو قسەیەی دیکنز ئاماژەکردنێکی بە پارێزو هێمنانەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کە کیت شەراب خۆرەوەبووە. ئەگەر بە ڕاستی کیت شەراب خۆرەوەیەکی ئاسایی و مام ناوەندی بووبێت ئەی بۆچی دەبێ جیۆرجینا ئەرکەکانی ماڵەوە جێبەجێ بکات و ئاگاداری منداڵەکانی بێت، بۆچی کاتێک دایکیان ماڵێی بەجێهێشت منداڵەکان لەگەڵیدا نەچوون، بۆچی جیۆرجینا دەیتوانی بنووسێت:(بێتوانایی کیتی داماو



لەبەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی منداڵەکان لە کەس شاراوە نەبوو.)ڕەنگە بۆیەش چارلی کوڕە گەورەیان ناردبێتە کن دایکی تا نەهێڵێ لە خواردنەوەدا زێدەرەوی بکات.
بەڵام دیکنز لەوە پتر خاوەنی ناوبانگ بوو کە کاروبارە تایبەتیەکانی بە شاراوەیی بمێننەوەو دەنگی لێپەیدا نەبێت. زۆربەی هاوڕێیانی لەو بڕوایەدابوون کە دیکنز هەڵوسوکەوتی بەرامبەر بە کیت خراپ بووەو هەر ئەوەش بۆتە هۆی وروژاندنی دوژمنایەتییەکی سەخت لە دەروونی کیت دا. پڕوپاگەندەی ریسواکردن لە دەرەوەی وڵات بڵاوبۆوە بەڵام نەک سەبارەت بە ئەوینی دیکنز بەرامبەر بە (ئێلین تێرنان) بەڵکو دەربارەی دیکنزو جۆرجینای ژن خوشکی. ئەمە لەکاتێکدایە کە مرۆڤ وا مەزەندە دەکات کە دەبوایە ئەو پڕوپاگەندانە دەربارەی ئێلین تێرنان بوونایە. ئەو کارە دیکنزی زۆر تۆڕەکردو چونکە پێی وابوو کە ئەو قسانە لەلایەن خێزانی هۆگارتەوە (بنەماڵەی کیت و جیۆرجینا) سەرچاوەیان گرتووە، هەڕەشەی ئەوەی لێکردن کە کیت بە یەکجاری دەردەکاو دەرهەمێکیشی ناداتێ. بەم جۆرە بنەماڵەی هۆگارت (خەزوری)ی ناچارکرد تا ئاگاداری نامەیەک ئیمزا بکەن و تێیدا پاساو بۆ دیکنز بهێننەوەو بیسەلمێنن کە پێوەندی دیکنزو جیۆرجینای ژن خوشکی زۆر شتێکی ئاساییەو هیچ ناشەرعییەکی تێدانییە کە شیاوی سەرزەنشت کردن بێت. بەڵام بنەماڵەی هۆگارت بەرلەوەی ئەو سەرانەیە بدەن، دوو هەفتان دەستاو دەستیان کرد. خۆ ئەوان بەدڵنیاییەوە دەیانزانی کە ئەگەر بێت و دیکنز هەڕەشەکەی خۆی جێبەجێ بکات ئەوا کیت بەو بەڵگەنامانەی کە بەدەستەوەن بە ئاسانی دەتوانێت سکاڵانامەی لە دژی تۆمار بکات. بەڵام ئەگەر نەوێران کارەکە بگەیەننە ئەو جێیە هۆیەکەی تەنیا ئەوە بووە کە نەیانویستووە کەموکوڕییەکانی کیت ئاشکرا ببن.
جیۆرجیناش ئەکتەری پڕ لە نهێنی ئەو بەسەرهاتەیە. ئەو پڕوپاگەندەو دەنگۆیە هێندە بەرفراوانبوو کە دیکنز ناچار بوو بۆ خۆی مەسەلەی جیابوونەوەی لە کیت ڕوون بکاتەوەو لەو نامەیەدا کە لە ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تریببۆن)و دواتر لە ڕۆژنامەکانی بەریتانیادا بڵاوکرایەوە سەبارەت بەجیۆرجینا نووسی:(بە گیانی خۆم، بە شەرەفم، لە دنیادا هیچ کەسێک لە جیۆرجینا پاکتر نییە). ئەڵبەتە مەبەستی لەو قسەیە ئەوەبوو کە نکۆڵی لە پەیوەندی جنسی بکات لەگەڵیدا، ئەگەری زۆریش هەیە کە قسەکەی ڕاست بێت.

لەوانەشە جیۆرجینا دیکنزی خۆش ویستبێت چونکە دوای مردنی چارلز دیکنز کاتێک کە کۆمەڵە نامەیەکی دیکنزی بۆ چاپ کردن ئامادەکرد، ئەوەندەی ئیرەیی بە کیت دەبرد کە هەموو ئەو رستانەی سڕینەوە کە دیکنز ستایشی کیتی کردبوو. بە پێی ئەو بڕیارەش کە لەلایەن دەوڵەت و کەنیسەوە دەرکرابوو سەبارەت بە مارەکردنی ژن خوشک پاش مردنی هاوسەرو هەموو جۆرە پەیوەندییەکی لەم بابەتە بە زینای لەگەڵ مەحرەم لە قەڵەم دەدرا. لەوانەشە جیۆرجینا قەت ئەوەی هەر بە خەیاڵیشدا نەهاتبێ کە لەنێوان خۆی و پیاوێکدا کە پازدە ساڵ لە ماڵیدا ژیاوە هیچ پەیوەندییەک هەبێت جگە لە خۆشەویستییەکی پتەوی خوشک و برایانە، لەو جۆرە خۆشەویستییە زۆرەی کە خوشکێکی دڵسۆز بە هۆی هاوخوێنی و بەشێوازێکی رەوا بەرامبەر بە برایەکەی هەستی پێدەکات. جگە لەمەش دیکنز عاشقێکی سەوداسەری ئێلین تێرنا بوو. رەنگە بۆ جیۆرجینا هەر ئەوەندە بەس بووبێت کە جێی متمانەی پیاوێکی وا بەرجەستەو بەناوبانگ بێت و دەسەڵاتی بەسەردا هەبێت. خاڵێکی زۆر سەیرتر لە هەموو ئەو بەسەر هاتەشدا ئەوەیە کە جیۆرجیناپێشوازی لە هاتنی ئێلین تێرنا کرد بۆ (گادز هێل)و لەگەڵیدا بووە هاورێ. دیکنز بەناوی (چارلز ترینگهام) خانوویەکی لە پێکهام بۆ ئێلین گرت و هەرماوەیەک لەمەوبەر بوو کە بۆ ئەو کەسانەیان روون دەکردەوە کە دەچوونە سەیرکردنی ئەو خانووەو دەیانگوت جەنابی ترینگهامی نووسەر پێی خۆشبوو لە بن ئەو دارە دانیشێت. ئێلین هەتاکو رۆژی مردنی دیکنز هەرلەوێ مایەوەو کۆرپێکییشی لێبوو. چونکە هاتووچۆکردن بۆ گیدزهام ئەستەم نەبوو دیکنز دوو شەو، جاری واشبوو سێ شەوان لەکن ئێلین دەمایەوە و جارێکیش پێکەوە چوونە پاریس. دیکنز هەر لەو سەروبەندەدا کە لە کیتی هاوسەری جیابۆوە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خۆی لەتەلارە گشتییەکاندا دەست پێکردو بۆ ئەم مەبەستەش سەرانسەری دوورگەکانی بەریتانیا گەڕاو بۆ جاری دووەمیش چووە بۆ ئەمریکا. لەو کارەشی دا ئەکتەربوونی بەکەڵکی هات و سەرکەوتنەکەی درەوشاوەبوو. بەڵام ئەو هەوڵ و کۆششەی کە بۆ ئەو کارەی دەیداو گەشتەکانی کە بۆ هەمان مەبەست دەیکردن هێزی دیکنزیان لە بن هێناو بەرەبەرە خەڵک هەستیان بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی نەگەیوەتە پەنجا ساڵی بەڵام وەکو پیرەمێردان دەچێ. بەڵام ئەوە تەنیا کارێک نەبوو کە



دەیکرد بەڵکو لە مەودای نێوان ئەو دوازدە ساڵەدا کە لە کیت جیابۆوە هەتا رۆژی مردنی، سێ رۆمانی درێژی نووسین و گۆڤارێکیشی بە ناوی (سەرانسەری ساڵ) دەرکرد، گۆڤارەکەش سەرکەوتنی مەزنی وەدەست هێنا. بۆیە جێی سەرسوورمان نییە کەوا زوو تەندروستی خۆی لەدەستدا. پزیشکە چارەسەرکەرەکانی چرای سوریان بۆ هەڵکردو هۆشداریان دایە کە زۆر خۆی ماندوو نەکات. بەڵام چونکە دیکنز لەو ستایشکردنەی خەڵک بەشاگەشکە کەوتبوو سووربوو لەسەر ئەوەی کە بۆ دواجار گەشتێکی دیکە بکات بەڵام لەنیوەی رێگادا هێندە نەخۆش بوو کە بە ناچاری گەشتەکەی خۆی هەڵوەشاندەوەو گەڕایەوە بۆ (گادز هێل)و دەستیکرد بە نووسینی (نهێنی ئێدوین دۆرد). بەڵام بۆ ئەوەی خۆی لە کن بەڕێوەبەری وتار خوێندنەوەکانی شیرین بکات (سەبارەت بەو خوێندنەوانەی کە ناچار بوو بەنیوەچڵی بەجێیان بێڵێت.)، بڕیاری دا کە لە دوازدە کۆڕی تردا لە شاری لەندەن بەرهەمەکانی خۆی بخوێنێتەوە. ئەمەش لە ساڵی (١٨٧٠) دابوو. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەمەبەستی گوێگرتن لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خۆی لە تەلاری (سێنت جیمز) ئامادەببوون بێ ئەژمار و کاتێک کە دیکنز دەرو ژووری دەکرد. ئامادەبوان هەموو یەک پێ لەبەری هەڵدەستان و بەدەنگی بەرز ئافەرینیان لێدەکرد(١٣).)دیکنز دوای ئەوەی کە گەڕیەوە بۆ گیدزهێل دەستی کردەوە بە نووسنی (ئێدوین دۆرد). لە یەکێک لە رۆژەکانی مانگی حوزەیرانی دا جیۆرجینا کە ئەوکات بە تەنیا لەگەڵیدا دەژیا لەسەر نان خواردن هەستی کرد کە دیکنز زۆر شێواوەو پێی گوت: (وەرە راکشێ) دیکنزیش وەڵامی دایەوە:(بەڵێ لەسەر زەوی؟). ئەمە دوایین وشەبوو کە هاتە سەر زمانی و پاشان لەسەر کۆشی جیۆرجینا بەربۆوە سەرتەختی ژوورەکە. جیۆرجیناش بەدوای دوو کچەکەنیدا نارد کە ئەو وەختە لە شاری لەندەن بوون و رۆژی دواتر یەکێک لەوانە کەتی نارد تا ئەو هەواڵە بە ژنەکەی دیکنز بگەینێت و پاشان کەتی لەگەڵ ئێلین تێرنان گەڕایەوە بۆ گیدز هام و بەیانی رۆژی نوێ مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٨٧٠) چارلز دیکنز دنیای بەجێهێشت و مردو لە کەنیسەی (وێست مینیستێر) نێژرا.

لەم باسە کورتەدا کە سەبارەت بە ژیانی دیکنز پێشکەشم کرد، هیچم سەبارەت بە حەزو ئارەزووە بەردەوام و سوودمەندەکانی وی بەرامبەر بە زاراوە کۆمەڵایەتییەکان و

پشتگیری کردنی بێوچانی له دەستکورت و لێقەوماوان و زۆرلێکراوان باس نەکردو ئەوەندەی کە بۆم کرا هەوڵم دا تا قسەکانم بۆ سنووری ژیانی تایبەتی ئەو تەرخان بکەم. چونکە وام هەست کرد کە ئاگاداربوونێکی کەم و پوخت لە ژیانی تایبەتی دیکنز، دڵگیری و کێش کردنێکی پتر دەداتە ئەو کتێبەی کە خوێنەر بانگهێشت دەکەم بۆ خوێندنەوەی. ڕۆمانی (دێیڤید کۆپەرفیلڵد) تاڕادەیەکی زۆر ژیاننامەی خۆیەتی. بەلام دیکنز خەریکی نووسینی ڕۆمانێک بوو نەک ژیاننامەو بەسەرهاتی خۆی و وێڕای ئەوەی کە زۆربەی کەرەستەو پێداویستییەکانی ئەو ڕۆمانەی لە ژیاننامەی خۆی دابین کردبوو، بەڵام بە شێوەیەکی وا ئەو کەرەستانەی بەکارهێنا کە لەگەڵ مەبەستەکەیدا یەک بگرێتەوەو بۆ درێژەی چیرۆکەکەش هاوکاری لەو هێزە خەیاڵیە زۆرەی خۆی وەرگرت. هەروەکو پێشتر وتم کە (میستەر میکاوبر) لە سەر باوکی و (دۆرا)ش بە سەر یەکەم ئەوینی خۆی یانی (ماریا بیدنێل) کۆپی کراون. هەروەها (ئەنگێس)یش بەشێکی لەسەر ئەو بیرەوەریە (بە ئارمانج کراوانە(*))ی کە دیکنز لە ماری هۆگارت هەیبوو و بەشێکیشی لەسەر خوشکەکەی ماری واتە (جیۆرجینا) دروست کراوە. دێیڤید کۆپەرفیلڵد زڕبابە بەدفەڕەکەی ناردی بۆ ئیشکردن، هەروەکو کە چارلز باوکی خۆی ناردی بۆ کارخانە دێیڤیدیش هەروەکو چارلز لەوەی کە ناچار بوو (سەرشۆڕی) تێکەڵ بوون لەگەڵ کوڕیژگە هاوتەمەنەکانیدا قبووڵ بکات ئازاری دەروونی دەچەشت. (ئەو کوڕیژگانەی کە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە خۆی بەهاوکوفی ئەوان نەدزانی). دێیڤید کۆپەرفیلڵد بۆ خۆی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕیتەوە. ئەمەش ئەو شێوازەیە کە زۆربەی ڕۆماننووسەکان کەڵکیان لێوەرگرتووەو ئەم شێوازەش چەند سوودو زیانێکی هەیە. یەکێک لە سوودەکانی ئەوەیە کە نووسەر ناچار دەکات کە زنجیرەی چیرۆکەکەی نەپچڕێنی و ئەو دەتوانێ تەنیا بە خوێنەر بڵێت کەچی دیتووە و چی گوێ لێبووە، یان چی کردووە. ئەم شێوازەش زۆر بە کەڵکی دیکنز هات لەبەر ئەوەی (نەخشەی کارەکانی) چیرۆکەکەی وی بە جۆرێک بوو کە دەشیا ئاڵۆزو تێکەڵ و پێکەڵ بێت و ببێتە هۆی ئەوەی کە حەزی خوێنەر بڕێنێت و نەتوانێت درێژە بە خوێندنەوەی بدات. لە ڕۆمانی دێیڤید کۆپەرفیلڵد دا تەنیا یەک (بازدان)ی گەورە هەیەو ئەویش باسکردنی پەیوەندی دوکتۆر (سترانگ)ـە لەگەڵ ژنەکەی و خەسووی و کوڕەمامی



ژنەکەی و ئەو باسە هیچ پەیوەندییەکی بە دێیڤید کۆپەرفیلڵدەوە نییەو خۆی لە خۆیدا بێزارکەرە. شێوازی باسکراو سوودێکی تریشی هەیە ئەویش ئەوەیە کە (ئەگەری ڕاست بوون) دەداتە چیرۆکەکەو هەست و لایەنگری ئێوە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئێوە ڕەنگە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەتان بە دڵ بێت ڕەنگە بەدڵیشتان نەبێت بەڵام هەرچۆنێک بێت سەرەنجتان بۆلای خۆی ڕادەکێشێت و ناچارتان دەکات هەستی لایەنگرانەتان بەرامبەری هەبێت. بەلام یەکێک لە زیانەکانی ئەم شێوازەش ئەوەیە کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکە لە هەمان کاتیشدا پاڵەوانی ڕۆمانەکەیەو ناتوانێ بەبێ ئەوەی بێ شەرمی بنوێنێ پێتان بڵێت کە بۆ خۆی جوان و سەرنج ڕاکێشە. کاتێکیش کە باسی جەربەزەیی و چاوقایمی خۆی دەکات ڕەنگە بە مرۆڤێکی خۆپەسند بێتە بەرچاو.هەروەها کاتێک کە ناتوانێت دەرک بەو خاڵە بکات کە بۆ خوێنەر ئاشکرایە، بۆ نموونە ئەو ژنەی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیەو خۆشی دەوێت، خۆی بە مرۆڤێکی گەوج نیشان دەدات. زەرەرو کەم وکوڕی گەورەتری ئەم شێوازەش کە هیچ نووسەرێکی ئەو جۆرە ڕۆمانانە نەیتوانیوە دایپۆشن ئەوەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە پاڵەوان و گێڕەرەوەی ڕۆمان واتە کارەکتەری سەرەکی بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە پەیوەندییان لەگەڵدا گرێ دەدات کاڵ و کەم ڕەنگ خۆی بنوێنێت. من لە خۆمم پرسیوە کە بۆچی دەبێ وابێت. بەڵام تەنیا وەڵامێک و ڕوونکردنەوەیەک کە دەتوانم لەمبارەیەوە بیکەم ئەوەیەکە: چونکە نووسەر بۆ خۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، کارەکتەرەی سەرەکی یانی بۆ خۆی، ئەوەی کە دەیەوێت دەری ببڕێت لە دەروونەوە یان بە شێوەیەکی زەینی (Subjectively) دەبینێت و کاتێک دەیەوێت ئەوەی کە دیبینێت دەری ببڕێت، ئەو ئاڵۆزیە فیکریەو کەموکوڕی و لاوازی بڕیاردانەی کە لە خۆیدا هەستی پێدەکات، دەیداتە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کارەکتەرەکانی تر لە (دەرەوە)و لە ڕێگای خەیاڵی خۆیەوە (بەچاو) دەبینێت و ئەگەر نووسەرێک بێت کە توانا تایبەتییەکانی دیکنزی تێدابێت ئەوە بە تیژی هەستەکان و حەنەکێکی (طنز) سەرنج ڕاکێش دەیان بینێت و بە چاوێکی تیژبینانە سەیری تایبەتمەندییە سەیرو سەمەرەکانیان دەکات و بەم شێوەیە کارەکتەرەکانی تر بە ڕوونی و ئاشکرایی دەبینێ کە وێنەی خودی ئەو بەراورد دەکات لەگەڵ ئەواندا ڕوون و

بەرچاو تری دەکات. دیکنز ئەو وزەو توانایەی کە تێیدابوو بەکاری برد بۆ ئەوەی فیکری لایەنگرانەی خوێنەر بەرەو پاڵەوانەکانی خۆی بوروژێنێ. لە راستیشدا کاتێک کە دێیڤید کۆپەرفیلد هەڵدێ تا خۆی بگەیەنێتە بن باڵی پاراستنی پوورە بێتسی تروت وود (Betsey Trotwood) (کە یەکێکە لە کارکتەرەکانی شایستەی دەست خۆشی لێکردنی چیرۆکەکە.) لە گەشتە بە ناوبانگەکەیدا بۆ (دۆڤەر) تا ئەندازەیەک دوور لە رادەی ئاسایی هەڵسوکەوت دەکات. مرۆڤ ناتوانێت سەری لەوە نەسوڕمێت کە ئەو کوڕیژگەیە (دێیڤید کۆپەرفیلد) منداڵێکی هێندە گێژو حۆل بێت کە بگاتە هەر کەسێک رێگای پێ بدات تا کەلوپەلەکانی لێ بدزێت و لەخشتەی ببات. با لە هەموو ئەمانە گەڕێین، دێیڤید چەند مانگێک لە کارخانەدا کاری کردبوو و وەخت و ناوەختیش لە دەوروبەری شاری لەندەن سوڕابۆوەو لەگەڵ بنەماڵەی میکاو بێردا ژیابوو و پڕو پڕێسکەکانیانی بۆ بە بارمتە دانابوو و لە بەندیخانەی مارشاڵ سی سەردانی کردبوون. مرۆڤ وا هەست دەکات کە ئەگەر دێیڤید ئەو کوڕە ژیرە بێت کە وەسفی کراوە، دەبوایە لەو تەمەنە کەمەشیدا تاڕادەیەک لە بارودۆخی دنیا ئاگادار بوایەو ئەوەندە زیرەکیەی هەبێت کە بتوانێ خۆی بپارێزێ. بەڵام وانیە و لە هەموو شوێنێک دێڤید خۆی بە گێل و دەست و پێ سپی نیشان دەدات. ئەو بەردەوام کەلێنی ئەوە دەدات تا شتەکانی لێ بدزرێ و فێڵی لێ بکەن. دێڤید قەت وەکو کوڕێک نایەتە بەرچاو کە توانای ململانێ کردنی هەبێت لەگەڵ گیروگرفتەکانداو لاوازی لەبەرامبەر (دۆرا) دا و بێ ئاقڵی سەبارەت بە کاروبارە ئاساییەکانی خێزانی بەراستی لەوە زیاترە کە مرۆڤ بتوانێت مەداری لەگەڵدا بکات. ئەوەندەش گەمژەیە کە هەست بەوە ناکات کە (ئەگنێس) خۆشیدەوێت. من بەراستی ناتوانم قەناعەت بە خۆم بێنم کە لە کۆتایی کارەکەدا بووبێتە ئەو رۆماننووسە سەرکەوتووە کە لە کتێبەکەدا باسی دەکرێت. ئەگەریش کە چەندین رۆمانی نووسیون من پێم وایە کە ئەو رۆمانانەی زیاتر وەکو رۆمانەکانی خاتوو هێنری وود (Henry Wood) بوون نەک رۆمانەکانی چارڵز دیکنز. ئەمە شتێکی زۆر سەیرە کە چارڵز دیکنز لەو هەموو گەرمی و گوڕی و هێزی بووژێنەرو گورج و گۆڵی خۆی، هیچی نەدابێتە دێڤید کۆپەرفیلدی پاڵەوانی کتێبەکەی. دێڤید بە ژن باریک و سەروسەکوتی جوان بوو و دڵگیرو دڵفڕێن



بوو، چونکە ئەگەر جگە لەمە شتێکی تر بوایە هێندە نەدەکەوتە بەر دڵی ئەو مرۆڤانەی کە لەگەڵیاندا رووبەڕوودەبۆوە. دێڤید بە شەرەف و بە ویژدان و بە سۆزبوو بەڵام بەدڵنیاییەوە کەمێک گەوج بوو. ئەمەش ئەو جۆرە پاڵەوانەیە کە لە رۆماندا لە هەموو کەسێک کەمتر سەرنج راکێشە. بەڵام سەبارەت بە کتێبەکەی دیکنز ئەم مەسەلەیە گرنگ نییە چونکە پڕیەتی لە پاڵەوانی جۆراوجۆرو داهێنانی سەرسوڕهێنەریان تێدایە. ئەو کارەکتەرانە بە سەرنجدان لە راستییەکانی ژیان دروست نەکراون بەڵام وێڕای ئەوەش لێواولێون لە ژیان. لە دنیادا قەت کۆمەڵە مرۆڤێکی وەکو بنەماڵەی میکاو بێرو پیگ گۆتی و بارکیس و ترادێڵ و بێتسی تروت وود بوونیان نەبووە، ئەمانە هەموویان داهێنانی سەیرو سەمەرەی هێزی خەیاڵی بە توانای دیکترن. بەڵام هێندە زیندوون و ئەوەندە رێک و لە لەبار و هاوئاهەنگن و بەڕادەیەک لەگەڵ (ئەگەری راستی) نزیکن و ئەوەندە بە بیروباوەڕی قایمەوە نمایش کراون کە ئێوە قەناعەت بە بوونیان دەهێنن. ئەم کارەکتەرانە لە رادەی ماقووڵ بەدەرن، بەڵام ناواقیعی نین و هەرکە پێیان ئاشنابوون ئیدی ناتوانن بە یەکجارەکی فەرامۆشیان بکەن. ئەڵبەتە بەرجەستە ترینی ئەو کارەکتەرانە (میستەر میکاوبر)ە. ئەو هەرگیز هیوابڕاوتان ناکات و بەبڕوای من بەناهەق دیکنزیان سەرزەنشت کردووە لەسەر ئەوەی کە لە کۆتاییدا میستەر میکاووبری سەرۆکێکی بەڕێزی (دادگای ناحیە). هێندێک لە رەخنەگرە ئەدەبییەکان پێیان وابووە کە دەبوایە هەتا دوا لاپەڕەی کتێبەکە میستەر میکاوبر بە مرۆڤێکی بێ بەندو بارو دەسبڵاو بمێنێتەوە. ئوستراليا وڵاتێک بوو کە ئەوکات تاق و لۆق خەڵکی تێدا دەژیا. میستەر میکاوبریش پیاوێک بوو کە سەرو سەکوت و بیچمێکی باشی هەبوو و بۆرە خوێندەواریەکیشی هەبوو و بە حەلەق مەلەق قسەی دەکرد. من هیچ هۆیەک شک نابەم کە بۆچی دەبێ لە ژینگەیەکی ئاوهاداو بە تایبەتمەندییانەی کە هەیبوون نەگاتە پلەیەکی ئیداری. کەمتریش لەو باوەڕەدام هێندە زۆرزان و لە بنەوەبڕ بووبێت کە تاوانباری (ئوریا هیپ) ئاشکرا بکات. دیکنز قەت لە سوود وەرگرتن لە (رێککەوت) لای نەدەکردەوە، ئەگەر ئەو رێککەوتە بۆ چیرۆکەکەی لەبارو شیاو بوایەو لەوەش نیگەران نەبوو کە رووداوەکانی چیرۆکەکە نەک هەر چاوەڕوان کراو بن بەڵکو تا ئەو جێیەی کە مومکین بوو هەوڵی دەدا بیسەپێنێ. ئەمەش زەرورەتێکە

که رۆماننووسی تازەکار هەستی پێدەکات، ئەو رۆژانە خوێنەران بێ ئەوەی خۆیان شلوێ بکەن نالەبارترین ئەگەریان قبوولٚ دەکرد، هەست و توانای دیکنزیش ئەوەندە زۆرو کارامەیی لە چیرۆکنووسیدا بەرادەیەکی وابوو کە ئەمرۆشی لەگەلٚدا بێت مرۆڤ بەوە رازییە کە رووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانی قبوول بکات. رۆمانی دێڤید کۆپەرفیلٚد پڕە لە رێکەوت. کاتێک کە (ستریفۆرس) دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیاو گەمیەکەی لەسەر لمەکانی (یارموت) چەقیوەو تێک شکاوە، بێجگە لە دێڤید کێ دەبێ رێک لەو کاتەدا بچێتە وێ بۆ سەردانی هێندێک لە هاورێکانی؟. دیکنز ئەوەندە لە چیرۆکنووسیدا لێهاتووبوو کە ئەگەر بیویستایە دەیتوانی لەم رووداوە پێشبینی نەکراوەو سەرسوڕهێنەرە خۆی بە دوور بگرێت. بەلاٚم ئەو کارەی نەکردووە چونکە ئەو رووداوە هەلٚێکی بۆ دروستکردنی دیمەنێکی کاریگەرو دلٚگیر بۆ رەخساندووە. رۆمانی دێڤید کۆپەرفیلٚد سەرەڕای ئەوەی کەمتر ئەو دیمەنە توندانەی (Melodramatic) تێدایە کە دیکنز خۆی پێوەگرتبوون لە رۆمانەکانیدا بە کاریان ببات، بەلاٚم دەبێ دان بەوەدا بنرێت کە هێندێک لە کارەکتەرەکانی بۆنی شتێکیان لێدێت کە ناویان لێناوە (میلۆدرامای سەر حەوز) بۆ نموونە (ئوریا هیپ). بەلاٚم لەگەلٚ هەموو ئەمانەشدا کارەکتەرێکی بەهێزو ترسێنەرەو بە جۆرێکی شایستە وێنەی کێشراوە. خولٚقێندراوێکی بچووکتریش واتە خزمەتکارەکەی (ستیر فۆرس) چۆنیەتییەکی شاراوەو شوومی هەیە، بەجۆرێکی وا کە مرۆڤ لە ترسانی ئەژنۆی دەلەرزن. بەلای منەوە پڕ لە نهێنی و شاراوەترین کارەکتەری ئەم گروپە (رۆزا داتلٚ)ەو بە گشتی بە کارەکتەرێکی بێ تواناو لێقەوماویان لەقەلٚەم داوە. سەبارەت بەمەیان من رام وایە کە دیکنز دەیویست پتر لەوەی سوودی لێوەرگرتووە لە چیرۆکەکەیدا، سوود وەرگرێت و پێشم وایە (بەبێ ئەوەی هیچ بەلٚگەیەکم بەدەستەوە بێت) کە ئەوکارەی نەکرد لەبەر ئەوەبوو لەوە دەترسا خوێنەرەکانی برەنجێنێ. لە خۆمم پرسی کە ئایا ستریفۆرس عەریفی (دۆستی ناشەرعی) رۆزا نەبوو، ئایا رق و بێزاری بەرامبەر بەو، ئاوێتەی عەشقێکی برسی و حەسادەت نەبوو. من تێناگەم کە چ شتێکی تر دەیتوانی ببێتە هۆی ئەوەی کە بەو شێوەیە دلٚ رەقانە لەگەلٚ (ئێمیلی بچکۆلە)دا (مرۆڤێکی دروستکراو کە بەڕای من ئەوەی شیاوی بوو بەسەری هات) هەلٚسوکەوت بکات. دیکنز



دەنوسێت و دەلٚێ: (ئەم کتێبەم لە هەموو کتێبەکانی ترم خۆشتر دەوێت، وەکو زۆربەی ئەو دایک و باوکە بە سۆزانە منیش مندالٚێکی ئازیزو شەهوارم هەیەو ناوی دێیڤید کۆپەرفیلدە.) نووسەرێک هەمیشە بۆ خۆی دادوەرێکی باشی بەرهەمەکەی خۆی نییە، بەلاٚم سەبارەت بەمەیان حوکمدانی دیکنز لە جێی خۆیدابوو. ماتیۆ ئارنۆلٚد (Matthew Arnold)و رۆسکین (Ruskin- John) دێیڤید کۆپەرفیلدیان بە باشترین رۆمانی دیکنز دەزانی و من پێم وایە کە دەتوانین لەگەلٚ رای ئەواندا بین. ئەگەر وابین هاودەمی چاکمان دەبن.

**پەراوێزەکان:**

١- جۆرە قوماشێکی ئەستورو ریشودارە.- وەرگێڕ.

٢- ژەنەڕالٚێکی ئینگلیزیەو لەنێوان سالٚەکانی (١٦٩٦ تا ١٧٨٥) ژیاوەو دامەزرێنەری نیشتەجێی (Colonie) ویلایەتی جۆرجیای ئەمریکایە.

٣- بەشێکی شاری لەندەنە کە دەکەوێتە باشووری رۆژهەلاٚتی گۆڕەپانی ترافلٚگار.

٤- ناوچەیەکی شاری لەندەنە.

٥-جۆرە سکەیەکی زێڕی کۆنە بەرامبەر بە ٢١ شلینگە.

٦- جاران لە بەریتانیا شوێنێک هەبوو کە قەرزدارەکانیان دەبردە ئەوێ تا، قەرزەکانیان بدەنەوە یان رەوانەی بەندیخانەیان بکەن.

٧- Amateur - بەزەوق، کەسێک کە بەزەوق و رەغبەتی خۆی کە بۆ ئەو کارە هەیەتی بیکات نەک بەمەبەستی پارە پەیدا کردن.- وەرگێڕ.

(*)- کتێبی ئۆنا پۆپ- هێسنی بە ناونیشانی: «چارلٚز دیکنز».

٨- The posthumous papers of the pick wick club

٩- Martin chuzzlewit - پالٚەوانی یەکێک لە رۆمانەکانی چارلٚز دیکنز بە هەمان ناو.

١٠- Little Nell -پاڵەوانی کتێبەکە.

١١-Washington Irving- نووسەری سەدەی نۆزدەهەمی ئەمریکایی و کتێبەکانی: (ریپ وان وینکل)و ( دۆڵی خەواڵۆ)ی بەناوبانگن. ئێرڤینگ ئەو دەمەی کە بالوێزی ئەمەریکابوو لە ئیسپانیا کەوتە ژێر کاریگەری بەرهەمەکانی شارستانییەتی ئیسلامی و کتێبی (محەمەد)ی نووسی کە بریتی بوو لە بەسەرهاتی ژیانی پەیامبەری بەرزی ئیسلام (د.خ.)و مێژووی پەیدابوونی ئیسلام و پەرەسەندنی ئەو ئایینە.

١٢- کتێبی (ئۆنا پۆپ-هێنسی) بە ناوی چارلز دیکنز. وەرگێڕ.

١٣- کتێبی ئۆنا پۆپ- هێنسی بەناوی: چارلز دیکنز.

(*) Idealized Memories .

١٤- transpontine melodrama - وەرگێڕدراوی دوو واژیە. مەبەست لە (سەر حەوز) ئەو نمایشەیە کە جاران لە بۆنەو زەماوەندەکاندا ئەکتەرە باشوورییەکان لەسەر حەوزەکان پێشکەشیان دەکردو ئێستاش لە گەڕەکەکانی باشووری تاران و لە شارەکانی تریشدا ئەنجام دەدرێت. شێوازەکەشی بەو جۆرەیە کە سەری حەوزی ماڵەکە بە پارچە تەختەیەک دادەپۆشن و لە سەر ئەو تەختەیە نمایشەکە دەکەن. نمایشکردنی بە تام و چێژو (لەبن نەهاتووی) ئەم شانۆگەریەش بەسەرهاتی حاجی ئاغاو قوڵەڕەشەو کوڕەکەی حاجیاغاو کچە شۆخ شەنگەکەو شەیدابوونی حاجی و کوڕەکەیەتی بۆ ئەو کچە -Transpontine- ئەم واژیەش لە شاری لەندەن بەو گەڕەکانە دەگوترێ کە کەوتونەتە باشووری رووباری (تایمز).

١٥- شاعیرو رەخنەگرو کتێب نووسی بەریتانی (١٨٢٢-١٨٨٨).

١٦- نووسەرو رەخنەگری هونەری و مەسلەتکاری کۆمەڵایەتی بەریتانی (١٨١٩-١٩٠٠).



## فیودۆر دستۆیفسکی و برایانی کارامازۆن

فیودۆر دستۆیفسکی لە ساڵی (١٨٢١) هاتۆتە دنیاوە. باوکی پیشەی نەشتەرگەری بوو لە نەخۆشخانەی (سان ماری) و لە پیاوە نەجیبەکان بوو. ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کەوا دایارە رۆماننوس خۆی پێوە هەڵدەکێشا. چونکە کاتێک حوکم دارو پلەی (نەجیب زادە) یان لێستاندەوە (ئەگەر بتوانرێ ناوی پلەی لێ بنرێت) هەراسان بوو. دوای ئەوەش کە لە بەندیخانە هاتەدەرێ گوشاری خستە سەر هاوڕێ دەست ڕۆیشتووەکانی تا کارێکی وابکەن ئەو پلەیە ی بدرێتەوە. بەڵام نەجیب زادەی ڕوسیا دەتوانرا بە گەیشتنی بە پلەیەکی کەمی ئیداری نازناوی نەجیب زادە بەدەست بهێنرێت و پێدەچێ کە گرنگی و بایەخی ئەو پلەیە لە ڕوسیا لەوە زیاتر نەبووبێت کە مرۆڤ لە جوتیارێک و کاسبکارێک جیا بکرێتەوە و ڕێگا بەو کەسە بدات تا خۆی بە (بەڕێز) بناسێنێت. بەڵام ئەگەر ڕاستیتان بوێت بنەماڵەی دستۆیفسکی لەو چینە هەژارەی پشت مێزەی ئیدارەکان بوون. باوکی کابرایەکی کە للە ڕەق و نەک تەنیا هەر خۆی لە ڕازاندنەوە بەڵکو لە ئاسورەیش بێ بەش کرد بوو تا لەو ڕێگایەوە حەوت منداڵەکانی بە باشی بحاملێنێ و هەر لە سەرەتای ژیانیانەوە فێری کردبوون کە پێویستە خۆیان لەگەڵ سەختی و نەهامەتیدا رابێنن بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ ئەرک و نەریتەکانی ژیان. ئەندامانی خێزان لە دووسێ ژووری نەخۆشخانەکەدا کەماڵی دوکتۆر بوو تێک سرمابوون وقەت ڕێگای ئەوەیان پێنەدەدرا تا بە تەنیا بچنە دەرێ. پارەی ڕۆژانە یان نەدەدرایەو دۆست و هاوڕێیان نەبوون. دوکتۆر جگە لە مووچەی نەخۆشخانە ئەویش لە ڕێگای چارەسەرکردنی نەخۆشەکانەوە لە دەرەوەی نەخۆشخانە. سەرەنجام لە دوای چەندین ساڵ توانی گوندێکی بچووک بکڕێ کە نزیکەی سەد فەرسەخ (نزیکەی شەش سەد کیلۆمەتر) لە مۆسکۆی پایتەخت دوور بوو. ئیدی لەوە بەدواوە منداڵەکان و دایکیان هاوینانیان لەو گوندە بەسەر دەبردو ئەمەش یەکەمجار بوو

که تامی ئازادیان دەچەشت. دستۆیفسکی لە تەمەنی شازدە سالّیدا بوو کەدایکی مرد وباوکی لەگەلّ میخایلی برایدا بردنی بۆ سان پترسبۆرگ وناردنیە خوێندن لە (کۆلێژی ئەندازیاری سەربازی).

میخایلی براگەورەی لەبەر لاوازی جەستەیی ڕەتکرایەوەو بەمجۆرە فیۆدور لە خۆشەویستترین کەسی دوورکەوتەوە، ئەو تەنیاو بەد بەخت بوو، باوکییان نەیدەویست یان نەیدەتوانی پارەی بۆ بنێرێ و هەربۆیەش فیۆدور نەیدەتوانی پێداویستییەکان وەکو پێلاو و کتێب دابین بکات و تەنانەت نەیدەتوانی پارەی مانگانەی خوێندەنەکەشی بدات. دوکتۆر کە کوڕە گەورەکانی دامەزراندبوون و سێ منداڵەکانی دیکەشی بردبوونە کن پوریان (خوشکی باوک) لە مۆسکۆ، وازی لە پیشەکەی خۆی هێناو لەگەلّ دوو کچە گجکەکانی چۆوە بۆ گوندی و لەوێ گۆشەگیر بوو. دوکتۆر لەمەی خواردنەوە ڕاچوو و سەرسەختی بەرامبەر بەمناڵەکانی دەنواند و بەشێوەیەکی دڕندانە هەڵسوکەوتی لەگەلّ مسکێن و جوتیارەکانیدا دەکرد هەر بۆ بەش ڕۆژێکیان لێی ڕاپەڕین و کوشتیان. ئەم ڕوداوە لە سالّی (١٨٣٩)دا ڕویدا. فیۆدور گەرچی حەزی لە خوێندن نەبوو بەلّام چاک پێشێ و دوای ئەوەی کە قۆناغەکانی خوێندنی سەرکەوتوانە بڕی، لە ئیدارەی وەزارەتی بەرگری دەست بەکاربوو.

ئێستائیدی بەو بەشە میراتەی کە لە باوکیەوە بۆی بەجێمابوو و ئەو مووچەیەی کەوەری دەگرت، داهاتی سالّانەی خۆی لە پێنج هەزار ڕوبل دەدا. بالّاخانەیەکی بەکرێ گرت و هۆگری بلیارد بوو کەمەسرەفێکی زۆریشی تێدەچوو خەنجەر لەکادان بەڕاست و چەیدا پارەی قەرز دەکرد. سالّێک لە پاش ئەوەی کەوازی لە کارەکەی خۆی هێنا (چونکە کارکردنی لە ئیدارەی ئەندازیاری سەربازی بەبێ تامی پەتاتە دەهاتە پێش چاو) هەتا قوڕ قوڕاکەی لە قەرزداریدا ڕۆچوو بوو و هەتا دوایین سالّەکانی تەمەنیشی هەروا مایەوە. دستۆیفسکی کابرایەکی دەسبلّاوی بێ چارەسەر بوو. ئەو دەسلّاویەش توشی گولی و بەدبەختی کرد بوو. بەلّام قەت بەسەر خۆیدا زاڵ نەبوو تابتوانێ بەربەرەکانی حەزو ئارەزووەکانی خۆی بکات. یەکێک لە بیوگرافی نوسانی وی وتویەتی خوی پارە بە فیڕۆدانی دستۆیفسکی تا ئەندازەیەک لە بڕوا بەخۆ نەبونیەوە سەرچاوەی گرتبوو، چونکە



دەسبلّاوی و پارە خەرج کردن (هێزی دەسەلّاتی) کاتی بێ دەبەخشی و بەم شێوەیە خەسلّەتی خۆپەسەندی خۆی ڕازی دەکرد. پاشان بۆتان دەردەکەوێت کە ئەو کەمو کوڕیەی توشی چ تەنگانەیەکی چاو شۆڕانەی کرد. دستۆیفسکی ئەوساکە لە کۆلێژی ئەندازیاری سەربازی بوو، دەستی کرد بوو بە نووسینی ڕۆمانێک وئێستاش کە بڕیاری دابوو تا بژێوی ژیانی لە ڕێگای نووسینەوە دابین بکات، ڕۆمانەکەی تەواو کرد. ناونیشانی ڕۆمانەکەش (خەڵکی هەژار) بوو. بەلّام لە جیهانی ئەدەب و نووسیندا کەسی نەدەناسی. وا ڕێکەوت ناسیاوێکی بەناوی (گریگۆرۆڤیچ) پیاوێکی دەناسی بەناوی نیکراسۆف (١) (Nekrasov) کە نیازی وابوو گۆڤارێک دامەزرێنێت. گریگۆرڤێچ بە دستۆیفسکی گوت کە چیرۆکەکەی نیشانی نیکراسۆف دەدات بۆ ئەوەی هەڵیسەنگێنێ. ڕۆژتکییان دستۆیفسکی درەنگانێکی شەو گەڕایەوە مالّی چونکە بەدرێژای ئەو شەوە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی بوو بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی و بیرو ڕایان ئالۆگۆڕ کردبوو. کاتژمێر چواری نزیک بە بەرەبەیان بوو گەیشتەوە مالّێ و هەستی کرد خەوی نایە، چووە بەر پەنچەرە کراوەکەی ژوورەکەی ولێی دانیشت و دەستیکرد بە تەماشاکردنی شەو. لە ناکاوزەنگی مالّەکەی لێدراو لە جێی خۆی ڕاپەڕی (ئەو میوانە ناوەختانە گریگۆرڤیچ و نیکراسۆفی بوون. ئەو دوانە لە کاتێکدا کە لە خۆشحالّیان بەشاگەشکە کەوتبوون و تا ڕادەیەکیش دەگریان چەندین جار ئامێزیان لێدام.) ئەو دوانە بە نۆرەو بە دەنگی بەرز کتێبەکەیان بۆ یەکتر خوێندبووە و کاتێک تەواویان کردبوو بڕیاریان دابوو کە هەر چەندە درەنگ وەختە بەلّام هەر چۆنێک بێت دەبێ دستۆیفسکی بدۆزنەوە. خۆ بەخۆ بە یەکتریان گوتبوو: (گرنگ نییە نوستبێت، وەرە بابڕۆین هەڵیستینین ئەمە گرنگترە لە نوستن.) بۆ ڕۆژی دواتر نیکراسۆن نوسخەی دەستنووس کتێبەکەی برد بوو لای بلینسکی (Belinsky) بالّادەست ترین رەخنەگری سەردەم و ئەویش دوای خوێندنەوەی بەقەد هەردووکیان خۆشحالّ ببوو. سەرتان نەهێشێنم بە کورتی ڕۆمانەکە چاپکراو دستۆیفسکی خۆی بەپیاوێکی بەناو بانگ دیتەوە. بەلّام نەیتوانی سوود لەو (سەرکەوتنە) وەرگرێت. کاتێک دستۆیفسکی یان بردە مالّێ خانمێک بەناوی مەدام پانایف گۆلۆ ڤاچێف (Madame Panaev- Golovachev) ئەو دیمەنەی کە لە نوسەر (دستۆیفسکی) لە

زەینی دا تۆمار کرا بوو بەم شێوەیە دەری دەبڕێت: (لە نیگای یەکەمدا مرۆڤ دەیتوانی دەرک بەوە بکات کە میوانە تازە هاتووەکە لاوێکی لە ڕادە بەدەر ئەخلاق توندە و زوو کاری تێدەکرێت. ئەو پیاوێکی لاوازو بە ژن کورت بوو، قژێکی جوان ڕەنگ ڕوێکی ترش وتاڵ و دوو چاوی وردو خۆ لە مێشی هەبوون. چاوەکانی بەنیگەرانیەوە لە شتێکەوە بازیان دەوایە سەر شتێکی ترولێوەکانی بە پە ڕێشانیەوە دەجوڵانە ئەو تاڕادەیەک شەرمن بوو و نەدەهاتە نێو قسە بە کۆمەڵەکانەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئامادەبوانی هەموو دەناسین بەڵام دانیشتوانی کۆڕەکە یە لە دوای یەک هەوڵیان دەدا تا بیهێننە نێو میوانەکانەوە بۆ ئەوەی بێدەنگیەکەی بشکێنن و لەو گۆشەگیرە ڕزگاری بکەن و کارێکی وابکەن تالە وکۆڕەی ئێمە دا هەست بە نامۆیی لە کات. ئیدی لە دوای ئەو شەوە ناوە ناوە دەهاتە سەردانمان و بە رەبەرە بێدەنگی دەشکاو دەورە پەرێزیەکەی کەم دەبۆوە. وای لێهات تەنانەت ... لەو باس و خواسانەشدا بەشداری دەکرد کە بابەتی باسکراو مشت ومڕی لەسەر بوو و پاشان لەبەر ئەو جیاوازییەی کە لە بیرو بۆ چونی ئامادە بواندا هەبوو هەمووی بەدرۆزنی تاوانبار دەکردن. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە گەنجێتی و میزاج توندی نەیدە هێشت بە هیچ جۆرێک بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و ناچاری دەکرد تا بەبێ شەرمی و خۆپەسندیەوە وەکو نووسەرێک لە ڕادەبەرەر خۆی دەرخات. مەبەستم ئەوەیەکە بەهۆی ئەوەی کە لە ناکاو چوبووە نێو جیهانی ئەدەبەوە و سەرکەوتنی بەدەست هێنا بو لەو ستایش ودەستخۆشی لێکردنەی پیاوەگەورەکان واقی وڕمابوو ولەپێستی خۆیدانەدە گونجا. هەر وەکو ئەو جۆرکەسانەی کە زۆر زوو ڕوحەکانیان دەکەوێتە ژێرکاریگەریەوە. هەروەها ئەیدەتوانی ئەو سەرکەوتن و باڵا دەستیەی بشارێتەوە کە بەسەر نووسەرە لاوەکانەوە بەدەستی هێنا بوو و بە لوت بەرزی و خۆ بەزل زانینی زۆرەوە کەشخەی بەسەر ئەو کەسانەوا لێدەدا کە بە دەسەڵاتێکی کەمترەوە پێنیان نابووە نێو جیهانی ئەدەبەوە ... دستۆیفسکی بە تایبەتی بەرامبەر بە هەمووکەس دڵێ کرمێ بوو و وای دەزانی هەموو خەڵک هەوڵ دەدەن کە توانا و لێهاتوی وی بەکەم بگرن و لە هەر وشەیەکی سادە و بێ خەوش کە کەسێک بەزمانیدا هاتبایە دڵی دەڕەنجاو تورە دەبوو، چونکە پێی وا بوو ئەوکەسەسوکایەتی پێدەکات ونووسراوەکانی بەبێ بایەخ لە قەڵەم دەداتە ئەو لەسەر



ئاوازێکی وا رەخنەی دەگرت کە بەڵگە بوو لەسەر لوت بەرزی و خۆدەرخستنی و وای نیشان دەرا کە بەشێوەیەکی بەراورد نەکراو خۆی لە هاوپیشەکانی بە باڵادەست تر دەزانێت ... حاڵی دستۆیفسکی بەم شێوەیە بوو ئەوکاتەی کە هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد.)

دستۆیفسکی نەمیوانێکی چاک بوو نەکەسایەتییەکی بەرزیش. بەهۆی هێزی سەرکەوتنیەوە چەند بۆندێکی مۆر کرد وبڕیار درا کە ڕۆمانێک و چەند چیرۆکێک بنووسێت و بەو پارە پێش وە ختیەی کە وەری گرتبوو دەستی کرد بەزێدە مەسرەفیەکی ئەو تۆ کە هەموو هاوڕێکانی سەرکۆنەیان کردو ئەویش لەگەڵ هەمواندا هەرای کردو تەنانەت لەگەڵ بلیسنکی شدا کە ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵدا کردبوو. هۆی دەمەقاڵێشی لەگەڵ بلینسکی دا ئەوە بوو کە بڕوای بە (ستایش و دەستخۆشانەی بلینسکی نەبوو.) قەناعەتیشی بە خۆی هێنابوو کە بلیمەتەو گەورەترین نووسەری ڕوسیایە. قەرزەکانی زیادیان کردو ناچاربوو کە پەلە لە کارەکەیدا بکات. ئەو زۆر لەمەو پێش تووشی نەخۆشییەکی شاراوەی دەماغ بوو بوو و ئێستاش کە نەخۆش کەتبوو لەوە دەترسا شێت ببێت یان سیل بگرێت. هەربۆیەش ئەو چیرۆکانەی کە لەو بارو دۆخە دەروونیەدا نووسینی باش دەرنەچوون و ڕۆمانەکەشی شیاوی خوێندنەوە نەبوو. ئەو خەڵکەی کە ئەو هەمووەیان بەشان وباڵیدا هەڵگوتبوو و دەستخۆشیان لێکردبوو ئێستا ئیدی دابوویانە بەر تانە وتەشەرو پێیان وابوو کە ئیتر هەگبەکەی بەتاڵ بووە. بەڵام ئەمە ڕاستییەک بوو، ژیانی ئەدەبی دستۆیفسکی کۆتایی پێهاتبوو و ڕەگەڵ ئەو تاقمە جحێڵە کەوتبوو کە بیروباوەڕی سۆسیالیستیانەیان هەبوو. ئەم بیروباوەڕانەش ئەوسا لە ئەورووپای ڕۆژئاوا باو بوو. ئەو کۆمەڵە لاوە داوای هێندێک چاکساز یان دەکرد بە تایبەتیش ئازاد کردنی مسکێن و جوتیارەکان و هەڵگرتنی سانسۆر لە سەر چاپەمەنییەکان. کاری ئەو کۆمەڵە لاوە زۆربێ سەرهێشە بوو و جگە لەوەی کە هەفتەی جارێک پێکەوە کۆدەبونەوەو بیروڕایان دەگۆڕیەوە هیچی تریان نەدەکرد. بەڵام پۆلیس خستبونیە ژێر چاوەدێریەوەو ڕۆژێکیان قۆڵبەستیان کردن و بردیاننە (قەڵای پیتر - پۆڵ) و هەمووی ئەندامان ئەو گروپە دادگایی کران و حوکمی گوللەباران کردنیان بەسەردا درا بەیانی یەکێک لە ڕۆژەکانی وەرزی زستان

بردیانن بۆ ئەو گۆڕەپانەی کە بڕیار دابوو لەوێ حوکمەکەیان لەسەر جێبەجێ بکەن. بەڵام کاتێک سەربازەکان خۆیان بۆ جێبەجی کردنی حوکمە کە ئامادە دەکرد تەتەرێک هات و ڕایگەیان کە حوکمەکەیان لەسەر سووک کراوە و بۆتە بەندکردن لەگەڵ کاری قورس لە سیبریا. دستۆیفسکی حوکمەکەی کرابە چوارساڵ بەندکردن لەئۆمسک (Omsk)و دەبوایە پاش بەسەربردنی حوکمەکەی وەکو سەربازێکی سادە بگەڕێتەوە نێو ڕیزەکانی سوپاو خزمەت بکات. کاتێک کە بۆ جاری دووەم بردیانەوە (قەڵای پیتر - پۆڵ) ئەم نامەیەی بۆ میخایلی برای نووسی:

(ئەمڕۆ بیست و دووی مانگی کانونی یەکەمەو هەمووومانیان بردۆتە گۆڕەپانی سیمینۆفسکی (Semenovsky) و حوکمەکەیان بۆ خوێندینەوەو خاچیان هێنا تا ماچی بکەین و خەنجەریان لەسەر سەرمان شکاندو کفنیان (کراسی سپی) لەبەر کردین و پاشان سێ نەفەریان لە ئێمە بەدارەوە بەستنەوە تا حوکمەکە جێبەجێ بکەن. ئێمەیان بەسەر سێ ڕیزی سێ کەسیدا دابەش کرد بوو و من نەفەری چوارەم بووم و بەم پێیە من دەکەوتمە ڕیزی دووەمەوە و پتر لە چەندساتێک مەودانەبوو لە نێوان ژیان ومردنمدا. کاکە گیان لەو ساتەوەختەدا بیرم لە تۆ و ماڵ و منداڵەکەت دەکردەوەو لەو ساتە کۆتاییانەدا تەنیا تۆم لە خەیاڵدا بووەو ئەوکاتە بوو کە هەستم کرد چەندم خۆش دەوێی. برا ئازیزەکەم من تەنیا ئەوەندە دەرفەتەم هەبوو کە پلسچیف (Plestchiev) و دۆرۆف (Dourov) کە لە تەنیشتم ڕاوەستابوون لە باوەش بگرم خواحافیزیان لەگەڵدا بکەم. سەرەنجام تەپڵی گەڕانەوە لێدراو ئەوانەی کە بۆ گوللە باران کردن بەسترابوونەوە هێنایاننەوە جێگای پێشوویان و حوکمێکیان بۆ خوێندینەوە وتێیدا هاتبوو کە خاوەن شکۆ ئیمپراتۆر ژیانی ئێمەی بە خۆمان بەخشیوەتەوەو پاشان حوکمی کۆتاییان بەدەنگی بەرز بۆ خوێندینەوە. لە نێو ئێمەدا تەنیا (پاڵم) بە یەکجاری لێبووردنەکە گرتوویەتیەوەو بەهەمان پلەی جارانەوە گەڕاوەتەوە نێو ڕیزی سوپاوە.) دستۆیفسکی لە یەکێک لە چاکترین کتێبەکانیدا باسی ترس و نیگەرانیەکانی خۆی لە بەندیخانەدا کردووە کە خاڵێک جێی وەبیرهێنانەوەیە. ئەو دەنووسێت و دەڵێ: (کاتێک بەندکراوێک تازە دێتە نێو بەندیخانەوە لە پاش دوو سەعات خوو بە زیندانییەکانەوە دەگرێت و هۆگریان دەبێت و لەگەڵیاندا دەبێتە خۆمانە.



بەڵام ئەمە سەبارەت بە پیاوێکی بەڕێزو نەجیب زادە جیاوازبوو. چونکە هەرچەند پشوو درێژو هێدی و بەڕەوشت و خولق وخوی خۆش بوایە، دیسانیش هەرمایەی ڕق و بێزاری بەنکراوەکان بوو و قەت کەسێک لەگەڵیدا ئەدەبووە هاوڕێی و لەمەش واوە تر هیچ کەسێک متمانەی پێ نەدەکرد. گەرچی ڕەنگە مانەوەی چەندساڵێکی لەوێدا ببوایە هۆی ئەوەی کە سووکایەتی پێنەکرێت، بەڵام کەس بە چاوی دۆست وهاوڕێ تەماشای نەدەکرد و نەیدەتوانی بەو جۆرە بژیێت کە بۆ خۆی پێی خۆشە. یان لەو خەیاڵە ڕزگاری ببێت کە تەنیا و نامۆ نییە.) بەڵام بە هیچ جۆرێک دستۆیفسکی پیاوێکی هێندە نەجیب زادەو بەشان و شەوکەت نەبوو. ڕەچەڵەکی بە بودەڵەیی ژیانی بوو و بێجگە لەوەی کە ماوەیەکی کورت خایان بە شکۆداری و گەورەیی ژیابوو، دەنا هەر هەژارو دەستکورت و لێقەوماو بوو. هەموو بەندکراوەکان (دۆرۆف) یان خۆشدەویست کە هاوڕێ و هاوزیندانی دستۆیفسکی بوو. ئەگەری زۆریش هەیە کە ئەو هەست کردنەی بە تەنیایی و ئازار چەشتنەی تاڕادەیەک دەرەنجامی کەموکوڕیە ئەخلاقیەکانی خۆی بوو بێت: دەرەنجامی لەخۆبایی بوون و خۆپەرستی و دڵ کرمێی و شەڕەنگێزی بووە و لە نێو سەدان دۆست و هاوڕێیدا تەنیا هەر ڕووی لەوی کردووە. دستۆیفسکی دەنووسێت: (بە هۆی ئەو گۆشەگیریە ڕوحیەمەوە هەلێکم بۆ ڕەخسا تا بە خۆمدا بچمەوە و بچووکترین بەشەکانی ژیانم بپشکنم و شەن وکەوی بکەم ولێکۆڵینەوەی ورد سەبارەت بە بوون وهەست و نەستی خۆم ئەنجام بدەم وبێ بەزەییانە دەربارەی خۆم حوکم بدەم.) لە زینداندا، تەنیا کتێبێک کە ڕێگان پێدابوو لە کنی بێت ئینجیل بوو و بەردەوام دەیخوێندەوەو زۆری کارتێکرد. ئیدی لەوە بەدواوە ئامۆژگاری کردنی خەڵکی بۆ تەوازوع و سەرکوت کردنی حەزو ئارەزووە مرۆییەکان و مەیلی مرۆڤە سادە و ئاساییەکانی کردەپیشە و (تا ئەو جێیەی کە سروشتی سەرەڕۆیانەی خۆی ڕێگای پێدەدا) قسەکانی خۆی خستە واری کرداریەوە.

بۆ خۆی دەنووسێ و دەڵێت: (بەر لە هەموو شتێک خۆت بەگەورە مەزانە، بزانە داخۆ ژیانی ڕابردووت چی بووە و لەداهاتوودا دەتوانی چی بکەی. بزانە داخۆ چ بودەڵەییەک و فەسادێکی گەورە لە قوولایی ڕۆحتدا لە سەریەک کەڵەکەبووە و خۆی لە بۆسە داوە.)

بەندیخانە رۆحی لە خۆبایی بوون و خۆ بەزل زانینی وی نەرم کرد بوو و کاتێک کە ئازادکرا ئیدی پیاوێکی شۆڕشگێڕ نەمابوو. بەڵکو لایەنگرێکی توندوتۆڵی تیزار و دەسەڵاتی ئەوکات بوو. هەروەها پاش ئازادبوونی لە بەندیخانە تووشی نەخۆشی (فێداری) ببوو. کاتێک قۆناغی بەندکردن کۆتایی پێهات، بۆ تەواوکردنی ماوەی حوکمەکەی وەکو سەربازێکی سادە ناردیانە بنکەیەکی سەربازی کە دەکەوتە یەکێک لە شارۆچکەکانی سیبریاو ژیانێکی زۆر ناخۆشی هەبوو. بەڵام هەموو ئەو ئازارو مەینەتیانەی قبووڵ کرد. بەومانایەی کە چونکە تاوانی ئەنجام داوە شیاوی سزادانە و ئەو رەنج و ئازارەش بە بەشێک لەو سزادانە لە قەڵەم دەدا. چونکە ئەو قەناعەتەی لە لا دروست بوو بوو کە چالاکییەکانی لە پێناو چاکسازیدا تاوان بووە. بۆ برایەکەی نووسی: (سکاڵا ناکەم، ئەوە نەهامەتی منەو شیاوی ئەوەم.) لە ساڵی (١٨٥٦) دا بەهۆی شەفاعەت و پاڕانەوەی یەکێک لە هاوپۆلەکانی لە (کۆلێژی ئەندازیاری سەربازی) دووبارە پلەی ئەفسەریان پێدایەوەو ژیانیشی تا ڕادەیەک باشتر بوو. پاشان چەند هاوڕێیەکی پەیدا کردو عاشقیش بوو. ماشوقەکەی ئافرەتێک بوو بەناوی ماریا دمتریڤنا ئیزائێڤا (Maria Dmitrievna Isaeva). ماریا ژنی یەکێک لە دوور خراوەسیاسییەکان و دایکی کوڕە جحێڵێک بوو ومێردەکەی بەهۆی زێدەڕەوی کردن لە مەی خواردنەوەدا تووشی سیل ببوو و لە گیانەلاودا بوو. وەکو باس دەکەن ماریا ئافرەتێکی سورفلی تاڕادەیەک جوان بووە. بەژنی مام ناوەندی و لاواز و گورج و گۆڵ بوو. شتێکی زۆر سەبارەت بە ماریا نازانین جگە لەوەی کە ئەویش عاشقی دستۆیفسکی ببوو. بەڵام لەدوای ماوەیەک (ئیزائێفی) مێردی ماریا لەو دێیەی کە دستۆیفسکی لێبوو گوازرایەوە بۆ شوێنێکی ترو لەوێ مرد. دستۆیفسکی نامەیەکی بۆ ماریا نووسی و تێیدا پێشنیاری کردبوو تا مێردی پێبکات. ئەو بێوەژنەش هێندێک خۆی هێناو بردو ئەم دەستەو ئەودەستی کرد. هۆیەکەشی یەکەم لەبەر ئەوە بوو کە هەردووکیان هەژارو نەدار بوون هۆیەکەی تریشی ئەوە بوو کە دڵی بە (مامۆستایەکی گەنجی قۆزی خاوەن هەستە بەرزەکان) دۆڕاندبوو بە ناوی (ڤێرگۆنیف) و بووبووە سوتلی و ی (٣) دستۆیفسکی کە بەسەختی شەیدای ماریا ببوو، کاتێک بەمەی زانی وەخت بوو لە حەسوودییان شێت



بێت. بەڵام بەو تامەزرۆییەی کە بۆ ئازاردانی خۆی هەیبوو، یان لەبەر ئەوەی کە ڕۆماننووس بوو و دەیویست ببێتە یەکێک لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەی خۆی، کارێکی بەرزو سەرنج ڕاکێشی کرد. کارەکەشی ئەوە بوو کە ڕایگەیاند (ڤیرگینۆف) لە برایەکی ئازیزترە و پاشان لەبەر هاوڕێیەکی خۆی پاڕایەوە تا پارە بۆ ڤیرگۆنیف بنێرێ تا ماریا بتوانێ شووی پێ بکات. بەهەرحاڵ دستۆیفسکی توانی بەبێ سەرهێشە ڕۆڵی پیاوێکی دڵشکاو بگێڕێت. پیاوێک کە خۆی کردۆتە قوربانی بەختەوەری ماشوقە خۆشەویستەکەی. هۆی سەرکەوتنیشی لەوکارەیدا ئەوە بوو کە ئەو بێوەژنە (ماریا) چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاوی دەکرد. ڤیرگۆنۆف گەرچی (خاوەنی هەستی بەرزو قۆز بوو) بەڵام نانی شەویی نەبوو، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دستۆیفسکی ئێستا ئیدی ببوو بە ئەفسەر و هێندەی پێ نەدەچوو کە بەر لێبووردن دەکەوت و ئەوسا هیچ هۆیەک نەبوو تا ڕێگای لێ بگرێت تا دووبارە دەست نەکاتەوە بە نووسینی کتێبی سەرکەوتوو. سەرەنجام لە ساڵی (١٨٥٧)دا ماریا و دستۆیفسکی زەماوەندیان کرد. بەڵام بێ پارەو پول بوون. دستۆیفسکی ئەوەندەی پارەی قەرزکردبوو کە نەیدەتوانی چیتر قەرز بکات. ئەو دیسانەوە ڕووی کردە ئەدەبیات بەڵام لەبەر ئەوەی پێشتر حوکم درابوو دەبوایە بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی مۆڵەت وەرگرێت ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو.

دستۆیفسکی ژیانی ژن ومێردایەتیشی سەخت وناخۆش بوو، ڕاستییەکەتان بوێت زۆر ناخۆش و دژوار بوو. ئەمەشی دەگەڕاندەوە بۆ خەیاڵ پڵاوەکان ژنەکەی و ئەوەی لە بیر نەمابوو کە بۆخۆی لەگەڵ دیتنی یەکەم تیشکی سەرکەوتنی چەندە تووڕە و ترۆو نائارام بوو و تووشی نەخۆشی دەماغ ببوو و متمانەشی بە خۆی نەبوو. دستۆیفسکی دەستی بەنووسینی چیرۆکی جۆراو جۆر کرد، ئەوانەی وەلانان و دەستی کرد بەنووسینی کۆمەڵێکی ترو لەکۆتاییشدا شتێکی کەمی نووسی ئەو شتە کەمەش بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. لە ساڵی (١٨٥٩) دا لەسەر داواکاری خۆی وبەهۆی دستڕۆیشتوویی هاوڕێکانی توانی بگەڕێتەوە بۆ سان پترسبۆرگ. ئێرنێت سیمۆنز لە کتێبەکەی خۆیدا کە دەربارەی دستۆیفسکی نووسیویەتی بە ویژدانەوە دەڵێ ئەو شێوازو کەرەستانەی کە دستۆیفسکی بۆ ئازاد کردنی خۆی بەکاری هێنان سووک و چروکانە بوون. سیمۆنز دەنووسێت و دەڵێ:

(دستۆیفسکی بۆ ئەوەی دووبارە ئازادی خۆی بەدەست بێنێتەوە هۆنراوەی نیشتمانی نووسین و لەیەکێک لەو هۆنراوانەیدا ستایش و مەدحی لەدایکبوونی شاژن (ئەلیکساندرا)ی کرد بوو و بە بەرزی ڕاگرتبوو. دووەم هۆنراوەی نیشتمانی بە بۆنەی تاج لەسەرنانی ئەلیکساندری دووەم نووسی و بۆ مەرگی نیکۆلای یەکەمیش پەخشانێکی نووسی. هەروەها چەندین نامەی پڕ لە پاڕانەوەو لالانەوەی بۆ دەسەلاتداران و خودی تێزاری نوێ نووسی. لەو نامانەیدا بە (درێژدادڕی) دەڵێ کە پاشای نوێ دەپەرستێ و بەو خۆرەی لەقەڵەم دەدات کە تیشکەکەی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر چاک وخراپدا هەڵدێت و ڕادەگەیەنێت کە ئامادەیە گیانی لە پێناو ئەودا بەخت بکات. هەروەها بە مەیل و ڕەغبەتی خۆی دان بەو تاوانانەدا دەنێت کە بەهۆیانەوە حوکم دراوە و سوورە لەسەر ئەوەی کە تۆبەی کردووە و ئێستا ئەو بیرو باوەڕە پووچانەی ڕابردووی دەروونی ئازار دەدەن.) دستۆیفسکی لەگەڵ ژن و زڕکوڕەکەیدا لە پایتەخت نیشتەجێ بوون و پاشان لەگەڵ میخایلی برا گەورەیدا گۆڤارێکی ئەدەبیان بە ناوی (ڕۆژگار) دامەزراندو دستۆیفسکی چیرۆکی (ماڵی مردووکان) و (ئازار دراوەکانی) بۆ نووسی. خواکردی و گۆڤارەکە سەرکەوتوو بوو وهەتا دووسالان کاروباری دستۆیفسکی خراپ نەبوو. لە ساڵی (١٨٦٢)دا گۆڤارەکەی بە میخایلی برای سپاردو بۆ خۆی گەشتێکی کرد بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا. دستۆیفسکی ئەو گەشتەی خۆی نەکەوتە بەردڵ و پاریسی بە (شارێکی بێزارکەر) هاتەپێش چاو و خەڵکەکەشی بە پارە پەرست و کورت بین بینی و لە نەهامەتی و بەدبەختی ڕەش و ڕووت و هەژارەکانی لەندەن و لووت بەرزی و شکۆی بە باق و بریقی دەوڵەمەندەکانی داچڵەکی. پاشان چوو بۆ ئیتاڵیا بەڵام زەوقی لە هونەر نەبوو هەر بۆیەش هەفتەیەک لە فلۆرانس مایەوەو خۆی بە خوێندنەوەی چوار بەرگەکەی بێنەوایانی ڤیگتۆر هوگۆوە خەریک کرد و بێ ئەوەی شاری ڕۆماو ڤینیسیا ببینێ بۆ ڕوسیا گەڕایەوە. بەڵام تا گەڕایەوە ژنەکەی سیلی گرتبوو و ئیدی بەردەوام هەرنەخۆش بوو. دستۆیفسکی دووسێ مانگ بەرلەوەی گەشتەکەی بۆ ئەوروپای ڕۆژئاوا دەست پێبکات، (ئەوسا تەمەنی چل ساڵان بوو) ناسیاوەتی لەگەڵ ئەو ژنەدا پەیدا کردبوو کە کورتە چیرۆکێکی بۆ هێنابوو تا لە گۆڤارەکەیدا بڵاو بکاتەوە. ئەو ژنە ناوی (پۆلینا سوسلۆڤا – (Polina Suslova)



بوو. پولینا تەمەنی بیست ساڵان و کچە عازەب و جوان بوو. ئەو بۆ ئەوەی وا پیشان بدات کە بیرو باوەڕی پێشکەوتن خوازانەی هەیە قژەکانی هەڵپاچی بوو و چاویلکەی ڕەشی لە چاوان دەکرد و پاش ئەوەی کە دستۆیفسکی گەڕابۆو بۆ سان پترسبۆرگ ببوونە ئاشقە و ماشقە. بەڵام بەهۆی وتارێکی نالەبارەوە (نەگونجاو لەگەڵ دەسەلاتی سەردەمدا) کە یەکێک لە نووسەرەکان نووسیبووی و بڵاوی کردبۆوە، گۆڤارەکە داخراو دستۆیفسکی بڕیاریدا گەشتێکی تر بکات بۆ دەرەوەی وڵات. بیانووشی بۆ ئەو گەشتەی ئەوە بوو کە دەیوێت چارەسەری ئەو فێدارییەی بکات کە ماوەیەک لەمەوپێش تووشی ببوو و ئێستا پەرەی سەندبوو. بەڵام ئەمە تەنیا بیانوو بوو. چونکە ئەو دەیویست بچێتە شاری (ڤیسبارن) و لەوێ قومار بکات چونکە شێوازێکی بۆ بڕینی بانق دۆزیبۆوە، جگە لەمەش لەگەڵ پولینا سوسلۆڤادا وادەی ژوانی لە پاریس دیاری کرد بوو.

پاشان بڕێک پارەی لە (سندوقی نووسەرە کەم دەرامەتەکان) قەرز کرد و بەڕێکەوت. لە شاری ڤیسبارن بەشێکی زۆری لە پارەکەی دۆڕاندو تەنیا لەبەر ئەوە لە مێزەی قومار کردن دوورکەوتەوە چونکە عەشقی بەرامبەر پولینا پتر بوو لە قومار کردن. ئەو دووانە بڕیاریان دابوو بچنە ئیتاڵیا و شاری ڕۆما، بەڵام لەو سەروبەندەدا کە ئەو خانمە سەربەست و چاوکراوەیە چاوەڕوانی هاتنی دستۆیفسکی بوو، بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ قوتابییەکی زانکۆ کە خەڵکی ئیسپانیا بوو، دەستی تێکەڵ کردبوو. بەڵام لە پاشان ئەو قوتابییە بەرەڵای کردبوو و پولینا لەو کارە زۆر ناڕەحەت و دڵ کرمێ ببوو. چونکە ئەمە یەکێکە لەو کارانەی کە خانمان ناتوانن لە بەرامبەریدا ئارام بگرن و بە سینگێکی فراوانەوە قبووڵی بکەن. هەر بەهۆی ئەو دڵ کرمێ بوونەشیەوە بوو کە پولینا ڕازی نەبوو تا سەر لە نوێ پەیوەندی لەگەڵ دستۆیفسکی دا دروست بکاتەوە. دستۆیفسکیش ئەمەی قبووڵ کرد و پێشنیاری کرد کە وەکو (خوشک و برا) ئەو گەشتە ئەنجام بدەن واش پێدەچێ کە پولینا سەرگەردان وبێ نەوا بووبێت بۆیە بەو پێشنیارە ڕازی بوو. ئەو دووانە لەو گەشتەیاندا خۆشیان بەسەر نەبرد، چونکە ئەوەندە بێ پارە و پول بوون کە ناچاربوون هەموو شتومەکەکانیان بە بارمتە دانێن و لەدوای چەند هەفتەیەکی پڕ لە ئازار و ناخۆشی لێک جیابوونەوە. دستۆیفسکی گەڕایەوە بۆ ڕوسیا و بینی کە ژنەکەی لە گیانە لاوان دایە و

لەدوای شەش مانگان مرد. دوای مردنی ژنەکەی بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆی نووسی: (ژنەکەم، ئەو بونەوەرەی کە منی دەپەرست و منیش لەڕادەبەدەر خۆشم دەویست ، بە هۆی نەخۆشی سیلەوە لە مۆسکۆ، لە وشوێنەی کە ساڵی پارماڵەکەی بۆ گواستبۆوە گیانی سپاردو مرد. منیش چوومە لای لە مۆسکۆ و سەرتاسەری ئەو زستانە تەنانەت جارێکیش لە قەرەوێڵەکەی دوور نەکەوتمەوە ... هاوڕێم، ئەو منی لە ڕادەبەدەر خۆشدەویست و منیش تا ئەو ئەندازەیەی کە بە نووسین وەسفی ناکرێت وەڵامی خۆشەویستییەکەیم دایەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ژیانی ژن و مێردایەتیمان قەناعەتهێنەر نەبوو. ئەگەر هات و ڕۆژێک چاوم پێت کەوت بەدرێژی ئەو بەسەرهاتەت بۆ دەگێڕمەوە. بەڵام جارێ ڕێگام پێ بدە کە تەنیا ئەوەندە بڵێم: وێڕای ئەو ڕاستییەی کە ئێمە ژیانمان بەدوور لە بەختەوەری بەسەر برد، قەت عەشقی بەرامبەر بە یەکتریمان لەدەست نەدا بوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو نەگبەتیەو چارەڕەشییەمان پتر لێکی نزیک کردبوونیەوە. ئەمە ڕەنگە بەلای تۆوە سەیر بێت، بەڵام جگە لە ڕاستی هیچی تر نییە. ئەو باشترین و شەریفترین ئافرەت بوو کە تاکو ئێستا ناسیومە ...) دستۆیفسکی سەبارەت بە دڵسۆزی و ئەمەکداری خۆی تاڕادەیەک درێژدادڕی دەکرد. لەو زستانە دا بە بۆنەی کردنەوەی گۆڤارێکی نوێ کە بە هاوکاری برایەکەی دایمەزراندبوو دیسان گەڕایەوە بۆ سان پترسبۆرگ. بەڵام سیاسەتی ئەم گۆڤارە وەکو ئەوەی پێشوو لایەنگری ئازادیخوازی نەبوو و هەربۆیەش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. میخایلی برای دوای نەخۆشییەکی کورت خایان مرد و ئەوسا بیست وپێنج هەزار ڕوبڵ قەرزدار بوو. دستۆیفسکیش ناچار بوو تا ژن و منداڵەکەی و سوتلی و منداڵەکەی بەخێو بکات و سەرپەرشتییان بکات، دە هەزار ڕوبلی لە پوورێکی (خوشکی باوکی) دەوڵەمەندی وەرگرت، بەڵام لە ساڵی (١٨٦٥)دا ناچار بوو کە ئیفلاسی خۆی رابگەیەنێت. ئەو شازدە هەزار روبل قەرزداری ئەو قۆمپیالانە بوو کە پەنجە مۆری کرد بوون وپێنج هەزار ڕوبلی تریشی بەڕێز گرتنی وادە و پەیمان وەرگرتبوو، خاوەن قەرزەکان تەنگیان پێهەڵچنیبوو و ئۆقرەیان لێبڕیبوو. دستۆیفسکی بەمەبەستی خۆ قورتار کردن لە دەستی خاوەن قەرزەکانی بەناچاری دیسان پارەی لە (سندوقی نووسەرە کەم دەرامەتەکان) قەرز کرد و پارەی پێشەکی ئەو ڕۆمانەشی وەرگرت کەوا بڕیار بوو لە کاتی دیاریکراودا



تەواوی بکات و بیداتە دەستی خاوەنەکەی. بەو پاریەوە کە بەو حاڵە پەیدای کرد بوو دووبارە چۆوە بۆ شاری (ڤیسبارن) تا جارێکی تر بەختی خۆی لەسەر مێزی قومار تاقی بکاتەوە و چاویشی بە پولینا سوسلۆفا بکەوێت. دوای گەیشتنی و بینینی پولینا، دستۆیفسکی پێشنیاری کرد تا مێردی پێ بکات، بەڵام ئەو عەشقەی جارانی پولینا ببوو بە ڕق و بێزاری. مرۆڤ ناتوانێت لەوە بگات کە ئایا پولینا لەبەر ئەوە ببووە سوتلی دستۆیفسکی چونکە نووسەرێکی بەناوبانگ بوو و وەکو بەڕێوەبەری گۆڤارێک بە کەڵکی دەهات؟، بەڵام گۆڤارەکە ئیدی نەمابوو و دستۆیفسکیش هەمیشە سەرو سەکوتێکی شەپڕێوی هەبوو. تەمەنی گەیشتبووە چل ساڵی و سەر ڕووتاوە و فێدار بوو. مەسەلەی ناڕەحەتی و تووڕەبوونی پولیناش شیاوی دەرک کردنە. چونکە هیچ شتێک بەقەد ئەوە ئافرەتی گەنج قەڵس ناکات کەلەرووی جەستەییەوە حەزی لە جووت بوون نەبێت و پیاویش بەداخوازی یەک لەدوای یەک تەنگەتاوی بکات. هەر بۆیەش پولینا چووە پاریس و بەجێی هێشت . دستۆیفسکیش ئەو پارەی کە پێیبوو لەسەر مێزی قومار هەمووی دۆڕاندو ناچار بوو تا سەعاتە باخەڵیەکەی خۆشی بە بارمتەدا بنێ و لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشێ و نەجوڵێ مەبادا ئێشتیای بۆ شتێک ببنروێت چونکە هیچی نەبوو تا قەناعەتی پێبکات. هەروەکو بۆ خۆشی دەڵێ لەبن قامچی نەداری و لەتەنگانەدا کاتێک دەستی بەنووسینی کتێبێکی ترکرد، نەخۆش و نەگبەت لێکراو بوو وتاقە فلسێکیشی نەبوو. ئەو کتێبەی کە لەو بارودۆخەدا خەریکی نووسینی بوو، ناوی (تاوان وسزا) بوو. دستۆیفسکی لەبەر ئەوەی کە زۆر زەرور بوو بۆ پارە، لە دەرگای هەموو ئەو کەسانەیدا کە دەیناسین، تەنانەت دەستی لەبەر تۆرگۆنێفیش یان کردەوە کە شەڕی لەگەڵدا کردبوو زۆریشیان ڕق لە یەکتری بوو وسوکایەتیان بە یەکتری دەکرد. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەر پارەیەی کە پێویستی بوو لە تۆرگێنیفی وەرگرت و پێی گەڕایەوە بۆ ڕوسیا. دستۆیفسکی لەو وەختەدا کە خەریکی نووسینی کتێبی (تاوان وسزا) بوو وە بیری هاتەوە کە بەڵێنی داوە کتێبێک لەکاتی دیاریکراو دا تەواو بکات و بیداتە ئەو کەسەی کە پارەی پێشەکی لێوە گرتووە. بەپێی ئەو بۆندەش کەمۆری کردبوو ئەگەر هات و لە کاتی دیاریکراو دا کتێبەکەی تەواو نەکرد بایەئەوا هەتا نۆ ساڵی تر هەر شتێکی بنووسیایە بڵاوکەرەوەی ناوبراو مافی ئەوەی

هەبوو کە ئەو نووسینانەی چاپ وبلاوبکاتەوەو بەبێ ئەوەی فلسێکیشی بداتێ. کابرایەکی ئاقل پێشنیاریکرد تا سکرتێرێکی (خێرانووس) پەیدا بکات و دستۆیفسکیش بەقسەی کرد و لە ماوەی بیست و شەش ڕۆژدا کتێبەکەی تەواو کرد بە ناونیشانی (قومارچی). ئەم سکرتێرە خێرانووسە ئافرەتێکی تەمەن بیست ساڵان و ناشیرن بوو. بەڵام کارامەو لێزان و پشودرێژو راستگۆو بە ئەمەک و شیاوی ستایشکردن بوو ولە سەرەتای ساڵی (١٨٦٧) دا، دستۆیفسکی زەماوەندی دەگەڵدا کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی کەسوکاری دستۆیفسکی لەوە دەترسان کە دستۆیفسکی چیتر دەستی هاوکاریان بۆ درێژ نەکات و یارمەتییان نەدات، نارەزاییان بەرامبەر بەو ژنهێنانەی دەربڕی و بەجۆرێکی وا دزێو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو ئافرەتە گەنجەدا (هاوسەرەکەی) دەکرد کە ئەو ژنە دا ماوە ناچار بوو مێردەکەی هان بدات تا جارێکی تر ڕوسیا بەجێ بێڵێت. دستۆیفسکی بۆ جاری دووەم هەتا قورقوراگەی لە نێو قەرزاندا روو چوو بوو و ئەمجارەیان چوار ساڵانی لەدەرەوەی وولات بەسەر برد. ئانا گریگۆریڤانی (Anna Grigorivna) هاوسەری، لەسەرەتادا بەسەر بردنی ژیانی لەگەڵ نووسەری ناودار دا بە ئەستەم بینی، فێداریەکەی پەرەی سەندبوو و ببوە مرۆڤێکی بێ فیکرو تورەوترۆو خۆپەسند. هەروەها دەستیکردەوە بەنامە ناردن بۆ پۆلینا سوسلۆڤاو ئەمەش ئەو کارە بوو کە یارمەتی ئاسوودەیی خەیاڵی ئانای بێچارەی نەدەدا. بەڵام لەبەر ئەوەی ئافرەتێکی گەنج و خاوەن ئاقڵێکی لەڕادە بەدەر بوو، ئەو نارەزاییەی لە دڵی خۆیدا شاردەوەو نەی درکاند. دستۆیفسکی و ئانای هاوسەری چوونە (بۆ دن-بۆ دن) و لەوێ دووبارە دەستیکردەوە بەقومار کردن. دیسانەوە ئەوەی هەیبوو دۆڕاندی و وەکو جاران دەستیکردەوە بەنامە ناردن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانی دەکرد پارەی بۆ بنێرن وکاتێکیش پارەیان بۆ دەنارد خۆی لە ژنەکەی دەدزیەوەو بە پەلە خۆی دەکوتا بەرەو سەر مێزەکانی قومار تا دووبارە ئەوەی پێیەتی بیدۆڕێنێ. وای لێهات هەرشتێکی بەنرخیان هەبوو بە بارمتەدانراو چوونە خانووی هەرزان و هەرزانترو جاری واش بوو هیچیان نەبوو بۆ خواردن و ژنەکەش سکی پڕ بوو بوو. لێرەدا بەشتێک لە یەکێک لە نامەکانی دستۆیفسکی دەخەمەڕو. پێویستە ئەوەش بڵێین کەلەمکاتەدا چوار هەزار فرانکی بردبۆوە. ئەمەش بەشتێک لەو نامەیەی: (ژنەکەم لەبەرم دەپاڕایەوە کە قەناعەت بەو چوار هەزار



فرانکەبکەم و دەسبە جێ لەم شارە بڕۆین. بەڵام هەلێکی ئەوەندە ئاسان ڕەخسابوو کە مومکین بوو هەموو گرفتەکانم چارەسەر بکات. دەپرسی کە چ بەڵگەیەکم بە دەستەوە بوو کە وا دەبێت؟ بێجگە لەو بردنەوەی خۆت، مرۆڤ ڕۆژانە دەبینێت کە خەڵکانی تر بیست و سێ هەزار فرانکیان بە قومار بردۆتەوە (ئەوانە نابینێت کە دۆڕاندویانە). مرۆڤی پیرۆز لە دنیادا زۆرن؟ بەڵام من پیویستم بەپارە زیاترە لەوان. قومار کردنی من سنووری دۆڕاندنی بەزاندبوو. لە کاتێکدا کە بەرە بەرە هەتا ڕادەی نۆبەتێ هاتن خۆم تورە کردبوو و هەرچی هەمبوو دەمدۆڕاند. دۆڕاندم، جلەکانم بە بارمتەدانان، ژنەکەم کە هەرچی هەیەتی بە بارمتەدانابوو، (چ فریشتەیەکە) چۆن چۆنی دڵی دەدامەوە، چۆون لەو (بۆدن)ە نەفرەت لێکراوە، لەو دوو ژوورە چکۆلەیەی کە لەسەربانی کورەیەکی ئاسنگەری بەکرێم گرتبوون و بە ناچاری پەنامان بۆ بردبوو، ژنەکەم بێ تاقەت ببوو و لەبن هاتبوو. سەرەنجام هەموو شتێکم دۆڕاندو هیچمان بۆ نەمایەوە (ئاخ، ئەو ئەڵمانیانە چەندە مایە پوچن، هەموویان، بەبێ جیاوازی سوودخۆرو قرچۆک و بێ شەرەفن. ساحێب خانووەکەمان چونکە دەیزانی هەتا پارەمان بۆ نەیەت شوێنێکی تر شک نابەین تا پەنای بۆ ببەین، کرێی خانووی بۆ زیاد دەکردین. سەرەنجام ناچار بوین هەڵێین ولەو شارە بڕۆین). یەکەم منداڵی لە شاری جنێف هاتە دنیاوەو دستۆیفسکی شەیدای بوو و زۆری خۆشدەویست. بەڵام هەر بەردەوام بوو لە قومار کردن. زۆر پەشیمان بوو لەو کارەی، چونکە نەفس نزمی ببووە هۆی ئەوەی کە ئەو پارەی دەبوایە بۆ ماڵ و منداڵەکەی خەرجی بکات) لە قومار کردندا دەیدۆڕاند. بەڵام ئەو پەشیمانییەی نەدەبووە بەربەست لەبەردەم ئەوەدا کە هەر وەختێک دوسێ فرانکی لەگیرفانی خۆیدا شک ببردایە بگەڕێتەوە سەر مێزی قومار کردن.لەدوای سێ مانگان منداڵەکەی مردو خەم و پەژارەیەکی زۆر دستۆیفسکی داگرت. ژنەکەی دووبارە ئاوس بۆوە، بەڵام دستۆیفسکی وای هەست دەکرد کە قەت ناتوانێ ئەو منداڵەی وەکو کچە مردووەکەیان خۆش بوێت. کتێبی (تاوان وسزا) سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنابوو و لەوکاتە دا دستۆیفسکی خەریکی نووسینی کتێبێکی تر بوو بە ناونیشانی (نەفام). ئەو دەزگایانەی کتێبەکانیان بۆ بلاو دەکردەوە مانگی دووسەد فرانکیان بۆ دەنارد، بەڵام ئەو برە پارەیە نەیدەتوانی لەتەنگانەی بەردەوام ڕزگاری بکات، هەر بۆیەش هەمیشە داوای

پارەی پێشەکی زیاتری دەکرد. ڕۆمانی (نەفام) شتێکی ئەوتۆی لێدەرنەچوو دیستۆیفکی دەستی کرد بەنووسینی کورتە ڕۆمانێکی دی بە ناونیشانی (مێردی هەمیشەیی – The Eternal Husband) پاشان دەستیکرد بەنووسینی ڕۆمانێکی درێژ کە بە ئینگلیزی بە (جنداوی– The Possessed) ناوزەد کراوە. دستۆیفسکی ماڵەکەی لە جێیەکەوە دەگواستەوە بۆ جێیەکی تر کە بەڕای من هۆیەکەی ئەوە بووە چونکە ئیدی کەس پارەی بەقەرز نەدەدایە شوێن گۆڕکێی بە ژن و منداڵەکەی دەکرد. بەڵام زۆر تامەزرۆی گەڕانەوە بوون بۆ وڵات. دستۆیفسکی قەت نەیتوانیبوو بەسەر ئەو بێزاریەدا زاڵ بېێت کە سەبارەت بە ئەوروپا هەیبوو. فەرهەنگ و باڵادەستی پاریس، مۆسیقای ئەڵمانیا، شکۆداری ئالپ، جوانی قووڵ بەڵام پڕ لە زەردەخەنەی دەریاچەکانی سویسرا، شیرینی و دڵڕفێنی پڕ لە لوتفی (تۆڤیسکانی) و ئەو گەنجینە هونەرییەی کەناوی فلۆرانسە، هیچ یەکێک لەمانە کاریان نەکردە سەر دستۆیفسکی. شارستانییەتی ڕۆژ ئاوای بەسەرمایەداری و داتەپیو هاتە پێش چاوو و قەناعەتی بە خۆی هێناکە ئەو شارستانیەتە زۆر بەزوویی لەناو دەچێت و دەربارەی شاری میلانی ئیتالیا نووسی: (لێرە خەریکە دەبم بە مرۆڤێکی گەمژەو کورت بین و خەریکە پەیوەندیم لەگەڵ ڕوسیا دا بیچڕێت و بێبەشم لە هەوای ڕوسیا و خەڵکەکەی.) دستۆیفسکی وای هەست کرد کە ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ ڕوسیا هەرگیز ناتوانێ کتێبی جنداوی تەواوبکات. ئانای هاوسەریشی لەدووری وڵات پەلە پەلی پێکەوتبوو. بەڵام پارەیان بەشی گەڕانەوە نەبوو و دەزگاکانی بڵاوکردنەوەشی پتر لەوە پارەی پێشەکییان دابوویە کەچاوەڕوان دەکرا داهاتی کتێبەکە بێت. بەڵام فیودۆر بەداماوەیەوە دەستی لەبەر پانکردنەوە. بەشی یەکەم و دووەمی ئەو کتێبە پێشتر لە گۆڤارێکدا بڵاو کرابۆووەو لەبەر ئەوەی ئەو دەزگا بڵاوکەرەوەیە لەوە دەترسا کە پاشماوەی ئەو چیرۆکەی وە چەنگ نەکەوێت پارەی گەڕانەوەی بۆ ناردن و ئەوانیش گەڕانەوە بۆ شاری سان پترسبۆرگ. ئەمە لە ساڵی (١٨٧١)دا بوو و لەو سەردەمەدا تەمەنی دستۆیفسکی ببووە پەنجا ساڵ و هێشتا دە ساڵی تری ما بوو تا ژیان بەسەرببات. نووسەری بەناو بانگ ببووە سلاڤۆ فیلێکی (Slavo Phil) گەرم و گوڕو بەو چاوە سەیری ڕوسیای دەکرد کە دەبێ هەموو دنیا ڕزگار بکات. ڕۆمانی (جنداوی) پێشوازییەکی باشی لێکراو



ئەوهێرشەی کە تێیدا کرابووە سەر گەنجە ڕادیکاڵەکانی ئەو سەردەمە، کۆمەڵێک دۆست و هاوڕێی لە نێو کۆڕی کۆنە پەرستەکاندا بۆ نووسەری ئەو کتێبە واتە دستۆیفسکی پەیداکرد. ئەوان پێیان وابوو کەدەتوانن لەو ململانێیەی نێوان دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و چاکسازی خوازانی سیاسی دا سوودی لێوەرگرن و هەربۆیەش بە هەقدەستێکی باش کردیانە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک بە ناوی (هاوشاری) و ئەو ڕۆژنامەیەش لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگیری لێدەکرا، دستۆیفسکی ماوەی ساڵێک لەم پۆستەدا مایەوەو پاشان دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند. هۆی دەست لەکار کێشانەوەکەش جیاوازی بیروڕابوو سەبارەت بەپێشنیارێک کە کرابوو. چونکە سەرەڕای ئەوەی کە بۆ خۆشی ببوو کۆنە پەرست، بەڵام ئەو پێشنیارە لەوەش خراپتربوو کەبتوانێت قبوولی بکات. هەتا سەروبەندی ئەم ڕووداوە، ئانای کارزانی هاوسەری بۆ خۆی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی دانابوو و نووسینەکانی مێردەکەی چاپ وبڵاو دەکردەوەو ئەوکارەش هێندەی قازانج هەبوو کە ئیدی دستۆیفسکی هەتا کۆتایی ژیانی لە دەسکورتی و نەداری ڕزگاری بوو. سەبارەت بەباتی ژیانی لەوسەرەدەمەڕا بەئاسان دەتوانین بازبدەین. دستۆیفسکی لەژێر ناونیشانی (یاداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەرێک)دا کۆمەڵێک وتاری هەڵبەز دابەزی نووسی و ئەم وتارانەش ڕوبەڕووی سەرکەوتنێکی گەورە بونەوەو هەرئەوەش وایکرد تا دستۆیفسکی خۆی بە مامۆستایەک و پێشەوایەک لەقەڵەم بدات. ئەمەش ئەو ڕۆڵەیەکە ژمارەیەکی کەم لە نووسەران ڕەغبەتیان لێنەبووە ببیبێن. سەرەنجام ڕۆمانێکی بە ناوی (گەنجێکی کاڵ) نووسی و دواتر (برایانی کارامازۆف) و ئیدی ناوبانگی زیادی کرد. کاتێکیش کە بەشێوەیەکی کت وپڕ لە ساڵی (١٨٨١)دا مرد، جێی ڕێزی زۆربەی نووسەر بەرجەستەو پلەیەکەکانی سەردەمی خۆی بووە دەڵێت مەراسیمی بە خاک سپاردنی تەرمەکەی (یەکێک بووە لە گەورەترین دەربڕینی هەست و سۆزی گشتی خەڵک کە پێشتر هەرگیز لە پایتەختی ڕوسیا نەبینرابوو.) من هەوڵم داوە کە ڕاستییە سەرکییەکانی ژیانی دستۆیفسکی بەبێ ڕوونکردنەوە باس بکەم.

ئەو کاریگەریەی کە ئەم ڕاستیانە دەیکاتە سەر مرۆڤ، هەمان ئەو کاریگەرییەیە کە مرۆڤێکی نالەبار لەسەرخەڵکی بەجێ دەهێڵێت. خۆپەسندی نەخۆشییەکەو دەرەنجامی

پیشەی هونەرمەندانەیە، جا ئەو هونەرمەندانە چ نووسەر یان نیگارکێش و یانیش مۆسیقازان و ئەکتەربن. بەڵام دستۆیفسکی بێ شەرم بوو. وا دەردەکەوێت کە هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتبێت کە ئەگەری ئەوە هەیە کەسێک لەو قسانەی بێزار ببێت کە دەربارەی خۆی و بەرهەمەکانی دەیانکات. نەبوونی بڕوا بەخۆ بوون لەگەڵ ئەو خۆپەسندیەیدا ئاوێتەببوو کە ئێستا بە ٠گرێی بو دەڵەیی) ناوزەدیان کردووە. بەڵام ڕەنگە ئەمە یەکێک بوبێت لە پێویستییەکانی. یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بوو بێت کەوا بەڕاشکاوی تا ئەوندازەیە هاوپیشە وهاوڕێی نووسەرەکانی خۆم بەکەم دەگرت و سوکایەتی پێدەکردن. بەڵام بەدەگمەن ڕووەدات کە مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست بەهۆی بەندکردن لە زیندانداﺍ مل بۆ خۆ بەدەستەوە دانێکی هێندە نەگبەتبار کەچ بکات. دستۆیفسکی لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو سزادانەی قبووڵ کرد بوو بە بیانووی ئەوەی دژایەتی دەسەڵاتی کردووەو بۆ خۆش خۆی بەشیاوی ئەو سزادانە دەزانی، بەڵام لە پێناو لێبوردن و هەڵگرتنی ئەو حوکمەی کە بەسەریدا سەپێندرا بوو هەموو ڕێگاکانی گرتەبەر. ئەو کارەشی هەرگیز بە مەنتیقی نەدەهاتە بەر چاوو. پێشتریش باسی ئەوەم کرد کە کاتێک لەبەر دەسەڵاتدارو دەست ڕۆیشتووەکان دەپاڕایەوە چەند خۆی بچووک دەکردەوە. ئەو هەرگیز دەسەڵاتی نەبوو بەسەر نەفسی خۆیدا. بەڵام رەنگە بتوانرێت ئەم مەسەلەیە بەهۆی ئەو نەخۆشییە (فێداریە)ی کە بەسەختی ئازاری دەدا، پاساو بدرێت. کە ئەگەر وابێت ناتوانرێت خۆی لەو کارە بە بەر پرسیار بزانرێت. دستۆیفسکی کاتێک کە گرفتاری دەستی تکاکانی نەفس دەبوو، نەپێگەو دوور ئەندێشی دەبووە ڕێگری و نە نەریتی کۆمەڵایەتیش. هەر بۆیەش کاتێک کە ژنەکەی لەسەرەمەرگدا بوو، بە جێی هێشت تا بەدوای پولینا سوسلۆڤا دا بچێتە پاریس و کاتێکێش گەڕایەوەکن ژنەکەی کە ئەو ئافرەتە جحێڵ وسەربەستە (پولینا) لە خۆی دوور خستبۆوە. بەڵام لاوازی ئیرادەی دستۆیفسکی سەبارەت بەهیچ شتێک بەقەد شەیدابوونی شێت ئاسای بۆ قومارکردن ئاشکرا نییە. ئەو شەیدا بونەشی پەیتا پەیتا تووشی دەستکورتی دەکردو دەیڕوتاندەوە. لەشاری جنێف ناچار بوو بەپێنج فڕانک و دە فڕانک پارە قەرز بکات تا پاروە نانێک بۆ خۆی و ژنەکەی پەیدا بکات. خوێنەر وەبیریەتی کە دستۆیفسکی بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی کورتە ڕۆمانێکی بەناونیشانی



(قومارچی) نووسی. قومارچی ڕۆمانێکی باش نییە، بەڵام سەرنج ڕاکێشییەکەی لەو رووەوەیە کەوا پێدەچێ کارەکتەرە ژنەکەی واتە (پولینا ئەلیکساندرون) لەسەر پولینا سوسلۆڤا دروست کرابێت و کلێشەیەکی سەرەتایی (پێکهاتەیەک) دەداتە دەستی خوێنەر، پێکهاتەی ئەو ئافرەتەی کە ئەوینەکەی تێکەڵ بە رق و بێزارییە. ئەمەش ئەو ئافرەتەیە کە دستۆیفسکی لە کتێبەکانی دواتری وێنەی ئەوی بەدەست رەنگینی زیاترەوە کێشا. ڕۆمانی قومارچی لەو رووەشەوە سەرنج ڕاکێشەکە تێیدا دستۆیفسکی بە تیژبینیەکی زۆر، ئەو هەستانەی تێدا روون کردۆتەوە کە قوربانی بە بەدبەختی قومار پێوەی گرفتار بووەو بۆ خۆشی بەباشی پێی ئاگادار بوو. پاش ئەوەی کە ئەو کتێبە دەخوێننەوە تێدەگەن کە چ شتێک وایکرد سەرەڕای ئەوەی کە قومارکردن تووشی ئەو هەموو نەگبەتییەو چاووشۆڕیەی دەکرد و ئەو بەد بەختیانەی کە بەسەر خۆی و خۆشەویستانی دەهێنا و سەرەڕای ئەوەی کە ئەو روداوە پڕ لەسەر شۆڕیانەی لێدەکەوتەوە (کاتێک کە پارەی لە سندووقی نووسەرە کەم دەرامەتەکان قەرزکرد، بۆ ئەوە بوو کە شت بنووسێت نەک قوماری پێبکات)، وێڕای ئەوەی کە ئەوکارەی بە بەردەوامی ناچاری دەکرد تا دەست لەبەر هاوڕێکانی پان بکاتەوە تا پارەی بدەنێ، ئەو هاوڕێیانەی کە لە پارەپێدانی بێتاقەت و بێزار ببوون و ئیدی بەکورتی بۆ سەرەڕای ئەو هەموو شتانە، نەیدەتوانی لە بەرامبەر دنەدانی قومار کردندا خۆی ڕاگرێ و بەرگری بکات. دستۆیفسکی کابرایەک بوو حەزی لە خۆ دەرخستن بوو، هەر وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە غەریزەی ئەفراندنیان (Creative instinct) هەیە ئەو هونەرەی لێدەردەچێت کە پێوەی خەریکن، بەو شێوەیەن. دستۆیفسکی بە روونی باسی ئەوەی کردووە کە رووتێکردنی بەخت وشانس لە قومارکردندا، دەتوانێت ئەو حەزە سەرکۆنە کراوە رازی بکات. ئامادەبوان کۆدەبنەوەو زەق زەق تەماشای ئەو قومارچییە بەختەوەرە دەکەن کە گوایا ئەو بونەوەرێکی باڵادەستترە. ئەم دەستخۆش لێکردنەش هەتوانی روحی پیاوی بەد بەختە، لەبەر ئەوەی دووچاری متمانە بە خۆ نەبونێکی نەخۆشی ئاسایە! کاتێک کە دەباتەوە هەستێکی سەرخۆشکەر لە خۆیدا هەست پێدەکات کە دەرەنجامی هێزو دەسەڵاتەو وا هەست دەکات کە فەرمانڕەوای چارەنووسی خۆیەتی. چونکە زیرەکی و چاپووکی و دیدی بینینی وی هێندە لە هەڵەکردن

دووره کە دەتوانێت بەخت و شانسی بخاتە ژێر رکێفی خۆی و فەرمانی بەسەردا بکات. دستۆیفسکی پاڵەوانە قومارچییەکەی خۆی ناچار دەکات هەتا بەدەنگی بەرز بڵێت: (پێویستە تەنیا یەک جار هێزی ئیرادە نیشان بدەم و ئەوکاتە دەتوانم لە ساتەوەختێکی کورتدا چارەنووسی خۆم بگۆڕم. خاڵی سەرەکیش دەسەڵاتی ویست و ئیرادەیە. تەنیا ئەوە بە بیرخۆت بێنەوە کە حەوت مانگ لەمەو بەر لە شاری ڕۆلێتێنبۆرگ (٢) (Roulettenburg) ڕێک بەرلەوەی هەموو شتێکم بدۆڕێنم چیم بەسەر هات و چ شتێک ڕویدا بۆم. ئۆه، ئەو ڕوداوە نموونەیەکی بەرجەستەی ئیرادەو بڕیاردان بوو: لەو کاتەدا کە هەموو شتەکانم دۆڕاندبوو، هەموو شتەکان ... و خەریک بووم لە گازینۆ دەهاتمەدەرێ کە تەماشام کرد یەک (گوڵدێن) (٦) لە گیرفانی ئێلەگەکەمدا ماوە بیرم کردەوە: »کەواتە بەشی نانی ئێوارێم پێیە.» بەڵام پاش ئەوەی کەسەد هەنگاو دوور کەوتمەوە ڕامگۆڕی و گەڕامەوە بۆ نێو گازینۆ و ئەو گوڵدێنەشم خستە قومارەوە ... کاتێک کەلەدووره وولات و دوور لە نشتیمان و دۆستانن و بەتەنیان کاتێک کەلەوە دڵنیا نین داخۆ ئەوڕۆژە هیچتان هەیە بیخۆن یان نا، پاشان ئەو یەک گوڵدێنەش دەخەنە قومارەوە هەستێک رووتان تێدەکات کە بەڕاستی شتێکی سەیری تێدایە. بەکورتی بردمەوەو لە پاش بیست خولەک لە گازینۆ هاتمەدەرێ، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە گیرفانەکانم سەدو حەفتا گوڵدێنیان تێدابوو، ئەمە ڕاستییەکی ڕوون و بڕوا پێکراوەو هەمان ئەوکارەیە کە دوایین گوڵدێن جاری وایە دەتوانێت بیکات. ئەگەر لەودوا ساتانەدا هیوا بڕاو ببومایە چی ڕووی دەدا؟ ئەگەر نەوێرابام ئەو تاقە گوڵدێنەش بخەمە مەترسییەوە، چی دەقەوما؟)

ستراخۆف ناوێک کە هاوڕێیەکی کۆنی دستۆیفسکی بوو بەسەرهاتەکانی وی نووسیوەتەوەو سەبارەت بەم بەرهەمەشی نامەیەکی بۆ تۆلستۆی نووسی. ئیلمیرمۆد لە ژیاننامەی تۆلستۆیدا کە بۆ خۆی نووسیوبەتییەوە ئەو نامەیەی ستراخۆفی تێدا گونجاندووەو من لێرەدا بە پەڕاندن و لادانی هێندێک لە بابەتەکانی و لەسەر وەرگێڕانەکەی ئیلمیرمۆد دەیخەمە ڕوو. ئەو نووسیویەتی و دەڵێ: (لەتەواوی ئەو کاتانەدا کە بە نووسینی ئەم کتێبەوە خەریک بووم، ناچار بووم تاململانێ لەگەڵ ئەو هەستە پڕ لە ڕق وبێزارییەدا بکەم کە بەرامبەر دستۆیفسکی هەمبوو و سەرکوتی بکەم ... من ناتوانم



دستۆیفسکی بە پیاوێکی چاک یان بەختەوەر لە قەڵەم بدەم. ئەو پیاوێکی خراپ و گوناهبارو لە ئیرەیی سیخناخ بوو. ئەو لەتەواوی ژیانی خۆیدا گرفتاری کۆمەڵێک حەز وئارەزو بوو کە ئەگەر بێت و مرۆڤێکی کەم هۆشتر یان بە فەڕ تر بوایە، دەبووە بونەوەرێکی گاڵتە جاڕی و چارەڕەش. کاتێک کە ژیاننامەی ویم دەنووسییەوە بەباشی ئاگاداری ئەوهەستانە بووم کە لە سویسرا لە پێش چاوی من بە جۆرێکی وا دزێو هەڵسوکەوتی لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا کرد کە ئەو پیاوە بەڕویدا تەقییەوەو گوتی: (منیش مرۆڤم!). چاکیشم لە بیرە کە بەبیستنی ئەم قسانە چ هەستێک دەروونمی داگرت. ئەم ووشانە ڕەنگدانەوەی ئەو بیرو بۆ چونانە بوون کە لە سویسرای ئازاد سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ باو بوون و بەڕووی کەسێکدا دەدران کە بەردەوام هانی خەڵکی دەداو ئامۆژگاری دەکردن کە ئەو هەستە مرۆڤ دۆستانەیان قبووڵ بێت. ئەمەش ئەو دیمەنانە بوون کە بە بەردەوامی دووبارە دەبونەوەو دستۆیفسکی نەیدەتوانی توڕەیی خۆی قوت بداتەوە ... لە هەمووشیان خراپتر ئەوەبوو: کە خۆی بەوەوە هەڵدەکێشا کە هەرگیز لەو کارە چەپەڵانەی خۆی پەشیمان نابێتەوە. کردەوە ناشیرنەکان دستۆیفسکیان بەرەولای خۆیان پەلکێش دەکردو ئەویش شانازی بەو ڕاستییەوە دەکرد. ڤیسکواتۆف (مامۆستایەکی زانکۆیە) جارێکیان پێی گوتم کە دستۆیفسکی چۆن خۆی بەوەوە هەڵدەکێشا کە لەحەمامدا پەلاماری کچێکی منداڵکاری داوەو دەستدرێژی کردۆتە سەری. ئەوکچەش مامۆستایەکی تایبەتی خۆی هێنابویە لای دستۆیفسکی ... بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دوو چاری جۆرێک لە هەست ناسکی نەخۆشی ئاسا و خەیاڵاتی زێدەڕۆیانەی مرۆڤ دۆستانە بووە هەرئەو خەونانەو پەیامە ئەدەبییەکانی و ئەو مەیل و ڕەغبەتەی ئێمەیە بەرامبەر بە نووسینەکانی کە لای ئێمە خۆشەویستی کردووە با کورتی بکەمەوە، هەموو ئەو ڕۆمانانەی کە ئەو نووسیونی هەوڵ دەدەن تا ڕووی نووسەرەکەیان سپی بکەنەوەو پاساوی بۆ بهێننەوە. ئەو ڕۆمانانەی وی ئەوە دەردەخەن کە قێزەون ترین و چەپەڵ ترینی تاوانکاریەکان، دەتوانن شانی بەشانی بەرز ترینی هەستەکان بونیان هەبێت ... ) ئەوە ڕاستە کە نەرم و نیانی هەستەکانی دستۆیفسکی شێوەی نەخۆشیان هەبوو و مرۆڤ دۆستی وی پڕو پوچانە و بێهوودە بووە ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سەبارەت بە (خەڵک)

(خالێ بەرامبەر بە رای رۆشنبیران) لەو بڕوایەدا بوو کە گەڕاندنەوەی ژیانی سەر لە نۆی بۆ روسیا بە دەست ئەوانە. بەڵام کەمترین ئاشنایەتی بەو خەڵکە نەبوو و بچووکترین هاودەردیشی لەگەڵ تاڵ وسویرییەکانی ژیانیان نەدەنواند. دستۆیفسکی بەتوندی هێرشی دەکردە سەر ئەو رادیکاڵانەی کە هەوڵیان دەدا تا لە ئازارو مەینەتییەکانی خەڵک کەم بکەنەوە. لەو رۆمانەدا کە بۆ نەگبەتی و چارە رەشی تۆقێنەرەکانی خەڵک پێشکەش دەکرد ئەوەی تێدابوو (کە دەبێ خەڵک دەردو مەینەتییەکانیان بگەیەننە ئەو پەڕی کامڵبوون و مەبەست و لەو کامڵ بوونی مەبەستەش، شێوازێکی ژیان بنیات بنێن. ئەو لە جیاتی چاکسازیە پراکتیکیەکان، دامرکاندنەوەی ئەو ئازارانەی بە هۆی دین و عیرفانەوە بۆ لێقە وماوان و دەستکورتان پێشنیار دەکرد. (٧)) بەسەر هاتی دەستدرێژی کردنەکەی بۆ سەر ئەو کێژۆڵەیە، ستایشکەرانی دستۆیفسکی نارەحەت کردووەو بەبێ متمانەیان لەقەڵەم داوە. ئەو وتارەش کەستراخۆف لەمبارەیەوە نووسیویەتی بە ئاشکرا لەسەر ئەو پڕوپاگەندەیە بنیات نراوە. بەڵام ئەو خاڵەی کە ئەو روداوە دەسەلمێنێ راپۆرتێکە بەم ناوەڕۆکە: (لە کاتێکدا کە پەشیمانی بەسەر دستۆیفسکیدا زاڵ ببوو، ئەم بەسەرهاتەی بۆ کۆنە هاوڕێیەکی خۆی گێڕایەوەو ئەو هاوڕێیەشی ئامۆژگاری کرد کە بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئازارو رەنجی تۆبە کردندا بتوانێت خۆی راگرێت بابچێت وئەو باسە بۆ کەسێک بگێڕێتەوە کە بۆخۆی لەهەموو کەسێکی ئەم دنیایەی پتر رق لێیە و لە ئەنجامدا دستۆیفسکی چوو ئەو بەسەرهاتەی بۆ تورگینێف گێڕایەوە.) بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش رەنگە ئەو چیرۆکە راست نەبێت. ئەڵبەتە ئەوەیان زۆر راستە کە ئەم مەسەلەیە پەیتا پەیتا لە بەرهەمەکانیدا خۆی دەردەخات و دەڵێن یەکێک لە بەشەکانی رۆمانی (جنداوی) کە پەڕێندراو لادرا، باسی ئەو رووداوەی کردبووە بەڵام بەهیچ جۆرێک ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی دستۆیفسکی ئەوکارە دزێوەی ئەنجام دابێت. ئەگەری زۆر هەیە کە ئەم مەسەلەیە مەزەندەیەکی پوچ بێت سەبارەت بەنەخۆشییە فێداریەکەی، ئەو خەیاڵە پوچە بەهێزەی کە دەروونی وی لە هەستکردن بە تاوان سیخناخ کردبوو، یان رەنگە وەکو هەموو رۆمان نووسانی تر، یەکێک لە کارەکتەرەکانی خۆی ناچار کرد بێت کە تاوانێکی وا ئەنجام بدات کە بەدبەختانە بۆ خۆی حەزی پێدەکرد بەڵام نەیدەتوانی خۆی قایل بکات



بۆ ئەنجامدانی (٨). دستۆیفسکی خۆپەسند، بەدگومان، شەڕانی، ماستاوچی، خۆ پەرست، خۆهەڵکێش، بێ متمانە، گوێ پێنەدەر، بیرتەسک و نائارام بووە بەڵام ئەمە هەموو بەسەر هاتەکەی نییە. کاتێک کە لەبەندیخانە دابوو، لەوە تێگەیشتبوو کە رەنگە مروڤەکان تووشی ئەنجامدانی تاوانی پیاوکوشتن وشەهوەت بازی و دزی ببن بەڵام شان بەشانی ئەمانەش ببنە خاونی خەسڵەتە باشەکان وەکو بوێری و جوامێری و خۆشەویستی بەرامبەر بە هاوڕێی هاوکاران. واتێگەیشتبوو کە هیچ مرۆڤێک یەکدەست و یەک پارچە نییە بەڵکو تێکەڵەیەکە لە نەجیبی و دزێوی و تاوان وچاکە. دستۆیفسکی زۆر بەکەمی رەخنەی دەگرت (مەبەست رەخنە گشتییەکانە)، خاوەن بەخشش و دڵاوا بوو و قەت لە پارەدان و هاوکاری کردنی سواڵکەرو هاوڕێیانی درێغی نەدەکرد. هەر لەوکاتەدا کە بۆ خۆی بێ پارە و نەدار بوو، پارەی لەم و لەو قەرز دەکرد و دەینارد بۆ براژنەکەی و سوتلی برایەکەی و زڕکوڕە هیچ و پوچەکەی و بۆ (ئاندرێ) ی برا چووکە مەیخۆرەوەکەی کە مرۆڤێکی زۆر بێ بایەخ و بێ مانا بوو. ئەمانە هەموویان دەبونە مشەخۆری هەر وەکو چۆن بۆ خۆی ببووە مشەخۆری خەڵکانی ترو بێ ئەوەی ئەوکارەشی بێ تاقەت و توڕەی بکات. بەڵام تەنیا بۆ ئەوە بە پەرۆش بوو کە نەیدەتوانی لەوە زیاتریان بۆ بکات. ئەو ئانای هاوسەری خۆشدەویست و ستایشی دەکرد و رێزی لێدە ناو لە هەموو روویەکەوە لە خۆی بە باشتری دەزانی. زانینی ئەم خاڵە هەست بزوێنە کە لەماوەی ئەو چوارساڵەدا کە لە دەرەوەی وڵاتی بەسەربرد، بەدەست ئەو ترسەوە ئازادی دەچەشت کە چونکە ئانا بەهۆی ئەوەوە ئاوای بەسەرهاتووەو جگە لەو کەسی تری لەگەڵدا نییە مەبادا بێ تاقەت و بێزار ببێت. دستۆیفسکی دڵێکی میهرەبانی هەبوو، ئاواتی ئەوەبوو کە خەڵک خۆشیان بوێت. ئەو بەزەحمەت دەیتوانی بڕوا بەوە بکات کە سەرەڕای ئەو هەموو کەمو کوڕیانەی کەلە خۆیدا هەستی پێدە کرد، کەسێکی وای پەیدا کردبوو کە دڵسۆزانە خۆشی بوێت. ئانای هاوسەری خۆشترین ساڵەکانی تەمەنی دستۆیفسکی پێ بەخشیبوو. ئەمەبوو تایبەتمەندیە رۆحی وفیکری و ئەخلاقییەکانی پیاوێک بەناوی (دستۆیفسکی). ئەوەی باسمان کردن تەنیا تایبەتمەندییەکانی پیاوێکی ئاسایی بوون. بەڵام لە نێوان (پیاوێکی ئاسایی) و (نووسەرێک) دووفاقەییەک و جیاوازی هەیە و من هیچ کەسێکم نەدیتووە کە ئەو

دووفاقەیی جیاوازییەی بەقەد دستۆیفسکی تێدا بێت. ئەم دوو فاقەییە رەنگە لە هەموو هونەرمەندانی خولقێنەردا هەبێت، بەڵام لە نووسەراندا پتر ئاشکراو بەرجەستەیە، چونکە (هۆکاری) پەیوەندی ئەوان بەخوێنەرەوە (وشە) یەو جیاوازی (هەڵسوکەوتیان) و ئەو (پەیوەندییە) مەعنەوییەی کە لەگەڵ خوێنەردا هەیانە پتر سەرسوڕهێنەرە، جوانکاری (شیلی (٩) – Percy Bysshe Shelly) و ئەوشەوق و زەوقەی کە بۆ ئازادی و ئەو رقەی کەلە نا بەرامبەری هەیبوو، لەگەڵ ئەو خۆ پەسندییەی و پەڕپوت لەهەستەکان و گوێ پێنەدانی وبێ هەست وسۆزی و بێ باکی ولالووتی لەو دەردو ئازارەی کە ورووژاندبووی بەراورد بکەن. من گومانم لەدەدا نییە کە زۆربەی ئاوازدانەرو نیگارکێشەکان بەقەد شیلی خۆپەسندو بێ هەست و سۆز بوون. بەڵام جوانی مۆسیقای ئەو ئاواز دانەرانەو جوانی وێنەکانی نیگار کێشەکان، هەستەکانمان بۆلای خۆیان پەلکێش دەکەن وئێمە لەو جیاوازییەی کە لە نێوان هەڵسوکەوت و بەرهەمەکانیاندا هەیە نارەنجێین. رەنگە تواناو لێهاتوویی خولقاندن بەم شێوەیەبێت، یانی ئەو هێزە زەینییە سروشتییەی سەردەمی منداڵی و سەرەتای لاوێتی ئەگەر لەدوای بەسەر چوونی تەمەنی لاوێتی بەردەوام بێت وبمێنێتەوە، نەخۆشییەک بێت کە تەنیا بە بەهای لەدەست دانی خەسڵەتە ئاساییەکان بتوانێت نەشونمابکات. رێک بەو شێوەیەی کە گندۆرە ئەوکاتە زۆر شیرین دەبێت کە تەنیا لە نێو زبڵ و پەیندا روابێت، ئەم هێزە زەینییەش لەو (خاکە)دا پتر لە هەموو شوێنێک گەشەدەکات کە پێکهاتەی لە خەسڵەتی خراپ دروست بووبێت. لە پەیکەری دستۆیفسکیدا مرۆڤێکی مەزنتر هەبوو لەو کەسە خۆ پەرست و نەفس نزم و توڕەو ترۆیەو لووت بەرزەی کە نووسەرانی ژیاننامەی ودی وێنەیان کێشاوە: لە پەیکەری دستۆیفسکیدا پیاوێک دەژیا کە دەیتوانی (ئالیوشا) بخولقێنێ، ئەو خولقێندراوەی کە رەنگە لەهەموو رۆمانەکانی دنیادا سەرنج راکێش ترو شیرین و نەجیب و بەسۆزتر لەو نەهاتبێت. لە پەیکەری دستۆیفسکیدا مرۆڤێک دەژیا کە دەیتوانی (بابازۆسیما) بخولقێنێ، ئەو پیاوەی کە هەروەکو پیاو چاکانە. بڕیار وابوو کە (ئالیوشا) پاڵەوانی سەرەکی رۆمانی (برایانی کارامازۆف) بێت، هەروەکو لەیەکەم رستەی کتێبەکەشرا بە ئاشکرایی دیارە: (ئەلێکسی ڤیودۆرۆڤیچ کارامازۆف، سێیەم کوڕی فیۆدۆر پاڤلۆڤیچ بوو. کارامازۆف لە سەردەمی خۆیدا لە گەرەکێکی بەگێکی ناودارو بەهۆی مەرگە نادیارو خەماویەکەیەوە کەسێزدە ساڵ لە



مەوبەر رویدا بوو و لەکاتی خۆیدا باسی دەکەم، هێشتاش لەبیرمانە) دستۆیفسکی رۆماننووسێکی زۆر کارامەو بە ئەزموون بوو و هەرلەم رووەشەوەیە کە بەبێ هۆ نییە بەقسەی دەقیق و راشکاوانە دەربارەی ئالیوشا دەستی بەکتێبەکەی کردووە، ئەو قسەیەی کە دیارترو بەرچاوتری دەکات. بەڵام لەو کتێبەدا کە لەبەردەستی ئێمەدایە، ئالیوشا بە بەراورد لەگەڵ دوو برایەکەی تریدا، واتە (دیمتری) و (ئیڤان) رۆڵی پلە دوو دەبینێت. ئالیوشا جاری وایە دێتە نێو چیرۆکەکەو جاری واشە بزر دەبێت و وادێتە بەرچاو کە هیچ کاریگەرییەکی بەسەرکارەکتەرە بەشدار بووەکانی چیرۆکەکەوە نییە. چالاکییەکانی خودی وی پەیوەندی بەکۆمەڵێک قوتابی قوتابخانەوەیە کە کارەکانیان بێجگە لە دەرخستنی سەرنج راکێشی و میهرەبانی ئالیوشاهیچی تر نییە و پەیوەندی بەپێشکەوتن و کامڵبوونی ناوەڕۆکی چیرۆکەکەوە نییە. روونکردنەوەی ئەوەیە کە (برایانی کارامازۆف) لە وەرگێڕانە (ئینگلیزییەکەی) خاتوو (گارنێت)دا بۆتە (٨٣٨) لاپەڕە، تەنیا بەشێکە لەو رۆمانەی کە دستۆیفسکی نیازی وا بوو بینووسێت. ئەو نیازی وا بوو لە بەرگەکانی تری ئەو رۆمانەدا درێژەبدات بە کامڵکردنی ئالیوشاوبەچەندین قۆناغی پڕ لە گۆڕانکاری ژیانیدا تێپەڕێنێت. وا مەزەندە دەکرێت کەوا بڕیار بووە ئالیوشا لەو گۆڕانکاریانەدا تاقیکردنەوەی گەورەی تاوانباری ببینێت و سەرەنجام بە خۆڕاگری پڕ لە رەنج و ئازار بگاتە رزگاری و بەختەوەری. بەڵام مردن لێنەگەڕا دستۆیفسکی مەبەستەکەی بخاتەmاری کرداری و هەرلەبەر ئەوەشە کە رۆمانی برایانی کارامازۆف بەنیوە چڵی ماوەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لە گەورەترین ئەو رۆمانانەی کە تاکو ئێستا نووسراون و لە سەرووی ریزبەندی ئەو کۆمەڵە بەرهەمە دەگمەن و سەرسوڕهێنەرە خەیاڵیانە دایە کە لە رۆمانەکانی تر (کەرەنگە بە گوێرەی خۆیان بەرزبن) جیاوازن و دوو نموونەی هەست بزوێن و پڕ لە جۆش خرۆشیان (بەرزاییەکانی باسەرە) (١٠) و (موبی دیک)ە. برایانی کارامازۆف کتێبێکی یەکجار دەوڵەمەندە و ئەگەر هەوڵم بدایە بەکورتی لێکۆڵینەوەی لەسەربکەم ئەوا زوڵمم لێدەکرد. دستۆیفسکی ماوەیەکی دوورودرێژ دەربارەی ئەم رۆمانە بیری کردەوەو رەنجێکی وای بۆ کێشا کە پتر بوو لەوەی گرفتە مادییەکان دەرفەتیان پێ دەدا. ئەو لەو وەختەوە کە دەستی بەنووسینی یەکەم کتێبی کردبوو تا ئەو کاتە بۆ هیچ کام لە رۆمانەکانی تری ئەو رەنجەی نەکێشابوو. دستۆیفسکی هەموو راڕایی و دوودڵیە ئازاردەرەکانی خۆی و ئەو شەوق و زەوقەتی کە بۆ

باوەڕکردنی مەسەلە پێچەوانەکانی عەقڵ و مەنتیق هەیبوو و ئەوگەڕان و پشکنینە پڕ لە دڵە راوکێیەی خۆی بەدوای واتای ژیاندا، رژاندە نێو ئەو رۆمانەوە. من دەتوانم تەنیا ئەوەندە بەخوێنەر بڵێم کە با چاوەڕوانی چ شتێک نەبێت. چونکە خوێنەر ئەو مافەی نییە شتێک لە نووسەر داوابکات کە نووسەریان تواناى نییە یان نیازی نییە بیداتێ. برایانی کارامازۆڤ کتێبێکی (ریالیستی – Realiste) یانی واقیع بین نییە. چونکە دستۆیفسکی هێزی (دید)ی کەم بوو. جگەلەمەش هەوڵی ئەوەی نەدەدا تا کارەکتەرەکانی رۆمانەکانی لە پێش چاوی خوێنەر بە مرۆڤی واقیع بین نیشان بدات. هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە نابێ بە پێوەرەگشتیە ئاساییەکانی ژیان بپێورێن. کارەکانیان زۆر چاوەڕوان نەکراو و پاڵنەرەکانیان لەڕادەبەدەر هەڕەمەکی و نا مەنتیقین. ئەمانە وەکو ئەو بونەوەرانە نین کە هێزی ئەفراندن وداهێنانی (جین ئۆستین) و (فلوبێر) دروستیان کردون و ئێوەش پێیان ئاشنان. پاڵەوانەکانی رۆمانی برایانی کارامازۆڤ سەرچاوەی هەڵقووڵینی هەستە توندو بەهێزەکانن (Passions) وەکو: لوت بەرزی، تکاکانی نەفس و رق وبێزاری. ئەم مرۆڤانە لەسەر ژیان کۆپی نەکراون و بەو جۆرە نین کە نووسەر ئەوانی بە وەستایی و لێهاتوویی دروستکردبێت و گرنگتر لە شێوەی ئەو کەسانەی دەرهێنابن کە ژیان نمایشیان دەکات، بەڵکو لە دایکبووی هەستیاری نەخۆشی ئاسا و مەینەت دیدە و هەڵگەڕاوەی نووسەرن. هەرچەندە ئەم بونەوەرانە وەکو ئەو مرۆڤانە ناچن کە ئێمە لە ژیانی رۆژانەماندا دەیانبینین، بەڵام زیندوون و شەوق و زەوقی ژیانیان تێدایە. رۆمانی (برایانی کارامازۆف) گرفتاری دەستی زۆر بلێیی و درێژدادڕی دستۆیفسکییە. ئەو دەیزانی کە ئەمە کەموکوڕیەو زۆربەی کتێبەکانیشی دووچاری ئەو کێشەیەن، بەڵام نەیدەتوانی چارەسەری ئەم کەموکوڕیە بکات. تەنانەت لەکاتی وەرگێڕانی کتێبەکەشدا مرۆڤ بەباشی هەست بە شەپرێوی و بێ دیقەتی ئەو نووسینە دەکات کە بۆ کتێبەکە بەکار هاتووە. دستۆیفسکی رۆماننووسێنکی مەزن بەڵام هونەرمەندێکی لاواز و تەنزەکەی سەرەتایی بووە (مەدام هۆهلاکۆف) کە دیمەنە کۆمیدییەکانی رۆمانەکە پێک دەهێنێت، جگە لە بونەوەرێکی بێزارکەر هیچی دی نییە. سێ ئافرەتە جحێڵ ترەکانی چیرۆکەکەیانی: (لیز) و (کاترینا ئیڤانۆفنا) و (گروشنکا) بە جۆرێک دروست نەکراون کە یەک بە یەکیان سەرنجی خوێنەر راکێشن و هەربۆیەش جیاوازییەکی بەرچاویان لە یەکتری نییە. هەرسێکیان تووڕە و رق



ئەستوور، قین لە دڵ و خراپکارن. ئەوانە دەیانەوێت ئەو پیاوە بخەنە ژێر رکێفی خۆیان کە خۆشیان دەوێت و فەرمانی بەسەردا بکەن و ئازاری بدەن و لە هەمان کاتیشدا ملیان بۆ کەچ بکەن و خۆیان بدەنە دەستی و بەدەستییەوە ئازار بچێژن. هەڵسوکەوتی ئەوان بەڕاستی شیاوی باسکردن نییە لەو روونکردنەوە کورتەی کە سەبارەت بەژیانی دستۆیفسکی پێشکەشم کرد، سەبارەت بەو دوو ئافرەتەی کە پەیوەندییەکی تاڕادەیەک دڵسۆزانەی لەگەڵدا هەبوون هیچم باس نەکرد. هەرچەندە ئەو دوو ئافرەتە کەرەستە و پێداویستییەکانی رۆمانەکەی ئەویشیان دابینکرد، بەڵام کارێگەرییەکی ئەو تۆیان نەبوو لەسەر ژیانی دستۆیفسکی. نووسەری رۆمانی (برایانی کارامازۆف) کابرایەکی شەهوەت پەرست و لە رادە بەدەر کەیفی بە ئافرەتان دەهات: بەڵام من ناچێتە عەقڵمەوە کە زانیارییەکی باشی دەربارەیان هەبوو بێت. وادەردەکەوێت کە دستۆیفسکی بەسووک و ئاسانی ئافرەتانی بەسەر دوو تاقمدا دابەشکردبێت یەکەم ئافرەتی گوێڕایەڵ و بە ئەمەک کە تانوتی لێدەدەن و هەڵسوکەوتی خراپی لەتەکدا دەکەن و بەسەریدا دەسەپێنن دەستەی دووەمیش ئەو ئافرەتانەن کە لوت بەرزو حەزیان لە فەرمان دەرکردنەو توندو تیژو ستەمکارو قین لە دڵن. ئەگەری ئەوەش هەیە کە مەبەستی دستۆیفسکی لەوەی دوهەمیان (پولینا سوسلۆڤا) بوو بێت. ئەو لەبەر ئەوە پولینای خۆش دەویست چونکە بۆ رازیکردنی (ماسۆشیەت)ی (١١) خۆی پێویستی بەو دەردو ئازارە بوو کە بەدەستیەوە دەیکێشا. کارەکتەرە پیاوەکانی (برایانی کارامازۆف) بەدەستێکی قایم تر داڕێژراون، کارامازۆڤی پیر، ئەو مەیخۆرە خڵە فاوو فێڵبازو قسەخۆشە بە شێوازێکی زۆر جوان بەخوێنەر ناسێنراوە. کوڕە حەرامزادەکەشی واتە (سیردیاکۆف) شاکارێکی چەپەڵی و بەدفەڕییە. سەبارەت بە (ئالیوشا)ش پێشتر کەمێک باسم کردووە. پیری بێکارە دووکوڕی تریشی هەبوون: دیمیتری لەو جۆرە پیاوانەیە کە مرۆڤە هێدی و چاوو پۆشی کەران پێیان خۆشە ئاوای وەسفی بکەن (ئەوە مرۆڤێکە کە خراپترین دوژمنی خۆیەتی.) ئەو لە بن دەستی ئازارێکی سەرشۆڕانەدایەو مەیخۆرەوە وخۆ هەڵکێشە و دەسبڵاوێکی بێ بەندوبارەو قەت دەربەستی ئەوە نییە کە ئەو پارەیەی ئاوا بەگەمژانە خەرجی دەکات چۆن بەدەستی دێنێت. بیروباوەڕی وی دەربارەی یاخی بوون وگوناهکردن بە نەرمونیانی قوتابییەکی قوتابخانەیەو ئەو وەسفەی کە بۆ کۆڕو کۆبوونەوە عەیش ونۆش و رابواردنەکان دەیکات تا رادەی گاڵتە جاڕی ساویلکانەیەو قسەمنداڵانەکانی سەبارەت

بەشەرەف و کەرامەتی خۆی بەتەواوی بێزارکەرن. دیمیتری لەڕوویەکەوە پاڵەوانی سەرەکی کتێبەکەیە و بەڕای من ئەمە خۆی لە خۆیدا کەموکوڕیەکە بۆ کتێبەکە. چونکە بوونەوەرێکی هێندە بێ بایەخەکە ئێوە دەربەستی نین داخۆ چی بەسەردێت. لەو کتێبەدا وا دیاری کراوە کە دیمیتری بەو جۆرەی کە زۆربەی پیاوان بۆ ئافرەتان سەرنج راکێشن، سەرنجی ئافرەتان راکێشێت بەڵام دستۆیفسکی دەری نەخستووە کە سەرنج راکێشییەکەی لە چی دایەو بریتییە لە چی. ل ەهەڵسوکەوتی دیمیتریدا خاڵێک خۆی دەنوێنێ کە هەمیشە وەکو خاڵێکی گرنگ کاری لەمن کردووە. ئەویش ئەوەیە کە دیمیتری ئەو پارەیە هەڵدەگرێ کە دزیویەتی بۆ ئەوەی بیداتە ئەو (گروشنکا)یەی کە بۆ خۆی شێت و شەیدای بووە، تا مێرد بەو پیاوە بکات کە یەکەمجار لە خشتەی بردووە. ئەم مەسەلەیە ئەوەمان وە بیردێنێتەوە کە دستۆیفسکی بۆ خۆی هەوڵیدا تا پارە قەرز بکات و بیداتە (ماریا ئیزائێڤا) کە بۆ خۆی لە بنەوە کەین و بەینی لەگەڵدا هەبووە بۆ ئەوەی شوبەو مامۆستایە قۆز وخاوەن هەستەبەرزانە بکات. کە دڵی خۆی بەماریا دۆڕاندبوو. دستۆیفسکی (ماسۆشیەت)ی خۆی دایە دیمیتری (کە هەروەکو خۆشی خۆپەرست و ستەمکار بوو.) ئایا ماسۆشیەت بە جۆرێکی سەیر چڵە پۆپەی خۆ دەرخستنە؟.

هەتاکو ئێرە هەر رەخنەم گرتووە بۆیەش خوێنەر هەقیەتی بپرسێت کە ئەگەر ئەوهەموو رەخنەیە دەگرم ئەی بۆچی بانگەشەی ئەوە دەکەم کە رۆمانی (برایانی کارامازۆف) یەکێکە لە بەرزترین دە رۆمان جیهانی. زۆر باشە، ئێستاڕای خۆم دەردەبڕم: یەکەم لەبە ئەوەی برایانی کارامازۆف هێندە دڵگیرە کە خوێنەر بۆلای خۆی پەلکێش دەکات. دستۆیفسکی نەک تەنیا هەر رۆمان نووسێکی مەزن بوو، بەڵکو رۆماننووسێکی زۆر شایستەش بوو (ئەم دوو خەسڵە تە هەمیشە بەیەکەوە نەلکاون) و هەروەها توانایەکی لە رادەبەدەری هەبوو بۆ ئەوەی دۆخ و حاڵەتێک پڕ بکات لە کەیف وخۆشی و شاگەشکە خولّقاندن بە جۆرێکی وا کە کار لە خوێنەر بکات. دستۆیفسکی بۆ ئەوەی هەستیارییەکی پڕ لە دڵەراوکێ لە خوێنەردا بوروژێنێ، حەزی دەکرد سوود لە شێوازی تایبەتی وەرگرێت وجێی خۆیەتی کە ئاماژە بەو شێوازە بکەین. ئەو کارەکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکەی پێکەوە لە شوێنێک کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی دەربارەی کارێک بیروڕا ئاڵوگوڕ بکەن. ئەوکارەش هێندە دزێوودا چڵەکێنە کە خوێنەر دەرکی پێ ناکات.پاشان بەلێهاتویەکی (گابورێو) (١٢) ئاسا کە



نهێنییەکانی تاوانێک دەگێڕێتەوە، رێنوێنیتان دەکات تالە ناوەڕۆک و مانای کارەکەتێبگەن. ئەو دەمە تەقێییە دووروودرێژانەش هێندە سەرنج راکێشن کە مرۆڤ بەشاگەشکە دەخات ودوای ئەوە بە تەگبیرێکی زیرەکانە ئەو شاگەشکەیە لە خوێنەردا زیاد دەکات بەو شێوەیەکە: کارەکتەرەکانی لە ژێر کاریگەری ئەو وشانەی کە دەڕی دەبڕن لە رادەبەدەر شاگەشکە دەیانگرێت. لە کاتێکدا کە کارەکتەرەکانی دستۆیفسکی بەهۆی هەستیاری زۆرەوە دەلەرزن و روخساریان شین و مۆر هەڵگەڕاوە یان رەنگی دەمو چاویان بەجۆرێکی تۆقێنەر کاڵ بۆتەوە، بەشێوەیەکی وا بۆتان شەن وکەو دەکات کە ئاسایی ترین قسە گرنگی پەیدا دەکات و ئەمەش ئەو گرنگیەیە کە خوێنەر ناتوانێت هۆیەکەی بزانێت. خوێنەر لە دۆخی ئەو هەڵسوکەوت و جوڵەی لەشە زۆر بەزویی بەشاگەشکە دەکەوێت بە جۆرێکی وا کە ئەعسابی بەخەستی هەستیار دەبێت و لە ئەنجامدا کاتێک رووداوێک دەقەومێت، ئامادەیە تا تووشی داچڵەکینێکی رۆحی راستەقینە ببێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەگەربێت و ئەو رووداوە بەجۆرێکی تر رووی بدایە ئەوا بەهیچ جۆرێک هەستی خوێنەری نەدەبزواند. بەڵام ئەمە تەنیا پەیوەستە بە تەکنیکی چیرۆک و شکۆمەندی (برایانی کارامازۆف) بەندە بە گەورەیی و گرنگی (ناوەڕۆکەکەی). زۆربەی رەخنەگران وتوویانە کە ئەو ناوەڕۆکەی لەم رۆمانە دا هاتووە، گەڕان و لێکۆڵینەوەیە دەربارەی پەروەردگار. منیش دەبێ بە نۆرەی خۆم بڵێم کە ئەوەی لەو کتێبەدا باسی لێوەکراوە، مەسەلەی (خراپە و شەڕنگێزییە) ئەمەش وام لێدەکات کە (ئیڤان)م بێتەوە یاد کە کوڕی دووەمی کارامازۆفی پیرە و سەرنج راکێشترین پاڵەوانی کتێبەکەیە. هەرچەندە لەوانەیە خوێنەر کەمتر لە کارەکتەرەکانی تری کتێبەکە هەستی لایەنگرانەو دۆستانەی بۆ بجوڵێت. هەروەکو وتووشیانە رەنگە ئیڤان بڵندگۆی بیروباوەڕە بنچینەییەکانی دستۆیفسکی بووبێت. لە دووبەشی رۆمانەکەدا بەناوی (لەگەڵدا بوون و بەرهەڵستی کردن) و (راهیبی روسی) کە دستۆیفسکی بەچڵەپۆپەی کتێبەی خۆیانی دەزانێت، لێکۆڵینەوە لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە دەکرێت. لەم دوو بەشەش، بەشی (لەگەڵدا بوون و بەرهەڵستیکردن) بەهێزترە. لەم بەشەدا ئیڤان دەربارەی خراپە و شەڕەنگێزی دەدوێت. خراپە و شەڕەنگێزی شتێکە کە لەڕووی هەستی ئینسانییەوە لەگەڵ بوونی خوادا کە توانای رەها وچاکەی لەسەداسەدە، ناگونجێت. ئیڤان ئازارو مەینەتییەکانی منداڵان بەنموونە دەهێنێتەوە کە شیاوی ئەوسزایەنین. ئەو

مەسەلەیەی کە مرۆڤەکان بەهۆی ئەو تاوانانەوە کە ئەنجامیانداوە پێویستە سزا بدرێن، زۆر مەنتیقییە، بەڵام سەبارەت بەو ئازارو مەینەتیەی کە دەبێ منداڵە بێ تاوانەکان بێکێشن، شتێکە مێشک ودڵی مرۆڤ بێزار دەکات و ئاواژوی دەکاتەوە. لەو کتێبە دا ئیڤان ئەوەی بەلاوە گرنگ نییە کە داخۆ خوا مرۆڤی خولّقاندووە یان نا. بەڵکو ئەو پێی خۆشە بڕوای بەبوونی خوا هەبێت.

بەڵام ناتوانێت ئەوزۆری وستەمەی دنیا قبووڵ بکات کە خوا خولّقاندویەتی. ئیڤان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی مرۆڤە بێ تاوانەکان بەهۆی ئەو تاوانانەوە ئازار بچێژن کە مرۆڤە تاوانبارەکان ئەنجامیان داون. ئەگەریش ئەو مرۆڤە بێ تاوانانە رەنج و ئازار دەچێژن (کە دەشی چێژن) بەڕای ئیڤان ئەوە خوایان خراپەیان شەڕەنگێزە یانیش نییە. من لەوە زیاتر لە سەری نارۆم و خوێنەر دەتوانێت بۆ خۆی ئەو بەشە بخوێنێتەوە. دستۆیفسکی قەت بابەتێکی لەمە بەهێزتری نەنووسیوە. بەڵام کاتێک ئەمەی نووسی ترسا. بەڵگەکانی بەهێزو قەناعەت هێنەر بوون، بەڵام ئەو دەرەنجامەی کەوەریگرتبوو پێچەوانەی بیروباوەڕو ئیمانی خۆی بوو. چونکە ئەو بڕوای وابوو کە دنیا سەرەڕای هەموو خراپی و رەنج و ئازارەکانی جوانە، لەبەر ئەوەی خولّقێندراوی خوایە. ئەو دەڵێ: (ئەگەر کەسێک هەموو بوونەوەرەزیندوەکانی دنیای خۆش بووێت. ئەو خۆشویستنە رەنج وئازارەکانی دنیا پاسا و دەدات و هەموو دەبنە شەریک و هاوبەشی تاوانەکانی یەکتری و ئەوکاتەیە کە ئازار دیتن لە پێناو تاوانەکانی خەڵکانی تردا دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی هەموو مەسیحییەکی راستەقینە.) ئەمەش ئەو شتەیە کە دستۆیفسکی حەزی دەکرد بڕوای پێی هەبێت. هەربۆیەش کاتێک کە دەستیکرد بەنووسینی بەشی (لەگەڵدا بوون و بەرهەڵستی کردن) بەپەلە دەست بەکاربوو بۆ ئەوەی هەڵگەڕانەوەیەکی تێدا بنووسێت و ئەم بەشەش مرۆڤ بێ تاقەت و بێزار دەکا و قەناعەتیش بە خوێنەر ناهێنێت. هیچ کەسیش لە خودی دستۆیفسکی لەوە باشتر ئاگادار نەبوو کە لەو کارەیدا سەرکەوتوو نەبووە.

مەسەلەی شەڕەنگێزی و خراپە هەنووکەش چارەسەر نەکراوەو داواکارییەکەی سزادانی ئیڤان کارامازۆف هێشتاش بێ وەڵام ماوەتەوە.



## پەراوێز

١- ئەدیب و رەخنەگری روسیایی لە سەدەی نۆزدەهەم دا.

٢- ئەمە بابەتێکە کە (سۆلۆڤیف) لە کتێبەکەی دا بەناوی: (دستۆیفسکی و چالاکیە ئەدەبیەکانی) باسی کردووە. ئەم کتێبە لەلایە (C. J. Hogarth) کراوەتە ئینگلیزی.

٣- ژنی نارەسمی و مارە نەکراو، سوتلی = Maitresse. وەرگێڕ.

٤- یەکێکە لە شارەکانی ئەڵمانیای رۆژئاوای پێشوو.

٥- شارێکی خەیاڵییە کە نووسەر بەلێکدانی دوو وشەی (رۆڵت)ی یاری بەناوبانگی قومارو (بۆرگ)ی بەمانای شار، دروستی کردووە.

٦- Golden- سکەیەکی زیوی هۆڵەندی و نەوساوییە کە بەامبەر بە شلینگێک و هەشت پێنسە. وەرگێڕ.

٧- کتێبی سیمۆنز بەناوی (دستۆیفسکی).

٨- سەیری کتێبی یۆرمۆلینسکی بکەن بەناوی (دستۆیفسکی و ژیان و بەسەرهاتی).

٩- شاعیری بەریتانی (١٧٩٢-١٨٢٢). وەرگێڕ

١٠- باسەرا بەو بەرزاییانە دەگوترێت کە با لێیانەوە هەڵدەکات. «وەرگێڕ»

١١- مەیل و رەغبەت لە ئازار چەشتن بەدەستی ماشوقەوە لەکاتی کاری جنسیدا. «وەرگێڕ»

١٢- **Emile ga boriau** - (١٨٣٥-١٨٧٣) نووسەری فەرەنسایی کە چیرۆکی پۆلیسی دەنوسێت.

## گۆستاڤ فلوبێر و مەدام بۆڤاری

گۆستاڤ فلوبێر مرۆڤێکی زۆر سەیر بوو. فەڕەنسییەکان باوەڕیان وایە کە بلیمەت بووە. بەڵام (بلیمەتی) واژەیەکە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەبێ سەروبەرەیی بەکار دەبرێت. (فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد) بلیمەتی وەکو هێزێکی غەریزەیی لە ڕادە بەدەر وەسف دەکات کە بۆ خوڵقاندنی بابەتی خەیاڵی و ئەفراندنی فیکری داهێنەر و داهێنان، یان دۆزینەوە سوودی لێوەر دەگیرێت. کاتێکیش کە لەگەڵ (توانا)دا بەراوردی دەکات، دەڵێ (بلیمەتی) پتر بە دیدی سروشتی و چالاکی ئۆتۆماتیکی ئەو دەرەنجامانە بە دەست دێنێت کە مەبستیەتی نەک بەو کارانەی کە ئاشکران و بەڕونی دەتوانرێت شەن و کەوبکرێن. کەواتە ئەگەر بەم پێوەرە بێت، ئەگەری ئەوە نییە کە هیچ سەدەیەک پتر لە سێ چوار بلیمەت وەبەر بێنێت و بەکار بردنی واژەی (بلیمەت) بۆ دانەرانی ئاوازە خۆشەکان، کۆمیدیانووسەکان، یان نیگار کێشانی وێنە دڵفرێنەکان تەنیا بێ متمانەکردنی ئەم واژەیە. ئەم بەرهەمانە بەپێی خۆیان زۆر چاکن و داهێنەرەکانیان ڕەنگە خاوەنی (توانابن) (شتێکی زۆر باشە کە مرۆڤ ئەم تایبەتمەندیەی هەبێت و دەگمەنیشە)، بەڵام بلیمەت لە ئاستێکی تردایە. ئەگەر زۆریان لێ بکردامایە تابڵێیم ئەم سەدەیە چ بلیمەتێکی وەبەر هێناوە، پێم وایە (ئالبێرت ئەنیشتاین) تاکە ناوێک دەبوو کە بە خەیاڵمدا دەهات. لەم ڕووەوە سەدەی نۆزدەهەم دەوڵەمەنتر بوو. بەڵام ئایا دەتوانرێت فلوبێر بخرێتە نێو خانەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەم بەخششە تایبەتیەن؟ ئەوا خوێنەری ئەم پێشەکیە دەتوانێت بە لەبەرچاو گرتنی وەسفی فەرهەنگەکە بۆ خۆی حوکم بدات. شتێک هەیە کە گومان هەڵناگرێت ئەویش ئەوەیە کە فلوبێر ڕۆمانی ریالیستی نۆیی خوڵقاندو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبوو بۆ سەر هەموو ڕۆماننووسانی



سەردەمی خۆی. تۆماس مان کاتێک (بۆدنبروکسی) نووسی و کاتێک کە ئارنۆڵد (قسەی پروپێریژنەکان)ی نووسی و تیۆدۆر درایزەر(١) کاتێک کە (سیستەرکاری) نووسی، هەموویان بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشتن کە کە فلوبێر ڕووناکی کردبۆوە. ئێمە هیچ نووسەرێکمان پێ شک نایەت کە بەقەد فلوبێر بە هەوڵ و کۆششێکی هێندە بەهێزو سەرکێش ژیانی خۆی بۆ پیشەی ئەدەبییات (the art of literature) تەرخان کردبێت. لە دیدی فلوبێردا نووسەری بەوشێوەیە نەبوو کە نووسەرانی تر دەیان بینی و چالاکیەیکی گرنگ نەبوو، بەڵکو کارێک بوو کە شوێنی کارەکانی تری دەگرتەوە، ئەوکارەی کە خەیاڵ ئاسوودە دەکات و وزە بە جەستە دەبەخشێت و گەنجینەی ئەزموون دەوڵەمەند دەکات. فلوبێر پێی وانەبوو. کە ژیان، ئارمانجی ژیان بەسەر بردنە، بەڵکو بۆ ئەو، ئارمانجی ژیان نووسین بوو. ئەوەندەی فلوبێر خۆشیە جۆراوجۆرەکانی ژیانی لە پێناو بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەخت کردووە، هیچ ڕاهیبەیەک لە خەڵوەتگەکەی داو بەو مەیل و ڕەغبەتەوە خۆشییەکانی خۆی لە پێناو خوادا نەکردۆتە قوربانی. جۆری ئەو کتێبانەی کە نووسەرێک دەیاننووسێت پەیوەستە بەوەی کە بۆ خۆی چۆن مرۆڤێک بێت، هەر بۆیەش (ئەگەر نووسەرێکی باش بێت) جێی خۆیەتی ئەوەندەی مومکین بێت لە ژیانی ئاگادار ببینەوە. بەتایبەتیش سەبارەت بە فلوبێر ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە. فلوبێر لە ساڵی (١٨٢١) لە ڕۆون (٣) (Rouen) هاتەد نیاوە. باوکی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شارەکەبوو و هەر لەوێشدا لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەی ژیانی بەسەر دەبرد. بنەماڵەی فلوبێر خێزانێکی بەختەوەر و بەڕێزو دەوڵەمەندبوون. فلوبێر هەروەکو هەموو منداڵە فەڕەنسییەکانی چینی خۆی پەروەردە کرا، چووە قوتابخانەو لەگەڵ منداڵاندا بووە هاوڕێ و کەمتر کاری کرد، بەڵام زۆری کتێب خوێندنەوە. فلوبێر هەستیارو خەیاڵاوی و وەکو زۆربەی منداڵانی تر ئەو ئازارە دەروونییەی دەچەشت کە مرۆڤە هەستیارەکان لەتەواوی ژیانیاندا هەڵگری ئەو هەستەن. بۆخۆی دەنووسێت و دەڵێ: (کاتێک چوومە قوتابخانە تەمەنم لە دە ساڵ تێنەدەپەڕی، بەڵام زۆر بەزوویی و بەتوندی لە ڕەگەزی مرۆڤ بێزار بووم). ئەمە نوکتەنییە، بەڵکو بەجدی بوو. فلوبێر پێش سەردەمی لاوێتی مرۆڤێکی ڕەشبین بوو. ڕاستە کە لەو سەردەمەدا (سەبکی ڕۆمانسیەت) لە چڵەپۆپەی بەهێزی دا بوو و ڕەشبینی

باو (مۆد) بوو (یەکێک لە هاو پۆلەکانی فلوبێر مێشکی خۆی تەقاندو یەکێکی تریش بە بۆینباغەکەی خۆی خنکاند) بەڵام مرۆڤ بە روونی سەرلەوە دەرناکات کە فلوبێر سەرەڕای ئەوەی لە نێو خێزانێکی خواپێداودا دەژیاو خاوەنی دایک و باوکێکی بەسۆزو نەرم و نیان و خوشکەکەشی زۆری خۆشدەویست، هەروەها کۆمەڵێک هاوڕێی هەبوون کە زۆری خۆش دەویستن، بۆ دەبێ ژیانی هێندە بە قورسی گرتبێت و هاوڕەگەزەکانی خۆی بە بێزارکەر بینیبێت. یەکەمین ئەو چیرۆکانەی کە لەسەردەمی جحێڵی دا نووسیونی لە خراپترین لاف و گەزافی رۆمانسیەتەو ئەو رەشبینەیەی کە ئاوێتەی ئەو چیرۆکانە بووە، بەشێوەیەکی مەنتیقی دەتوانرێت تەنیا بە رواڵەتێکی ئەدەبی لە قەڵەم بدرێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو رەشبینیەی فلوبێر شتێکی دروستکراو و ساختە نەبوو. دەشتوانرێت بە کاریگەری و کارتێکردنی بابەتە دەرەکییەکان لە قەڵەم بدرێت. رەشبینی فلوبێر رەشبینێکی زاتی و سروشتی بوو و ئەگەر کەسێک بپرسێت چۆن، ئەوا پێویستە سەرنج بداتە دۆخی نائاسایی میزاجی وی. کاتێک کە فلوبێر تەمەنی پازدە ساڵان بوو رووداوێک روویدا کە کاریگەری کردە سەر تەواوی ژیانی.

رووداوەکەش بەم شێوەیەبوو: هاوینی ئەو ساڵە بەخاوو خێزانەوە چوونە (تروڤێل(٤)–Trouville) کە ئەو کاتە گوندێکی بچووک بوو لە رۆخی دەریاو هۆتێلێکی لێبوو. لەوێ چاویان بە (موریس شلیزینگێر–Maurice schlesinger) و ژنەکەی گەوت. موریس بڵاوکەرەوەی نۆتە مۆسیقییەکان و تاڕادەیەک مرۆڤێکی سەربەگێچەڵ بوو. واچاکە ئەو دیمەنە بنووسینەوە کە فلوبێر دواتر لەو ئافرەتەی کێشا. (ئەو، ئافرەتێکی رەشتاڵەو قژێکی رەشی چین چینی هەبوو و بەسەرشان و لاملی دا شۆڕدەبوونەوە، لوتی وەکو لوتی یۆنانییەکان و دوچاوی گەش و برۆی کەوانی وجوان بوون پێستێکی درەوشاوەی هەبوو کە دەتووت تەمێکی لە زێڕی لەسەر نیشتووە. بەژن باریک و نەشمیل و ئەو دەمارە شینانە دەبینران کە لە گەردنە خورمایی و ئەرخەوانیەکەیدا دەجوولان و لولیان دەخوارد. لەسەر هەموو ئەو وەسفانە ئەو وردیلە موانە زیاد بکەن کە سێبەریان لەسەر لێوی سەرەوەی کردبوو و حاڵەتێکی جدی و پیاوانەیان بەڕوخساری دەبەخشی. ئەم سیمایە بە جۆرێک بوو کە شۆقی لە مانگ روخسارە سورفلەکان دەبڕی.



ئەو ئافرەتە لەسەرخۆ قسەی دەکرد: دەنگی وەکو ئاوازی مۆسیقا نەرم و ناسک بوو). دەستم نایچێتێ واژەی (Pourpre) بە (ئەرخەوانی) وەرگێڕم چونکە بەشیاونایەتە بەرچاوم. بەڵام وەرگێڕدراوەکەی هەر ئەمەیەو من وای بۆ دەچەم کە فلوبێر ئەم وشەیەی بەوە بیرهاتنەوەی هۆنراوە زۆر بەناو بانگەکەی (رونسار(٥)– Pierrede Ronsard) بەکار هێناوە بێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە کاتێک ئەم واژەیە بۆ وەسفی گەردنی خاتونێک بەکاربرێت، چ کاریگەرییەکی دەبێت. بە کورتی فلوبێر شێت ئاسا عاشقی ئەو ئافرەتەبوو. ئەم ئافرەتە تەمەن بیست و شەش ساڵان و منداڵێکی شیرە خۆرەشی هەبوو. بەڵام فلربێر زۆر شەرمن بوو و ئەگەر مێردی ئەو خانمە کابرایەکی گەش و روخۆش نەبوایە، (مرۆڤێکی وا کە بە ئاسانی دەتوانرا پەیوەندی هاوڕییەتی لەگەڵ ببەسترێت) قەت هەر نەیدەوێرا قسەشی لەگەڵدا بکات. موریس شلیزینگێر فلوبێری لەگەڵ خۆیدا بردو جارێکیان سێ قۆڵی بە کەشتی بادەوان چونە گەشت و سەیران. لە نێو کەشتییەکەدا فلوبێر و (ئێلیزا–Elisa)ی هاوسەری مۆریس لە تەنیشت یەکتری دانیشتن و شانیان لە شانی یەک دەخشاو کراسەکەی ئێلیزا بەدەستی فلوبێر کەوت. ئێلیزا بەدەنگێکی نەرم و زولاڵ قسەی دەکرد، بەڵام فلوبێر هێندە پەشۆکابوو نەیدەتوانی وشەیەکیش لە قسەکانی تێبگات. وەرزی هاوین بەسەرچوو و ئەو ژن و مێردە ترۆڤیلیان بەجێ هێشت، بنەماڵەی فلوبێریش گەڕانەوە بۆ (رۆڤان) و گۆستاڤیش دەستی کردەوە بە خوێندن. فلوبێر پێی نابووە نێو جیهانی ئەوینێکی گەورەوە، ئەوینی جێگیرو چەسپاوی خۆی. لەدوای دووساڵان چوەوە بۆ ترۆڤیل و لەوێ پێیان گوت ئێلیزا لێرەبووە بەڵام رۆیشتۆتەوە. ئەوکات تەمەنی فلوبێر حەڤدە ساڵ بوو و وای بەخەیاڵدا هات کە جاری پێشوو هێندە پەشۆکاوە کە نەیتوانیوە بەڕاستی ئێلیزای خۆش بوێت. بەڵام ئێستا ئێلیزای بە جۆرێکی تر خۆشدەویست و بەشەوق و زەوقی پیاوێکی کامڵەوەو بەنەبوونی ئێلیزا پەرەی بەو خۆشەویستیەی دا. فلوبێر کاتێک کە گەڕایەوە بۆ رۆڤا دەستی کردەوە بە نووسینی ئەو کتێبەی کە بەنیوە چڵی وەلای نابوو. کتێبەکەشی بە ناونیشانی (بیرەوەرییەکانی شێتێک -Les Mémoires d’unfou) بوو. لەو کتێبەدا بەسەرهاتی خۆی لەو هاوینەدا نووسیبۆوەو ئەو خۆشەویستییەی دەربڕی کە بەرامبەر بە ئێلیزا هەستی پێکرد بوو. فلوبێر

کاتێک کە تەمەنی گەیشتە نۆزدە ساڵی، لە پاداشتی ئەوەدا کە قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕیوە باوکی لەگەڵ دکتۆر (کلوکی) ناوێکدا ناردیە زنجیرە چیاکانی (پیرنە)و دورگەی (کێرس). فلوبێر لەو سەردەمەدا تازە لاوێکی دلێر بوو و هاوچەرخانی بەکەتەیەکی زەلام وەسفیان کردووە. بەڵام باڵای تەنیا سەدوحەفتا سانیمەتر درێژبوو و لە کالیفۆرنیا یان تێکساس بە پیاوێکی بەم قەدو قەوارەیە دەڵێن باڵا کورت. فلوبێر لاوازو بەژن ڕێک و قۆز بوو، برژانگە ڕەشەکانی چاوە گەورەو سەوزە ئاماڵ شینە (دەریایی)یەکانی دادەپۆشی و قژە درێژو خاوەکانی بەسەر شانانی دا دەهاتنە خوارێ. ئافرەتێک کە لەو سەردەمەدا فلوبێری دەناسی، لەدوای چل ساڵ گوتیەتی فلوبێر بە جوانی خوایەکی یۆنانییەکان بووە. لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە (کێرس) گەشتیارەکان لە (مارسی) لایانداو ڕۆژێکیان بەیانی کە فلوبێر لە مەلەکردن دەگەڕایەوە ژنێکی بەرچاوکەوت کە لە حەوشەی هۆتێلەکەدا دانیشتبوو. فلوبێر دەرگای گفتوگۆی لەگەڵدا کردەوەو پێکەوە دەستیان کرد بە ئاخاوتن. ئەم ژنۆچکەیە ناوی (ئیۆلالی فۆکۆ– Evlalie Favcavd) بوو و بەنیاز بوو بچێتە لای مێردەکەی کە لە (غینیای فەڕەنسا) کاری دەکرد. فلوبێر ئەو شەوە هەتا بەیانی لەگەڵ ئیۆلالی دا ڕای بوارد، شەوێک کە بەگوتەی خۆی شەوی ئەوینی ئاگرین بوو، ئەوینێکی بڵێسەدار کە بە جوانی ئاوابوونی هەتاو بوو لە بەفرا. پاشان فلوبێر (مارسی) جێهێشت و ئیدی قەت ئیۆلالی نەدیتەوە. ئەمە یەکەم ئەزموونی ئەوینی فلوبێر بوو و کاریگەریەکی قوڵیشی لەسەر بەجێهێشت. کەمێک دوای ئەو ڕووداوە فلوبێر چووە پاریس تا لە کۆلێژی ماف بخوێنێت، بەڵام نەک بۆ ئەوەی ببێتە پارێزەر، بەڵکو لەبەر ئەوەی تابیێتە خاوەنی پیشەیەک. بەڵام بەزوویی لە شاری پاریس وەڕز بوو، ڕقی لە کتێبەکانی دەبۆوەو لە ژیانی زانکۆ بێزاربوو و قوتابییە هاوپۆلەکانی بەهۆی سەرمایەداریان و ئەو زەوق و سەلیقەی کە هەیانبوو بە بودەڵە دەزانین. هەر لەو سەروبەندەدا ڕۆمانێکی بەناوی (نۆڤەمبەر) نووسی و تێیدا ئەو بەسەرهاتە کورتەی خۆی و ئیۆلالی باسکرد. بەڵام لە کتێبەی دا چاوەگەش و بڕۆکەوانییەکانی ئێلیزا و کێل گەردنی و لێوی سەرەوی کە توکێکی نەرمی ئاماڵ شین داپۆشرابوو دا بە ئیولالی. فلوبێر سەر لە نوێ پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی شلیزینگێردا دروست کردەوە. بەو شێوەیەکە



ڕۆژێکیان ئێلیزا لە نووسینگەکەی بڵاوکەرەوەی فلوبێردا سەری لێداو لەگەڵ خۆیدا بردیە ماڵی خۆیان، ئەو وا ڕاهاتبوو کە هەموو ڕۆژانی چوارشەممە بانگهێشتی میوانان بکات و لەو باڵاخانەیەدا میوانیداریان بکات کە لێی دەژیا. ئێلیزا جوانیەکەی جارانی هەر مابوو، دواین جار کە فلوبێر چاوی بە ئێلیزا کەوتبوو فلوبێر لاوێکی تازەپێگەیشتووی دەست و پێ سپی و فەقیر حاڵ بوو. بەڵام ئێستا ببوو بە پیاوێکی ڕێک و پێک و بەژن و باڵا جوان و قۆز و بەتاسە.

فلوبێر زۆر بەزوویی لەگەڵ ئەو ژن و مێردەدا بووە خۆمانەو زۆری پێنەچوو کە ئێلیزا شلیزینگێر هەستی بەوەکرد کە فلوبێر خۆشی گەرەکە. گۆستاڤ فلوبێر بە بەردەوامی هەموو چوارشەموان نانی نیوەڕۆی لەگەڵدا دەخواردن و پێکەوە دەچوونە گەشت و سەیران. بەڵام هەروەکو جاران شەرمن بوو و هەتا دوای ماوەیەکی دوورودرێژ نەیوێرا ئەوینی خۆی بۆ ئێلیزا بدرکێنێت.

کاتێکیش غیرەتی وەبەر خۆی ناو درکاندی، بە پێچەوانەی مەزەندەی خۆیەوە، ئێلیزا قەڵس نەبوو بەڵام ئامادە نەبوو ببێتە (سوتلی)(٧) وی. ئێلیزا بەسەرهاتێکی سەیری هەبوو. یەکەمجار کە لە ساڵی (١٨٣٦) دا فلوبێر چاوی بە ئێلیزا و مۆریس شلیزنگێر کەوت وای زانی ژن و مێردن (هەموو کەس هەر پێی وابوو ). بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو. بەڵکو ئێلیزا ژنی پیاوێک بوو بە ناوی (ئیمێل ژودێ) بەڵام ئەو پیاوە واتە مێردەکەی ئێلیزا تووشی ئیفلاسی هاتبوو و زۆر قەرزدار ببوو. موریسیش پێشنیاری کردبوو کە بڕە پارەی پێویستی بداتێ و لە دەستی سزای یاسایی قورتاری بکات. بەو مەرجەی دەست لە ژنەکەی هەڵگرێ و فەڕەنسا بەجێ بێڵێت. ژودێش بە ناچاری ئەوکارەی کردبوو و ئیدی لەدوای ئەوە موریس شلیزنگێر و ئێلیزا پێکەوە دەژیان (چونکە لەو سەردەمەدا لە فەڕەنسا مارەبڕین نەبوو). پاشان کە ئیمێل ژودێ مرد، ئەو ژن و پیاوە لە ساڵی (١٨٤٠)دا زەماوەندیان کردو بوونە ژن و مێرد. دەڵێن سەرەڕای ئەوەی کە ژودێ لێی دوور کەوتبۆوەو پاشان مردبوو، بەڵام ئێلیزا هەر خۆشی دەویست و بەرامبەری وەفاداربوو. ڕەنگە هەر ئەو عەشقە کۆنەی بەرامبەر بە ژودێ بوو بێت و نواندنی ئەمەکداری بەرامبەر بەو پیاوەی کەماڵ و حاڵی بۆ پێکەوەنابوو و هەروەها باوکی منداڵەکەشی بوو (واتە

موریس شلیزنگێر) دەستیان دابێتە دەستی یەکتری تابنە لەمپەر لە بەرامبەر خواستەکانی فلوبێر و ئێلیزای ڕاڕا کردبێت. بەڵام فلوبێری بە تاسە سەرەنجام ئێلیزای ڕازیکرد تالەو باڵاخانەیە سەردانی بکات کەماڵەکەی لێبوو. فلوبێر بەتامەزرۆییەکی تێکەڵ بە نۆبەتی چاوەڕوانی ئێلیزای کرد. واپێدەچێ کە سەرەنجام دەچێتە لای تا پاداشتی ئەوینی خۆی وەربگرێتەوە. بەڵام ئێلیزا هەرگیز نەچووە لای. دوای ئەوە لە ساڵی (١٨٤٤)دا، دووبارە ڕووداوێک ڕوویدا کە دەرەنجامی مەترسیداری بۆ فلوبێر تێدابوو.
لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا فلوبێر هاوڕێ لەگەڵ براکەیدا و بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی ئەو زەوی و زارەی کە ئی دایکیان بوو گەڕایەوە بۆ (ڕۆڤان). برایەکەی کە نۆ ساڵان لە خۆی گەورەتر بوو، پیشەی باوکی هەڵبژاردبوو وببوە پزیشک. لە پردێکدا فلوبێر هەستی کرد کە دەیخەنە نێو دارستانێک لە ئاگرەوەو وەکو بەردێک کەوتەسەر تەختی درۆشکەکەو زرمەی لێ هەستا. کاتێک کە هاتەوە هۆش خۆی بینی کە هەموو لەشی لە خوێندا شەلاڵ بووە. برایەکەی بردبویە یەکێک لەو خانووە نزیکانەی ئەوێ و خوێنی لێگرتبوو. پاشان فلوبێریان بردەوە (ڕۆڤان) و باوکی هەمدیسان خوێنی لێگرتەوە. ڤالێرین و نێڵ خوێنیان دایەو پلێتەیان بۆملی داناو خواردنی گۆشت و خواردنەوەی شەراب و جگەرە کێشانیان لێ قەدەغە کرد. فلوبێر هەتاکو ماوەیەک هەر بەو دەردەوە ناڵاندی و چاوی ڕەشکەوپێشکەی دەکردو تارمایی دەهاتنە بەر چاو و گوێی بەدەنگی سەیر سەیر دەزرنگانەوەو ئەعسابی گرژدەبوو و سەری لە گێژەوە دەهات و دەبورایەوە. کاتێکیش کە دەهاتەوە هۆش خۆی، ماندوو شەکەت و مێشکی ئازاری هەبوو. ئەم نەخۆشیەی فلوبێر زۆر شاراوەو لەژێر پەردەیەو پزیشکەکان لێکدانەوەی جۆراو جۆریان بۆکردووە. هێندێک لەو پزیشکانە بێ پێچ و پەنا وتوویانە نەخۆشییەکەی فێداری (Epilepsy) بووەو هاوڕێکانیشی هەر بڕوایان وابووە. کچێکی برازاشی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بێ دەنگی لەم خاڵە کردووەو (ڕێنی دۆمێسنیڵ–René Dumesnil) کە بۆ خۆی پزیشکەو کتێبێکی گرنگی دەربارەی فلوبێر نووسیوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو نەخۆشیەی فلوبێر فێداری نەبووە، بەڵکو شتێک بووە کە ئەو ناوی لێناوە (هێسترۆ ئیپلێپسی– hystero epilepsy) پێم وایە وای هەستکردووە کە ئەگەر بێت و دان بەوە دابنێت کە



نووسەرێکی بەرجەستە فێداربووە، تاڕادەیەک لەبایەخی کتێبەکەی کەم دەبێتەوە. سەبارەت بەو نەخۆشییەی گۆستاڤ ئەو ئەگەرەش هەیە کە بۆ بنەماڵەکەی بە تەواوی چاوەڕوان نەکراو نەبووبێت. دەڵێن فلوبێر بە (موپاسان)ی گوتووەکە کاتێک بۆیەکەمجار گوێی زرینگاونەوەو تارمایی هاتوونەتە بەرچاو تەمەنی دوازدە ساڵ بووە. لەتەمەنی نۆزدە ساڵیشیدا کاتێک کە ناردیانە گەشت و سەیران لەگەڵ دوکتۆ ڕێکدابوو، چونکە گۆڕینی شوێن و دیمەنەکانی سروشت بە جۆرێک لە چارەسەرکردن دادەنرا هەر بۆیەش دواتر باوکی ئەمەی وەکو چارەسەرێک بۆ بەکارهێنا، بۆیە بە دورنازانرێت کە هەر لە منداڵییەوە هەڵگری ئەو نەخۆشیە دەماغیە بوبێت. فلوبێر تەنانەت لەسەردەمی منداڵیشیدا خۆی وەکو ئەو خەڵکانە نەدەهاتە بەرچاو کە لە ژینگەکی خۆیدا دەژیان. بەم پێیە بێت ئایا ئەگەری ئەوە نییە کە ئەو ڕەشبینیەی سەردەمی تازە لاوی فلوبێر هۆیەکەی ئەو نەخۆشیە شاراوەیە بووبێت کە تەنانەت ئەوکاتیش کاری کردبێتەسەر مێشکی؟ بەهەرحاڵ ئێستا فلوبێر ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە تاڵە ببۆوە کە بەدەستی نەخۆشیەکی تۆقێنەرەوە دەناڵێنێ، نەخۆشیەکی ئەوتۆ کە هێرشەکانی پێشبینی کراونین. پێویست بوو ئیدی ژیانی خۆی بگۆڕێت بڕیاری دا (دەتوانرێت مەزەندەبکرێت کە بە ڕەغبەتێکی زۆرەوە) واز لە خوێندن بێنێت و هەرگیز ژن نەهێنێ. سەرەنجام لە ساڵی (١٨٤٥) دا باوکی مرد، هەروەها دوومانگ لە پاش مردنی باوکی کارۆلیینی خوشکیشی کە فلوبێر زۆری خۆشدەویست، دوای ئەوەی کچێکی بوو ئەویش مرد، فلوبێر و کارۆلینی خوشکی ئەوسا کە منداڵبوون قەت بەبێ یەکتری هەڵیان نەدەکرد و هەتا ئەو ڕۆژەی کە کارۆلین شوی کرد، نزیکترین و ئازیزترین هاوڕێی گۆستاڤی برای بوو. باوکی کەمێک بەر لەمردنی موڵکێکی لە کەنارەکانی ڕووباری (سان) کڕیبوو بەناوی (کرواسی–Croisset). ئەم زەوییە خانوێکی گەورەی بەردینی تێدابوو کە بەر لە دوو سەد ساڵ دروستکرابوو و هەیوانێکی پێوەکرابوو و هەورە بانێکیشی لەسەر بوو کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەیڕوانی. لەپاش مردنی باوکی، دایکی بێوەژنی لەگەڵ گۆستاڤی کوڕیدا و کارۆلینی کچە گچکەیدا لەوێ نیشتەجێ بوو. بەڵام (ئێشیلی) کوڕە گەورەی ژن و ماڵی هەبوو و لەبەرئەوەی کە هەمان پیشەی باوکی هەبوو واتە پزیشیکی نەشتەرگەری بوو، هەر لە نەخۆشخانەی (ڕۆڤان) مایەوەو جێگای

باوکی گرتەوە. (کرواسیش) بوو بە مەنزڵگای هەمیشەیی فلوبێر و هەتا کاتی مردنی هەر لەوێ مایەوە.

گۆستاڤ فلوبێر هەر لەسەر دەمی منداڵییەوە ناوە ناوە شتی دەنووسی و ئێستاش کە دەیتوانی وەکو زۆربەی پیاوان لەسەر پێی خۆی راوەستێ و ژیان بباتەسەر، بڕیاری دا کە بە تەواوی خۆی بۆ کاری ئەدەبیات تەرخان بکات. لە نهۆمی یە کەمی خانووەکەیاندا ژوورێکی گەورەی کارکردنی هەبوو کە پەنجەرەکانی بەڕووی باخچەو روبارەکەدا دەکرانەوە. فلوبێر رەوشێکی بە بەرنامەی بۆ ژیان گرتەبەر بەم شێوەیە: کاتژمێر نزیکەی دەی بەیانی لە خەو هەڵدەستاو ئەو نامەو رۆژنامانەی دەخوێندنەوە کە بۆی هاتبوون. کاتژمێر یازدە سوکەنانێکی دەخواردو پاشان هەتایەکی دوای نیوەڕۆ لە هەیوانەکە پیاسەی دەکرد یان لە هەورەبانەکە دادەنیشت و کتێبی دەخوێندەوە. لە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ بەدواوە هەتا حەوتی ئێوارێ کە کاتی نان خواردن بوو خەریکی نووسین دەبوو. لە پاش نان خواردن لە نێو باخچەکەدا پیاسەی دەکردو دووبارە هەتا درەنگانێکی شەو کاری دەکرد. فلوبێر بێجگە لەیەک دوو هاوڕێی کە ناوە ناوە داوای لێدەکردن بێنە لای و چەند رۆژێک لە کنی بمێننەوە تا سەبارەت بە بەرهەمەکەی بیروڕایان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکات، چاوی بەهیچ کەسێکی تر نەدەکەوت و جگەلەوەی کە باسم کرد خۆی لە هەموو سەیرانێک بێ بەش کردبوو. بەڵام دەیزانی کە بۆ کاری نووسین پێویستە ئەزموونی لەکاروبارەکانی دنیادا هەبێت و ناتوانێت یەکسەر وەکو مرۆڤێکی گۆشەگیر ژیان بەسەر ببات. هەر بۆیەش بە پێویستی زانی کە بۆ ئەم مەبەستە ساڵی سێ چوار مانگ لە پاریس بمێنێتەوە. فلوبێر وردە وردە کە ناوبانگی دەرکرد، لەگەڵ رۆشنبیرانی سەردەمی خۆیدا ئاشنایەتی پەیداکرد. من وای تێدەگەم کە فلوبێر پتر کەوتبووەبەر ستایشی خەڵکەوە نەک خۆشەویستی هاوڕێکانی بە کەسێکی زۆر هەستیار و توڕەیان دەدیت. هیچ جۆرە بەرهەڵستیکردنێکی خەڵکی قبووڵ نەدەکرد و دۆستەکانی هەمیشە هەوڵیان دەدا رەچاوی ئەم خاڵە بکەن. چونکە ئەگەر زاتی ئەوەیان بکردایە کارێکی لەو جۆرە بکەن، توڕە بوونی فلوبێر تۆقێنەربوو. ئەو رەخنەگرێکی توندی نووسینەکانی خەڵک بوو و وەکو هەموو نووسەرێکی دی، گرفتاری ئەو خەیاڵە پووچەببوو کە ئەوەی بۆ خۆی ناتوانێت بینوسێ بێ کەڵکە. لەلایەکی تریشەوە بە هەر رەخنەیەک کە لە



نووسینەکانی خۆی دەگیرا بەتوندی هەڵدەچوو هۆی ئەو رەخنەیەی دەگەڕاندەوە بۆ ئیرەیی یان گەمژەیی خاوەنەکەی. لەم رووەشەوە وەکو زۆربەی نووسەرە بەرجەستەکان دەچوو کە نەیدەتوانی لەگەڵ ئەو نووسەرانەدا هەڵکات کە گەرەکیان بوو بژێوی ژیانیان لە رێگای قەڵەمەوە دابین بکەن یان خۆڕەپێش کەر بن. فلوبێر بڕوای وابوو کە هونەرمەند بەپارە پەیداکردن خۆی سوک و چروک دەکات. ئەڵبەتە سەبارەت بەم تێڕوانینەی نابێ لێی بگیرێت چونکە لەو سەردەمەدا فلوبێر خاوەنی سەروەت وسامانێکی زۆر بوو و پێویستی بەوەنەبوو تا لە رێگای نووسینەوە پارە بە دەست بێنێت. بەڵام ئەمە تاڕادەیەک پێشەنگی باسکردنی بابەتەکانە. لە ساڵی (١٨٤٦)دا لە میانەی یەکێک لە گەشتەکانی دا بۆ پاریس، لە کارگەیەکی پەیکەرتاشین فلوبێر چاوی بە کچە شاعیرێک کەوت بە ناوی (لوییزکولی).

مێردەکەی ناوی (هیپولیت کولی) و مامۆستای مۆسیقا بوو و (ڤیکتۆر کوزین)(٨) victor Cousin)ی فەیلەسووفیش پێی فێربوو. لوییزکولی لەو جۆرە نووسەرانە بوو کە لە جیهانی ئەدەبیدا هاوشێوەیان زۆرەو کە هەوڵ و کێش کردن شوێن گرەوەی شایستەی (توانا)یەو بە کەڵک وەرگرتن لە جوانیەکەی لە کۆڕە ئەدەبییەکاندا شوێن پێی خۆی کردبۆوەو پلۆکێکی بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو. ئەو ئافرەتە خاوەنی هۆڵێک (Salon) بوو کە سەر تۆپی هۆڵە بە ناوبانگەکان بوو و خۆشی بە موز(٩)(Muse) ناسرابوو . لویز قژە جوان و خاوەکانی ئاڵقە ئاڵقە دەکرد و بەسەر دەموچاوە خڕەکەیدا دەهاتنە خوارێ و دایان دەپۆشی. هەروەها دەنگێکی ناسک و هەست بزوێنیشی هەبوو، فلوبێر لە ماوەی مانگێکدا (پێی فێر(١٠)) بوو، بەڵام ئەڵبەتە نەیتوانی شوێنی فەیلەسووف بگرێتەوە کە پەیوەندی بە لوییزەو بەڕەسمی جێگیر کرابوو. کاتێک کە دەڵێن فلوبێر (پێی فێربوو) لە رووی گاڵتەو خۆشییەوەیە چونکە شەرمنی و دڵەکوتێی ببووە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت ئەو پەیوەندییە کامڵ بکات و ئەمەش زۆری ئازار دەدا. سەرەنجام فلوبێر گەڕایەوە بۆ کرواسی و یەکەم نامەی عاشقانەی خۆی بۆ (لوییزکولی) نووسی. ئەم نامانەش زۆر و سەیرترین نامەن کە عاشقێک بۆ خۆشەویستیەکەی خۆی دەنووسێت. (موز) فلوبێری خۆش دەویست، بەڵام حەسوودو سەرسەخت بوو و بەپێچەوانەوە فلوبێر نە حەسوود بوونە سەرسەخت. پێم وایە دەتوانین مەزندەی ئەوە بکەین کە فلوبێر بەهۆی ئەوەی کە ببوو بە هاوڕێی ئافرەتێکی شۆخ

و شەنگی وا کە جێی بایەخی خەڵک بوو، شانازی بەخۆیەوە دەکرد. بەڵام فلوبێر پیاوێک بوو کە بەسەختی لەگەڵ خەون و خەیاڵدا دەژیا و وەکو زۆربەی ئەو کەسانەی کە خەیاڵ پلاوان دەکەن لەوە تێگەیشت کە مەودای نێوان ئارەزوو و کردار زۆرە. هەروەها دەرکی بەوە کرد کە ئەو کاتانەی لە کراوسیە موزی پتر خۆش دەوێت لەوەی کە لە پاریسەو ئەمەشی بە راشکاوی بە موز گوت.

موز دەیویست فلوبێر بێتە پاریس و لەوێ ژیان بەسەرببات. بەڵام فلوبێر پێی گوت کە ناتوانێت بەهیچ جۆرێک دایکی بە جێ هێڵێت. پاشان موز داوای لێکرد کە یان زۆر تر هاتوچۆی پاریس بکات یان بێتە (مانتێ). مانتێ ئەو شوێنە بوو کە جار جارە لەوێ یەکتریان دەدیت. لە وەڵامی ئەم داخوازیەی موزدا، فلوبێر بۆی نووسی کە تەنیا ئەو کاتانە دەتوانێت لە کراوسی وە دەرکەوێ کە پاساوێکی بەجێی هەبێت. لەوەڵامدا موز بەتووڕەییەوە بۆی نووسی: (ئەم قسەمانای ئەوەیە کە وەکو کیژۆڵەیەک لە ژێر چاودێری دای؟). پاشان موز پێشنیاری کرد کە ئەو بچێتە لای فلوبێر لە کراوسی. بەڵام فلوبێر بە توندی ئەوکارەی رەتکردەوە. موز بۆی نووسی: (ئەوینی تۆ ئەوین نییە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوین لە ژیانی تۆدا مەفهومێکی ئەو تۆی نییە). فلوبێر لە وەڵامی ئەمەدا بۆ موزی نووسی: (دەتەوێت بزانی داخۆ خۆشم دەوێی؟ منیش دەڵێم بەڵێ خۆشم دەوێی تا ئەو رادەیەی کە دەتوانم خۆشم بوێی یانی: ئەوین لە ژیاندا بۆمن پلەی یەکەمی نییە، بەڵکو لە پلەی دووەمی گرنگی دایە). بە راستی کابرایەکی کارنەزان بوو: فلوبێر جارێکیان داوای لە لوییز کولی کرد تابەهۆی ئەو هاوڕێیەوە کە لە (کان) ژیابوو سۆراخێکی (ئیۆلالی فۆکۆ)ی بۆ بکات ئاخۆ چی بەسەرهاتووە (ئەو ئافرەتەی کە لە شاری مارسی شەوێکی تەواوی لە نێو جێی وی دا بەسەربردبوو) تەنانەت داواشی لێکردبوو تانامەیەکی بۆ بگەیەنێتە ئیولالی و کاتێکیش کە لوییز بەکەمێک توڕەیی و دڵگرانیەوە ئەو ئەرکەی خستەسەر شانی خۆی، واقی ورما. فلوبێر لەوکارەی دا هێندەی تێپەڕاند کە باسی رابواردنی خۆی و سۆزانییەکانیشی بۆ لوییز دەگێڕایەوە. بە گوتەی خۆی دەربارەی ئافرەتە سۆزانییەکان هێندێک رەغبەتی هەبوون کە بە زۆری بەدی دەهاتن.

بەڵام پیاوان ئەوەندەی دەربارەی ژیانی خۆیان درۆدەکەن، لەبارەی هیچ شتێکی ترەوە



هێندە درۆناکەن و سەبارەت بەم خاڵەش من لە خۆم دەپرسم: ئایا فلوبێر شانازی بەو (توانا)یەوە نەدەکرد کە تاڕادەیەک لێی بێ بەش بوو؟. هیچ کەس بەدروستی نازانێت کە ئەو نەخۆشیە چەند جار هێرشی بردەسەر فلوبێر و بورایەوە، ئەو هێرشانەی کە لە پاش بەسەر چونیان لاواز و خەمۆک و دڵتەنگیان دەکرد. بەڵام ئەوە دەزانین کە بە بەردەوامی لە ژێر کاریگەری دەواو دەرمانە هێورکەرەوە کاندا بوو و سەبارەت بەوەش کە دەچووە ژێر باری ئەو هەموو دیدارانەی لەگەڵ لوییزدا (لەبیرتان نەچێت کە ئەوکات تەمەنی لە دەیەی سێدابوو) ئەگەری ئەوە هەیە کە حەزە جنسییەکانی گوشار هێنەر نەبووین. ئەم بەسەرهاتە تاکو نۆ مانگان هەر بەردەوام بوو. لە ساڵی (١٨٤٩)دا فلوبێر بە یاوەری (ماکسیم دۆکان) بە مەبەستی گەشتێک بەرەو خۆرهەڵاتی نزیک بەڕێکەوت. ئەم دوو هاوڕییە لە گەشتەکەیاندا چوونە میسرو فەلەستین و سوریاو یۆنان و لە بەهاری ساڵی (١٨٥١) دا گەڕانەوە فەرەنسا. فلوبێر لە پاش گەڕانەوەی بۆ فەرەنسا، سەر لەنوێ پەیوەندی لەگەڵ لوییزا دا گرێی دایەوەو وەکو جاران دەستیکردەوە بە ئاڵوگۆڕکردنی نامە لەگەڵیدا، نامە ئاڵوگۆڕ کردنێکی وەها کە رۆژ بەڕۆژ تاڵتر و قێزەونتر دەبوو. لوییز هەروەکو رابردوو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کەیان فلوبێر بچێتە پاریس یان ئەو بێتە لای لە کرواسی. بەڵام فلوبێر جاران ئاسا بیانوی دادەتاشین و هەردوو پێشنیارەکەی لوییزی رەتکردەوە. سەرەنجامیش لە ساڵی (١٨٥٤)دا نامەیەکی بۆ لوییز نووسی و تێیدا پێی گوت کە ئیتر قەت نایبینێتەوە. کاتێک لوییز ئەو نامەیەی پێگەیشت بە پەلە چوو بۆ کرواسی، بەڵام بە تووڕەییەوە وەدەرێ نرا. ئەمەش دوایین بەسەرهاتی ئەوینداری جدی فلوبێر بوو. لەم بەسەرهاتەدا (ئەدەبیات) پتر بوو لە ژیان، هەروەها زیاتر شانۆگەری بەرچاو دەکەوت تا ئەوین. تەنیا ئافرەتێک کە فلوبێر دڵسۆزانەو راستگۆیانە خۆشی دەویست ئێلیزا شلیزنگێر بوو. بەڵام قۆمپیاڵە (سەفتە) بازیەکانی مێردەکەی تووشی نەهامەتی کردبوون و ئەو ژن و مێردە بە خۆو بە منداڵەکانیانەوە چووبوونە شاری (بۆدن)(١١) تا لەوێ ژیان بەرنەسەر.

فلوبێریش هەتا بیست ساڵان ئێلیزای نەبینیەوە. تا ئەو کاتەش هەردووکیان زۆر گۆڕابوون. ئێلیزا لاواز ببوو و ئەو ناسکی و جوانیەی جارانی نەمابوو و کەزیەکانی سپی

ببوون.

فلوبێریش سمێڵ گەورەو قەڵەو بوو بوو بۆ ئەوەی سەرە رووتاوەکەی داپۆشێت کڵاوێکی بێ لێوی رەشی لەسەری دەکرد. ئەو دوانە چاویان بەیەکتری کەوت و پاشان لێک جیابوونەوە. لە ساڵی (١٨٧١)دا موریس شلیزینگێری مێردی ئێلیزا مردو فلوبێر دوای ئەوەی کە ماوەی سی و پێنج ساڵ بوو ئێلیزای خۆشدەویست یەکەم نامەی دڵداری بۆێ ئێلیزا نووسی و لەبری ئەوەی کە وەکو جاران نامەکەی بە (خاتونی ئازیز) دەستپێبکات، بەم وشانە دەستی پێکرد: (خۆشەویستە دێرینەکەم، ئەی ئەوئازیزەی کە هەمیشە خۆشم ویستوی). ئێلیزا بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێک ناچاربوو بێتە فەرەنسا و ئەو دوانە لە کراوسی چاویان بەیەکتری کەوت و لەپاریسیش یەکتریان بینیەوە. پاش ئەوە هەتا ئەو جێیەی کە زانراوە قەت یەکیتریان نەدیتۆتەوە. ئەو دەمەی کە فلوبێر لە میانی گەشتەکەیدا لە خۆرهەڵاتی نزیک بوو، بەنیاز بوو رۆمانێک بنووسێت، ئەو رۆمانەی کە رێبازێکی لە سەداسەد نوێی خستە بەردەمی. رۆمانەکەش (مەدام بۆڤاری) بوو. سەبارەت بەوەش کە چ شتێک وای لە فلوبێر کرد تا ئەو رۆمانە بنووسێت، بەسەرهاتێکی سەیرو سەمەرەی هەیە. فلوبێر لە میانەی گەشتێکی دا بۆ ئیتالیا ، لە (جێنوا)(١٢) تابلۆیەکی (ورووژاندنی سان ئانتۆنی)(١٣) بەرچاو کەوت کە (کاربرۆگێل)(١٤)ی نیگارکێش کێشابووی و ئەوتابلۆیە بەسەختی کاری تێکردو کاتێک کە گەڕایەوە بۆ فەرەنسا تابلۆیەکی هەڵکەندراوی کڕی کە دەستکردی (کالو)بوو و هەمان واتای دەبەخشی. پاشان دەستیکرد بە خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندداربوون بە تابلۆیەو دوای ئەوەی کە زانیاری پێویستی لەمبارەیەوە بەدەست هێنا ، ئەو کتێبەی نووسی کە ئەم دوو تابلۆیە ئیلهام بەخشی بوون. کاتێک کە لە نووسینی کتێبەکەی بۆوە بە دوای دووکەس لە دڵسۆزترین هاوڕێیانی دا نارد تا بێنە کرواسی و کتێبەکەیان بۆ بخوێنێتەوە. دوای ئەوەی کە هاوڕێکانی بە دەنگ داخوازییەکەوە هاتن، فلوبێر ماوەی چوار رۆژ خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی بوو بۆ یان. شەوانە چوار سەعات و پاش نوێژانیش چوار سەعات کتێبەکەی دەخوێندەوەو واش بڕیاردرابوو کە هەتا لە خوێندنەوەی نەبێتەوە کەس رای خۆی دەرنەبڕێت. سەرەنجام رۆژی چوارەم و لە نیوەی شەودا کاتێک کە لە خوێندنەوەی بۆوە، فلوبێر مستێکی لەسەر مێزەکەی بەردەمی



راکێشاو گوتی: (ئێ، راتان چییە؟). لە وەڵامیدا یەکێک لەو هاوڕێیانەی وتی: (بەڕای ئێمە دەبێ بیسووتێنێ و ئیدی قەت باسی نەکەیەوە). وەڵامی ئەو هاوڕێیەی زەبرێکی گورچک بڕ بوو کە لە فلوبێر وەشێندرا. بەڵام هەمان ئەو هاوڕێیەی کە ئەو قسەی پێ وتبوو، بۆ ئەوەی لە کاریگەری ئەو زەبرەی کە لەفلوبێری سرەواندبوو کەم بکاتەوە رۆژی دواتر بە فلوبێری گوت: (بۆچی بەسەرهاتی (دلامار-Delmare) نانووسیەوە؟. دلامار کابرایەک بوو کە لە نەخۆشخانەی (رۆڤان) خەریکی مەشقی فێرکاری بوو وبەسەرهاتێکی بەناوبانگیشی هەبوو. دلامار لەیەکێک لە شارۆچکەکانی دەوروبەری رۆڤان خەریکی کاری نەشتەرگەری بوو. لەپاش مردنی ژنی یەکەمی (بێوەژنێکی زۆر لە خۆی بەتەمەنتر بوو) کچە لادێیەکی خواست کە لەو دەوروبەرە دەژیا. ئەو ژنۆچکەیە زۆر کەیفی بەخۆ دەرخستن دەهات و دەستبڵاویش بوو. پاشان یەکسەر روی لە مێردەکەی وەرگێڕاو یەک رەوە دۆستی پەیدا کردو ئەو پارەوپولەی دەهاتە دەستی هەمووی بە پەڕۆو پاتاڵ داو لە خۆی ئاڵاندو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەتا بینەقاقای بکەوێتە نێو قەرزانەوەو لە کۆتایشدا خۆی دەرمانخوارد کرد.

فلوبێریش زۆر راستگۆیانە شوێن پێی ئەم چیرۆکە پڕو پوچ و بێ بایەخەی هەڵگرت. ئەو، کاتێک کە دەستی بە نووسینی رۆمانی (مەدام بۆڤاری) کرد، تەمەنی سی ساڵ بوو، جگە لە (وروژاندنی سان ئانتۆنی) کە یەکەم بەرهەمی و تارادەیەک گرنگ بوو و پتر دەربارەی خۆی بوو، هیچ بەرهەمێکی دیکەی بڵاونەکرابۆوە. لە راستیشدا ئەو نووسینانەی (بە چیرۆک کردن)ی بەسەرهاتە عاشقانەکانی خۆی بوو. ئێستا ئیدی ئامانجی فلوبێر ئەوەبوو کە سەبکی نووسینەکانی نەک هەر ریالیستی بێت، بەڵکو بە (چاو)یش ببینرێت. بۆ ئەمەش بڕیاری دا بەبێ لایەنگری کردن یان مەبەستی تایبەتی خۆی راستییەکان بخاتەڕوو و بە هیچ جۆرێک دەست وەرنەداتەروداو و بەسەرهاتەکانەوە. هەروەها بڕیاری ئەوەشی دا ئەو راستیانەی کە پێویستە ئاشکرا بکرێت بیانخاتە روو و تایبەتمەندیە روحی و فیکری ئەخلاقییەکانی ئەو کەسانە دەربخات کە دەیویست دەربارەیان بدوێت بەبێ ئەوەی بۆ خۆی لێکدانەوەیان بۆ بکات. نە ئیدانەیان بکات و نە دەستخۆشانەشیان لێبکات. ئەگەر هاتوو هەستی لایەنگرانەی بەرامبەر بە یەکێک لە کارەکتەرەکانی جوڵا، نەیدرکێنێت و ئەگەریش نەزانیەکی تر تووشی هەڵچوونی کرد یان

خراپەکارەیەکی سێیەم گۆڕانکاری بەسەردا هێنا، ڕێگا بەوە نەدات کە بۆ خۆی بە وشەیەکیش ئاشکرای بکات. ئەو کارەشی کرد، رەنگە هەر لەبەرئەوەش بێت کە زۆربەی خوێنەران جۆرە ویشکییەک و ساردو سڕیەکی تایبەتیان بەم کتێبەوە بینیوە. لەم (بێلایەنیە) حیساب بۆکراوەو سەر سەختانەی فلوبێردا، ئەوەی کا تام و چێژو گەرم و گوڕی بەخش بێت بەرچاو ناکەوێت. گەرچی لەوانەیە ئەوەی کە باسی دەکەم خاڵی لاوازی بێت لە ئێمە دا، بەڵام بڕوای من وایە کە ئێمە وەکو خوێنەری ڕۆمان کاتێک بزانین نووسەر بۆ خۆشی لەو هەستانە بەشدارە کە ناچارمان دەکات هەستیان پێ بکەین، دڵمان خۆش دەبێت. هەروەکو چۆن هەوڵ و کۆششی هەموو ڕۆمان نووسان لەم پێناوە دا بە هیچ کوێ ناگات، بەو شێوەیەش هەوڵ و تەقەلای فلوبێر لە نەگلاندنی کەسایەتی خۆی لە ڕووداو و بەسەرهاتی ڕۆمانەکەی، رووبەڕووی شکست بۆتەوە. چونکە: (شتێکی مەحاڵە نووسەرێک بتوانێت کەسایەتی خۆی بەتەواوی لەبابەت و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی بە دوور بگرێت. بێگومان کارێکی زۆر چاکە ئەگەر ڕۆماننووس بتوانێت لێگەڕێ تا پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەی بۆ خۆیان چۆنیەتی خۆیان ئاشکراو شەن و کەوی بکەن و تا ئەو جێیەی کە بکرێت کردارەکانیان دەرەنجامی تایبەتمەندیە روحی و فیکری و ئەخلاقییەکانی خۆیان بن. کاتێکیش کە نووسەر سەرنجتان بۆ دڵفرێنی ئافرەتێک رادەکێشی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیەتی، یان بۆ خراپی و شەڕەنگێزی ئەو کەسەی کە کارەکتەری کتێبەکەیەتی، یان ئەو کاتەی کە دەرەنجامێکی ئەخلاقی لەبابەتێکەوە وەردەگرێت و یان بەبێ هۆ باز دەدات، بەکورتی کاتێک کە نووسەر بۆ خۆی دەبێتە یەکێک لە پاڵەوانەکانی هەمان ئەو چیرۆکەی کە خەریکی گێڕانەوەیەتی، رەنگە بە ئاسانی لە خۆی (خوێنتالێکی کارتێکدەر - nuisance) بۆ خوێنەر دروست بکات. بەڵام ئەمە تەنیا پەیوەستە بەشێوازی نووسینی چیرۆک، ئەو شێوازەی کە چەند ڕۆماننووسێکی زۆر چاک بەکاریان بردووەو ئەگەریش ئێستا باوی نەماوە بەو مانایە نییە بڵێین شێوازێکی خراپە.

بەڵام ئەو نووسەرەی کە خۆی لەم شێوازە نوسینە دەپارێزێت، تەنیا کەسایەتی خۆی لە ئاست و (سیما)ی ڕۆمانەکەی بەدوور دەگرێت. ئەو نووسەرە بە دەستنیشان کردنی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی و هەڵبژاردنی کارەکتەرەکانی و ئەو روانگەیەی کە لێیەوە وەسفیان دەکات، بیەوێت یان نەیەوێت کە سایەتی (خۆی) ئاشکرا دەکات. هەروەکو دەزانین فلوبێر



کابرایەکی ڕەشبین بوو. بە هیچ جۆرێک لەگەڵ نەفامی دا هەڵنەدەکردو سەرمایەداری و هەڕەمەکی بوون و سادەیی توشی هەڵچونیان دەکرد. فلوبێر خاوەن بەزەیی و بەخشش نەبوو، لە تەواوی ژیانی دوای باڵق بوونیدا پیاوێکی نەخۆشبوو کە سوک و چروکی ئازاری دەدا، ئەو سوک و چروکییەی کە بە هۆی نەخۆشییە شاراوەکەوەیە دەروونی لێ سیخناخ ببوو. فلوبێر بە بەردەوامی دوچاری گرژی ئەعساب بوو لە رادەبەدەر نائارام بوو. ئەو کابرایەکی هێندە خەیاڵاوی بوو کە بۆ خۆی لە خەیاڵ پلاوەکانی خۆی دەترسا. گۆستاف فلوبێر بە رەغبەتی پیاوێک کە لە ڕێگای کەوتنە نێو زەلکاوەوە تۆڵەی خۆی لە ژیان دەکاتەوە چونکە ژیان تکای حەزەکانی بۆ گەیشتن بە کامڵبوونێکی پێویست نەهێناوەتەدی، خۆی فڕێدایە نێو چیرۆکی چەپەڵی (مەدام بۆڤاری)یەوە. ئەو هەر لەو کاتەوە کە بڕیاری دا بەسەر هاتی (دلامار) بنووسێتەوە، کەسایەتی خۆی گلاندە نێو ڕۆمانەکەیەوە. هەروەها لە کاتی بڕیاردانی دا بۆ خولڤاندنی ئەو پاڵەوانانەی دەبوایە لەو ڕۆمانەدا بەشداربن، کەسایەتی خۆی گلاندە نێو ناوەڕۆکی کتێبەکەیەوە.

لەو کتێبە پێنج سەد لاپەڕەییەدا کۆمەڵەکارەکتەرێکی زۆرمان پێ دەنا سێندرێت و بێجگە لە دکتۆر (لاریڤێر) کە کارەکتەرێکی بچووکە، تەنانەت یەک کارەکتەریش خاوەنی خەسڵەتی باش نییە: هەموویان خەڵکانێکی نەفس نزم، مایەپووچ، گەمژە، هەڕەمەکی و ناشایستەن. زۆریان وان بەڵام نەک هەموویان. ناچێتە عەقڵیشەوە کە لەشارێکدا هەرچەندە بچووکیش بێت نەتوانرێت لانی کەم ئەگەر دوو سێیەکیش نەبن کەسێک بدۆزرێتەوە کە بەسۆزو ماقوڵ و هاوکاریکار بێت. فلوبێر بە ئەنقەست دەیویست کۆمەڵە ئەکتەرێکی تەواو رەشۆکی و سادە هەڵبژێرێت و زنجیرە ڕووداوێک دابهێنێت کە بیانەوێ و نەیانەوێ لە سروشتی ژیانی ئەوانەوە سەرچاوەیان گرتبێت. بەڵام فلوبێر لەگەڵ ئەو ئەگەرەدا ڕووبەڕوو بوو کە کەسانێکی وا (بێ شۆق) کەس حەز لە چارەیان نەکات و ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە دەیانگێڕێتەوە بێزارکەر دەرچن. بەڵام فلوبێر چۆن دەیویست چارەسەر بۆ ئەم کەم و کوڕیانە بدۆزێتەوە، ئەمە خاڵێکە کە دواتر دەیگەمێ. بەڵام بەرلەوەی تیشک بخەمەسەر ئەو خاڵە دەمەوێت بزانم داخۆ فلوبێر تا چ رادەیەک لەو هەوڵانەیدا سەرکەوتوو بووە. سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەی وی بەو پەڕی کارامەییەوەداڕێژراون و ئەو باوەڕەمان لا دروست دەبێت کە

بوونێکی راستەقینەیان هەیەو هەرکە تووشیان دەبین بە بوو نەوەری زیندوو قبوولّیان دەکەین: وەکو ئەو مرۆڤانەی لەو دنیایەدا دەژین کە ئێمەی دەیناسین و پێی ئاشنابین لەسەر پێی خۆیان وەستاون و بەرەی خۆیان لە ئاوێ دا دێننە دەرێ. هەروەکو چۆن بوونی دوکانداری سەری گەڕەکەکەمان و پزیشک و لوولەکێشی ماڵەکەمان بەشتێکی ئاسایی دەزانین، هەروەها بوونی ئەو پاڵەوانانەش بە ئاسایی دێتە بەرچاومان و بە راستی دەزانین و قەت ئەوەمان بە مێشکدا نایە کە ئەمانە کارەکتەری رۆمانن. بۆ نموونە یەکێکیان ناو دەبەم ئەویش (هومای-Homais)یە. هۆمای خولّقێندراوێکە بە جوانی و دەم و دو خۆشی میستەر (میکاوبێر(١٥))و ئەو ئەندازەیە لەگەڵ فەرەنسییەکاندا بۆتە خۆمانە کە میکاوبێر هۆگری ئینگلیزەکان بووە. بوونی (هومای) بە جۆرێک بڕوا دەکەین کە هەرگیز ناتوانین هەبوونی (میکاوبێر) بەو ڕادەیە بڕوا بکەین و بەپێچەوانەی میستەر میکاوبێرەوە، هومای چۆن بوو هەروا بوو. بەڵام سەبارەت بە (ئیما بۆڤاری-Emma) ناتوانم قەناعەت بەوە بکەم کە کچە جووتیارێکی ئاساییە. دەربارەی ئەوەش کە لە زاتی ئەو کچەدا شتێک هەبوو کە لە هەموو ژن و پیاوێکدا هەیە، هیچ قسێکم نییە. کاتێکیش کە لە فلۆبێریان پرسی چ کەسێکت بۆ دروست کردنی (ئیما) کردۆتە نموونە، لە وەڵامدا گوتی: (مەدام بۆڤاری بۆ خۆمم).

هەموو ئێمە بەدەست ئەو خەیاڵە لاوازو پڕۆپووچانەوە دەناڵێنین و لەو ئەندێشەو بیرکردنەوە بێ بنچینانەدا خۆمان بەدەوڵەمەندو قۆزو سەرکەوتوی پاڵەوانانی ژن و پیاوی بەسەرهاتە خەیاڵیەکان دەزانین. بەڵام زۆربەمان ماقووڵ و بالەوە زیاتر ترسنۆک نەبین و قیروسایی لێنەکەین کە لێگەڕێین خەیالاّتی پووچ و بێ مانا کاریگەری جدی بکەنە سەر هەڵسوکەوتمان. مەدام بۆڤاری لەم رووەوە کە هەوڵی دەدا تا بە خەون و خەیاڵەکانی خۆی ژیان بەرێتە سەر مرۆڤێکی جیاکراوەبوو. هەروەها لە رووی جوانیشەوە سەرتۆپ بوو. رووداوەکانی چیرۆکەکەش ئەو (خۆ بەدوورگرتنە)یان پێوە نییە کە فلۆبێر مەبەستی بوو. کاتێک کە یەکەم (فاسق(١٦))ی (ئیما بۆڤاری) بەرهەڵدا دەکات و بێ هیوای دەکا، ئیما تووشی نەخۆشی (نۆبەتێی دەماغ) دەبێت و ئەم نەخۆشیەش هەتا لێواری مەرگی دەبات و چل و سێ رۆژ دەخایەنێت. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە نەخۆشی (نۆبەتێی دەماغ) کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەخۆشی پەسندکراوی رۆماننوسان بوو کاتێک کە دەیانوویست بۆ ماوەیەک



یەکێک لە پاڵەوانەکانیان لە پەلوپۆ بخەن، تا ئەو جێیەی کە من ئاگادار بم، لە زانستی پزیشکیدا نەخۆشیەکی ناسراو نییە. ئەگەریش فلۆبێر لێگەڕا کە (ئیما) بەو شێوە تاقەت پڕوکێنە پێیەوە بناڵێنێ، من پێم وایە کە تەنیا لەبەر ئەوەبوو کە فلوبێر دەیویست ئیما نەخۆشیەکی درێژخایان و پڕ مەسرەف بگرێت. ئەم رووداوە ناواخنە خوێنەر ناچار بە باوەڕکردن ناکات و هەروەها هەتا ئەو جێیەی کە پەیوەندی بەم کارەوەیە مردنی بۆڤاری قەناعەتی پێ ناهێنێت: موسیۆ بۆڤاری تەنیا لەبەر ئەوە دەمرێت چونکە فلوبێر دەیویست کۆتایی بە کتێبەکەی بهێنێت. هەروەکو دەزانین نووسەرو دەزگای بڵاوکەرەوە بەتاوانی ئەوەی کەی رۆمانی (مەدام بۆڤاری) بەرهەمێکی پێچەوانەی ئەخلاقە کەوتنە بەر لێکۆڵینەوەی یاسایی. من وتارەکەی داواکاری گشتی و پارێزەرم خوێندۆتەوە داواکاری گشتی چەند بەشێکی ئەو رۆمانەی خوێندەوە کە بانگەشەی دەکرد نەشیاو و دزێون. بەڵام ئێستا ئەو بەشە بەڵگەنامەییانەی داواکاری گشتی مرۆڤ دەخاتە پێکەنین. چونکە ئەو بەشانە بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو وەسفانەی کە ئێستا بۆ کرداری ئەوینداری دەکرێن و رۆماننووسە نوێیەکان لەگەڵ خوێندنەوەیان دا رایان هێناوین، زۆر پاک و ژێر پەردەن. بەڵام پیاو ناتوانێت باوەڕ بەوە بکات کە تەنانەت لەو سەردەمەشدا (ساڵی ١٨٥٧) داواکاری گشتی لە خوێندنەوەی ئەو بەشانە تووشی داچڵەکین بووبێت. پارێزەر پاساوی دەهێنایەوە کە ئەم بەشانە بۆ کتێبەکە پێویست بوون و دەرەنجامی ئەخلاقی رۆمانەکە باشە. چونکە (مەدام بۆڤاری) بە سزای کردەوە ناشیرنەکانی گەیشت. دادوەرەکانیش رای پارێزەریان پەسندکردو (بەشە خوێندراوەکان) لە سزادان قورتاریان بوو. وەکو باس دەکەن لەو سەردەمەدا بە مێشکی کەسدا نەهاتبوو کە ئەگەر (مەدام بۆڤاری) تووشی چارەنووسێکی شووم هات، لەبەر ئەوە نەبوو کە زینای کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە پارەی نەبوو تا ئەو قەرزانەی بداتەوە کە زۆر هەڵکشابوون. ئەگەر مەدام بۆڤاری غەریزەی دەست پێوەگرتنی لادێییەکی فەرەنسی هەبوایە (چونکە بە ئێمەیان گوتووە کە ئەو فەرەنسیەکی لادێی بوو) هیچ هۆیەک نەبوو کە پەیتا پەیتا (فاسق) نەگۆڕێ و بێ ئەوەی کە تووشی زەرەروزیان ببێت. هیوادارم کە خوێنەر وا بیر نەکاتەوە کە من خەریکم بە شێوەیەکی بێزارکەر کەم و کوڕی بچووک لە کتێبێکی گەورە دەدۆزمەوە. من گەرەکمە ئەوە بسەلمێنم کە فلۆبێر نەیتوانی بە تەواوی لەو کارەدا سەرکەوتو بێت کە مەبەستی بوو

بیکات، چونکە هەوڵی ئەوەی دەدا تا کارێکی مەحاڵ ئەنجام بدات. چیرۆکی دروستکراو، زنجیرەیەکە لە رووداوی رێک و پێک کە بە مەبەستی نمایشکردنی کۆمەڵە کارەکتەرێک لە گۆڕەپانی کردەوەدا و سەرنج راکێشانی خوێنەر داهێنراوە. چیرۆکی دروستکراو لە سەر ژیانی رۆژانە کۆپی نەکراوە. رێک هەروەکو چۆن ناتوانرێت لە رۆماندا ئاخاوتنەکان بەو شێوەیە بگێڕدرێنەوە کە لە ژیانی رۆژانەدا دەکرێن. بەڵکو دەبێ ئەو ئاخاوتنانە کورت بکرێنەوەو تەنیا بابەتە زۆر پێویست و سەرەکییەکان بەیان بکرێن و ئەم کارە شدەبێ بە جۆرێکێ وا پراکتیزە بکرێت کە لە ژیانی راستەقینەو رۆژنەدا وا بە روونی و کورت کراوەیی وەگیر ناکەوێت. پێویستە هەر بەم شێوەیەش راستیە ئاشکراکان تاڕادەیەک شێوەیان بگۆڕدرێ تا لەگەڵ کلێشەی نووسەردا بگونجێن و دەبێ رووداوە لاوەکیەکان بپەڕێندرێن و لە دووبارە کردنەوە خۆ بە دوور بگیرێت. خواش دەزانێت کە ژیان پڕیەتی لە رووداوی دووبارە. بەسەرهات و رووداوە لاوەکیەکان کە رەنگە لە ژیانی راستەقینەدا (زەمەن) لێکی جیاکردبنەوە، بەڵام لەوانەیە زۆر جاران لە رۆماندا ئەو رووداوە لاوەکیانە بە ناچاری لێک نزیک بینەوە.

هیچ رۆمانێک لە سەدا سەد لە رووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان بە دوور نییەو لە راستیدا خوێنەران وا لەگەڵیاندا راهاتوون کە ئەو رووداوە چاوەڕوان نەکراوانە بە شتێکی ئاسایی وەردەگرن. رۆماننووس ناتوانێت رونووسێک لە ژیان بداتە دەست کە پڕاوپڕی (بنچینە) بێت. بەڵکو ئەو وێنەی دیمەنێکتان بۆ دەکێشێت کە ئەگەر نووسەرێکی ریالیستی بێت هەوڵ دەدا تایبکاتە دیمەنێکی زیندوو. ئەگەریش ئەو نووسەرە قەناعەت بە خوێنەر بێنێت کە ئەو کارەی کردووە، کەواتە لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بووە. فلوبێر لە رۆمانی (مەدام بۆڤاری) دا توانیویەتی ئەو قەناعەتە لای خوێنەر دروست بکات کە بەڕادەیەکی یەکجار زۆر راستەقینەی تێدایە و بەگومانی من ئەمەش نەک تەنیا هەر لەبەر ئەوەیە کە کارەکتەرەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو خۆیان بە زیندوو دەنوێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە فلۆبێر بە تیژبینی تایبەتی خۆی و بە دیقەتێکی لەڕادەبەدەرەوە وەسفی ئەو بابەتە لاوەکیانەی کردووە کە بۆ کتێبەکەی پێویست بوونە. ئەم کتێبە زۆر بە باشی دانراوە. هێندێک لە رەخنەگران لەبەر ئەوە رەخنەیان لێگرتووە کە سەرەڕای ئەوەی (ئیما) پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکەیە، بەڵام بە وەسف و باسکردنی سەرەتای لاوێتی و یەکەم



ژنهێنانی (بۆڤاری) دەست پێدەکات و بە وردوخاش بوون و لەناوچوونی ئەویش کۆتایی پێدێت. من پێم وایە فلۆبێر مەبەستی ئەوەبوو کە بەسەرهاتی (ئیما) ئاوێتەی بەسەرهاتی مێردەکەی بکات،. هەروەکو چۆن ئێوە تابلۆی وێنەکێشێک لە چوارچێوە دەگرن. بەدڵنیایشەوە فلوبێر وای بۆچووبوو کە لەم رێگایەوە بە (جوانی) کۆتایی بە چیرۆکەکەی دەهێنێت و (یەکگرتوویی) بەرهەمێکی هونەری پێ دەبەخشێت. ئەگەر مەبەستی ئەمە بووبێت، لەکاتێکدا ئەگەر چیرۆکەکە بەپەلەو دڵخواز کۆتایی پێ نەهاتبایە مەبەستی وی پتر بەرچاو دەکەوت. ئەم کتێبە بەشێکی تێدایە کە من نەمدیتووە رەخنەگران قسەیان لەسەر کردبێت بۆیە حەز دەکەم سەرنجی خوێنەرانی بۆ راکێشم. لەبەر ئەوەی ئەم نموونەیە شیاوی دەستخۆشانە کردنە لە کارامەیی فلوبێر لە نووسیندا. (ئیما) مانگەکانی دەسپێکی ژن و مێردایەتی لە گوندێک بەناوی (توست) بەسەر بردبوو و لەوێ زۆر وەڕس و بێ تاقەت ببوو. بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەنگی کتێبەکە بپارێزرێت دەبوایە ئەم قۆناغەش بە هەمان شێوەو دوورودرێژی بەشەکانی تری رۆمانە وەسفی بکرێت، پێویستە ئەوەش بڵێم کە وەسف کردنی سەردەمێکی بێزارکەر بێ ئەوەی خوێنەر بێ تاقەت بکات، کارێکی ئەستەمە. بەڵام سەرەڕای ئەمە خوێنەر ئەو بەشە دوورودرێژە بەتامەزرۆییەوە دەخوێنێتەوە. ویستم بزانم کە چۆن چۆنی ئەو کارە ئەنجام دراوەو دووبارە ئەو بەشەم خوێندەوە. بینیم کە فلۆبێر باسی زنجیرە رووداوێکی زۆر بێ بایەخی کردووە کە هەموویان تازەن و هیچیان دووبارە نین. ئێوە لە خوێندنەوەی بێ تاقەت نابن چونکە بەدرێژایی ئەوکاتەی خەریکی خوێندنەوەی شتی تازەتان بەرچاو دەکەوێ و دووبارەبوونەوەی تێدا نییە. بەڵام چونکە هەریەک لەم رووداوە بچووکانە زۆر هەڕەمەکی و هیچ تام و چیژێکیان تێدا نییە، ئێوە لە هیلاکی و بێ تاقەتی (ئیما) هەستێکی رووناک وەردەگرن و تەنانەت هەست بە نامۆیی و تەنیاییش دەکەن. هەروەها لەو کتێبەدا بەشێکی جیاکراوە هەیە کە وەسفی (یۆن ڤیل) دەکات. یۆن ڤیل ئەو شارۆچکەیەیە کە لەدوای ئەوەی (توست)یان بەجێ هێشت بنەماڵەی (بۆڤاری) لەوی نیشتەجێ بوون. بەڵام ئەمە تاکە بەشی لەم جۆرەیە. لە بەشەکانی دیکەی رۆمانەکەدا ئەو شاروگوندانەی کە هەموویان بە جوانی وەسفیان کراوە، بە تان و پۆی چیرۆکەکەوە چنراون. ئەم جۆرە وەسفکردنەش بەکەڵکی پێشڤەچوونی چیرۆکەکە دێن، هەموو جۆرە وەسفێکی لەم بابەتە دەبێ بە کەڵکی ئەم کارە بێت.

فلۆبێر کارەکتەرەکانی بەدەم جوولەو ئەنجامدانی کارەکانیان بە خوێنەر دەناسێنێت. ئێمەش لە میانەی بەسەرهاتێکی بەردەوام و شێوازی ژیان ژینگەکەیان بە رووخساریان ئاشنا دەبین. یانی: هەر بەو جۆرەی کە لە ژیانی راستەقینەو رۆژانەماندا بە خەڵکانی تر ئاشنا دەبین. چەند لاپەڕە پێشتر باسی ئەوەم کرد کە فلۆبێر لەوە ئاگادار بوو کە کاتێک دەست بە نووسینی رۆمانێک دەربارەی خەڵکی رەشۆکی بکات، ئەو مەترسیە چاوەڕوان کراوە قبووڵ دەکات کە رەنگە رۆمانێکی زۆر بێزار کەر بنووسێت. ئەو، بڕیاری یەکلاکەرەوانەی دابوو کە بەرهەمێکی هونەری بخولقێنێ و وای مەزەندە دەکرد کە تەنیا لە رێگای جوانی سەبکی نووسینەوە دەتوانێت بەسەر گرفتەکاندا زاڵ ببێت. ئەو گرفتانەی کە سروشتی نزم و چەپەڵی باسەکەی و رەشۆکی بوونی کارەکتەرەکانی دروستیان دەکردن. پێویستە ئەوەش بڵێم کە من لەوە ئاگادار نیم ئاخۆ لە دنیادا مرۆڤێکی (خاوەن سەبک)ی زگماکی هەیە یان نا. بە دڵنیاییشەوە فلوبێر یەکێک لەو بونەوەرانە نەبوو. بەرهەمە سەرەتاییەکانی فلوبێر کە لە حاڵی حەیاتی دا بڵاو کراونەوە، پڕن لە زۆر بڵێی و درێژدادڕی، هەروەها نامەکانی بە زمانێکی فەرەنسی هێندە سەقەت نووسراون کە بە هیچ جۆرێک ئەوە ناسەلمێنێ پەی بە پاراوی و جیاوکی زمانی زگماکی خۆی بردبێت. فلوبێر بە نووسینی رۆمانی (مەدام بۆڤاری) خۆی کردۆتە یەکێک لە گەورەترین نووسەرە (خاوەن سەبک)ەکانی فەرەنسا. ئەمەش خاڵێکە کە بیانیەک هەرچەندە شارەزایەکی باشیشی لە زمانی بێگانەدا هەبێت لە کاتی حوکمدانیدا لەسەر ئەم خاڵە جگە لە دادوەرێکی بە گومان هیچی تر نییە. خاڵە جوانەکانی تریش بە گرانی لەبەر چاوی بە دوور نەمان و ئاساییە کەلە کاتی وەرگێڕاندا: مۆسیقا، نەرم و نیانی، شایستەیی و رەونەق و کێشی (ریتم) دەقی سەرەکی بە ناچاری لەناو دەچن. لەگەڵ ئەمانەشدا بە بڕوای من جێی بایەخە کە بە خوێنەر بڵێم فلوبێر چ ئامانجێکی هەبوو و چۆن دەست بەکاربوو تا بەو ئامانجەی بگات. چونکە مرۆڤ دەتوانێت لە تیۆری و کردارەکانی فلۆبێر فێری زۆر شت ببێت کە بۆ نووسەری هەر ولاتێک سوود بەخشە. فلوبێر ئەم پەندەی (بۆفۆ(١٨))ی کردە دروشمی خۆی کە وتوویەتی بۆ نووسینی باش پێویستە مرۆڤ لە هەمان کاتدا بە باشی هەست بکات و بە باشی بیر بکاتەوەو بە باشی قسە بکات. هەروەها بڕوای وابوو کە ناتوانرێت بابەتێک بە دوو جۆر بگوترێت، بەڵکو تەنیا بە یەک جۆر دەتوانرێت بەیان بکرێت. پێشی



وابوو کە رستەسازی دەبێ لێوەشاوەی فیکر بێت هەروەکو چۆن دەستەوانە بۆ دەست (لێوەشاوە)یە. فلوبێر ئاواتی ئەوەبوو کە پەخشانێکی مەنتقی و کورت و پاراو و فرەلایەن بنووسێت و دەیویست ئەو پەخشانەی بە ئەندازەی شیعرێک کێشدار بێ و ئاوازێکی زوڵاڵی هەبێت و لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندییەکانی پەخشان لە دەست نەدات. ئامادە بوو کە ئەگەر پێویست بکات سوود لە زاراوە گشتی و قسە ئاساییەکانی خەڵک وەربگرێت بەو مەرجەی بتوانێت بە جۆرێکی وا بەکاریان ببات کە کاریگەریەکی جوان بخولقێنن. بێ چەندو چۆن هەموو ئەمانە شایستەی دەسخۆشانەیە. مرۆڤ دەتوانێت وا مەزەندە بکات کە جار جارە فلۆبێر زیادڕەۆی دەکرد. ئەو دەیگوت:(کاتێک لە یەکێک لە دەستەواژەکانمدا تووشی ناهەماهەنگی یان دووبارە بوونەوەدەبم، تێدەگەم کە تەڵەی هەڵەیەکم تەقاندووە.) فلوبێر رێگەی بەخۆی نەدەدا واژەیەک دووجار لە یەک لاپەڕەدا بەکار ببات. ئەمەش بەشتێکی پڕوپووچ دێتە بەرچاو. چونکە ئەگەر هات و لە هەر شوێنێکدا واژەیەک بە دروستی مەبەست بپێکێت واژەی دروست هەر بۆ خۆیەتی و وشەی بەرامبەر یان درێژکردنەوە ناتوانێت شوێنی بگرێتەوە. فلوبێر هەوڵی دەدا نەهێڵێت مەیلی بەلای (کێش)دا زەینی داگیر بکات (هەروەکو چۆن لەبەرهەمەکانی دواتری دا زەینی جۆرج مۆری(١٩) داگیرکرد)و زۆری خۆ زەحمەت دەدا لە کێشی وشەکاندا گۆڕان دروست بکات. فلوبێر لێهاتوویەکی تایبەتی لەتێکەڵ کردنی وشەو دەنگەکاندا هەبوو تا لەم رێگایەوە دیمەنێک لە نەرمی و خێرایی، سستی و یەکگرتوویی لە زەینی خوێنەردا بەرجەستە بکا و بە کورتی لە هەر حاڵەتێکدا کە مەبەستی بوو ئەو دیمەنە لە زەینی خوێنەردا بکێشێت. لێرەدا ئەگەر بێت و زانیاری ئەوەشم هەبوایە تا دەربارەی چۆنیەتیە تایبەتییەکانی سەبکی فلوبێر قسەم بکردایە، ئەو دەرفەتم نییە زۆری لەسەر بدوێم. بەڵام پێم خۆشە دەربارەی ئەوەی کە چۆن لەم بوارەدا بوو بە مامۆستا چەند وشەیەک بڵێم. یەکەمیان ئەوەیە کە فلوبێر زۆری کارکردو خۆی زەحمەت دەدا، بەر لەوەی دەست بۆ نووسینی کتێبێک ببات، هەر بابەتێک پەیوەندی بە ناوەڕۆکی ئەو کتێبەوە هەبوایە کە بە نیاز بوو بینووسێت و وەچەنگی بکەوتایە دەیخوێندەوەو یاداشتی زۆری لەسەر هەڵدەگرت. کاتێکیش شتی دەنووسی نموونەیەکی خاوی لەو شتە دەستەبەر دەکرد کە دەیویست دەربارەی بدوێت. پاشان کاری لەسەر دەکردو بەدیقەتێکی تەواوەوە بابەتەکەی

درێژدەکردەوەو لێی کەم وزیاد دەکردو دووبارە دەینووسیەوە بۆ ئەوەی ئەو ئەنجامە بەدەست بێنێت کە گەرەکی بوو، کاتێک لەو کارە دەبۆوە دەچووە هەیوانەکەو بە دەنگی بەرز ئەو دەستەواژانەی دەخوێندەوە کە نوسیبوونی. چونکە پێی وابوو ئەگەر ئەو دەستەواژانە بۆ بیستن خۆش نەبن و ئاسان نەیەنە سەر زوان کەواتە دەبێ کەم و کوڕی یان هۆیەکیان هەبێت. ئەگەر بە دڵی نەبوونایە دەیبردنەوە ژووری کارکردنی و ئیشی لەسەر دەکردن تا سەرەنجام دەهاتە قەناعەت. فلۆبێر لە یەکێک لە نامەکانیدا دەنووسێ و دەڵێت: (هەموو کاتەکەی رۆژی دووشەممە و سێ شەممەم بۆ دوو دێڕ تەرخان کرد). ئەڵبەتە (ئەو قسەیەی فلوبێر ئەو مانایە نابەخشێت کە لە ماوەی دوو رۆژاندا تەنیا دوو دێڕی شت نووسیوە، ئەگەری زۆر هەیە کە لە ماوەی ئەو دوو رۆژانەدا دە دوازدە لاپەڕەی نووسیبێت. کەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سەرەڕای هەموو هەواڵ و تەقەلای، فلوبێر تەنیا توانی دوو دێر بنووسێت کە بەدڵی خۆی بێت. هەربۆیەش جێگای سەرسوڕمان نییە کە ماوەی پەنجا و پێنج مانگ بە نووسینی رۆمانی (مەدام بۆڤاری)یەوە بوو. ئیتر شتێکی ئەوتۆم نەماوە باسی بکەم. فلوبێر لەدوای نووسینی (مەدام بۆ ڤاری)، (سالامبۆ–Salammbo)ی نووسی کە زۆربەی خەڵک بە بەرهەمێکی شکست خواردووی دەزانن. پاشان بەشێکی تری لە (فێرکردنی سۆز) نووسی کە ئەو رۆمانە بوو فلوبێر چەندین ساڵ لەمەبەرەوە دەستی بە نووسینی کردبوو بەڵام زۆری لێ رازی نەبوو و تێیدا دووبارە وەسفی ئەوینی خۆی بۆ (ئێلێرا شلیزینگێر) کردبوو. زۆربەی رەخنەگرە بەتواناکانی فەڕەنسی ئەم کتێبەیان بە شاکاری فلوبێر لەقەڵەمداوە. بەڵام خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ کابرایەکی بیانی کارێکی ئەستەمە. چونکە زۆربەی بەشەکانی ئەو کتێبە پەیوەندیان بەو شتانەوەیە کە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ناتوانن سەرنجی راکێشن. فلوبێر لە پاش ئەم رۆمانەی بۆ جاری سێیەم دەستی کردەوە بە نووسینی (وروژاندنی سان ئانتۆنی). جێی سەرسوڕمانە کە نووسەرێکی وا مەزن بۆ نووسینی کتێبەکانی هێندە مەزەندەی جۆراوجۆری هەبن، ئەویش بۆ ئەو کتێبانەی کە بە ئەندازەی پێویست ناوەڕۆکەکانیانی داڕشت بوو و ئامادادەی کردبوون بۆ نووسین. پێدەچێ بەوە رازی بووبێت کە بە شێوەی دووبارە لە دووبارەدا، دەربارەی کۆمەڵە بابەتێک بدوێت کە لە هەڕەتی لاوێتیدا مێشکیان داگیرکردبوو. وەکو ئەوە وایە تاکو ئەم بابەتانەی بە شێوەیەکی دیاری کراو نەنووسیبایە، نەیدەتوانی رۆحی



خۆی لە بن گوشاریاندا رزگار بکات. رۆژگار هات و رۆیی و کارۆلینی خوشکەزای مێردی کردو فلوبێرو دایکی بە تەنیا مانەوە. پاشان دایکیشی مردو لەدوای تێکشکانی فەڕەنسا لە ساڵی (١٨٧٠)دا، مێردی کارۆلینی خوشکەزای نسکۆیەکی ماددی بەسەرهات و سەرەنجام بۆ ئەوەی لەو ئیفلاسیە رزگاری بکات، فلوبێر هەموو سەروەت و سامانەکەی خۆی پێ بەخشێ و تەنیا ئەو خانووە کۆنەی بۆ خۆی هێشتەوە کە نەیدەتوانی دەستی لێهەڵگرێت. فلوبێر هەتا ئەو وەختەی خاوەنی سامان بوو، بەچاوی سووک سەیری پارەی دەکرد. بەڵام کاتێک بە هۆی ئەو کارە دڵاوایییەی تاڕادەیەک تووشی دەستکورتی و هەژاری بوو، پەژارەو بیرکردنەوەی بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی نەخۆشیە کۆنەکەی. ئەو نەخۆشییەی کە ماوی دە ساڵ بوو تاڕادەیەک بەرۆکی بەردابوو. ئیدی لەوە بەدواوە هەرکاتێک کە لە پاریسی بەسەردەبرد و بۆ نان خواردنی ژەمی ئێواران دەچووە دەرێ، (جی. مو. دو. پاسان) بەدوای دا دەچوو هەتا بیباتە دەرێ و بە سەلامەتی بیگەیەنێتەوە ماڵی فلولێر لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی لە بەسەرهاتە دڵدارییەکانیدا بێ شانس بوو، بەڵام هەمیشە چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزو بەئەمەک و میهرەبانی هەبوو. بەڵام زۆربەی هاوڕێیەکانی یەک لەدوای یەک مردن و ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی بە تەنیایی بەسەر دەبرد. فلوبێر بەدەگمەن لە (کرواسی) وەدەر دەکەوت و لەڕادەبەدەر جگەرەی دەکێشاو کۆنیاکی سێوی دەخوارد. دوایین بەرهەمیشی کە بڵاوکرایەوە، سێ چیرۆک بوون کە هەرسێکیان لە یەک بەرگدا بە چاپ گەیشتن. فلوبێر دەستی بە نووسینی رۆمانێک کرد بە ناوی (بۆڤار و پێکوشێ–Buvardet Pècuchet)و نیازی وابوو لەو رۆمانەیدا دوایین هێرشەکانی خۆی بکاتە سەر نەزانی رەگەزی مرۆڤ و بە دیقەت و پتەوی جارانیەوە هەزارو پێنج سەد کتێبی خوێندەوە تا خۆی بەو بابەتانە پڕچەک بکات کە پێی وابوو بۆ رۆمانەکەی زەرورن. فلوبێر وا بە نیازبوو ئەم رۆمانە لە دوو بەرگدا کۆبکاتەوەو کۆتایی بەرگی یەکەمی کتێبەکە نزیک ببۆوە. بەڵام بەیانی رۆژی هەشتی مانگی ئایاری ساڵی (١٨٨٠)، کاتژمێر یازدە، کارەکەرەکەی فلوبێر نانی نیوەڕۆی بۆ بردە کتێبخانەکەی. بەڵام دیتی فلوبێر بە ئارامی لەسەر کورسیەک راکشاوەو لەبەر خۆیەوە قسەی بێ واتا دەکات. کارەکەرەکەی خێرا رای کرد بەدوای دوکتۆردا و لەگەڵ خۆیدا هێنای. بەڵام دوکتۆر کارێکی لەدەست نەدەهات و لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێکدا فلوبێر مرد. ساڵێک بەسەر

مردنی فلوبێردا تێپەڕی بوو، هاوڕێیەکی کۆنی فلوبێر یانی (ماکسیم دۆکان) ئەو هاوینەی لە شاری (بۆدن) بەسەربردو رۆژێکیان کە لە دەرەوەی شار خەریکی راو بوو، خۆی لە نزیک شێتخانەی (ئیلیێ نۆ) بینیەوە. دەرگاکانی شێتخانەکە کرانەوە تا شێتەکان بۆ گەڕانی رۆژانەیان بێنە دەرێ و دوو کەس دوو کەس هاتنەدەرێ، لەنێویاندا یەکێک سەلامی لە ماکسیم کردو سەری بۆ دانەواند. ئەو ئافرەتە ئێلیزا شلیزینگێر بوو، هەمان ئەو ئافرەتەی کە فلوبێر ئەوەندە خۆشی دەویست، ئاواش بێ ئەنجام.

---

**پەراوێزەکان:**

١- نووسەری ئازادیخوازی ئەمریکایی (١٨٧١-١٩٤٥).

٢- ئەم رۆمانە لەلایەن نووسەرو وەرگێڕی رەسەن و زانا، خوا لێخۆشبوو (ئیرەجی پزیشک نیا) کراوەتە فارسی و لە ساڵی ١٣٣٦ی کۆچی هەتاوی دا بەزنجیرە لە رۆژنامەی کەیهان دا بڵاوکراوەتەوە.

٣- یەکێکە لە شارەکانی باکووری فەرەنساو دەکەوێتە کەناری رووباری (سان). ئەم شارە بەو کەنیسە گەورەیەی کەهەیەتی ناوبانگی هەیە، چونکە لەو کەنیسەیەداو لە ساڵی (١٤٣١) دا ژاندارکی بەناوبانگیان بە زیندوویی سوتاند.

٤- یەکێکە لە بەندەرە بچووکەکانی باکوری رۆژئاوایی فەرەنسا و دەکەوێتە کەنارەکانی (دەریای مانش).- و.

٥- شاعیری فەرەنسی (١٥٢٤-١٥٨٥).- و.

٦- یەکێکە لە وڵاتەکانی بن دەستی فەرەنسا کە دەکەوێتە بەشی باکووری (ئەمەریکای باشوور) و لەسەر کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتلەسیەو رووبەرەکەی (٣٤,٧٤٠) میلی



چوارگۆشەیەو ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی (١٩٤٧)ی زایینی دا (٢٩,٠٠٠) کەس بوو. پایتەختەکەشی ناوی (کاین)ە Cayenne.

٧- سوتلی = ژنی مارەنەکراو و نارەسمی بۆ شێوەیەکی کاتی. (هەمبانە بۆرینەی مام هەژار) بە فارسی پێی دەڵێن (مترس).«وەرگێڕ»

٨- یەکێک بوو لە فەیلەسووفە (وەرگرە)کانی فەرەنسا و پەیڕەوی ئایدیالیستەکانی ئەڵمانیا.

٩- یەکێکە لە نۆ خواکانی شیعرو زانست و هونەرە جوانەکان لە ئەفسانەکانی یۆنانیدا.

١٠- مەبەست لەو پەیوەندیەیە کە بە هۆیەوە ژن و پیاو دەست تێکەڵ دەکەن.

١١- یەکێکە لە شارەکانی ئەڵمانیا.

١٢- Genoa- یان ئیتاڵیایی:Genova- بەندەرێکە کە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئیتاڵیا.

١٣- The Temptation of st. Anthony.

١٤- Brueghel- ناوی خێزانی دوو نیگارکێشی باوک و کوڕە کە خەڵکی (فلاندر)بوون. باوکەکە ناوی (پیەهتر) بوو و لە نێوان ساڵەکانی (١٥٢٠ تاکو ١٥٦٩)دا ژیاوە (مێژووی لە دایکبوونی بەخەملاندنە)و لە بەرهەمەکانیدا ژیانی لادێیی نیشان دەدات. کوڕەکەش بە (یان) ناودەبراو لە نێوان ساڵەکانی (١٥٦٨ هەتا ١٦٢٥) ژیاوە.

١٥- بڕوانە بەشی (چارلز دیکنزو دێیڤید کۆپەرفیلد).

١٦- ئەو پیاوەی کە لە بنەوە لەگەڵ ئافرەتێکدا کەین و بەینی هەیە بە شێوەیەکی نا شەرعی.- و.

١٧- سۆمەرست موام (نووسەری ئەم کتێبە) بەرلەوەی ببێتە نووسەر خوێندنی پزیشکی تەواوکردووە.-

١٨- پسپۆڕی فەرەنسی لە زانستە سروشتییەکاندا (١٧٠٨-١٧٨٨).- و.

١٩- رۆماننووس و درامانووس و رەخنەگری ئیرلەندی (١٨٥٢-١٩٣٣).

# ستاندال و سوورو رەش

بەو چەند لاپەڕەیەی کە لەبەر دەستمدان، نووسینەوەی ژیاننامەی روون و بەڵگەنامەی هێنری بیل کە بە (ستاندال) ناسراوە بە کارێکی مەحاڵ دەزانم. گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی وی پێویستی بە کتێبێک هەیەو بۆ ئەوەی ئەم بەسەرهاتە وا لێبکەم کە بلوێ بۆ تێگەیشتن، دەبێ بچمە نێو مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەردەمەوە. خۆشبەختانە ئەم مێژووە نووسراوەتەوەو ئەگەر خوێنەری رۆمانی (سوورو رەش) بیەوێت سەبارەت بە نووسەری ئەم رۆمانە پتر لەوە ئاگادار ببێتەوە کە من دەرفەتی باسکردنیم هەیە، وا چاکە ژیاننامەو بەسەرهاتی بەڵگەنامەی ستاندال کە بەم دواییانە (ماتیۆ جۆزیفسۆن) لە ژێر ناونیشانی (ستاندال یان گەڕان بە دوای بەختەوەریدا) بلاوی کردۆتەوە، بخوێنێتەوە. بۆیە دەتوانم خۆم قایل بکەم کە تەنیا راستییە بێ پەردەکانی ستاندال روون بکەمەوەو باسیان بکەم. ستاندال، لە ساڵی (١٧٨٣) لە شاری گرنوبێل هاتۆتە دنیاوە. ئەو کوڕی پارێزەرێکی وەزارەتی داد بوو. پیاوێک کە تا رادەیەک خاوەنی سامان و ناوبانگ بوو. دایکیشی کچی دوکتۆری باوەڕپێکراوی شار بوو. کاتێک تەمەنی حەوت ساڵان بوو، دایکی مرد. لە ساڵی (١٧٨٩)دا شۆڕشی فەرەنسا بەرپا بوو، ساڵی (١٧٩٢) لویسی شازدەیەم و ماری ئەنتوانت لە سێدارە دران. ستاندال، بە تێروتەسەلی باسی سەردەمی منداڵی و تازە لاوی خۆی کردووە کە خوێندنەوەی سەرنج راکێشە، چونکەلەو سەردەمەدا تووشی چەند دەمارگێرییەک بوو کە تا کۆتایی تەمەنیشی هەڵگریان بوو. لە پاش مردنی دایکی کە خۆی گوتەنی وەکو ئەویندارێک دەیپەرست، باوک و پووری بەخێویان کردو سەرپەرشتیان کرد. باوکی ستاندال، پیاوێکی ئاقڵ و خاوەن وێژدان و پووریشی توندڕەوێکی ئایینی چینی مامناوەندی بوو. ستاندال، لێیان بێزار بوو. باوک و پووری



هەرچەندە لە چینی مامناوەندی بوون، بەڵام حەزیان لە ئەشرافییەت بوو و زۆر لە شۆڕش دەترسان. ستاندال رایگەیاندووە کە سەردەمی منداڵی پڕ لە نەگبەتی بووە، بەڵام بە پێی ئەو روونکردنەوەیەی خۆی، پێناچێت بۆ گازەندە کردنی لە ژیان بەڵگەی زۆری بە دەستەوە بێت. ئەو کوڕێکی هۆشیارو مەنتیقی و زۆر سەرەڕۆ بوو. کاتێک کە تیرۆر(١) گەیشتە (گرنوبێل)، باوکی ستاندال ناوی لە لیستی گومان لێکراوەکاندا بوو. ئەو پێی وابوو کە ئەو کارە لە لایەن پارێزەرێکی وەزارەتی دادەوە بە ناوی ئەمار (Amar) بە مەبەستی شوێن گرتنەوەی ئەنجامدراوە. ئەو کوڕە بزێوە بە باوکی گوت: (ئەمار تۆی لە لیستی ئەو کەسانەدا داناوە کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت سیستەمی کۆماریان خۆش ناوێت و ئاشکراشە کە وایە) ئەڵبەت ئەو قسەیە راست بوو، بەڵام بۆ پیاوێکی وا بەرێزو کامڵ کە گیانی لە مەترسیدایە، بیستنی ئەو قسەیە لە کوڕە تاقانەکەی، خۆش و دڵخۆشکەر نییە. ستاندال بە شێوەیەکی قێزەوەن باوکی تاوانبار کرد، بەڵام وا پێدەچوو کە هەمیشە، هەر وەختێک پێویستی بە پارە هەبووایە، دەیتوانی بە زمان لوسی و خەڵەتاندن لێی دەربێنێت. خوێندنەوەی هێندێک کتێبیان لێ قەدەغە کردبوو، بەڵام هەر هەمووی خوێندنەوە. لەو وەختەوە کە بۆ یەکەمجار کتێب چاپکرا، ئەوە شتێک بوو کە لە سەرانسەری دنیادا بۆ هەزاران منداڵ روویداوە. گازەندەی گەورەی ستاندال ئەوەبوو کە بواری ئەوەیان پێنەدەدا تا بە سەربەستی تێکەڵاوی منداڵان ببێت، بەڵام ئەو لە ژیاندا بەو رادەیەش کە بۆ خۆی باسی دەکات تەنیا نەبووە، چونکە دوو خوشکی هەبوون و چەند کوڕێژگەیەکیش هاو وانەی بوون و لە لای قەشە ژزوئێتی مامۆستا دەیخوێند. لە راستیدا ستاندالیان بەو جۆرە حاملاند کە منداڵانی چینی مامناوەندی، لەو سەردەمەدا پەروەردە دەکران، وەکو هەموو منداڵێک، بەندو باری ئاسایی بە زوڵم و ستەمی ناڕەوا لە قەڵەم دەداو کاتێک کە ناچار بوو وانەکانی فێر ببێت، وەختێک کە مۆڵەتی پێ نەدەدرا کە خۆی چۆنی گەرەک بوو ئاوا هەڵسوکەوت بکات. خۆی بە مرۆڤێک دەهاتە پێش چاو کە دەرهەق بەوی زۆر بێ بەزەییانە هەڵسوکەوت کراوە. لەم رووەوە، وەکو زۆربەی منداڵان نەدەچوو. زۆربەی منداڵان وەختێک گەورە دەبن، ئازارو مەینەتییەکانیان لە بیر دەچێتەوە. ئەو لەمبارەیەوە مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، چونکە لە تەمەنی پەنجاو سێ

ساڵیدا، مەینەتی و دڵگرانیەکانی خۆی هەر لەبیر مابوو و لە دڵی خۆیدا پەروەردەی دەکردن. لەبەرئەوەی رقی لە قەشە ژزوئێتی مامۆستای بوو، دژایەتی هەموو قەشەیەکی دەکردو هەموو کارێکی پەیوەست بەوەوەی رەت دەکردەوەو تا کۆتایی تەمەنی نەیدەتوانی قەناعەت بە خۆی بهێنێ کە مرۆڤێکی ئایینیی، رەنگە راستگۆو بێ ریا بێت. لەبەرئەوەی باوک و پوری لە لایەنگرانی سیستەمی پاشایەتی بوون، ئەو بە شەوق و زەوقەوە بوو بە کۆماریخواز، بەڵام رۆژێکیان کاتی عەسر کە لەو وەختەدا تەمەنی یازدە ساڵان بوو، لە ماڵی خۆی دزیەوە تا بچێتە نێو کۆرێکی شۆڕشگێڕییەوە، کەمێک داچڵەکا، (پرۆلیتاریا)ی بە پیس و بۆگەن، توندو زمان پیس بینی. نووسی: (وتەی کورت، ئەوێ رۆژێش هەروەکو ئەمڕۆ بووم. من خەڵکم خۆشدەوێت و لە ستەمکارانیان بێزارم، بەڵام بۆ من ژیان لەگەڵ خەڵکدا عەزابێکی ئەدەبییە.... من، سەلیقەی زۆر خانەدانانەم هەبوو و ئێستاش هەر هەمەو هەرچییەکی لە دەستم بێت لە پێناو ئاسوودەیی خەڵکدا دەیکەم و درێغی ناکەم، بەڵام پێم وایە کە مانگی دوو هەفتە مانەوەم لە زینداندا، خۆشترە لە ژیان لەگەڵ دوکاندارەکاندا) وەختێک مرۆڤ دەبینێت کە شێوەی بیرکردنەوەی لاوە زیرەک و شۆڕشگێڕەکان، کە جار جارە لە هۆڵی پێشوازی دەوڵەمەندەکان، لە دڵیان دەدرێت، چەندە وەکو ئەم جۆرە تێڕوانینانەیە، بێ ویستی خۆی پیکەنینی دێ. ستاندال، بۆ یەکەم جار کە چووە پاریس، تەمەنی شازدە ساڵ بوو. باوکی ئەوی بە یەکێک لە خزمەکانی بە ناوی (موسیودارو) ناساند، موسیودارو دوو کوڕی هەبوون کە هەردووکیان لە وەزارەتی بەرگری کاریان دەکرد. پییێری کوڕە گەورە، بەڕێوەبەری ئیدارەیەک بوو و لە پاش ماوەیەک ئامۆزای گەنجی کردە یەکێک لە چەند سکرتێرەکانی خۆی. ناپلیۆن خەریکی دووەمین لەشکر کێشییەکەی بوو بۆ سەر ئیتالیا، براکانی دارو رەگەڵی کەوتن و دوای ماوەیەکی کورت، لە شاری میلان ستاندال خۆی گەیاندنێ. لە دوای ئەوەی کە چەند مانگێک فەرمانبەری نووسینگە بوو، (پێیێردارو) لە ئاهەنگێکی رانانی سەربازانی بە سواردا ئەرکێکی پێ سپارد، بەڵام لەبەرئەوەی ستاندال چێژی لە گەشت و سەیرانەکانی میلان وەردەگرت. زۆر خۆی پێوە ماندوو نەکرد، تا بچێتە نێو ریزی هێزەکەی خۆیەوەو نەبوونی داروی لەوێ قۆزتەوەو سەرلەشکر (میشۆ) ناوێکی کەر کرد تا بیکاتە بەردەستی خۆی و



وەختێک پییێردارو گەڕایەوە، فەرمانی پێدا تا بگەڕێتەوە نێو ریزی هێزەکەی خۆیەوە، بەڵام ستاندالّ هەتاکو شەش مانگان، بە بیانووی جیا جیا خۆی لەو کارە دزیەوەو سەرەنجام کاتێک پێوەندی کردووە بە هێزەکەی خۆیەوە، ئەوەندە بێزارو بێ تاقەت ببوو کە نەخۆشی کردە پاساو و مۆڵەتی وەرگرت تا بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و پاشان وازیهێنا. ستاندال لە هیچ شەڕێکدا بەشداری نەکرد، بەڵام ئەمە نەبووە رێگری کە لە ساڵانی دواتردا، لاف و گەزاف لێداو باسی جەربەزەیی و ئازایەتی خۆ وەکو جەنگاوەرێک بکات و لە ساڵی (١٨٠٤)دا کە بە دوای کاردا دەگەڕا، بۆخۆی پشتگیری نامەیەکی نووسی و (سەرلەشکر میشۆ ئیمزای کردبوو) تێیدا باسی ئازایەتی خۆی کردبوو لە شەڕەکاندا، ئەو شەڕانەی کە سەلمێندراوە هەر نەیدەتوانی بەشدارییان تێدا بکات. ستاندال، بە بڕە پارەیەکی کەم، بەڵام بە ئەندازەی پێویست کە باوکی بۆی دیاریکردبوو، چووە پاریس تا لەوێ ژیان بەسەر ببات. ئەو دوو ئامانجی هەبوون. یەکەمیان ئەوەبوو کە ببێتە گەورەترین شاعیری دراماتێکی (Dramatigue) سەردەمی خۆی و کتێب گەلێکی (فێربوونی نمایشنامە نووسی) دەخوێندەوەو زۆربەی رۆژانیش دەچووە تەماشاخانە (نمایشگاه)و لە دەفتەری بیرەوەریەکانی رۆژانەیدا، سەرنج و تێبینی خۆی لە مەڕ ئەو نمایشانە دەنووسییەوە کە چووبووە بینینیان کە چۆن دەتوانێت دەستکاریان تێدا بکات بۆ ئەوەی بەو شێوەیان لێبکات کە لای خۆی پەسندبوو. وا دەردەکەوێت کە بۆ خۆی خاوەنی بیرۆکە نەبووە و بە دڵنیاییشەوە شاعیر نەبوو. ئامانجی دووەمیشی ئەوە بوو کە ببێتە ئەویندارێکی مەزن، بەڵام بۆ ئەم کارەیان سروشت زۆر بەخراپی ئامادەی کردبوو! گەنجێکی قەڵەو و ناشیرن بوو. کەتە، بەلەک کورت، سەرگەورە، بە تۆپەڵە موویەکی رەشەوەو تۆزێک قوڵەبوو، زاری بارێک و لوتی ئەستوورو هەڵگەڕاوە بوو، بەڵام دووچاوی مەڕیی بە تاسەی هەبوون و دەست و لاقی بچووک و پێستی لەشی وەکو هی ئافرەتان نەرم و نۆڵ و ناسک بوو. خۆی بەوە هەڵدەکێشا کە وەختێک شمشێر بە دەستەوە دەگرێت، دەستی بلۆقان دەکەن. جگە لەمانەش، نە شارەزاو شەرمن بوو. ستاندال بە هۆی مارتیا داروی ئامۆزایەوە (برا چووکەکەی پییێر) توانی پێی بگاتە هۆڵەکانی پێشوازیی لەو خانمانەی کە شۆڕش مێردەکانی دەوڵەمەند کردبوون، بەڵام لە نێو خەڵکدا بە جۆرێکی خەماوی

(بەستەزمان) بوو. ئەو شەرمنییەی شێوازی قسەکردنی تێکدەدا. قسەو نوکتەی خۆشی بە مێشکیدا دەهاتن، بەڵام قەت زاتی ئەوەی نەدەکرد بیانهێنێتە سەر زوان. لە شێوازی ناوچەی خۆی بە تووڕەیی و قینەوە ئاگاداربوو. ڕەنگە هەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیانەش بووبێت کە چووە خولی فێربوونی ئەکتەری شانۆ. لەوێ لەگەڵ ئەکتەرێکی ژندا. بە ناوی (میلانی گلیبە) کە دوو سێ ساڵ لە خۆی بە تەمەنتر بوو ناسیاوەتی پەیداکرد، لە دوای ماوەیەکی کەم چاوەڕوانی و ڕاڕایی، بڕیاریدا عاشقی ببێت. تا ڕادەیەک هۆی دوودڵییەکەی ئەوەبوو کە لەوە دڵنیا نەبوو (میلانی)ش وەکو خۆی شکۆمەندی ڕوحی هەبێت. هەروەها تا ئەندازەیەکیش لە بەرئەوە بوو گومانی دەکرد کە نەوەک ماشوقەکەی تووشی نەخۆشییەکی سێکسی بووبێت، لە دوای ئەوەی کە بە ڕەواڵەت لە هەردوو ڕووەوە قەناعەتی بە خۆی هێنا، بە دوای میلانی کەوت کە بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێک دەچووە شاری مارس و لەوێ چەند مانگێک لە دوکانێکی گەورەی کەلوپەلی خواردەمەنیدا کاری کرد. ستاندال گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە میلانی هەم لە ڕووی ڕوحییەوەو هەم لە ڕووی فیکرییەوە ئەو ژنە نییە کە ئەو زەنی دەکردو کاتێک کە میلانی لەبەر بێ پارەیی ناچار بوو بگەڕێتەوە پاریس، ستاندال هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشا. لێرەدا دەرفەتی ئەوەم نییە کە باس لەو ڕووداوە ئەوینداریییە جۆراوجۆرانە بکەم کە ژیانی ستاندال-یان پڕکردبوو و تەنیا سەبارەت بە دووسێیەکیان کە تایبەتمەندییەکانی ڕوحی و فیکری و ئەخلاقی وی ڕوون دەکەنەوە دەدوێم و تیشکیان دەخەمە سەر. ستاندال زۆر خولیای ئافرەت بوو، بەڵام بە واتایەکی تر، هەوەسباز نەبوو. لە ڕاستیدا تا چەند نامەیەکی زۆر بێ پەردەی یەکێک لەو ئەویندارانەی دوایی وی نەدۆزرابۆوە، گومانی ئەوە دەکرا کە لە ڕووی جنسییەوە سارد بووبێت. ئارزەووی جنسی وی، (مێشکی و دەماغی بوو)و دەست بە سەرداگرتنی ئافرەت، لە پێش هەموو شتێکدا کەسایەتی وی ڕازی دەکرد. بە پێچەوانەی ئەو حەلەق مەلەقەی کە بۆ خۆی نوسیوویەتی، هیچ بەڵگەو نیشانەیەک لەبەر دەستدا نییە کە سەوداسەری و خۆشویستنی تێدا بووبێت و ستاندال بە ڕاشکاوی دان پێدا دەنێت کە زۆربەی ئەوینداریەکانی بە ناکامی گەیشتوون و پەی بردن بەم خاڵە، گرفت نییە. مرۆیەکی زۆر ترسنۆک بوو، کاتێک کە لە ئیتالیای



بەسەر دەبرد، لە ئەفسەرێکی هاوسەنگەری خۆی پرسی کە چ کارێک دەکات تەنیا بۆ ئەوەی (سەرنجی) ئافرەتێک بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و ئەو ئەزمونەی کە وەریگرت بە جدی یاداشتی کرد. ئەو، ئافرەتانی بە (بەرنامە) ئابلۆقە دەدا. ڕێک وەکو چۆن هەوڵی دەدا نمایشەکان (piece) بە (بەرنامە) بنووسێتەوە. کاتێک کە دەیدیت ئافرەتان بە مرۆیەکی گاڵتەجاڕی دەزانن، پێی ناخۆش بوو و ئەگەر پەییان ببردایە کە ڕاستگۆ نییە پێی سەیر بوو. بە هەموو ئەو زیرەکییەوە، دەتووت قەت بە مێشکیدا نەهاتووە کە ئەو زەمانەی ژن تێی دەگات، زمانی دڵە، هەروەها نەیزانی کە زمانی عەقڵ، دەبێتە هۆی ساردی ئافرەت، وایدەزانی دەتوانێت بە خەڵەتاندن و (فڕوفێڵی جەنگی) ئەو کارە بەرەوپێش ببات کە تەنیا بە (هەست) دەتوانرێت بە ئەنجام بگەیەنرێت. ستاندال، چەند مانگێک لە دوای ئەوەی کە (گلیبە) بەجێی هێشت، گەڕایەوە پاریس و بە هۆی دەسەڵاتی (پییێردارو) توانی وەکو فەرمانبەر لە ئیدارەیەکی کەلوپەلی سەربازی کاربکات لە (براون شوایک(٢))و ئەو فکرەی لە سەری خۆی دەرکرد کە ببێتە درامانووسێکی گەورەو بڕیاری‌دا لە دەزگای ئیداریدا گەشە بکات و بەرزببێتەوە. نیازی وابوو ببێتە یەکێک لە بارۆنەکانی(٣) (Baron) ئیمپراتۆری و شەوالییەی(٤) لژیۆن دونوورو سەرەنجام بە مووچەیەکی زۆرەوە ببێتە بەرپرسی ئیدارە. لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆماریخوازێکی دووجار کولێو بوو و ناپلیۆنی بە شایەکی داگیرکەرو ملهوڕ دەزانی کە ئازادی فەڕەنسای لە بن پێ ناوە، بەڵام نامەیەکی بۆ باوکی نووسی و داوای لێکرد تا شورەتێکی بۆ بکڕێت (de- دو)ی لە ناوەکەی زیاد کردو خۆی ناو نا (هێنری دو بیل)، بەڵام بە ڕاستی بەڕێوەبەرێکی لێوەشاوەو کارزان بوو لە (١٨١٠)دا، کە پلەی بەرزبۆوەو دووبارە خۆی لە پاریس بینییەوە، بەرپرسی ئیدارەیەک بوو لە نێو ریزە ژورێکی تەلاری کۆشکی (ئینوالید). گالیسکەیەکی تاک ئەسپ و جووتە ئەسپێکی کڕی و گالیسەکەچی و خزمەتکاری ڕاگرتن و کچە جحێڵێکی گۆرانیبێژیشی هێنایە کن خۆی تا لەگەڵ ویدا ژیان بە سەر ببات، بەڵام بەمە دڵی دانەدەکەوت. هەستی کرد کە خولیای ماشوقەیەکە بۆ ئەوەی خۆشی بوێت و پلەوپایەی ماشوقەکەی کەسایەتی وی بەهێزتر بکات. گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە (ئەلێکساندرێن دارو) ئەو کەلێنەی بۆ پڕ دەکاتەوە. ئەو ژنێکی جوان بوو

و هاوسەری پیێردارو بوو کە ئێستا بووبووە (کۆنت)، بەڵام چەندین ساڵی تەمەنی لە مێردەکەی کەمتر بوو و چوار منداڵی لێ هەبوو. بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە ئەوە بسەلمێنێ کە ستاندال، بیری لەو هەموو لە خۆبوردەیی و دڵسۆزییەی ئامۆزاکەی کردبێتەوە کە بەرامبەر بەوی نواندوبوی و ئەوەشی بە خەیاڵدا نەهاتبوو کە گەشەکردن و بەرزبوونەوەی پلەوپایەی خۆی بەو قەرزارەو ژیانی ئیداریشی پەیوەستە بە لوتف و پیاوەتی پێیرەوە، لە نەزاکەت و سیاسەت بە دوورە کە دڵ لە ژنەکەی بستێنێ. بەڵام بۆ وی ئەمەکداری چاکەیەکی نائاشنا بوو. ستاندال بە جبەخانەو تفاقی ئەوینی خۆیەوە، بڕیاری هێرشکرنیدا، بەڵام نەیدەتوانی خۆی لە چنگ ئەو ترس و شەرمە نامۆبارەکەی قوتار بکات و هێشتا هەر لەمپەری رێگای بوو. ئەو بە نۆرە، چالاک و غەمگین، دڵگەرم و سارد، خوێن گەرم و لالوت بوو، بەڵام پێنەدەچوو کە هیچ یەکێک لەو پلانانەی سەر بگرێت و ئاکامی هەبێت. هەروەها نەیدەزانی داخۆ (کۆنتێس) خۆشی دەوێت یان نا. لەو بەدگومانییەی کە: لەبەر شەرمینی (کۆنتێس) پاشەملە پێی پێدەکەنێ، هەستی بە کەمی و بوودەڵەیی خۆی دەکرد. سەرەنجام چووە لای کۆنە هاوڕێیەکی خۆی و باسەکەی لەلا درکاندو لێی پرسی کە چ جۆرە (تاکتیکێک) بەکار بێنێت و مەسەلەکەشیان تاوتوێ کرد. ئەو هاوڕێیەی پرسیاری زۆری لێکردن، ستاندال وەڵامی دایەوەو دۆستەکەی وەڵامەکانی نووسینەوە. ئەو وەڵامانەی کە بۆ پرسیارەکان دراونەتەوەو (ماتیۆ جۆزێفسۆن) کورتی کردنەوە ئەمانەن: (سوودەکانی نزیکبوونەوە لە مەدام دو (ب) چین؟ مەدام دو (ب) ناوێک بوو کە بۆ کۆنتێسیان دانابوو (ئەو (ستاندال) لە حەزە زاتییەکانی خۆی پە پرەوی دەکات، جیاوکی گەورەی کۆمەڵایەتی بە دەست دەهێنێت و خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە مەڕ ئارەزووە جنسییەکانی مرۆڤ زیاتر پەرەپێدەدات و شەرەف و کەسایەتی خۆی پێ رازی دەکات). لە پەراوێزی ئەو بەڵگەنامەیەدا، ستاندال نوسیبووی: (باشترین رێگا: (هێرش، هێرش، هێرش) ئامۆژگارییەکی چاک بوو، بەڵام کاتێ تۆ دوچاری نەخۆشییەکی شەرمنیی بێ چارەسەری، بەکارهێنانی ئەم شێوازە کارێکی ئاسان نییە. چەند حەفتەیەک لە دوای ئەوە، ستاندال بانگهێشت کرا تا لە بیشڤێل (Becheville) هاوینەهەواری بنەماڵەی (دارو) جێوار بێت. بەیانی رۆژی دووەم، لە دوای شەوێک



پەرێشانی، بڕیاریدا قیرۆسیای لێبکات. باشترین جلی خەت خەتی خۆی لەبەرکردو کۆنتێس تاریفی لە بەرگەکەی کرد. بە رێکەوت دایک و منداڵەکانی کۆنتێس، بە مەودای بیست هەنگاو لە دوایانەوە دەهاتن، بە هەموو شوێنێکدا گەڕان. ستاندال بە شێوەیەکی لەرزۆک بەڵام بڕیاردەر، شوێنێکی دیاریکراوی کە بە خاڵی ئەلیف لە شوێنی (ب)ی ناو دەبەن، دیاریکردو (ب) ئەو جێیە بوو کە لەو ساتەوەختەدا ئەوان لەوێ بوون، سوێندی خوارد کە ئەگەر گەیشتنە خاڵی ئەلیف و بە کۆنتێس نەڵێ، خۆی دەکوژێت. قسەی کرد، دەستی کۆنتێسی گرت و هەوڵیدا ماچی بکات. بە کۆنتێس-ی گوت کە هەژدە مانگە خۆشی دەوێت ئەوپەڕی کۆششی خۆی کردووە تا ئەوینی خۆی بشارێتەوە، تەنانەت هەوڵیشی داوە کە وا بکات چاوی پێی نەکەوێت، بەڵام نەیتوانیوە چیدی بەرگەی ئەو ئازارو مەینەتیە بگرێت. کۆنتێس بە نەرم و نیانی وەڵامی دایەوە کە ئەو جگە لە هەستی هاوڕێیەتی هیچ هەست و سۆزێکی تری بەرامبەر بەو نییەو حەز ناکات کە بە هیچ جۆرێک خیانەت لە مێردەکەی بکات، پاشان ئەوانی دیکەشی بانگ کرد تا بیانگەنێ. ستاندال، لەو رووداوە کە بە (شەڕی بیشڤیل)ی ناوزەد کردووە، تێکشکا بوو، دەتوانرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە کەسایەتی وی پتر لە دڵی روشابوو. لە دوای دوو مانگان، کاتێک کە هێشتا ستاندال لە بێ ئومێدی خۆیدا بە سەختی دەسوتا، مۆڵەتی خواست و چووە میلان، کە لە یەکەم گەشتیدا بۆ ئیتالیا شەیدای ببوو، لەوێ دە ساڵ لەمەوبەر، (جینا پتراگۆ) ناوێک کە ژنی ناڕەسمی (Maitrassa)ی ئەفسەرێکی هاوسەنگەری بوو و سەرنجی راکێشابوو، بەڵام لەو سەردەمەدا ستاندال تەنیا رەیس عورەفایەکی بێ پارەوپول بوو و جینا خۆی لێ بە دوور دەگرت، بە باشی زانی بیدۆزێتەوە. باوکی جینا دوکاندار بوو و جیناش بە جحێڵبی مێردی بە سکرتێرێکی دەوڵەت کردبوو. ئێستا تەمەنی سی و چوار ساڵ بوو و کوڕێکی شازدە ساڵانی هەبوو. ستاندال کە دووبارە جینای دیتەوە، بە بەژن و باڵایەکی بەرزو نەشمیلی دیتەوە. ئەو هەنوکەش لە چاوان و، روخسارو، نێوچاوان و لوتیدا، نیشانەی جوان و شکۆی پێوە دیاربوو. دەڵێ: (ئەوم بە هۆشیارترو شکۆدارتر لە جاران بینی، بەڵام ئەو جوانییە هەوسبازیم لەودا بەدی نەکرد) بێ گومان جینا زۆر زیرەک بوو چونکە بەو بڕیارەیەی کە مێردەکەی دەیدایە، باڵاخانەیەکی لە

میلان و خانوێک لە هاوینەهەوارو چەندین خزمەتکارو کارەکەرو خانوێک (loe) لە (ئیسکالا)و گالیسکەیەکی هەبوو. ستاندال بە تەواوی ئاگاداری ناشیرنی و دزێوی خۆی بوو و بۆ داپۆشینی ئەو دزێویەی، بە پێویست و زەروری دەزانی کە جل و بەرگی جوان و مۆدە لەبەربکات. ئەو هەمیشە قەڵەو بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا گوزەرانی باشتر ببوو، ببووە پیاوێکی پان و پۆڕ، گیرفان پڕو بۆشناغ و بۆ رازیکردنی خاتونی شکۆدار لەوە زیاتر شانسی هەبوو کە سەربازێکی چارەڕەش و نەداربێت. بڕیاریدا لە میانەی مانەوەیدا لە میلان خۆی پێ بخافڵێنێ و کاتەکەی پێ بەسەربەرێت، بەڵام جینا، بەو رادەیەش کە ئەو بیری لێدەکردەوە رام نەبوو، پێی رابواردو تا رۆژێک بەر لە بەرێکەوتنی بەرەو رۆما، قایل نەبوو کە لە بالاخانەکەی خۆیدا پێشوازی لێبکات. کاتی دیدار بەیانییەکی زوو بوو. مرۆڤ واینەدەزانی کە لەو وەختەدا کاتی دەستەملانێی نێوجێ بێت. ئەو رۆژە، ستاندال لە دەفتەری بیرەوەریەکانی رۆژانەیدا نووسی: (لە بیست و یەکی ئەیلوولدا کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی، ئەو ئاواتەی کە زۆر لەمێژ بوو ئاخم بۆ هەڵدەکێشا پێی گەیشتم). هەروەها ئەودیرۆکەی لە سەر قایشی پانتۆڵەکەی نووسی. ئەو هەر ئەو پانتۆڵە خەت خەتەی پۆشیبوو کە لە رۆژی دەربرینی ئەوینی خۆیدا بۆ (کۆنتس) لە بەریدا بوو. لە ساڵی (١٨١٢)دا، ستاندال بە زەحمەت توانیبووی (کۆنت دارو) قایل بکات کە بۆ خزمەتکردن لە بەرەکانی شەڕدا، لەو پۆستە ئاسودەیەی کە لە پاریس هەیبوو بیگوازێتەوە بۆ ئیدارەی کەلوپەلی سەربازی. لە لەشکرکێشییە مەینەتبارەکەی ناپلیۆن بۆ سەر روسیا، رەگەڵ ئیمپراتۆرو سوپاکەی کەوت و لە کاتی پاشەکشەکردندا لە مۆسکۆ سەلماندی کە پیاوێکی لەسەرخۆو بێباک و دلێرە. لە ساڵی (١٨١٤)دا، ناپلیۆن وازی لە دەسەڵات هێناو ژیانی ئیداری ستاندالیش بەسەرچوو. ستاندال بانگەشەی ئەوە دەکات: کە ئەو پۆستە گرنگانەی بۆی پێشنیار کرابوون، رەتی کردونەتەوەو رێگای جێهێشتنی وڵاتی گرتۆتەبەر بۆ ئەوەی چیدی خزمەتی بنەماڵەی (بۆربۆرەکان) نەکات. بەڵام راستییەکان پێچەوانەی ئەوە دەسەڵمێنن. سوێندی ئەمەکداری بۆ لویسی شازدەیەم خواردو کۆششێکی زۆری کرد تا دووبارە بگەڕێتەوە ریزی خزمەتکردنی میری، بەڵام ئەو هەوڵانەی بێ ئاکام بوون و ستاندال گەڕایەوە شاری میلان، ئەو ئێستا بەشی ئەوەی پارە مابوو کە لە



بالاخانەیەکی دڵگیردا ژیان بەسەر ببات و ئەوەندەی پێی خۆشبێت بچێتە ئۆپێرا، بەڵام نە ئەو پلەوپایەی جارانی مابوو نە ئەو پارەو پولەش. جینا لێی لوتەلا بوو و پێی راگەیاند کە مێردەکەی بە بیستنی هەواڵی گەڕانەوەی تووشی حەسادەت و غیرە بووەو ستایشکەرانی تریشی، بەدگومانن. داوای لە ستاندال کرد کە لەبەر خاتری شەرەف و ناموسی وی شاری میلان بەجێ بێڵێت. ستاندال نەیدەتوانی چاوبەستەکێ لە خۆی بکات کە جینا لێی تۆراوە. بەڵام هەڵسوکەوتەکانی جینا حەزو ئارەزووەکانی وی توندتر کرد. سەرەنجام بە خەیاڵیدا هات کە تەنیا یەک رێگاچارە هەیە بۆ بەدەست هێنانەوەی دڵی جینا. سێ هەزار فرانکی پەیدا کردو دایە جیناو پێکەوە چوونە ڤینیسیا، دایک و کوڕەکەی جیناو خاوەن بانقێکی تەمەن مامناوەندی لەم گەشتەیاندا هاوڕێیەتیان کردن. بە مەبەستی پەردەپۆشکردنی پێوەندی نێوانیان، جینا داوای لە ستاندال کرد تا بچێتە میوانخانەیەکی تر. کاتێ لەگەڵ جینا نانی ئێوارەیان دەخواردو خاوەن بانقەکە دەهاتە لایان، ستاندال زۆر قەڵس دەبوو. ئەو پێی وابوو کە خاوەن بانقەکە بە هیچ جۆرێک بۆی نییە ئەو کارە بکات. لێرەدا بەشێک لە بیرەوەرییەکانی ستاندال هەڵدەبژێرم کە دەڵێ: (ئەو (جینا) وا پیشان دەدات لە پێناوی مندا فیداکاریەکی گەورەی کردووە کە لەگەڵمدا هاتۆتە ڤینیسیا. من زۆر گەمژە بووم کە ئەو سێ هەزار فرانکەی دەبووایە لەم سەفەرەدا خەرجی بکەم، دامە ئەو). پاشان لە دوای دە رۆژ: (ئەوم کەوتە بەر پەلان.... بەڵام ئەو باسی باری مادی ئێمەی کرد، دوێنێ بەیانی چاوبەستەکێ و فریودان مومکین نەبوو. فروفێڵ، هەوەسبازی بە تەواوی لە مندا کپ دەکاتەوە، بە رواڵەت هۆیەکەی ئەوەیە کە هەموو شلەی عەسەب رادەکێشێتە نێو مێشکەوە). شازدەی حوزەیرانی (١٨١٥)، ناپلیۆن لە واترلۆ تێکشکا، لە پاییزی هەمان ساڵدا ستاندال و هاوسەفەرەکانی گەڕانەوە شاری میلان. جینا ستاندال-ی ناچار کرد کە لە گەڕەکێکی لاتەریکی شار خانوو بگرێت. کاتێک وادەی ژوانی لەگەڵ ستاندال دیاری دەکرد، بە جل گۆڕین و لە نیوەی شەودا، لە کاتێکدا کە بۆ شوێن بزرکردن چەند جارێک گالیسکەی گۆڕیبوو، دەچووە ماڵی ماشوقەکەی و پاشان کارەکەرێک دەیبردە ژورێ. کارەکەرەکەی جینا لەگەڵ خانمەکەیدا هەرای ببوو، یان ستاندال بە پارە لە خشتەی بردبوو، لە پڕێکدا ئەو هەواڵە داچڵەکێنەی دا

به ستاندالّ که مێردی خانمەکەی، به هیچ جۆرێک ئیرەیی نابات و خانمەکەی، ئەو خۆشارکێیانه تەنیا بۆ ئەوه دەکات که رێگا له رووبەڕوو بوونەوەی وی لەگەڵ رکابەرەکەیدا بگرێت، یان وا باشتره بلّێین رکابەرەکانی، چونکه ژمارەی (رکابەرەکانی) زۆره. پاشان ئەو کارەکەرەی جینا پێشنیاری کرد هەتا لەگەڵیدا بچێت تا ئەو راستییەی پێ بسەلّمێنێت. رۆژی دواتر ئەو کارەکەره ستاندال-ی برده ژورێکی بچووک که له تەنیشت ژووری خۆگۆڕینی جینابوو و لەوێ شاردییەوه: (له کونی کلیلەڕا، که مەودای نێوانیان تەنیا سێ هەنگاو بوو، ئەو خیانەتەی که لێی دەکرا به چاوی خۆی بینی). بیل گوتی: (رەنگه پێتان وابێت که له حەشارگەکەم دەرپەڕیمه دەرێ و هەردووکیانم دایه بەر خەنجەران؟ قەت شتی وا نەبوو... ئەو ژوورەی که به ئەسپایی چووبوومه نێوی، چۆن هاتبووم ئاّواشم بەجێهێشت، تەنیا بیرم له لایەنه گالّتەجاڕییەکەی ئەو رووداوه دەکردەوه، پێکەنینم به خۆم دەهات و دەروونم پڕببوو له رق و کینه بەرامبەر به خاتوون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دلّخۆشبووم بەوەی که سەرلەنوێ ئازادیی خۆمم بەدەست هێناوەتەوه(٥)). له سالّی (١٨٢١)دا، دەزگای پۆلیسی نەمسا(٦)، داوای له ستاندال کرد تا شاری میلان بەجێ بێلّێت، چونکه پێوەندی لەگەڵ هێندێک کەسایەتی نیشتمانپەروەری ئیتالیادا هەبوو. پاشان چووه پاریس و بەشی هەره زۆری ئەو نۆ سالاّنەی دوایی لەوێ به سەربردو یەک دوو رووداوی (ئەویینداری) کرچ و کالّی بۆ هاتنەپێش. زۆر هاتوچۆی ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی دەکرد که قسەی چاک تێیاندا بایەخی هەبوو. ئیتر (بەستەزمان) نەمابوو، ببووه پیاوێکی قسەخۆش و دەم هەراشێکی ئەوتۆ که ئەو کاتانەی به کەیف بوو، لەگەڵ هەشت نۆ ده کەسدا قسەی دەکرد، بەلاّم وەکو هەموو زۆر بلّێیه لێهاتووەکان، پێی خۆشبوو  تاکه قسەکەر و بڕیاردەر بێت و هەر کەسێک له قسەکانی هەلّبەزیبایەوه، به ئاشکرا سەرکۆنەی دەکرد، چونکه تامەزرۆی ئەوەبوو که گوێگرەکانی تووشی سەرسامی بکات، سەبارەت به قسه پووچ و کوفرامێزەکان، کەمتر سلّی دەکردەوه. رەخنەگره به دیقەتەکان پێیان وابوو که ئەو گالّته و گەپەی وی تەنیا بۆ کات بەسەربردن یان بزواندنی بەرامبەرەکەیتی. له دوای ئەوه شۆڕشی (١٨٣٠) هاته پێش، شارلی-ی دەیەم هەلاّت و لویس فیلیپ لەسەر تەخت دانیشت، هەتا ئەو کاتەی



ستاندال ئەو سامانەی که له باوکیەوه بۆی بەجێمابووو سەرفی کردبوو و کۆششه ئەدەبییەکانیشی، چونکه دیسان چاوی بڕیبووه ئەوەی که ببێته نووسەرێکی گەوره، نه پارەیەکی وەدەست دەخست نه ناوبانگێک. ئەو کتێبەی که له سالّی (١٨٢٢) له ژێر ناونیشانی (وتارێک له بارەی ئەوین) (Essayon love) بلاّو کرایەوه، له ماوەی یازده سالّدا تەنیا حەڤده دانەی لێفرۆشرا. هەولّێکی بێهودەی دابوو تا کارێکی دەولّەتی پەیدا بکات و سەرەنجام به گۆڕانی حکوومەت، له قۆنسولیەی فەڕەنسا له (ترسێن) دامەزرا، بەلاّم دەسەلاّتدارانی نەمساوی، بەهۆی هەستی لایەنگرانەی له ئازادیخوازی، بەوەرگرتنی رازی نەبوون و ستاندال گوازرایەوه بۆ (سیوتیاوکچیا) که دەکەوێته ویلایەتی پاپی(٧)(Papal states).

ئەرکەکانی خۆی به هاکەزایی ئەنجام دەدان و هەرکه دەرفەتی هەبووایه سەیرانێکی خنجیلانەی سازدەدا. ستاندال، بینەرێکی ماندونەناسی دیمەنه جوانەکانی سروشت یوو. له رۆما چەند هاوڕێیەکی پەیدا کرد که زۆریان رێز لێدەگرت. له (سیوتیاوکچیا) به تەنێ بوو و بێ تاقەت ببوو. له تەمەنی پەنجا و یەک سالّیدا، داوای له کچه جحێلّێک کرد تا شووی پێ بکات، ئەو جل شۆری خۆیبوو و باوکیشی یەکێک بوو له خزمەتگوزارەکانی قۆنسولیەی فەڕەنسا.

داواکاریەکەی رەتکرایەوه و ئەویش پێی شکا. له سالّی (١٨٣٦)دا وەزیری قایل کرد تا کارێکی سووکی بداتێ تا دەرفەتی ئەوەی هەبێت ئەو سێ سالاّنه له پاریس بەسەر ببات و لەو ماوەیەدا، کەسێکی دی جێگای گرتەوه. لەو سەردەمەدا ستاندال پیاوێکی زۆر قەلّەو بوو و دەموچاوێکی زۆر سووری هەبوو. مووی لاچاوەکانی (Whiskers) درێژ و رەنگکراو بوون و بۆ ئەوەی سەره روتاوەکەی داپۆشێت، شەپقەیەکی پانی رەنگ ئەرخەوانی ئامالّ قاوەیی لەسەری دەنا. له دوا دواییەکانی مۆده (Mode) وەکو پیاوێکی جحێل جل و بەرگی لەبەر دەکرد و ئەگەر کەسێکیش رەخنەی له دابڕکەی چاکەتەکەی یان مۆدەی (مۆدێل)ی پانتۆلّەکەی بگرتایه و قسەیەکی بێ ئەدەبانەی بکردایه دلّگران دەبوو. وەکو جاران ئافرەتی خۆش دەویست، بەلاّم کەمتر سەرکەوتوو دەبوو. دیسانەوه هاموشۆی بۆ ئاهەنگەکانی دەست پێکردەوه و قسەی دەکردن. سەرەنجام ناچار گەڕایەوه بۆ

(سـیـوتیـاوکـچـیـا) و دوای دوو ساڵان لەوێ تووشی دڵەکپێ (سەکتە)بوو. لە پاش چاکبـوونەوەی داوای مۆڵەتی کرد تا بچێتە (جنێف) و خۆی نیشانی دوکتۆرێکی بەناوبانگ بدات. لەوێوە چووە بۆ پاریس و ژیانی جارانی سەر لەنوێ دەستپێکردەوە. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی مانگی ئاداری ساڵی (١٨٤٢)، چووە سەرخوانی نیوەڕۆی وەزارەتی دەرەوە و لە عەسری هەمان ڕۆژدا کاتێک کە لە یەکێک لە شەقامەکان پیاسەی دەکرد، دڵەکپێیەکی تری کرد. بردیانەوە ماڵەکەی خۆی و بۆ ڕۆژی دواتر مرد.

بە سەرنجدان بەو ڕاستیە ڕوون و بێ پەردانەی باسمکردن، یەکەم شت کە بە مێشکی مرۆڤدا دێت ئەوەیە کە ستاندال، بەهۆی شۆڕشەکانی ژیانیەوە، کۆمەڵێک ئەزموونی جۆراجۆری وەرگرت کە کەمتر ڕۆماننووسێک دەتوانێ شانازیان پێوە بکات. ئەو لە سەردەمی گۆڕانکارییەکی گەورەدا، چ بیەوێت یان نەیەوێت، لەگەڵ مرۆڤی جۆراوجۆر لە چینی جیاجیادا ناسیاوەتی پەیدا کرد و بەو جۆرە لە سروشتی تایبەتی مرۆڤەکاندا، هەتا ئەو جێیەی کە سروشتی تایبەتی خۆی ڕێگای پێدەدا، زانیاری هەمەچەشنی بە دەست هێنا، چونکە: وردبینترین و تیژبینترین لێکۆڵەرەوە، کە توێژینەوە لەسەرهاو نەوعەکانی خۆی ئەنجام دەدات، دەتوانێت ئەوان تەنیا بە هۆی کەسایەتی خۆیەوە بناسێت.

ستاندال، کەموکوڕی زۆر تێدابوو، بەڵام خەسڵەتی باشیشی زۆر بوون: هەستیار، هەستیاری، شەرمن، بە شەرەف، بە توانا، کاتی ئیشکردن سەرقاڵ، دلێروزۆر داهێنەر بوو. هاوڕێیەکی باش بوو، بەڵام کەموکوڕییەکانی ڕۆحی و فیکری و ئەخلاقی وی گەورەبوون. دەمارگیرییەکانی پووچ و ئامانجەکانی بێ بایەخ بوون. پشت بەستوو نەبوو (هەربۆیەش زوو لە خشتە دەبرا) نائارام، کەللەڕەق، گوێنەدەر بە پەیامی ویژدان، گەمژانە خۆهەڵکێش، لاف و گەزاف لێدەر، هەوەسباز، بێنەزاکەت و شەهوەت پەرستێکی خوڕێن بوو، بەڵام ئەگەر ئێمە لەو کەموکوڕیانەی ئاگاداربین، لەبەر ئەوەیە کە بۆ خۆی پێی گوتووین. ستاندال، نووسەرێکی پیشەیی نەبوو، بە حاڵە حاڵیش ئەدیب بوو، بەڵام لێک لێک شتی دەنووسی و دەتوانین بڵێین کە زۆربەی لەسەر خۆی دەنووسی. ساڵانێک، بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆی دەنووسیەوە، کە زۆربەیان بە دەستی ئێمە گەیشتوون، وا پێدەچێ کە هۆی نووسینەوەیان ئەوەبووە تاکو بڵاوبکرێنەوە. لە تەمەنی پەنجاو دوو



ساڵیدا، ژیاننامەی خۆی لە (٥٠٠ لاپەڕەدا) تا حەڤدە ساڵی نووسیەوە و هەر چەندە بە هۆی مردنیەوە پێڕانەگەیی ئەو کتێبە پاکنووس بکات کە لە پاشی بەجێمابوو، بەڵام بۆیە نووسیبووی هەتا خەڵک بیخوێنێتەوە. لەو کتێبەدا، هەندێک جار پتر لەوەی کە هەبوو خۆی دەرخستووە و ئەو کارەی کە هەر نەیکردون بانگەشە دەکات کە کردوونی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە گوتەکانیدا ڕاستگۆیە. لە باسکردنی خۆی قیڕ نییە، پێشم وایە کە ژمارەیەکی کەم بتوانن ئەو جۆرە کتێبانە بخوێننەوە و (خوێندنەوەیان کارێکی ئاسان نییە، چونکە بە ڕادەیەکی زۆر خەماوی و بێزارکەر و دووبارەن) لە خۆیان نەپرسن کە ئەگەر ئەوەندە بێ ئەقڵ بوون کە ئاوا بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا باسی خۆیانیان کردووە، خۆیان هەڵکێشایە سەدقات باشتر نەبوو؟ کە ستاندال مرد، تەنیا دوو ڕۆژنامەی پاریس زەحمەتیان وەبەر خۆ داو هەواڵی مردنەکەیان بڵاوکردەوە. وا مەزەندە دەکرا کە ستاندال بە تەواوی فەرامۆش بکرێت. لە ڕاستیشدا ئەگەر هەوڵ و تەقەلای دوو کۆنە هاوڕێی خۆی نەبووایە، ئەگەری ئەوە هەبوو کە بە یەکجارەکی لە بیر بکرێت. ئەو هاوڕێیانەی توانیان دەزگایەکی چاپەمەنی بڕواپێکراو ناچار بکەن کە بەرهەمە سەرەکییەکانی بڵاو بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ڕەخنەگری بە توانا سانت بۆڤ(٨) (- Charlrs Augustin Sainte Beuve) دوو وتاری لەسەر ئەو بەرهەمانە نووسین، بەڵام خەڵک لای بەلادا نەکردنەوە و هەتا وەچەی نوێ پێنەگەیی، کتێبەکانی ستاندال خوێنەریان زۆر نەبوو. ئەو بۆ خۆی قەت سەبارەت بە مانەوەی بەرهەمەکانی دوو دڵ نەبوو، بەڵام بەوە قایل بوو کە هەتا ساڵی (١٨٨٠) و تەنانەت (١٩٠٠)یش چاوەڕوان بێت هەتا ئەو ڕێزەی کە شیاوی بوو لێی بگیرێن. زۆربەی نووسەران، لەبەر ئەوەی هاو چەرخەکانیان گوێیان نادەنێ، بەوە دڵی خۆیان خۆش کردووە، کە وەچەی ئایندە بایەخیان پێدەدات و ڕێزیان لێدەنێن. وەچەی داهاتوو بە دەگمەن ئەو کارە دەکات، چونکە سەری قاڵە و دەربەستی ئەو شتانە نییە و هەر وەختێک حەزی چووە سەر ئەدەبیاتی ڕابردوو، هەر چییەکی ئارەزووی لێبێت، لەو نووسینانەی کە لە سەردەمی خۆیدا (سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە) هەڵیان دەبژێری و دەیانخوێنێتەوە، تەنیا یەک شانس هەیە، کە نووسەرێکی مردوو، لەو نەناسراوییە دەروون سوتێنە قورتاری ببێت کە لە ماوەی ژیانیدا دووچاری بووە.

سەبارەت بە ستاندال مامۆستایەک (کە لە روویەکەوە، بۆ خۆی نەناسراوە) لە میانەی وانە وتنەوەی لە زانستگەیەکدا بە شەوق و زەوقەوە وەسفی بەرهەمەکانی وی کردو بە رێکەوت لە نێو قوتابییەکانیدا، چەند لاوێکی هۆشیار و تێگەیشتوویان تێدابوو، کە لە پاشان بۆ خۆیان ناوبانگیان پەیدا کرد، ئەو لاوانە بەرهەمەکانی ستاندال-یان خوێندەوە. لەبەر ئەوەی بابەتی وایان تێدابوو کە لەگەڵ ئەو شتانەی دەوروبەری ئەواندا دەگونجا، بوونە ستایشکەری دەمارگیری نووسینەکانی وی. بە تواناترینی ئەو لاوانە، ئیپۆلیت تاین(٩).

(Hippolyte Taina) بوو و چەند ساڵێک لە دوای ئەوەی کە بوو بە ئەدیبێکی باڵا دەست، وتارێکی وروژێنەری نووسی و تێیدا ستاندال-ی بە گەورەترین دەروونناسی هەموو سەردەم و سەدەکان ناوزەد کرد. ئیتر لەو سەردەمەوە بابەت گەلێکی زۆر سەبارەت بە ستاندال نووسراوان و ئێستا زۆربەیان بڕوایان وایە کە ئەو، یەکێکە لەو سێ رۆماننووسە گەورانەی کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا فەڕەنسا وەبەری هێناون. ناوبانگی ستاندال بەندە بە بەشێک لە (وتارێک لە بارەی ئەوین)و دوو رۆمانی دیکەی. لەو دوو رۆمانانەش رەنگە (ئەشکەوتی پارەما) یان دێری پاڕەما دڵگیرتر بێت و دوو پاڵەوانی هەن کە زۆر سەرنج راکێشن. لەو کتێبەدا ئەو وەسفەی کە لە (شەڕی واترلۆ) کراوە، بە راستی ناوبانگی دەرکردووە. بەڵام رۆمانی (سوورو رەش) دڵفرێنتر، داهێنەرانەتر، گرنگترو پڕ ماناترە. هەر لەبەر ئەوەشە کە (زۆلا(١٠)) ستاندال-ی بە باوکی قوتابخانەی ناتورالیستی (Naturaliste) ناوزەد کردووەو (بورێت(١١)- Paul Bourget)و ئاندرێ ژیە (بە هەڵە) بانگەشەیان کردووە کە ئەو داهێنەری رۆمانی دەروونناسییە. (سوورو رەش) بە راستی کتێبێکی سەرسووڕهێنەرە. ستاندال زیاتر حەزی بە خۆی دەکرد تا خەڵکانی ترو بەردەوام، پاڵەوانی رۆمانەکانی خۆی بوو. جوولیان (Julien) لە (سوورو رەش)دا نموونەی پیاوێکە کە ستاندال رازیبوو بۆ خۆی وەکو وی لێبێت.

ستاندال، جوولیانی لە پێش چاوی ژنان کردە پیاوکێ سەرنج راکێش و لە بەدەست هێنانی ئەوینی دڵسۆزانەیاندا سەری خست. ئەوی بەو شکڵ و شێوەیە خوڵقاند، کە رازیبوو بۆ خۆی هەرچی هەیەتی بیدات، بەڵام وەکو وی لێبێت و قەتیش وای لێنەهات.



جولیانی ناچار کرد کە رێک هەمان ئەو شێوازانە بەکار بیات کە بۆخۆی گرتبوونیە بەرو دەرەنجامەکەی هەمیشە ناکامی بوو، تا لە لای ئافرەتان بە ئامانجی خۆی بگات. ئەوی کردە قسەزانێکی بەرز، بەڵام زۆر ئاقڵانە، قەت نموونەیەکی لە رەوانبێژی وی بە دەستەوە نەدا، بەڵکو تەنیا پشتگیری و باوەڕبوونی خۆی بۆ دەربڕی. زەین روونی خۆی، جەربەزەیی خۆی، شەرمینی خۆی، گرێی بوودەڵەیی خۆی، شوێن پەرستی خۆی و هەستیاری و حیسابگەری خۆی، بەدگومانی و لووت بەرزی و دڵ ناسکیی خۆی و بێ مەرامی و بێ ئەمەکی خۆی دایە جوولیان. پێم وایە هیچ نووسەرێک، بە تێهاویشتنی (خەسڵەتە دەروونییەکانی خۆی) لە نێو پەیکەری پاڵەوانێکی چیرۆکدا، لە هیچ کەسێک وێنەیەکی ئاوا بۆگەن، مایە پووچ، هێندە کەم، ئەوەندە بێزارکەر بکێشێت. سەیرە کە ستاندال، جگە لە وەسفی (واترلو) کە تێیدا بەشدار نەبوو، لەو ئەزموونانەی کە لە سەردەمی خزمەتکردنیدا بۆ ناپلیۆن وەریگرتبوون، لەو رۆمانەیدا بە هیچ شێوەیەک کەڵکی وەرنەگرتووە. پیاو وای بۆ دەچوو ئەو رووداوە گەورانەی کە هەر نەبێ ستاندال بۆ خۆی بینەریان بوو، بابەتێکی تێدا دەوروژێنن تا بە مەیل و ئارەزوو بیانخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. خوێنەر لە بیریەتی کاتێک کە ستاندال، دەیویست نمایشنامە بنووسێت، لەو نمایشنامانەی کە دەچووە زەینێیان بە دوای (ناوەڕۆک)دا دەگەڕا. وا پێدەچێت کە ستاندال قەت ئامادەیی تێدا نەبووبێت کە بە بیرۆکەی خۆی، چیرۆک دابڕێژێت و ناوەڕۆکی سەرەکی (سوورو رەش) لە هەواڵی دادگایی کردنێک کەئەو رۆژانە هەراو هۆریای نابۆوەو رۆژنامەکانیش بڵاویان کردەوە، سەرچاوەی گرتووە. لەو پێشەکیانەدا کە لە سەر ئەم رۆمانانەم نوسیوون(١٢)، هەوڵم داوە کە (ناوەڕۆکی سەرەکی)ی چیرۆکەکە ئاشکرا نەکەم، بەڵام ئەگەر بمەوێت سەبارەت بەم کتێبە بدوێم، ناچارم هەر نەبێ بە کورتی ئاماژەی پێ بدەم. ئەمە رووداوێکە کە ستاندال سوودی لێوەرگرتووە: قوتابییەکی گەنج (Semi-narist(١٣)) بە ناوی (ئانتوان بێرتە)، لە ماڵی پیاوێک بە ناوی میشۆ کە لەو کاتەدا لە خانووی دوکوردون ناوێک دابوو و مامۆستای لاوەکی ماڵی بوو. ئانتوان هەوڵیدا ژنی یەکەم و کچی دووەم تەفرە بدات، یان دای. دەریان کرد. پاشان پەلەکوتی دەکات تا خوێندنی قەشەیی درێژەپێبدات، بەڵام چونکە ناوی زڕابوو، هیچ قوتابخانەیەکی قەشەیی

وەرینەگرت. لەکن خۆی وای لێکدایەوە کە بنەماڵەی (میشۆ) دەستیان لەو کارەدا هەیەو بۆ ئەوەی تۆڵەیان لێبکاتەوە، خاتوو میشۆ کە لە کەنیسەدابوو، تەقەی لێکردو پاشان تەقەی لە خۆشی کرد. برینەکەی کاری نەبوو و دادگایی کرا. ئانتوان هەوڵیدا بە بەدناوکردنی ئەو ژنە داماوە خۆی رزگار بکات، بەڵام سزای مەرگی بەسەردا درا. ئەم چیرۆکە دزێوو چەپەڵە، سەرنجی ستاندال-ی راکێشا، ئەو کارەکەی (بێرتەی) بە تاوانێکی جوان و کاردانەوەی خوبەکی بە تواناو ستەمکار لە دژی سیستەمی کۆمەلایەتی لە قەڵەمدا. هەوڵیدا پلەیەکی بەرزتر بداتە ئەو حیقایەتە، بەو شێوەیەی کە ئەو کەسانەی لە دەستی ناپاکی و خراپەکاری (جوولیان) ئازاریان چەشتبوو، بیانخاتە پلەیەکی بەرزتری کۆمەلایەتی و هۆشی زیاترو هێزی فکری و رۆحی ئەخلاقی زیاترو ئازایەتی زیاتر- پتر لەوەی کە (بێرتە)ی نەگبەت هەیبوو، بە پاڵەوانەکەی خۆیەوە بنووسێنێ، بەڵام چیرۆکەکە هەر ئاوا چەپەڵ و، جوولیانیش مایەپووچ دەرچوو، سەرەڕای ئەوەش، جوولیان بێ ئەندازە زیندوو و رۆمانەکەش بە جۆرێکی وروژێنەر دڵگیرە. جوولیان ئەو کوڕە مێرمنداڵەی کە لە چینی کرێکارەو ئیرەی بەو کەسانە دەبات کە لە چینی بەرزتردا لەدایکبوون و بە توندی لێیان بێزارە، نوێنەری کۆمەڵێکە کە لە هەموو نەوەیەکدا پەیدا دەبن. کاتێک بۆ یەکەمجار، هاکەزاییانە لە جوولیان ورد دەبینەوە، ستاندال بەم شێوەیە وەسفی دەکات: (گەنجێکی بالاکورت، هەژدە نۆزدە ساڵەو بە رەواڵەت لاوازبوو و هێڵەکانی دەموچاوی نارێکە، بەڵام لێواولێو لە ناسکی و لوتە هەڵگەڕاوەکەی وەکو دەنوکی هەڵۆیە. چاوە رەشە گەورەکانی کە لە کاتی تێراماندا، نیشانەی گەرمی و بیری قووڵ بوون، لەو کاتانەدا وەکو چاوی گیانلەبەرێکی دزێو، پڕبوون لە ئەستوورترین رق و کینە، قژێکی بەڕوویی نارێک کە زۆر داکەوتبوون، نێوچاوانێکی تەسک و باریکی پێدەبەخشی و لە کاتی تووڕەبووندا دیمەنێکی شەڕەنگێزی دەدایە روخساری،.... بەژن و بالای باریک و جوانی... ئەوەی دەردەخست کە گورج و گۆڵی ئەو لەشە، لە هێزوتوانای زیاترە(١٤).

دیمەنێکی سەرنج راکێش نییە، بەڵام باشە، چونکە یەکسەر خوێنەر بۆ لایەنگری جولیان ئامادە ناکات، پاڵەوانی سەرەکی رۆمان دیارە کە خاوەنی هەستی لایەنگرانەی خوێنەرەو ستاندال-یش کە مرۆیەکی مایەپووچ و بەدکاری کردۆتە پاڵەوانی رۆمانەکەی



خۆی، دەبوایە ئاگای لەوە بێت کە هەر لە دەسپێکەوە، زیاد لە پێویست خوێنەر نەکاتە هاوسۆزی پاڵەوانی رۆمانەکەی. لەلایەکی ترەوە، ناچاربوو خوێنەر بکاتە لایەنگری، نەیدەتوانی کە زۆر بە دزێوی نیشان بدات. هەربۆیەش، بەو وەسفە تێروتەسەلەی چاوە جوانەکانی و بەژن و بالای و دەستە نەرم و نۆڵەکانی، وەسفی بەرایی هەموار دەکات. ناوە ناوە بە شێوەیەکی رەها بە جوانی تاریفی دەکات، بەڵام هەرجارە ناجارێک، لە بیری ناچێتەوە کە سەرنجتان بۆ ئەو هەستە ناڕەحەتە شاراوەیە راکێشێت. جوولیان ئەو هەستەی بۆ ئەو کەسانە دووروژاند کە پێیان قەڵس بوو، هەروەها ئەو بەدگومانیەش کە هەموو بەو چاوەوە سەیری دەکەن نیشانتان دەدات. بێجگە لەو کەسانەی کە بەڵگەی زۆریان بە دەستەوەیە تا لە بەرامبەریدا وریای خۆیان بن. مەدام دوڕنال، دایکی ئەو مندالانەی کە جولیان ئەرکی حاملاندنیانی لە ئەستۆدایە، وێنەی جوانی پاڵەوانێکە کە کێشانی روخساری وی کارێکی گرانە. ئەو هاوسەرێکی باش، دایکێکی باش، ژنێکی باش، خۆش روخسار، توندوتیژو دڵسۆزە. باسی ئەوینی رۆژ بە رۆژ لە زیادبوونی بۆ جولیان، تێکەڵ بە ترس و دوودڵی، کە مەبادا ئەو ئەوین ببێتە ئارەزوویەکی جنسی کلپە سەندوو، لێزانانەیە، ئەو نەشمیلانەترین ئەفراندنەکانی رۆمانە، ماتلید دولاملی نەجیب زادەو خانەدانیش سەرسووڕهێنەرە. ستاندال، قەت خۆماڵیانە لە کۆڕو ئاهەنگەکانی ئەشراف و خانەدانەکاندا دەرنەکەوتبوو و نەیدەزانی خەڵکی پەروەردەکراو چۆن چۆنی هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمە زەنی مرۆڤێکی تازە دەوڵەمەند بووە کە نەجیب زادەو خانەدانەکان بەردەوام لە بیری نەجیب بوونی بنەماڵەکەیاندان، ئەو پێی وابوو روکراوەیی مادمازێل دولامل، روکراوەییەکی ئەشرافیانەیە، لە کاتێکدا کە تەنیا شتێکی ئاسایی بوو، کردەوەکانی مادمازێل زنجیرەیەک چاوبەستەکێ بوون. ستاندال، لەو شێوازە نووسینە بە باق و بریقەی کە (شاتۆ بریان)(١٥) کردبوویە مۆدەو سەدنووسەری بچوکتر، بە شەوق و زەوقەوە لاساییان دەکردەوە، بێزاربوو. ئەو ئامانجی ئەوەبوو کە ئەوەی دەیەوێت دەری ببڕێت، بە هەمان سادەیی و پاراویە بێت کە دەتوانێت بیخاتە سەر کاغەز: بەبێ وشەی بریقەدارو پووچ، بەبێ رازاندنەوەی داهێنەرانەو سەرزارەکیانە. دەیگوت (رەنگە زۆریش راستی نەکردبێت) بەرلەوەی دەست بداتە نووسین، لاپەڕەیەکی لە (کۆمەڵەی یاسای

شارستانی) خوێندۆتەوە هەتا زمانی لە لێڵی و ئاڵۆزی پاک بکاتەوە(١٦). ستاندال، لەو تاریف و وەسفانەی دیمەنەکان و رازاندنەوە سەرزارەکییەکان کە لە سەردەمی ویدا باوبوو خۆی بەدوور دەگرت. ئەو سەبکە سادەو ساردو روونەو (خۆ بەدوورگرتنەی) کە هەڵیبژارد ترسی پڕ لە بێزاری هەڵقولاو لە چیرۆکەکەیدا، بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زیاد دەکات و پەرە بە دڵفڕێنیە ئەفسوناوییەکەی دەدات. پێم وا نییە کە ئەو بە شانەی باس لە ژیانی جوولیان لە ماڵی رێنال و قوتابخانەی قەشەیی دەکەن، بتوانرێت لەوە جوانتر بنووسرێت، بەڵام کاتێک دیمەنەکان دەچنە پاریس و لە خانووە گەورەو رازاوەکەی مارکی دولامل-دا ئەو دیمەنانە دەگۆڕێن، من بەش بە حاڵی خۆم، ناتوانم بڕوا بەو خاڵە باسکراوانە بکەم. نووسەر، لە منی خوێنەر داوا دەکات تا ئەو خاڵە چاوەڕوان نەکراوانە پتر لەوەی توانای قبوڵ کردنیانم هەیە، قەناعەتم پێیان هەبێت و دڵی خۆم بەو رووداوانە ببەستمەوە کە نابەجێ و خەماوین. ستاندال، توانیوبەتی بە شێوەی ریالیستی شت بنووسێت، بەڵام هیچ کەسێک، هەرچەندە زۆریش هەوڵ بدات، ئەو توانایەی نییە کە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ژینگەر دەوروبەری رۆحی سەردەمی خۆیەوە. رۆمانتیسیزم باوبوو. ستاندال، لەگەڵ ئەوەشدا کە رێزی ئەقڵ و فەرهەنگی جوانی سەدەی هەژدەی دەگرت و بایەخی بۆ دادەنا، بەڵام رۆمانسیەت بە سەختی کاری تێکردبوو. ئەو شەیدای پیاوە بێ بەزەییەکانی رێیسانسی ئیتالیا بوو، ئەو کەسانەی کە نەوروژانی وێژدان نارەحەتی دەکردن و نە هەست کردنیش بە پەشیمانی و بۆ قایل کردنی خۆیان و دامرکاندنەوەی ئارەزوو حەزەکانیان و تۆڵەسەندنەوە بە مەبەستی پاراستنی رێزی خۆیان، لە هیچ تاوانێک سڵیان نەدەکردەوە. ئەو لەبەرئەوەی ئیرادەی ئەو کەسانە، نەریتی کۆمەڵگایان بەکەم دەگرت، ستایشی ئازادی رۆحیانی دەکرد. هەر لەبەرئەو حەزە رۆمانسیانەیە کە بەشی کۆتایی (سوورو رەش) قەناعەت بە خوێنەر ناهێنێت. کاتێک جوولیان بە ریابازی و سیاسەت و خۆ بەدوورگرتن، خەریکە بە هەموو ئاواتەکانی خۆی بگات، ستاندال کارێک دەکات کە من جگە لە هەڵەیەکی گەورە بە هیچی تری نازانم. بە ئێمەیان گوتووە کە جوولیان هۆشیارو لە رادەبەدەر کارزانە، لەگەڵ ئەوەشدا جوولیان بۆ ئەوەی خۆی بە کوڕێکی باش و رەوشت بەرز نیشان خەزوری داهاتووی بدات، داوای



لێدەکات کە نامەیەک بۆ مەدام رینال- ئەو ژنە داوێن پاکەی کە جوولیان لە خشتەی بردبوو- بنووسێت تا ئەو شایەدی لەسەر رەوشت پاکی بدات. ئایا بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو ژنە، بە هۆی ئەو نوشستییەی کە جوولیان بەسەری هێنابوو، دەبێ رقی لێبێت و لێی بێزاربێت. کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە کە بیەوێت تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە یان هەنووکەش جوولیانی خۆش دەوێت، خۆ ئەگەر واشبێت ئایا مومکین نییە کە پێشوازی لەو هەواڵە نەکات کە جوولیان بە تەمایە ژنێکی تر مارە بکات؟ ئێمە مەدام رینال بە ژنێکی خاوەن ویژدان دەناسین. رەنگە ئەوەی بە خەیاڵدا هاتبایە کە پەردەلادان لەسەر بێ رەوشتی جوولیان ئەرکی سەرشانیەتی. هەر واشی کرد. نامەیەک دەنووسێت و بە راشکاوی و بێ پێچ و پەنا، باسی دەکات. جوولیان لە بری ئەوەی ناوەڕۆکی نامەکە بەدرۆ بخاتەوەو بە هەڵقولاو لە هەستێکی پڕ لە کینەی ژنێکی نارەسمی (Maitresse) تێهەڵدراوی لە قەڵەم بدات، دەمانچەکان هەڵدەگرێت و بە غاردان دەچێتە ئەو شوێنەی مەدام رینالی لێ دەژیاو تەقەی لێدەکات. هیچ روونکردنەوەیەک نەکراوە کە ئایا جوولیان بە هۆی پاڵنەرێکی کاتی ئەو کارە دەکات یان نا. دەشزانین کە ستاندال زۆر ستایشی ئەو کارانەی دەکرد، کە لە پاڵنەرێکی کاتی و وروژانی هەستە توندەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت. زۆر باشە، بەڵام لە دەسپێکی رۆمانەکەدا بە ئێمەیان وا نیشانداوە کە توانای جوولیان، رێک لە خۆبەدوورگرتنی (پشو درێژی)ی لە رادەبەدەری ئەودا خۆی حەشار دابوو و هەستە توندو سەرکێشەکان: غیرەت، رق، لووت بەرزی، خۆبینی، قەت بە سەریدا زاڵ نەدەبوون و هەوەسبازی وی یانی بەهێزترینی هەموو ئەو هەستە توندانە، ئەوەندەی کە لە پێناوەی خۆبینیدا بەکاردەهات، حەزێکی جێگیرو چەسپاو نەبوو. لە کاتێکدا کە سەبارەت بە خودی ستاندال وابوو، رێک لە خاڵی پێکەوە گرێدانەوەی کتێبەکەدا جوولیان ئەوکارەی کە لە رۆمانێکدا کوشندەیە، ئەنجام دەدات: لە قاڵبی (پەیکەر) تایبەتمەندییە رۆحی و فیکری و ئەخلاقییەکانی خۆی، دێتەدەرێ و لە دەرەوەیدا کار دەکات، ستاندال، رێک جێ پێی چیرۆکی ئانتوان بێرتەی هەڵگرتبوو و بێشک نیازی وابوو تا کۆتایی بە دوایەوە بێت، بەڵام واپێدەچێت هەستی بەوە نەکردبێت کە یەکەم، ئەو جوولیانی بە پیاوێک خوڵقاندبوو کە لەگەڵ (باج سمێڵ گر)دا کە نموونەی وی بوو،

جیاوازی زۆری هەبوو. دووەم (بێرتە)، قەناعەتی وابوو کە (مەدام میشۆ) نەیهێشتووە ژیانێک بۆ خۆی پێکەوەنێ و نان و ئاوێک پەیدا بکات. بێرتە دڵ رەنجاو بوو. جوولیان وانەبوو. ئەگەر مەدام دو رێنال ئاواتەکانی جوولیانی بە بادا، تەنیا خەتای گەمژەییەکانی خۆی بوو و ئەو زۆر لەوە بە دووربوو کە گەمژەبێت. جگە لەوەش، جوولیان کارتی (Atont) وای بە دەستەوە بوون کە دەیتوانی بە هۆیانەوە دەرەنجامی لە رێ لادان و هەڵە بێ پاساوەکانی خۆی پوچەڵ بکاتەوە. راستی ئەوەیە کە توانای دۆزینەوەو داهێنان لە ستاندال-دا کەم بوو و هەر لەبەرئەوەش بوو نەیتوانی کەرەسەیەک بدۆزێتەوە تا بە جۆرێک کۆتایی بە کتێبەکەی خۆی بێنێت کە خوێنەر بتوانێت بە (چاوەڕوانکراوی) دابنێت، بەڵام هەروەکو ئاماژەم پێدا، هیچ رۆمانێک بێ کەموکوڕی نییە: هێندێک هۆکار دەگەڕێتەوە بۆ کەموکورتیی سروشتی قاڵب (پەیکەر)ی رۆمانەکەو تا رادەیەکیش ئەو کەسەی کە دەینووسێت. سەرەڕای ئەوەش (سوورو رەش) یەکێکە لە بەرجەستەترین ئەو رۆمانانەی کە تاکو ئێستا نووسراون، خوێندنەوەی ئەزموونێکی بێ وێنەیە...

**پەراوێزەکان:**

١- سەردەمی لە سێدارەدانی سیاسی لە شۆڕشی گەورەی فەرەنسا کە لە ساڵی (١٧٩٣ تاکو ١٧٩٤) بەردەوام بووە.

٢- یەکێک لە ویلایەتەکانی سەر سنووری ئەڵمانیا کە پێشتر میرنیشین بوو.

٣- نازناوی ئەشراف و دەوڵەمەندەکانە لە ئەوروپا.

٤- نەجیب زادەو خاوەنی مەدالیای شانازی.

٥- بەشێکە کە ماتیۆ جۆزیفستون لە کتێبی (مەریەمە)دا بە ناوی (یاداشت و یادگارییەکان) گێڕاویەتیەوە. «نووسەر»



٦- لە دوای تێکشکانی ناپلیۆن و گرێدانی کۆنگرەی (ڤیەننا) تەواوی نیمچە دورگەی ئیتالیا بە شێوەیەکی کردەیی کەوتە بن دەسەڵاتی نەمساو فەرمانڕەوای واقیعی ئەو وڵاتە (میترینغ) راوێژکاری نەمسا بوو.

٧- ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری ئیتالیا کە لە ساڵی (١٨٧٠)ی زایینی پاپا فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەی دەکردو بە (ویلایەتی کەنیسە) ناسراو.

٨- (١٨٠٤- ١٨٦٩) نووسەرو رەخنەگری ئەدەبی فەرەنسایی.

٩- (١٨٢٨- ١٨٩٣) رەخنەگرو مێژوونووسی فەرەنسایی.

١٠- ئێمیل زۆلا نووسەری بەناوبانگی سەدەی نۆزدەی فەرەنساو دامەزرێنەری قوتابخانەی ناتورالیسم (Naturalisme) بە واتای باوەڕبوون بە سروشت لە ئەدەبدا.

١١- (١٨٥٢- ١٩٣٥) شاعیرو رەخنەگرو رۆماننووسی فەرەنسا.

١٢- رۆمانەکانی ژێر لێکۆڵینەوە لەم کتێبەدا.

١٣- قوتابی کۆلیژی کاتۆلیکی.

١٤- لە لاپەڕە (٢٤)ی وەرگێڕدراوی سەرزمانی فارسی (سوورو رەش) وەرگیراوە. ئەو رۆمانەی ستاندال زاناو وەرگێڕ بەرێز عەبدوڵڵا تەوەکول لە فەرەنسییەوە کردوویەتییە فارسی. هەڵبژاردنی ئەم پارچەیە وەرگێڕدراوەکە تەوەکول لەبەر ئەوەبوو کە نووسینەکەی ستاندال لە دەقی سەرەکییەوە گێڕدرابێتەوە.

١٥- نووسەری بەناوبانگی سەدەی نۆزدەی فەرەنسا.

١٦- چونکە یاساکان بە سادەیی و روونی دەنووسرێت بۆ ئەوەی هەموو کەس تێیان بگات.

تێبینی:

ئەم بەشە (ستاندال و سوورو رەش) لە ژمارە (٦٧)ی گۆڤاری راماندا لە ٥-١-٢٠٠٢دا بڵاوکراوەتەوە. وەرگێڕ.

# ئێمیلی برۆنتی و بەرزاییەکانی باسەرە(١)

پاتریک پرۆنتی (Patrick Prunty) ساڵی (١٧٧٧) لە (کۆنتی داون) هاتە دنیاوە. باوکی جوتیارو ناچار بوو منداڵەکانی بە بەرووبومی ئەو چەند دۆنمە زەوییە بەخێو بکات کە هەیبوو. هەربۆیەش کاتێک پاتریک گەورە بوو دەستی کرد بە ئیش کردن. سەرەتا وەکو کرێکاری چنین و پاشان مامۆستای قوتابخانەی گوندو دواتریش وەکو مامۆستای لاوەکی ماڵێ دەرسی بە منداڵی قەشەیەک دەگوت. پاتریک کابرایەک بوو چاوی لە پلەوپایە بوو و حەزی دەکرد لە ژیاندا گەشە بکات و (بە هاوکاری ئەو قەشەیە) توانی ئەوەندە پارە پەیدا بکات تا پێی بگاتە (کەمبریج). لەو سەردەمەشدا تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو و ئەوەش تەمەنێک بوو و کە رێگای پێدەدا تا لە زانکۆ بخوێنێ. پاتریک گەنجێکی بالآبەرزو زۆر بەتین و تاقەت و قۆزبوو و شانازی بە جوانیەکەی خۆیەوە دەکرد، کاتێک کە لە کولێژی (سێنت جۆن) دەیخوێند، شۆرەتە رەشۆکییەکەی خۆی کە (پرۆنتی)بوو گۆڕی و کردی بە (برۆنتی). برۆنتی ناوی شارێک بوو کە دەکەوتە دوورگەی سیسیل و فێردیناندی چوارەم بەم دواییانە لەگەڵ هێندێک زەوی و زاردا وەکو میرنشین بە نیلسۆنی(٢) بەخشیبوو. پاتریک برۆنتی دیپلۆمی وەرگرت و بە رەسمی بووبە قەشەو لەدوای وەرگرتنی پۆستی (جێگری قەشە)ی ئاواییەکانی ئەو ناوچەیە کە سەر بە سنووری گوندی (هارت شۆد)بوون بۆ ماوەی پێنج ساڵان لەو پۆستەدا مایەوە. لەوێ لەگەڵ ماریا براون وێڵ کە کیژی بازرگانێکی خەڵکی (کۆرنواڵ(٣) - Cornwall)بوو زەماوەندی کردو ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. لەوێ ژنەکەی دوو منداڵی



بوون کە یەکێکیان ناوی ماریاو ئەوی تریان ئێلیزابێت بوو. پاشان ماڵەکەی لەوێ گواستەوە بۆ ناوچەیەکی تری قەشەیی لە نزیک برادفۆرد(٤) و لەوێش خاتوو برۆنتیی هاوسەری چوار منداڵی دیکەی بوون و ناویان نان: شارلۆت، پاتریک بران وێڵ، ئێمێلی، ئان. لە (١٨٢٠)دا جەنابی پاتریک برۆنتی بە داهاتێکی (٢٠٠) لیرەیی لە ساڵێکدا کرا بە سەرۆکی (کاروباری ئایینی) هاورس، کە یەکێک بوو لە گوندەکانی پارێزگای یۆرکشایرو هەتا مرد هەر لەوێ مایەوە، واپێدەچێ بەو پلەوپایە گەیشتێت کە ئاواتی بوو چونکە هەرگیز نەگەڕایەوە بۆ ئیرلەندا تا چاوی بە دایک و باوک و خوشک و براکانی بکەوێتەوە کە لەوێ بەجێی هێشتبوون. لە (١٨٢١)دا ژنەکەی مردو پاش نزیکەی ساڵێک دوای ئەوەی دوو سێ جاران هەوڵیدا ژنێکی دی بێنێ بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، توانی (ئێلیزابێت بران وێڵ)ی ژن خوشکی گەورەی قایل بکات تا (پێنزانس- Penzance) بەجێبێڵێت و بێتە لای ئەوان ژیان بەسەر ببات و سەرپەرشتی منداڵەکانی بۆ بکات. (قەشەخانەی) هاورس، خانووێکی بەردینی بچووک بوو کە لە نزیک کەنیسەو لەسەر لێواری گردێکی سەرەولێژ دروستکرابوو و لە بن گردەکەشەوە خانووەکانی گوندی بە پەرش و بلاوی دیاربوون. تەختی ژوورەکان وقادرمەکان لە بەرد بوو و ساردو شێدار بوو، (میس بران وێڵ) لە ترسی ئەوەی مەبادا سەرمای ببێت هەمیشە پێڵاوی دارینی لەپێ دەکرد. نهۆمی یەکەمی خانووەکە دیوەخانێک و ژوورێک بۆ کارکردنی میستەر برۆنتی و ژوورێکی چێشت لێنان و عەمبارێکی تێدابوو و قاتی سەرێش چوار ژووری نووستن و هۆڵێکی لێبوو. بێجگە لە ژووری دیوەخان و کارکردن، ژوورەکانی تر هیچیان فەرش نەکرابوون و پەنجەرەکانیش پەردەیان پێوەنەبوو. چونکە میستەر برۆنتی لەوە دەترسا ئاگر لە ژوورەکەیدا بکەوێتەوە هەموو کورسی و مێزەکانی ژووری کارکردنی لە داری (ماهون) دروست کرابوون و رووکەشی کورسییەکان و سەر مێزەکان لە موی ئەسپ چنرابوون. ژوورەکانی دیکەش هێندێک شڕو شیتاڵیان تێدابوو. پێش و پشتنەوەی خانووەکە رێزە باخچەیەکی باریکی لێبرو و ئەملاو ئەولاشی قەبرستان هەموو ئەو دەوروبەرەش هەتا چاوبڕی دەکرد گەزگەسک جاڕ بوو. میستەر برۆنتی مەودایەکی زۆری لەنێو ئەو گەزگەسکە جاڕەدا بە پێیان رێ دەکرد. ئەو کابرایەک بوو خۆی لە تێکەڵ کردن لەگەڵ

خـەڵکدا دەپاراست و جگە لەو قـەشـەیەی کـە لەو دەوروپشـتـە دەژیاو ناوە ناوە بە گردۆڵکەکاندا شۆڕدەبۆوەو سەردانی دەکردو مجێوری کەنیسەکەی خۆی و دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی کە سەر بە کەنیسەکەی بوون چاوی بە کەسی تر نەدەکەوت. تەنانەت پێش مردنی ژنەکەشی وا راهاتبوون کە سێ ژەمە بە تەنیاو لە ژووری کارکردنیدا نان بخوات و هەتا مردیش ئەو خووەی فڕێ نەدا. شەوانیش سەعات هەشت دوعای خێزانی دەکردو سەعات نۆش دەرگا گەورەکەی ماڵێی کلۆم دەدا و دایدەخست. کاتێکیش لە قادرمەکان وەسەر دەکەوت و بە تەنیشت ژووری منداڵەکاندا رەت دەبوو پێ دەوتن زوو بنوون و لە سەر قادرمەکانیش رادەوەستاو سەعاتە دیوارییەکەی قورمیش دەکرد. کابرایەکی یەکجار تورەو خۆپەرست و گرژو مۆن و پێداگرو سەرسەخت بوو. کاتێک ژنی هێنا، بە ساردوسڕی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردو دڵی بە منداڵەکانی نەدەکرایەوەو کاتێکیش کە لێنەدەگەڕان خەریکی کارەکانی بێت بە توندی هەڵدەچوو. منداڵەکانی کزو لاوازو رەقەڵەبوون، بەڵام ئەو دەیویست بە تین و تاقەت رایان بێنێت و فێریان بکات گوێ نەدەنە تام و خۆشی خواردن و پۆشین. بۆ خۆی گۆشتی نەدەخوارد و نەشی دەهێشت منداڵەکانی بیخۆن و وەکو سەردەمی منداڵی خۆی بە زۆری هەر پەتاتەی دەرخوارد دەدان. ئەو کە بۆ خۆی کوڕی جووتیارێکی هەژاری ئیرلەندی بوو، نەیدەهێشت منداڵەکانی تێکەڵ بە منداڵانی گوندی بن و ناچار بوون لە ژووری (نووسینگەی منداڵەکان) یانی: دیوەخانە ساردو سڕو چکۆلەکەی قاتی خوارێ دانیشن و کتێب بخوێننەوەو بە سرکە قسە لەگەڵ یەکدیدا بکەن تا ئەو ئەو کاتانەی کە باوکیان بە مۆن و مرچی دادەنیشت گاڵەگاڵی لەسەر سەری نەکەن. بەیانیان دەرسی بە منداڵەکانی دەگوت و دوای ئەوەی کە میس بران وێڵ (پوری منداڵەکان) هاتەلایان ئیدی فێری درومان و ماڵداریشی دەکردن. سەیرانی منداڵەکان تەنیا ئەوندەبوو کە لە دەوروبەری گەزگەسک جارەکەدا پیاسە بکەن و شانۆنامەو وتار و چیرۆکی سەیرو سەمەرە بنووسن و شیعر بڵێن.

لە ساڵی (١٨٢٤)دا ماریاو ئێلیزابێت و دواتریش شارلۆت و ئێمیلیان نارده ئەو قوتابخانەیەی کە بەم دواییانە لە (کۆڤان بریج) دروستکرابوو و تایبەت بوو بە منداڵانی قەشە دەسکورت و کەم دەرامەتەکان. ئەو شوێنەی قوتابخانەکەی لێ دروستکرابوو،



مەرجەکانی تەندروستی تێدانەبوو و خواردنەکەشی خراپ و ئیدارەکەشی بێ توانابوو. دوو کچە گەورەکەی پاتریک برونتی مردن و پاشان شارلۆت و ئێمیلێیان بە نەخۆشی لەو قوتابخانەیە هێنایە دەرێ و بردیاننەوە ماڵێ، بەڵام ئەم کارە دەسبەجێ ئەنجام نەدرا.شارلۆت و ئێمیلی ئەوەی کە دواتر لە قوتابخانەکانی دیکە فێری بوون، بە پوریان قەرزاربوون. ئەو کچانە زۆریان کتێب دەخوێندەوە کە هەموویان کتێبی کلاسیکی ئینگلیزی بوون وەکو: بەرهەمەکانی شکسپیر و میلتۆن و ئەڵبەتە بەرهەمی (پاپ)یشیان دەخوێندەوە، (شارلۆت بە هیچ جۆرێک نووسینەکانی پاپی پەسند نەدەکرد) هەروەها کتێبەکانی سکۆت و بایرۆن و رێدزۆرس و بازۆڵ و (ژیاننامەی شاعیران) لە نووسینی جۆنسۆن و (ژیانی بایرۆن) بە قەڵەمی موریان یان دەخوێندەوە. بەڵام تەنیا رۆمانەکانی (سکۆت)یان دەخوێندەوە، چونکە شارلۆت دەیگوت:(بێجگە لە رۆمانەکانی سکۆت، هەموو چیرۆکەکانی تر بێ بایەخن). بران وێڵ (برای کچەکان) بە کەسێکی ئاقڵ و ژیری خێزان لە قەڵەم دەدرا و باوکی پتر گرنگی بەوی دەدا تا سێ کچەکەی تری. بران وێڵیان نەنارده قوتابخانە، بەڵکو میستەر برۆنتی بۆ خۆی پەروەردە کردنی گرتە ئەستۆ. ئەو کوڕیژگەیە زوو فێری شت دەبوو و هەڵسوکەوتیشی جوان و لەبەردڵان بوو. (H. F. گراندی) هاوڕێی بەم شێوەیە وەسفی دەکات: جەستەیەکی بچوکی هەبوو و ئەمەش یەکێک بوو لە ئازارەکانی ژیانی، قژێکی سوورو پڕی هەبوو و لەنێو چاوانیەوە بۆ سەرێی هەڵدەدایەوە (پێم وایە مەبەستی ئەوەبووە تا باڵای بەرزتر بنوێنێ) نێو چاوانی گەورەو دەرپەڕیبوو و رۆشنبیرانە هەڵکەوتبوو و دەتوانین بڵێین بە قەد نیوەی دەموچاوی دەبوو. دووچاوی وردو (خۆڵەمێشی) رووچووی هەبوون وهەمیشە چاویلکەیان پێوەبوو ئەمەش پتر روخساری دادەپۆشی. لووتێکی بەرانی، بەڵام دەموچاوی لاوازو گرژبوو. نیگایەکی هەڵواسراوی هەبوو کە قەت گۆڕانی بەسەردا نەدەهات جگە لەو وەختانەی کە بە پەلە چاوێکی بە مرۆڤدا بخشاندایە. مرۆڤێکی وردیلە بوو ولە یەکەم نیگادا سەرنج راکێش نەبوو). بران وێڵ خاوەن توانا بوو و خوشکەکانی بەردەوام دەستخۆشییان لێدەکردو چاوەڕوانی کاری گەورەیان لێدەکرد. رەوانبێژێکی هەست بزوێن بوو ئەمەشی لە یەکێک لە باپیرە ئیرلەندییەکانییەوە بە میرات بۆ بەجێمابوو (چونکە باوکی کابرایەکی بێ دەنگ

و گرژو مۆن بوو) هەر ئەو رەوانبێژییەو قۆشمەییەشی بوو کە وایکرد ئەو شەوەی پیاوێک لە هۆتێلی (گای رەش -black ox) بەکزەلۆکی دانیشتبوو و پێدەچوو بێ دەرەتان بێت، خاوەن هوتێلەکە لێی دەپرسێت: (کاکەگیان پێت خۆشە خەم رەوێنێک بنێرمەلات؟ ئەگەر حەزدەکەی بابنێرم بە شێون بران وێڵ -دا). بران وێڵ هەمیشە بەوە دڵخۆش دەبوو کە بتوانێت خزمەت بە کەسێک بکات. کاتێک شارلۆت تەمەنی بووبە شازدە ساڵ، جارێکی تر بەلام ئەمجارەیان لە (روهێد) چووە قوتابخانەو لەوێ خۆشی گوزەراند، بەلام دوای ساڵێک گەڕایەوە ماڵێ بۆ ئەوەی دەرس بە خوشکەکانی بڵێتەوە. بنەماڵەی برۆنتی زۆر هەژارو نەداربوون و کچەکان هیچ هیوایەکان بە دەوڵەمەندبوون نەبوو. هەروەها لەبەر ئەوەی میس بران وێڵی پوریان ئەو بڕە پارەیەی کە هەیبوو هەمووی بۆ کوڕە خوشکە زاکەی (برای کچەکان) سەرف کرد بوو کچەکان هیوابڕوا ببوون و دڵنیابوون کە دەبێ بۆ دەستەبەر کردنی بژێوی ژیانیان خۆیان پەروەردە بکەن تاکو ببنە مامۆستای لاوەکی یان مامۆستای قوتابخانە. بران وێڵ تەمەنی گەیبووە هەژدە ساڵ و دەبوایە ئەندامانی خێزان بڕیار بدەن داخۆ چ کاروپیشەیەک بگرێتە بەر. بران وێڵ کەمێک دەستی وێنەکێشانی هەبوو (خوشکەکانیشی هەروابوون) و حەزی دەکرد ببێتە نیگارکێش. بڕیار درا بچێتە لەندەن و (ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا) دەڵێ: چووە لەندەن و لەوێ ماوەی مانگێک مایەوەو ئەوەندەی پێی کرا زێدە مەسرەفی کردو پارەی بەفیڕۆداو پاشان گەڕایەوە ماڵێ. بەگوتەی هەمان سەرچاوەی پێشوو: لە شاری لیدز(٥) درێژەی بە خوێندنی هونەری دا، بەلام دەتوانرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە هیچ کارێکی پێ نەسپێردراو سەرەنجام لە شاری (بارۆو فرانس)(٦) بوو بە مامۆستای لاوەکی (مامۆستای ماڵەوە) کوڕی کابرایەک بە ناوی (پۆستل تویت). دە مانگی دواتریش بوو بە پسوولە (بلیت) فرۆش لە وێستگەی شەمەندەفەری (ساور بی بریج)ی شاری لیدزو مەنچستێر و پاشانیش (لودندن فوت) بەلام بە هۆی کەمتەرخەمی کردن لە کارەکەیدا دەریان کرد. شارلۆتی خوشکیشی وەکو مامۆستا گەڕابۆوە بۆ قوتابخانەیەک لە دەڤەری (رهدی) و ئیمیلی وەکو شاگرد لەگەڵ خۆیدا بردبوو. بەلام ئیمیلی ئەوەندەی پەرۆشی ماڵی بوو کە نەخۆش کەوت و بە ناچاری رەوانەی ماڵێیان کردەوەو (ئان)ی خوشکی کە خولق و خویەکی نەرم و هێدی



تری هەبوو شوێنی گرتەوە. لە دوای سێ ساڵان (بەپێچەوانەی ویستی میستەر برۆنتی کە گەرەکی بوو منداڵەکانی لەگەڵ سەختی ژیاندا رابێنێت. منداڵەکانی هەروەکو جاران بنەڕەتیان لاواز بوو) تەندروستی شارلۆت بەرەو خراپی رۆیی و گەڕایەوە بۆ (هاورس). تەمەنی شارلۆت لەو سەردەمەدا بیست و دوو ساڵ بوو. بران وێڵ نەک هەر تەنیا هۆی ئازارو پەژارەی بنەماڵەکەی بوو، بەڵکو مەسرەفیشی زۆر بوو. شارلۆت هەرکە تەندروستی بەرەو باشی چوو، بە ناچاری وەکو مامۆستاو پەرستیار ملی دایە کارێک. بەلام لە کارەکەی رازی نەبوو. ئەگەر راستییەکەتان بوێت نە شارلۆت و نەخوشکەکانی تری، منداڵەکانیان پتر لەوە خۆش نەدەویست کە باوکیان دڵی پێوەبوون. شارلۆت بۆ هاوڕێیەکی دڵسۆزی خۆی نووسی: (بە کارێکی دژواری دەزانم ئەو هەڵسوکەوتە بێ شەرمانەی منداڵەکان رەت بکەمەوە کە هۆگری بوون). شارلۆت لەژێر دەستەیی بێزار بوو و بەردەوام لەسەر هەست بوو داخۆ چ کەسێک سووکایەتی پێدەکات. هەتا ئەو جێیەی کە مرۆڤ دەتوانێت بە پێی نامەکانی حوکم بدات، وا دەردەکەوێت کە ئەو شتانەی بۆ خاوەن کارەکانی داخوازییەکی ئاسایی بوون و بە مافی خۆیانیان دەزانی کە لێی داوا بکەن، وای چاوەڕوان دەکرد کە وەکو تکا داوای لێبکەن. لە دوای سێ مانگان وازی لە کارەکەی هێناو گەڕایەوە بۆ ماڵی و لە پاش نزیکەی دوو ساڵان کارێکی دیکەی دۆزییەوە. تا رادەیەک ئەو کارەی لەشانان خۆشبوو، بەلام دیسانەوە بۆ هەمان هاوڕێی نووسییەوە: (هیچ کەسێک جگە لە خۆم ناتوانێت دەرک بەوە بکات کە ژیانی مامۆستایەکی پەرستیار بۆ من چەندە دژوارە، چونکە کەس نازانێ کە روح و سروشتم چەندە دژی بە کرێ گیراوییە). شارلۆت زۆر لە مێژبوو ئەوەی لە خەیاڵدا بوو کە بۆ خۆی قوتابخانەیەک بکاتەوەو بە هاوکاری دوو خوشکەکەی تری بەڕێوەی ببات، ئێستاش دووبارە ئەو بیرۆکەیەی تێدا وروژابوو. خاوەنی کارەکانی کەوا دیارە مرۆڤی پاک و دڵسۆزبوون بۆ ئەو کارەی هانیان دەدا، بەلام پێیان گوت بۆ ئەوەی بتوانێت لەکارەکەیدا سەرکەوتووبێت، پێویستە پێشتر زانیاری تایبەت بەدەست بێنێت. شارلۆت گەرچی دەیتوانی نووسینە فەرەنسییەکان بخوێنێتەوە، بەلام نەیدەتوانی قسەی پێبکات و ئەڵمانیشی نەدەزانی، بۆیە بە پێویستی زانی کە بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکات تا فێری زمانە بیانیەکان ببێت. بۆ ئەو کارەش

پووری پارەی پێشەکی دایەو شارلۆت بە یاوەری ئێمێلی خوشکی چووە برۆکسێل و لەوێ بوو بە قوتابی لە قوتابخانەیەکی (شەوانە رۆژی) بە ناوی(هێژ). لەدوای دەمانگان بە هۆی نەخۆشی خاتوو بران وێلی پووریان، ئەو دوو کیژە بۆ بەریتانیا بانگ کرانەوە. پووریان مردو لەبەر ئەوەی بران وێلی برایان بەهۆی هەڵسوکەوتە دزێوەکانییەوە لە میرات بێ بەش کرابوو، ئەو برە پارەیەی کە خاتو بران وێڵ لە پاشی بەجێمابوو، بووە هی سێ کچەکان. بەڵام ئەو برە پارەیە بەشی ئەو پرۆژەیەی نەدەکرد کە لە مێژبوو باسیان دەکردو نەیاندتوانی ئەو نەخشەیە پراکتیزە بکەن و قوتابخانە بکەنەوەو لەبەرئەوەی باوکیان پیرو چاوی کزببوون، بریاریاندا ئەو قوتابخانەیە لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا بکەنەوە. شارلۆت ئامادەیی پێویستی لە خۆیدا بەدی نەدەکرد تا بتوانێت قوتابخانەیەک بەرێوەببات، بۆیە پێشنیاری موسیو هێژی قبولکرد بۆ ئەوەی بگەرێتەوە شاری برۆکسل و وانەی ئینگلیزی بلێتەوە. (ئان)ی خوشکی وەکو مامۆستای قوتابخانە دەسبەکار بوو و ئێمێلش لە ماڵی مایەوە.شارلۆت ماوەی ساڵێکی لە برۆکسل بەسەر بردو دوای ئەوەی کە گەرایەوە بۆ (هاورس)، لەگەڵ دوو خوشکەکەی دا سێ قۆڵی چەند ئاگاداری نامەیەکیان بڵاوکردەوەو شارلۆت نامەی بۆ دۆست و ناسیاوانی نووسی تا ئەو بانگەوازە بە خەڵک رابگەیەنن. بەڵام یەک قوتابییش نەهات. ئەو سێ خوشکە لەو دەمەوەی کە منداڵ بوون ناوە ناوە شتیان دەنووسی و لە ساڵی (١٨٤٦)دا بە سێ نازناوی (کۆریر بێڵ–Currer Bell)و (ئێلیس بێڵ–Elliss Bell)و (ئەکتۆن بێڵ–Acton Bell)و لەسەر ئەرکی خۆیان دیوانێکیان بە چاپ گەیاندو ئەم کارەشیان پەنجا لیرەی مەسرەف تێچوو بەڵام تەنیا دوو نوسخەی لێفرۆشرا. دوای ئەوە هەریەکەیان رۆمانێکی نووسی. رۆمانەکەی شارلۆت (کۆریر بێڵ) ناوی پرۆفیسۆر بوو، رۆمانەکەی ئێمێلی (ئێلیس بێڵ) لەژێر ناونیشانی بەرزاییەکانی باسەرەو ئی ئانیش (نەکتۆن بێڵ) بەناوی (ئەگنێس گرێی–Agnes Grey) بوو. ئەم رۆمانانەیان یەک لە دوای یەک لە لایەن چەند دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە رەت کرانەوە، بەڵام دوای ئەوەی رۆمانەکەی شارلۆت نێردرایە کتێبخانەی (سمێت، ئالدیرو شەریکەکانی)و کتێبەکەیان بۆ ناردەوە، بۆیان نووسی کە زۆر خۆشحاڵ دەبن ئەگەر بێت و رۆمانێکی تێروتەسەل تری هەبێت و بۆیان بنێرێت تا چاوی پێدا



بخشێن و هەڵی سەنگێنن،. لەو سەروبەندەدا شارلۆت خەریکی نووسینی رۆمانێک بوو و لە ماوەی یەک مانگدا تەواوی کردو بۆی ناردن. ئەو دەزگایەش پەسندی کرد بۆ بڵاوکردنەوەو ناوی کتێبەکەش (جێین ئێیر–Jane Eyre)بوو. سەرەنجامیش کتێبەکەی ئێمیلی و ئانی خوشکی بە چەند مەرجێکی تا رادەیەک دژوار بۆ نووسەرەکانیان. لەلایەن دەزگای چاپکردنی (ئیوبای) پەسندکرابوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. ئەوان بەر لەوەی شارلۆت–ی خوشکیان رۆمانەکەی خۆی (جێین ئێیر) بۆ ئەو کتێب فرۆشە بنێرێ، بەنموونەی هەڵەچنەکەیاندا چووبوونەوەو هەڵەکانیان راست کردبۆوە. هەرچەندە وەکو باس دەکرا رۆمانی (جێین ئێیر) زۆر بە باشی لە قەڵەم نەدەدرا، بەڵام لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازی لێکراو بەدیار کەوت کریاری زۆرە. هەر بۆیەش میستەر (نیوبای) هەوڵیدا قەناعەت بە خەڵک بهێنێ کە کتێبی ئەگنیس گرێی و بەرزاییەکانی باسەرە کە لە سێ بەرگدا چاپ کرابوون لە نووسینی نووسەری رۆمانی (جێین ئێیر)ن. بەڵام ئەو دوو کتێبانە رەواجێکی ئەوتۆیان نەبوو و هێندێک رەخنەگری ئەدەبی بە بەرهەمی سەرەتایی و کرچ و کاڵی کۆریر بێڵ (شارلۆت) یان لە قەڵەم دان. ئەمە لە ساڵی (١٨٤٨)دا بوو. ئێستا با کەمێک بۆ دواوە بگەرێینەوە. لە ساڵ (١٨٤٢)دا پیاوێک بە ناوی (ئیدمۆند رۆبینسۆن) بران وێڵ–ی (برای ئەو سێ خوشکە) وەکو (لەلە)(٧) بە کرێ گرتبوو. ئەو کابرایە قەشەیەکی دەوڵەمەند بوو و لەو وەختەدا (ئان) وەکو مامۆستای لاوەکی ماڵێ لەناو خێزانەکەیدا کاری دەکرد. میتسەر رۆبنسۆن مرۆڤێکی بە سالاچوویی پەک کەوتە بوو و ژنێکی تارادەیەک جحێڵی هەبوو و وێرای ئەوەی کە حەڤدە ساڵ لە بران وێڵ بە تەمەنتربوو، بەڵام بران وێڵ شەیدای بوو و ئەوەیش عاشقی بران وێڵ بوو. ئەم پەیوەندیەی نێوانیان ئەوەندە بە شەرم و حەیاوە ئاماژەی پێدراوە، کە مرۆڤ نازانێ بران وێڵ دەستی لەگەڵ تێکەڵکرد یان نا. بەهەرحاڵ ئەو پەیوەندییە هەر چۆنێک بوو بێت ئاشکرابوو. پاشان دەمە و دەست جل و جۆرەکەیان بە کۆڵی بران وێڵ داداو میستەر رۆبینسۆن فەرمانی پێدا:(کە نابێ قەت جارێکی دی چاوی بە دایکی منداڵەکانی وی بکەوێتەوە، بە هیچ جۆرێک پێی نەنێتە نێو ماڵی ژنەکەیەوە، قەت نامەی بۆ نەنووسێ و قسەشی لەگەڵدا نەکات). بەبیستنی ئەو قسانە بران وێڵ بە رووی ژنی ئەو قەشەیەدا تەقییەوەو

زۆر قسەی ساردو سری پێ گوتن و سوێندی خوارد کە نا توانێ بە بێ وی ژیان بەسەر ببات و بەسەریدا قیژاند کە بۆچی لەگەڵ ئەو ئەو مێردە پیرەی دا ژیان دەباتە سەر. پاشان لەبەر خوا پاڕایەوە کە بە زووترین کات ئەو پیاوە نەخۆشە (قەشەکە)بمرێت تا ئەو لەگەڵ ژنەکەیدا بەختەوەر ببێت. بران وێڵ زۆری مەی دەخواردەوەو ئێستاش کە پەرێشان و دڵتەنگ ببوو، دەستی کردە تریاک کێشان. بەڵام واپێدەچی کە دەیتوانی لەگەڵ خاتوو رۆبینسۆن دا نامە ئاڵوگۆڕ بکات، چونکە چەن مانگ لە دوا ئەوەی دەریان کرد، لە (هاروگێت) چاویان بە یەکتری کەوت. (دەڵێن لەو دیدارەیان دا خاتوو رۆبینسۆن پێشنیاری کردبوو تا پێکەوە هەڵێن و لەوێ نەمێنن، گوتبووشی ئامادەیە واز لە هەموو هەق و مافەکانی خۆی بێنێت و رەگەڵ بران وێڵ بکەوێت. بەڵام بران وێڵ داوای لێکردبوو دان بەخۆیدا بگرێت و ماوەیەکی تریش خۆی راگرێت). رۆژێکیان بران وێڵ لەناکاو نامەیەکی بەدەست گەیشت و تێیدا باسی مردنی میستەر رۆبینسۆن کرابوو. یەکێک بە نووسەری ژیاننامەی ئێمێلی گوتووە: (بران وێڵ ئەوەندە سەودا سەری ئەو ژنە بوو کە بەبیستنی ئەو هەواڵە وەکو شێتان هەتا ئەوسەری کەنیسەکە بەسەماکردن رۆیی).
(بەیانی رۆژی دواتر، بران وێڵ لەخەو هەستاو خۆی قۆزکردو ئامادەی رۆیشتن بوو، بەڵام بەر لەوەی تەنانەت لە (هاورس)یش بڕواتە دەرێ، دوو ئەسپ سوار بە یەلغار هاتنە نێو دێ. پاشان بە شوێن بران وێڵ-یان دا ناردو کاتێک کە بە دڵێکی خۆشەوە گەیشتەلایان یەک لە سوارەکان دابەزی و پێکەوە چوونە میوانخانەی (گای رەش). ئەو سوارە هەڵگری پەیامێک بوو لەلایەن خاتوو رۆبینسونەوە. ناوەڕۆکی پەیامەکەش بریتی بوو لەوەی کە ژنی قەشەکە داوای لە بران وێڵ کردبوو کە جارێکی تر نەچێتەلای، چونکە ئەگەر هاتبا و تەنیا یەک جاریش چاوی پێی بکەوتایە ئەوا سەرپەرشتی کردنی منداڵەکانی و هەموو ئەو سەروەت و سامانەی لەکیس دەچوو کە لە مێردەکەیەوە پێی بڕابوو. بران وێڵ بە مەبەستی خۆکوژی ، دەستی کرد بە مەی خواردنەوەو کاتێک بە خۆی زانی کە کۆتایی بە ژیانی هاتووەو لەبەر ئەوەی دەیویست بە پێوەبمرێت، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بە پێوە راوەستێ، بران وێڵ تەنیا یەک رۆژ لەنێو جێگادا کەوت، شارلۆت ئەوەندە پەشۆکابوو کە بە ناچاری لە ژوورێیان بردە دەرێ، بەڵام دوای ئەوەی کە بران وێڵ لەنێو جێ هاتە دەرێ و



لە پاش تەقەلایەکی بیست دەقیقەیی، هەروەکو ئاواتی بوو، بەپێوە گیانی سپارد و باوکی و ئان و ئێمێلی بەدیاریەوە وەستابوون و تەماشایان دەکرد. پێویستە هۆشداری بدەمە خوێنەرکە ئەم روونکردنەوەیەی عەشق و مەرگی بران وێڵ، لەو کەسانەوە وەرگیراوە کە چاوەڕوان دەکرێت ئاگاداری راستییەکان بووبن. بەڵام لە (فەرهەنگی بیوگرافی نیشتمانی ئینگلیزی -English Dictionary of National Biography)دا نووسەری ئەو وتارەی کە دەربارەی بنەماڵەی برۆنتییە و ئەو وتارەی خۆی چەندین ساڵ لەدوای ئەو رووداوە نووسیوە، بانگەشە دەکات کە ئەم بەسەرهاتە بە هیچ جۆرێک راست نییە. لەوانەیە ئەگەر ئەو نووسەرە هێزی خەیاڵی زیاتری هەبوایە، کەمتر بران وێڵ-ی مەبەست بوایەو قسەی وا یەکلاکەرەوەی نەکردبایە. بەهەرحاڵ بران وێڵ مردو ئێمێلی لەدوای یەک شەمەی پاش مردنی، ئیدی قەت لە ماڵ نەچووە دەرێ و پاشان نەخۆش کەوت. شارلۆت بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسی:(دوورەپەرێزی ئێمێلی زۆر نارەحەتم دەکات. پرسیار لێکردنی بێسوودە، چونکە وەڵامێکت وە چەنگ ناکەوێت. لەوەش بێ کەڵک تر راسپاردنیەتی بۆ خواردنی داوو دەرمان، چونکە هەرگیز قبوڵی ناکات). کاتێک دەیاننارد بە شوێن دوکتۆردا، ئێمێلی قایل نەدەبوو چاوی پێی بکەوێت. سکاڵای نەدەکردو قەت داوای هاوخەمی و هاوکاری لە کەس نەدەکرد. رێگەشی بە کەس نەدەدا کارێکی بۆ بکات، کاتێکیش یەکێک هەوڵی دەدا تا کارێکی بۆ بکات، دڵگران دەبوو. رۆژێکیان بەیانی لە خەوێ هەستاو لەنێو جێ هاتەدەرێ، جلی لەر کردن و دەستی کرد درومان. هەناسەی سوار ببوو و چاوی بێ شۆق و داهاتبوون، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە کارەکەی. سات بە سات نەخۆشیەکەی زیاتر پەرەی دەسەند ونیوەڕۆیە داوای دوکتۆری کرد. بەڵام زۆر درەنگ ببوو، سەعات دووی پاش نیوەڕۆ گیانی سپاردو لەدوای چەند مانگێک (ئان)ی خوشکیشی مرد. لەمەودای نێوان مردنی بران وێڵ و ئێمێلی دا شارلۆت دەستی بە نووسینی رۆمانێکی تر کردبوو بە ناونیشانی (شیرلی-Shierley) بەڵام وەلای نابوو تا سەرپەرشتی ئان-ی خوشکی بکات و هەتا دوای مردنی ئان، ئەو کتێبەی تەواو نەکرد. شارلۆت لە ١٨٤٩ و ١٨٥٠دا چووە لەندەن و لەوێ زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کراو بە (تێکری(٨)) ناسێنراو (جۆرج ریچمۆند) نیگارێکی وێ کێشا. لە ساڵ (١٨٥٢)

رۆمانی (ڤیلێت–Villette)ی نووسی، لە ساڵی (١٨٥٤)دا مێردی کرد. پێشتر چەندین جار داوای لێکرابوو مێردی بکات، زۆربەی ئەو پێشنیارانەش لە لایەن یاریدەرەکانی باوکییەوە کرابوون (لەبەر ئەوەی میستەر برۆنتی پیر و بێ تاقەت ببوو، ناچاربوو لە سنووری کەنیسەکەی خۆیدا یاریدەدەری هەبن) بەڵام ئێمیلی دەستی بە روویانەوە نابوو و خوازبێنی کەرانی خوشکەکەی بێ هیوا کردبوو (خوشکەکانی ئێمیلی یان بە مێجەر (رائید) بانگ دەکرد، چونکە وەکو فەرماندەکان لەگەڵیاندا دەجولایەوە)و هەروەها باوکیشی قایل نەدەبوو بۆیە هەموو داخوازی کەرەکان رەت کرانەوە. بەڵام سەرەنجام مێردی بە یاریدەدەرێکی باوکی کرد. ئەو پیاوە چەندین ساڵ بوو دڵی کەوتبووە سەر شارلۆت و ئەویش لە پاش مردنی ئێمیلی خوشکی و قایل بوونی باوکی، ئەو پیاوەی بە مێردی خۆی قبوڵ کرد. ئەو دوانە لە مانگی حوزەیران دا بوونە هاوسەری یەکتری و لەمانگی ئاداری ساڵی داهاتوودا، شارلۆت بە هۆی ئەو نەخۆشییەی کە زۆر بە ویقار و رەسمی (ئەو نەخۆشییەی کە بە هۆی سک پڕی تووشی ئافرەت دەبێت) وەسفیان کردووە، مرد. بەم شێوەیە جەنابی میستەر برۆنتی هاوسەرەکەی و ژن خوشک و هەر شەش منداڵەکەی بە دەستی خۆی لە بن گڵ ناو ئیدی هیچ ئێسک گرانێکی لە دەورە نەما بۆ ئەوەی هەروەکو پێشتر حەزی دەکرد تاسێ ژەمە لە تەنیایی دا نان بخوات و هەتا ئەو جێیەی کە توانای لاوازی رێگای پێدەدات لە نێو گەزگەسک جارەکەدا پیاسە بکات، کتێبەکانی بخوێنێتەوە، ئامۆژگارییەکانی بکات و لەسەر رێگای بۆ ژووری نووستن، سەعاتە دیوارییەکە قورمیش بکات. وێنەیەکی سەردەمی پیری لەبەر دەست دایەو ئاوای نیشان دەدات: پیاوێک لەبەرگێکی رەشدا و دەسماڵێکی سپی زۆر پانی لە ملی خۆی ئاڵاندووە، قژی سپی و مەکینەی لێدراوە، نێو چاوانێکی جوان و لووتێکی گەورەو درێژی هەیە و زاری بچووک و جووتە چاوێکی توندو تیژی هەن و چاویلکەیان لەسەرە، میستەر برۆنتی لە تەمەنی هەشتاو چوار ساڵیدا لە (هاورس) مرد. بێ هۆ نییە کە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەسەر رۆمانی (بەرزاییەکانی باسەرە)دا، بەرهەمی ئێمیلی برۆنتی، ئەو هەمووە باسی باوک و براو شارلۆتی خوشکیم کردووە، چونکە لەو کتێبانەداکە سەبارەت بە بنەماڵەی برۆنتی نووسراون، زۆرتر باسی ئەوانە کراوە کە زۆریان لەبارەوە دەبیستین و



بەدەگمەن تێیاندا وەسفی ئان و ئێمیلی کراوە. ئان بونەوەرێکی نەجیب و خنجیلانە بوو، بەڵام بێ بایەخ و کەم توانابوو و ئێمیلی جیاوازی زۆری لەگەڵدا هەبوو. ئێمێلی کەسێکی سەیرو نادیارو شاراوەیە. قەت راستەوخۆ نەدەبینرا، رەنگ دەداتەوە، وەکو ئەو رەنگ دانەوەی کە لە نێو گۆماوی گەزگەسک چاڕدا دەیبینین. بە ئاماژەیەکی هەڵبەزو دابەزو حیقایەتێکی پەرش و بڵاو دەبێ مەزەندەی ئەوە بکەن، کە چ جۆرە ئافرەتێک بووە. بوونەوەرێکی گۆشەگیربوو، توندو تیژو نارەحەت و کاتێک گوێ بیستی ئەوە دەبن کە دەچوە ژێر باری گەش و گوشادییەکی بێ بەندو بار، هەروەکو چۆن جاری وابوو لەنێو گەزگەسک جارەکاندا ئەو حاڵەتەی بەسەر دەهات، نارەحەت دەبن. شارلۆت و ئان–ی خوشکی چەند هاوڕێیەکیان هەبوو، بەڵام ئێمێلی تەنیا یەک هاوڕێشی نەبوو. ماری رۆبینسۆن بەم شێوەیە وەسفی ئێمێلی دەکات لە تەمەنی پازدە ساڵیدا: کچێکی باڵا بەرز، (زاڵ) و پێگەیشتوو بوو لەکاتی رێ کردندا بە لەنجەو لاربوو. لەشێکی باریکی هەبوو و لەوکاتانەدا کە باشترین بەرگی خۆی لەبەر دەکرد، خۆی بە شکۆمەند نیشان دەدا. بەڵام کاتێک بەسەر و ملو لەش و لاری چەماوەوە بەنێو گەزگەسک جارەکەدا دەڕۆیی و بەفیتو بانگی سەگەکانی دەکرد و بەسەر زەوی ناهەمواردا بازی دەدا، جوڵەی لەشی شل و شۆق و کوڕانە دەهاتە بەرچاو. کیژێکی باڵا بەرزو شل و مل بوو، ناشیرین نەبوو، بەڵام قاڵبی روخساری نارێک و پێستی دەموچاوی ئەستۆر و سپی بوو. قژە رەشەکانی هەر لەخۆیانەوە جوان بوون و لە ساڵانی دواتردا جوانتر دەهاتە بەرچاو و بەژن و باڵای رێکتر ببوو، بە هۆی ئەو تۆقە گەورەیەی کە لە پاشەسەری دەداو ئازادانە دەیبەست. بەڵام لە (١٨٣٣)دا نیگرۆیەکی ناشیرنی لە قژی دەداو جووتە چاوێکی وەکو مەڕی هەبوو). ئێمێلێ وەکو هەموو ئەندامانی خێزانەکەی چاویلکەی لە چاوان دەکرد، لووتێکی هەڵگەڕاوەو زارێکی گەورەی دەرپەڕیوی هەبوو. لە پۆشینی جل و بەرگدا زۆر گوێی نەدەدایە مۆدەو زۆر لە پاش ئەوەی کراسە قۆڵ سێ گۆشەکان باویان نەمابوو، ئەو لەبەری دەکردو تەنوورەی سادەو درێژی دەپۆشی و زۆری لێدە وەشایەوە. کاتێک لە غوربەت بوو زۆر پەرێشان بوو و لە برۆکسێل بێزار بوو. ئاوەڵەکانیان لەوێ هەوڵیان دەدا تا روگەش بن لەگەڵ ئەو دوو خوشکەدا و داوایان لێدەکردن تا یەک شەموان و رۆژانی تری پشوودان

بینە میوانیان، بەڵام شارلۆت و ئێمیلی هێندە شەرمن بوون کە چوونە ماڵی هاوڕێکانیان ئازاری دەدان و ئیدی دوای ماوەیەک خانە خوێکانیان وایان بەباش زانی کە داوایان لێنەکەن بچنە ماڵیان. ئەمە شتێکی ئاسایی بوو کە شەرمن بن، چونکە لە گۆشەگیریدا گەورە بوو بوون و ئەزموونیکێشیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی نەبوو. بەڵام شەرمنی حاڵەتێکی تا رادەیەک ئاڵۆزو پشێوییەکی رۆحییەو باوەڕ بەخۆنەبوون و خۆبینی تێدایەو لانی کەم ئێمێلی لەم خەسڵەتە بێ بەش نەبوو. لەزەنگەکانی پشوودانی قوتابخانەدا، هەمیشە ئەو دوو خوشکە پێکەوە پیاسەیان دەکردو زۆربەی کاتەکان کش و مات بوون. وەختێکیش کەسێک قسەی لەگەڵدا دەکردن، شارلۆت وەڵامی دەدایەوەو ئێمێلی بەدەگمەن قسەی لەگەڵ خەڵکدا دەکرد. موسیۆ (هیژێ) ئێمێلی بە هۆشیار و ژیر دەزانی، بەڵام بڕوای وابوو کە هێندە سەر رەقە کاتێک بەڵگەو پاساوێک لە بیرو ڕای دەدات، بە هیچ جۆرێک قبوڵی نییە و گوێی بۆ ناگرێت. هەروەها بە خۆ پەرست و پێداگرو دەرهەق بە شارلۆت بە ستەمکاری دەزانی. بەڵام شتێکی نائاسایی لە ئێمێلی دا بەدی کردبوو و دەیگوت: (ئەگەر ئێمێلی پیاو بوایە، هەرگز ئیرادەی بە هێزو فەرماندەییانەی وی، بە دەستی بەرهەڵستی کردن و گرفتەکانەوە لەرزۆک نەدەبوو، ئەو بە نرخی ژیانی نەبێ نەوی نەدەکێشا). کاتێک ئێمێلی لە پاش مردنی پووری گەڕایەوە بۆ هاورس، بە یەکجارەکی بوو و ئیدی قەت بەجێیی نەهێشت. بەیانیان لە پێش هەمواندا لە خەوێ هەڵدەستاو بەرلەوەی (تێبی) کارەکەریان بێتە قاتی خوارێ، زۆربەی کارە گرنگەکانی رۆژنانەی دەکرد. جل و بەرگی خاوو خێزانی ئوتو دەکرد و زۆربەی کارەکانی ئامادەکردنی چێشتی ئەنجام دەدا، نانیشی دەکردو دەستیاویشی خۆشبوو. لە کاتی هەویر شێلاندا کتێبی بەرامبەر خۆی دادەناو بەدەم ئیش کردنەوە چاوی پێدا دەخشاند. ماری رۆبینسۆن دەڵێ: (ئەوانەی لە ژووری چێشت لێناندا ئیشیان لەگەڵدا دەکرد - ئەو کیژۆڵە مێرد منداڵانەی کە لە کاتی پێویست دا بانگ دەکران تا یارمەتی ئەندامانی خێزان بدەن - لە بیریانە کە چۆن پارچە کاغەزێک و قەڵەم دارێکی لە تەنیشت خۆی دادەناو لە میانەی چێشت لێنان یان ئوتووکردنی جلەکاندا کە دەرفەتی بۆ دەرەخسا تا دەست لە ئیش کردن هەڵگرێت، چۆن فیکرێکی نا ئارامی بە پەلە یاداشت دەکردو پاشان دەستی دەکردەوە



بەکارەکەی. هەڵسوکەوتی هەمیشە لەگەڵ ئەو کیژۆڵانەدا هاوڕێیانە و دڵسۆز بوو. ئەو کەسانەی ئەم زانیاریانەیان داوەتە من دەڵێن: (ئێمێلی قسە خۆش و جاری وابوو وەکو کوڕێک قۆشمەبوو! زۆر بە سۆز و خۆش مامەڵە و هەڵسوکەوتی کەمێک پیاوانەبوو. بەڵام بێ ئەندازە شەرمی لە خەڵکی بێگانە دەکردو ئەگەر شاگردی گۆشت فرۆش یان نانەوا لە ژووری چێشت لێنان نزیک بووبایەوە، وەکو باڵندەیەکی سەرلێشێواو خۆی دەخزاندە نێو داڵانەکە یان دیوەخان و هەتا گوێی لە دەنگی پێیان نەبوایە لەسەر شەقام کە دووردەکەوتنەوە، نەدەهاتە دەرێ). پێم وایە زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی ئەوسای ئێمێلی کە بۆ هاوچەرخەکانی سەیرو نامۆ بووە، ئێستا بۆ پزیشکێکی دەروونناسی روون و ئاشکرایە. یەکێک بە خاتوو (گاسکێل)ی نووسەری ژیاننامەی شارلۆت برۆنتێی گوت: (ئێمێلی قەت بەرامبەر بە هیچ کەسێک خۆشەویستی نەنواندو هەموو عەشق و خۆشەویستی وی بۆ گیانلەبەران پاشەکەوت (زەخیرە) کرابوو). ئێمێلی زۆر کەیفی بە گیانلەبەرە کێوییە دڕو سەرکێشەکان دەهات. سەگێکیان دابوویە ناوی (کیپەر) بوو. دەربارەی ئەو سەگە، خاتوو گاسکێل بەسەرهاتێکی خۆشی گێڕاوەتەوەو لێرەدا من لە زاری خۆی دەیخەمەڕوو: (کیپەر، هەتا دۆستانە لەگەڵیدا بجوڵابانەیەوە بە دڵ و بە گیان بە ئەمەک و وەفادار بوو، بەڵام ئەگەر شوارڕک یان قامچییان لێ بەکار هێنابایە سروشتی بێ بەزەیی و دڕندانەی ئەو گیانلەبەرە دەوروژاو یەکسەر پەلاماری ئەو کەسەی دەداو کەڵبەکانی لە قوڕگی گیرو دەکردو هێندەی پێ دا دەنووسا هەتا نیوە مردوی دەکرد. پیویستە ئەوەش بزانین کە عەیبی ئەو سەگە لە نێوماڵدا ئەوەبوو: حەزی دەکرد خۆی بدزێتەوەو بچێتە قاتی سەرێ و لەسەر ئەو قەرەوێڵانەی کە بەسەر چەفی بەڵۆکە درواوی سپی و نەرم داپۆشرابوون لێی پاڵ کەوێت و مێشکی خۆی بحەسێنێتەوە. کەل و پەلی ناو ماڵیش لە رووی پاک و خاوێنیەوە بێ خەوش بوون و ئەو خووەی کیپەر ئەوەندە ناشیرین و دزێو بوو کە جارکێکیان ئێمێلی لە وەڵامی گازەندە کردنی (تێبی) کارەکەریان دا، سەرەڕای ئەوەی کە بە باشی ئاگاداری دڕی و سەرکێشی ئەو سەگە بو گوتی ئەگەر بێت و یەک جاری دی ئەو کارە دووبارە بکاتەوە ئەوندەی لێدەدا تا تەمبێ ببێت. دەمەو ئێوارەی رۆژێکی پاییزی بوو، تێبی بە نیمچە لەرزین و زۆر بە تووڕەیی هات و تا بە ئێمێلی

بڵێت کە کیپەر دیسان چۆتەوە سەر باشترین قەرەوێڵەو بە حاڵەتێکی خەواڵوو دزێوەوە لێی پاڵ کەوتووە. شارلۆت دەموچاوی سپی هەڵگڕاو لەرزینی لێوەکانی بڕیایر دەرانەی ئێمێلی بینی بەڵام زاتی نەکرد هیچ قسەیەک بکات و خۆی تێهەڵقورتێنێ، چونکە لەو وختانەدا کە چاوەکانی ئێمێلی لەنێو سپیایی روخساریدا بەو شێوەیە دەدرەوشانەوەو لە رق ئەستوریان لێوەکانی وەکو بەردی رەقیان لێدەهات، کەس نەیدەوێرا لێی نزیک بکەوێتەوە. ئێمێلی سەرکەوتە قاتی سەرێ و تێبی و شارلۆت لەنێو ئەو داڵانە خەماویەدا کە پڕ بوو لە سێبەری رەشی سەر لە ئێوارێ مانەوە. ئێمێلی لە کاتێکدا کە پشتە ملی کیپەری گرتبوو و بەدوای خۆیدا رادەکێشاو سەگەکەش چەنگە چڕەی دەکردو لاقی لە زەوی گیر دەکردو بەردەوام و لەسەر خۆو ودڕندانە دەیمڕاند، هاتە خوارێ، بینەرانی ئەو دیمەنە ویستیان قسەیەک بکەن بەڵام نەیان وێرا چونکە لەوە دەترسان ئێمێلی بەوانەوە خەریک ببێت و بۆ ساتێک ئاوڕ بداتەوەو بۆ داواوە ئاگای لەو گیانلەبەرە دڕە نەمێنێ. ئێمێلی سەگەکەی بردە سووچێکی تارێکی بن قادرمەکان و لەوێ پاڵی خست. دەرفەتی هێنانی شوارِک یان گۆچان نەبوو چونکە لەوە دەترسا چەنگی ئەو دڕندەیە لە ئەوکی گیر بێت. بۆیە بەر لەوەی ئەو سەگە دڕە دەرفەتی ئەوەی هەبێت حەمبازی بێت و پەلاماری بدات، مستێکی سرەواندە نێوان چاوە سوورو شەڕەنگێزەکانی کیپەرو بەزمانی کوتەک لەگەڵیدا دواو تەمبێ کرد. وای لێهات چاوی ئاوسان و بەکوێرە موشێ و گێژو وێژ بەرەو لای کۆختەکەی خۆ رێنومایی کرا بۆ ئەوەی چاوە ئاوساوەکانی بەدەستەکانی ئێمێلی دەرمان بکرێن و بە پەڕۆی گەرم بپێچرێن). شارلۆت دەربارەی ئێمێلی نووسی: (بەدڵنیاییەوە ئەو چالاک و جدی و بێ مەرامەو ئەگەر کە بە گوێرەی خواست و ویستی من گوێ رایەڵ و ڕام نییە، پێویستە ئەوەم لەبیر بێت کە (کەماڵ) بەهرەی مرۆڤایەتی نییە). دیارە کە شارلۆت بە دروستی نەیدەزانی رای بەرامبەر بە رۆمانی (بەرزاییەکانی باسەرە) چۆنەو ئاگای لەوە نەبوو کە خوشکەکەی کتێبێکی وای بەرهەم هێناوە کە لە رووی داهێنان و بێ وێنەییەوە سەرسووڕهێنەرو بە بەراورد لەگەڵ ئەو کتێبە دا، بەرهەمەکانی خۆی زۆر سادەو هەڕەمەکێن و خۆی بەناچاری دیت کە بۆ ئەو کتێبە داوای لێوردن لە خوێنەران بکات و کاتێکیش پێشنیارکرا تا دووبارە چاپ بکرێتەوەو شارلۆت قایل بوو تا ئامادەی بکات بۆ



چاپ کردن. دەڵێ: (بۆ یەکەم جار لەدوای مردنی خوشکم کە لەلاپەڕەکانی ئەو کتێبە هەڵدەدەمەوە، منیش ناچارم لە دەسپێکەوە تاکو کۆتایی هەمووی بخوێنمەوە. هێزی ئەو کتێبە ناچارم دەکات دووبارە دەستخۆشی لە نووسەرەکەی بکەم، بەڵام نارەحەتم: چونکە خوێنەر زۆر بەدەگمەن دەرفەتی ئەوەی پێ دەدرێت تامی خۆشی و شادییەکی بێ خەوش بچێژێت، هەر پرشنگێکی خۆر لە بن پەڵە هەورێکی رەشی سامناک دێتە دەرێ، هەر لاپەڕەکی ئەو کتێبە سیخناخە لە جۆرێک تەزووی کارەبای مەعنەوی و نووسەر بۆ خۆی لە هەموو ئەمانە بێ ئاگابوو، هیچ شتێکیش نەیدەتوانی لەم خاڵە ئاگاداری بکاتەوە).

هەروەها دەڵێ: (گوێگری بەرهەمی ئێمێلی کاتێک گوێ بیستی خوێندنەوەی نوسخەی دەستنووسی نووسینەکەی وی دەبوو، ئەگەر لە ژێر کاریگەری تێکشکێنی ئەو رۆحە هێندە دۆزەخی و مردووانەداو رەوشتی وا سەخت و دلڕەقانەدا دەلەرزی و سکاڵای ئەوەی دەکرد کە بیستنی وەسفی هێندێک دیمەنی کتێبەکە، شەوێ خەو لە چاوان دەتۆرێنی و لە رۆژێشدا ئارامشی رۆحی تێک دەدات، ئیلێس بێڵ (ئێمیلی) سەری لەو قسەیە سوڕ دەماو گومانی ئەوەی دەکرد کە سکاڵای ئەو بیسەرە تەنیا شتێکی رواڵەتییە. ئەگەر ئێمیلی بمابایە فکری بەشێوەیەکی خۆسەرانەو وەکو دارێکی بە هێز گەشەی دەکردو بڵندتر و زیاتر لق و پۆپی دەهاوێشت و بەرە گەییوەکانی ئاودارترو جوانتر دەبوون. بەڵام تەنیا زەمەن و ئەزموون دەیانتوانی کار لەو ئەندێشەیە بکەن و لەبەرامبەر دزەکردنی فکرو ئەندێشەی تردا کارتێکراو نەبوو). مرۆڤ وای بۆ دەچێت کە شارلۆت بە هیچ جۆرێک ئێمیلی خوشکی نەدەناسی. چونکە رۆمانی (بەرزاییەکانی باسەرە) کتێبێکێ نایاب و بێ وێنەیە. کتێبێکی زۆر خراپە، کتێبێکی زۆر چاکە، دزێوە، جوانە، سامناکە، ئازاردەرو بەجۆشە. هێندێک کەس بە مەحاڵیان زانیوە کە کیژی قەشەیەک، کیژێک کە ژیانێکی گۆشەگیری یەکنەواختی هەبوو و کەمتر خەڵکی دەناسی و هیچ لە دنیا نەدەزانی، بتوانێت کتێبێکی ئاوا بنووسێ، بەڵام بە ڕای من ئەمە قسەی بێهودەیە. رۆمانی (بەرزاییەکانی باسەرە) بێ ئەندازە (رۆمانسی)یانەیە. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە رۆمانسییەت خۆی لەو وردبینییە بە نەفەس و پشوو درێژەی (ریالیست) دەپارێزێ و بە دوور دەگرێت، لە پچڕانی ئەوسار و هەڵاتنی (خەیاڵ) چێژ وەردەگرێ و جاری وایە بەشەوق و زەوقەوەو

جاری واشە بە خەمۆکی و دڵتەنگییەوە، لە ترسان و رارایی و شەهوەتی سامناک و کردنەوەی سەرکێشانەدا رۆدەچێ و نوقم دەبێت. (رۆمانسییەت هەڵاتنە لەبەر راستەقینە).

بەسەرەنجدانی تایبەتمەندییە رۆحی و فکری و ئەخلاقییەکان ئێمیلی برۆنتێ کە هەوڵم داوە تا رادەیەک ئاشکرایان بکەم و بە سەرەنجدان بە هەستەتوندو سەرکێشە سەرکوت کراوەکانی وی (ئەوەی دەربارەی ئێمیلی دەیزانم، لەم خاڵەدا خۆی بەرجەستە دەکات) بەرزاییەکانی باسەرە رێک لەو جۆرە کتێبانەیە کە مرۆڤ لێی چاوەڕوان دەکات بینووسێت. بەڵام رواڵەتی ئەو کتێبە زۆر وەکو ئەو کتێبانە دەچێت کە بران وێڵ- ییێ بەندو باری برای مومکین بوو بیاننووسێت. بۆیە هێندێک کەس توانیویانە قەناعەت بە خۆیان بێنن کە هەموو کتێبەکە، یان بەشێکی، بران وێڵ نووسیویەتی. یەکێک لەو کەسانە (فرانسیس گراندی)یە. ئەو دەنووسێ و دەڵێت:(پاتریک برۆنتێ «بران وێڵ» پێی گوتم:(ئەوەی خوشکەکەی درکاندی، پشتگیری ئەم گوتەیە دەکات) کە بەشێکی زۆری بەرزاییەکانی باسەرە ئەو نووسیویەتی .....خەیاڵاتی سەیرو سەمەرەو (بلیمەتی) نەخۆشی بران وێڵ، کە لەمیانەی دانیشتنێکی دووروردرێژماندا لە (لۆدندن فوت) منی پێ خافڵاند و سەرگەرمی کردم، دووبارە لە لاپەڕەکانی ئەم رۆمانەدا خۆیان بەرجەستە دەکەن و لەو بڕوایەدام کە کلێشەی چیرۆکەکە لەلایەن ئەوەوە دارێژراوە، نەک داهێنانی ئێمیلی خوشکی). جارێکیان دوو لە هاورێکانی بران وێڵ بەناوی (دێردین)و (لەیلاند) بڕیاریان دا لەو میوانخانەیەی کە دەکەوێتە سەر رێگای (کێیگڵی)، لەگەڵ بران وێڵدا چاویان بەیەکتری بکەوێت و نووسینەکانیان بۆ یەکتری بخوێننەوە، ئەمەش ئەو روون کردنەوەیە کە نزیکەی بیست ساڵ لەدوای ئەو رووداوە (دێردین) بۆ گۆڤاری گاردیەنی چاپی هالیفاکسی نووسی:(من پەردەی یەکەمی شانۆی «شاژنی دێو سروشت –The Demon Queen»م خوێندەوە، بەڵام کاتێک بران وێڵ دەستی بە نێو کڵاوەکەیدا گێڕا (شوێنی حەشاردانی کاغەزە نهێنییەکان) بۆ ئەوەی دەستنووسی شیعرەکەی بدۆزێتەوەو بۆ مانی بخوێنێتەوە، بۆی دەرکەوت کە لە جیاتی شیعرەکەی خۆی بە هەڵە چەند لاپەڕەیەکی لە رۆمانێک (کە دارە دارەی قەڵەمی خۆی تێدا تاقیکردبۆوە) لەوێدا شاردۆتەوە. بران وێڵ



کە لە چاوەڕوانی و بێ ئۆمێدکردنی ئێمە دڵتەنگ ببوو و دەیویست ئەو پەڕانە بخاتەوە شوێنەکەی خۆیان، بەڵام لەبەر ئەوەی هەستی هەردوو هاوڕێی بزوابوو تابزانن چۆن توانیویەتی ببێتە رۆماننووس، تکامان لێکرد تا نووسراوی سەر ئەو پەڕانەمان بۆ بخوێنێتەوە. بران وێڵ لە پاش کەمێک رارایی و دوودڵی داواکەی ئێمەی قبووڵ کردو ماوەی یەک سەعات سەرنجی ئێمەی بۆ خوێندنەوەی ئەو نووسینانە راکێشاو هەر پەڕێک کە دەیخوێندەوە دەیخستەوە نێو کڵاوەکەیەوە. لەناکاو لە ناوەڕاستی رستەیەکدا بە سەر هاتەکە پچڕاو بران وێڵ بە ناوی راستەقینەی ئەو کەسانەی کە کردبوونیە نموونەی پاڵەوانی رۆمانەکەی درێژەی دا بە خوێندنەوەی رۆمانەکەی و بۆی خوێندینەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی هێندێک لەو کەسانە هێشتا هەر لە ژیاندا ماون، نامەوێت ناوەکانیان بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەم. بران وێڵ گوتی کە جارێ هیچ ناوێکی بۆ کتێبەکەی هەڵنەبژاردووەو لەوەش دەترسێت کە هیچ دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە خۆی رانەبینێت بۆی بڵاو بکاتەوە. یەکێک لە دیمەنەکانی بەشێک لەو رۆمانەی کە بران وێڵ بۆی خوێندینەوە «ئەو پاڵەوانانەش کە تێیدا نمایش کرابوون» هەر ئەوانەن کە لە رۆمانی بەرزاییەکان باسەرەدا باسیان کراوە، ئەو کتێبەی کە شارلۆت برۆنتی جەختی لەسەر دەکاتەوەو بانگەشە دەکات کە ئێمیلی خوشکی نووسیویەتی). دەبێ بڵێین کە ئەم نووسینەیان مشتێک درۆو دەلەسەن، یان راستییەکی روونە. شارلۆت، بران وێڵ-ی برای بە بودەڵە دەزانی و لە چوارچێوەی ئایینی مەسیحیدا لێی بێزاربوو. بەڵام وەکو ئاشکرایە هەمووشمان دەزانین کە خۆشەویستی مەسیحی، هەمیشە توانیویەتی بۆ بەشێکی زۆر لە بێزاری باشی ئاوێتە بە ئایین، پێگە دابین بکات و لەم رووەوە ناتوانرێت گوتە پشتگیری نەکراوەکەی شارلۆت قبوڵ بکرێت. رەنگە هەروەکو چۆن لە ناو خەڵکیدا باوە، شارلۆت قەناعەتی بەخۆی هێنابێت کە بڕوای بەوە هەبێت کە بۆ خۆی بە راستی دەزانێت. ئەم گۆتەیەی (دێردین) تێروتەسەل و زۆر دەقیقەو زۆر سەیرە کە یەکێک بە بێ ئەوەی مەرامێک و بەڵگەیەکی تایبەتی هەبێت ئەمەی داهێنابێت. روون کردنەوەی ئەم مەسەلەیە چییە؟ هیچ. دەڵێین بران وێڵ چوار بەشی یەکەمی ئەو رۆمانەی نووسی و لەبەر ئەوەی مەیخۆرەوە سەرخۆش بوو، دەستی لە نووسینی هەڵگرت و ئێمیلی خوشکی پاشماوەکەی نووسی. بەڵگەش بەوە

هێنراوەتەوە کە بەشەکانی دواتر بە سەبکێکی وشکتر لە سەبکی بەشەکانی دەسپێکی رۆمانەکە نووسراون، بەڵام من شتێکی وام بەر چاوان نەکەوتووەو تەواوی کتێبەکە بە شێوازێکی زۆر خراپ وبە سەبکێکی ئەدەبی شەپرێو نووسراوە کە نووسەری (ئاماتۆر(٩)) زوو گرفتاری دەبێت. نووسەری ئاماتۆر کاتێک (با لەبیرمان نەچێت کە ئێمیلی برۆنتێ پێشتر قەت کتێبی نەنووسیبوو) دادەنیشێ بۆ ئەوەی شت بنووسێت، پێی وایە کە دەبێ لە جیاتی وشەی سادەو ئاسایی، وشەی حەلەق مەلەق بەکار بهێنێت و تەنیا بە مەشق کردن دەتوانێت فێری سادە نووسین ببێت. بەشی سەرەکی ئەو کتێبە، کارە کەرێکی (یۆرکشایر)ی دەیگێڕێتەوەو ئەو کارکەرە بە جۆرێک بابەتەکان بەیان دەکات کە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بەو شێوەیە دەری ببڕێت. ئێمیلی برۆنتێ، رەنگە لەوە ئاگادار بووبێت کە چەند وشەیەک لەنێو زاری میسیز داین داوێت کە کارەکەرێک بەزەحمەت لێیان تێ دەگات و بۆ روون کردنەوەی ئەم بابەتە خاتوو داین ناچار دەکات تا بڵێ کە لە ماوەی خزمەتکردنیدا دەرفەتی ئەوەی هەبووە تا چەند کتێبێک بخوێنێتەوە. بەڵام تەنانەت بەم روون کردنەوەیەش باق و بریقی قسەکانی خاتوو داین تۆقێنەرە. خاتوو داین قەت (کۆشش ناکات) تا کارێک ئەنجام بدات، بەڵکو (لەخۆبوردەیی) یان (هەوڵێکی یەکجار زۆر بەکار دەبات)، قەت لە ژووریێ (نایەتەدەرێ) لە ژووریێ (دێتەدەرێ) هەرگیز (بەرەنگاری) کەس نابێتەوە، لەگەڵێدا (رووبەڕوو) دەبێتەوە. دەبوایە پێشتر باسی ئەوە بکەم کە هەرکە بەشەکانی دەسپێکی کتێبەکەی نووسیوە، پاشماوەی کتێبەکەش هەر بۆ خۆی نووسیویەتی و ئەگەر لە بەشەکانی دەسپێکی کتێبەکەدا باق و بریقی زیاتر بەکار براوە، من پێم وایە لەبەر کۆششی رێژەیی سەرکەوتوی ئێمیلی یە تا نیشانبدات کە (لۆک وود) پیاوێکی گەمژەو لەخۆ رازی بووە. ئەم مەزەندەیەم لە شوێنێکدا خوێندۆتەوە کە ئەگەر دەسپێکی رۆمانەکە بران وێڵ نووسیبیەتی، مەبەستی ئەوەبوو کە (لۆک وود)لە کاروبارەکاندا رۆڵێکی زۆر مەزنتر لە ئەستۆ بگرێت. لە راستیدا ئاماژەیەکیش بەوەکراوەکە (کاترین)ی لاو، سەرنجی راکێشاوەو ئاشکراشە کە ئەگەر (لۆک وود) سەودا سەری کاترین ببوایە، ئەوا روداو گەلێکی ئاڵۆز لەو ئەوینەوە هەڵدەقوڵاو چیرۆکەکەی دڵگیرتر دەکرد. بەڵام بەو شێوەیەی ئێستای (لۆک وود) لە چیرۆککەدا تەنیا کابرایەکی



رەزا قورسە لە پێش چاوی خوێنەر. رۆمانەکە زۆر نە شارەزاییانە دانراوە، بەڵام ئایا ئەمە جێی سەرسوڕمانە؟ ئێمیلی برۆنتێ قەت رۆمانی نەنووسیبوو و دەیویست چیرۆکێکی ئاڵۆز بگێڕێتەوە کە لەگەڵ دوو وەچەدا سەروکاری هەبوو. ئەم کارەش هەمیشە ئەستەمە چونکە: نووسەر ناچارە یەکپارچەییەکی یەکگرتوو بە حیکایەتەکەی ببەخشێت کە پەیوەستە بە دوو دەستەکارەکتەر و دوو زنجیرە رووداوو ئاگاشی لەوە هەبێت کە نەهێڵێت تایبەتمەندییە سەرنج راکێشەکانی تاقمێک، تایبەتمەندی و سروشتی دەستەکەی تر بپوکێنێتەوەو لەناوی ببات. هەروەها ناچارە کە تێپەڕبوونی ساڵەکان لە یەک سەردەمی رۆژگاردا تێکهەڵکێش بکات تا خوێنەر بتوانێت بە یەک چاو پێداخشاندنێکی کورت و فرەلایەن، تێپەڕبوونی ئەو ساڵانە قبوڵ و هەرس بکات. هەروەکو چۆن مرۆڤ بە یەک تێڕامانی کورت لەو نیگارە بەرفراوانەی کە بە رەنگی ئاوی لەسەر گەچ کێشراوە (وەری دەگرێ) و بەزەینی خۆی دەسپێرێ. پێم وا نییە کە ئێمیلی برۆنتێ بە ئەنقەست بیری لەوە کردبێتەوە کە بە چ جۆرێک (کارتێکردنێکی یەکگرتوو –Unity of impression) بخاتە نێو چیرۆکێکی پەرش و بڵاوەوە، بەڵام پێم وایە نیازی وابووە کە پێوەندییەکی لۆژیکی بداتە بەشە پەرش و بڵاوەکانی چیرۆکەکەی. لەوانەشە وای مەزەندە کردبێت کە باشترین رێگا چارە ئەوەیە کارەکتەرێک ناچار بکات تا کۆمەڵە رووداوێکی بەرفراوان و یەک لەدوای یەک بۆ کارەکتەرێکی دی بگێڕێتەوە. ئەمە شێوازێکی ئاسان نییە بۆ چیرۆکبێژ و داهێنانی ئێمیلی برۆنتێ نییە. هەروەکو ئێستاش ئاماژەم پێدا زەرەرەکەی ئەوەیە کە (گێڕەرەوە) ناچارە باسی بابەت گەلێکی زۆر بکات، بۆ نموونە وەسفی دیمەنەکان بکات، یانی:دەست بداتە کارێک کە هیچ مرۆیەکی ژیر نایکات و دەتوانین بڵێین مەحاڵە ئەو شێوازە لەبەر بکرێت کە لەسەر بنەمای دیالۆگ دامەزراوەو ئەڵبەتە ئەگەر ئێوە گێڕەرەوەیەکی وەکو (خاتوو داین)تان هەبێت، دەبێ بیسەرێکی وەکو (لۆک وود)یشتان هەبێت، رەنگە رۆماننووسێکی بە ئەزموون بیتوانایە رێگایەکی باشتر بۆ گێڕانەوەی بەرزاییەکانی باسەرە بدۆزێتەوە. بەڵام ناتوانم خۆم قایل بکەم بەوەی کە ئەگەر ئێمیلی برۆنتێ ئەم شێوازەی بەکاربردووە لەبەر ئەوە کە خەریکی کارکردن لەسەر بناغەیەک بووە کە دامەزرێنەری ئەو بناغەیە مرۆڤێکی دیکە بووە. بەڵام خاڵی لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە

ئەگەر ئێوە شەرمنی و کەم دویی لەڕادەبەدەرو نەخۆشی ئاسای ئێمیلی برۆنتێ بێننە پێش چاوی خۆتان. پێم وایە شێوازی نووسینی وی هەر ئەوەیەی کەلێی چاوەڕوان دەکرا. ڕێگاکانی تری گێڕانەوەی چیرۆکەکەی چی بوو؟ یەکێکیان ئەوەیە کە ڕۆمانەکەی لەو گۆشەنیگایەوە بنووسێت کە ئاگای لە هەموو شتێکەو پێی ئاگادارە، بۆ نموونە هەروەکو چۆن ڕۆمانی (میدل مارچ)و (مەدام بۆڤاری) نووسران. من پێم وایە کە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، لەو جۆرە بەرهەمی کە بۆ خۆی نووسیویەتی (ئەو چیرۆکەی کە بە توندی یاساکانی ئەخلاقی دەبەزێنێ) داوێن پاکی و خۆپاراستنی بێ چەندو چۆن و توندوتیژانەی ئێمیلی دەتۆراندو دووری دەخستەوە. جگە لەمەش ئەگەر ئەو کارەی بکردایە ئەستەم بوو بتوانێت تا ڕادەیەک باس لەو ڕووداوانە نەکات کە بەسەر (هیس کلیف) هاتبوون- لەو سالآنەدا کە هیس کلیف بە دوور لە «بەرزاییەکانی باسەرە» دەژیاو لەو ماوەیەدا توانی بخوێنێ و پارە پەیدا بکات. ئێمیلی برۆنتی نەیدەتوانی ئەو کارە بکات چونکە وایە سووک ئاسانی نەیدەزانی داخۆ هیس کلیف چۆن خوێندویەتی و پارەی پەیداکردووە. ئەم خاڵەش کە لە خوێنەری داوادەکەن تا قبوڵی بێت، بڕواپێکردنی کارێکی ئەستەمە و ئێمیلی هەر بەوەندە قایل بوو کە بەیانی بکات و بەو شێوەیە لێی گەڕێ. ڕێگایەکی دیکە ئەوەبوو کە نووسەر یەکێکی ناچار دەکرد تا چیرۆکەکە بۆ وی(ئێمیلی برۆنتێ) بگرێتەوە، بۆ نموونە خاتوو داین و چاشات برۆتایێ لە سەر زاری (یەکەم کەسی تاک) دەیگێڕێتەوە. بەڵام پێم وایە ئەمەشیان دەبووە تەماسی نووسەر لەگەڵ خوێنەردا و نووسەری پتر لەوە لە خوێنەر نزیک دەکردەوە کە هەستیاری تووندی ڕێگای پێدەدا. ئێمیلی برۆنتێ لەو ڕێگایەوە کە سەرەتا (لۆک وود) چیرۆکەکە دەگێڕێتەوەو پاشماوەی بەسەرهاتەکەش (خاتوو داین) دەیگێڕێتەوە، دەڵێ لە پشت ڕوخسارێکی دوو ڕوودا خۆی شاردۆتەوە. عالی جەناب پاتریک برۆنتی (باوکیان) بەسەرهاتێکی بۆ خاتوو گاسکێل گێڕاوەتەوە کە لەمبارەیەوە تا ڕادەیەک واتا بەخشە: لەو سەردەمەدا کە منداڵەکان تازە پێدەگەیشتن و لاوبوون، حەزیشی دەکرد لە سروشتی منداڵەکانی تێبگات و ئاگادار بێ و بزانێ چییان لە دڵی دایە (لەبەر ئەوەی منداڵەکانی زۆریان شەرم لە باوکیان دەکرد، بە باشی بۆ باوکیان ساغ نەبووبۆوە داخۆ سروشتیان چۆنە) ناچاری کردن تا یەک بە یەک دەمامکێکی کۆنە لە



ڕووخساریان بدەن تا لە بن ئەو دەمامکەوە سەربەستانە بتوانن وەڵامی پرسیارەکانی بدەنەوە. کاتێک باوکیان لە شارلۆت-ی پرسی باشترین کتێبی دنیا چیە؟ وەڵامی دایەوە: ئینجیلە، بەڵام وەختێک لە ئێمیلی پرسی باشترین هەڵسوکەوت کە لەگەڵ بران وێل-ی سەر بەگێچەڵی برایدا بیکات چییە؟ ئێمیلی گوتی: (مەنتیقیانەو بە بەڵگە لەگەڵیدا بدوێ و ئەگەر هەر نەهاتە ژێر بار بە قامچی لێی بدە).

ئەی بۆچی کاتێک ئێمیلی برۆنتی ئەم کتێبە بە هێزو سامناکەی دەنووسی پێویستی بە خۆ شاردنەوە هەبوو؟ سەبارەت بەم خاڵە من بڕوام وایە لەبەر ئەوە بوو کە لەو کتێبەیدا شاراوەترین غەریزەکانی خۆی ئاشکرا کردووە. ئەو تەماشای قوڵایی ناخی غوربەت و تەنایی دڵی خۆی کردو کۆمەڵێک نهێنی (مەدرکێنە)ی دیت و سەرەڕای (نێهێنیەکان مەدرکێنە)، پاڵنەری (قەڵەم) ناچاری کرد بیان درکێنێ و بارێکی گران لەسەر شانانی لا ببات. دڵێن باوکی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی سەردەمی جحێڵی خۆی لە ئیرلەنداو ئەفسانەکانی (هۆفمەن)(١٠) هێزی خەیاڵی ئێمیلی بە شاگەشکە هێناو کاتێک ئێمیلی لە بەلجیکا دەیخوێند، ئەفسانەکانی هۆفمەنی خوێندەوەو بە ئێمەیان گوتووە کاتێک گەڕایەوە ماڵێ، لە سەر فەرشەکانی پەنا سۆبەو لە کاتێکدا کە دەستی لە ملی سەگەکەیان (کیپی) وەرێنابوو، درێژەی دا بە خوێندنەوەی ئەو ئەفسانانە. شارلۆت بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئێمێلی خوشکی کەمترین پێوەندی لەگەڵ ئەو خەڵکانەی دەوروبەریدا نەبووە کە مەزەندەی دەکرێت پاڵەوانەکانی کتێبەکەی لەسەر ئەوان کۆپی کردبێت، هەرچەندە ئەگەر بابەت گەلێکی زۆریشی سەبارەت بەو خەڵکانە بیستبێت. من پێم خۆشە بڕوا بەو قسەیە بکەم، حەزیش دەکەم بڕوا بەوە بکەم کە ئێمێلی برۆنتی لە چیرۆکە شاراوەو سامناکەکانی نووسەرە ڕۆمانسییەکانی ئەڵمانیدا، شتێکی دۆزیەوە کە خوڵق و خوی توندی وی پەلکێش کرد، بەڵام باوەڕم وایە کە (هیس کلیف-Heath Cliff)و (کاترین ئێرین شاو-Catherine Earn Shaw)ی لە قووڵایی شاراوەی ڕۆحی خۆیدا دۆزییەوە. ڕەنگە بەو شێوەیە بوو بێت کە ئێمیلی برۆنتی تایبەتمەندی هەمان ئەو کەسانەی کە بۆ خۆی دەیناسین لە دەروونی ئەو کارەکتەرانە هاوێشتبێت کە بایەخیان کەمتر بوو وەکو: (لیتۆن و خوشکەکەی و هاوسەری ئێرین شاو ژنی هیس کلیف)، یانی

ئەو کەسانەی کە لەبەر سستی و لاوازی نەفسیان ، بۆ خۆی (ئێمیلی) بە بودەڵەو کەمی لە قەڵەم دەدان. خوێنەران، بەدەگمەن چاوەڕوانی هێزی خولقاندن دەکەن لە نووسەر هەربۆیەش ئەگەری زۆر هەیە کە ئێمیلی ئەم کارەکتەرەپلە دوانەی، لە خەیاڵی پڕ لە خۆ پەسندی و بە کەم گری خۆی خولقاندبێت. بە بڕوای من، ئێمیلی برۆنتی بۆ خۆی (کاترین ئێرین شا) بوو: کێوی، بە جۆش و خڕۆش، لە هەستە توندەکان سیخناخ، هەروەها پێشم وایە کە بۆ خۆی هیس کلیف) بوو. ئایا شتێکی سەیرە کە ئێمیلی خۆی هاوێشبێتە نێو پەیکەری دوو کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەی خۆیەوە؟ منیش دەڵێم نەخێر، بە هیچ جۆرێک سەیر نییە. چونکە هیچ یەکێک لە ئێمە یەکپارچە نییەو لە دەروونی ئێمەدا چەند کەسێک جێوارن و بە زۆریش بە هاودەنگی و هاوڕێیەتی یەکتری قەڵسن. ئەمەش لە تایبەتمەندی چیرۆکنووسە هەبوونی دەرەکی بەو کەسە لێک جیاوازانە ببەخشێت وتاک تاک بیانکاتە کارەکتەر، یانی ئەو کەسانەی کە پێکهاتەی بوونی خۆی پێک دەهێنن. بەدبەختی چیرۆکنووس لەوەدایە کە ناتوانێت روح بەبەر ئەو کەسانەدا بکات کە لە (زاتی خۆی) تۆزقاڵێکیان پێوە نییە، هەرچەندە ئەو ەکسانە بۆ چیرۆکەکەشی پێویست بن. بۆ ئەو نووسەرەی کە یەکەم رۆمانی خۆی دەنووسێت (وەکو بەرزاییەکانی باسەرە کە یەکەم رۆمانی ئێمیلی برۆنتی بوو) نەک هەر شتێکی ئاساییە کە خۆی بکاتە کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەی، بەڵکو دەشگونجێ کە لە ناوەرۆکی رۆمانەکەیدا شتێک لەو کارانە بەرچاو بکەوێت کە نووسەر بۆ خۆی حەز لە کردنیان دەکات. ئەوسا ئەو رۆمانە دەبێتە کتێبێک کە تێیدا نووسەر دان دەنێت بە خەیاڵە خاوەکانی خۆیان دا ئەو خەیاڵ بڵاوانەی کە لە کاتی گەڕان و پیاسە کردندا، یان لە درەنگانی شەودا کە خەو لە چاوانی تۆراوەو تووشیان بووەو لە خەیاڵ بڵاوەکانی دا، خۆی بە مرۆڤێکی پیرۆزیان گوناهبار، ئەویندارێکی پیشەیی مەزن یان سیاسەتمەدارێکی گەورە، ژەنەراڵێکی سەرکەوتوو یان پیاوکوژێکی بێ باک، هاتۆتە پێش چاو. لەبەر ئەوەش کە لە خەیاڵ پڵاوەکانی زۆربەی خەڵکیدا شتی بێ ماناو پڕو پووچ زۆرە، بۆیە لە یەکەم رۆمانی زۆربەی نووسەرانیشدا زۆر شتی هەڕەمەکی بەرچاو دەکەوێت. بە رای من رۆمانی بەرزاییەکانی باسەرە، رێک دان پیانان نامەیەکی لەم بابەتەیە. من بڕوام وایە کە ئێمیلی برۆنتی هەموو بوونی خۆی



رشتە نێو قاڵبی پەیکەری (هیس کلیف)ەوە. پێم وایە رق ئەستووری خۆی و حەزە جنسیە سەرکوتکراوەکانی و تاسەی بەتینی عەشقە رازی نەکراوەکەی خۆی و ئیرەییو بیزاری خۆی لە مرۆڤەکان و بە کەم زانینیان، بێبەزەیی خۆی و سادیزم(١١) (Sadisme)ی خۆی دایە هیس کلیف. خوێنەر ئەو رووداوەی وەبیرماوە کە ئێمیلی برۆنتی لەسەر شتێکی زۆر کەم مشتەکۆڵەی سرەواندە نێو چاوانی ئەو سەگەی کە رەنگە هیچ مرۆڤێکی بە قەدەر وی خۆش نەویستبێت. بەسەرهاتێکی دیکەی سەیریش هەیە کە (ئێلێن نووس) هاوڕێی شارلۆت گێڕاویەتیەوەو دەڵێ: (ئێمێلی زۆر چێژی لەوە وەردەگرت کە شارلۆتی خوشکی بباتە ئەو شوێنانەی کە شارلۆت بەویست و خواستی خۆی قەت نەیدەوێرا بچێتە ئەو شوێنانە. شارلۆت زۆر لە گیانلەبەرە کێویەکان دەترساو ئێمیلی زۆر حەزی دەکرد بیباتە نزیک ئەو جێییانەی کە گیانلەبەرە کێوییەکانی لێدەژیان و پاشان ئاگاداری بکاتەوەو پێی بڵێ لە کوێیەو چۆن زاتی ئەوەی کردووە لەو جێگایانە نزیک ببێتەوەو کاتێک شارلۆت هەستی بە مەترسیداری شوێنەکە دەکردو دەیقیژاند، بەدڵێکی خۆشەوە ئێمیلی بە ترسانی شارلۆت پێدەکەنی). من پێم وایە ئێمیلی (کاترین ئیرێن شا)ی بە عەشقێکی پیاوانە، عەشقێکی تەواو دڕندانەی (هیس کلیف)خۆشدەویست. بڕواشم وایە کاتێک کە دەچۆوە نێو پەیکەری (هیس کلیف)ەوە بە پێلاقە لە کاترین-ی دەداو زۆر بێبەزەییانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکردو ئەویش سەری خۆی لەدارو بەرد رادەکێشا، پێی پێدەکەنی، هەر وەکو چۆن وەختی خۆی بە ترس و لەرزی شارلۆتی خوشکی پێکەنیبوو، لەو باوەڕەشدام کە کاتێک وەکو (هیس کلیف) مست و شەقازلەی دەسرەواندە دەموچاوی کاترینی بچووکترو سووکایەتی پێدەکرد، پێی پێدەکەنی و کاتێک کە کەڵەگایی لەو کەسانە دەکرد کە (خولقاندبوونی)و جنێوی پێدەگوتن و تانوتی لێدەدان، لە خۆشیان تووشی شاگەشکە دەبوو و خەیاڵی ئاسوودەو باری سووک دەبوو. چونکە: لە ژیانی راستەقسنەدا لە تێکەڵاویبوون لەگەڵ هاو نەوعەکانیدا زۆر تووشی تاڵی و سوێری و بودەڵەیی دەبو. هەروەها بڕواشم وایە کە ئێمیلی کاتێک لە قاڵبی (هیس کلیف) دەهاتە دەرێ و دەچووە نێو پەیکەری (کاترین)ەوە، واتە رۆڵی خۆی دەگۆڕی، گەرچی شەڕی لەگەڵ (هیس کلیف)دا دەکردو سووکایەتی پێدەکردو دەیزانی چ

مرۆیەکی خراپ و شەڕەنگێزە، بەڵام لە ناخەوە خۆشی دەویست و لەو دەسەڵاتەی کە (کاترین) بە سەر (هیس کلیف) دا هەیبوو، دەروونی پردەبوو لە خۆشی و شادی و وای هەست دەکرد کە هەردووکیان گڵی گڵێنجانێکن (هەروەکو لە راستیشدا وابوو ئەگەر مەزەندەی من راست دەرچێت و هەردووکیان ئێمیلی برۆنتی بوو بن). چونکە بە زۆری لە دەروونی (سادیست) دا تایبەتمەندی مرۆی (ماسۆشیەت(١٢))یش هەیە و ئێمیلی برۆنتی بۆیە چووبووە نێو پەیکەری (کاترین ئێرین شا)ەوە، چونکە دەست درێژی و خولق و خوی و توندو درندانەی (هیس کلیف)ی پێ خۆشبوو. بەڵام بە ئەندازەی پێویست قسەم کردووە، رۆمانی (بەرزاییەکانی باسەرە) کتێبێک نییە کە دەربارەی بدوێین، بەڵکو کتێبێکە پێویستە بخوێندرێتەوە. کتێبێکە کە زۆری کەموکوڕی تێدایەو رەخنەلێگرتنی کارێکی ئاسانە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش شتێکی وای تێدایە کە کەمتر رۆماننوسێک دەتوانێت نیشانیان بدات. من هیچ رۆمانێکم پێ شک نایە کە تێیدا، رەنج و ئازار، بێبەزەیی و دڵ رەقی و ئازاری ئەوین بەوشێوە سەرسوڕهێنەرە وەسف کرا بێت. بەرزاییەکانی باسەرە یەکێک لە تابلۆ شکۆدارەکانی (ئیل گریکۆ(١٣))م دێنێتەوە یاد، لەو تابلۆیەدا، لە دیمەنێکی خەماوی و تاریک و چۆڵ و هۆڵ دا، لە بن پەڵە هەوری رەش و بە گۆڵەگۆڵ دا، ئێسکە پەیکەری خوارو خێچ راوەستاون و بە هەستی توندو نائاسایی ئەفسوونیان لێکراوەو هەناسەیان لە نێو سینگەکاندا بەند کردووەو ریزە شوقێکی هەورە تریشقە بە ئاسمانی خۆڵەمێشیدا رێچکەی بەستووە، کە بە ترس و سامێکی شاراوە ئەودیمەنە کامل دەکات.



**پەراوێزەکان:**

١- ئەو بەرزاییانەی کە باڵێیانەوە هەڵدەکات، لە ناوەرۆکی ئەو رۆمانەشدا بە ناوی شوێن هاتووە.- وەرگێڕ.

٢- Horatio Nelson (١٧٥٨-١٨٠٥) دەریاوانی بەریتانی کە ساڵ (١٨٠٥)دا لە شەڕی دەریایی (ترافۆڵگار) بەسەر ناپلیۆن دا سەرکەوت.

٣- یەکێکە لە ویلایەتەکانی بەریتانیاو دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای ئەو وڵاتە.

٤- یەکێکە لە شارەکانی باکووری بەریتانیاو سەر بە پارێزگای (یۆرکشایر)ە.

٥- لە شارەکانی ویلایەتی (یۆرکشایر)ی بەریتانیایە.

٦- Barow-in-Furness - یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای (لانکشایر)ی بەریتانیاو ئەم پارێزگایەش دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئەو وڵاتە.

٧- ئەو کەسەی ئەرکی بەخێوکردنی منداڵی لە ئەستۆدایە، زارۆک بەخێوکەر.- وەرگێڕ.

٨- William Make - Peace thackeray (١٨١١-١٨٦٣) رۆماننوسی بەریتانیایی.

٩- Amateur - بە زەوق، کەسێک کە بە حەزو ئارەزوو کارێک دەکات نەک لەبەرامبەر هەقدەست دا.

١٠- ئارنێست تیۆدۆر ویلهێلم هۆفمەن -Hoffman- (١٧٧٦-١٨٢٢) ئەفسانەنووس و ئاوازدانەرو رۆماننووس و وێنەکێشی ئەڵمانییەو بەلزاک و پۆشکین و دستۆڤسکی لەو کەسانە بوون کە ستایشی ئەفسانەنەکانیان دەکردو زۆربەی رۆماننووسە رۆمانسیەکانیانی بە کەم دەگرت. بالزاک دەیگوت: (هۆفمەن هونەرمەندی هەموو ئەو شتانەیە کە بە رەواڵەت بوونیان نییە، بەڵام زیندوون).

١١- دام رکاندنەوەی بێبەزەییانەی حەزەکانی، حەزکردن بە ئازار گەیاندن بە خەڵکانی تر.

١٢- حەزکردن لە ئازار چەشتن بە دەستی ماشووقەوە بە تایبەتی لە کاتی جووتبووندا.- وەرگێڕ.

١٣- ئیل گریکۆ -El Greco- وێنەکێش و پەیکەرتاشی ئەوروپایی (لە ساڵی ١٥٤٨- لە دایکبووەو لە ساڵی ١٦١٤ دا مردووە. مێژووی لە دایکبوون و مردنی بە خەملاندنە) و لە دوورگەی (کریت) کە دەکەوێتە خۆرهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاست لەدایکبووەو لە ئیسپانیا و ئیتالیا خەریکی وێنەکێشان و پەیکەرتاشین بوو.

## هێنری فیلدینگ و تۆم جۆنز

نووسین لەسەر هێنری فیلدینگ کارێکی ئەستەمە، چونکە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی، شتێکی ئەوتۆ دەربارەی وی لە بەردەستدا نییە. (ئارتۆر مۆرفی – Arthur Murphy) کە لە ساڵی (١٧٦٢)دا، یانی تەنیا هەشت ساڵ لە پاش مردنی فیلدینگ، کورتە باسێکی وەکو پێشەکییەک بۆ بەرهەمە چاپکراوەکانی فیلدینگ نووسی، وا دیارە کە لە نزیکەوە نەیناسیوەو دەربارەی وی ئەوەندە کەمی شت لە بەردەستدا بوو، کە دیاربوو بۆ پڕکردنەوەی هەشتا لاپەڕەی وتارەکەی خۆی، دەستی کرد بە بازدان و درێژدادڕیەکی بێزارکەر. ئەو راستیانەی کە ئەو تیشکیان دەخاتە سەر کەمن و لە لێکۆڵینەوەکانی دواتردا بە دیارکەوت کە زۆر وردو دەقیق نین. نووسەرەکانی پاشتر خۆیان ماندوو کردووە تا بیسەلمێنێن کە لە نێوان فیلدینگ و ئەو بوونەوەرە بەد رەوشتەی کە لە ئەفسانەدا باسی کراوە، مەودایەکی یەکجار زۆر هەیە. بەڵام بەدبەختانە بۆ ئەوەی بەرێزتری بکەی، کەمتر بە سەرنج ڕاکێشیان نیشان داوە. ئەو نووسەرانە ویستوویانە سەبارەت بەو راستیە زەقەی کە فیلدینگ خاوەنی تەوژمی ژیان و مەیلە توندەکانە، سەربلەقێنن. بەڵام هیچ هۆیەک نییە وا چاوەڕوان بکەین کە ئەو پیاوەی ئێوە دەستخۆشی لە کتێبەکانی دەکەن، نموونەی لێوەشاوەیی و شایستەیی بێت. لەبەرئەوەی تایبەتمەندی ئەخلاقی وی، نە کتێبەکانی باشتر دەکات و نە خراپتر. چونکە ئەو بابەتەی رۆماننووس دەربارەی دەدوێ ژیانەو بۆ ئەوەی نووسەر دەربارەی ژیان راستگۆیانە شت بنووسێت، پێویستە بەهرەیەکی چاکی لە گۆڕانکارییەکانیدا هەبێت. لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و لە کونی دەرزییەوە تەماشای ژیان بکات، شتێکی ئەوتۆ فێر نابێت. بەڵام لە راستیدا حەوجێ بە رووسپی کردنەوەی فیلدینگ نییە، چونکە ئەو کەموکوڕیانەی کە تێیدا بوو، زۆر ئاسایی و مرۆیی بوون و



تەنیا گێلە پیاوێک بەو شتانە تووشی داچڵەکین دەبێت. فیلدینگ نەجیبزادە بوو. باوکی کە لە وڵاتی نەمسا پلەی ئەفسەری هەبوو و دواتر کە پلەی بەرزتر بۆوە، بوو بە ژەنەڕاڵ، سێهەم کوڕی جۆن فیلدینگ (پێشنوێژی سالیسبوری) بوو و ئەویش بە نۆرەی خۆی پێنجەم کوڕی مالۆرد دیزمۆند بوو. بنەماڵەی دیزمۆند لە تۆرەمەی بنەماڵەی (دێنبی – Denbigh) بوون و شانازییان بەوەوە دەکرد کە لە پشتی هابسبۆرگەکانن. گیبۆن، گیبۆن (دارمان و کەوتن)(١) لە ژیاننامەی خۆیدا دەنووسێت: (جێنشینەکانی شارڵی پێنجەم رەنگە برا ئینگلیزەکانی خۆیانیان قبووڵ نەبێت، بەڵام رۆمانی (تۆم جۆنز)، ئەو دیمەنە جوانەی نەریتی مرۆڤایەتی، پتر لە کۆشکی (سکوریال)و هەڵۆکەی ئیمپراتۆریەتی بنەماڵەی پاشایەتی نەمسا، بە زیندوویی و نەمری دەمێنێتەوە). وتەیەکی جوانەو جێگای داخە کە بەدیارکەوت بانگەشەی ئەم لۆردە نەجیبانە، هیچ بنەمایەکی نییە.

ئەو بەرێزانە ناوی خۆیان دەنووسی (فالدینگ(٢))و هەر بەو جۆرەش دەیانخوێندەوە، لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە کە جارێکیان لۆردی ئەو سەردەمە، لە هێنری فیلدینگ-ی پرسی کە ئەم جیاوازییە لە کوێیەوە سەری هەڵداوەو فیلدینگ وەڵام دەداتەوە: (تەنیا شتێک کە بە خەیاڵمدا دێت ئەوەیە کە بەرەبابی من، لە پێش بەرەبابی جەنابتان فێری حینجەکردن بوون) باوکی هێنری لەگەڵ (سارا)دا، کە کچی (سێر هێنری گۆلد) دادوەری دیوانی وڵات بوو، زەماوەندی کردو نووسەری ئێمە (هێنری فیلدینگ) ساڵی (١٧٠٧) لە بارەگا هاوینەهەواریەکەی هاتە دنیاوە. لە دوای سێ ساڵان بنەماڵەی فیلدینگ کە لەو کاتەدا بێجگە لە هێنری دوو کچی دیکەشیان هەبوو، ماڵیان گواستەوە بۆ (ئیست ستۆر) کە دەکەوێتە پارێزگای دۆرسێتشایر لە باشووری بەریتانیاو لەوێش خوا سێ کچ و کوڕێکی دیکەی دانێ. لە ساڵی (١٧١٨)دا، خاتوو فیلدینگ مردو هەر لەو سەروبەندەدا هێنری چووە (ئیتۆن(٣))و لەوێ دووسێ هاوڕێی چاکی پەیداکردن و ئەگەریش کە وەکو ئارتۆر مۆرفی دەڵێ لە قۆناغی دواناوەندیدا: (بەو زانیارییە بێ وێنەیەی کە دەربارەی نووسەرە یۆنانییەکان هەیبوو و لە تافی لاویدا ببووە مامۆستای کلاسیکییەکانی لاتینی و وازی لە خوێندن هێنا، بەڵام ئەوەندەی خوێندەواری هەبوو کە دواتر بتوانێت لە رێگای ئەو گێڕانەوانەوە کە زار بە زار پێی گەیشتبوون، پەخشانەکەی خۆی تام و خوێ بکات) لە

تەمەنی هەژدە ساڵیدا (ئەو سەردەمەی کە واپێدەچێ وازی لە خوێندن هێنابێت) سەلماندی کە دەبێتە چ پیاوێک. ئەوکاتە لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا کە ئامادەبوو لە پێناو ئاغاکەیدا: «لێداو شەل و سەقەت بکات یان بکوژێت» لە (لایم رگیس) دەژیاو لەوێ سەوداسەری خاتوو (سارا ئەندرۆز) ناوێک بوو کە سامانە زۆر و زەوەندەکەی، جوانیەکەی پترکردبوو.

فیلدینگ پلانی دارشت کە ئەگەر بێت و پێویست بکات بە کەڵەگایی ئەو ژنە بفرێنێ و پاشان زەماوەندی دەگەڵدا بکات. بەڵام پلانەکەی ئاشکرا بوو ئەو ئافرەتە گەنجەیان لەوێ نەهێشت و بۆ شوێنێکی تریان گواستەوە و لەوێ بە دوور لە چاوی ئەو مێملە دایانە خوازبێنی کەرێکی لە بارتر. ئەم رووداوە لە ساڵی (١٧٢٥)دا روویدا. فیلدینگ، قەڵافەت و سەروسەکوتێکی چاکی هەبوو، باڵای لە سەدو هەشتا سانتیمەتر تێدەپەڕی و بەهێز و کاراش بوو، دوو چاوی رەشی قووڵ، لووتێکی هەڵگەڕاوە، لێوی سەرەوەی کورت و بەجۆرێکی تەنز ئامێز بادرابوو و چەناگەیەکی زەقی هەبوو. فیلدینگ گورج و گۆڵ و بەهێزبوو و بۆ کام وەرگرتن لە ژنان توانایەکی لە رادەبەدەری هەبوو و لەشی بە جۆرێک دارێژابوو کە رێگای زێدەڕۆیی کردنی پێدەدا. بە پێچەوانەی ئەو دەنگۆیەی کە لە نێو خەڵکدا باوە، فیلدینگ ئەو دوو سێ ساڵەی دواتری لە لەندەن بەسەر برد و بێ درێغیکردن سوودی لە گەشت و سەیرانەکانی ئەو شارە وەرگرت، بە هەمان ئەندازە و چاکییەی کە پیاوێکی گەنجی خێزاندار دەتوانێت سوودی لێوەرگرێت کاتێک کە خاوەنی رەوشت جوانی و سەرنج راکێشە. لە (١٧٢٨)دا شانۆیەکی نووسی بە ناوی (ئەووین لە چەند سەروسەکوتێکدا –Love In Seueral Masgues ) و ئەم شانۆیە تارادەیەک خەڵک رای لێبوو. مرۆڤ (ئەگەر بخوازێت) دەتوانێت مەزەندەی ئەوە بکات کە باوکی گوشاری خستە سەر فیلدینگ تا خۆی بۆ کارێکی تر ئامادە بکات و لە رێگایەکی ترەوە بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات، کارێکی وا کە لە شانۆ نووسین کەمتر بەسترابێتەوە بە شانس و رێکەوت. هەر بۆیەش فیلدینگ چووە زانکۆی (لێیدین)(٤) و لە کۆلیژی ماف دەستی کرد بە خوێندن. بەڵام باوکی ژنی هێنابۆوە و گەرەکی نەبوو، یان بۆی نەدەگونجا ئەو پارەیەی بۆ بنێرێ کە بۆی دیاری کردبوو. بۆیە لە پاش نزیکەی ساڵێک فیلدینگ ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا. بێ پارەیی ئەوەندەی تین بۆ هێنابوو کە هەروەکو بۆ



خۆی بە شێوە بێ خەمانەکەی خۆی دەیگوت: رێگا چارەیەکی تری نەبوو جگە لەوەی یان ببێتە گالیسکەچییەکی بەکرێ گیراو یان نووسەرێکی بەکرێ گیراو. (ئۆستن دوبسۆن)(٥) کە تەمەنێک خەریکی نووسینەوەی (زنجیرە) ژیاننامەی ئەدیبە ئینگلیزەکان بووە دەڵێ: (حەزو ئارەزووی فیلدینگ و ئەو هەلانەی بۆی رەخسان، ناویان هێنایە نێو ناوان). فیلدینگ کابرایەکی زیندوو چالاک و قۆشمەبوو و زۆر زیرەکانە سەیری ژینگەی سەردەمی خۆی دەکرد و ئەمەش ئەو تایبەتمەندیەیە کە نووسەری شانۆ پێویستی پێیەتی. دیارە وێڕای ئەمەش تارادەیەک توانای داهێنان و دۆزینەوەی هەبوو. ئەگەری زۆر هەیە کە ئەو (حەزانە)ی ئۆستین دوبسۆن باسیان دەکات بەو مانایە بێت کە فیلدینگ حەزی (لاسایی کردنەوە)ی هەبوو بێت و ئەمەش ئەو شتەیە کە بەشێکە لە سروشتی شانۆنووس. جگە لەمەش فیلدینگ شانۆنووسینی بە رێگایەکی سێنایی دەزانی بۆ پارە پەیداکردن. (هەلەکانی) ژێر لێکۆڵینەوەی دوبسۆن رەنگە شێوازێکی جوان بێت بۆ ئاشکراکردنی ئەم خاڵە، کە فیلدینگ پیاوێکی قۆز و جوان بووە و زۆری (پیاوەتی) هەبووە و هەر ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی کچە ئەکتەرێک کە جێی بایەخ پێدانی خەڵک بوو، دڵی پێوە بنیشێ. لە نێوان ساڵەکانی (١٧٣٠ هەتا ١٧٣٦)دا، ساڵانە دوو سێ شانۆی دەنووسی: کۆمیدی و وشکەڕن (٦)

ئەو دوو شانۆیانەی وی هێرشکردنە سەر گەندەڵی سیاسی ئەو سەردەمە بوو و کاریگەریەکی ئەوتۆی هەبوو کە بووە هۆی ئەوەی دەوڵەت (یاسای مۆڵەت پێدان) دابنێت.

ئەم یاسایەش بەڕێوەبەرەکانی هۆڵەکانی نمایشکردنی ناچارکرد تا بۆ نمایشکردنی هەر شانۆیەک مۆڵەتی رەسمی لە دەوڵەت وەرگرن. یاسای ناوبراو هەنوکەش هەر فەرمانڕەوایە بۆ ئەوەی نووسەرە ئینگلیزەکان عەزاب بدات. پاش ئەم رووداوە، فیلدینگ بە دەگمەن شانۆی دەنووسی و کاتێکیش کە دەینووسی، وا پێدەچێ جگە لە بێ پارەیی هیچ هۆیەکی تری نەبووبێت. بانگەشەی ئەوە ناکەم کە شانۆگەریەکانی فیلدینگ–م خوێندۆتەوە، بەڵام لاپەڕەکانیم هەڵداوەتەوە. لە شانۆگەریەکانیدا، حیواری ئەکتەرەکان، زیندوو ئاسایی وەبەرچاو دەکەون و بە چێژترین ئەو بەشەی کە بەرچاوم کەوتووە وەسفی ئەکتەرێکە کە

بەسەبکی ئەو سەردەمە ناوی خستۆتە نێو لیستی ئەکتەرەکانی شانۆگەری (تۆم تامی مەزن)ەوە: (ئافرەتێک کە هیچ خەوش و کەموکورییەکی نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە هێندێک هۆگری مەی خواردنەوەیە ڕێشی تێدەچێ کە ئەو شانۆگەریەی فیلدینگ بە شێوەی سووکایەتی پێکردنێک رەت بکەنەوە و گومانیش لەوەدا نییە بۆ رەخنەگرێک کە لە پاش دوو سەد ساڵ، واتە ئەمڕۆ، ئەو شانۆگەرییە لە کتێبخانەکەی خۆیدا دەخوێنێتەوە، ئەو جیاوکە ئەدەبییەی تێدا نییە کە رەخنەگر حەز دەکات تێیدا بێ. بەڵام شانۆگەرییەکان بۆنمایشکردن دەنووسرێن، نەک بۆ خوێندنەوە. بەدڵنیاییەوە شتێکی زۆرباشە کە شانۆگەری خاوەنی تازیاری (امتیاز) ئەدەبی بێت، بەڵام ئەو شتەی چاکی و سەرکەوتوویی شانۆگەری مسۆگەر دەکات، ئەم تازیارییە (امتیاز) نییە. رەنگە ئەم باڵادەستیە (بەزۆریش هەر وایە) لە شیاوبوونی شانۆگەری بۆنمایش کردن، کەم بکاتەوە. شانۆگەرییەکانی فیلدینگ، هەر باڵادەستیەکی کە پێشتر هەیانبوو‌بێت، هەتاکو ئێستا لە دەستیان داوە و نەیان ماوە. چونکە شانۆگەرییەکان، بە زۆریی لەسەر ژیانی رۆژانە دروستکراون و هەر بۆیەش زوو بەسەر دەچن، دەتوانین بڵێین بە هەمان شێوەی زوو بەسەرچوونی بابەتی نێو رۆژنامەکان. بەڵام پێویستە بایەخ و گرنگیشیان هەبێت چونکە: نە مەیل و رەغبەتی پیاوێکی گەنج بۆ نووسینی شانۆگەری و نە گوشار هێنانی کچە ئەکتەرێکی شۆخ و شەنگ و لەبەر دڵانیش دەتوانێ چاوبەستەکێ لە بەڕێوەبەرەکانی هۆڵەکانی نمایشکردن بکات تا پەیتا پەیتا شانۆگەری نووسەرێک بهێننە سەر تەختەی شانۆ و نمایشی بکەن، مەگەر ئەوەی کە شانۆگەری ئەو نووسەرە بە پێی مەیل و حەزی بینەران بێت. چونکە سەبارەت بەم مەسەلەیە، دوایین دادوەر، جەماوەری بینەرە و ئەگەر بەڕێوەبەری هۆڵی نمایش کردن بە پێی مەیل و خواستی ئەوان نەجووڵێتەوە و سەرنجیان رانەکێشێ، ئەوا ئیفلاس دەکات و کارەکەی هەرەس دێنێ. شانۆگەرییەکانی فیلدینگ، لانی کەم ئەو بەهاو نرخەیان هەبوو کە بینەرانی کەیفیان پێ دەهات و مەیلیان لێبوو تەماشایان بکەن. خودی فیلدینگ سەبارەت بە شانۆگەرییەکانی خۆی، مەزەندەیەکی پووچی نەبوو و دەیگوت: ئەو کاتەی کە دەبوایە دەست بە نووسینی شانۆگەری بکات، وەلای ناوەو وازی لێهێناوە.



فیلدینگ بە مەبەستی پارە پەیداکردن شتی دەنووسی و هێندە گوێی نەدەدایە هەست و نەستی جەماوەر و رێزی بۆ دانەدەنا. مۆرفی دەڵێت: (کاتێک کە بۆنەدێکی مۆر دەکرد تا وشکەڕن یان کۆمیدیایەک بنووسێ، زۆربەی هاوڕێکانی کە هێشتا هەر زیندوون(٧) بە باشی ئاگاداری ئەم مەسەلەیەن، فیلدینگ بە درەنگێکەوە لە مەیخانە دەهاتە دەرێ و بەرەو ماڵ دەبۆوە و بۆ بەیانی رۆژی دواتر دیمەنێکی نووسراوی شانۆگەری دەدایە ئەکتەرەکان و بابەتەکانی لەسەر ئەو پارچە کاغەزانە نووسیبوو کە لە پارچە توتنەوە پێچرابوو، زۆریش کەیفی بە توتن دەهات). مۆرفی باسێکی دیکەی خۆشی گێڕاوەتەوە کە تێڕوانینی فیلدینگ بۆ جەماوەر نیشان دەدات: (لە میانەی پرۆڤەکردنی شانۆگەریەکی کۆمیدی بە ناوی (رۆژی بووک گواستنەوە) گاریک، ئەو ئەکتەرەی بەشداری شانۆگەرییەکەی دەکرد، رەخنەی لە پەردەیەک گرت و تکای لە فیلدینگ کرد تا ئەو بەشە بپەڕێنێ و نمایش نەکرێت. بەڵام فیلدینگ پێی گوت: (نا، با ئاوو ئاو چن، ئەگەر ئەو دیمەنە باش نییە، با خەڵکەکە بۆ خۆیان هەستی پێ بکەن) دیمەنەکە نمایش کراو ئامادەبووان تووڕەیی و نارەزایی خۆیان بە هات و هاوار و فیکەلێدان دەربڕی و گاریک چووە ژووری پشوودانی ئەکتەرەکان، ئەو شوێنەی کە نووسەری شانۆگەرییەکە (فیلدینگ): (گۆڕەپانی بۆ زەوق و سەلیقەی خۆی چۆڵ کردبوو و خۆی بە شووشەیەک شەمپانیا هێور دەکردەوە.

فیلدینگ هەتا ئەو کاتە زۆر بە پیاوانە خواردبوویەوە لە کاتێکدا کە بە تیلەی چاوی تەماشای ئەو ئەکتەرەی دەکرد و ئاوی نێرگەلەی لە لێوان دەچۆڕا گوتی: «چی روویداوە گاریک؟ بۆ ئەو خەڵکە فیکە لێدەدەن و هاوار دەکەن؟» ئەویش وەڵام دەداتەوە: «ئەو دیمەنەی کە زۆر تکام لێکردی بیپەڕێنی، بە دەنگی هێناون. دەمزانی ئەو دیمەنە بە کەڵک نایە و ئەو خەڵکە هێندەیان ترساندووم کە بە درێژایی ئەمشەو ناتوانم مێشکی خۆم کۆ بکەمەوە). نووسەر وەڵامی دەداتەوە: «ئاخ، سەروسەکوتیان خواتەوە، دیارە لە بابەتەکە (گەیشتوون) وایە؟» ئەگەر پشتم بەو کارەی فیلدینگ بەستووە کە تەنیا شتێکی لاوەکی ژیانی فیلدینگ-ە، لەبەر ئەوەیە چونکە پێم وایە ئەو کارەی، لە کامڵ کردنی فیلدینگدا وەکو رۆماننووسێک کاریگەرییەکی گرنگی هەبووە. زۆربەی رۆماننووسە بەرجەستەکان، سروشتی خۆیان لە شانۆ نووسیندا تاقیکردۆتەوە، بەڵام کەسم پێشک نایە لەو کارەدا

سەرکەوتووبوبێت. راستیەکەی ئەوەیە کە نووسینی شانۆگەری و نووسینی رۆمان زۆر لە یەکتری جیاوازن و کاتێک کە دەمانەوێت فێری نووسینی رۆمان ببین و دەست دەکەین بە نووسینی شانۆگەری، ئەو کارە واتە نووسینی شانۆگەری بە هیچ جۆرێک یارمەتیدەرمان نابێت بۆ ئەوەی فێری نووسینی رۆمان ببین. رۆماننووس تەواوی ئەو کاتەی لەبەر دەستی دایە کە بۆ گەشەپێدان و بەرفراوان کردنی (ناوەرۆکی) رۆمانەکەی پێویستی پێی هەیە. هەروەها دەتوانێت بەو وردەکارییەوە وەسفی کارەکتەرەکانی بکات کە دەخوازێت و بە وەسف و باسکردنی پاڵنەری کارەکتەرەکانی، رەوشت و هەڵسوکەوتیان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات و ئەگەر رۆماننووسێکی کارامە و لێهاتوو بێت دەتوانێت (ئەگەری راستی) بەباتە چاوەڕوان نەکراوەکان ببەخشێت.

ئەگەریش کە توانای (چیرۆکبێژی) تێدابێت، دەتوانێت بەرە بەرە چیرۆکەکەی بگەیەنێتە (خاڵی لوتکە، ئەو جێیەی کە زەمینە خۆشکردنی پێشوو، بەرجەستەتری دەکات.

رۆماننووس ناچار نییە (کردار) نیشان بدات، بەڵکو تەنیا دەبێ دەربارەی کردار شت (بنووسێ). دەتوانێ لە چەند لاپەڕەدا کە بۆ خۆی گەرەکیەتی، کارەکتەرەکانی رۆمان ناچار بکات کە بۆ خۆیان لە میانەی گفتوگۆ کردندا تایبەتمەندیە رۆحی و فکری و ئەخلاقیەکانیان روون بکەنەوە. بەڵام شانۆگەری پشت ئەستوورە بە (کار) و ئەڵبەتە مەبەستم لە (کار)، کارکردنی توند وەکو بەربوونەوە لە هەڵدێر، یان لەتوکوت بوون نییە بە (مین). بەڵکو کارێک وەکو پەرداخە ئاودان بە کەسێک، رەنگە ئەوپەڕی تەوژمی دراماتیکی تێدابێت. ئەو (توانای سەرنجدان)ەی کە بینەری شانۆ هەیەتی زۆر سنووردارە و دەبێ بینەر ئەم سەرنجدانە لەگەڵ رووداوە یەک لە دوای یەکەکان و بەردەوام دا لەبەر بکات. هەروەها پێویستە لە تەواوی ئەوکاتەدا کە نمایشەکە بەردەوامە کاری تازە بکرێت. ناوەڕۆکی شانۆگەری دەبێ دەسبەجێ بۆ بینەر ئاشکرا بکرێت و فراوان کردن و بەرەوپێش چوونی (ناوەڕۆک) دەبێ پەیڕەوی لە (رێچکەیەکی) دیاریکراو بکات، بەبێ ئەوەی شانۆنوس رێگا هەتڵە بکات و بچێتە سەر کوێرەڕێ لاوەکییەکان. هەروەها پێویستە حیواری ئەکتەرەکان زیندوو بێ و ئاماژە و ئامانجی روون و ئاشکرابێت و حیوارەکە بە جۆرێک دەربڕدرێت کە گوێگر لە ماناکەی تێ بگات بێ ئەوەی ناچار بە تێرامان و



بیرکردنەوە بێت. پێویستە ئەکتەرەکان لەگەڵ یەکتریدا (گونجاو) بن و بە ئاسانی بچنە نێو دەرک و دیدی بینەرەوەو کەسایەتی ئەو ئەکتەرانە هەرچەندە ئاڵۆز و تێکەڵ و پێکەڵێش بێت، دەبێ ئەو ئاڵۆزییە پەسندکراو و شیاوی قبووڵ کردن بێت. شانۆگەری، هەرچەندە بچووک و کورتیش بێت، ناتوانێ بێ سەروبن بێت و پێویستە بناغەیەکی تۆکمەو پێکهاتەیەکی قایم و پتەوی هەبێت. کاتێک ئەو شانۆ نووسەی بوو بە خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانە (ئەمانەش ئەو تایبەتمەندیانەن کە بە بڕوای من بۆ نووسینی شانۆگەری پێویستن: ئەو شانۆگەرییەی کە دێتە سەر تەختەی شانۆو نمایش دەکرێت! بینەران بە تام و چێژەوە لە دەسپێکەوە تا کۆتایی سەیری دەکەن) ئەوسا دەست دەکات بە نووسینی رۆمان، ئەوکاتە خاوەنی باڵادەستییە. چونکە فێربووە بە کورتی شت بنووسێت و پەی بە بایەخی رووداوە بە پەلەکان بردووەو فێربووە کە لە رێگادا خۆی نەنیخێنێ و بەردەوام بێت لە شوێن کەوتنی بابەتەکەی و بە چیرۆکەکەیەوە بەرەوپێش بڕوات. فێربووە کارەکتەرەکانی ناچار بکات تا بۆ خۆیان و بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە وەسف، لە رێگای قسەکردن و کارەکانیان، تایبەتمەندییە رۆحی و فیکری و ئەخلاقییەکانیان ئاشکرا بکەن. لەم رووەشەوە کاتێک دەیەوێت لە سەر (بوم(٨))ێکی گەورەتر کار بکات کە رۆمانەکەی بە شیاو و گونجاوی دەزانێت، نەک هەر دەتوانێت لەو باڵادەستیە بەهرەمەند بێت کە تایبەتە بە (قاڵب)ی رۆمان، بەڵکو ئەو پەروەردەیەی کە لە کاری شانۆنووسیندا پێی گۆش کراوە، ئەو توانایەی پێ دەبەخشێت تا رۆمانەکەی زیندوو رووداوەکانی (چالاک)و بە جۆش بکات. ئەمانە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی بەرزن و زۆربەی رۆماننووسە زۆر باشەکانیش جگە لە بەهاکانی تری کارەکەیان، لە کارەکانیاندا ئەم تایبەتمەندیانەیان نەبوو، هەربۆیەش ناتوانم ئەو ساڵانەی کە فیلدینگ تێیاندا خەریکی شانۆ نووسین بووە بە فیڕۆ چوو لە قەڵەم بدەم. بەڵکو بە پێچەوانەوە لەو بڕوایەدام کە ئەو ئەزموونەی کە فیلدینگ لەو ساڵانەدا وەریگرت، کاتێک ویستی رۆمان بنووسێت زۆر بەکەڵکی هات. فیلدینگ ئەو کاتەی کە هێشتا هەر خەریکی کاری شانۆ بوو، لەگەڵ (شارلوت کرادوک)دا زەماوەندی کرد. شارلوت یەکێک بوو لەو سێ خوشکانەی کە لە (سالیسبوری) دەژیان و هیچ زانیارییەکمان دەربارەی نییە جگە لەوەی جوان و دڵفڕێن بوو. فیلدینگ لە رۆمانی (سۆفیا)دا وەسفی کردووەو لەم رووەوە خوێنەری (تۆم جۆنز) دەتوانێت زانیاری زۆر ورد

به دەست بێنێت کە شارلوت لە پێش چاوی مێردو سەوداسەرەکەی چۆن بووە. فیلدینگ وەکو مێردێک، پیاوێکی میهرەبان و بە جۆش بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پیاوە بوو کە پێشتر باسمان کرد، ئەگەری زۆر هەیە کە بە ئەمەک نەبووبێت. بێ شک لەو بێ ئەمەکییەی خۆی دڵگران دەبوو، بەڵام دەتوانرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە ئەو دڵگرانییەی نەدەبووە بەربەست لە بەردەمیدا کاتێک کە ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و جوان لەسەر رێگا لێی قوت دەبۆوە، هەناسەبڕکێی پێنەکەوێت. لەگەڵ شارلوت کرادوکدا، هەزارو پێنج سەد لیرەی وەچەنگ کەوت. کەسێکی ئاگادار گوتوویەتی کە ئەو پارەیە باوانی ژنەکەی بووە، یەکێکی تر دەڵێت فیلدینگ بە میرات بۆی بەجێمابوو. بە هەر حاڵ هەرچۆنێک بێت لە دوای ئەوەی کە یەکێک لە کۆمیدیاکانی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەو پارەیەی کە هاتبووە دەستی، چووە سەر مولّکە بچووکەکەی خۆی لە (ئیست ستور)و هەروەکو ئارتۆر مۆرفی دەڵێ: (ئەوێ زۆر قەرەباڵغ بوو و ژمارەیەکی زۆری خزمەتکار هەبوون و خزمەتکارەکانی جلی گرانبەهای زەردیان لەبەر دەکرد) بیوگرافی (ژیاننامە) نووسانی دواتر، خۆیان زەحمەت داوە تا وا نیشان بدەن کە ئەم بەسەرهاتە زێدەگۆیی تێدایە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە هەتا ساڵی (١٧٣٦)، واتە دوو ساڵی دوای ئەوەی فیلدینگ زەماوەندی کرد، دەستی لە بنی هەمبانەوە هاتەدەرێ و پارەوپولی بە دەستەوە نەماو گەڕایەوە بۆ شاری لەندەن بۆ ئەوەی شانۆگەری زیاتر بنووسێت و هۆڵێکی نمایش کردن لە (هیمارکێت(٩)) بەرێوە ببات. ساڵێک دوای ئەوە، کاتێک (یاسای مۆڵەت پێدان) لە ئەنجوومەن بە تێکڕای دەنگ پەسند کراو بەو شێوەیە کۆتایی بەو چالاکیانە هێنا، فیلدینگ ژن و یەک منداڵی هەبوو و پارەیەکی زۆر کەمی بە دەستەوە بوو. بۆیە ناچار بوو بۆ گوزەرانی ژیان رێگایەکی تر بدۆزێتەوەو بوو بە ئەندامی (سەنتەری پارێزەران). سەرەڕای ئەوەی کە جار جارە فیلەکەی یادی هیندوستانی دەکردەوەو بەرەو رابواردنی نێو شاری دەبرد، بەڵام بڕوانامەی پارێزەری لەوادەی دیاری کراوی خۆیدا وەرگرت و بە کۆششێکی شایستە، دەستی بە کاری پارێزەری کرد. بەڵام رابواردنی سەردەمی لاوێتی لە بنی هێنابوو و وەکو زۆربەی خەڵکی ئەو سەردەمە بە دەستی نەخۆشی (نێقرس(١٠))ەوە دەیناڵاند. هەر بۆیەش بە شەپرێوی گەڕایەوە سەر پیشەکەی جارانی و قەڵەمی گرتەوە دەست و وتاری سیاسی و یەک دوو شانۆگەری و چەندین وتاریشی بۆ



رۆژنامەی (شامپیۆن) نووسین: لە ساڵی (١٧٤٢)دا رۆمانی (جۆزێف ئاندرۆز)ی نووسی و ئەمە یەکەم رۆمانی بوو کە بڵاودەکرایەوە. بەڵام وای بۆ دەچن ئەمە یەکەمین رۆمان نەبووە کە فیلدینگ نووسیوویەتی، بەڵکو دەڵێن یەکەم رۆمانی بە ناوی (جۆناتان وایڵد) بووە. بەڵام کاری من نییە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ لە سەر چالاکییە ئەدەبییەکانی فیلدینگ بکەم. ئێستا دەبێ تەنیا باسی ئەو چەند بابەتە بکەم کە لە ژیانی ویدا روون بۆتەوە، کەمێک دوای بڵاوکرانەوەی رۆمانی (جۆزێف ئەندرۆز) ژنە نەشمیلانەکەی بە نۆبەتێ مرد. ژنەکەی لە باوەشی فیلدینگدا گیانی سپاردو مێردەکەی تووشی پەژارەو خەفەت کرد. لە دوای مردنی ژنەکەی هەتاکو چەند ساڵێک فیلدینگ بەرهەمێکی وای نەنووسی کە گرنگییەکی ئەوتۆی هەبێت. فیلدینگ وتاری لایەنگری لە دەوڵەتی بۆ دوو رۆژنامەی (ترۆپاتریۆت)و (جاکۆبایت جۆرناڵ) دەنووسی و کاتێک ئەو رۆژنامانە داخران، مووچەی خانەنشینیان بۆ فیلدینگ بڕیەوە. بەڵام فیلدینگ هەر لە بنەڕەتدا کابرایەکی دەسبڵاو و حەزی لە زێدە مەسرەفی بوو هەر بۆیەش باری مادی گۆڕانی بەسەردا نەهات و هەروەکو جاران شەپرێو بوو.

بەسەرهاتێکی لێدەگێڕنەوە کە ئەخلاق و خەسڵەتە دەروونییەکانی فیلدینگ ئاشکرا دەکات: (بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی کە وەکو باج قەرزاری دەوڵەت بوو بداتە ئەو فەرمانبەرەی کە راسپێرابوو باج کۆ بکاتەوە، (ئەندرۆ میلیر) کە بەرهەمەکانی بۆ بڵاو دەکردەوە، ناچاری کرد تا پارەی پێشەکی بداتێ، پاشان تووشی هاوڕێیەکی خۆی دەبێت کە گوزەرانی زۆر لە خۆی خراپترە، هەر بۆیەش ئەو پارەی کە وەریگرتبوو دەیداتە هاوڕێکەی و کاتێکیش کە فەرمانبەری باج کۆکردنەوە دێتە لای، ئەم پەیامەی بۆ دەنێرێ: هاوڕێیەتی، داوای پارەی لێکردم و پارەکەم دایە ئەو، با فەرمانبەری باج وەرگرتن، کاتێکی تر سەردانم بکات). فیلدینگ چوار ساڵ لە دوای مردنی ژنەکەی، لەگەڵ کارەکەرەکەی خۆیدا کە ناوی (ماری دانیال) بوو، زەماوەندی کرد. بەڵام هاوڕێکانی لەو کارەی فیلدینگ داچڵەکین و کچە مامەکەی «حضرت علیە(١١) ماری وێرتلی-مۆنتاگۆ»ی کاغەزنووس(١٢) بە فیزێکەوە سەرزەنشتی ئەو کارەی فیلدینگ-ی کرد، بەو مانایەی کە فیلدینگ ئەو کارەکەرەی کە چێشت لێنەری خۆی بوو بە زەوقی هێناوە) ماریا دانیاڵ گەرچی زۆر جوان و دڵفرێن نەبوو، بەڵام ئافرەتێکی زۆر بەرێز بوو و

فیلدینگ لە چاکە زیاتر قەت بە خراپە باسی نەکردووە. خاتوو فیلدینگ-ی دووەم (ماریا دانیال)، ژنێکی زۆر شەریف بوو و بە باشی سەرپەرشتی مێردەکەی خۆی دەکرد (چونکە فیلدینگ تا رادەیەک پێویستی بە سەرپەرشتی و وریا لێبوون هەبوو) هەروەها دایکێکی باشیش بوو و دوو کوڕو کچێکی بۆ مێردەکەی بەرهەم هێنا. فیلدینگ لە نێو ئەو کۆمەڵە هاوڕێیەدا کە لە دواناوەندی (ئیتێن) پەیدای کردبوون و هاوڕێیەتیان هەر بەردەوام بوو، جۆرج لیتلتۆن، ئەندامی یەکێک لە بنەماڵە سیاسە بەرجەستەکان و پشتیوانێکی دڵاوای ئەدەبیات بوو. (هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، بنەماڵەی لیتلتۆن هەر بە ناوبانگ و بەرجەستەیە(١٣)) جۆرج لیتلتۆن، لە (١٧٤٤)ەوە هەتا ساڵی (١٧٥٤) وەزیری دارایی بوو و لە ساڵی (١٧٤٨)دا توانی فیلدینگ بکاتە (سەرۆکی دادگای ناحیەی) وێست مینیستێر. فیلدینگ بە هۆی ئەو ئەزموونەی کە لە پارێزەریدا و ئەو زانیارییەی کە لە ژیان هەیبوو و توانا سروشتییەکانی خۆی، شایستەی ئەو کارە بوو. واش دەردەکەوێ کە ئەرکەکانی خۆی بە باشی و لێوەشاوەیی ئەنجام دەدا. کەمێک دوای وەرگرتنی ئەو پۆستە، بە سەرۆکی (دادگای خۆجێیی(١٤)) هەڵبژێردراو لە شەقامی (بو) خانووێکی بەکرێ گرت. فیلدینگ دەڵێ: بەرلەوەی ئەو ببێتە سەرۆکی ئەو دادگایە، داهاتی ئەو پۆستە ساڵانە پێنج سەد لیرەی پۆخەڵ بوو، بەڵام ئەو لە سێ سەد لیرەی پاقژ زیاتر لەو پۆستە وەری نەدەگرت. ڕۆمانی (تۆم جۆنز)ی لە ساڵی (١٧٤٩)دا بڵاوکردەوەو لە بەرامبەردا حەوت سەد لیرەی وەرگرت. لەبەرئەوەی لەوە دڵنیام کە پارەی ئەو وەختە چوار تا شەش ئەوەندەی ئێستا بڕی کردووە، بۆیە ئەم بڕە پارەیە بەسێ تا چوار هەزار لیرەی ئێستا دەخەملێندرێ و ئەم بڕە پارەیە لە بەرامبەر ڕۆمانێکدا بۆ ئەمڕۆ لە بەریتانیا پارەیەکی کەم نییە. بەڵام لەو کاتەدا باری تەندروستی فیلدینگ زۆر خراپ بوو و ئەو نەخۆشییەی کە پێشتر باسمان کرد شاڵاوی بۆ دەهێناو ناچار دەبوو زۆربەی کاتەکان بچێتە (باس(١٥)) یان ئەو هەوارەی کە لە نزیک شاری لەندەن هەیبوو بۆ ئەوەی پشوو بدات و بێتەوە سەرخۆی. بەڵام دەستی لە نووسین هەڵنەگرت و چەند شتێکی نووسی کە پەیوەندی بە کارەکەیەوە هەبوو. دەڵێن یەکێک لەوانە بە ناوی (لێکۆڵینەوە دەربارەی هۆکاری مەترسیداری دزەکان) بوو کە ڕێگای خۆش کرد تا یاسای بەناوبانگی (جین) پەسند بکرێت. هەروەها ڕۆمانی (ئێمێلیا)شی نووسی کە پاڵەوانە ژنەکەی ئەو ڕۆمانە



دیسان لە سەر ژنە ئازیزە لە دەست چووەکەی (شارلوت) کۆپی کرابوو. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی (١٧٥٢)دا چاپ و بڵاوکرایەوەو لە هەمان ساڵدا، هێزی چالاکی فیلدینگ بە رادەیەک بوو کە هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی سێهەمدا بە ناوی (کاونت گاردیەن جۆرناڵ) کردو هەتا نۆ مانگان بەردەوام بوو. باری تەندروستی فیلدینگ ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەچوو و لە ساڵی (١٧٥٤)دا لە دوای تەفروتونا بوونی (تۆڕێکی پیاوکوژو تاوانباران) کە ترس و دڵەڕاوکێیان لە نێو خەڵکی شاری لەندەندا دروست کردبوو، دەستی لە کار کێشایەوەو شوێنەکەی خۆی بۆ (جۆن فیلدینگ)ی زڕ برای چۆڵ کرد. دیاربوو تەنیا یەک شانسی مابوو بۆ ئەوەی نەمرێت، ئەویش ئەوە بوو کە بچێتە وڵاتێک کە ئاووهەوای لە بەریتانیا سازگارتر بێت بۆیە لە حوزەیرانی ساڵی (١٧٥٤)دا بە پاپۆڕێکی نەفەرهەڵگر کە ناوی (شاژنی پورتوگال) بوو و خاوەنەکەی ناوی (ریچارد وێک) بوو، وڵاتی بەرەو شاری لشبۆنە بەجێهێشت. لە مانگی ئابی هەمان ساڵدا گەیشتە پایتەختی پورتوگال و لە دوای دوو مانگان مردو لە گۆڕستانی ئینگلیزەکان تەرمەکەیان ناشت. کاتێک ژیانی فیلدینگ دێنینە پێش چاوی خۆمان کە لەبەر کەمی ئەو زانیاریانەی دەربارەی ژیانی وی لەبەر دەستدایەو بە کورتی باسم کردووە، تەنیا شتێک کە هەستی پێدەکەم ئەوەیە کە: ئەو پیاو بوو، کەیفی بە جامی مەی دەهات و کەمێک قومارچی بوو و ژنی خۆشدەویستن. وەکو زۆربەی ئێمەومانان لەو گوناهانەی دەیکردن پەشیمان بوو، بەڵام کاتێک هەلی بۆ دەڕەخسا دووبارەی دەکردنەوە. توندوتیژ، بەڵام دڵساف بوو، دڵاواو لە سەردەمێکی گەندەڵدا، بە ڕەوشت بوو و مێردو باوکێکی بە سۆز بوو. دلێرو راستگۆ و بۆ دۆستەکانی هاوڕێیەکی باش بوو، ئەو کەسانەی کە تا ڕۆژی مردنی، بەرامبەری بە ئەمەک بوون. فیلدینگ لەگەڵ ئەوەشدا کە لە بەرامبەر کەموکوڕییەکانی خەڵکدا هێمن و پشوو درێژ بوو، بەڵام لە دووڕوویی و دڕندایەتی بێزاربوو. بە سەرکەوتن، خۆی لێنەدەگۆڕاو بە فڕوجێک و شووشە شامپانیایەک، بە قەناعەت و خۆڕاگری لەگەڵ (نەهامەتی)دا هەڵی دەکرد. ژیانی بەهەر بارێکدا سوڕابا رازی دەبوو و بە خولقێکی خۆش و ڕوویەکی کراوەوە ئەوپەڕی چێژی لێوەردەگرت. لە راستیدا زۆر وەکو (تۆم جۆنز)ی خۆی دەچوو. ئێستا دەمەوێت هۆشداری بدەمە هەموو خوێنەرێکی تازەی تۆم جۆنز (گرنگترین ڕۆمانی فیلدینگ) کە ئەگەر میزاج ناسکۆڵەیەو،

وا باشترە دەست نەداتە ئەم کتێبە. ئۆستین روبسۆن قسەیەکی جوانی کردووە کە دەڵێ: (فیلدینگ قەت وای نیشان نەدا کە دەیەوێت نموونەگەلێکی کەماڵی مرۆیی (کمال انسانی) بخولقێنێ، بەڵکو ویستوویەتی وێنەی دیمەنێکی خەڵکی ئاسایی بکێشێت. رەنگە زیاتر: بە شێوەی دەست پێدا نەهێنان و (نەرازاوە) نەک رازاوەو مشت و ماڵ کراو هەروەها سروشتی نەک دەستکرد. ئاواتی ئەوەبوو کە ئەو کارە بە راستگۆییەکی رەها بە ئەنجام بگەیەنێت و نە لە خەوش و کەموکورییەکان کەم بکاتەوە نە بە جۆرێکی دیکە نیشانیان بدات) لە راستیدا فیلدینگ بۆ یەکەمجار بوو کە لە رۆمانی ئینگلیزیدا وەسفی پیاوێکی راستەقینەی کرد. خاتوو (هانۆمەر)، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوەو دەڵێ: قەت دوکتۆر جۆنسۆن لێی تووڕە نەبووە تەنیا یەک جار نەبێت ئەویش ئەو جارە بوو کە خاتوو (هانۆمەر) ئاماژەی بە بەشێکی بەچێژی رۆمانی تۆم جۆنز کرد. جۆنسۆن پێی گوت: (لەوەی کە دەبینم باسێک لەو کتێبە شەرەنگێزە دەگێڕیەوە بە راستی هەراسان دەبم و زۆر بە داخەوە کە گوێ بیستی ئەوە دەبم کە ئەو کتێبەت خوێندۆتەوە. ئەو دان پیانانەی کە هیچ خانمێکی بە حەیا نایکات. هیچ کتێبێکم بێ شک نایە لەو کتێبە پیسترو بۆگەنتر بێت). بە پێچەوانەوە، من دەڵێم کە خانمێکی بە حەیاو شەرەف کارێکی زۆر چاک دەکات کە پێش ئەوەی شوو بکات ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە. چونکە ئەو کتێبە باس لە هەموو ئەو راستیانەی ژیان دەکات کە خانمێکی بە ئابرو و پێویستی بە زانینیان هەیەو بابەت گەلێکی زۆری دەربارەی پیاوان بۆ روون دەکاتەوەو پێی دەڵێ، ئێمەش ئەو بابەتانەن کە خانمێکی بە حەیا بەرلەوەی پێ بنێتە نێو ئەو قۆناغە دژوارەوە، بە دڵنیاییەوە بە کەڵکی دێت. بەڵام قەت هیچ کەسێک بە چاوی بێ مەرامانە سەیری دوکتۆر جۆنسۆنی نەکردووە. ئەو هەرگیز رێزو نرخی ئەدەبی بۆ فیلدینگ دانەدەناو جارێکیان بەبێ مێشک وەسفی کرد. کاتێک بازۆڵ رەخنەی لەو قسەیە گرت و دژی وەستا، جۆنسۆن گوتی: (مەبەستم لەوەی کە دەڵێم بێ مێشک ئەوەیە کە مایەپووچێکی گەمژە بوو). بازۆڵ وەڵامی دایەوە: (کاکە گیان، ئایا ئەوەت قبووڵ نییە کە ئەو دیمەن گەلێکی زۆر سروشتی لە ژیان کێشاوە؟) جۆنسۆن گوتی: (زۆر سەیرە کاکە گیان، ئەو دیمەنەی ئەو دەیکێشێ پەیوەستە بە ژیانێکی زۆر سادەو بۆتە قاوانی سواو. ریچاردسۆن بەردەوام دەیگوت کە ئەگەر فیلدینگ-ی نەناسیبا وایدەزانی مەیتەر بووە).



بەڵام ئێستا لە دیمەنی رۆماندا، لەگەڵ ژیانی ئاسایی و سواودا راهاتووین و لە (تۆم جۆنز)دا ئەو شتەی تێدانییە کە رۆماننووسەکانی سەردەمی خۆیان، ئێمەیان لەگەڵدا ئاشنا نەکردبن، رەخنەگرە شەپرێوەکان هەوڵیان داوە رووداوێک شی بکەنەوەو لێکدانەوەی بۆ بکەن کە بە گشتی لە ژیانی میستەر (جۆنز)دا بە شیاوی سەرزەنشت ئامێزترین رووداو لە قەڵەم دەدرێت. خاتوو (بلاستۆن) عاشقی جۆنز بوو و تێگەیشت کە جۆنز بێ مەیل نییە کە ئاواتەکەی بێنێتەدی. لەو وەختەدا جۆن زۆر دەستکورت بوو و خاتوونیش زۆر دەوڵەمەند. خاتوون، زۆر سەخاوەتمەندانە جۆنزی لەو تەنگانەیە رزگار کرد کە بە هۆی هەژاری و نەدارییەوە تێی کەوتبوو. زۆر باشە، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە پارە وەرگرتن لە ژن، بۆ پیاو دەبێتە مایەی شەرمەزاری، جگە لەوەش ئەو کارە هیچ سوودێکی نییە. چونکە لەو جۆرە کاتانەدا، خانمە دەوڵەمەندەکان زۆر لە بایەخی پارەکەیان زیاتر لە پیاوداوا دەکەن. خاڵێکی زۆر سەرنج راکێش لە ژیانی عاشقانەی تۆمدا هەیە کە رەنگە بایەخی ئەوەی هەبێت ئاماژەی پێ بکەم. ئەویش ئەوەیە کە ئەو زۆر دڵسۆزو راستگۆیانەو لە ناخی دڵییەوە سەوداسەری (سۆفیا)ی دڵفرێن بوو، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی لەگەڵ هەر ژنێکدا دەبەست کە شۆخ و شەنگ و رام بوایە و لە پانتایی چێژە جەستەییەکاندا، ئەسپی خۆی تاو دەدا و لەو کارەش هەستی بە وورووژانی ویژدان نەدەکرد. بەڵام سەرەرای ئەو رووداوە نێواخنانە، سۆفیای خۆشدەویست. فیلدینگ ئەوەندە تێگەیشتنەی هەبوو کە پاڵەوانەکەی خۆی، لە پیاوێکی ئاسایی بەرەڵا پاکتر دروست نەکات. ئەو دەیزانی کە ئێمەی مرۆڤ، ئەگەر ئەو ئاقڵەی بەیانیان هەمانە شەویش وابووینایە، هەموومان خۆپارێزتر دەبووین. تۆم جۆنز زۆر باش دروستکراوە و رووداوە جۆراوجۆرەکانی زۆر بە کارامەیی بە دوای یەکدا دێن.

فیلدنیگ لە رووداوەکانی نێو چیرۆکدا، هەر هێندە گوێی دەدایە (چاوەڕوانکراو) کە پێشینەکان (هاوسەبکەکانی خۆی) گرنگیان پێیدەدا. مەبەست لە پێشینە هاوسەبکەکانی خۆی، ئەو رۆماننووسانەن کە پاڵەوانەکانی خۆیان لەلات و پات و بێ کارەکان هەڵدەبژارد. هەر بۆیەش لە رۆمانەکەیدا چاوەڕوان نەکراوترین رووداو رووەدەدات و زێدەگۆیی ترینی رێکەوتەکان، کارەکتەرەکانی رۆمانەکەی وی پێکەوە کۆدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە بە پەلەو هەراو هۆریایەکی بە تام چێژی ئەوتۆ بەرەوپێش دەبات کە بە زەحمەت و بەهەر حاڵ،

کەمتر مەیلی ئەوەتان هەیە نارەزایەتی دەربڕن. کارەکتەرەکانی رۆمانی(تۆم جۆنز)، بە رەنگە توندە سەرەتاییەکان و چاو قایمی و بوێری کە پەلەکردن و گوێ پێ نەدان تێیاندا بەرچاو دەکەوێت، وێنەیان کێشراوە. ئەگەریش وردبینی لە کێشانی ئەو وێنانەدا تا رادەیەک رەچاو نەکراوە، لەبەرئەوەیە کە زۆر زیندوون، قەرەبووی ئەو کەموکورییە کراوەتەوە. بە داخەوە دەبێ بڵێم کە میستەر (ئالڤاریسی) هاوکارێکی ئەوەندە باش و نازەنینە کە ناتوانرێت بڕوا بە بوونی بکرێت. بەڵام لێرەدا ئەویش وەکو هەموو رۆماننووسەکانی ئەو سەردەمە، کە هەوڵی دا وێنەی مرۆڤێکی لە سەدا سەد خۆپارێزو چاکەکار بکێشێت، دەستەوەستان بووە. تاقیکردنەوەنیشان دەدات کە مەحاڵە رۆماننووس بتوانێت بوونەوەرێکی ئاوا، بە جۆرێک بخوڵقێنێ کە کەمێک گەمژە دەرنەچێت. مرۆڤ لە دەستی کارەکتەرێکی ئاوا نەرم و نازەنین نارەحەت دەبێت کە تا ئەو رادەیە ملکەچ دەبێت تا زەقترین فرت و فێڵی بە سەردا بسەپێنرێ. دەڵێن گوایا (رۆلف ئالێن) کە خەڵکی (پرایر پارک) بوو، نموونەی سەرەکی (ئالڤاریسی) بووەو هەر دەربارەی وی بوو کە (ئەلێکساندر پۆپ(١٦)) گوتی: لێگەڕێن با (ئالێن)ی بێ فیز، بە شەرمێکی ناهەموار مشتومالێکی باش بکرێت. کاتێکیش کە دیتی هەموو دەزانن کە مرۆڤێکی باشە، لە شەرمان سوور هەڵگەڕا. ئەگەر وایە ئەو وێنەیەی کە فیلدینگ لێی کێشایەوە دەقیق بێت. ئەم خاڵە تەنیا ئەو دەردەخات: کە ئەو کارەکتەرەی راستەوخۆ لە دیمەنی ژیان وەرگێراوە، لە چیرۆکدا هەرگیز نابێتە ئەو بوونەوەرە کە خوێنەر قایل بکات. لە لایەکی دیکەشەوە بڕوا وایە کە (بێلفیڵ) ئەوەندە نارێکە کە هەبوونی واقیعی نییە. فیلدینگ بۆ خۆی لە فریودان و روپامایی هەراسان بوو و ئەوەندە لە (بێلفیڵ) بێزار بوو کەرەنگە زیاد لە پێویست بە دزێوی نیشان دابێت. بەڵام بێلفیڵ کە پیاوێکی چاوچنۆکەو هۆش و هەستیاری (Fish) بەش نەدراوەو مایە پوچ و لە بنەوەبڕو خۆپەرست و هێمنە، سەرو سەکوتێکی ئاسایی نییە. تەنیا شتێک کە بێلفیڵ لێی دەترسێت ئەوەیە کە مەبادا ئەوەی لە بن بەرەکەیەتی بێتە سەر بەرەو هەر ئەو ترسانەشیەتی کە رێگای پێ نادا مەبەستە گڵاوەکانی بخاتە واری کردارییەوە. بەڵام خەوشی گەورەی بێلفیڵ ئەوەیە کە بێ گیانەو لاشەیەکی دەستکردە (Dummy). لە خۆمم پرسیوە کە ئایا هۆی ئەوە ناگەرێتەوە بۆ هەستی غەریزەیی خولقێنەرەکەی (فیلدینگ) کە وای لێکدابۆوە ئەگەر بێت و رۆڵێکی بەرجەستەو باشتری



پێ بسپاردایە، کارەکتەرێکی وا بەهێزو شومی لێ دروست دەکرد کە هاوسەنگی چیرۆکەکەی تێک دەدات؟. رۆمانی تۆم جۆنز بە سەبکێکی زۆر دڵگیر نووسراوەو ئەم شێوازە نووسینە سروشتی ترو پاراوترە لە سەبکی (جێین ئۆستن) کاتێک کە رۆمانی (هەراڵی و دەمارگیری) وی پەنجا ساڵ دواتر نووسرا. پێم وایە رەنگە هۆیەکەشی ئەوە بێت کە فیلدینگ شێوازی نووسینی (ئەدیسۆن(١٧))و (ستیل ١٨)ی کردە سەرمەشقی خۆی. (جێین ئۆستن)- بێ ئەوەی بۆ خۆی هەستی کردبێت- رەنگە کەوتبێتە ژێر کاریگەری سەبکە درشتەکەی دوکتۆر جۆنسۆنەوە - کە ئاگامانی لێیە نووسینەکانی وی دەخوێنیەوەو ستایشی دەکردو هەروەها نووسەرەکانی سەردەمی خۆشی کاریان تێکردبوو، ئەو نووسەرانەی کە تارادەیەک سەبکی دوکتۆر جۆنسۆن-یان هەڵبژادربوو. وتویانە، لە بیرم نەماوە کێ وای وتووە، کە سەبکێکی باش دەبێ وەکو قسەکردنی مرۆڤێکی پەروەردەکراو بێت، ئەمەش رێک ئەو شتەیە کە سەبکی فیلدینگ لە شێوەیەتی. فیلدینگ لەگەڵ خۆێنەردا خەریکی قسەکردنەو چیرۆکی (تۆم جۆنز)ی بۆ دەگێڕێتەوە. هەروەکو چۆن دەیتوانی لە سەر نان خواردن و شووشە شەراب بە دەستەوە، بۆ چەند هاوڕێیەکی خۆی بگێڕێتەوە. فیلدینگ غلدەوبلدە بە قسەکانی ناکات و لەم رووەوە، هیچی لە نووسەرێکی ئەمڕۆیی کەمتر نییە. سۆفیای شۆخ و شەنگ و داوێن پاک، بە رەواڵەت لەگەڵ وشەی وەکو:

(قەحپە)، (بیژو)، (جندە)و هەروەها ئەو وشەیەی کە ئاشکرا نییە بۆچی فیلدینگ لە جیاتی (bitch) نووسیویەتی (b-ch) کە بە مانای (دێڵە سەگ) دێت، راهاتووبوو. لەراستیدا، کاتی ئەوە دێت کە باوکی سۆفیا، یانی جەنابی (وێتێرن) زۆر سەربەستانە بەرامبەر بە کچەی بە کاریان دەبات. بەڵام نووسینی چیرۆک بە سەبکی (حیواری)، کەموکوڕی تایبەت بە خۆی تێدایە. ئەمە ئەو سەبکەیە کە نووسەر لەگەڵ خۆیدا دەتانکاتە خۆمانەو پێتان دەڵێت چ هەست و بۆچوونێکی هەیە بەرامبەر بە کارەکتەرەکانی رۆمانەکەی و ئەو بارودۆخەی تێیدان. لەم سەبکەدا، نووسەر بەردەوام لە تەنیشتتان راوەستاوەو هەر بۆیەش ناهێڵێ راستەوخۆ پەیوەندی بکەن لەگەڵ کارەکتەرەکانی چیرۆکەکەیدا. هەروەها ئەو ئەگەرەش هەیە کە بەو قسانە قەڵستان بکات کە جاری وایە دەربارەی ئەخلاق دەیانکات و هەرکە باز دەدات و دەچێتە سەر باسێکی تر، رەنگە ببێتە مرۆڤێکی بێزارکەر. ئێوە خوێنەرێ رۆمانن و حەزتان لەو قسانە نییە کە دەربارەی ئەم و

ئەو دەیانکات و پێتان خۆشە پاشماوەی بەسەرهاتی چیرۆکەکەتان بۆ بگێڕێتەوە. دەتوانین بڵێین کە بازدانەکانی فیلدینگ هەمیشە ماقوڵانەو بە چێژن و تەنیا خەوشێکیان ئەوەیە کە نووسەر دەیتوانی هەر بە یەکجاری خۆیان لێ لادات. بەڵام بازدانەکان کورتن و فیلدینگ ئەوەندە نەزاکەتەی هەیە کە داوای لێبوردن بکات. بەڵام فیلدینگ پێی لەمە درێژترکرد بۆ هەریەک لەو بەرگانەی کە ڕۆمانی (تۆم جۆنز)یان بەسەردا دابەش کرابوو، وتارێکی وەکو پێشەکی نووسی. هێندێک لە ڕەخنەگران، ئەم پێشەکیانەیان بە بەرزی نرخاندووەو پێیان وایە کە جیاوکی کتێبەکەیان زیاتر کردووە. من وا مەزەندە دەکەم کە هۆی بەرز نرخاندنی ئەو پێشەکیانە تەنیا ئەوەیە کە ڕەخنەگران، وەکو (ڕۆمان) حەزیان لە ڕۆمانەکەی فیلدینگ نەبووە وتارنووس بابەتێک هەڵدەبژێری و لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکات و دەربارەی دەدوێ و ئەگەر بابەتەکە شتێکی نوێی تێدا بێت، ڕەنگە فێری ئەو شتەتان بکات کە پێشتر نەتاندەزانی. بەڵام دۆزینەوەی بابەتی نوێ کارێکی ئەستەمەو وتارنووس، بە زۆری چاوەڕوانی ئەوەتان لێدەکات بەرامبەر بە شێوازی بیرکردنەوەی خۆی حەزتان بجوڵێنێ هەروەها بەو شێوە تایبەتییە خۆی کە مەسەلەکانی پێ دەبینێ. واتە: چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە هەستی ئێوە بەرامبەر بە خۆی ببزوێنێ. بەڵام کاتێک ئێوە خەریکن ڕۆمانێک دەخوێننەوە، بە ئەندازەی سەرە دەرزییەک نووسەرتان بەلاوە گرنگ نییەو ئەمە دوایین کارە کە ئێوە ئامادەن بیکەن. نووسەر پێنووسی بە دەستەوە گرتووە کە چیرۆکێکیان بۆ بگێڕێتەوەو کۆمەڵە کارەکتەرێکتان پێ بناسێنێ ئەو وتارانەی کە فیلدینگ کتێبە جۆراوجۆرەکانی(١٩) پێ ناساندوون، لەبەرئەوەی پێوەندی بە کارەکەمەوە بوو خوێندمنەوە. سەرەڕای ئەوەی کە نکۆڵی لە گرنگی و بایەخیان ناکەم، بەڵام بەبێ تاقەتی خوێندمنەوە. خوێنەری ڕۆمان، پێی خۆشە بزانێ داخۆ لە قۆناغی دواتردا ئەو کارەکتەرانە چییان بەسەر هاتووە کە نووسەر بەرامبەریان هەستی بزواندووەو ئەگەر ئەمەی پێ نەگوترێ هیچ هۆیەک نییە کە ڕۆمان هەر بخوێنێتەوە. چونکە نابێ (خۆ ناتوانم پەیتا پەیتا ئەم قسەیە دووبارە بکەمەوە) وەکو کەرەسەیەک بۆ پەروەردەکردن و بەرزکردنی ڕەوشت سەیری ڕۆمان بکرێت، بەڵکو دەبێ بە سەرچاوەیەکی خۆخافڵاندنی فکری بزانرێت. کاتێک کە دووبارە ئەم لاپەڕانە دەخوێنمەوە، لەوە دەترسێم ئەو هەستەم لە خوێنەردا وروژاندبێت کە ڕۆمانی (تۆم جۆنز) کتێبێکی زبرو ناهەموارەو سەروکاری



لەگەڵ سەر بە گێچەڵ و ئافرەتی سووک و چروک و مرۆڤی بێ نرخ و هەڕەمەکیدا هەیە. بەڵام ئەمە بیرکردنەوەیەکی زۆر هەڵەیە. چونکە فیلدینگ پتر لەوە ئاگاداری ڕاستییەکانی ژیان بوو، کە لە سەر بناغەی بەها ڕەواڵەتییەکان، حوکم لە سەر خەڵک بدات و ئەزموونی خۆی پێی نیشان دابوو کە لە سروشتی مرۆڤدا نییە کە لە سەدا سەد چاو نەبڕێتە بەرژەوەندی و بێ مەرام بێت. چاو نەبڕین و بێ مەرامی کامڵ، زۆر جوانە، بەڵام ئەوەهی ئەم دنیایە نییەو ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکات سادەو بێ ئەزموونە.

فیلدینگ لە نێو چوارچێوەی (سۆفیا وێسترن)دا، وێنەی جوانی و دڵفڕێنی ئافرەتێکی کێشاوە - ئافرەتێکی هێندە دڵفڕێن کە هەرگیز هیچ ئافرەتێک بە قەد وی ئەفسوونی لە خوێنەر نەکردووە. سۆفیا ئافرەتێکی سادەیە، بەڵام گەمژە نییەو داوێن پاکە. گێژو هێژ نییەو خاوەنی توانای ئەخلاقی (Character)و ئیرادەو بوێرییەو جوانە. زانینی ئەم خاڵە هەست بزوێنە کە فیلدینگ لە کاتی دروستکردنی سۆفیادا، ژنە خۆشەویستەکەی (کە بە داخەوە دەبێ بڵێم: زۆر ئازاری چەشتبوو) خۆی لەبەرچاو بوو. پێم وایە ناتوانم لەوە باشتر کۆتایی بە وتارەکەم بێنم کە گوتەکانی ئەو ڕەخنەگرە ژیرە، واتە: جۆرج سێنسبۆری بگێڕمەوە کە دەڵێ: (ڕۆمانی تۆم جۆنز، حەماسەیەکی ژیانە، لە ڕاستیدا حەماسەی بەرزترین و نایابترین و بە جۆشترین دیمەن و قۆناغەکانی ژیان نییە، بەڵکو حەماسەی ژیانێکی ساغ و ئاسایی مرۆڤی ڕەشوکی و ئاساییە، ئەو مرۆڤەی کە فیلدینگ مەبەستی بووە، بە هیچ جۆرێک بێ کەموکوڕی نییە. بەڵام خەسڵەتی مرۆیی تێدایەو واقیعییە. بەو جۆرەی کە جگە لە شکسپیر هیچ کەسێکی تر، لە دنیای گاڵتەجاڕیدا، وای نیشان نەداوە.

## پەراوێزەکان:

١- Edward Gibbon – (١٧٣٧-١٧٩٤) مێژوونووسی بەریتانی کە بەناوبانگترین بەرهەمی بە ناوی دارمـان و کـەوتنی ئیـمـپـراتۆری رۆمـە(The Decline And Fall of the Roman Empire)لەبەر ئەو ناوبانگە زۆرەی کە کتێبەکەی گیبۆن لە لای ئینگلیزی زوانان هەیەتی، مۆم بە شێوەیەکی خۆمانە بە (گیبۆن دارمان و کەوتن) ناوی دەبات.

٢- Feilding – بۆ ئەوەی وا نیـشـان بدەن کـە بە ڕەگـەز ئەڵمـانین و بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سـەر بنەمـاڵەی (هابسبۆرگ).

٣-Eton – ناحیـەیەکە لە کـەناری ڕووباری تایمز لە نزیک لەندەن کە قوتابخـانەیەکی دواناوەندی مـیللی کوڕانەی لێیـە و ناوی تەواوی –Etoncollege– دواناوەندی ئیـتـۆن)ە و مـەبەسـتی مـۆم-یش هەمـان قوتابخانەیە و زۆرێک لە پیاوە گەورەکانی بەریتانی لەوێ خوێندنیان تەواوکردووە.

٤-Leyden – لە شارەکانی ڕۆژئاوای هۆڵەندایە و زانکۆیەکەشی هەر بەو ناوەوەیە.

٥- –Henry Austin Dudson – (١٨٤٠ – ١٩٢١) شاعیر و ڕەخنەگر و بیوگرافی نووسی بەریتانی.

٦- جۆرێک نمایشە بۆ پێکەنین و لایەنی هونەری تێدا نییە (لیبـۆکانێ)شی پێ دەڵێن و بە فـارسی (دلقک بازی) پێ دەڵێن (وەرگێڕ)

٧- مەبەستی نووسەر ئەو کاتەیە کە مۆرفی باسی دەکات و پێدەچێ چەند ساڵێک لە دوای مردنی فیلدینگ بوویێت، چونکە ئێستا پتر لە دوو سەدە بەسەر مردنی فیلدینگدا تێدەپەڕێت. وەرگێڕ.

٨- ئەو پەردەیەی کە وێنەی لەسەر دەکێشرێت – وەرگێڕ.

٩- Haymarket یەکێکە لە شەقامەکانی لەندەن و ناوەندی هۆڵەکانی شانۆگەرییە.

١٠- ئاوسان و ئازار لە لاق و دەستدا بە تایبەتی لە قەمکاندایە پتر ئەو پیاوانە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن کە تەمەنیان لە سەرووی (٦٠) ساڵییە. – وەرگێڕ.

١١- لەبەرئەوەی بنەماڵەی فیلدینگ لە ئەشرافەکان بوون، بۆیە وشەی (Lady) لێرەدا بە (حضرت علیه) وەرگێڕدراوە.

١٢- نامەو عەریزەی بۆ نەخوێندەوارەکان دەنووسی و پارەی لێوەردەگرتن. وەکو عەریزە نووسەکانی لای خۆمان کە لە بەردەم دایرەی پۆستەو مزگەوتی شارا دادەنیشن.

١٣- تا ئەو جـێگایەی کـە وەرگـێـڕ ئاگـادارە، دوایین لیـتلتـۆنی کـە لە مـێـژووی ئەم دواییـانەی بەریتـانیـا بەناوبانگە ئۆلیـڤـێـر لیـتلتـۆن (Oliver littelton)ە کـە ئێـسـتـا بە لۆردی (چاندوز) ناودەبرێت و لە شەڕی دووەمی جیهـانیدا، ئەندامی (کابینەی جەنگ)و (کۆمیـتەی بەرگری) بوو و لە ساڵی (١٩٥١)دا کە پارتی پـارێزگارانی بەریتـانیا دووبارە جڵەوی دەسەڵاتی گرتەو دەست، لیتلتۆن بوو بە وەزیری وڵاتانی بن دەستی بەریتانیاو هەتا هاوینی ١٩٥٤ لەو پۆستەدا مایەوە.

١٤- Quarter sessions – لە بەریتـانیـا بە دادگای خۆجێـتی دەگـوترێ کە هەرسێ مـانگ جارێک پێک دەهێنرێت و دەسەڵاتی سنووردارە لە کاروباری تاوان و یاسایی دا.

١٥- Bath – یەکێکە لە شـارەکـانی باشووری ڕۆژئاوای بەریتـانیـاو سەرچاوەی ئاوی گـەرمی لێـیـەو پێی بە ناوبانگە.

١٦- Alexander pope – (١٦٨٨- ١٧٤٤) شاعیری بەریتانیایی.

١٧- Joseph Addison – (١٦٧٢- ١٧١٩) شاعیرو نووسەرو سیاسەتمەداری بەریتانی.

١٨- Richard Steele – (١٦٧٢- ١٧٢٩) نووسەرو شانۆنووسی بەریتانی.

١٩- مەبەست لە بەشەکانی ڕۆمانی (تۆم جۆنز)ە.

## هێرمان مێلڤیل و موبی دیک

من کتێبی «هێرمان مێلڤیل، گەڕیدەی دەریاو دەروێش» بەرهەمی ڕیمۆند ویڤێر و (هێرمان مێلڤیل) نووسینی لویس مۆمفۆرد و (مێلڤیل لە دەریاکانی باشووردا) لە نووسینی چارلز ڕۆبێرتس ئەندرسۆن و (هێرمان مێلڤیل، تراژیدیای فکری) بەرهەمی ویلیام ئالێری سیج ویک-م خوێندۆتەوەو پێم وا نییە هیچیان خستبێتە سەر ئەو زانیاریانەی دەربارەی مێلڤیل هەمبووە. ڕیمۆند ویڤێر دەڵێت: ڕەخنەگرێکی خۆنەپارێز، هاوکات لەگەڵ سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی مێلڤیل واتە (١٩١٩)دا نووسی: بەهۆی گۆڕانکاریەکی دەروونیەوە کە هەرگیز بەباشی روون نەکراوەتەوە، سەبکی نووسین و ئەزموونی مێلڤیل لە ژیان، بە یەکجاری هەڵگەڕایەوە و گۆڕا) من نازانم بۆچی دەبێ بەرهەمی ئەم ڕەخنەگرە بێ ناوونیشانەیە بەبێ هەڵسەنگاندن وتێبینی کردنەوە بخوێندرێتەوە، چونکە ئەو بابەتێکی وروژاندووە، کە بۆتە جێی سەرسوڕمانی هەموو لایەنگرانی مێلڤیل و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەوردی بڕوانێتە هەموو لایەنە ئاشکرایەکانی ژیانی مێلڤیل و کتێب و نامەکانی دەخوێنێتەوە، تابتوانێت بەهۆیانەوە پەردە لەسەر ئەم نهێنییە هەڵماڵێ- ئەویش ئەو کتێبانەی کە خوێندنەوەی هێندێکیان پێویستی بە ئیرادەی بەهێزو بڕیاردانی جیددی هەیە.

بەڵام سەرەتا ڕێگام بدەن، هەتا ئەوجێیەی کەبیوگرافی نووسان بۆیان روونکردووینەوە، چاوێک بە راستی رووداوەکاندا بگێڕین . ئەم راستیەی بەرواڵەت رووداو، بەڵام تەنیا بەرواڵەت رووداو، کۆمەڵە راستیەکی سادەو ساوان. هێرمان مێلڤیل لەساڵی (١٨١٨)دا چاوی بەدنیا هەڵێنا. باوکی واتە (ئالان مێلڤیل--Allan Melville)و (ماریا گانسیڤۆرت-Maria Gansevoort)ی دایکی خەڵکانێکی بەڕێزو بە ئابڕو بوون. باوکی پیاوێکی ڕەوشت بەرزو دنیا دیتەو ماریای دایکیشی ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و جوان و تەرکە دنیابوو. ئەم ژن و مێردە پێنج ساڵی سەرەتای ژیانی



هاوبەشیان لە ئەلبانیا (شارێکە) بەسەر بردو پاشان لەشاری نیویۆرک جیوار بوون. لەوێ کاروباری ئالان کە وردەواڵە فرۆشی و لە فەڕەنسا را کوتاڵی دەهێنا، هەتا ماوەیەک باش بوو و (هێرمان)یش هەر لەوێ چاوی بەدنیا هەڵێنا. بەڵام لە دەوروبەری ساڵی (١٨٣٠)دا کە بەخت رووی لێوەرگێڕا و هەژاری و دەستکورتی بەرۆکی گرت، گەڕایەوە بۆ ئەلبانیا و لە پاش دووساڵان لە ئیفلاسی داو تەنانەت وەکو دەشڵێن لە شێتیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد. خانەوادەی مێلڤیل لەوپەڕی نەداری و رووت و ڕەجاڵیدا بوو. هێرمان لە فێرگەیەکی کوڕانە دەستی کرد بەخوێندن و پاش تەواوکردنی خوێندن و لەساڵی (١٨٣٤) دا لە (نیویۆرک ستێت بانک) دامەزراو لەساڵی (١٨٣٥) چووە دوکانی کوتاڵ فرۆشی (گانسیڤۆرت)ی برای و دەسبەکار بوو. بۆ ساڵی دواتر چووە کێڵگەکەی خاڵی لە (پێسفیلد-Pittsfield) و دەستی کرد بە ئیش کردن و ماوەیەکیش مامۆستای قوتابخانەی ناحیەی (سایکس)ی دەوڵەتی بوو و لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بوو بە گەڕیدەی دەریا. سەبارەت بەم کارەی قسەو باس و روونکردنەوەی زۆرکراوە، بەڵام من تێناگەم بۆچی لەکاتێکدا کە بۆ خۆی بەروونی باس لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم کارە دەکات، ئێمە دەبێ خەریکی روونکردنەوەو دەسنیشان کردنی هۆکارەکانی ئەو کارەی بین، ئەو بۆ خۆی دەڵێت: (سەرنەگرتنی ئەو نەخشانەی کەبۆ داهاتووی خۆمم کێشابوون، زەرورەتی ئەوەی کە دەبێ بۆ خۆم کارێک بکەم و ئەوحەزە سروشتیەی کە بۆ دەربەدەری و ژیانی ڕەبەنی هەمبوو، ئەمانە هەموویان دەستیان لەنێو دەستی یەکتری نابوو لە دەروونمدا یەکیان گرتبوو تا بەرەو دەریا بەرێم بکەن). مێلڤیل، بێ ئەوەی هیچ ئاکامێکی هەبێت، توانای خۆی لەزۆر کاری جۆراوجۆردا تاقی کردبۆوەو بەگوێرەی ئەوەی کە سەبارەت بە دۆخی دایکی دەیزانین، دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کە لەناڕەزایی دەربڕینی خۆی دوودڵی نەدەکرد. بەڵی، دڵی بەماڵێ خۆشنەبوو بۆیە چووە سەر دەریا، هەروەکو زۆربەی ئەو گەنجانەی کە بەر لە ئەو یان دواتر رۆیشتنە سەردەریا. مێلڤیل مرۆیەکی زۆر سەیر بوو، بەڵام پێویست بەوە ناکات کە لەمیانەی بەسەرهاتێکی ئاساییدا بەدوای سەیر و سەمەرەدا بگەڕێین. مێلڤیل بە لەشێکی تەڕوبڕو پانتۆڵێکی پیناوی و چاکەتی تایبەتی راوێ و لە کاتێکدا کە دینارێکی لەگیرفانێدا نەبوو، گەیشتە شاری نیۆیۆرک. بەڵام ئەو تاپڕەی پێبوو کە (گانسیڤۆرت)ی برای پێدا ناردبوو تا بیفرۆشێت. بە پێیان چووە ماڵی برادەرێکی برایەکەی و ئەوشەوەی لەوێ بەسەر برد. بۆ بەیانی رۆژی دواتر لەگەڵ هەمان

ئەو هاوڕێیەدا چووە بەندەرگا. دوای ماوەیەک گەڕان سووڕان لەو بەندەرگایە، تووشی کەشتیەک بوون کەبەرەو لیڤرپول دەڕۆی و مێلڤیل لەگەڵیدا ڕێک کەوت کەمانگی بەسێ دۆلار وەکو شاگرد لەو کەشتیەدا کار بکات. دوازدەساڵ دوای ئەو رووداوە لە بەرهەمەکەی خۆیدا بەناوی (ڕێدبۆرن) باسی ئەو گەشتەی و گەڕانەوەی و هەروەها نیشتەجێ بوونی لە لیڤرپول نووسیەوە. مێلڤیل ئەو بەرهەمەی خۆی بەبێ بایەخ دەزانی، لەکاتێکدا کە بەرهەمێکی سەرنج ڕاکێش و زیندووە کە بە ئینگلیزییەکی کۆن بەڵام سادەو بێ گرێ وگۆڵ و خۆ زەحمەت دان نووسراوەو یەکێکە لە باشترین بەرهەمەکانی. سەبارەت بە گوزەراندنی ئەو سێ ساڵەی دواتری، زانیارییەکی ڕاست و دروست لەبەردەستدا نییە. بە گوێرەی ئەو راپۆرتانەی کە پشت راست کراونەتەوە، لەشوێنی جیاجیا خەریکی وانە وتنەوەبووە، یەکێک لەو شوێنانە قوتابخانەی (گرینبۆش)ە کە دەکەوێتە ویلایەتی نیویۆرک و مووچەکەی مانگی شەش دۆلارو بیست و پێنج سنت بووە، ئەمە سەرەڕای خواردن و شوێنی حەوانەوەی. لەو سەرو بەندەشدا وتاری بۆ رۆژنامەیەکی خۆجێی دەنووسین کە یەک دوو لەو وتارانە بەردەست کەوتوون: ئەو وتارانە زۆر وشک و بێ گیانن و ئەوەنیشان دەدەن کە نووسەرەکەیان بابەتی لاوەکی و سواوی زۆری خوێندۆتەوە. هەروەها ئەو سەبکە سەیرەش لەو وتارانەیدا بەرچاو دەکەوێت کە هەتا کۆتایی تەمەنیشی هەر نەیتوانی خۆی لێ دەرباز بکات، بەو مانایەی کە بەبێ هیچ بۆنە و هۆیەکەوە، باسی خواوەندەکانی میتۆلۆژی دەکات و ئاماژە بە کەسایەتیە مێژوویییەکان و چیرۆکی و هەموو نووسەرو کتێب دانەرێک دەکات و هەر وەکو ڕیمۆند ویڤێر کە بە جوانی و ناسکیەکی زۆر لە(بۆرتۆن، شکسپیر، بایرۆن، میلتۆن، کۆلریج و چیستێر فیلدەوە بگرە تا دەگاتە پرۆمێتێ و سێندرێک و محەمەد (د.خ) و کیلوپاترا و حەزرەتی مریەم و حوریەکان و مێدسی دەکات و بانگی موسڵمانەکانی دەکردو داوای لێدەکردن تا بێ باکانە نوقمی نووسینەکانی ببن) بەڵام مێلڤین رۆحێکی گێچەڵاوی هەبوو و رەنگە بتوانرێت مەزەندەی ئەوەبکرێت کە چیدی نەیتوانی بچێتە بن باری ئەو ژیانە وشک و دوور لەگێچەڵە کە پێدەچوو هەلومەرج مەحکومی کردبوو تا لەگەڵیدا هەڵ بکات، مێلڤیل، هەرچەندە ژیانی نێو دەریا بەتوندی لەدڵیدابوو، بەڵام بڕیاری دا جارێکی تر رووبکاتەوە نێو دەریاو هەر بۆیەش لە ساڵی (١٨٤١)دا بە کەشتیەکی تایبەتی ڕاوە نەهەنگ بەناوی (ئاکوشێنت) کە بەرەو زەریای هێدی دەڕۆیی، نیوبێدفۆرد-ی بەجێهێشت. کرێکارەکانی نێو ئەو کەشتییە، جگە لە



یەکێکیان هەموو ئەوانی تر ناتێگەیشتوو و توندو تیژبوون. ئەویش کوڕە لاوێکی تەمەن حەڤدە ساڵان بوو بەناوی (ریچارد تابیاس گرێن) کە مێلڤیل بەم شێوەیە وەسفی دەکات: (تابی، سەروسەکوت و رواڵەتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی هەبوو: بەو چاکەتە شینە ئاسمانیەی و پانتۆڵە سپیەکەیەوە کە تایبەت بوو بەدەریاوانەکان، لە هەموو ئەوانی دیکە قۆزتر بوو. گەنجێکی روخسار وردیلەو جوان بوو، لەشێکی زۆر نەرم و نۆڵیشی هەبوو. رەنگی پێستی هەر بە سروشت تاریک بوو، بەهۆی قرچە قرچی گەرماوی ناوچە گەرمەسێرەکان تاریکتر ببوو و کاکۆڵی پڕی دەوری نێوچاوانی دابوو و رەشایی چاوانی رەشتر کردبوو). کەشتی ئاکوشێنت لە پاش پازدە مانگ گەڕان و سووڕان بەنێو دەریادا سەرەنجام لە (نوکاهیوا) کە یەکێکە لە دورگەکانی (مارکساس)، لەنگەری بەردایەوەو ئەو دوو کوڕە لاوەکە کوێرەوەری و ژیانی سەرکەشتی بڕستی لێبڕیبوون و لە توندی و تیژی کەشتیوانیش بێزار ببوون، بڕیاری هەڵاتنیان دا. ئەو دوانە هەتا جلەکانیان دەیبرد توتن و پسکیت و قوماشیان لەگەڵ خۆیاندا برد تا بیدەنە (دانیشتوانی ناوچەکە) و رایان کردو لەنێو ئەو دورگەیەدا خۆیان بزرکرد. سەرەنجام لە دوای چەندین رۆژو بڕینی مەودایەکی زۆر بەپێیان کە بەبێ گیروگرفتیش نەبوو، گەیشتنە دۆڵێک کە شوێنی نیشتەجێ بوونی تای پییەکان (خێڵێکی ئەو ناوچەیە) بوو. لەوێ بەگەرمی پێشوازییان لێکراو دوای ماوەیەک، (تابی) بەبیانووی هێنانی دەرمان بولاقی مێلڤیل کە بەهۆی چەند رۆژ رێ کردن بەسەختی بریندار بوو و بەزحمەت دەیتوانی پێی بڕوات، لەو شوێنە دوور کەوتەوە. بەڵام لە راستیدا لەبەر ئەوە رۆیشت تا کەرەستەیەک بۆ رزگارکردنی خۆی و مێلڤیل-ی هاوڕێی دەستەبەر بکات، چونکە ئەو خێڵە بە خواردنی گۆشتی مرۆڤ بەناوبانگ بوون و لە عەقڵ و خۆپاراستن بەدوور بوو کە زۆر متمانە بەو میوانداری کردنەیان بکرێت. بەڵام تابی هەرگیز نەگەڕایەوەو دواتر دەرکەوت کە هەرکە گەیشتۆتە بەندەرگا، فڕاندوویانەو بردوویانەتە نێو کەشتیەکی راوە نەهەنگ تاکاری پێ بکەن. بەپێی گوتەی خۆی، مێلڤیل چوار مانگان لەنێو ئەو خێڵەدا مایەوەو زۆر بەدۆستانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردو لەگەڵ کچێکدا بەناوی (فیاوی) بووە هاوڕێ و پێکەوە سواری بەلەم دەبوون و مەلەیان دەکرد و هیچ تەنگ و چەڵەمەیەکی نەهاتۆتەڕێ تەنیا ئەوە نەبێ کە دەترسا رۆژێک دابێت بیخۆن. پاشان بە رێکەوت کەشتیوانی ئەو کەشتییەی کە لە بەندەری (نوکاهیوا) لەنگەری بەردابۆوە گوێ بیست بوو کە یەکێک لە کارکەرەکانی کەشتییەکە لەنێو خێڵی (تای پی)

گیری خواردووەو لەبەرئەوەی کە زۆربەی کرێکارەکانی رایان کردبوو تاقمێکی خەڵکی ئەو ناوچەیە کەتێکەڵاویان لەگەڵ خێڵی (تای پی)دا نەبوو و نێوانیان لەگەڵیان خۆش نەبوو، بە بەلەم نارد تا رێگاچارەیەک بۆ رزگارکردنی مێلڤیل بدۆزنەوە. بەپێی قسەی خۆی مێلڤیل خەڵکی ئەو خێڵەی قایل کرد تا رێگای پێ بدەن بچێتە بەندەرگاو لە پاش مشتومڕێکی زۆر کە لەو بگرەو بەردەیەدا بە قەڵانگ یەکێکیانی لە پەلوپۆخست، رزگاری بوو. ژیان لەنێو کەشتی (جولیان)دا کە ئێستا خزمەتی تێدادەکرد، تەنانەت لە ژیانی نێو کەشتی (ئاکوشنێت)یش دژوار تر بوو، بۆیە هەرکە گەیشتنە (پاپێت)، کرێکارەکانی کەشتییەکە راپەڕینیان کردو ماوەی پێنج رۆژ لەنێو کەشتییەکی هێزی دەریایی فەرەنسادا کۆت و زنجیریان کردن و لەدوای دادگایی کردنێک کە لە (پاپێت) بەڕێوەچوو، رەوانەی بەندیخانەی ئەو ناوچەیەیان کردن.

کەشتی (جولیان)یش دوای ئەوەی کە ژمارەیەکی تری کرێکار دامەزراند، درێژەی بەگەشتەکەی خۆی داو گیراوەکانیش لەپاش ماوەیەکی کورت ئازاد کران. لەپاش بەربوونیان مێلڤیل لەگەڵ یەکێک لەوانەی کە پێکەوە گیرابوون و پێدەچوو کە پزیشک بێت بەڵام پێگە کۆمەڵایەتییەکەی جارانی نەمابوو و لە چینی خۆی دابڕابوو، مێلڤیل بە دوکتۆر (لۆنک گۆست) بانگی دەکرد، چوونە یەکێک لە دورگەکانی ئەو هەرێمە بەناوی (ئێمیو) و لەکن دوو جوتیار دەستیان کرد بەکاری پەتاتە چاندن. مێلڤیل ئەو دەمەی کە لە (ماساچوست) لە کێڵگەکەی خاڵیدا ئیشی دەکرد دڵی بە کارەکەی خۆش نەبوو جا چ بگاتە ئەوەی کە دەبوایە ئێستا لەبەر قرچە قرچی گەرمای (پولینیزیا) ئیشێ بکات. دیسان لەگەڵ دوکتۆر لۆنگ گوست-ی هاوڕێیدا دەربەدەر بوونەوەو خواردنی رۆژانەشیان لە خەڵکی ناوچەکە وەردەگرت، تاسەرەنجام مێلڤیل دوکتۆر لۆنگ گۆست-ی هاوڕێی بەجێهێشت و کەشتیوانێکی راوە نەهەنگی کە بۆ خۆی بە (لێڤیاتان) ناوی دەبرد قایل کرد تا لەلای خۆی دایمەزرێنێ و بەسواری ئەو کەشتییە گەیشتە (هۆنۆلۆلۆ. جێی خۆبەتی ئەوەش بزانرێت کە داخۆ لێرە خەریکی چ کارێک بووە، بەڵام وا مەزەندە دەکرێت کە کارێکی ئیداری پەیداکردبێت و پاشان وەکو سەربازێکی ئاسایی هێزی دەریایی (ملاح) لە کەشتییەکی شەڕکەری ئەمریکایی بەناوی (ویلایەتە یەکگرتووەکان)دا دەست بەکاربووبێت و دوای ئەوەی کە ساڵ تێوەرسووڕایەوەو هەرکە گەیشتنەوە وڵات، دەریان کرد. ئێستا پێمان ناوەتە نێو ساڵی (١٨٤٤)ە وەو مێلڤیل تەمەنی بۆتە بیست و پێنج



ساڵ. هیچ وێنەیەکی سەردەمی جحێڵیەی لەبەر دەستدانییە، بەڵام لەسەر ئەو وێنەیەی کە لە پێش پیربوونیدا لێی کێشراوە، دەتوانرێت دیمەنی شکڵ و شێوەو سەروسەکوتی مێلڤیل لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بکێشرێت. دەبێ گەنجێکی بەژن و باڵا بەرز و سەروسیماو لەش و لارێکی جوانی هەبووبێت و گورج و گۆڵ و بەتین و تاقەت بووبێ و دووچاوی وردو لووتێکی باریکەوە، رەنگ و روو خۆش و سەرێکی جوان و قژێکی لولەوەی هەبووبێت. کاتێک کە گەیشتەوە نیشتمان، دایک و خوشکەکانی لە (لانسینگ بۆرگ)-ی دەوروبەری (ئەلبانیا) دادەنیشتن. گانسیڤۆرت-ی برای دووکانەکەی کۆتاڵ فرۆشی بەرەڵڵا کردبوو و رووی لەکاری ماف و سیاسەت کردبوو و برایەکەی تریشی واتە (ئالان) پارێزەری وەزارەتی داد بوو و لە نیویۆرک دەژیاو برا بچووکترەکەشی (تۆم)، کە دوای ماوەیەک ئەویش وەکو خۆی دەستی کرد بەگەڕان لەنێو دەریاکاندا، هێشتا لە هەرەتی لاویدا بوو. هێرمان، وەکو پیاوێک کە لە نێو مرۆڤ خۆرەکاندا ژیابوو، جێی بایەخی خێزان بوو و خۆشیان دەویست و ئەو بەسەرهات و نەهامەتیانەی کەبەسەری هاتبوون، بۆ گوێگرە بە تاسەکانی گێڕایەوەو ئەوانیش پێیان لەسەر ئەوەداگرت کەبەسەرهاتەکەی خۆی بکاتە کتێب، ئەویش بێ سێ و دوو دەستبەکاربوو. هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوو بوو، بەڵام پێشتریش لەم بوارەدا سروشتی خۆی تاقی کردبۆوە، بەڵام ئیدی دەبوایە هەرچۆنێک بێت پارەو پولێک پەیدا بکات. کاتێک کە ئەو کتێبەی تەواو کرد کەباسی مانەوەی خۆی تێدا کردووە لە دورگەی (نوکاهیوا)و بەناونیشانی (تای پی)یە، (گانسیڤۆرت مێلڤیل)ی برای کەوەکو سکرتێری وەزیری هەڵبژێردراوی ئەمریکا چووبووە لەندەن، ئەو کتێبەی دایە (جۆن مۆری) و ناوبراویش قبووڵی کردو ئیدی بەینێکی پێ چوو دەزگای بڵاوکردنەوەی (وایلی ئەند پۆتنام) لە ئەمەریکا ئەو کتێبەی چاپ و بڵاوکردەوە. کتێبەکە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراو مێلڤیل-یش کە بەسەختی گەرم داهاتبوو، درێژەی ئەو بەسەرهاتانەی لە کتێبێکدا بەناوی (ئۆمۆ) نووسیەوە کە لە باشووری زەریای هێدی بەسەری هاتبوو. ئەم کتێبە لە ساڵی (١٨٤٧)دا بڵاوکرایەوەو هەر لەو ساڵەشدا لەگەڵ (شۆو) دا کە کچی تاقانەی وەزیری داد بوو و مێلڤیل دەمێک بوو ناسیاوەتی لەگەڵ بنەماڵەکەیاندا پەیداکردبوو، زەماوەندی کرد. ئەو ژن و مێردە گەنجە چوونە شاری نیویۆرک و لە خانووی ژمارە (١٠٣)ی شەقامی چوارەم نیشتەجێ بوون کە ئی ئالان-ی برای بوو. خوشکەکانی هێرمان و ئالان-یش واتە:

(ئەگۆستا) و (فانی) و (هێلین)، لەو خانووەدا دەژیان. دەربارەی ئەوەش کە چ شتێک وایکرد ئەو سێ خوشکە دایکیان لە (لانسینگ بۆرگ) بەجێ بهێڵن، هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە. هێرمان دەستی بە نووسین کرد و لە ساڵی (١٨٤٩)دا واتە دوو ساڵ لە دوای ژن هێنانی و پاش لەدایکبوونی یەکەمین منداڵیان کە کوڕێک بوو بەناوی (مالکۆڵم)، جارێکی تر لەزەریای ئەتڵەسی پەڕییەوە، بەڵام ئەمجارەیان نەک وەکو کرێکارێکی کەشتی، بەڵکو وەکو گەشتیارێک کە دەچوو چاوی بە بەرپرسانی دەزگا بڵاوکەرەوەکان بکەوێت و مشورێک لە چاپکردنی ئەو کتێبەی بخوات کە بە ناوونیشانی (چاکەتی سپی) بوو. لەو کتێبەیدا، مێلڤیل ئەو بەسەرهاتانەی خۆی دەگێڕێتەوە کە لەسەر کەشتی شەڕکەری (ویلایەتە یەکگرتووەکان) بەسەری هاتبوو. مێلڤیل لە شاری لەندەنەوە، چووە پاریس و برۆکسیل و ناوچەی راین. ژنەکەی لەبیرەوەرییە وشک و کرچ و کاڵەکانی خۆیدا بەم شێوەیە باسی ئەو گەشتەی مێلڤیل-ی مێردی دەکات: هاوینی ساڵی (١٨٤٩) لەنیوێۆرک ماینەوەو مێلڤیل کتێبی (رێدبۆرن) و (چاکەتی سپی) نووسی و پایزی هەمان ساڵ چووە بەریتانیا و چاپی کردن. بەڵام لە سوێی نیشتمان تامی لەو گەشتەی نەکردو بەپەلە گەڕایەوەو نەچووە سەرخوانی ئەو کەسایەتییە ناودارانەی کە بانگهێشتیان کردبوو یەکێک لەو میوانداری کردنانەی کە بۆی بانگهێشت کرابوو لەلایەن (دوک رۆتلاند) بوو کەپێشنیاری کردبوو تا حەفتەیەک لە (بیلفۆرد کاسڵ) بەسەر ببات (سەیری یاداشتەکانی خۆی بکەن). پاشان چووینە (پێس فیلد) و لە هاوینی (١٨٥٠)دا سواری کەشتی بووین و لە پایزی هەمان ساڵداو لە مانگی تشرینی یەکەمدا ماڵمان گواستەوە بۆ ئاروهێد). ئاروهێد ناوی ئەو کێڵگەیە بوو کە مێلڤیل لە (بێتسڤیل) بەو پارەیە کڕیبووی کە خەزووری وەکو هاوکاری دابوویەو لەگەڵ ژن و منداڵەکەی و خوشکەکانی لەوێ نیشتەجێ بوون. خاتوو مێلڤیل ئەم بەسەرهاتە زۆر سادەو ساکارانەو دوور لە نەرم و ناسکی خۆی، لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی رۆژانەیدا بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: (نەهەنگی سپی یان موبی دیک-ی لەهەلومەرجێکی نالەباردا نووسی. بەدرێژایی رۆژی لە پشت مێزەکەی دادەنیشت و هەتا سەعات چوار یان پێنجی ئێوارێ هیچی نەدەنووسی. دوای ئەوەی کە دنیا تاریک دادەهات بەسواری دەچووە گوندی. بەیانیان زوو لەخەوێ هەڵدەستاو پێش ئەوەی قاوەڵتی بکات دەرۆیشتە دەرێ و هێندێک پیادەڕەوی دەکرد و جاری واشبوو بۆ ئەوەی وەرزشی کردبێت داری دەقەڵاشتن. لە



بەهاری ساڵی (١٨٥٣)دا هەمووومان نیگەرانی سەلامەتی وی بووین). مێلڤیل کاتێک کە لە (ئاروهێد) نیشتەجێ بوو، بۆی دەرکەوت کە (هاوسۆرن-Hawthorne)یش لەو دەوروبەرانە دەژیا. ئەو هەست و سۆزەی کە مێلڤیل بەرامبەر بەو نووسەرە لە خۆیدا هەستی پێدەکرد، لە هەست و سۆزی کیژۆڵەیەکی قوتابی کەمتر نەبوو- خۆشەویستییەک کە رەنگە تاڕادەیەک بووبێتە هۆی نارەحەتی و پەرێشانی ئەو پیاوە گران وپشوودرێژو بەڕێزە. ئەونامانەی کە مێلڤیل بۆی دەنووسین سەرلەبەر پڕبوو لە هەست و سۆز دەربڕین. لەیەکێک لەو نامانەدا کە بۆی نووسی دەڵێ: (لەبەرئەوەی تۆم ناسیوە، وا هەست دەکەم کە بە قەناعەت و ئاسوودەییەکی زیاترەوە دنیا بەجێ دەهێڵم. ناسیاوەتی لەگەڵ تۆدا، تەنانەت لە کتێبی پیرۆزیش زیاتر بڕوای سەرمەدی بوغانم لە لادروست دەکات). زۆربەی رۆژان، دەمەو ئێواران لێی سوار دەبوو و دەچووە (ڕێدهاوس) لە (لینۆکس) بۆ ئەوەی دەربارەی خواو رۆژی پەسڵان و ئەوشتانەی دیکەی کە لە دەرەوەی سنووری عەقڵن، لەگەڵ هاوسۆرندا باس و خواس بکات، هەرچەندە رەنگە هاوسۆرن مەیل و رەغبەتێکی ئەوتۆی نیشان نەدابێت. ئەو وەختانەی کە ئەو دوو نووسەرە بەقسانەوە دەخافڵان، لەونامەیەدا کە خاتوو هاوسۆرن بۆ دایکی نووسیوە ئاوا وەسفی دەکات: (ناتوانم بڵێم کە بە پیاوێکی گەورەی نازانم... پیاوێکی خوێن گەرم و راستگۆو رەوشت پاک و تێگەیشتووە...... شارەزای نەریتی ژیانە، جیددی و دڵسۆزو بەئەدەب و زۆر بەسۆزو بێ فێزە. پیاوێکە خاوەن دەرک پێکردنەو دیدی بەهێزە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە چاوی گەورەو قووڵ نین. خۆی وا نیشان دەدات کە هەموو شتێک بە وردی دەبینێت، بەڵام تێناگەم بەو چاوە وردانەی چۆن دەتوانێ وا بەوردی هەموو شتێک ببینێت، چونکە چاوی ئەوەندەش تیژبین نین، یانی لە راستیدا تایبەتمەندییەکی ئەوتۆ لەو چاوانەدا بەدی ناکرێت. لووتی درێژو تاڕادەیەک جوانە، حاڵەتی زاری نیشانەی هەست و جۆش و خرۆشیەتی، پیاوێکی بەژن بەرزو باریکە، بە حاڵەتێکی حەساوەوە دیارەو بێ باک و پیاوانەیە. وەختێک قسان دەکات، هەموو لەشی دەکەوێتە جو ڵەو وا لە قسەکردندا گەرم دادێ کە خۆی لەبیر دەباتەوە. نەرم و ناسکی لەقسەو هەڵسوکەوتی دا بەرچاو ناکەوێت و هەرجارە نا جارێک جووڵەو سەرو دڵی ژیانی جێی خۆی دەداتە حاڵەتێکی سەیر بەڵام هێمن کە نیگای ئەو چاوانە دەری دەدات کە ئاماژەم پێکردن: نیگایەکی خەمۆک و کپ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ وا هەست بکات کە هەموو ئەو شتانە بە قووڵی دەپشکنێت

کە چاو هەتەری لێدەکات. نیگایەکی بێ تاقەت و غەریبە و ئەو هێزەیکە لەخۆیدا حەشاری داوە، لە رادەبەدەرە، ئەو نیگایە وا دێتە بەرچاو کە دزەناکاتە نێو مرۆڤەوە، بەڵکو پەلکێشی دەکاتە نێو خۆیەوە). هاوسۆرن ماڵی لە (لینۆکس) رۆیشت و ئەو دۆستایەتیەی کە بەلای مێلڤیل-ەوە کلپەی سەندبوو و بەلای هاوسۆرن -ەوە هێمنانەو تاڕادەیەک دڵ سارد کەرەوە بوو، کۆتایی پێهات. مێلڤیل رۆمانی (موبی دیک)ی پێشکەش بە هاوسۆرن کرد. ئەو نامەیەی هاوسۆرن لەبەر دەستدانییە کە لە پاش خوێندنەوەی (موبی دیک) بۆ مێلڤیل-ی نووسیوە، لێ بە گوێرەی وەڵامی مێلڤیل واپێدەچێت کە هاوسۆرن پەسندی نەکردبێت. پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەو کتێبەی مێلڤیل نە لەلایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرم و گوڕی لێکراو نە رەخنەگرە هاوچەرخەکانیش لایان بەلادا کردەوە. (پییێر)یش کە لەدوای موبی دیک چاپکرا لەویش خراپتری بەسەرهات و زۆربەی خەڵکی بە جنێودان و سووکایەتی پێکردنەوە پێشوازییان لێکرد،. نووسینەکانی پارەو پولێکیان وەچەنگ مێلڤیل نەدەخست و جگە لە ژنەکەی دەبوایە بژێوی ژیانی دووکوڕو دووکچەکەی خۆی و هەروەها پێداویستییەکانی سێ خوشکەکەشی دابین بکات. وەکو لە ناوەڕۆکی نامەکانی ڕا دیارە، هەروەکو چۆن لەگەڵ یۆنجەڕنینەوەو بژارکردن لە کێڵگەکەی خاڵیداو پەتاتە چاندن لە (ئۆمۆ) نێوانی زۆر خۆش نەبوو، هەروەها لە کێڵگەکەی خۆشیدا کەیفی بەو جۆرە کارانە نەدەهات. دەیگوت: (تەماشای دەستم بکەن!... لەم چەند رۆژەی دواییدا بە چەکۆش وەشاندن و بێڵ کاری چوار بلۆقیان کردووە. باران دەبارێ، هەر بۆیەش لە ماڵێ نەچوومە دەرێ و ئیشەکە بەتەواوی وەستاوەو زۆریشم پێخۆشە کەوایە...) ئاشکراشە جوتیارێک کە هێندە ناسکۆڵە بێت کارەکەی رانەپەڕێت و برەوی نابێت. خەزووری، کە سەرۆکی دادگاکان بوو، واپێدەچێ هەر جارە نا جارێک بە هانایانەوە چووەو لەبەر ئەوەی کابرایەکی تێگەیشتوو و بەدڵنیاییشەوە بەسۆز بووە، دەتوانرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە هەر ئەوەیش پێشنیاری کردووە تا مێلڤیل روو لە کارێکی دیکە بکات. بۆ ئەم مەبەستەش لە هەموو دەرگایەکیاندا بۆ ئەوەی کارێکی (قونسولی) بۆ پەیدا بکەن، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بێ ئاکام بوون و بە ناچاری مێلڤیل درێژەی دا بە کاری نووسین. مێلڤیل نەخۆش کەوت و جارێکی تریش خەزوری بەفریای کەوتەوە دووبارە. لە (١٨٥٦)دا، دووبارە گەشتێکی بۆ دەرەوەی وڵات دەست پێکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان بۆ قوستەنتەنیەو فەلەستین و یۆنان و



ئیتاڵیا. لە گەڕانەوەیدا بەهۆی خوێندنەوەی چەند وتارێک دەربارەی گەشتەکەی توانی پرەپارەیەکی کەم بە دەست بێنێت. لە ساڵی (١٨٦٠)، دوایین گەشتی خۆی کرد: تۆم-ی براگچکەی لە کەشتیەکی بازرگانیدا بە ناوی (شەهاب) کاری دەکرد و مێلڤیل بە سواری ئەو کەشتیە چووە سانفرانسیسکۆ. وا چاوەڕوان دەکرا کە بەشی ئەوەندەی رۆحی گەڕیدەیی تێدامابێت کە ئەو هەلە بقۆزێتەوەو بچێتە خۆرهەڵاتی دوور، بەڵام لەبەر هۆیەکی نادیار- رەنگە لە برایەکەی وەڕز بووبێت یان برایەکەی لێی بێزار بووبێت- لە سانفرانسیسکۆ دابەزی و چۆوە بۆ ماڵێ. خەزووری ماڵئاوایی لە ژیان کردو خانەوادەی مێلڤیل چەند ساڵێکیان لە هەژاری و کوێرەوەری دا بەسەر برد تا سەرەنجام لە (١٨٦٣)دا بڕیاری جێهێشتنی (ئاروهێد)یان داو لە نیۆیۆرک خانووێکیان لە (ئاڵان)، برا بەختەوەرەکەی هێرمان کڕی و مڵکەکەی (ئاروهێد) یان لە بری بەشێک لە پارەکە دایەو بۆ پارەکەی تریش خانووەکەیان بە بارمتەدانا. مێلڤیل ئیدی ئەوەندە تەمەنەی کەمابووی هەمووی لە خانووی ژمارە (١٠٤)ی شەقامی (٢٦)ی رۆژهەڵات بەسەربرد. بە گوتەی (ریمۆندویڤێر) لەو سەردەمەدا ئەگەر بهاتباو ساڵانە سەد دۆلارێکی لە کتێبەکانی بە دەست بکەوتایە بە ساڵێکی هاتەوخۆشی دەزانی. لە (١٨٦٦)دا وەکو پشکێنەری گومرگ دەسبەکار بوو و گوزەرانی خێزان کەمێک لە جاران باشتر بوو. ساڵی دواتر (ماڵکولم)ی کوڕەگەورەی بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، روونیش نەبۆوە داخۆ بە ئەنقەست ئەو کارەی کردووە یان قەزاوقەدەر بووە. (ستان ویک)یش کە کوڕی دوەمی بوو لە ماڵێ رایکرد و ئیدی کەس نەیزانی چی بەسەر هاتووە. پاشان ژنەکەی برەپارەیەکی لەبراکەی بە میرات پێ براو مێلڤیل وازی لەکاری گومرگ هێنا. ساڵی (١٨٧٨) پارچە شیعرێکی بەناوی (کلارێل) لە بیست هەزار دێڕ (بیت)دا لەسەر ئەرکی (گانسیڤۆرت)ی خاڵی بە چاپ گەیاند و کەمێک پێش مردنی کورتە رۆمانێکی بەناونیشانی (بیلی بۆدم) نووسی، یان روونتر بڵێین، سەر لەنوێ نووسیەوەو لە ساڵی (١٨٩١)داو لەتەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا، لە کاتێکدا کە بەگشتی فەرامۆش کرابوو مرد.

ئەمەبوو پوختەیەک لەبەسەرهات و ژیانی هێرمان مێلڤیل، بەگوێرەی ئەوەی کە بیوگرافیانووسان نووسیویانەتەوە. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە زۆر شتیان باس نەکردووە، وەکو مردنی (ماڵکۆڵم)و هەڵاتنی (ستان ویک) لە ماڵی خۆیان، وەک ئەوەی ئەم رووداوانە شتێکی لاوەکی بن و خۆیانی لێ بەدوور دەگرن و بەسەریاندا باز دەدەن.

بێگومان کاتێک ئەو گەنجە هەژدە ساڵە خۆی کوشت، لە نێوان خاتوو مێلڤیل و برایەکەیدا چەند نامەیەک ئاڵوگۆڕ کرا. مرۆڤ تەنیا دەتوانێ بڵێ کە بەردیان لەسەر داناو بێدەنگەیان لێکرد. راستە کە لە ساڵی (١٨٦٧)دا، ناوبانگی مێلڤیل بەرەو ئاوابوون چووبوو، بەڵام بەهەرحاڵ مرۆڤ وا چاوەڕوان دەکات کە ئەو رووداوە ناوی بێنێتەوە نێو ناوان و کارەکە بگاتە چاپەمەنییەکان. جگە لەوەش، بۆ هیچ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی هۆکارەکانی مردنی ئەم گەنجە ئەنجام نەدرا؟ ئەگەر بۆخۆی خۆی کوشتووە هۆیەکەی چی بووە؟ پاشان، ئەی (ستان ویک) بۆچی لە ماڵێ رایکرد؟ هەلومەرجی ماڵێ چۆن بوو کە ئەو کوڕەی ناچار کرد بە ئەنجامدانی ئەو کارەو چۆن بوو کە بەیەکجاری بێ سەروشوێن ون بوو. بەسەرنجدان بەم راستییەی کە تەنیا خاتوو مێلڤیل و دوو کچەکەی ئامادەی مەراسیمی بە خاک سپاردنی تەرمەکەی بوون و بە گوێرەی ئەوەی کە گوتراوە ئەمانە تەنیا ئەندامانی لێک جیا نەبۆوەو زیندووی بنەماڵەکەیان بوون، بەو دەرەنجامە دەگەین کە کوڕی دووەمیان لە ژیاندا نەبووە. هەتا ئەو جێیەی کە ئاگادارین خاتوو مێلڤیل دایکێکی چاک و بەسۆزبوو، بۆیە شتێکی سەیرە کە هەوڵی نەدابێت سۆراغێکی ئەو تاقەکوڕەی بکات. ئەو یاداشتانەی کە لەبەر دەستدان ئەوەنیشان دەدەن کە هێرمان مێلڤیل، لە تەمەنی پیریدا، نەوەکانی خۆی زۆر خۆشدەویست، بەڵام گومان هەیە لەوەدا کە منداڵەکانی خۆشی ئەوەندە خۆشویستبێت. لویس مۆمفۆردی بیۆگرافیانووسی مێلڤیل کە دەربارەی ژیان و گوزەرانی راپۆرتێک بەدەستەوە دەدات، مەنتیقی و ماقوڵەو هەتا ئەو جێیەی کە دەتوانرێت بەڕواڵەت حوکم بدرێت، بە بەڵگەیەو دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، ئەو دیمەنێکی ناهەمواری و پێوەندی لەگەڵ منداڵەکانیدا دەداتە دەست کەوا دێتە بەرچاو کە باوکێکی سەرسەخت و جینگەنە بووەو زۆر تووڕە و تڕۆ بووە لەگەڵیاندا و بەتوندی مامەڵەی لەگەڵدا کردوون: (کچێکیانی قەت نەیدەتوانی باوکی بەبیر بێتەوەو تووشی ئازار و ناڕەحەتی نەبێت... وەختێک بەرهەمێکی هونەری، گراڤیر(١) یان پەیکەرێکی بە دە دۆلار دەکڕی لە کاتێکدا کەنانی شەوییان نەبوو، چ کەسێک دەتوانێت سەری بەو بیرەوەرییە تاڵە بسوڕمێت؟). مێلڤیل بەڕواڵەت لە قۆشمەیی کەمێک بێ بەش نەبوو، بەڵام ئەو گاڵتەو گەپەی زۆر جێی سەرنجی خێزان نەبوو و ئەگەر کەمێک هەڵوەستە لەسەر نووسینەکانی بکەن، دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە جاری وابوو سەرخۆش و شەپرێو دەهاتەوە ماڵێ. لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەوەندەش بڵێم کە هیچ بەڵگەیەک



لەبەر دەستدا نییە ئەم قسانە بسەلمێنێ، بەڵام شایەدگەلێک لەبەردەستدایە کە بەپێی ئەوانە بتوانرێت بە دروستی لەمەڕتایبەتمەندییەکانی را دەر ببڕدرێت و جگە لەمەش کاتێک کە دەڵێین مرۆیەکی خۆپەرست و خۆ بوێر بووە لەکارکردنداو دانەدەسەکنی، لە سنووری مەزەندە وگومان واوەتر ناڕۆین. بەڵێ، چ شتێک وایکرد کە نووسەری (تای پی) و (ئۆمۆ) گۆڕانی بەسەردابێت و ببێتە نووسەری (موبی دیک) و (پییێر)و چی روویدا کە لەسەردەمێکدا کە تەمەنی لەسی و چەند ساڵێک پتر نەبوو هەوێنەکەی داچۆڕا؟. بەبڕوای من کتێبی (ئۆمۆ) لەکتێبی (تای پی) باشتر و سەرکەوتووترە. راپۆرتێکی سادە لەو رووداوانە هەیە کە مێلڤیل لە (ئۆمۆ) بەسەری هاتوون و ئەو رووداوانە بەگشتی قەناعەت هێنەرن. ئەمە لە کاتێکدایە کە (تای پی) خۆی وا دەنوێنێ کە تێکەڵەیەکە لە خەیاڵ و راستەقینە. بەپێی قسەی چارلز رۆبێرتس ئەندرسۆن، مێلڤیل تەنیا یەک مانگ لە دورگەی (نوکاهیوا) ماوەتەوە نەک وەکو بۆ خۆی دەڵێ چوارمانگ و ئەوەی کە لە رێگای دۆڵی (تای پی) بەسەری هاتووە ئەوەندە داچڵەکێنەر نییە کە بۆ خۆی پێی وایە. مەترسیە چاوەڕوان کراوەکانیش کە لە حەزو رەغبەتی مرۆڤ خۆرەکانەوە سەرچاوەیان گرتبوو و باڵی بەسەردا دەکێشن بەو جۆرەش جێی مەترسی نین و بەسەرهاتی هەڵاتنەکەشی بەو شێوەیەی کە بۆخۆی دەیگێڕێتەوە لەبنەڕەتدا بڕوای پێ ناکرێت: (دیمەنی خودی هەڵاتنەکە، سەرلەبەر شتێکە وەکو ئەفسانە دەچێت کە بەهیچ جۆرێک قەناعەت بە خوێنەر ناهێنێ: ئەو بەسەرهاتە بە رواڵەت لە نووسینیدا پەلەکراوە و نووسەر لەبری ئەوەی کە ئاوڕێکی بە کەڵک لە لۆژیکی چیرۆکەکەی بداتەوەو بە جۆرێکی پاساو هەڵگرو شیاوی قبووڵ کردن بیداتە دەست، هەموو هەوڵی ئەوەبووە کە خۆی بکاتە پاڵەوان.) بەڵام ناتوانرێت لەبەر ئەو کارەی، مێلڤیل بە شیاوی سەرزەنشت کردن لەقەڵەم بدرێت، چونکە هەموومان دەزانین کە ئەو بەسەرهاتەی چەندین جار بۆ گوێگرە بەتاسەکانی گێڕابۆوەو هەموو کەسێکیش ئەوە دەزانێت کە هەر مرۆڤێک دووبارە بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوە، کارێکی ئەستەمە بتوانێت لە بەرامبەر ئەو دنە دانەدا خۆڕاگری بنوێنێ کە هەرجارە لە جارێکی تر خۆشترو بەتامتر بیگێڕێتەوە. مێلڤیل-یش کە چەندین جار ئەم بەسەرهاتەی خۆی داڕشتبۆوەو رازاندبوویەوە رەنگە کاتێک دەستی بەنووسینەوەی کردووە پێی کارێکی دژوار بووبێت کە چیرۆکەکەی بەشێوەیەکی نەرمتر بەدەستەوە بدات. لە راستیدا (تای پی) بابەتگەلێکە کە مێلڤیل لە سەفەر نامەکانی سەردەمی خۆیدا خوێندوونیەوەو پاشان

به کارامەیی و لێهاتوویی رازاندوونیەوەو رەنگی بەسەرهاتەکانی خۆی داونەتێ. میستەر ئەندرسۆن، کە هەولێکی بێ وچانی داوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و بەسەرهاتی مێلڤیل، ئاشکرای کردووە کە نەک هەر تەنیا لەبارەی هێندێک شتەوە هەمان ئەو بابەتە سەقەت و پڕ هەڵانەی ئەو سەفەر نامانەی دووبارە کردۆتەوە، بگرە جاری وایە هەمان وشەو دەستەواژانەی بەکار هێناونەتەوەو من پێم وایە بەشێک لە گران و سەنگینی ئەو چیرۆکە، لە هەمان ئەوکارەی مێلڤیل-ەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام (ئۆمۆ) و (تای پی) لە رووی زمانەوابییەوە لەسەردەمی خۆیان بە دوورنین و بەزمانی سەردەمی خۆیەوە نووسراون. مێلڤیل لە پێش ئەوەشدا پتر حەزی لە وشەی بەباق و بریق دەکرد تا وشەی سادەو ساکار. هەر بۆیەش بۆ نموونە واپێی باشتر لە جیاتی خانوو بنووسێت (بالاخانە)و بە بۆچوونی وی هەوارێک لە پەنا هەوارێک نییە بەڵکو (دراوسێیەتی)و بەزۆریش لەجیاتی ئەوەی کە وەکو زۆربەی خەڵکی ماندووبێت، (لەپەلوپۆ) کەوتووەو وای پێ باشترە هەستەکانی (دەرببڕێت) و (نیشانی) نەدات. بەڵام وێنەی نووسەر بەڕوونی لەنێو دێڕەکانی ئەو کتێبەدا خۆی دەنوێنێت و پێویست بەوە ناکا کە مرۆڤ زۆری لە خەیاڵ و زەینی خۆی بکات تا بزانێ کە نووسەر لاوێکی دلێرو بوێرو بڕیاردەرو قۆشمەو زیندوو و خۆ بوێرە لەکارکردندا، بەڵام تەمبەڵ نییە، هەروەها لەبەردڵان و بێ دەربەستە. مێلڤیل شەیدای شۆخ و شەنگی کیژە (پۆلینزی)یەکانە، هەروەکو چۆن ئەگەر هەر کوڕە جحێڵێکی دی کە لە تەمەنی ویدا بوایە نەیدەتوانی دەست بە رووی ئەو عەشق و خۆشەویستیەوە بنێ کە ئەو کیژ نەشمیلانانە بۆی دەکەنە دیاری. ئەگەر شتێکی نائاساییشی تێدابووبێت، ئەو شەوق و زەوق و شادیە زۆرە بوو کە لە جوانیەوە بەهرەی دەگرت و ئەمەش ئەو شتەیە کە توێژ لاو بەگشتی لێی لالوتن. ئەو وەسفە ستایش ئامێزەش کە لە ئاسمان و کێوە سەر سەوزەکان دەیکات، خۆشی و هەست بزوێنیەکی تایبەتی تێدایە. رەنگە تەنیا شتێک کە مێلڤیل-ی لە کرێکارێکی کەشتی تەمەن بیست و سێ ساڵان جیادەکاتەوەو دەیکاتە سەرتۆپ، ئەوە بێت کە مێلڤیل هەر بە سروشت و حاڵەتێکی بیرمەندانەی هەبوو و بۆ خۆشی ئەمەی دەزانی. ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە نووسی: (من بە سروشت مرۆیەکی بیرمەندم، ئەو دەمانەی کە لەسەر دەریابووم، زۆربەی شەوان دەچوومە سەرێ و لەسەر یەکێک لەو لولانە دادەنیشتم کە بەدیرەگەکەوە هەڵواسرابوو و چارۆکە (بادەوان)کەی کەشتیەکەی رادەگرت و چاکەتەکەم لە خۆمەوە دەپێچاو نوقمی دەریای ئەندێشە دەبووم).



بەڵام بە چ شێوەیەک دەتوانرێت گۆڕانی ئەم گەنجە بەڕواڵەت سادەوساکارە بەو دڕندەیە رەشبینە روون بکرێتەوە کە کتێبی (پییێر)ی نووسیوە؟ چ شتێک نووسەری سادەو نەناسراوی (تای پی) گۆڕی و کردیە نووسەری خەیاڵی و ئیلهام وەرگرتوو و رەوانبێژی (موبی دیک)؟ بەڵێ، لەم رۆژگارە کە ئاگاداری لە جنس هەیە، بەناچاری بەدوای هۆکارەجنسیەکاندا دەگەڕێین تابتوانین ئەو هۆکارانە روون بکەینەوە. مێلڤیل بەرلەوی لەگەڵ (ئەلیزابێت شۆو)دا زەماوەند بکات، کتێبی (تای پی) و (ئۆمۆ)ی نووسی. لە یەکەم ساڵی ژیانی هاوسەرێتی دا (ماردی- Mardi)ی نووسی. لە راستیدا ئەم کتێبەی درێژەدانە بەگێڕانەوەی سادەی ئەو رووداوانەی کە لەسەردەمی گەڕانی لە نێودەریادا بەسەری هاتوون! بەڵام ئەی بۆچی تێکەڵ بەخەیالات بووە. درێژدادڕی زۆر تێدایە و بە بڕوای من خەماوی و بێزارکەرە. من لەوەی کە ریمۆند وێڤێر باسی کردووە، ناتوانم باشتر ناخی فکری ئەم کتێبە روون بکەمەوە. ئەو دەڵێت: (ماردی، هەوڵدانە بۆ بە دەستهێنان و گەیشتن بە خاوەنایەتی بێ چەندو چوون و کاملی شادیەکی پیرۆز و پڕ لە نهێنی کە مێلڤیل-ی لە سەردەمی عاشق بونیدا راکێشایە بن کاریگەری خۆیەوە. ئەو شادیەی کە لە خۆشەویستی کردنە دیاری دا بۆ دایکی، لە خۆیدا هەستی پێدەکرد، ئەو شادیەی کە لە رۆژانی خۆشەویستی کردنە دیاری بۆ ئەلیزابێت، سەرتاپا کپ و سەرگەردانی کرد...... و (ماردی) گەشتێکە بۆ سەردانی کردنی ئەفسونێکی ونبوو...... گەڕانە بەدوای (یەیلا- Yillah) کچە عازەبی (دورگەی شادی) و بۆ بەدەستهێنانی ئەمەیە کە لە جیهانی شارستانی دا بە رێدەکەوێت: هەر چەندەش کە کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکە ئەو دەرفەرتەیان بۆ دەڕەخسێت تا بەتێرو تەسەلی باسی کاروباری سیاسی نێو دەوڵەتی و زۆر بابەتی تریش گفتوگۆ بکەن، بەڵام دەستیان ناگاتە «یەیلا».) مرۆڤ ئەگەر بیەوێت زۆر خۆی بداتە دەستی گومان و مەزەندەوە، ناچار دەبێ ئەم چیرۆکە سەیرە بەیەکەمین نیشانەی ناکامی و بارکەوتنی مێلڤیل لە ژیانی ژن و مێردایەتی دا بزانێت و دیسان ناچارە بە پشت بەستن بەوچەند نامەیەی کە لەپاش (ئەلیزابێت شۆو) بە جێماون، تەنیا پێشبینی بکات کە ئەو چ جۆرە ئافرەتێک بووە. ئەو لە نامە نووسیندا دەستێکی باڵای نەبووەو رەنگە خاوەنی تایبەتمەندی و خاڵی باشتر بووبێت کە لە نامەکانی را دەردەکەوێت.

بەڵام بەهەرحاڵ وادەردەکەوێت کە عاشقی مێردەکەی بووەو لە ناخی دڵیەوە خۆشی

ویستووەو هەرچەندە رەنگە ئاسایی و بیرتەسکیش بووبێت، بەڵام ژنێکی ماقوڵ و بەسۆزو کارامە بووە. بێ ئەوەی سکاڵا بکات، لەگەڵ هەژاری و نەداری دا هەڵی کردووەو گومانیش لەوەدانییە کە لەسەرەنجامی کاری مێردەکەی سەری سوڕماوە. رەنگە بۆ ئەوە بەپەرۆش بووبێت کە دەیدیت مێردەکەی دەیەوێت لەقەلەو ناوبانگەی خۆی بدات کە بەهۆی کتێبی (تای پی) و (ئۆمۆ) بە دەستی هێنابوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەتا کۆتایی رێگا بڕوای هەر پێ مابوو و ستایشی دەکرد. لە هۆش و توانا، بەهرەیەکی ئەوتۆی نەبوو بەڵام ژنێکی میهرەبان و پشوودرێژ و لەبەردڵان بوو. بەڵام ئایا مێلڤیل-یش ئەوی خۆشدەویست؟ هیچ نامەیەکی ئەو رۆژانەی لە پاش بەجێنەماوە کە خۆشەویستی و عەشقی خۆی بۆ ئەلیزابێت دەردەبڕی. ئەلبەتە زەماوەندی دەگەڵدا کرد، بەڵام پیاوان تەنیا بەهۆی خۆشەویستییەوە ژنێ ناهێنن و بەدوور نازانرێت کە ژیانی رەبەنی بەچۆکی داهێنابێت و ویستبێتی سەرو سامانێک بەژیانی خۆی ببەخشێت: یەکێک لەو شتە سەیرانەی کەلەو پیاوەدا بەرچاودەکەوت ئەوەبوو کە هەر چەندە بۆ خۆی دەڵێت: (کۆڵ لە کۆڵ نان و رەبەنی ئاوێتەی سروشتی بووە) بەڵام لە پاش یەکەم گەشتی داکەلەتافی لاویدا بۆ لیڤرپول کردی و ئەو سێ ساڵانەی کە بنەماڵەو هاوڕێیەکانی پێیان وابووبێت کەوەختی ئەوکارە هاتووە، یان رەنگە بۆیە ژنی هێنابێت کە لەسەر دەریاکانی باشوور بەسەری برد، تاسەو تامەزرۆیی مێلڤیل بۆ گەشتە مەترسیدارەکانی بە یەکجارەکی کپ بۆوەو دامرکایەوە. ئەو گەشتانەش کە دواتر کردنی لە گەڕان و سەیران هیچی تر نەبوون. لەوانەشە لەبەر ئەوە ژنی هێنابێت کە لەو رێگایەوە بەرهەڵستی ئەو حەزو تکایانەی بکات کە ئازایەتی و بوێریان بۆ ململانێ بانگ دەکرد، کێ دەزانێت؟. لویس مۆمفۆرد دەڵێ: (قەت لەگەڵ ئەلیزابێت شۆو دا، دڵخۆش نەبوو) هەروەها درێژە بەقسەکەی دەدات و دەڵێ: (لە میانەی ئەو دوورکەوتنەوەی لە ماڵێ، نەک تەنیا هەر هەستی بە خۆشویستی و رەغبەتێکی زۆر دەکرد، بگرە یەکپارچە دەبووە شەوق و زەوق و وروژان ئەوسا ئەو شەوق و زەوقە جێی خۆی دەدایە تێری و لە دڵ دانێکی خێرا). بێ گومان مێلڤیل یەکەمین پیاو نییە کە هەستی بەوە کردبێت پیاو ئەودەمەی لە ژنەکەی دوورە خۆشتری دەوێت لەوکاتەی لەگەڵیدایە، یان چاوەڕوان بوون و بۆ کاری جنسی سەد قات وروژێنترە لە خودی کارەکە. من وای بۆ دەچم کە دوورنییە پابەند بوونی بە ژیانی هاوبەش لە دڵی دابێت و ژنەکەی لەوەکەمتر رازی کردبێت کە مێلڤیل مەبەستی بوو. بەڵام



بەهەرحاڵ ئەو ژن و مێردایەتییە ئەوەندە بەردەوام بوو کە مێلڤیل ببێتە خاوەنی چوارمنداڵ و هەتا ئەو جێیەی کە هەموومان دەزانین ئەو ژنە هەتا کۆتایی تەمەنی بەرامبەری بەئەمەک مایەوە. لەم وتارەدا نیازم نییە باسی کتێبی (پییێر) بکەم. ئەو کتێبەی نائاساییە: ئەڵبەتە خاڵی نییە لەبابەتی پڕمانا، هەرچەندە مێلڤیل ئەودەمەی ئەو کتێبەی نووسی و لەوپەڕی نارەحەتی و ناکامی دا دەژیا و هەڵقوڵانی ناوەناوەی تووڕەیی و جۆش و خرۆشی چەند پارچەیەکی بەهێزو پاراوی وەبەردەهێنا، بەڵام رووداوەکانی چیرۆکەکە چاوەڕوان کراو نایەنە بەرچاو و پاڵنەرەکانیش قەناعەت بە خوێنەر ناهێنن و حیوارەکانی بەئاوازو رێک و پێکن. لەبنەڕەتدا دەبوایە کتێبی (پییێر) داهێنانی کیژۆڵە قوتابییەک بێت کە زەینی خۆی بە خراپترین جۆری چیرۆکی ئەفسانەیی پەروەردەکردووە. لە راستیدا مرۆڤ وادەزانێت ئەو دەمەی ئەو کتێبەی نووسیوە کە بەسەختی بەدەست نەخۆشی ئەعسابەوە ناڵاندوویەتی. بەڵام بە هەرحاڵ لە گۆشە نیگای لێکۆڵەرەوە دەرونناسەکانەوە (پسیکانالیز) ئەم کتێبە گەنجینەیەکە بۆ خۆی و من بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە ئامادەم تا ئەم گەنجینەیە بۆ ئەوان رەت بکەمەوەو چاوپۆشی لە خێروبێری بکەم. هێندێک دەڵێن کە ئەو وەرچەرخانەی کە لە تایبەتمەندییەکانی مێلڤیل دروست بوو و نووسەری (تای پی) گۆڕی و کردی بە نووسەری (موبی دیک)، دەرەنجامی توش بوونی بوو بەشێتی. بەڵام ئەم بانگەشەیە لەلایەن هەوادارانی مێلڤیل-ەوە بە جۆرێکی وا نکۆڵی لێدەکرێت و بەدرۆدەخرێتەوە کە دەڵێی ئەم قسەیە سووکایەتی کردنە بە مێلڤیل. تووش بوون بەم نەخۆشییە، شەرمەزاری ترنییە لە تووش بوون بە نەخۆشی زەردویی. بەڵام بە هەرحاڵ، ئەگەریش بەڵگەو شایەدێک ئەم بانگەشەیە پشت راست بکاتەوە، من بەش بە حاڵی خۆم نەمزانیوە بەڵگەی لەم بابەتە خرابێتە روو. هەروەها گوتراویشە کە ئەو کاتەی لە (لانسیک بۆرگ)ەوە چوو بۆ نیویۆرک، خوێندنەوەی زۆری بوو کە بەگشتی گۆڕانی بەسەردا هێنا. سەبارەت بەوەش کەدەڵێت ئەوەش وەکو (دۆن کیشۆت) کە بە هۆی خوێندنەوەی پاڵەوانبازی شێت بوو، دەرەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (سێر تۆماس براون) تووشی گرژی و و هەڵچوون بوو، هیچ بنەمایەکی نییەو بەڵگەیەکی زۆر لاوازو مایەپوچە. رەنگە رۆژێک دابێت کە لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت و بەڵگەگەلێک وەبەرپەلان بکەوێت و پەردە لەسەر ئەم نهێنییە لادرێت، بەڵام جارێ دەبێ هەر ئاوا بە شاراوەیی بمێنێتەوە.

بەڵێ، ئەوەی کە گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە نووسەرێکی رەشۆکی و سادەوساکار بە هاوکاری فاکتەرێکی نادیار و نەناسراو گۆڕانی بەسەردا هاتوو بووبە نووسەرێکی ئەوتۆ کە زۆر وەکو بلیمەت دەچێت. مێلڤیل هەمیشە زۆری موتالا دەکرد، هەر چەندەش لەوکارەیدا پەیڕەوی لە رێبازێکی دروست و دیاریکراو نەدەکرد. پێویست بەوەش ناکات ئەوە بڵێین کە بە ڕادەیەکی زۆر بەرامبەر بەشاعیرو پەخشان نووسەکانی سەدەی حەڤدەهەم، دڵسۆزییەکی تایبەتی دەنواند. رەنگە بابەت گەلێکی لەوانەدا بەدی کردبێت کە بە توندی لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانی خۆیدا یەکیان گرتبێتەوە. بەڵام داخۆ کاریگەری و کارتێکردنیان بۆ وی سودبەخش بووە یان زیانبەخش، ئەمەش شتێکە کە پەیوەستە بەڕاو سەلیقەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕیت. زۆری نەخوێندبوو، هەروەکو لەم جۆرە کاتانەشدا باوە، ئەوەش کە دواتر فێریان بوو بەتەواوی هەرسی نەکرد، لەبەرئەوەی زانست و زانیاری شتێک نییە کە وەکو دەستە جلێک ئامادەبکرێت و لەبەر بکرێت، بەڵکو خۆراکێکە کە مرۆڤ هەرسی دەکات تا بە هۆیەوە کەسایەتی خۆی دروست کات، رێک وەکو خواردن کە کەسایەتی لەشی مرۆڤ دروست دەکات و گەشەی پێدەکات و بەهێزی دەکات. هەروەها خشڵێکیش نییە بۆ رازاندەنەوەو بەکاربردنی دەستەواژەکان، چ جایی مرۆڤ بیکاتە ئامرازێک بۆ نمایشکردنی زانست و زانیاری خۆی، بەڵکو ئامرازێکە کە بە رەنجدان و کوێرەوەری بە دەست دەهێنرێت تا رۆح دەوڵەمەند بکات و بیڕازێنێتەوە. (رۆبێرت لویس ستیڤینسۆن) بانگەشەی دەکرد کە مێڤیل گوێی هەستیاری نەبووەو وەکو پێویست فۆنەتیکی وشەکانی لێک جیا نەدەکردەوە. من بە پێچەوانە لەو بڕوایەدام کە مێلڤیل گوێی زۆر هەستیار بوون. ئەو هەرچەندە لە نووسینەکانیدا هەڵەی رێزمانی زۆر بەرچاو دەکەوێت و رێنووسی وشەکانی نادروستە، بەڵام لە جیا کردنەوەو ناسینی دەنگە هاوسەنگ و بە ئاوازەکان دا زەوق و سەلیقەیەکی باشی لە خۆیدا نیشان دەدات و هەرچەندە هاوسەنگی رستەکانی درێژن، بەڵام زۆر باشن.

حەزی بە دەستەواژەی پڕ لە زایەڵەو بە ئاوازی دێت و کاتێک بەکاریان دەبات، زۆربەیان کاریگەرییەکی جوان و کەم وێنە دروستدەکەن. بەڵام هەندێک جار ئەم حەزە بەتێئاخنینی شتی دزێو و دووبارە کردنەوەی بێهودە کۆتایی پێدێت کە جاری وایە دەستەواژەی وەکو (Umbrageous shade) بەکار دەهێنێت کە ماناکەی دەبێتە (سێبەری سێبەردار)، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناتوانرێت نکۆڵی لەوەبکرێت کە لە زمانی سەرەکیدا



زۆر بە ئاوازو-مەبەست پێکە. جاری وایە کە تووشی هێندێک دەستەواژەی وەکو (خێراکردنی بە پەلە) دەبین لە خۆمانەوە هەڵوەستەدەکەین و بۆمان دەردەکەوێت کە میلتۆن-یش جارێکیان نووسی (بەهەڵەداوانێکی شاد بە پەلە چوونە ئەو سەری). مێلڤیل هێندێک جار وشە سادەو ساکارەکان بە جۆرێکی سەیرو بێ وێنە بەکاردەبات کە چ کاریگەرییەکی داهێنەرانەو هەست بزوێن بەدەستەوە دەدات، تەنانەت لەو وەختانەشدا کەوا پێدەچێت ئەو مانایە نابەخشن کە بۆ خۆی گەرەکیەتی. لە ئەندێشە بەدوورە کە بە (پەلەکردنی پەلەئامێز) زمانی سەرزەنشتی لێ بگێڕین، چونکە ئەو توانایە باشەی هەیە کە درێژە بە قسەکەی بدات و بیگەیەنێتە دەرئەنجامی مەبەست. کاتێک کە مێلڤیل باسی (redundant hair) بەواتای (توکی زیادە) دەکات، مرۆڤ رەنگە پێی وابێت مەبەستی لەو توکە زیادەیە کە لەسەر لێوی کیژێک رواوە نەک تووکەسەری پیاوێک، بەڵام ئەگەر سەیری فەرهەنگی زمان بکەین دەبینین کە مانای دووەمی زۆری و پڕی یە و سەیرە کە میلتۆن-یش بۆ هەمان مەبەست و مانا بەکاری بردووەو نووسیویەتی (redundant locks) یانی (کاکۆلی پڕ). من زۆر لەگەڵ ئەو حەزانەی مێلڤیل دانیم کە بەرامبەر بە بەکاربردنی ئەو وشانە هەیبوو کە تەنیا لە زمانی شیعردا بەکار دەبرێت وەکو (ئاوێزان) لە جیاتی (دەست لەمل کردن)و...... روخسارێکی کۆنەو کە روداوی دەدەنە پەخشان و نەرم و ناسکیەکەی ناهێڵن. بە بڕوای ئەو دەمارگیریەی کە لە نووسینی حیواری چیرۆکدا (کەسی دووەم) هەیەتی، بێ بنەمایە نییە. راستە کە ئەم شێوازە قسەکردنە شتێکی ساردو ناهەموارە، رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە هەڵوەشێندرایەوە، بەڵام من بە جدی پێم وایە کە بۆیە مێلڤیل بەکاری برد تاکۆمەکی بکات بۆ گەیشتن بەو ئارمانجەی کە لە پێشی بوو. رەنگە پێشی وابووبێت کە ئەو شێوازە حیوارە ئاوازێکی (کاهینانە) دەداتە گفتوگۆو رەنگێکی شاعیرانەش بە وشەکان دەبەخشێت. بەڵام ئەمە لایەنی سەرەکی نییەو مرۆڤ هەر رادەو مەرجێکیشی بۆی دانێت دەبێ دان بەوەدا بنێت کە مێلڤیل زۆر بەباشی ئینگلیزی دەنووسی و سەبکی نووسینی لە رۆمانی (موبی دیک) دا گەیشتۆتە، لوتکەی کامڵبوون. ئەڵبەتە جاری وایە لە رەوانبێژی دەردەچێت و میانەڕۆ نامێنێ بەڵام پەخشانەکەی لە کۆتاییدا ئەوەندە مەزن و بەرزو بەزایەڵەو سەنگینە کە هەتا ئەو جێیەی من بیزانم، پەخشانی هیچ کام لە نووسەرە نوێیەکان تۆزی پێی ناشکێنێ و لەڕاستیدا زۆربەی رستە بەرزو شکۆدارەکانی (سێر تۆماس براون) و سەردەمی شکۆمەندی میلتۆن

دێنێتەوە یاد. بەر لەوەی کۆتایی بەم لایەنەی لێکۆڵینەوە کەم بهێنم پێم خۆشە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم خاڵە راکێشم کە مێلڤیل بە چ وەستاییەک و لێهاتووییەکەوە زاراوەکانی تایبەت بە گەڕیدەکانی دەریاو جێی شۆرەکان ئاوێتەی پەخشانەکەی دەکات کە لە ژیانی رۆژانەیاندا بەکاریان دەبردن و دەرەنجامی ئەو وەستاییەش ئاوازێکی واقیعییە کە لەسەر بناغەی راستەقینەو تامی سوێری دەریایەو لە سمفۆنیایەکی خەماوی دایە کە بە رۆمانی مەزن و بێ هاوتای (موبی دیک) ناوی دەرکردووە. ئەو کەسانەی کە لەگەڵ بەرهەمەکانی مندا ئاشنایەتییان هەیە چاوەڕوانی ئەوە ناکەن کەمن رۆمانی (موبی دیک)، واتە گەورەترین دەسکەوتی مێلڤیل و تەنیا شتێک کەناوی خستە نێو لیستی گەورەترین رۆماننوسانی دنیاوە، لە رووی نواندن (تمثیل) و یان دروبینی بەسەری دەکەمەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم. ئەو کەسانەی کە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن باشتروایە لە شوێنێکی تر بیدۆزنەوە. من تەنیا دەتوانم لە گۆشەنیگای خۆمەوە، واتە لە گۆشەنیگای رۆماننووسێکەوە کە کەم ئەزموون نییە، لێکۆڵینەوە لەسەر (موبی دیک) بکەم و چاوی پێدابگێڕم. بەڵام لەبەرئەوەی هەندێک کەسی زۆر زاناو داناو تێگەیشتوو رۆمانی (موبی دیک) یان بە بەرهەمێکی نواندن (تمثیلی) زاینوە، وای بە باش دەزانم کە کەمێک لەمبارەیەوە بدوێم: ئەمانە گوتەکەی مێلڤیل بە پلارلێدان لە قەڵەم دەدەن. مێلڤیل گوتبووی: (لەوە دەترسێم کە ئەم بەرهەمەم بە ئەفسانەیەکی سەیریان لەوەش خراپتر و تۆقێنەرتر، دەترسێم بەنواندنێکی (تمثیل) نەشیاوو دزێوی لەقەڵەم بدەن). باشە، ئایا لە عەقڵ بەدوورە کە پێمان وابێت ئەو بابەتەی کە نووسەرێکی کارامە دەیخاتە روو لەو شتە راستترە کە لێکۆڵەرەوەی بەرهەمەکانی مەزەندەی دەکەن؟. راستە کە لەو نامەیەدا کە بۆ خاتوو هاوسۆرن-ی نووسیوە دەڵێ کە لەمیانەی نووسینی ئەو کتێبەدا دووچاری مەزەندەو خەیاڵی شاراوەبووە کە هەموو کتێبەکە ئەو ئامادەییەی تێدایە کە شێوەی نواندن (تمثیل) بە خۆیەوە بگرێت، بەڵام ئەمە بەڵگەیەکی لاوازە کە بمانەوێت بە پێی ئەوە حوکم بدەین و بڵێین بۆخۆی ویستوویەتی کتێبەکەی بەرهەمێکی (تمثیلی)بێت. ئایا ئەو ئەگەرە نییە کە ئەگەر واش بووبێت رێکەوت بووە، هەروەکو چۆن لەونامەیەش را دیارە کە بۆ خاتوو هاوسۆرن-ی نووسیوە کە بۆ خۆشی سەری لەمە سوڕماوە؟ من نازانم کە رەخنەگران بۆ خۆیان چۆن چۆنی رۆمان دەنووسن، بەڵام دەربارەی ئەوەی کە رۆماننووسەکان چۆن دەینووسن شتێکی لێدەزانم. ئەمانە بابەتێکن بۆ نموونە وەکو (باری خوار ناگاتە ماڵێ،



یان هەموو شتێکی خڕگوێزنییە) وەرناگرن و ناڵێین (با نمایشێکیش دەربارەی ئەمە بنووسین). هێندێک کەس چیرۆکێک هێزی خەیاڵی دەوروژێنێ کە بە گشتی لە سەروسەکوت و دۆخ و تایبەتمەندییەکانی دۆست و ئاشنا و نزیکەکانیەوە هەوێنی وەرگرتووە و جاری وا لە کاتی بوونی ئەو کەسانەدایان دوای ئەوە، رووداوێک یان زنجیرە رووداوێک کە بەسەر خودی رۆماننووسەکە هاتووە، یان بیستوویەتی و یانیش بۆ خۆی دای هێناوە، لە مەلاولەولا سەریان قوت دەکەنەوەو دەبنەکۆمەکی تا بۆ گەشەپێدان و بەرفراوانکردنی ئەو کەسانەی کە هەڵقوڵای زەیینی خۆنی و بە جۆرێک هاوکاری کە لە نێوان رووداوەکان و کەسانی نێو چیرۆکەکەوە پەیدابووە، بەکاریان بێنێت. مێلڤیل کابرایەکی خەیاڵ پڵاوی نەبوو، یان لانی کەم ئەگەر خەیاڵ پڵاویشی بکردبانایە، هەروەکو کە لە (پییێر) دا کردی، قەت سەرکەوتوو نەبوو و جگەلەمەش (کە ئەڵبەتە خاوەنی هێزێکی خەیاڵی بەهێزبوو) ئەوکارە پێویستی بە بنەمایەکی بەهێزو پتەو هەیە کە لەسەر بناغەی راستییەکان دامەزرابێت. لە نێوانیاندا لە (پییێر) «ئەوساری خەیاڵی خۆی بەرەڵلا دەکردو بێباکانە گۆڕەپانی بۆ خەیاڵی خۆی چۆڵ دەکرد، شتی زۆر بەباق و بریقی دەنووسی. راستە کە مرۆڤێکی ئەندێشمەندو لەباڵ خۆیدابوو و کاتێک تەمەنی وەنێو کەوت نوقمی دنیای ئەودیوی سروشت بوو- هەروەکو ریمۆند ویڤێر دەڵێت: لە بەدبەختی و نەگبەتی زیاتر شتێکی ترنییە کەلە مێشکدا توابێتەوە، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنەش کەمێک بیر تەسکانەیە، چونکە هیچ شتێک بەو ئەندازەیە کەڵکی بۆ گرنگی پێدانی مرۆڤ نییە لەبەرئەوەی سەروکاری لەگەڵ گەورەترین ئەو مەسەلانەدا هەیە کە بەربەرەکانی لەگەڵ روح و بەها، خوا، لەبن نەهاتوویی و چەمکی ژیاندا دەکات شێوازی خۆ خەریک کردنی مێلڤیل بەم جۆرە مەسەلانەوە لەسەر بنەمای عەقڵ و مەنتیق نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای هەستەوەرییە: کاتێک خەریکی ئەو شتانە دەبوو بیری دەکردەوە، چونکە وای هەست دەکرد کە خەریکی شتی لەم بابەتەیە. بەڵام ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە رێگری لەوەناکات کە زۆربەی ئەندێشەو بیرکردنەوەکان قووڵ بن: (دڵ، مەنتیق گەلێکی هەیە کە مەنتیق لێیان تێناگات) من وای بۆ دەچم کە نووسینی چیرۆکی تەمسیلی پێویستی بە پچڕانی فکری هەیەو ئەمەش ئەو کارەیە کە لە مێلڤیل نا وەشێتەوە. لە لێکدانەوەی رەمزی (موبی دیک) دا، هیچ کەسێک لە (ئالێری سیج ویک) وا وەتر نەڕۆیوە. ئەو هەتا ئەو شوێنە بەرەوپێش دەچێت کە بانگەشە دەکات، تەنیا رەمزە (سیمبولیزم) کە

کردوویەتیە رۆمانێکی شکۆدارو مەزن. بەرۆچوونی وی: (ئاهاب– Ahab، مرۆڤە، مرۆڤێکی بڕیاردەر، ئایین پەروەر، بەحەقیقەت گەیشتوو، دەرک پێکەرەکە بە بالایەکی بەرزەوە لە بەرامبەر نهێنی مەزنی دروستبوون (خلقت)دا راوەستاوە. دوژمنەکەشی، واتە موبی دیک، هەمان ئەو نهێنییە مەزنەیە ئەو خولقێنەرو فاکتەری دروستبوونی نییە من بە تێگەیشتنێکی دژوارەوە ئەم لێکدانەوەیەم قبوولە. لویس مۆمفۆرد، بیۆگرافیانووسی مێلڤیل، لێکدانەوەیەکی گونجاوترو شیاوتر بۆ قبوولکردن دەداتە دەست ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، ئەو موبی دیک بەسەرچاوەی خراپەو کێشمە کێشەکەی لەگەڵ ئاهاب دا بە ململانێی چاکەو خراپە دەزانێت کەسەرەنجام چاکە بەسەر خراپەدا زاڵ دەبێت. ئەم لێکدانەوەیەو هەڵسەنگاندنە، لەگەڵ رەشبینی تێکەڵ بە خەمۆکی مێلڤیل دا گونجاوە. بەڵام چیرۆک لەسەر شێوەی نواندن (تمثیل)، ئاژەڵ گەلێکی چەموشن کە مرۆڤ دەبێ یان کلکیان بگرێت و سەریان، منیش لەو باوەڕەدام کە هەر لێکدانەوەیەک بە هەمان ئەندازە شیاوی قبوولکردن دەبێت. بەڵام بۆچی لێکۆڵەرەوەکان، موبی دیک بەسەرچاوەی خراپە دەزانن؟ ئەو خراپە خوازییە پوچ و بێ بنەمایەی کە پرۆفیسۆر مۆمفۆرد باسی دەکات بریتییە لەبەرگری کردنێک کە ئاژەڵێک لە خۆیدەکات:

ئەم ئاژەڵە زۆر شەڕەنگێزە،
کاتێک شالاوی بۆ دەبەن بەرگری لە خۆی دەکات.

باوەبیر خۆمانی بێنینەوە کە (تای پی) بەرز نرخاندنی دڕاندایەتیەکی پاک و شەریفە کە هێشتا بەگەندەڵی شارستانییەت ئالۆدە نەبووە. مێلڤیل ئەو کەسانە بە چاک و میهرەبان دەزانێت کە لە ئامێزی سروشتدا پەروەردە بوون و تێکەڵاوی شارستانییەت نەبوون. کەواتە ئەی بۆ دەبێ موبی دیک نوێنەری خراپە بووبێت و سەرچاوەی چاکە نەبێت؟ جوانییەکەی شکۆدارەو جەستەی گەورەو خاوەنی هێزی مەزنەو بەسەربەستی لەدەریاکاندا مەلە دەکات. کاپیتان ئاهاب، بەو لوت بەرزییە تێکەڵ بەشێتیەی مرۆڤێکی پێداگرو بێ بەزەیی و سەرسەخت و دڵ رەق و قین لەدڵەو حەزی لە تۆڵەسەندنەوەیە– ئەو خراپەیە. کاتێکیش کە دوایین رووبەڕووبوونەوە روودەدات و کاپیتان ئاهاب و دارو دەستە ناکەس بەچەو مرۆڤ خۆرەکەی لەناو دەچن و دادپەروەری دەبێتە فەرمانڕەوا، نەهەنگی سپی ئارام و بێ بەربەست درێژە بەڕێگا پڕ لە نهێنییەکەی خۆی دەدات. سەرەنجام خراپە ژێر کەوتووەو چاکەش سەرکەوتووە، یان بەگوتەیەکی تر، دەتوانن ئاهاب



بەو دڕندەییەی و سروشت و چەپەڵەی بەسەرچاوەی ئەهریمەن و نەهەنگی سپیش لەبری چاکە بزانن. لێرەدا چاکە هەرچەندە برینی کاری تێبوون بەڵام ئەهریمەنی تۆپاندووەو لێدەگەڕێ مرۆڤ بەکەیفی خۆی لەسەر ئەو دەریا بێ سنوورە کە دەنگی لە رینەوەی شەپۆڵەکانی لە لاواندنەوە دەچێت، لەگەڵ روحە لە گیران نەهاتووەکەیدا سەراو بێت، بێئەوەی شتێک هەبێت تا ئومێدی پێ ببەستێ یان لێی بترسێت.

خۆشبەختانە موبی دیک دەتوانرێت بخوێندرێتەوە، زۆر بە شەوق و زەوقیشەوە، بەبێ ئەوەی مرۆڤ بیرلەوە بکاتەوە داخۆ چەمکی سیمبولیک–ی و نواندنی (تمثیلی) هەیە یان نا. لێرەدا بەبێ بۆنەی نازانم دووبارەی بکەمەوە کە خەڵک بەمەبەستی فێربوونی زانیاری و رەوشت پاکی و پاککردنەوەی نەفس رۆمان ناخوێننەوە، بەڵکو بۆ ئاسوودەیی و کەیف خۆشی روح دەیخوێننەوە ئێوەش ئەگەر دەزانن ناتوانن لەو کەیف خۆشییە روحیە بەهرەمەندبن، باشتروایە هەر لێی گەڕێن، بەڵام پێویستە ئەو خاڵەش قبووڵ بکرێت کە مێلڤیل ئەوپەڕی کۆششی خۆی دەکات تاهەستکردن بە کەیف و خۆشی لە خوێنەردا دوابخات. لەیەکێک لە نامەکانی خۆیدا دەڵێت: (رێک ئەو شتە دەبێ بخەمەسەر کاغەز کە هەستی پێدەکەم، واناکەم چونکە بێسوودە، بەڵام ئیدی جگەلەم جۆرە بە جۆرێکی تر ناتوانم بنووسم). مێلڤیل سروشتی بە کابرایەکی گوێ نەبیست هەڵکەوتبوو و رەنگە هەر ئەو گوێ پێنەدانەی شالاوی توندوتیژانەی رەخنەگران و نەبوونی روحی لێککگەیشتن بووبێت لەو کەسانەدا کە لە هەموو کەسێک لێی نزیکتربوون، ناچاریان کردبێت کەدرێژە بەو رێبازەی بدات و لەسەری سوور بێت و تەنیا ئەوە بنووسێت کە بۆ خۆی پەسندی دەکرد. (مونتگمری بیلجیۆن Montgomery Belgion) لەو پێشەکییە لێزانانەی دا کە بۆ چاپێکی ئەم دواییانەی موبی دیک–ی نووسیوە ئەو ئەگەرە دەخاتە روو کە چونکە چیرۆک باسی زنجیرەیەکە و دەبێ بەردەوام کۆتاییەکەی دوابخرێت، مێلڤیل بەناچاری چەند بەشێکی دەربارەی سروشتی نەهەنگەکەو قەبارەو ئێسکەپەیکەری و شتی تری نووسیوە تا کۆمەکی بە دەرەنجامی ئەم مەبەستە بکات. بەڵام من رام جیاوازە. گومان لەوەدانییە کە لە ماوەی ئەو سێ ساڵانەدا کە لەسەر ئاوەکانی زەریای هێدی بوو، رووداوگەلێکی بەچاوی خۆی بینی بوو و گوێبیستی هێندێک بەسەرهاتیش ببوو، ئەگەر مەبەستی ئەوەبوایە، دەیتوانی سوود لە هەمان ئەو بەسەرهاتانە وەربگرێت و بیانکاتە تام و خوێی چیرۆکەکەی و پێی بەهێز بکات. بەبۆچوونی من مێلڤیل ئەم بەشانەی تەنها لەبەر

ئەوە نووسیوە کە نەیدەتوانی ئەو زانیارییانە لە چیرۆکەکەیدا نەگونجێنێت کە بیوونەجێی بایەخ و گرنگی پێدانی خۆی. من بەش بەحاڵی خۆم، بەوپەڕی مەیل و رەغبەتەوە خوێندومەتەوە، بێجگە لەو بەشەی کە بۆ سپێتی نەهەنگەکە تەرخان کراوە. بەبڕوای من ئەم بەشەی کتێبەکە ساردو سڕو سوارە. بەڵام بەهەرحاڵ نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەو شتانە لادان نییە لە ناوەڕۆکی سەرەکی و لەمپەری بەسەرهاتەپێکەوە گرێدراوەکانەوە نییە. خاڵێکی تر کە هەستی لە دڵدان لە خوێنەردا دەوروژێنێت ئەوەیە کە مێلڤیل بەتێروتەسەلی وەسفی کەسایەتییەک دەکات و پاشان وازی لێدێنێت و ئیدی باسی ناکاتەوە: ئەویش لە چ کاتێکدا ئەوکاتەی کە خوێنەر بۆ لای پەلکێش کراوەو هەستی بەرامبەری بزواوەو دەیەوێت زانیاری زیاتری دەربارەی وەچەنگ کەوێت و حەزدەکات بەدوای چیرۆکی ژیانی بکەوێت. راستییەکەی ئەوەیە کە مێلڤیل بێ بەشە لەوشتەی کە فەرەنسییەکان پێی دەڵێن (L,esprit de suite) بە واتای (بەدواداچوون) هەروەها زێدە گوێمان نەکردووە کە بڵێین رۆمانەکەی خاوەنی بنەماو پێکهاتەو نەخشەیەکی پتەوە. مێلڤیل ئەگەر (موبی دیک)ی بەو شێوەیە لێکردووە کە ئێستا هەیە، هۆیەکەی ئەوەیە کە بۆخۆی ویستوویەتی وابێت. ئێستا بۆ خۆتان سەرپشک بن، پێتان خۆشە قبووڵتان بێت حەزیش دەکەن رەتی بکەنەوە. هەروەها رەنگە ئەو تەنیا رۆماننووسێک نەبێت کە بڵێ: (باوابێ، ئەگەر مەبەستم بوایە رۆمانێکی لەمە باشترم دەنووسی-ئەمەیان ئەو رۆمانەی کە ئێوە دەیلێین- لەوانەشە ئێوە راست بکەن، بەڵام من ئەم بەشەی نووسینەکە پەسند دەکەم و هەر لەبەر ئەوەشە کە ئاوا دەنووسم، ئەگەر خەڵکانی تر کەیفیان پێنایەت، تاوانی من نییە، جگە لەمەش، پابەندیش نیم). هێندێک رەخنەگەر، مێلڤیل-یان بە نەبوونی هێزی داهێنان تاوانبارکردووە، بەڵام بەبڕوای من ئەمە هیچ بنەمایەکی رێک و دروستی نییە. ئەڵبەتە راستە کە لەو کاتانەدا داهێنانەکەی شایستەو قەناعەت هێنەر ترە کە کارەکەی لایەنی تاقیکردنەوەو ئەزموونی هەیە، بەڵام ئیدی سەبارەت بە زۆربەی رۆماننووسان دۆخەکە لەمە زیاتر هیچی تر نییە. کاتێکیش کە وەکو پایەو بناغە زەمینەکەی هەیە، هێزی خەیاڵی بەسەربەستی و بەوپەڕی تواناوە کاردەکات. من ئیدی شتێکی ئەوتۆم نەماوە کە لەمبارەیەوە باسی بکەم. رەنگە بایەخی ئاگادارکردنەوەی نەبێت، چونکە هەموو خوێنەرێکی بێ دەربەستیش ئەوە دەزانێت کە وەختێک کارەساتێک روودەدات و مێلڤیل خەریکی باسکردن و بەرفراوانکردنی دەبێت، ئەو کارە بەشێوەیەکی زۆرباش و بەتوانایەکی زۆرەوە بەئەنجام دەگەیەنێت و سەرەڕای ئەوەش کە شێوەی نووسینەکەی کەمێک وشک و رەسمییە، بەڵام بە جۆرێکی سەیر کاریگەری ئەو رووداوە بەهێزدەکات. بەشەکانی دەسپێکی کتێبەکە، لەو شوێنەی کە دیمەنی چیرۆکەکە دەباتە (نێو بیر فۆرد)، زۆر واقیعی رۆمانسیانەو خەیاڵ وروژێنە زۆر بە جوانی زەینی خوێنەر بۆ قبووڵکردنی ئەوشتانە ئامادە دەکات کە روو دەدەن. بەڵام ئاشکرایە کە ئەوە سیمای شوم و ترسناک و بە هێزی کاپیتان ئاهابە کە دزە دەکاتە نێو سەرانسەری کتێبەکەوەو وروژاندنەکەی دابیندەکات. بە بۆچوونی من، هیچ یەکێک لە کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک، لە رووی شکۆدارییەوە تۆزی پێی ناشکێنن. بۆ گەیشتن بەو هەستەی وەکو ئەو هەستەی کە لە دەرەنجامی چارەنووسی ئاهاب تووشمان دەبێت و شان بەشانی ئەو هەستە لەوەی کە دەربارەی وی دەگوترێت، دەروونمان سیخناخ دەبێت، دەبێ رووبکەینە دراماتیستە یۆنانیە کۆنەکان و بۆ دۆزینەوەی خولقێندراوێکی لەم بابەتەو بەوهێزە سامناکەیەوە، روو لە دەرگای شکسپیر بکەین. لەبەر خولقاندنی هەر ئەویشە کە سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرەو مەرجەی کە رەنگە مرۆڤ بۆی دابنێت، (موبی دیک) بەرهەمێکی زۆر گەورەو مەزنە.

**پەراوێزەکان:**

١- Gravuer – وێنە یان نەخشە کە بە ئامێری تایبەتی وەکو ئامێری وێنەگرتن لەسەر کانزایەکی تایەتی وێنەی دەگیرێت بۆ چاپ کردن لەسەر کاغەز... وەرگێڕ.